157

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ حوزەیرانی ٢٠١٠

**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


**● سەروتار**

– ڕامان پێی نایە پازدە ساڵەی تەمەنییەوە/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– مرۆڤێک لە بیری دەچێ بژی/ نەژاد عزیز سورمێ/ 7
– تابووتێ لە کتێب/ کەریم دەشتی/ 9
– پەنجەی شێتی با/ یوونس ڕەزایی/ 11
– هەکو تو دهێی/ د. عارف حیتو/ 13
– چوارە بێ ملەکان/ لە فرانسییەوە:
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 16
– زێڕمیدال/ حەمە فەریق حەسەن/ 17
– بلیتێک بۆ جەهەنەم/ ئارام کاکەی فەلاح/ 20
– نەورۆزانە/ حوسێن شێربەگی/ 23
– شمکا چم سۆر/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ 27
– زەماوەندەکەی زینە/ لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر/ 28

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (سەلاح حەسەن پاڵەوان)ی چیرۆکنووس و ڕەخنەگردا/ ئا: ڕامان/ 33

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان)دا/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 48
– ڕەگەزی «ناوونیشان» لە چیرۆکی نوێی کوردیدا/ ئارام سدیق/ 57
– مەعشووق لە شیعری «ئەدەب»دا/ ئەحمەد چاک/ 64
– ژوورێک بۆ خۆت/ لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج/ 70

**● دەق و ڕەخنە**

– دەقی «پاڵتۆی چەرم»ی یەلمار سوێدربێرگ.. ڕەخنەی: پێتر کاسرێر/ لە سوێدییەوە: کەریم تاقانە/ 76

**● هزر و فەلسەفە**

– پێشەنگە فرە ڕەنگییەکانی فەلسەفەی نوێ/ د. حەمید عەزیز/ 84

**● مێژوو**

– دۆزینەوەی ئەڵقەیەکی دیکە لە پڕۆژەکەی شوکری فەزڵی/ ئازاد عەبدولواحید/ 96

**● زمانناسی**

– زمان و کۆمەڵ/ لە عەرەبییەوە:
د. شەهاب شێخ تەیب/ 108

**● ڕۆژنامەنووسی**

– میدیا لە ڕۆژئاوادا/ محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری/ 118

**● وتار**

– «سەمای عیشقێکی شیرن» لە زمانەوە تا سەربەخۆیی مانا/ هادی حەبیبی/ 124
– «دڕدۆنگی» هەوێنی زەینی مۆدێرن/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 130

**● هونەر**

– کانگای ئاواز و گۆرانی ڕەسەن، دەڤەری هەورامانە/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 132

**● خوێندنەوەی کتێب**

– کۆواری دەنگی گێتیی تازە/ مارف خەزنەدار/ 136
– خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیر شالیار/ عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد/ 139
– فریشتەکان/ هاشم سەڕاج/ 149
– من ژن بم یان نا/ بەیان عەزیزی/ 152

**● زاراوەسازی**

– دیاکرۆنی.. سەنکرۆنی/
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 156

**● نرخاندن**

– چرای تەمەنی چواردە ساڵەی ڕامان/ سابیر ڕەشید/ 158

**● نامە**

– نامەیەکی شوکور مستەفا لەبارەی وەرگێڕانی ئینجە مەمەدەوە/ ئا: تاهیر عوسمان/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– تەسبێحی سەردەم/ ئەمین گەردیگلانی/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ڕامان پێی نایە پازدە ساڵەی تەمەنییەوە

* بە دەرچوونی ئەم ژمارەیە، گۆڤاری ڕامان چواردە ساڵی تەمەنی خۆی بەڕێ دەکات و پێ دەنێتە ناو پازدە ساڵەی تەمەنی پڕ کار و بەخششی خۆیەوە. ئێمە لە گۆڤاری ڕاماندا لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا، بەشێوەیەکی سادە و ساکار و سەرپێیی، ئەگەر بە وتارێکیش بووبێ، ئەم یادەمان فەرامۆش نەکردووە و بەبیر خوێنەرانی خۆمان هێناوەتەوە، چونکە ئەو یادە ساڵانەیە بۆ ئێمە وێستگەیەکی گرنگی وەستان و بەخۆداچوونەوەیە، تا هەر نەبێ ئەوەی لە سنووری توانایی و دەسەڵاتی ئێمە دایە گۆڕانکاری تێدا بکەین و هەوڵی باشتر کردنی بۆ بدەین، ئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیشە، ئەوە نایشارینەوە کە هیچمان لەگەڵی پێ ناکرێ. ئێمە کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ەوە شانمان دایە بەر ئەو ئەرکە و ئەو پرۆژە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەمان دەستپێکرد، چەند ساڵێک بوو بەسەر ڕاپەڕینی گەلەکەماندا تێپەڕیبوو، ئەوکاتە ڕۆژنامەنووسیی تایبەت بەو بوارە گرنگەی ژیانی کولتوورییمان لە گۆڕێدا نەمابوو، بەمە ویستمان بە بەرنامە و دید و عەقڵ و چێژێکی نوێوە دەست بدەینە چالاککردنی بزاڤی ئەدەبی و کولتووریی کوردیمان و بە نەفەسێکی جوداواز لە نەفەس و شێوازی کارکردنی پێش ڕاپەڕین هەنگاو هەڵێنین و ببینە ئاوێنەیەکی بالانمای ئەو وەرچەرخانەی، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێی ئەو قۆناغە لەگەڵ خۆی هێنابووی، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەوکاتەی ئێمە دەستمان دایە ئەو ئەرکە، لەم ڕووەوە هاتینە سەر گۆڕەپانێکی چۆڵ و هۆڵ، کە زۆرتر ڕەشبینی و نائومێدیی باڵی بەسەر نووسەرانی کورددا کێشابوو. بەداخەوە لەو کاتەوەی ئێمە وەجموجووڵ کەوتووین تا بە ڕۆژی ئەمڕۆکەمان دەگات، شتێک بەناوی (سیاسەتی ڕۆشنبیری) بوونی نەبووە و تا ئێستاش لە هیچ لایەکەوە سەری دەرنەهێناوە و نەهاتووەتە کایە و بەدەرنەکەوتووە، تا ئێمەش بتوانین لەبەر ڕووناکی ئەو سیاسەتەدا، کارنامە و پرۆژەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆمان دابڕێژین و پشتی پێ ببەستین و بۆمان ببێتە ستراتیژ و ڕێنوێن و بەرچاومان ڕووناک بکاتەوە تا لەو قۆناغەی ژیانی ڕووناکبیریماندا وەک سەردەفتەر کاری لەسەر بکرێ.

* بۆیە لە سەرەتاوە کە دەستمان پێکرد، دەبوو نەخشەڕێگا و (ئامانج)ێکی ڕوون بۆ خۆمان دیاری بکەین، بۆ ئەوەی هەر نەبێ بێ هوودە لەناو بازنەیەکی بۆشدا نەخولێینەوە. لەوەشدا بەپێی ئەزموون و تێگەیشتنی خۆمان لە کاری کولتووریدا پێڕەومان لە ستراتیژێک کرد کە دەبوو لە سیاسەتی ڕۆژانە بە دوور بین و لە کار و بەخششی داهێنەران و نووسەرانی کوردەوە نزیک بین، تا پتر بایەخ بە نووسین و بەرهەمەکانیان بدەین و بەسەریان بکەینەوە، بۆیە هەر لە دەستپێکەوە لە ڕامان دوور لە ئایدیۆلۆژیا و گرژییەکانی دنیای سیاسەت، هەوڵمان دا بە گیانێکی کوردانە و برایانە، بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ سەرجەم نووسەران و ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کوردستانی گەورەدا مامەڵە بکەین، چ ئەوانەی لە ڕابردوودا دەمانناسین و پێوەندیمان لەگەڵیاندا هەبوو، چ ئەوانەی لە ئێستا و لە داهاتوودا پێوەندییان پێوە دەگرین. بەو تێگەیشتنە هەر بەرهەمێکی پێمان گەیشتبێ بە چاوپۆشی لەوەی سەر بە چ بەرنامە و بۆچوونێکە و چەند ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی خاوەنەکەیەتی، بەرنامە و ڕێبازێکی نووسینمان بەسەر کەسدا نەسەپاندووە و لای

**سەرنووسەر**

ئێمە قەت مەرج نەبووە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا جووت بووبین. هەلومەرجی داهێنەرایەتی و هونەر و ئەفراندنی لێ دەرکەیت، هەمیشە دەرگامان بۆ هەموو نووسەر و داهێنەرێک ئاوەڵا بووە و وەک یەک ئامـێـزی مـیـهـرەبانی و خـۆشـەویسـتـیـمـان بۆ هەمـووان کـردووەتەوە، لەوەشـدا مـەبەسـتمـان بووە بەو سـیاسـەتی کـارکردنەی خۆمـان ڕێز و ئیـعتـیـبار بۆ گەورەیی و سـەروەری و پیـرۆزیی ئەدەبیـات و داهێنان و فـیکر بگێڕینەوە و بەپێی ئیمکان و ئەوەندەی لە دەسـتمـان هاتبێ و لێمـان وەشابێتەوە کـاری کولتـووریی و داهێنەرانە لە تەهریج و هاشـووهووش بەدوور ڕابگرین. ئەوەندەی دەکـرێ نەهێـڵین بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە داهێنان و ئـەدەب ژەهراوی بـکـرێـن و هـەوڵ بـدەیـن، بـە بـەرائـەت و پاکـیزەیی خۆیانەوە بیانهێـڵینەوە، یان هەر نەبێ سـتـەم و زوڵمـیان دەرهەق نەکەین. ئێمە لە ڕۆژگارێکدا ئەم کارەمان دەسـتپـێکرد و ئێسـتـاش لەسـەری دەڕۆین، کـە هەرگـیز ئەو کـارە، کـارێکی ئەوەندە ئاسـان نەبووە، لە کـاتێکدا دەبینین لەمڕۆکەدا ڕۆژانە هەموو شتەکان بەرەو سووکایەتی پێکردن و تەهریج دەبرێن، یان نقـومی ناو تەهریج دەکـرێن. لە هەمـوو هەنگاوەکـانیـشـمـاندا هەوڵمـان داوە پیـرۆزترین هۆیەل و ڕێگەیەک بگرینەبەر بۆ ئەوەی پیـرۆزترین ئامـانج بپـێکین و بەدی بهـێنین، کـە ئەویش خـزمـەت گـەیاندنە بە گـیـانی خەللاقانەی بزاڤی ڕووناکبیـری و ئەدەبی و داهێنان. ئەگەر گرتنەبەری ڕێگەی پیـرۆز بۆ ئامـانجی پیرۆز بۆ هیچ شتـێک ڕاست نەبێ، ئەوە بۆ کار و پڕۆژەی ڕۆشنبیریی ڕاستە و زۆر لە جێگەی خۆیدایە، چونکە قـەت نابێ کـاری کـولتـووری و ئەدەبی بگلێنە ناو زەلکاوی بەکاربردن و بۆ مەرام و ئامانجی ناڕەوا و نا پیـــرۆز تەوزیف بکرێن و ناکــرێ ببــرێنە ناو پێچوپەنا و دەهالیـزەکانی فریودان و ئاینوئۆین و تەکتیکی ڕۆژانە و بەکارهێنانی دەمامک لەگەڵیاندا، تا ڕووناکبیران و نووسـەران وەک سـەرمـایەی نەتەوەیی نەتەوەیەک نەکـرێنە ڕووکاری کارە دزێو و قێزەونەکان.

* لێـرەوە دەبێ بڵـێین هەرگـیـز کـار و پڕۆژەی فـیکری و ڕووناکبیری و مەعریفی بە کەسانی خودپەسند و ڕق ئەستوور و خۆپەرست و فشـەکـەر و مـوهەریج و لەخـۆبایی و درۆزان نەکـراوە و ناکـرێ. گـرتنەبەری ڕێگەی کـارئاسـانی کـردن و خزمەتگوزاری بۆ نووسەران و داهێنەران بە هەڵبژاردنی ڕێگا پیرۆز و ڕەوایەکان و بە کەسانی نیازپاک و ڕاستگۆ و نیهاد زیندوو و سـەرڕاست دێنە دی. شـێـواز و هەڵسـوکـەوتی میکاڤیلیانە، کوتانەوەی ڕێگەی گومراییە و لەگەڵ نووسەران و ڕووناکـبیـران سـەرناگرێ و تا سـەر نابێ. ئەمە زوو، یان درەنگ پێی دەزانرێ و لە قـاو دەدرێ، چونکە کـەس ناتوانێ تا سەر بەدرۆ و فڕوفیشاڵ نووسەران و ڕووناکبیران ڕابگرێ و تەفرەیان بدات. ئەگـەر کەسانێک هەبووبن، یان هەبن بە پاداشـتی چەور، یان بە بەڵێنی بێ بنەمـا بچنە بن هەنگڵی نووسـەرانەوە و بەوەش بیـانەوێ نووسـەران لەخـۆیان کـۆبکەنەوە، ئەوە لە ڕامـاندا هەر لە سـەرەتاوە ئێمـە لەناو چەندین جۆرە ئابڵـووقـە و نەبوونی و سادەییدا، کـارەکـانمان کردووە و تا ئێستا هێناومانە و ئەو ساڵانەمان بە سەربەرزیی تێپـەڕاندووە. ئەوانەی مـامـەڵەیان لەگـەڵدا کـردووین و لە نزیکەوە دەمـانناسن، هەر لە پێناوی خـۆشـەویسـتی گۆڤارەکەمان و بۆ خزمەتی بە دیمەن و بێ ڕواڵەتانەی ئەدەبی میللەتەکەمان پێوەندییان پێمانەوە بووە، چونکە ئێمە هیچ کام لەو هۆیانەی فریودانمان لەبەردەستدا نەبووە و نییە تا بۆ ڕاکـێشـانی نووسـەران بەکـاریان بهـێنین، تەنانەت زۆربەی نووسـەران پێیـان وایە ڕامان بەو سـادەیی و خاکـەڕایی و بێ فـیـزی و هەژاری و پەرپووتیـیـەی خـۆیەوە جـوانە و خـۆی دەنوێنێ، نەک بە دروسـتـکردنی ئاپارتمانی پانوپۆڕ و ناز و نیعمەت و تەخشان و پەخشان و کەشوفش و سەڵتەنەت و باقـوبریق و هەوڵـی بوون بە ئیمپراتۆریەت. ئەوەی بووەتە جێ سەرنجی نووسەران، پێداگرتن و سووربوون و پشـوو درێژی و ورە بلندی و عـیزەت بەرزیی ڕامانە کە بە جددییەتی خۆی سـەرنجی نووسـەرانی بۆ لای خـۆی ڕاکـێـشـاوە، نەک بە دەستەبەرکردنی دەسکەوت و موغرەیات و بەڵێن و تەفرەدانی کـاتی، بۆیە ئەگـەر تاکـولوک کـەسانێک هەبووبن، یان هەبن بەرانبەر بە کاری چواردە ساڵەی بێ پسانەوەی ڕامان لە سک ڕەشی خۆیانەوە بێ، یان هاندرابن دەسـتمـایە و سـەرمـایەی مەعنەوی و بەدەستهـاتووی ڕامان نادیدە بگرن و چاویان لە ئاسـتـیـدا بنووقـێنن، بەڵام لەولاوە دڵمـان بەوە خـۆشـە کـە بەدەیان و سـەدان و هەزاران کـەسی خـوێندەوار هەن ڕێز لە جددییـەتی ڕامـان و جـوانیـیـەکـانی دەگرن و لەوەشـدا هیچ پێویستییەکیان بە موجامەلە کردنی لە خۆڕای ئێمە نییە، چونکە لە خـۆشەویسـتی و دڵسـۆزی بۆ داهێنان و نووسین و ئەدەبیـات و ڕێزگـرتن لە قـەڵەمـەکـانیـان زیاتر، شـتـێکی دیکەیان لەلای ئێـمـە شک نەبردووە تا لە پێناوی ئەو دەسکەوتانە موجامـەلەمـان بکەن. ئێمـە کـە نە دەسـەڵات و هێـزێکی تۆقێنەرمان هەیە، نە دەتوانین کتـێبیـان بۆ لەچاپ بدەین، نە پاداشتی زۆر و چەور و فریودەریان دەدەینێ، ئیدی بۆ لە خۆڕایی ستایشمان دەکەن؟ لە کاتێکدا ئەو پاداشتەی ئێـمـە دەیاندەینێ لەچاو شـوێنەکـانی دیکە، شـتـێک نیـیـە شایانی باس کـردن بێت. دڵنیـام ئەو تاکـولوکـەی خـۆیان بە فلتەفلتەوە سەرقاڵ کردووە، ئەگەر زانیبایان ئەو شتانەمان هەیە و لەکنەمـە بە دەست دەکـەون، ئەوە بە وەزیفـەی سەرچۆپی کێشی ستایش کردنی ئێمە، لەلامان دادەمەزران.

* ئێـمە میللەتێکین لە بواری کولتووری و داهێناندا، بە قەدەر قەبارەی خۆمان و بوون و ئامادەیی میللەتەکەی خۆمان هەین، پێـویسـتـە نە ئەوەندە خۆ لەبەردەم دەرگـای داهێنەر و ڕووناکبیرەکانی بێگانە بە کۆڵەوار بزانین و خۆمان زەلیل و ڕیسوا بکـەین و بە کزۆڵەیی لەبەردەمیاندا هەڵتـرووشکێین، نە ئەوەندەش فوو بکەینە خۆمان و قەبارەی خۆمان لێ بگۆڕێ و بەرز بفـڕین و لەخـۆبایی بین. لەو کـلاوڕۆژنەیەوە ئێـمـە بە ئامـانجی پەروەردە و دەسـتگیـرۆیی کـردن و پێگەیاندنی بەهرەدارەکـان، نووسـەرانمان هانداوە. لەو هاندان و لا لێ

کردنەوەیەشدا نەبووینەتە دارشەقە و نەچووینەتە بن باڵی هیچ کەسێک. ئەگەر ئەو کەسە خۆی بەهرەدار نەبووبێ، ئێمە نەمانکردووەتە بار بەسەر ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردییەوە، چونکە لە سەرەتاوە هەرکەسە و بە قەدەر قەبارەی داهێنان و توانایی خۆی مامەڵەمان لەگەڵیدا کردووە. لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و لایەنی تیۆری و هزری و فەلسەفەیی و بیروڕا دەربڕین و نووسینی قووڵ و جددی کایەکانی (گۆرانی و مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما، فۆتۆگراف) لە سەرەتای ڕێگەکە داین، بەوە نییە لەو کایانەدا چەند کتێبێکمان بەچاپ گەیاندووە. بایەخدان و پێداگیری زۆری ئێمە لەسەر ئەو کایانە، زۆرتر بەو مەبەستە بووە لایەنی (ڕۆشنگەرانە – تەنویری) لەبەرچاو بگرین کە ئامانجمان لێی زانیاری دانە بە خوێنەران، بۆیە کاتێ بابەتی ئەو بوارانەمان بە دەست دەگات، بە هەنگاوێکی گرنگی خۆ دوورخستنەوەی بەشێک لە نووسەرانمانی دەزانین لە نووسینی شیعری بێ سەروبەر و خۆ خەریک کردنیان بە وەرگێڕانی سەقەتەوە، لەبەر ئەوە بایەخی زیاتریان پێ دەدەین و هەر زوو ئەو قەڵەمانە دەگرینەوە و هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە زۆر دەست دانەگرین، تا زیاتر دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن.

زۆرجار بڵاوکردنەوەی هەندێ نووسینی لای ئێمە، ئەگەرچی لەگەڵ بیروڕا و بۆچوونی خاوەنەکەشیدا نەبووبین، وەلێ بە مەبەستی وروژاندنی بابەتێک بووە، تا دەرگای پیلەو لێدوانی لەسەر واز و واڵا بکەین و گفتوگۆیەک بخولقێنین. هەندێ جاریش بۆ پێگەیاندنی بەهرەی لاوەکان و هاندانی کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو بوارە دەگمەنانەی نووسین کارمان کردووە، بۆیە ئەوانەی زانیاری و پسپۆڕی و ڕۆشنبیرییەکیان هەیە، ئەگەر کوردییەکەیان باش نییە و بە کوردییەکی باش نانووسن، ناکرێ هەر هەموویان بەلاوە بنێین و فەرامۆشیان بکەین، چونکە پێمان وایە نووسەری کامڵ و پێگەیشتووی بوارە جۆراوجۆرەکانی نووسین، خۆیان ژمارەیان کەمە و دەگمەنن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. گۆڤارێک ناتوانێ هەر بە تەنیا پشت بەو ژمارە کەمە ببەستێ کە لەو بوارە دەگمەنانەدا دەنووسن، لە کاتێکدا ئەو قەڵەمانە بەسەر سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دابەش بوون، بۆیە ئێمە دەست بە ڕووی هەموویانەوە نانێین و هەندێکیان لێ جودا دەکەینەوە کە هیوایان لێ دەکرێ و بەهرەیان هەیە. لەبەر ئەوە دەکەوینە داڕشتنەوە و دەسکاری کردن و پێداچوونەوە بە کوردی نووسینەکانیان، تەنانەت لە بواری زاراوەشدا هاوکارییان دەکەین و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان هەوڵ دەدەین وردە وردە فێری ئەتەکێتی نووسین و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکان بن. بە پێچەوانەی ئەوەوە ئێمە بۆ دەقی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و وتاری سەرپێیی زۆر بێ ڕەحمانە مامەڵەمان کردووە، ڕێک پێچەوانەی دەستگرتن و بەرپرس کردنی نووسەرانی بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و لایەنی تیۆری و هزری و فەلسەفی کە نەرمتر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەین، هەر ئەو بێ ڕەحمییەی ئێمەیە زۆربەی بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی دیکەی خەنی کردووە و بازاڕی جووڵاندووون.

* بەدرێژایی سالانی ڕابردووی پڕ لە چالاکی و بەسەرکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندانەدا، زۆرجار ڕێ کەوتووە، تووشی کەسانی نەشاز هاتووین کە لەسەر نەغمەی نەشاز ژەنیویانە، هەندێکیان بە هەر حاڵ و حیسابێ بووە خۆیان گەیاندووەتە لامان تا ئێمە بکەنە پەیژە بۆ گەیشتن بە مەرامە شاراوەکانیان. هەندێکیشیان لەو کاتانەدا کە ئێمە بە ڕێزێکی زۆرەوە چەپکە گوڵی خۆشەویستی و ئەمەکمان لە بەرۆکیان داوە و ویستوومانە بەپێی توانایی خۆمان سووکە خزمەتێکیان پێ بگەیەنین و ئاوڕیان لێ بدەینەوە، کەچی ئەوان زۆر بێ ئەمەکانە و بە نیازێکی خراپ وەڵامی چاکە و خۆشەویستی ئێمەیان داوەتەوە و بە فیتەی حەرامزادانەی ئەم و ئەو بەسەرماندا تلیساونەتەوە. ئێمە ئەگەرچی بۆ ئەم تاکولوکانە وەڵامی مەنتیقی و بەڵگەدارمان هەبووە، بەڵام نەمانویستووە خۆمان بچووک بکەینەوە و بچینە ئاستی ئەوانەوە و بەمەش ئەو هەلەمان لەدەستیان دەرهێناوە کە حەزیان پێ بووە ڕامانکێشنە ناوییەوە و بە شتی بێ ئایدە و فایدەوە سەرقاڵمان بکەن، چونکە نەمانویستووە بچینە ناو بگرەو بەردە و لەوەڕ و کێشمەکێشی بێ سوودی ئەوانەوە. بێ دەنگ بوونی ئێمە بە مانای ڕاستی و دروستیی قسەی ئەوان نایەت، ئەوەندەی هەست کردنە بە بەرپرسیارەتی بەرانبەر بە وشە، چونکە دەزانین کاری جددی لە هەر بوارێکدا بکرێ، حەتمەن دەبێتە جێ نیشانەی تیری کەسانێک کە لەناو بوغز و کینەدا گۆش کراون. ئێمە لە بری ئەوە بە خۆشەویستی زیاتر لێیان چووینەتە پێش و بەکارکردن و بەردەوام بوون وەڵامی ڕەفتاری ئەو جۆرە کەسە ناجۆرانەمان داوەتەوە، بام ئەوان لە دەروونێکی پڕ لە گرێ و گۆڵ لە ئاستی کارەکانی ئێمەدا چاویان تاریک بووبێ و شتەکانیان وەک خۆیان نەدیبێ. ئێمە دەزانین ئەوانە تا ماون ناتوانن بەخۆیان کارێک بکەن جێ دەستیانی پێوە دیار بێ و سەرکەوتنێک بۆ خۆیان تۆمار بکەن. ئەوانەش کە چوار مەشقی لێی دانیشتوون و کار ناکەن و وەک سپلی لاورگە دەخۆن و بەرهەمێکیان دیار نییە، قەت نەمدیوە و نەمزانیوە، لە هیچ شوێنێک جێگەی قسە و باس بووبن، بۆیە ئەوانە لە پەڵپ و بیانووی کەسانی بە ناز و فیز و بیانووگر و جینگز و کەم حەوسەڵە بەدوورن. ئەو قسە زل و هیچ لە بارا نەبووانە کە بە درێژایی ژیانیان، خۆیان تەریک گرتووە، بێجگە لەکار کردن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، کارێکی گشتییان نەکردووە و ناکەن و نەهاتوونەتە نێو هاوکێشەکانی ژیانەوە. ئەوانە لەکوێ بۆیان لوابێ لە تەڕ خواردوویانە و لە وشک پاڵیان لێ داوەتەوە و بێ پەروا قسەی بریقەداری خۆیان کردووە و تەنیا بۆ سوود و قازانجی خۆیان لەو شوێنانە نزیک کەوتوونەتەوە کە بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا بەدی دەکەن. سەیرە ئەوانە کە خۆیان بە دوور لە هاوکێشە سیاسییەکان دەگرن و لە دەرەوەی ئەو هاوکێشانە خۆیان نیشان دەدەن، زەین بدەن لەو کەسانەی لەناو هاوکێشە

سیاسییەکاندا دەخوێنرێنەوە، زۆر سوودمەندترن، ئەگەرچی لەناو فەلەکی ئەم و ئەویشدا دەخولێنەوە، بەڵام گێرمە و کێشە و نوقرچک گرتن و قسە و قسەلۆک و تانە و تەشەر تێگرتن نایانگرێتەوە، ئەوانە بەهۆی هەلبازییەوە ئەگەر ئاسمان بەسەر زەویدا بڕووخێن، کەس لەبارەیانەوە قسە ناکات.

* ئێستا لەسەر ئاستی هەموو دنیادا ململانە و کێشە لەسەر ئەوەیە چیتر کاغەز کاری پێ نەکرێ و ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەلیکترۆنی جێگەکەیان بگرێتەوە، بۆیە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆکە خراونەتە سەر وێب سایت، تەنانەت داوودەزگـــایەکـــانیش پاش لە چاپدانی کتێبەکانیان، خراونەتە سەر ئینتەرنێت. لەبەر ئەوەی «خوێندنەوە» مونافەسەی بۆ پەیدا بووە و ئەمڕۆ سەتەلایت و تۆمارکردنی کتێب لەسەر سیدی ڕەواجی پەیدا کردووە. ئەگەر من دژی ئەو بیروڕایەش بم، بەڵام بمەوێ و نەمەوێ خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمڕۆ، بە زۆری بۆ خوێندنەوەیان ڕوویان کردووەتە سایتەکانی ئینتەرنێت، لەبەر ئەوە زۆرجار فرۆشی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب پێوەری چاکی و خراپیی گۆڤار و ڕۆژنامەکان نییە، چونکە بە هەزاران کـــەس لەوانەی حـــەزیان لێـــیە لەوێ دەیانخوێننەوە، وەک چۆن ڕەواجی فیلمی هیندی و تورکی نیشانەی سەرکەوتنی ئەو فیلمانە نین. ئەمڕۆکە ڕامان بەهۆی وێب سایتەکەیەوە مانگانە بە هەزاران کەس سەردانی ماڵپەڕەکەی دەکەن، شتێک کە قابیلی درۆکردن و پێ لێ هەڵبڕین نییە (هێدماستەر)ە، ئێمە مانگانە لە (٦) تا (٨) هەزار کەس سەردانی ئەو سایتەی ئێمە دەکەن و ڕامان لە سەرانسەری دنیادا دەخوێنرێتەوە. ئەمە بۆ گۆڤارێکی نوخبەوی دەستەبژێر زۆر زۆرە. ئەوانەی دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن گوایە بەپێی سەرژمێرییە مەیدانییەکەی بڵاوکراوەی بەدرخان، ڕامان لە کوردستانی عیراقدا لە (٥٠٠) دانە زیاتری لێ نافرۆشرێ، پێویستە لەوە تێبگەن کە ئەوە هەر ڕامان نییە بازاڕی فرۆشی کـــەمـــە، هەرچەندە ڕامـــان لەچاو گـــۆڤـــارە ئەدەبی و کولتوورییەکانی دیکە لە هەموویان پتر فرۆشی هەیە. ئەوە بێجگە لە هەوادارانی خوێندنەوەی ڕامان لە کوردستانی ئێراندا، کە لەگەڵ ئەو خراپییەی لە دابەشکردنیشیدا هەیە، خوێنەران بە تاسووقەوە بەدوایدا عەودالن. پاشان قەت نەبووە کتێب و گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەمودەست بفرۆشرێن و لە بازاڕدا نەمێنن، چونکە ئەو گۆڤارانە بە تەواو بوونی مانگەکە بابەتەکانیان ستۆک و ئیکسپایەر نابن، وەک چۆن ئێستاکەش کە ئێستایە خـــوێنەران و باسکاران و نووســـەران بەدوای گـــۆڤـــارە کـــۆنەکـــانی ســـەردەمی زوودا دەگـــەڕێن و خـــواخـــوایانە ژمـــارەیەکی (گـــەلاوێژ، ڕۆژی نوێ، شـــەفـــەق، هیـــوا و..تاد)یان دەسکەوێ و بخوێننەوە، هەر بەم جۆرەش ئەو جۆرە گـــۆڤـــارانەی ئێـــمـــەومـــانان بەرهەمـــیـــان دەهێنین لە داهاتوودا خـــوێنەریان زیاتر دەبێ، لە دواڕۆژیشـــدا پتـــر لەمـــڕۆکـــە بایەخ و نرخ و بەهای ڕاســـتـــەقـــینەی خـــۆیان پێ دەدرێ.

* لە کۆتاییدا دەڵێم خوا شایەدە لەژێر هەموو ڕستە و دێرەکـــانی ناو ڕامـــان، خـــۆشـــەویســـتی و خـــوێنی ئێـــمـــە.. پەرۆشی و دڵسۆزی ئێمە هەیە کە چۆڕ چۆڕ چۆڕاندوومانەتە دووتوێی ڕامانەوە. خوێنەرێک پێش وەخت بڕیاری نەدابێ لە ڕاهی خـــوا ڕقی لێـــمـــان بێ، بە زەقی مـــاندووبوون و شەونخوونی و دیقەت و خۆشەویستی و میهرەبانی ئێمە هەست پێـــدەکـــات کـــە بۆ ڕێزنان لە ڕەنجی نووســـەران و خوێنەرەکانمان نواندوومانە و بەختمان کردووە. ئێمە نە بە پەرچەکـــردار و نە بە دڵڕەشی کـــار ناکـــەین، خـــەریکی دەمـلاسکەی کەسانی دیکە نین و لەسەر کەتەلۆکی کەس کـــارمـــان نەکـــردووە. چی بۆ زمـــان و ئەدەب و کـــولتـــووری مـــیللەتەکـــەمـــان بە چاک و بە قـــازانج بزانین هەر ئەوەمـــان کـــردووە و هەر ئەوەش دەکـــەین. بە قـــەد تاڵە مـــوویەک لە ڕێبازی نیشتمانیانە و کوردانە لامان نەداوە و لاش نادەین. کێبەرکێکار و مونافیسی کەس نین، خەڵکیش چۆن بەسەر لەیلای خۆیدا هەڵدەڵێ و چۆن دەنواڕێتە کاری خەڵکی دی، یان چۆن ڕەفـــتـــار لەگـــەڵ ئێـــمـــەدا دەکـــات و بەرانبـــەرمـــان دەجووڵێتەوە، ئەوە گرفتی خۆیەتی. ئێمە دڵنیـــایین (مێژوو) و (ئایندە) دادوەری ڕاســـتـــەقـــینەی ئەم جـــۆرە کـــارانەن. هەرچەندە ئەمـــڕۆکەش بایی ئەوەندە خوێندەواری وشیـــار و زیتەڵ هەن، ڕەش و سپی و قەڵەو و لاواز و چاک و خراپ لێکتـــر هەڵاوێرن. ئەوە ئێـــمـــە نین قـــەبارە و ســـەنگ و قورساییمان بۆ خۆمان دانابێ، ئەوە نووسەران، ئەدیبان، هونەرمـــەندان، ڕۆژنامـــەنووســـان، خـــوێنەرە جـــددییـــەکـــانن ئێمەیان تەشویق کردووە کە لەسەر کاری خۆمان بەردەوام و ڕشت بین و وزەیان ناوەتە بەرمان. بەرێزگرتن لە کارەکانمان هێزی خۆڕاگرتنی زیاتریان داوینەتێ و لەناو لوتفی خۆیان نقـــومـــیـــان کـــردووین. ئەوە هەر ئەوانن قـــەبارە و قـــورسـایی و کـــاریگـــەریی ڕامـــان باس دەکـــەن. دەبێ ئێـــمـــەش قـــســـە لەوانە وەربگـــرین، نەک لە کـــەسـانێک کـــە بۆ جـــارێک و بە قـــەزاو قـــەدەریش بێ ڕامـــان ناخـــوێننەوە و نابینن، ئەگـــەر بشـــیـــبـــینن دڵنیـــام نایخـــوێننەوە. ئەوانە هەر قـــســـەیەک بکـــەن بە گـــۆترەکـــاری دەیکـــەن و بڕیـــار دەدەن، بۆیە ســـتـــایشی ڕامـــان-یش بکـــەن لێـــیـــان وەرناگـــرین و بە نەزەری ئیـــعـــتـــبـــار وەرناگـــیـــرێ، چونکـــە ڕەخنەی خـــوێنەری ڕاســـتـــگـــۆ و دڵســـۆز لە ســـتـــایشی کـــەســـانی بێ پێـــوەر و پێـــوانە بە گـــرنگـــتـــر دەزانین. ئێمە بە نەفەسێکی ئەدیبانەوە لەسەر کاری خۆمان بەردەوام دەبین، دەستی ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەمووان درێژ دەکەین، پێـــشـــمـــان وایە نووســـەری داهێنەر، ڕۆژنامـــەنووسی جـــددی، ڕووناکبیری کاریگەر قەت کاری گرنگی پێ ناکرێ ئەگەر بە «خۆشەویستی» و «میهرەبانی» و «ڕاستگۆیی»یەوە لەگەڵ نووسین و نووسەراندا هەڵسوکەوت نەکات. هەر ناشچێتە عەقڵەوە کەسێک وەک مار بفیشکێنێ، داهێنەر بێت!

# مرۆڤێک لەبیری دەچێ بژی

**نەژاد عزیز سورمێ**

**من لە نووری خۆمدا دەژیم،**
**ئەو پڕشنگانە دەنۆشم لێم دەبنەوە..**
**«نیتشە»**

**(١)**

زەردەخەنەی ساڵانەم
بەهەور هەڵواسی
هەوارم
لەناوکی گوڵە مێلاقە دایە
لەگریانی ئەو زەردەخەنەیە دەخواتەوە
لەچاوی بارانیی ئەودا
دەڕوانێتە پێدەشت..

**(٢)**

تەمەن وێنەی چەند هێلێکە
لە شووشەی شکاوی شەراب هەڵبەستراون
چ دەبێ ئەگەر بڕیار بدەین،
لە ئاوی پێخوستی دڵە شکاوەکان بخۆینەوە؟

**(٣)**


سەرم بە سێبەری
پیاوە بێ سێبەرەکە کردبوو..
پەنجەم بە ئاگر لە گۆ چووبوون
ئەوە، ئەو ڕۆژە
خونکاری ژیانی لێ دەتکێ!!

**(٤)**

لە مرۆوە چاوەڕێی خۆرهەڵاتن ناکەم
لەمرۆوە بەپێی پەتی،
بەناو خوناوی مێرگ و کوێستانان ڕادەکەم..
ئەوەتا شوان لە بناریدا ڕەش دەچنەوە
تەم ڕادەدەن..

**(٥)**

ئەو ماهە چ سانتاییەکی پێوە ماوە
شکۆی تابانی،



لە خوێنی مەییو دەچێ..
کارگەی ژاکان..
ئەو ماهە سوێند دەخۆی کاغەزی قومارە
بەدەست قوماربازێکی شلەژاوی دۆڕاوەوە.

(٦)

شەختە گیانی بەشارەوە نەهێشتووە
ڕێ ئەستەمە
تا ئێستا نازانین
لەو دیو ئاستانە
چی دەبێ، چ دەگوزەرێ..

(٧)

ئەوە چ کارێکە
بەیانییان
لەگەڵ کازیوە هەستی
دەفتەری ئاگر
بۆ پاسەوانی کوێر بنووسییەوە؟

(٨)

ئێستا مۆسیقا لە ڕەشەباوە دێ
تریفە بەشیعر دەدوێ
بێ هاوتایە ئاوێنە،
دۆست و نەیار
خۆیانی تیا دەبیننەوە.
بێ هاوتایە.....

(٩)

لێم دوور مەکەوە
خەونم دیوە
ئەمساڵ گوڵ دەردەکەم،
گوڵی سوور، زەرد، سپی
لێم دوور مەکەوە
دەستی یەکتر دەگرین
هەستمان پێ ناکەن
بەسەری پەنجەکانمان ڕێ دەکەین
دەڕۆین تا لەو سنوورە لەعنەتییە دەپەڕینەوە.

(١٠)

ئەوانەی خۆشیانویستبووی
ناهەق نەبوون.
کانی لەزەت
لە نیگەرانی ژنێک دەچێ
عەشق تاوی بۆ هێناوە
ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە
ئەی نەخشەی تەمەن..

(١١)

دوور لە دەق.
دوور لە دەقنووس.
دوور لە ئاهەنگی کز
دوور لە بەزمی ئاهەنگێڕان
ڕێگای لمی بیابانی گرتبوو
چاو لە خوێن
بەدوای شوێنپێی (با)وە بوو
دوور لە دەق، لە دەقنووس..
دوور لە ئاهەنگ، لە بەزمی ئاهەنگێڕان

(١٢)

تەمەنی مانگ
بەقەد تەمەنی کەوانەی
سەرچاوەکانت بوو
ببوورە
مەبەستم ئەو دوو ئەستێرەیە
بەڕۆژیش دەدرەوشێنەوە.

(١٣)

ئەو شەوە چەند درێژ بووەوە خوایە
ئەو بێدارییە
بۆچی ڕەنگی لە ڕوواندا نەماوە
خوایە، میلی سەعاتەکان بۆ وەستاون
گوڵەکانی ئینجانە
بەو شەوە بۆچی چاو بز لێم دەڕوانن.

(١٤)

خەمەکانمان لە شەبەنگێک دەچن
لە سمکۆڵی ئەسپ و
ئاسۆی لێڵدا دەردەکەون..
سەرابە
سەرابە
سەرابە
سەرابە ئەو خۆشەویستییە.

(١٥)

پیاسەم دەکرد
نازانم بۆچی، لەبەر خۆمەوە
بیرم لە مێخەکبەندەکەت دەکردەوە
تۆیش پێت وا نییە سەرنجی ڕاکێشابم؟

**کانوونی یەکەم/ ٢٠٠٩**

# تابووتێ لە کتێب

کەریم دەشتی

باوکم لە نەوەی کتێب بوو
لە کێڵگەکاندا دەژیا و
لە دەشتایەکاندا مردووە
جلوبەرگی لە کاغەز بوو
دڵی لە نوور
کە دەستت لە دەستی دەنا
پەنجەکانی لەناو لەپت دەتوانەوە
دایکیشم لە شارێکی دوور
براکانم هێندێ لە دەریا و بناران
هێندێکیشیان لە تەمتومانی کەناران
خوشکەکانیشم لە باکوور
ماڵێکمان هەبوو لە ترۆپکی چیا
ماڵێکیشمان لە دارستان
هەندێکمان لەناو ڕەشماڵان لە دایکبووین
هەندێکیشمان لە گۆڕستان
جاری وابووە سپێدە نانمان لە کوێستان خواردووە
ئێوارە لە گەرمیاندا باروبارگەمان خستووە
باوکم هێندە سەیری ئاسمانی کردبوو
هەموو ئەستێرەکانی دەناسی
هێندەی دەشتایی بڕی بوو
هەموو گوڵە گەنمەکان
لە پێشوازییا دەوەستان
هێندە بەناو دارستانەکاندا ڕەت ببوو
قسەی لەگەڵ هەموو بایەکان کردبوو
هێندە بارانی بەسەردا باری بوو
ڕەنگی بارانی گرتبوو
هەمیشە کتێبێکی لەبەر باخەڵیا دادەنا
لە هەر شوێنێ لەسەر هەر بەرد و کانیێ
لە هەر لێوار و بنارێ
دەگەیشتینە هەر تاوڵێێ
کتێبەکەی دەردەهێنا و دەیخوێندەوە
دەچۆوە نێو نیشتمانی ئەبەدی خۆی
باوکم کە کتێبی دەبینی
هەموو دنیای لەبیر دەکرد
دواجار باوکم کتێب کوشتی.. کتێب



هەر بەکتێبەوە ناشتمان
بۆ هەر شوێنێ بارمان دەکرد
ئێسک و پروسکەکانیشمان دەخستە ناو کیسەیەک
ئەو شار و شارمان پێدەکرد
لە شیرازەی هەر کتێبێ حیکمەتێکی دەنووسییەوە
لەسەر هەموو لاپەڕەیەک پرسیارێکی داڕشتووە
باوکم بەبۆنی کتێبان
دەیزانی کەی هەور دێ و باران دەبارێ
با لە کام لاوە هەڵدەکا
هەر بە بۆنی کتێبانیش
کۆچی خێلی ڕادەگرت و دەیزانی بەفر دادەکا
باوکم کتێب کوشتی ئەو ڕۆژەش کە شاردمانەوە
تەمتومان بوو، دوو کتێبمان کردە کێلی گۆڕەکەی و
بۆ یەکجاری دامانەوە دەست نیشتمان
ئێستاش ئەگەر ئەو درەختەی شیعر نەبێ
کە لە سەر گۆڕی شین بووە
کەس گۆڕەکەی ناناستەوە
جار جار سەری هەڵدەگرت و
دەیدایە ناو بەرد و کێوان
بە هەفتە و بە مانگ ون دەبوو
کاتێ کە دەگەڕایەوە
توورەگەیێ کتێبی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە
دایکم سەرلە بەری کتێبی خودای لەبەر بوو
هێندەی ئەو کتێبە خوێندبۆوە
ڕەنگی ئاسمانی گرتبوو
دواجار کە بینیم
لەسەر ئەو بەرماڵەی باوکم بەر لە سەد ساڵ
لە ماڵی خودای هێنا بوو
سەری بەو کتێبە کردبوو
دوا سورەتی دەخوێندەوە کە مردبوو
بە بیرم دێ هەمیشە کتێبەکانی باوکمی ڕیز دەکرد و
لە تۆز پاکی دەکردنەوە
هەمیشە دەیگوت
لە سای کتێبەکانی باوکتان من هەزار مناڵم هەیە
هەزار گەنجینەی قاروون و هەزاران گەوهەرم هەیە
ئەویشمان وەک قەددیسێ لە بخوور
لەژێر درەختەکەی شیعر ناشت
ئێستاش بۆ هەر لایێ دەچم
بۆ هەر وڵاتێ سەر هەڵدەگرم
ئەو دوو گۆڕە وەک دوو ئاگر
وەک دوو دڵۆپێ لە نوور
وەک دوو درەختێ لە بخوور
لەگەڵما دێن

# پەنجەی شێتی با


یوونس رەزایی
(بۆکان)

دەتوانم بە فەرامۆشیتدا تێپەڕم
کە ڕەوە ئەسپێکی یاخی
یاڵیان شۆڕاوگەی ماندوویی و
مۆسیقای ناڵیان لە ترپەی خوێنی ڕێگادا
شەکەت و تەڕ...

مۆسیقایەکی تەڕوخاو لە یاڵی فەرامۆشیتدا
نمە نمە
بە پێدەشتی ڕوحمدا وەک نوور تێپەڕی
بە حیلەیەکی ڕوونەوە
بە سمێکی تاریکەوە
کە ترپەی دوور
کە یاڵت
شەلاڵی یادێکی سوور...

دەتوانم شەلاڵی حیلەت بمرم
وە مۆسیقای ناوت ڕووت ڕووت بژیم

بژی شەکانەوەی یاڵت
ڕەشترین ئاڵای ئەوین و
هەزار و یەک تاڵی شیرین
بە دەم پەنجەی شێتی باوە...
تێپەڕیو بە فەرامۆشی هەمیشەمدا....



### باڵێک دڕدۆنگ

سازێک دەجریوێنێ بەڵکو لە چاومدا
وەک باڵندەیەک هەڵفڕیو بە دڕدۆنگیدا.

سروودی سەرکەوتن نییە
دەماری ساز دەیدەلێنێ...
بەستێنی خوێنە دندووکی تێ وەردەدا
باڵندەی من... کە شەهیدە.

شـەهیدێک هـەڵدەفڕێ بە زناری سـەرکەوتندا

خوێن دەچۆڕێ
لە دڕدۆنگی باڵەکانی
کە لە چاوما کراونەوە.

## هەڵفڕینی پەنجەرەکان

پەنجەرەیەک دەکەمەوە بە ڕووی مـەرگدا
میوانێکی درەنگ وەختە
بەشکۆوە لە سـەر ڕانم دادەنیشێ و
درێژترین حەکایەتی ژیانم بۆ دادەگیرسێنێ...

پەنجەرەیەک لە ڕووی مندا دەکاتەوە ژیان
دەچمە ژوورێ و
لە سـەر باڵی ئەو هەڵدەفڕم
فڕ
فڕ
فڕ
تا ون دەبێ ئەو باڵانەی لە گلێنەی پەنجەرەدا کراونەوە و
کورتترین مـەرگ لە ژوانمدا ئامادە.

پەنجەرەیەک بە ڕووی تۆدا دەکەمەوە
بە باڵێک لە مـەرگ و باڵێک لە ڕووناکایی ژین
باڵندەیەک
لە هۆدەکەمدا خورەی دێ و
تەقڵە لێ دەدا، ڕووبارێک لە پەنجەمدا
عازەب و گەرم...

لە سنووری خنکان و ڕاخوشانێکی بەلەزدا
ڕازاوە.. ماڵۆچکەی وشەکانی من...

پەنجەرەکانی هەموویان بە ڕووی مندا هەڵفڕیون
ئەو ڕووبارەی
وشە تێیدا شەکاوەیە.

## داگیرسانی بیرەوەری

بیرەوەری ئەو ڕێگایە
بیرەوەری ئەو ڕووبارە
بیرەوەری ئەو بایەی کە ڕابرد
ئەو شنەیەی کە نایە و
هەموو ئەو شتانەی دەشنێنەوە لە خوێنی ڕۆژدا
لە دەمارە ماسیوەکانی شەودا...

بەتاڵ بوونەتەوە لە ئەوینی وڵاتێک
ئەرتەشێکی سەرکەوتوو تێیدا بێ کۆتاییە...

دەماری ڕێگا پڕ لە بیرەوەری بایە و
لە چۆڵگە...
خوێنی ڕووبار دەشنێتەوە لە پەنجە بەتاڵەکانی شەودا.

بیرەوەری سوپایەک هەر داییسێ
لە لووتکەی ئەو وڵاتەی بێ کۆتایی دەژی و
بەتاڵ بۆتەوە لەنەمان...

ئەی وڵاتم...
ڕووباری بیرەوەریت ڕادەبرێ
بە دەمارەکانی بێ کەوشەنی چۆڵگەمدا
بە وشەمدا...

١٣٨٨(٢٠٠٩)

# هەکو تو دهێی..

د. عارف حیتۆ
(دهۆک)

«١»

ئەز ل ملەکێ و تو ل ملەکێ
ل هیڤیا ڤەبوونا گولەکێ
سترانێن سەرمەدی بۆ دلێ دنیایێ دبێین
مەشکا هیڤییێن هلگرتی دکێین
نە تو دکاری خەلەکێن دووریێ قەتکەی
نە ئەز دکارم..
شەڤستانا جێ ژڤانێ دیتنێ رۆنکەم
ئەم هەردوو ب عشقێڤە دحەلیێین
ل بەندەمانێ وەکهەڤ لێ دهێین.

«٢»


د حەزرەتا هاتنا تەدا
بێدەنگی.. مەزنترین سامان و مالە
بەرزەبوون د چاڤێن تەدا
نووترین گەشت و هەوالە
ئەڤینییە و مشتی ئاسمانەکێ بلندێ،
شین و سامالە
ئەز ب تەڤە بەرزەمە و
بەرزەبوون ب هاتنا تەڤە
جوانترین کەڤالە.

«٣»

بێی تە رۆژا من هەر شەڤە
خۆشیێ ژ چاڤێن من رەڤە
دێ وەرە دێ.
شەڤێن چاڤەڕێیا من
ب ژڤانەکی رۆنکە و وەرەڤە.

«٤»

هەکۆ تو دهیێ..
بەخچەیێ مالا مە دبیتە بەهەشت و
چاڤێن تە فند و خەتیرە
ئەگەر نەهێی..
ئەڤ بەخچەیێ هەمی جوانی
خۆشی و بەرزی و هزر و بیرە
جەهنەما بیئسولەسیڕە!!



«٥»

دەنگێ تە سیلاڤە
ئەڤینی و مەزیقە ژێ دزێت
رەنگێ تە خوناڤە
بەلگێ هەستا گولا من دمێت
بێهنا تە گولاڤە
ژ همی پەیڤێن شعرا من دهێت
دیتنا تە بزاڤە
چاڤەڕێیی و داندۆلەکا گەرم پێ دڤێت.

«٦»

ل دەمەکی..
من حەز ژ کەسەکا وەک تە کربوو
من دانا بوو
کو حەز ژ کەسەکا وەک تە بکەم
ئەوا بۆری هەپارە بوو
ئەوا دێ هێت خەپارە بوو
لێ تو..
تو راستییەکا بەرهەستی و
ژ دل من تو دڤێی!!

«٧»

ئەڤینی وەک قوماریێ
هەمی خەونان دکەتە کواریێ ژ بۆ ژیاریێ
وەهەمەکا خۆشا سەرکەفتی
ل بەر پێنگاڤان رادزینیت و
ب خۆنەویستی مە رادکێشیت.

«٨»

خوزی..
رەنگێ تە لە باخچەیێ بەر دەرگەهێ مالا مە صورگول با
وەک باخچەڤانەکێ ب وەفا
هەر رۆژ سپێدێ ژ بۆ دیدارا تە هاتبام
خوزی..
دەنگێ تە ل بالکۆنا مالا مە بلبل با
ئەز ژ بالکۆنێ دەرنەدکەفتم
هەتا ژ عشقا تە تێر ببام.

«٩»

ئەڤینا تە کارەساتە
ئوو کارەسات سێوییەکێ بێ وەلاتە
من ژ بۆ عشقا وەلاتی خەباتە
ئەز و کارەسات و وەلات
پێکڤە د ژین و
ژ بۆ عشقا تە دبینە کەلات.

«١٠»

هاتنا تە..
من تۆشی جوانیێ دکەت و
دەرگەهێ فیردەوسێ ڤەدکەت
لێ چاڤێن تە
میناکێ جوانییەکا وەستیایی یا کەڤنارە
مونولۆگا سەربۆرەکا مت و سارە
هەمی حەز و خەون و هیڤی
ئارەزوو یێن ژ مێژە کویڤی
ل پەنجەرا گرنژینا من بهارە.

«١١»

دگەل هەر ماچەکێ
ئەز هەست پێ دکەم
ژیێ تە دگەل بچووک دبیت و
ئەز ژی دگەل تە بچووک دبم
وەک دوو سنێلە یێن عاشق
ل بەر بارانێ.. ئێکودوو ماچباران دکەین.

«١٢»

ئەگەر ماچ ژی فەنا ببن!
وەکو هەمی تشتێن دی یێن فەنا بوویی
د بیردانکێدا تۆز بگریت و وندا ببن
وەک هەمی سەربۆرێن چوویی
وەرە ئەم ژی..
دناڤ گەرمی یا ماچیکرنێدا ببین و
فەنا ببین!
ما ژیان بێ ماچ بۆ چییە؟

«١٣»

جوانییا تە بۆ کێیە؟
گەر بۆ من نەبیت!
پەیڤا بەلێیا تە بۆ کێیە؟
گەر بۆ پرسیارا من نە بیت
ئەز دزانم هەمی سوحبەتێن تە
ژ بۆ من و ل سەر منن!

«١٤»

چەند چاڤەڕێ بووم کو بهێی و
تو نەهاتی..
من تو د دلێ خوەدا چاندی و
د هەردوو چاڤاندا نشاندی
دا ئێدی چاڤەڕێ نەبم!

«١٥»

دزانم..

ئەز بێ دەنگم و حەزا تە ژی پەیڤن
لێ دەستێن من..
چاڤێن من..
لێڤێن من و هەمی خانە یێن لەشێ من
پڕبێژن و دگەل تە د پەیڤن.

«١٦»

بێ پرسیار کرن، حەز ژ من بکە
بێ داخوازکرن، حەز ژ من بکە
ئەڤینیێ چ بەرسڤێن لۆژیکی نینن
ئەڤینیێ چ خەلاتێن ژ خوە مەزنتر،
ددەستدا نینن.

«١٧»

هەمی وەغەر..
من بۆ هەمبێزا تە دزڤڕینن
هەمی ڕێک و بوویەر
تە دزڤڕیننە دچاڤێن مندا و
د ناخێ مندا دنڤینن.

«١٨»

شعرێن جوان
مینا کچێن ڤەشەنگ و کچینن
فەرە ب تنێ دگەل ڕوونم و ب تنێ بخوینم.

«١٩»

ما دێ ژبەر تە بۆ کێڤە چم
هەر جهەکێ ئەز بۆ بڕەڤم
خوە دبینم.. یێ ب تە دکەڤم
ئەڤە چەندین سالە
ل تە دگەڕییێم و تو ب خوە
بارانەکی دمندا دباریت.

«٢٠»

هەکو دهێیە دەف من
چاڤێن خوە کل نەدە
لێڤێن خوە سۆر نەکە
سپییاڤێ ل دێمێ خوە نەدە
تو پشکەکی ژ زاتێ گەش و جوانێ خودێ
ب مکیاجی.. جوانیێ تێک نەدە.

«٢١»

بێی تە.. ئەز ب تنێمە
گولەکا سیس و بەهیمە
بارانەکا هاڤینیمە
خەمەکا شین و ڤەگرتیمە
دەریایەکم کویرە بێ بنە
ل دووربیا تە، ب تنێمە و
خودێ ل ئاستێ تنێیاتییا من مەزنە
ئەڤجا بزانە چەند مەزنە!....

«٢٢»

د حزوورا تەدا تە.. خەم جوانە
بێ دەنگی ڤیانە
مرن ژیانە و
ئاسمانی ل بەر من کند دکەت
بەحچەییێن ئەڤینێ ل بەر من هند دکەت
د حزوورا تەدا..
هەستەکا خەمگین و کز سەمایێ دکەت.

«٢٣»

تە بێ سلاڤ هلدا ژوور و
گەهشتییە جێ هەڤبینێ
توبێ خاترخواستن چوویی
هەناسا من ئەوا ل سەر لێڤا تە هشکبوویی
نەهاتە ناڤ بەهی و شینێ
ئەز لەشەکم خاڤ و شەیدا
ب عشقا تەڤە یێ بەرزە بوویی.

«٢٤»

هەر پێنج هەستێن من ب شادی
سترانا بۆ هاتنا تە دبێن
تو ژی مینا وەلاتی یی..
هەمی تشتێن من یێن گۆتی و یێن نە گۆتی
بەر ب تەڤە دهێن.


«٢٥»

ئەز ڤێ شعرا خوە
ناکەمە دیاری بۆ تە
چونکو تو دگەل هەمی پەیڤاندا دگڕنژی
هەوجە ناکەت تەمەنێ خوە
بکەمە گوستیرکا تبلا تە
یان ژینا خوە بداغمە بەر تە
چونکو ب ڤیان..
تو دناڤ لەشێ مندا دژی.

**٢٠١٠**

# چوارە بێ ملەکان

**رۆبێرت دێسنۆس**
**لە فرانسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**



چوار بوون بێ سەر مابوونەوە
چوار بوون ملیان بڕیبوون
پێیان دەگوتن چوارە بێ ملەکان.

کە لە قاوەخانەی گۆڕەپان، یان هی شەقامە بەرینەکان
دەیانخواردەوە
گارسۆنەکان ڕەحەتییان لەگەڵ خۆیان دەهێنا.

کە نانیان دەخوارد دنیایان لە خوێن وەردەدا
وێڕای گۆرانی گوتن و هەنسکدان
کە خۆشەویستییان دەکرد، تەنیا خوێن دەبینرا
کە ڕایان دەکرد، با بوون
کە دەگریان، زیندوو بوون
کە دەنووستن، بێ پەشیمانی بوون
کە کاریان دەکرد، شەڕەنگێز بوون
کە خۆیان ڕادەهێنا، بێزەوەر بوون
کە یارییان دەکرد، جیاواز بوون

کە یارییان دەکرد، وەک هەموو خەڵک بوون
وەک من و تۆ بوون، ئێوە و ئێمە، هەموو ئەوانی تریش
کە یارییان دەکرد، سەیرو سەرنجڕاکێش بوون.
بەڵام کە قسەیان دەکرد، وشەی خۆشەویستی بوو
بۆ ماچێک
ئامادەبوون ئەو خوێنەی ماویانە بیدەن

دەستیان هێڵی زۆری بێ ژمارەی تێدابوو
لەناو سێبەرەکان بزردەبوون
وەک بزربوونی هێڵی ئاسن لە ناو دارستان

کە دادەنیشتن، شکۆمەندتر بوون لە پاشاکان
بتەکانیش لە پشت خاچەکانیان خۆیان دەشاردەوە
کە ڕاست بە پێشیان تێدەپەڕین

سەرەکانیان بۆ هێنابوونەوە
زیاتر لە بیست جار، زیاتر لەسەد جار
لە ڕاو، یان لە جەژنەکان دۆزیبوویاننەوە

بەڵام هەرگیز وەریان نەدەگرتنەوە
ئەو سەرانە کە چاوەکانیان تریسکەی دەدایەوە
بیرەوەرییەکان لە قووڵایی مێشکیان خەوتبوون

بەڵام ئەمە سوودی نەبوو
شەپقە دروستکەر و پزیشکی ددان
شادیی هەندێک هەندێکی دیکە غەمبار دەکات.

چوارە بێ ملەکان ئێستاش دەژین، ئەمە شێتییە
بەلای کەمی یەکێکیان دەناسم
لەوانەشە سێیەکەی تریش

یەکەمیان، ئەناتۆلە
دووەمیان، کرۆکینۆلە
سێیەمیان، یاربێمۆلە
چوارەمیشیان هەر ئەناتۆلە

ماوەیەکە کەمتر دەیانبینم
سەرەنجام خۆش نییە
هاموشۆی کەسانی جاقی و فێڵباز.

**سەرچاوە:**
**Anthologie de la poesie francaise du xxe siecle. Gallimard, 2000.**

# زێڕمیدال



**حەمەفەریق حەسەن**
**(دانیمارک)**

(بریا باوکم لە ژیاندا بوایە و کاردۆی بە میدالی زێڕەوە بدیایە.) باوکم لە پڕێکا وا دەڵێ. دایکیشم دەڵێ: (بە سواری ڕەشبۆرەوە، دێ بە دێ کاردۆی دەگێڕا، پێشانی سەرلەبەری خێڵەکەی دەدا!) من لەو دەمەدا باوێشکم دەدا. پاشان نائاگا دەستم بە گەردنی خۆما دەهێنا. بە چاوی خەواڵووەوە سەرم بۆ وێنە لە جام گیراوە، ڕەش و سپییەکەی قەد دیوارەکە هەڵبڕی. باپیرە، لووت قوڵنگی، برۆ چڕ، برێک تووڕە دیارە، پێی لەسەر ئاوزەنگی، جڵەوی لە دەستە. ڕاست و چەپ جووتێک ڕەختی لە شانە. تفەنگەکەی وا لە نێو کیفی لباددا، بە زینی ئەسپەکەیدا ئاوێزانە. تەنیا قۆنداخەکەی بە دەرەوەیە...

بەدەم غاردانەوە، لە شێوەی گرتەی چاوی هەڵۆدا، لە دوور، بوونەوەرێکی ڕەشی جووڵاوم بینی. وەستام، دەستم کردە سایەبانی چاوم، بەڵکو لە گرتەیەکی نزیکدا، بە ڕوونی ئەو بوونەوەرە بزۆکە ببینم. بوونەوەری ڕەش، مرۆڤ بوو. چنگ لەسەر شان بەرەو ڕووی غارم دا. هەنگاو بە هەنگاو مرۆڤە تەنیاکە دێنمە پێشترەوە. ئەو، بە دوو ڕەختی ڕاست و چەپەوە، هەر دەبێ خجڵی کارێکی گرینگ بێت. ئەسپێکیش لە ژێر درەختێکدا یەکتەق کلکی بەم لاو ئەو لای کەفەڵیا بادەدا، مەگەز لە خۆی دووردەخاتەوە. ناوبەناو توند و تووڕە، پاشوو لە زەوی دەکوتێ. لە گرتەیەکی زۆر تایبەتدا، وەک لە کونی کێلوونی دەرگەوە بڕوانم، پڕ بە کونی کلیلەکە، تفەنگێکی درێژ دەبینم، بە چڵێکی درەختەکەدا ئاوێزانە. سوار ڕانکوچۆغەی ڕەشی لە بەرە. ڕدێنی قەڵەمتاشە. بە پشتوێنە چەرمە ڕەشەکەی کەمەریدا چەقۆیەک ئاوێزانە. لە ژێریدا خەنجەرێکی مشتوو ڕەشی بە گۆی زیو جێگیرە.

ناکاو دار و بەرد و عەرد، شین هەڵگەڕان، شینێکی کاڵ.. برێک لێی چوومە پێش و وتم: سڵاو، من کاردۆم ناوە، بەو ناوونیشانانەدا بێ، کە بۆیان هەڵداوم، تۆ دەبێ کوێخا ڕەسووڵ بیت.. سوار برێک لە قەڵافەتم ڕاما، ئەوجا بە

سەری دوو پەنجان ساوی ترەکسووتەکەمی تاقیکردەوە. دواتر دەستێکی بە سەرما هێنا و پرسی، ئەوە بۆچی سەری خۆت وەها بە پەند کردووە کوڕەلاو؟ وتم مۆدیلی ئێستا وەهایە. سوار وتی، هەر نەبێ کڵاوێکی گرێچنت لەسەر بنایە، سەری رووت ناپەسەندە! وتم، مشکییەکی مۆر لەوەی سەری تۆ پەیدا دەکەم. سوار وتی، چاکە.. پەنجەی ئاماژەی بە سینگمدا هێنا و پرسی: ئەم نەخشانە چین؟ وتم، مارکەی ترەکسووتەکەیە، یان ناوی کۆمپانیایەکەیە کە بەرهەمی هێناوە. پرسی، جا بۆچی ئەمەت لەبەرە؟ وتم، جلکی تایبەتی وەرزشە. سوار وتی، هەرچەند دەیدەمە بەر زەینم، ئەم جلکە بۆ نێرینە نالایقە کاردۆ! ڕەنگاوڕەنگیشە! نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە. سوار وتی، قژت هەر کلافەی بە لایەکدا چووە!.. سەری خۆی قۆت کرد و وتی، تۆیش ئاوا سەرت بتاشە، من ناهێڵم نینۆکێک درێژ ببێت.. کڵاوەکەی لەسەر نایەوە. مشکییەکەی بەستەوە. دەمی چەقۆیەکەی کردەوە. دەبریسکایەوە. وتی، هەر خۆم ئا بەم کافرمانە پاک پاک دەیتاشم. وتم، سفرکردن هێشتا هەر باوێتی، چوومەوە منیش سفری دەکەم. سوار وتی، ئافەرم..

دوای کەمێ بێ دەنگی وتی، ئەدی ئا ئەمە چییە لە ملتا؟ وتم، زێڕمیداڵە. سوار وتی، ماشەڵڵات لێ بێ، بەڵام هەرچەند ئۆقڵەمەت دەکەم تۆ لە جەنگاوەر ناچیت، هێشتا ماوتە. وتم، من لەسەر ڕاکردن وەرمگرتووە.. سوار وتی، ڕاکردن و میدالی زێڕ! ڕاکردن عەیبە عەیب، باسی شتی وەها مەکە، بتوتایە لەسەر شەبەیخوون، یان جەنگاوەرێکی دوژمنم بەدیل گرتووە، لەسەر خۆڕاگریش بوایە هەر نەیسە! وتم، نانا، لەسەر ئەوانە وەرم نەگرتووە. سوار وتی، وتت ناوم کاردۆیە. وتم، بەڵێ کاردۆ. پرسی، ئەدی باوکت بەخێر ناوی چییە؟ وتم، نەریمانی ناوە.. وتی، منیش کوڕەکەم نەریمانی ناوە. ئەدی مامەکانت؟ وتم، سەرخێڵ، هەر ئەو مامەم هەیە. سێیەم برا لە جەنگی فەلەستین نەگەڕاوەتەوە. سوار پرسی، ئەدی باپیرت ناوی چییە؟ وتم، کوێخا ڕەسووڵ. سوار وتی، کەواتە تۆ کوڕەزای منیت! ڕەزمی دەنگی، ئەو گرییەی پێشووی نەما، گۆڕانێکی نامۆی بەسەردا هات. توند باوەشی پێداکردم وتی، تۆ لە خوێن و تۆرەمەی منی!.. ئیدی کوێخا دڵی پڕ بوو. پارچەیەک کلینێکسم بۆ درێژ کرد و وتم، خۆشحاڵم! باپیرە پرسی، ئەم شتە بۆچی باشە کاردۆ؟ وتم، دەسرەکاغەزییە چاوتی پێ بسڕە! باپیرە، چاوم هیچ بەڵای لێ نییە! لێی وەرگرتم و بێ بایەخ، فڕێیدایە کانییەکەوە، ئاو بردی. لە گیرفانی سەڵتەکەیدا پارچە قوماشێکی تەخت شینی بە وردە سوورەگوڵی دەرهێنا، واڵای کرد وتی، دەستەسڕ ئاوایە کاردۆ. دەکرێ دوای خۆشۆردن خۆتی پێ وشک بکەیەوە. دەشێ پڕی بکەی لە بەڕووڵە ترۆزی. ئەگەر پێکراشی، توند زامەکەتی پێ دەبەستی تا خوێنت لەبەر نەڕوات. وتم، ئەمەش ڕاستە باپیرە، منیش هەوڵ دەدەم لەمەودوا لەو دەستەسڕە هەڵبگرم. باپیرە پرسی، فارسی و تورکی و عەرەبی دەزانی؟ وتم، نەخێر، دوای کوردی، تەنیا ئینگلیزی دەزانم. باپیرە سەری بادا و بێ دەنگ ما..

لە پڕێکا خەنجەری کێشا و جووڵا. شووتییە کۆڵەیەکی لە دەم کانییەکە دەرهێنا. لە سەر پانەبەردێک داینا. درزی شووتی لە دەمی خەنجەر خێراتر خرچەی کرد و کشا.. قاشی دەکا. دەمی خەنجەرەکەی دەشوا. بە دەستەسڕەکەی وشکی دەکاتەوە. سووکێ بە کێلانیدا دەکاتەوە، دەڵێ، سوور سوورە، دەڵێی خوێنە، بخۆ کاردۆ.. من دەست دەبەم، ئەو دیسان خەنجەر دەکێشێت و دەڵێ، ئەم شتە ڕەنگاوڕەنگەی پێت، لە ژنانە دەچێ. بڕێک کشامەوە، سڵ بووم و وتم، نانا پیاوانەیە، مارکەیەکی جیهانییە، دیزڵی ناوە. بە تووڕەییەوە خەنجەری لە کێلان نایەوە، شەققەی لێ هەڵسان، ئەوجا وتی، جووتێک کەوش وا لە تەرکی زینەکەدا، هەر ئێستا برۆ بیهێنە. هێنام و بێ دەنگ لە پێشی دامنا. ئەمجا وتی، هەر ئێستە ئەوانەی خۆت داکەنە، ئەمانە لە پێ کە!

ئارەقە تفر و بەرگەردن و بنهەنگڵی تەڕ کردبووم. وتم، سەرنج بدە، زۆر بە پێم گەورەیە، ڕەنگە چلوپێنج بێت. وتی، تێناگەم.. کالەکانی خۆم لە پێ کردنەوە. قۆڵم هەڵکرد، چەند شڵپێک ئاوم بە چاومەوە دا. باپیرە دەستەسڕەکەی بۆ ڕاگرتبووم. لێم وەرگرت و بە قێزوبێزەوە بە ڕووی خۆمدا هێنا. باپیرە بە تووڕەییەوە پرسی، بۆچی باسکت مووی لێ نەڕواوە؟ بۆ ڕیشت پاک پاک دەتاشی و قەڵەمی ناکەیت؟ کوا سمێڵت مام پیاو؟ بەم ئاخۆران و بخۆرانە چۆن توانیت بگەیتە ئێرە؟ کوا وڵاخەکەت کاردۆ؟ خێرا و بە شوێن یەکدا وتم، هەر خۆی لێی نەڕواوە. ئارەزووی ڕدێن هێشتنەوە ناکەم. جا سمێڵم بۆ چییە. بە ڕاکردن هاتم. وڵاخ و شار!.. بە ترسە ترس شووتیم دەخوارد و قسەم دەگلماند...

سێ و دووی دڵی خۆم کرد، (ئەو سوارە و من پیادە، ئەگەر هەڵێم دەمگرێتەوە. ئەسپەکەیشی لێ بفڕێنم، تفەنگی پێیە، بۆی هەیە تەقەم لێ بکات. دەبێ هەم تفەنگەکە و هەمیش ئەسپەکەی لێ بفڕێنم ئەوجا دەتوانم لە دەستی دەرباز بم، دەکرێ بیکوژم، نا...) حیلەی دوورم هاتە گوێ. پرسیم، بۆچی بە تەنیای؟ وتی، تەنیا نیم، من لێرە ئەم کانییە دەپارێزم، سوارەکانی هاوڕێم ئەوەتان لەودیو گردەکەوە، ئاگامان لە یەکە. بۆسەمان بۆ دوژمن ناوەتەوە. پرسی، لە ڕێ تفەنگچی دوژمنت بینی کاردۆ؟ وتم، نازانم دوژمن مەبەستت کێیە، بەڵام ڕێ ئارامە، هیچ لە گۆڕێ نییە. پرسی، لەکام تەرەفەوە هاتی؟ ئاماژەم بۆ کرد وتم، ڕێ و ڕێ هاتم. پرسی، نازانم دەست و تفەنگت چۆنە، ئا بەو سێتیرە، لەو قەلەباچکەیە دەدەی، هۆ لەوێ بە سەر ئەو چڵەوە قەرای گرتووە؟ وتم، نا باوەڕناکەم. وتی، دۆخەکەی بڕێک نائاساییە دەنا ئێستا تاقیم دەکردیتەوە. وتم، ئەزموونی تیرئەندازیم نییە، نەمخوێندووە. بە یارمەتی خۆت.. پێم هەڵگرت. بڕێک دوورکەوتمەوە. زانیم شوێنپێم هەڵدەگرێ. وەختێ گەڕامەوە پرسی، ئەوە بە پێوە هەڵدەمیزی کاردۆ؟ بێ دەنگ سەرم داخست. باپیرە لە سەری ڕۆی، گەرەکە لەمەولا نوێژەکانت بکەیت.

ماوەیەک بە بێ دەنگی بەسەرچوو، باپیرە لەم دەمەدا چاوی دەگێڕا. لەپڕ وتی، ئەگەر برسیتە، هەگبەی تەرکی زینەکە هێلکەی کوڵاو و پیازی تێدایە و ئەمەیش ئاوی کانی. لە هیکڕا بوو بە تەقە. چیاکان دەنگیان دایەوە. تەقە دەتەنێتەوە. باپیرە چاوی دەگێڕا و من وتم، سوپاس بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە بە دوو سەعاتێک، پیتزام خوارد. باپیرە پرسی، چیت خوارد؟ چاویشی دەگێڕا. وتمەوە، پیتزا. پرسییەوە، چی چی؟ خورمایشم پێیە، لە هەگبەکەدایە. وتم، بە زیاد بێ، من خورما ناخۆم. قرموهوڕی گوللە نزیک دەبووەوە. گوللە بەسەردا دەڤزی. لەپڕ باپیرە فەرمانی پێدام، خۆت وەسەر زگێییەخە کاردۆ! بەڵام من چوومە سەر چیچکان و باپیرەیش بۆ لای تفەنگەکەی چوو. ئەسپەکەی لە حیلەی دا و بە دەوری خۆیدا سووڕا. لە دوور و لە نەدیوی، چەند وڵاخێک بە حیلە وەڵامیان دایەوە. خرمەی سمی دەستەیەک سوار دێت و لە گردەکەی پێشمانەوە کەللەی ئەسپ و تیلاکی سوار دەرکەوتن. باپیرە لغاو هەڵدەداتە سەر زینەکە. دەست لە کەڵپووز گیردەکات. خۆی هەڵدەداتە سەر زین و جێگیر دەبێت. وتی، کاردۆ خۆت هەڵدە پاشکۆم.. ڕەشبۆرە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێت. سەر دەوەشێنێ و جێ بە خۆی ناگرێ. وتم، من لە پاشکۆدا سوار نابم باپیرە! ئەوەی لە پاشکۆدا سوار بێ، نە جڵەوی بەدەستە، نە ڕێگەشی بە ڕوونی لێ دیارە!

سوارەکان گەیشتن و باپیرە کەوتە تەکیان. من ڕادەکەم. میدالەکە لەسەر سینگم هەڵدەبەزێتەوە و دێت و دەچێ. سوارەکان بە لایەکدا و من بە لایەکی دیکەدا غارم دەدا. لەم دەمەدا زەمین لە خومێکی شین شین هەڵدەکێشرێ، زرموکوت و ڕاکەڕاکی گیانداری کێوی دێ، هانکەهانکیان دێ. چاویان بازنەیی و بادامی، ترسناک دەچریسکێنەوە، پڕشنگ دەهاون و دەکوژێنەوە. ون دەبن و دەردەکەونەوە. درەخت، بنچک و کەڤر، لێم دەچنە دواوە، دێنەوە پێش و وژەوژیان لێوە دێت. ترس لە هەناوم دەگەڕێ. توانای بینینم کورت دەهێنێ. خێراتر هەڵدێم. زیکەزیکی مەگەز و دەنگی وەحشەتناکی نێو چڕایی دارستان دێ...

بە پشووی سوارەوە، لێفەکە لەسەر خۆم لادەبەم. چاو بە دەوروبەردا دەگێڕم. ماڵێکی کش و بێ دەنگ، هەموو نوستوون. هەڵدەستم، چرا پێ دەکەم، سەر بۆ وێنەکەی باپیرە هەڵدەبڕم و زەردە دەمگرێ.

**٢٠١٠ /٤ /١٢**

**تەرک: بەشی دواوەی زین، هەگبەی پێدا هەڵدەواسن.**

**کافرمان: چەقۆی کوردەواری، تایبەت بەسەر و ڕیش تاشین، چەقۆی مووکار.**

**خۆت وەسەر زگێیەخە: لەسەر سک درێژبە.**

**تفر: چاڵایی لێو لە ئاستی کەپوو**

**سێتیر: تفەنگێکی کۆنی درێژە، سێ فیشەک دەخوات.**

# بلیتێک بۆ جەهەنەم



**ئارام کاکەی فەلاح**
**(سوێد)**

من ناتوانم نیوسەعاتی کۆتایی ژیانیتان بۆ بگێڕمەوە. نازانم لە مێشکە ئالۆزەکەیدا چی ڕووی داوە و دوا بڕیاری بەرەو کوێی بردووە و چی لێ هاتووە، بەڵام من دەتوانم زیاد لە سی ساڵ لە تەمەنی هاوڕێیەتیمان بگێڕمەوە، بیگێڕمەوە و هیلاکیش نەبم. ساڵ بە ساڵ و مانگ بە مانگ و ڕۆژ بە ڕۆژتان بۆ باس بکەم و نەباوێشک بدەم و نە چاوێکیش بترووکێنم. چیتان دەوێ بپرسن، تەنها پێم مەڵێن چی لێ هات؟ چونکە ئەو پرسیارە دەمکوژێت! من ئامادەم باسی سی ساڵتان بۆ بکەم، بەڵام تکایە واز لەو نیوسەعاتەی دوایی بێنن، چونکە نازانم و لەوەدا من و ئێوە هیچ جیاوازییەکمان نییە، بەڵام ئەو ساتانەی دوایی ژیانی خۆتان منتان بینی لەم دیو دەرگاکەوە قسەم لەگەڵ دەکرد و ئەویش هیچ وەڵامێکی نەدەدامەوە. نا من بڕوا ناکەم ئەو لەوێ مابێ. بڕوا ناکەم. پێش ئەوەی ئێوە بێن و بەم نیو سەعاتە بە لێشاو لێرەدا کۆببنەوە. من پەیتا پەیتا قسەم لەگەڵ دەکرد. دەموت هاوڕێی ئازیز ئەو دەرگایە بکەرەوە. تکات لێ دەکەم بیکەرەوە. ئەو هاواری دەکرد و دەیوت وازم لێ بێنە، من دەمرم، نا من مردووم و تۆ پێت نەزانیوە. ئەمڕۆ سەرەی منە و دەمرم. دەموت قسەی قۆڕ مەکە. سەرەی چی و تەڕەماشی چی؟ من نامەوێ ئەم دەرگایە بشکێنم، ئەم دەرگا ئاسنینە بە من ناشکێت، کوڕی باش بەو بیکەرەوە. دەبێ تۆ بەسەر ئەو ترسەتدا سەرکەوی. هەروەک چۆن بەسەر قاڵدرمەیەکدا سەردەکەوی و دەچیتە ژووری سەرەوە، ئاوا ئاسانە. ئەو دەیوت: وا نییە، ئەوە هەمووی خەیاڵی خۆتە، ئەمە لەو سەرکەوتنانە نییە و ئاسان نییە. ئەگەر لە سەرکەوتنیش بچێ کە دەچیتە سەرەوە نە ژووری لێیە و نە سەربان. من ئەمڕۆ دەبم بە سی و شەش ساڵ. تۆ دەزانی مانای چی؟ مانای سیروانە سەرسپی تەواو. من تەواو و خواحافیز. تۆ خۆت دەزانی هیچ نێرینەیەک لە ماڵی ئێمەدا لەوە زیاتر نەژیاوە، هەر لە کۆنی کۆنەوە وا بووە. هەچ کوڕێک کە لە دایک بووە. تەنیا بۆ سی و شەش ساڵ لە دایک بووە. ئیتر نەخۆش بێ، یان ساغ، قۆز بێ، یان ناشیرین، دەوڵەمەند بێ، یان هەژار، جیاوازی نییە. هەر ئەو ڕۆژەی دەبێ بە سی و شەش ئیتر وەک درەختێک لە قەدەکەیەوە ئەو دەقەیە بڕابێتەوە، لە پڕ دەکەوێت ئازیزان! من ئەوە هەشت سەعاتی تەواوە لەم دیو ئەم دەرگایەوە وەستاوم، بێ زەحمەت یەکێکتان کورسییەک و جامێ ئاوم بۆ بێنن. زۆر

ماندووم و خۆم بە پێوە ناگرم. دەبێ کەمێ دانیشم تا چیرۆکەکەمتان بۆ بگێڕمەوە.

من نازانم ئێوە چۆن وا کۆبوونەوە، بەڵام ئەوەتان پێ بڵێم کە کەمێک درەنگ هاتن، من هەر هاوار هاوارم بوو لەگەڵیدا، دەموت: من بڕوام بەو شتانە نییە، مەرج نییە تۆ ئەمڕۆ بمری، با باوکت و باپیرت و برا گەورە و کێ و کێ لە سی و شەشساڵیدا مردبن، بەڵام تۆ نابێ بمری، نەک ئەوە، بەڵکو دەبێ تۆ نەمری، لە داخدا نەمری، هەر بۆ ئەوەی نەریتێکی تازە لە خێزان و بنەماڵەی ئێوە لە تۆوە دەست پێ بکات. خۆت بگرە! هاوڕێی عومرم! خۆت بگرە! ئەمڕۆ نەمری، ئیتر قەت نامری.

دەبیتە سمبولێکی هەمیشە زیندوو، ژیان دەبەخشیتەوە بەو پیاوانەی کە وەک مەکینەیەک لە نیوەی ئیشدا لەکار دەکەون.

ئەو دەیوت: سمبولی چی؟ هەمووی قسەی قۆڕە! من بڕوام بە چارەنووس هەیە. لەم ناوچەوانە بەدە نووسراوە کە ئەم گەنجە سەرسپییە تەنیا بۆی هەیە سی و شەش ساڵ هەناسە بدات، تەنیا سی و شەش ساڵ چاو بکاتەوە، مانگێک پێش ئەوەی ببێ بە سی و شەش، دەبێ جانتاکەی کۆبکاتەوە و قەرزەکانی بداتەوە و خۆی ئامادەی سەفەری جەهەنەم بکات. من خۆم گێل دەکرد و دەموت نا، وا نییە، من سی ساڵ زیاترە هاوڕێتم و شتی وام لە ناوچەوانت نەبینیوە و نەخوێندۆتەوە: ئەو دەیوت، تۆ کوێریت، کوێر. دەڵێی نامناسی، تۆ لە من باشتر حیکایەتی خۆم دەزانیت، من و تۆ بە دەیان جار چووینەتە پرسەی خاڵ و مامەکانم، کوڕەکانیان کە هەر هەموویان لە سی و شەش ساڵیدا وەک عەموودە ڕزیوەکانی کۆڵان دەکەوتن و هەڵنەدەستانەوە، ئێمە ئەوسا منداڵ بووین و زۆر بیرمان لە تەمەن نەدەکردەوە، وامان دەزانی تا دەگەینە سی و شەش ساڵ، دنیا زۆری پێ دەچێ، کەچی هاوڕێیم! سەیرکە! بە چەقەنەیەک تەواو بوو.

ئازیزان! ئەم کوڕە دەمێکە دەیەوێ بمرێ، دەمێکە خۆی ئامادە کردووە، مانگێ پێش ئێستا بوو، بیرتانە ئەو بەیانییەی کە خێمەکەتان لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە بینی. ڕەنگە هەندێکتان بینیبێتتان. من لە ئیش بووم، دایکی بە پەلە تەلەفۆنی بۆ کردم، وتی: وەرەوە و قسەی لەگەڵ بکە، کوڕەکەم پرسەی بۆ خۆی داناوە، وەرەوە! ئەو تەنیا بە قسەی تۆ دەکات. تا من هاتمەوە، سەعاتێک زیاترم پێ چوو، دوایی کە بە زۆر خێمەکەم پێ تێک دایەوە و لە کاتی هەڵگرتنی کوردسییەکاندا کە لەسەریەک هەڵمان دەچنین، بە پێکەنینەوە دەیگێڕایەوە. کە بیست- سی کەسێک هاتوون و بە سیمایەکی زەرد و دیدێکی غەمگینەوە تەوقەیان لەگەڵ کردووم و بەبێ ئەوەی بپرسن کێ مردووە سەرەخۆشییان لێ کردووم. قاقای لێ دەدا و دەیوت بەگونیانەوە، هاوڕێ! بە گونیانەوە کێ مردووە، من دەموت وا نییە، تۆ کەسێکی خۆشەویستی، مردنی تۆ قەهرێکی زۆر دەخاتە دڵی خەڵکەوە. تۆ نیوەی کۆمپیوتەری ئەم شارە چاک دەکەیتەوە، تۆ نەبی، نەک کۆمپیوتەرەکان، بەڵکو خەڵکەکەش (کراش) دەکەن. ئەو (ئەنتی ڤایرۆس)ەی لای تۆیە لە فلاجین و ئیسپرین و ئەنتی بایۆتیک کاریگەرترە. ئەو هاواری دەکرد و دەیوت: من سیستمەکەم تێکچووە، هەموو پرۆگرامەکانی عەقڵم شێواوە. ڕۆژەکانم (دیلیت) بووە. ئەو لەودیو دەرگاکەوە ئەمڕۆ ئەوەی بیر دەخستمەوە کە چۆن پرسەکەی بۆ خۆی داناوە و کەسیش نەیپرسیوە کێ کۆچی دوایی کردووە؟ دەی ئازیزان! ئێوە خەریک بن، خەریکی دەرگاکە بن بیشکێنن، من هێزم نییە و لێرەدا دادەنیشم و بەسەرهاتەکەتان بۆ تەواو دەکەم. من نامەوێ دەرگاکە بشکێنم و ئەو ببینم لەسەر زەوییەکە کەوتبێت، وێنەیەکی وا بەسە تا بۆ هەتا هەتایە لەناو لاپەڕەی پێڵووەکانمدا خۆی چاپ بکات و بۆ ئەبەد کوێرم بکات. بۆیە ئەگەر شتێکی واتان بینی زوو پێم بڵێن، هەرچەندە سەد دەر سەد دەزانم کە ئەو لەوێ نەماوە. ئەو منی هەڵخەڵەتاند و ناردمییەوە بۆماڵەوە تا نامەیەک بێنم، نا، نا تکایە ئاوڕ مەدەنەوە! تا دەرگاکە نەشکێنن، باسی نامەکەتان بۆ ناکەم، ئەو دەیزانی من وازی لێ ناهێنم و بەر دەرگاکەم لێ گرتووە، ئەگەر بشمرێ نایەڵم وا بە ئاسانی بمرێت. بۆیە دەیویست بە زووترین کات دەرگاکە بکاتەوە و ڕابکات و بەهێمنی لە جێگایەکی دوور دەست بکەوێ. ئەم شوێنەی هەڵبژارد کە هەندێ کەلوپەلی کۆنە و وایەر و تەل و پارچەی کۆمپیوتەری لێ دادەنێت کە هەر من پێی دەزانم. هەرچەندە کەمێک دوورە لەناو بازاڕەوە، بەڵام لە ماڵەکەی خۆیانەوە هەروا نیو سەعاتێکە، منی ناردەوە، وتی: بەسە ئیتر من بێ دەنگ دەبم، تاقەتی شیرە شیڕم نەماوە و قوڕگم هاتە دەرەوە، قسەش بکەیت وەڵامت نادەمەوە. بڕۆ نامەکە بێنە، نامەیەکی گرنگە و بۆ تۆم نووسیوە. تێدەگەی بۆ تۆ، هەر لە ژوورەکەی خۆمە، لەسەر مێزی کۆمپیوتەرەکەم. لە هاتنەوەدا بووم، بە هەناسەبڕکێوە کە نامەکەم کردەوە و سەیری ناو زەرفەکەم کرد، زانیم ویستوویەتی من لەبەر دەرگاکە دوور بخاتەوە. تا دەرگاکە بکاتەوە و ڕابکات، کە هاتمەوە زۆر ماندوو بووم، بە شەق و بۆکس کەوتمە وێزەی دەرگاکە و بەسەریدا هاوارم دەکرد. ئەوە چییە تۆ گاڵتەم پێ دەکەیت؟ زۆر تووڕە بووم و جنێوم دەدا. ئەوە ئەو کاتە بوو کە ئێوەش پێتان زانی شتێ قەوماوە و هاتن و کۆبوونەوە. من دەبوایە چەند کەسێک لە ئێوە لێرەدا دابنێیم ئینجا بڕۆمەوە، بەڵام نەمدەزانی فێڵم لێ دەکات. ئەو سی ساڵە فێڵێک چییە لە منی نەکردووە. درۆیەکی لەگەڵ نەکردووم. سەیر بکە! دەستی شکاوم، مەرگ چۆن فێری کرد. مەرگ ئاوایە ئازیزان! پێش ئەوەی بمانبات هەموومان دەکاتە بوونەوەرێکی درۆزن. سیروانە سەرسپی، کە زۆربەتان بە سیروانی کۆمپیوتەر دەیناسن،

پەپوولەیەک بوو بۆ خۆی، بەڵام پەپوولەیەک کە مەرگ هەر لە منداڵییەوە هەڕەشەی لێ دەکات و چاوی لێ سوور دەکاتەوە و پێی دەڵێ ماوەیەکی تر دێمە خزمەتت. ژنی نەهێنا، هەرچەندە عاشقێکی گەورە بوو، بەڵام نەیدەویست ژن بێنێت و کوڕی ببێت و بۆ ماوەی سی و شەش ساڵ تووشی ئەم دەردەی خۆی بکات. چەندین کچی جوان جوان عاشقی دەبوون و ئەمیش ئاوڕی لێ نەدەدانەوە. دەیوت ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم شارە عاشقی ڕاستەقینەی کەمتر دەبێتەوە، منیش دەموت بە چیدا دەیزانی؟ دەیوت بە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتە کوردییەکاندا، تۆ سەیری ئەم هەموو شیعرە خراپانەی دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە، هەچ شارێک شاعیری خراپی زۆر بێت عاشقی ڕاستەقینەی کەمترە. توانایەکی سەیری لە کۆمپیوتەردا هەبوو، توانایەکی دەگمەن.

هەر لە ساڵی ١٩٩٨ەوە کە پرۆگرامی (گوگل) وەک مۆتۆڕێکی پشکنین دەست بەکاربوو. چەند ساڵێک دوای ئەوە ئەویش مۆتۆڕێکی پشکنینی کوردی دروست کرد. ئەگەر بیویستایە دەیتوانی ڕکەبەرایەتی مایکرۆسۆفتی پێ بکات، بەڵام وازی لێ هێنا. دەیوت بۆ کێی بکەم، ئەمڕۆ لە پشت دەرگاکەوە هاواری دەکرد: کورد هیچ ناپشکنێ. ئێمە لە شاعیران زیاتر کەسی ترمان نییە. شاعیران و گەلێکی بریندار کە پیاوەکانی و دراوسێکانی قەت نایەڵن ئیستراحەت بکات و ئەم ماوەیە خۆڵبارینیشی هاتە سەر. نا،ماڵتان ئاوا بێ، دیوارەکە مەڕووخێنن، لەبەر ناوەخنی نامەکەتانە؟ باشە پێتان دەڵێم، بەس دەرگاکە لە بنەوە دەرمەهێنن، بەس تەنیا دەسکەکەی بشکێنن، تا دوایی من بە قفڵێکی تازە بۆم دابخرێتەوە. وەک وتم منی ناردەوە بۆ ماڵەوە تا نامەکە بێنم، هێندە شڵەژابووم، هەموو گیانم وەک شەقشەقە دەلەرزێ، هێندە تنۆکی عارەق لە تەوێڵمەوە تکابووە چاومەوە، سوور ببوونەوە و وەک لە کامیرایەکی خراپی ناو بازاڕی خۆمانەوە سەیر بکەم ئاوا دنیام لێڵ و پێڵ دەبینی. نامەکە وەک ئەو وتی لەسەر مێزی لاپتۆپەکەی بوو. لەوەدا ڕاستی کرد، بەڵام نامەکە بڕوا ناکەم بۆ من بێت، بۆ کەس نەبووە، لە گەڕانەوەمدا بوو، هەستێک منی ڕاگرت و پێی وتم کە ئەم هاوڕێیەم درۆی لەگەڵ کردووم تا من لەبەر دەرگاکە دوور بخاتەوە. کە سەیرێکی ناو زەرفەکەم کرد، هیچ نامەیەکی تێدا نەبوو، بلیتێکی سەفەر بوو کە خۆی بە دیزاینێکی جوانەوە دروستی کردبوو، پەیمان بێ پێشانتان دەدەم، هێندە بە جوانی دروستی کردووە کە سەرتان لە بینینی سووڕدەمێنێ، بە کاغەزێکی سەیر. لەو کاغەزانە دەچێ کە پارەی لێ دروست دەکرێ، کە بەرزی دەکەیتەوە و دەیدەیتە بەر ڕووناکی و هەتاو، وێنەی سەیر سەیری تێدایە کە زۆر ترسناک و سەرنجڕاکێشە. لەسەر بلیتەکە ناوی خۆی نووسیوە. نرخ: بەخۆڕایی، کاتی سەفەر: ئەمڕۆ، کە ڕۆژی لەدایک بوونێتی و دەبێ بە سی و شەش ساڵ. دەزانن بلیتەکەی بۆ کوێیە؟ ئەی دەستتان خۆش بێ، دەرگاکەتان شکاند، تکایە دووانتان بچێتە ژوورەوە سەیرێک بکات، وەک وتم من خۆم نامەوێ سەیر بکەم و ئازایەتی ئەوەم نییە، چونکە هاوڕێی عومرمە و زۆرم خۆش دەوێ. خۆشەویستی ڕاستەقینە وایە. لە جیاتی ئازامان بکات، ترسنۆکمان دەکات. پێم نەوتن! من زانیم ئەوی لێ نییە، زانیم هەڵیخەڵەتاندووم و دووری خستمەوە، ئای ئازیزان! ڕاستتان دەوێ لە دڵەوە پێم خۆش بوو لەوێ نییە. لە دڵەوە پێم خۆشە هەڵیخەڵەتاندووم و درۆی لەگەڵ کردم. ئەمە لەو درۆیانەیە کە دنیا جوان دەکات، وەک ئەو درۆیانەی ناو چیرۆک و ڕۆمانەکان، ئەو درۆیانەی ئەگەر نەبن، ڕاستی دەمانکوژێت، دەست دەخاتە بینەقاقامان و بە ڕۆژی ڕووناک دەمانخنکێنێت، من نامەوێ بمرێ، ئەگەر بشمرێ، با لەبەر چاوی من نەمرێت نا. ئێستە پەلەم لێ مەکەن. دێمەوە سەر بلیتەکە. ها سەیری بکەن، بە وردی سەیری بکەن، ئەها چەند جوانی دروست کردووە، بلیتێکی دەگمەنە، بەڵام سەیر بکەن! ئازیزان! سەیری سەفەرەکەی بکەن بۆ کوێیە؟ نووسیویەتی بۆ جەهەنەم، ئەم سەرسپییەی هاوڕێم دەیەوێ سەفەری دۆزەخ بکات، بەڵام ئەوەی دڵی منی خۆش کردووە، ئەوەیە کە بلیتەکەی گەڕانەوەشی تێدایە. ئەم کوڕە دەیەوێ لە جەهەنەمەوە بێتەوە، بە مانای ئەوەی نایەوێ بمرێ. بڕوام پێ بکەن هاوڕێیان! ئەوەی نەیەوێ بمرێ. قەت نامرێ. با عیزرائیل بە زۆر چاوەکانیشی پێ دابخات. بۆیە من هیوایەکی زۆرم بەوەیە کە نەمردووە و دەگەڕێتەوە. بۆ گەڕانەوەشی نووسیویەتی: کراوە. بۆیە نازانم کەی دەگەڕێتەوە. ڕەنگبێ ماوەیەکی تر بێتەوە، کاتێکی بوێ بۆ خۆی، لە شوێنێکی دوور دەست لەگەڵ دەرد و قەهر و خەونەکانیدا ببێتە هاوڕێ، کەمێک پێویستی بە تەنیاییە، تا بەخۆی ئاشنا بێت، گرفتی ئێمە ئەوەیە تا دەمرین بەخۆمان غەریبین. بە چەقەنەیەک سەرمان سپی دەبێ و بە فیکەیەکیش هەڵدەچین.

دەی ئازیزان! من زۆر ماندووم و ئێوەش بەسە، ئیتر بڕۆنەوە، هەمووتان دەزانن دوکانەکەی سەرسپی لەکوێیە، ئەگەر بەو ناوەدا ڕۆشتن و پێتان خۆش بوو بزانن ئەو هاتۆتەوە، یان نا، سەیرێ بکەن ئەگەر لەوێ بێ، یەکسەر دەیبینن. سەرێکی لێ بدەن و چایەکی لا بخۆنەوە، بەڵام باسی ئەمڕۆی بۆ مەکەن، ئەگەر ئەو خۆی گرتبێ و نەمردبێ، ئیتر پێویستی بەم حیکایەت و شەڕە سەگە نییە، دە بڕۆنەوە، خواحافیزتان بێ، با منیش بچم قفڵێکی تازە بکڕم و تەلەفۆنێک بۆ دایکی بکەم کە بەقەت ئەم دنیایە دڵی لایەتی، بەڵام من تەنیا خەمی ئەوەمە کە نازانم چی بۆ دایکی بگێڕمەوە.

**ئەیلوولی ٢٠٠٩ ستۆکهۆڵم**

# نەورۆزانە

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**



سەی باوکە دەیگێڕاوە: قسەی پێشوونیان هیچی درۆ نییە، من خۆم بە چاوی خۆم بینیومە، لەو (پێنج ڕۆژە)ی کۆتایی ساڵدا، یان لە ڕۆژانی نێوان نەورۆز تا سیانزە بەدەردا؛ دەبێ؛ بینیومە!

ڕۆژێک دەمەو نەورۆز پاش خواردنی نیوەڕۆژە لە حەساری ماڵێدا لەگەڵ (ئەستی)ی خوشکم سەرقاڵی یاری تەمەن خۆمان بووین، تەمەن دوانزە سیانزە ساڵان. دایکە لە مووبەقەکە هاتە دەر، گەسک بەم دەستییەوە، ئاو لەناو دەببە و گولاو لە ناو شیشە بەو دەستییەوە. قاوی کرد لە ئەستی. ئەستی گەسک و شیشەکەی لە دەست وەرگرت. دایکە بەرەو من هات و هاکا گەیشتە حاندی من پڕی کرد بە پەنجەمدا. پەنجەمی لە ناو پەنجەیدا ئێخسیر کرد و بە دوای خۆیدا ڕاکێشمی کرد.

نابەدڵ لە گەڵیدا دەڕۆیشم، نەمدەزانی بۆ کوێ؛ لە حەسار هاتینە دەر و بە کۆڵاندا شۆڕ بووینەوە. دایکە خێرا خێرا بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆیی. دایکە دەیزانی بەدڵ لە گەڵیدا نیم، هەر بۆیە دەنگی هەڵبڕی: ئەمە (پێنج ڕۆژە)ی کۆتایی ساڵە، بێتو لەم پێنج ڕۆژەدا بان و دەوروبەری ماڵی باپیرە خاوێن کەینەوە و کتاوی بۆ بخوێنین و خێرات و دۆعای باشی بۆ بکەین، باپیرە دێتەوە دیدار و سەردانمان!

ئەم قسە سەرخۆشی کردم، ئەم جار بەدڵ لە گەڵیدا دەڕۆشتم. بیری باپیرەم دەکرد؛ شەش حەوت مانگ بوو نەمبینیبوو، بیریم دەکرد. خێرا خێرا بەرەو ماڵی باپیرە دەڕۆیشتین. خەڵکی دیکەش بەو ڕێیەوە بوون. دەستەیەک دەچوون و تاقمێک دەگەڕانەوە. گەڕەکی ماڵی باپیرە لەبەر حەشامەت هەر جمەی دەهات. گەسک بە دەست خەڵکەوە هەڵدەسووڕا، وڵات ئاوپاشی دەکرا. بۆنی گولاو دەهات. بۆنی گولاو ڕوحی وەبەر مردووی قەبرستان دێنا،

کیژۆڵەیەکی بەرگ نارنجی دەینالآند: (والصّافات صفّا، والصّافات صفّا...)

سەی باوکە دەیکوت: خودا دەزانێ من و ئەستی و دایکە لە هەموو کەس ئازاتر بووین، بەدەستوبردتر و بەکولتر بووین. ماڵی باپیرەمان کردە ئاوێنە؛ ماڵ لەبەر پاکوخاوێنی هەر ورشە و ترووسکەی دەهات. دایکە لەوسەر ماڵەکە دانیشت و دەستی کرد بە لێوەجووڵە، من و ئەستی یاریمان دەکرد. دواتر ماندوو بووین، چووین و لەم شان و ئەو شانی دایکە دانیشتین. دوای قەدەرێک دایکە پێمانی کوت: نازانن ئەزبەر (کتاو) بخوێنن؟

زۆر ماندوو بووم، وەنەوزم دەدا، سەرم نایە سەرشانی دایکە و چاوەکانم بۆ قووچاند. باپیرە لەوسەری کۆڵانەوە بەرەو ماڵەوە دەهات، کەواوپانتۆڵە مۆرەکەی لەبەردا بوو. کە گەیشتە حاندی ئێمە، من و ئەستی ماچ کرد، سەرومستێ نوقڵی داینێ، دوایی دەستمانی گرت و کوتی: وەرن با بڕۆینەوە. من و باپیرە و ئەستی دەستمان خستە سەرشانی یەکتر و تێمان چریکاند: ئەم ڕۆژی... ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە....

دایکە لە دوامانەوە دەهات. بەرەو ماڵی خۆمان دەڕۆیشتین و ویرەویرمان بوو: ئەم ڕۆژی ... ساڵی تازەیە... نەورۆزە هاتەوە....

دەمەو ئێوارە بوو، ئاگری کۆڵان و سەربان شۆڵەی دەگەیشتە عاسمان. باپیرە دەنگی زۆر خۆش بوو، خەڵک لە کۆڵان و سەربان و خیابانەوە بۆیان دەسەندەوە. نازانم بۆچی دایکە دەگریا، بە لێوەجووڵە شتێکی دەکوت و دەگریا. فرمێسکەکانی دەتکوت دەنکە هەنارن، فرمێسک وەک دەنکە هەنار بە سەر کولمە سوور و سپییەکانی دایکەدا خلۆر دەبوونەوە، من و ئەستی لەم شان و ئەوشانی باپیرە بووین، دەستمانی بە دەستەوە گرتبوو، جاروبار ماچمانی دەکرد و دەیپرسی: ئەرێ ماندوو نین؟ بە نۆرە لە باوەشی دەکردین و تێی دەچریکاند: ئەم ڕۆژی... ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە...

لە نووچکەی کێوە بەرزەکانی دەوروبەری شارەوە شۆڵەی ئاگر بەرز ببۆوە و عاسمانی سوور داگەڕاندبوو. لە هەموو کۆڵانەکانیش، لە سەربانەکانیش ئاگر کرابۆوە. ئێمەش کە دەگەیشتینە حاستی ئاگرەکان، بەسەر کۆما ئاگرەکاندا بازبازووکێنمان دەکرد. بەسەر شۆڵەکاندا بازمان دەدا و دەمانکوت: ئاگرە گڕەی خۆمانە، گوو بە ڕیشی دۆمانە، ئەی ئاگرەکە، هەی ئاگرەکە، زەردایی من لەبۆ تۆ، سوورایی تۆ لەبۆ من، نەخۆشی من لەبۆ تۆ، ساخ و سەلیمی تۆ بۆ من...

گەیشتینەوە ماڵێ، کەوەکانی باوکە لە حەوشەدا، لە ناو قەفەسەکاندا، کزومات، بێ دڵودەماخ بە دیوارەوە هەڵواسرابوون، زۆر گوناح بوون، بریا باوکە بەرەڵڵای کردبایەن. دەمەو بانگی شێوان، من و ئەستی هێلکە و سەمەنی و سنجوومان برد بۆ ماڵە خزم و کەس و دەروجیران، ئەوانیش نوقڵیان داینێ، قەرەپووڵیان داینێ، کولێرە و کشمیش و خورمایان داینێ. هەموو شتێکیان داینێ. من و ئەستیش هەر لە ماڵەکەیان دەهاتینە دەر، خورمامان دەخوارد، نوقڵمان دەخوارد، کشمیشمان دەخوارد. دوایی کە هەموو ماڵەکان چووین، بەرەو ماڵی خۆمان گەڕاینەوە، لە کۆڵانەکان ئاگریان کردبۆوە. هەموو کەس بە سەر ئاگرەکەدا بازیان دەدا و دەیانکوت: (هەی ئاگرەکە.. هەی ئاگرەکە... زەردایی من لەبۆ تۆ... سوورایی تۆ لەبۆ من...)

دوایی گەیشتینەوە ماڵێ، باوکە لە سەربان ئاگری کردبۆوە، ئای ئاگرێکی چەندە جوان بوو، گڕی دەگەیشتە عاسمان. بە سەر ئاگرەکەدا بازبازووکێنمان کرد. تا هەوا تاریک بوو هەر لە سەربان بووین، دوایی هاتینە خوارێ، چووینە ژوورێ. دایکە کوتی وەرن ئەو شتانەی پێیان داون بۆتان دابەش کەم. هەموو شتەکانی لە نێوان من و ئەستیدا دابەش کرد. ئێمەش هەر دەمانخوارد و پێدەکەنین و بەشی دایکە و باوکەشمان دا. زۆرمان خوارد و بۆی خەوتین.

سەی باوکە دیسان دەیگێڕاوە، حەوشەیەکی گەورە گەورەمان بوو، عەرزی حەوشەکە سەوزە و قلیاسان داپۆشیبوو. حەوشەکە پڕ پڕ بوو لە گوڵ و پەپوولە و چۆلەکە. باپیرە ئاوپاشی بە دەستەوە، حەوشە و کۆڵانی ئاوپاشی کردبوو؛ بەڵام بە ئاو نا، بە گوڵاو! باپیرە بە ئاوپاشەکە گوڵاوی بە سەر عەرزی حەوشە و کۆڵان و دارەکان و قلیاسانەکەدا دەکرد. بۆنی گوڵاو دەهات و حەسەن زیرەک و باپیرە دووبەدوو، هەر ویرەویریان بوو، ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە...

دواتر قەفەسێک بە دەست باپیرەوە، کەوێک لە ناو قەفەسەکەدا بوو. کەوەکە کز و مات هەر چاوی دەگێڕا و

دەندووکی لەم لا و ئەولا دەکوتا. پەرێشان بوو، حەجمینی نەبوو، لە ناو قەفەسەکەدا بۆ هەموو لایەک دەخولاوە و دەندووک و نینۆکی لە هەموو لایەک دەکوتا. کەوەکە زۆر فەقیر بوو، زیندانی بوو، بەزەییم پێیدا دەهاتەوە. بریا باپیرە ئازادی کردبایە. باپیرە لەپڕ بانگمی کرد: ئازاد، ڕۆڵە، دا وەرە دەرگای ئەم قەفەسە بکەوە، ئەم کەوە گوناحە، دەبا ئازادی کەین.

دەرگای قەفەسم کردەوە، کەوەکە لە قەفەس هاتە دەر و چوو لە سەر چڵەپۆپەی دار ئەرخەوانەکە هەڵنیشت و قاسپاندی: قاسپە قاسپی کەو دێ... کەویار هەی کەویار...

کەوەکانی باوکە لە قەفەسەکاندا بوون، بێ دەنگ و غەمبار. لە باپیرەم پرسی: ئەرێ باپیرە، ئەوە بۆ کەوەکانی باوکە ناخوێنن؟

باپیرە کوتی: زیندانین، زیندانی. کەس لە زینداندا شاد نییە و گۆرانی ناڵێ. بە باوکەت بڵێ ئەو کەوانە بەرەڵلا کات، ئازادیان کات، نەورۆزە، نەورۆز. دەبێ خێرات بکەین؛ بە باوکەت بڵێ ئەم بەستەزمانانە ئازاد کات. لەبیرت نەچێ، بڵێ باپیرە دەیکوت. لە ژوورەوە باوکە قاوی لێم کرد. باپیرە بەرەو کۆڵان ڕۆیی و لەگەڵ حەسەن زیرەک تێی چریکاند: ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە... لە ژوورێدا سفرەی (حەوت شین)یان ڕاخستبوو؛ شیر و شەراب و شەمشیر و شەکەر و ماسی و کتاو و ئاوێنە، باوکە کتاوی دەخوێند... دوایی بوو بە تەقوتۆق، لە کۆڵانەوە تەقوتۆق دەهات و خونچەی ئەرخەوانەکان دەپشکووتن و دەبوونە گوڵ. هەر تەقوتۆق دەهات و خونچەی گوڵەباخ و شیلانەکان دەپشکووتن و دەبوونە گوڵ. گوڵەکان سوور بوون، گەش بوون، جوان بوون. بۆنی عەتری گوڵەباخ دنیای داگرتبوو. ئەرخەوان و گوڵەباخ و شیلان ببوون بە دە دار، بیست دار، سەد دار، هەزار هەزار گوڵیان پێوە بوو. کەوەکەی باپیرە ئازاد بوو، بە سەر دار و درەخت و گوڵەکاندا هەڵدەفڕی و دەنیشتەوە و دەیقاسپاند: "قاسپە قاسپی کەو دێ، کەویار هەی کەویار...." بریا باوکەش کەوەکانی ئازاد کردبایە...

ئەو ڕۆژە بەیانی زوو زوو من و دایکە و باوکە و ئەستی و کاکەم و خاڵۆم و مامۆم و پلکەسارا و خاڵۆژن و مامۆژن و منداڵەکانیان چووبووینە سیانزە بەدەر، لە دەرەوەی شاردا. لە سەر ئەو دەشتە قلیاسانە دانیشتبووین. کاتی قلیان قاوەڵتوون وردە عارەقەیەکی پڕ لە سەر قلیاسان و لە سەر لکوپۆپی دار و گوڵ و گیا تۆقلە دەبەستێ و خاک لێوی دادەقڵێشێنێ. سەر هەڵبڕی و جوان نیگایەکی وردی سروشت بکەی، زیندەوەری سروشت سەرقاڵی ڕاخستنی ڕایەخێکی سەوز دەبن و بەوەندەی یەک و دوو مافوورەی شین جیهان دەڕازێنێتەوە. ئای نەورۆز، ئای ڕۆژانی نەورۆز و بەهار... های هەی...

بە دەورە لە سەر قلیاسانەکە دانیشتبووین، بازنەیەکمان پێکهێنابوو، چەپڵە و چەقەنەمان لێدەدا و پێدەکەنین. دوایی من و ئەستی و منداڵەکانی خاڵۆ و پلکەسارا لە نێوەڕاست بازنەکەدا سەمای عارەبی و فارسیمان دەکرد. ئەم جار گەورەکان هەستان و کردیانە هەڵپەڕکەی خۆمان. مامۆ و خاڵۆ چەپڵە و چەقەنە و پللەیان لێ دەدا. باوکە سەرچۆپی گرتبوو، کاکەم دەهۆڵی دەکوتا و کوڕە گەورەکەی پلکەسارا زوڕنای لێ دەدا. ئای هەمووویان چۆن هەڵدەپەڕین! داپیرە و باپیرە لەولاوە دانیشتبوون و هەڵوایان دەخوارد. من بۆم هێنابوون. هەڵوا بۆ ئەوان باشە، ددانیان نییە، باپیرە پێمی کوت بە باوکە بڵێ ئەو کەوانەی ئازاد بکات، گوناحە. دەمەو نەورۆز و بەهار کاری باش خێری زۆرە. کەو گوناحە. لە بیرت نەچێ، بە باوکە بڵێیی، بڵێ باپیرە دەیکوت کەوەکان ئازاد کات، منیش ئازادی دەکەم، ئەگینا منیش گەردنی ئازاد ناکەم...

کچەکەی پلکەسارا لە نێوەڕاست بازنەی هەڵپەڕکەی گەورەکاندا، سەمای فارسی و عارەبی دەکرد و هەڵیدەخولاند، هەموو گەورەکان پێی پێدەکەنین. بەقەد من بوو، منیش چووم لەگەڵ ئەودا دەستم پێ کرد. گەورەکان چەپڵەیان لێدا و قاقایان کێشا و کچەکەی پلکەسارا چوو دانیشت و ئیدی ئەو ڕۆژە سەمای نەکرد. لە جیاتی من و ئەو، ئەستی و منداڵەکانی دیکە دەستیان پێ کرد. هەر حەسەن زیرەک دەیکوت و ئێمە چەپڵەمان لێ دەدا.

دوایی هەمووومان چووین دانیشتین. داپیرە و باپیرە لەولاوە لە بن دارێکی پڕ لە گوڵ دانیشتبوون و هەڵوایان دەخوارد. کاریان بە کەس نەبوو، کەسیش کاری بەوان نەبوو. دایکە و پلکەسارا دەهاتن و دەچوون، بۆنی

دۆکولێو دەهات. سفرە ڕاخرا. باوکە و مامۆ و خالۆم پێکەوە دانیشتبوون. لە پێشدا دۆکولێویان بەوان دا. حاهـ دۆکولێو چەندە خۆشە، هەر لە نێو دڵمدا دەمکوت ئەی کەنگێ دۆکولێو بۆ من دێن؟ باپیرە هاتە بن گوێم و کوتی: هەر تۆ منت دیوە، بە کەس مەڵێ. دوو قاپیشمان دۆکولێو بۆ بێنە، کە دۆکولێوم بۆ بردنە بن دارەکە، کوتی ئەگەر ڕۆیشتم بە باوکە بڵێ، بڵێ باپیرە کوتی کەوەکان ئازاد کات. دوایی دۆکولێومان خوارد. پلاو و خۆرشتمان خوارد، دۆمان خواردەوە، حاهـ چەندەمان خوارد. تەمەشام کرد داپیرە و باپیرە ڕۆیشتوونەتەوە...

سەی باوکە سوێندی خوارد و کوتی:

جێگای درۆزن نێوەڕاستی جەحەندەمە. لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆکە دەوروبەری نەورۆز تا سیانزەبەدەر باپیرە دێتەوە سەردانمان. من دەڵێم حەوت، هەشت کەڕەت، ئێوە بڵێن دە، پانزە، بیست کەڕەت، باپیرە و داپیرە هاتوونەوە. سەردان و دیدارمان دەکەن، لەگەڵمان دێن و دەچن و دەخۆن و دەدوێن، بەو مەرجەی پاک بی، دۆعا بکەی، لە (پێنج ڕۆژە)ی کۆتایی ساڵدا ماڵیان خاوێن کەیەوە و کتاویان بۆ بخوێنی...

ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆژەی سیانزە بەدەر خەوتین، دوایی هەستاین و دیسانیش کاکەم دەهۆڵی دەکوتا، کوڕە گەورەکەی پلکەسارا زوڕناکەی لێ دەدا و هەموومان هەڵدەپەڕین و دەمانکوت: ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە...

باوکە ماندوو بوو، چوو دانیشت. چوومە لای و کوتم: ئەو کەوانەی نێو قەفەسەکان زۆر گوناحن! بۆ بەرەڵڵایان ناکەی؟

باوکە تووڕە بوو، مۆڕ بۆوە، دەستی هەڵێناوە لێم بدا، کوتم: باوکە، باپیرە پێمی کوت پێت بڵێم، باپیرە دەیکوت لە بیری نایە من کەوەکانی خۆم بەرەڵڵا کرد، بە باوکەش بڵێ ئەو کەوانە ئازاد کات...

باوکە پرسی: بۆچی باپیرە هاتۆتەوە؟

کوتم: ئا، لە (پێنج ڕۆژە)وە تا ئەمڕۆ چوار جار هاتۆتەوە، هەر چاوی بە کەوەکانی نێو قەفەسەکان دەکەوێ تووڕە دەبێ و دەڵێ بە باوکە بڵێ ئازادیان کات، دواییش لێ دەدا و دەڕوا...

باوکە فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ، کوتی: ئازاد، دەتوانی هەر ئێستا بگەیە ماڵێ و ئازادیان کەی؟

باوکە پووڵی دامێ و کوتی ئازاد گیان سواری تەکسی بە، بفڕە بڕۆ ئەو کەوانە بێنە لەم دەشتە ئازادیان کەین، نا، تۆ بە تەنێ ناتوانی، خۆشم دێم، بۆچی باپیرە دڵی لێمان بێشێ، گوناحە، ڕزگار نابین، با بڕۆین...

من و باوکە بەرەو ماڵ دەفڕین. هاکا گەیشتینەوە کەوەکان قەفەسیان شکاندبوو و هاتبوونە دەرێ، لەسەر درەخت و گوڵەکان ڕۆنیشتبوون و قاسپەقاسپی کەو دنیای پڕ کردبوو. ئەم جار من و باوکە و حەسەن زیرەک و هەموو کەوەکان پێکەوە تێمان چریکاند: ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە... جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە...

١٣٨٧/١٠/٦

# شمکا چم سۆر



**عەبدولڕەحمان بامەڕنی**
**(دهۆک)**

ئەز ل تە ناڤەشێرم گەلەک جاران تو یا هاتیە خەونێن من و گەلەک جاران من یا هەست بڤێ چەندێ کری، دگەل هەر هاتنەکێ ژی بارگرانیەک ژ سەر ملێن من دهاتە خوار! باش ل بیرا منە، هەر ژ رۆژا من ئاگەهـ ژ خوە بووی، موزیکە گەلەک ژ دلێ من دهات و دکویراتیا وان ئاوازان دا، ئەم دبووینە یەک گیان. ژبەر هندێ ژی من هەردەم حەز ل سەر گوهدانا موزیکێ هەبوو و هەمی گاڤەکێ من تو ل دۆرێن خوە ددیتی یان هەکو ئەز ل پیاسەکێ دگەل خوە بەرزە دبووم، من دزانی دەستێ تە یێ د دەستێ من دا و تو یا ل بلنداهیان، من دگێڕینی..

دهێتە بیرا تە، هەکو بۆ جارا یەکێ چاڤێن من تو هەمبێزکری، ئەز دگەل خوە کەتبوومە دانوستاندنێ و من تو هێلابوویە لهیڤیا زڤڕاندنا سلاڤێ، تە هەست ب من دکر کو هاتنا تە دەرگەهێ جیهانەکا دی لبەر من هێلابوویە لهیڤیا زڤڕاندنا سلاڤێ، تە هەست ب من دکر کو هاتنا تە دەرگەهێ جیهانەکا دی لبەر من هێلا بوو ل تاق، ژبەرکو چ جاران من تو نە دیتبووی و دەنگێ تە د گوهێن من دا، کەهی نەببوو. ژبەر هندێ ژی چاڤێن تە نەدشیان، جهەکی ل سەر وی قەنەفێ درێژێ ڤالا ببینن و تە ژ گازندەیێن پێن تە یێن وەرمتی، ئەوێن د وێ شمکا سۆرا چم بلند دا ئاسێ بووین، کو مرۆڤی هەست پێدکر چەندا ل پێن تە شدیایە و چەند سەروچاڤێن تە یێن سۆرتر لێکرین، بتنێ من و تە دزانی ئەو شمکا سۆرا رەنگێ وێ ب دندکێن هنارێ ڤە دچیت، ئازراندنا دلایە و تە دڤێت جوانیا خوە د وێ شمکێ و بچویکاتیا وێ دا بەرچاڤ بکەی، سلاڤا تە ئەوا هەمی تشت ژبیرا من برین، بۆ من گەلەک رامان ددان، تە گەلەک برۆڤەکربوون هەتا تو شیایی مێیاتیا خوە هەمییێ داڕێژیە ناڤ سلاڤا خوە و تە ب شارەزایانە د دانا سەر مێزا ل بەر سینگا من، بەلێ تە ژبیرکربوو کو من گەلەک شەڤێن درێژ دگەل وێ مێیاتییێ یێن بۆراندین، هەر بۆ وێ مێیاتییێ ژی من گەلەک پەڕ رەش کرینە و شەڤێن درێژ ئەز و ستێر ل بەندا تە دماینە هشیار.

دێ هزرکەی پشتی ڤی تەمەنێ درێژ ژ نوی ئەز یێ ب چاڤ دکەڤم یان وەسا ئەز هەست دکەم، کچەک بوو وەک هەر کچەکێ چەند من هەست ب بێهن تەنگییێ کربا من پتر نێزیکی خوە ددیت، نزانم بۆچی هەمی رەفتارێن وێ بۆ من د گرنگ بوون، هەڤالێن وێ، خێزانا وێ، خوارن و ڤەخواورنێن وێ و تا رێڤەچوون و روونشتنێن وێ ژی من هزر تێدا دکر، چەند رۆژەک دبوری، ئەز پتر پێڤە دهاتمە گرێدان، ئەڤە پترە ژ چەند بهاران خەونێن من دگەل بووینە راستی و هێش ئەز هەستێ خوە دگەل وێ نزانم، حەژێکرنە، هەڤالینیە، یان ژی راستییەکە و ژ مێژە دڤیابا کەسەکی ئەڤ بۆشاتیە لدەف من نەهێلابا.

ئەڤە ژ وێ رۆژا من شمکا چم سۆر ل پێن وێ دیتی، ئەز دگەل دئاخڤم و وێ دبینم و هێشتا ئەز هەستێ خوە بەرامبەر وێ نزانم. هەکو کەسەکی لدەف من ب خرابی بەحسێ جوانیا وێ کربا ئەز دشیام بەرسینگێن وی بگرم، براستی ئەو، چ ژ جوانییێ نزانن، من دڤیا هەمیا بۆ من بەحسێ سالۆخەتێن وێ کربان، ئەڤ چەندا هە بۆ من گەلەک گرنگ بوو ژ بەر هندێ ژی پتر کەیفا من ب وان دهات یێن پەسنا جوانیا وێ دکرن.

هەرۆ ل پشت ڤێ مێزێ یەکەم سەرنجا من وێنێ وێ یە، نهێنیا عشقامە ژی، دسۆراتیا شمکا وێرایە.



# زەماوەندەکەی زینە

ئەهداف سووەییف *
لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر
(کەرکووک)

«من پازدە ساڵان بووم،» زینە ئاوا تێ هەڵچوو. «ئەویش نۆزدە ساڵان بوو و لە بارودۆخێکی باشیشدا بوو. وەکو باوکی بەرگدروو بوو و هەر لەگەڵ ئەویشدا کاری دەکرد. ڕۆژێک نەنکم هات و بانگی کردم. منی بردە لاوە و پێی وتم، «زینە، تۆ شوو بە سوبحی دەکەیت.»

منیش پرسیم: «بەڵام ستتی(١)، چۆن شووی پێ بکەم؟»

ئەو پوورزام بوو: کوڕی خوشکی دایکە مردووەکەم، بەڵام من هیچم لە بارەی شووکردنەوە نەدەزانی.

«تۆ دەبیتە ژنی ئەو و ئەویش دەبێتە مێردی تۆ و خزمەتی دەکەیت و ئەوە ئەنجام دەدەیت کە ئەو پێتی دەڵێت.»

دەستم بە گریان کرد.

«ئەی دەبێ من تۆ بەجێ بێڵم، ستتی؟»

پیرێژنەکەش منی لە ئامێز گرت و وتی:

«نا، نا، تۆ لە ماڵەکەدا ژووری تایبەتی خۆت دەبێت و منیش هەمیشە لەگەڵتدا دەبم. تۆ ئیتر بوویتەتە کچێکی گەورە. دەتوانی چێشت لێ بنێیت و ماڵ پاکوخاوێن بکەیتەوە و خزمەتی پیاو بکەیت و ئێ دواسا ئەو پوورزای خۆتیشە ڕۆڵە، خۆ کەسێکی بێگانە نییە.»

«بڵێم چی... بۆ لای دەستەکچانی تری ناو حەوشەکە چوومە دەرێ، وەلێ دڵم لە شتە گرنگە تازەکەم کەیل بوو. من هیچ شتێکم نەدرکاند، بەڵام بەهەرحاڵ لە چەند کاژێرێکدا هەموو کەسێک پێی زانی و سوبحیش دوای ئەوە ئیتر پێی بڕی بێتە ئەو بەشەی ماڵەکەوە کە ئێمەی تێدا بووین. هەر لەو ئانوساتەوە کە ستتی پێی وتم، ئیدی هەتاکو

شەوی زەماوەندەکە نەمبینییەوە.

لە تاریکاییەکەوە زرنگەی زەنگی پاسکیلێک دەهات و زینەش قاچەکانی نووشتاندەوە و ئاسوودەتر بە نەردەی پلیکانەکەدا پاڵی دایەوە و دانیشت.

چەندین ساڵ بوو سنووقی بووکێنیم ئامادە بوو و خاڵیشم لەگەڵ بۆیەچییەکاندا براندبوویەوە بۆ ئەوەی بێن و ژوورێکی سەربانی خانووەکە برازێننەوە. گەرماوێکی بچکۆلانە و توالێتێکی لە تەنیشتدا هەبوو، دەستشۆرێک و دووشێکیشی هەبوو و دەشبوایە لەگەڵ نەنکم و پوورمدا لە ناندینە گەورەکەی خوارەوە چێشت لێ بنێم.

ژوورەکەیان بە ڕەنگی پەمەییەکی زۆر جوان بۆیە کرد و مافوورێکی سوور و چەرپایەیەک و دۆڵابێک و کورسییەک و ئاوێنەیەکی بچکۆلەمان تێیدا دانا.» ئەو کیژە چکۆلەیەی کە گوێی ڕادێرا بوو خەنییەوە. بەوە دەچوو پێی خۆش بێت.

لەسەربانی خانووەکەی باپیرەیدا ژوورێک هەبوو. کەروێشکیان تێدا بەخێو دەکرد و ڕێگاش بەو درابوو جاروبار بچێتە سەرەوە و یارییان لەگەڵدا بکات. هەرهەموویان ڕەنگی جیا جیا بوون.

«کاتێ ڕۆژی بەر لە زەماوەندەکە هات، سەرجەم زارۆلە بچووکەکان دەرکرانە دەرەوە بۆ نێو حەوشەکە و ناردیان بە دوای ماشتادا(٢)

«ماشتا؟»

«بەڵێ، ماشتا ئەو ژنەیە کە دێت بۆ ئەوەی بووک برازێنێتەوە. لە گەرماوەکانەوە هێنایان و ئەویش بە هەڵەداوان وەژوورکەوت، هەر لەسەری کۆڵانەکەشەوە بە لەراندنەوەی زمان هەلهەلەکانی خۆی دەربەڕاند. ئینجا هاواری کرد؛ «یەک هەزار جار پیرۆزە، زینە،» بەرلەوەش کە ڕووبەندەکەی لابەرێت هەلهەلەیەکی تری بەرهەڵداکرد و باوەشی پێداکردم و ناوەدەمی ڕامووسیم. من زیاتر خۆم بە داپیرەمەوە نووساند. ئەو بەپێکەنینێکەوە وتی: «دەڵێن گەنجێکی زۆر باشە،» و قۆڵەکانی هەڵکردو بۆ نێو چێشتخانەکە ڕۆیشت تاکو شەکرەکە ئامادە بکات.

من پێشتر بینیبووم ژنانی بە تەمەنتر بەکاریان هێنابوو

«شەکر؟»

«ئا ئەوەیە کە مووەکانی خۆتی پێ لێ دەکەیتەوە.»

«بۆچی مووەکانی خۆت لێ دەکەیتەوە؟» کیژە بچکۆلەکە سەیری لێهات و چاوی بڕییە سەر و قژە ڕەش و بریقەدارە دەوڵەمەندەکەی دایەنەکەی. دادەزینەش زۆربەی کات وەکو سەرجەم دایەنەکانی دیکەی نێو یانەکە لەژێر لەچکێکی سپیدا دەسکەنەی دەکرد، بەڵام ئەمشەو چوارشەممە بوو و بە سابوونی ڕۆنی زەیتوون شۆردرابوو و بە دەوروبەری شانەکانیدا وشک ببووەوە. ئەوەش بەشێک لە ئەفسوونی ئا ئەم شەوانە بوو.

«مووی سەرقاچەکان و مووی سەرجەستەت، بۆ ئەوەی بۆ زاوا جوان و سافولووس بیت.» دایەنەکەی بەشێوەیەکی مانادارانە سەیری کرد و کیژە بچکۆلەکەش وررووژا.

ئەوە ئەو بوو: گەورە بوویەکی هاوبەشی تاوانێک بوو. خوشک و برا بچووکەکانی لە ژوورەوە خەوتبوون، کەچی تەمەنی ئەم هەشت ساڵان بوو و لە بانیژەکەدا قیت دانیشتبوو گوێی لە سەربوردەی دایەنەکەی دەگرت. هەموو شەوی چوارشەممەیەکیش هەر ئاوا دەبوو کە دایبابی دەچوونە دەرەوە. بێ گومان بە مەرجێک، ئاگادار بێت و نهێنییەکە بپارێزێت. «کیژێکی زۆر باشە،» دایەنەکە هەمیشە ئەمەی بە دایەنەکانی تری یانەکە دەوت، «هەرگیز قسە و باسەکان بۆ دایکی خۆی ناگێڕێتەوە.» لەگەڵ ئەوەشدا لە گۆشەیەکی قووڵی ناوەوەیدا ناڕەحەت بوو، چونکە هەستی بە بەرتیلی نێو وشەکان دەکرد، کەچی هێشتا هەر هەستی بە شانازی دەکرد و بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی ئەو کاتژمێرە تایبەتمەندانەی چیرۆک-گێڕانەوە بپارێزێت. جگە لەوەش، نەیدەویست قسەوباس بگێڕێتەوە.

جارێکیان لە دایکی خۆی پرسی بووی کە چۆن چۆنی ژنان هەلهەلە لێدەدەن، باوکیشی چرچاوی پێکدادابوو و گوتبووی ئەوە شتێکە هەر تەنیا خەڵکی سووک و هیچوپووچ دەیکەن.

زینە بەپێکەنینەوە وتی: «پێیان وتم ڕووتبمەوە و منیش هێندە شەرمن بووم خۆم بە نەنکمەوە چەسپاند، بەڵام ئەو کراسەکەمی هەڵکشاند و پووریشم لەبەرم دایکەند و ژێرکراسەکەشمی داکەند و لەسەر حەسیرەکە دایانیشاندم. ماشتاکەش شەکرەکەی لە دەستەکانیدا هەڵدەشێلاو هەر کە قرچەقرچ و تەقە تەقیشی لێوە دەهات دەیوت: «گوێ لەوە بگرە. ئەی چۆن، دەبێ کوڕەکە خۆشی بوێت، بۆیە شەکرەکە ئاوا تەقە تەقی لێوە دێت.

ئای چەند کچێکی بەشانسی!» و هەلهەلەیەکی دیکەی دەرپەڕاند. ماجوونی شەکرەکەی لەسەر قاچەکانمدا ساف کرد، لەژێر لێوەوە ناوی خوای هێنا و بە پەلە هەڵیمالّی. من زریکاندم و هەڵبەزیمەوە، بەڵام ئەوان دووبارە منیان بە عەردەکەدا کێشایەوە:

«دە ئیتر مەبەرە منداڵ.»

« لە ماوەیەکی کورتدا جەستەت سڕ دەبێت و هەست بە ئازارەکە ناکەیت.»

«هەر ئا ئەمەشە بۆ ئەوەی بتوانی مێردەکەتی پێ ڕازی بکەیت.»

«ئەی ئەو چی لە قاچەکانم دەوێت؟» هاوارم کرد. «ئای چەند گەمژە بووم.»

زینە پێکەنی.

ئەوسا کیژە بچکۆلەکە سەرنجی لووسایی سەرقۆڵ و قاچەکانی خۆی دا، بەڵام بە تاسەوە بوو هەر بە گەورە بوویی بمێنێتەوە، ئەویش هەروەها پێکەنی.

«چی بڵێم، مووی قاچ و ڕان و بن هەنگڵ و قۆڵیان دامالّیم، هەروەها وێڕای ئەوانە دەموچاویشیان هەڵگرتم، ئینجا ماشتاکە وتی: «دەی بووکێ، دەرپێکەت(٣) داکەنە،» منیش هێندە سڵم کردەوە گرژ بوومەوە و ئیتر نەمتوانی بجووڵێمەوە.

کیژە بچکۆلەکە زۆر بەهێمنی دانیشتبوو. زایەڵەی نامۆترین و گەرموگوڕترین و میهرەبانترین هەست کردن لە نابەینی قاچەکان و دڵیدا، لە ترس و خۆشیدا پلی دەدایەوە. ئەمە شتێکی قەدەغەکراو بوو. دایبابی هەرگیزاوگیز نەیان وتبوو: «دەرپێ،» هەمیشە بە «کۆڵۆت» ناویان دەبرد و لەبەرخاتری ئەوان دایەنەکەش دەیوت: «کۆڵۆت» ، بەڵام ئێستاکە، ئێستاکە ئەوی تری بەکار دەبرد، وشە «بازارییەکە»ی بەکار دەبرد.

«دەی زینە مەبەرە منداڵێکی بەدخوو،» پوورم ئەمەی وت و بەقاپی دەرپێکەمی دامالّی. ماجوونی شەکرەکەیان بەسەر تووکەکەدا ساوی-»

«کامە تووک؟» کیژە بچکۆلەکە سەری سوڕما، بەڵام هەنووکە ئیدی بۆ هیچ شتێکی ڕەوتەکەی ڕانەدەگرت.

«لێیان کردەوە. هەر ئاگری تێبەردام. هەوڵی پەلەفرتێ کردنم دا، کەچی منیان دەستەبەر کرد و ماشتاکەش بەردەوام ماجوونی شەکرەکەی پیامدا دەمالّی و بە پەلە هەڵیدەتەکاند، لە کاتێکدا من دەگریام و دەمقیژاند هەتاکو بە تەواوەتی خاوێن بوومەوە. ئەوسا ئاویان گەرم کرد و خستمیانە ناو تەشتێکی مسینی گەورەوە و ڕووتوقووت لە ناویدا دانیشتم. لە کاتێکدا ماشتاکە، بە پەڕۆیەکی زبرو دڕ سەرتاپامی هەڵسوی و شووشت، بە درێژایی کاتەکەش هەلهەلەکانی خۆی بەرهەڵدا دەکرد.

ئینجا وشکی کردمەوە و نەنکیشم کراسێکی پاکوخاوێنی بۆ هێنام و ناردمی بۆ ئەوەی بچم ڕاکشێم و پشوو بدەم.

عایشە بێ دەنگ بوو. «پێویستە ئێمە بچینە ناو جێگاوە بەرلەوەی باوک و دایکت بگەڕێنەوە ماڵێ،» دایەنەکەی وتی. «ئۆی، نا،» ئەویش ئەمەی وت و چاوەکانی ئێجگار گەورە هەڵگەڕان، «ئەوان لە بالێدان. لایەنی کەم بەر لە سەعات دوازدە ناگەڕێنەوە. تکایە، تکایە بەردەوام بە. ئەی دوایی چی ڕووی دا؟»

«ڕۆژی دواتر سەد دانە کورسییان بۆ سەربانەکە هێنا. دراوسێکان هاتن و لە چێشت لێنانەکە هاریکارییان کرد، ئێمەش ژوورەکە و گەرماوەکەمان پاک و خاوێن کردەوە.»

«ئەی ئایا ژوورەکەی تۆش وەکو هینەکەی باپیرەم لەسەربانەکە بوو؟»

«چی؟»

«لەو جێگایەی کە کەروێشکەکانی تێدا بەخێو دەکەن.»

«کەروێشکی چی؟»

«ئۆی ئەی دایەن، بێ گومان دەزانی، لەسەر خانووەکەی باپیرەم، لەو جێگایەی کە کەروێشکەکانی تێدایە.»

«ئۆی. بەڵێ، باشە، بەڵام پاکوخاوێن و پەمەیی ڕەنگبوو و ناومالّیشی تێدابوو».

کەروێشکەکان پێداویستییان بە ناومالّێ نەبوو، وەلێ دەکرا حەزیان لە دیواری پەمەیی ڕەنگ بێت. لەوانە بوو ئەگەر ئەو باپیرەی قایل بکردبایە، کەروێشکەکان بەختەوەرتر بوونایە، داخۆ باپیرەی دیوارەکانی بە ڕەنگی پەمەیی بۆیە دەکرد؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ کەسانی گەورە بوو لە ڕاستیدا بایەخیان بە بەختەوەربوونی کەروێشکان نەدابێ. هەر کە ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ کەروێشکەکاندا یاری دەکرد و دایەنەکەی سەرپێیانە یەکێکیانی گرت، شەپۆلی دڵتەنگی و

غەمێکی فریودەر دایگرتەوە. بە گوێچکەکانی هەڵیگرت و کەروێشکەکەش شۆڕهەڵگەڕاو کەوتە لەرینەوە و چاوە گەورەکانیشی خولانەوە. ئەو دەمەی کە سەری بڕی خوێن فیچقەی کردو کەوتە لنگەفرتێ و بەرلەوەی دواجار سست و بێ حاڵ هەڵگەڕێت و ببەزێت، بەدەوروبەردا سەمای کرد. ئەوسا بوو ئیتر ئەم ڕقی لە دادە زینە بووەوە.

«من کراسێکی پەمەیی جوانی پوولەکەدار و ڕووپۆشێکی پەمەییم هەبوو و ئەوەشم بیرچووبوو کە من بووک بووم و دانیشتبووم و لەگەڵ کیژە هاوڕێکانمدا پێدەکەنیم.

بەڵام ستتی هات و دووری خستمەوە و بردمی بۆ لای خاڵم. خاڵەکانم گۆشتفرۆش بوون و پیاوی زۆر دڕو توندوتیژ بوون. خاڵم بە دەستێکی تفەنگ و بەدەستەکەی تریشی منی گرتبوو. لە تفەنگەکە تۆقیبووم چونکە لە کچێکەوە بیستبووم کە لە شەوی زەماوەندەکەیدا تەقەیان کردبوو، بەڵام ئەو منی بۆ ژوورە نوێیەکە برد. پوورم لەوێ بوو و نەنکیشم هاتە ژوورێ. ئەوسا زاوا، پوورزاکەم، هات. برین پێچێکی ئەستووری سپیکەلانەی بە دەوری پەنجەی ناوینی دەستی ڕاستیدا پێچابووەوە و وای بۆ چووم کە برینداری کردبێت. ئای چەند ساویلکە بووم. خاڵم وتی: «من ڕێک لەوێ لە دەرەوە دەوەستم» و دەرگاکەی داخست، بەڵام من هێشتاکەش بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆوە گوێم لە دەهۆڵ و زوورناکە بوو، وەک بڵێیت لەنێو ژوورەکەدا لە گەڵماندا بن.

پوورم دەستی نایە سەرشانم و گوتی: «ڕۆڵە دەرپێکەت داکەنە و لەسەر فەرشەکە ڕاکشێ.» منیش بەبێ حاڵیبون چاوم تێبڕی. نەختێک ڕایوەشاندم و وتی: «دەی کچێ، خاڵەکانت چاوەڕوانن.» هێشتاش هەروا لەوێ وەستابووم. پەنجەنومای پیاوەکەم کرد و وتم: «پێی بڵێین با بڕواتە دەرەوە،»

پوورم وتی: «ئەم کچە شێتە،»

نەنکیشم بە ناسکییەکەوە وتی: «ئەوە مێردتە،»

من وتم: «من لە بەردەمی ئەودا ڕووت نابمەوە،»

ناگەهان پوورم تەقەڵلای دا بمدا بە عەرزەکەدا، کەچی من بەرهەڵستیم کرد. ئەویش هەر ئاوا لەوێ ڕاوەستا و بە پەنجە بەسارغی پێچراوەکەیەوە تەماشای دەکرد. پوورم دەرکەکەی کردەوە و چووە دەرەوە. دەنگی خاڵم دەبیست کە چۆن بە تووڕەییەوە بەرز دەبووەوە، پاشان پوورم لەگەڵ دوو ژندا هاتنە ژوورەوە.

یەکێکیان وتی: «ئەم کچە سەرسەختە،»

نەنکیشم وتی: «هێشتاکە گەنج و بێ مێشکە، مەیتۆقێنن نەبا خوێنەکەی بڕەوێتەوە.»

لە پڕێکدا هەرچوار ژنەکە ئابڵووقەیان دام و منیان بەعەردی دادا. کاتێ یەکێکیان مەحکەم و توند شانەکانمی گرتبوو، ئەوی تریان کەمەرەی گرتبووم و پوور و نەنکیشم دەرپێکەیان داکەندم. پەلەقاژێ و کێشمەکێشم کرد و توندوقایم قاچەکانی خۆمم لە یەک گیر کرد. پوورم نقورچی لە ڕانەکانم دەگرت، هەوڵی ئەوەی دەدا وام لێ بکات ئاوەڵایان بکەمەوە. من هاوارم دەکرد و دەمزریکاند، بەڵام ڕانەکانم هەر توندوتۆڵ و قایم پێکەوە تێک گیراو هێشتەوە. خاڵم دەرگاکەی کوتایەوە: «ئەوە چ موسیبەتێک لە ژوورەوە ڕوودەدات؟ هەی نەفرەتتان لێ بێت. بێمە ژوورەوە ئەو قەحبەیە بدەمە بەر فیشەک؟» پووریشم هاواری کرد: «هیچ نییە کاکە ئارام بگرە» و لەناکاو داچەمایەوە و گازێکی هێند قایمی لەسەرەوەی ڕانم گرت دەستبەجێ ڕانم ڕاوەشاند و ئەوانیش یەکسەر قاچەکانیان لێکداپڕیم و گرتیان و ئەویش بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناو لە ناوەندیاندا چیچکەی کرد. من توانیم قاچێک بە مەحکەمی ڕاتەکێنم و هەر کە ئەو بەرەو پێشەوە نووشتایەوە لەقەیەکی هێند بەزەبرم پێیدا کێشا ڕێک کەوتە سەر قنگ. زۆر سەیر هاتە بەرچاو کە لەوێ لەسەر قنگدا دانیشتبوو، سەرسام بوو، ئەوسا هەڵبەزییەوە و هاتە وێزەم و شەپازللەیەکی بە دەموچاومدا کێشا، پاشان بە بەکارهێنانی سەرلەبەری هێزو توانا پیاوانەکەی خۆی بەزۆر ڕانەکانمی کردەوە، هەر یەکێ لە قۆڵەکانمی لەودیو هەر یەکێ لە ئەژنۆکاندا گیرکرد و بەرەو سەرم کشاندیانییەوە. ژنەکان قۆڵەکانیان گرتم و منیش لەوێدا هەڵاژابووم، دەتلامەوە و دەمقیژاند و هەنسکانم دەدا و کاتێ ئەو داچەمایەوە و بەزۆرەملێ پەنجە هەڵپێچراوەکەی تێبڕیم، بە دەوروبەر و بەملاوبەولادا و بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوە دەیهێنا و دەیبرد و منیش هەناسەسوار ببووم و دەمزریکاند. سەرەنجام دەری هێنایە دەرەوە. برینپێچەکە لە خوێندا خووسابوو. منیان بەرەڵڵا کرد و ستتی کراسی بووکێنییەکەمی دادایەوەو

هەڵلەرزیو و گـریاو ڕاکـشـام. ئەوسـا ئـەو چووە دەرەوە. گـوێم لێـبـوو خـاڵم تفـەنگەکـەی بە ئاسـمـاندا تەقـاندو تفـەنگی خـاڵەکـانی تریشم کـە لە دەوروبەری مـاڵەکـە و لەسـەر شەقامـەکەدا بوون وەڵامـیان دایەوە. دواجار دەهۆڵ لێـدانەکـە بە دەنگێکی زۆر بـەرز کـەوتە بەرزبوونەوە و هەڵهـەڵەکـانیش دەوروبەرەکـەی تەنیـیـەوە و منیـش لەمیانەی دەرگاکەوە دەمبینین وا خەریکە برینپێچەکە لە دەوری پەنجەی دەکەنەوە. خاڵم هەر بەخوڕ و خوێناوەکەوە لە دەوری سەری خۆیەوەی پێچاو بەهێوری و سەربەرزانە سەمای کرد و بەرەو ناو ئاپۆراکە ڕۆیشت، تفەنگەکەشی لە بری داردەست بەکـارهێنا تا سـەمـای پێـبکات و پڕ بەدەم هاوار بکات: «شەرەفمـان، شـەرەفی کچەکـەمـان، شەرەفی خێزانەکەمان.»

«دواتریش سـتـتـی ئەوەی ڕوون کـردەوە کـە ئەو ئیـتـر مـێـردی منە و هەر کـاتێکیش بیـەوێت هەر شـتـێکم لێبکات پێـویسـتـە لێی بگەڕێم و بەرهەڵسـتی نەکەم. بەڵام من هەر بەرهەڵسـتـیم کـرد،» زینە بە پێکەنینەوە وتی: «بۆ مـانگێک هەمـوو جارێ هەر بەرهەڵسـتیم کرد، وەلێ ئاکام ملی پێدام.»

کیژە بچکۆلەکە بەمیهرەبانییەکەوە وتی: «ئەی ئایا تۆ ڕقت لێی بوو، نانی(٥)؟» زینە هەمـدیس ئاسـاییـانە پێکەنییەوە و وتی: «نا، بێ گومان ڕقم لێی نەبوو.»

خوا لێی خۆشبێت، پیاوێکی بەگوڕوتین بوو. سەرباری ئەوەش بە قەدەر گایەک گەورە بوو.»

**پەراوێزەکان:**

**١- setti.**

**٢- mashta.**

**٣- knickers.**

**٤- culottes: پانتـۆڵی ژنانەی شـۆرت ئاسـا کـە هەتا سـەر ئەژنۆ دێت.**

**٥- Nanny: دایەن. لەلە.**

*** ئەم چیرۆکە، لەم سەرچاوەیەوە وەرگێردراوە:**

**THE SECRET SELF 1**
**Short Stories by Woman**

**Introduced by: HERMIONE LEE**
**The everyman Library**
**LONDON- 1999**

*** ئەهداف سووەییف - کورتە بەیۆگرافییەک:**

**ئەهداف سـووەییف لە سـاڵی ١٩٥٠ لە قـاهیـرە لە دایکبـووە و خوێندنی لە میسر و ئینگلستان تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٣دا «عائیشە»ی بڵاوکردۆتەوە کە کۆمەڵێ چیرۆکی هاوبەند و پێکەوە بەسـتـراون. لە سـاڵی ١٩٩٢شـدا ڕۆمـانی «لە چاوی خـۆرەوە»ی بڵاوکردۆتەوە. ئێستا لە بەریتانیا دەژیت.**



## سەڵاح حەسەن پاڵەوان:
## لە نووسینی چیرۆکدا بەهیچ سەرەتا و گرێ و کۆتاییەک پابەند نیم.. زۆربەی داهێنەرانیش لە زەمەنێکی تردا وێنەیان گەشاوەتەوە

**هەڤپەیڤین: ڕامان**

کە چیرۆکی (دەروێش)ی ئەم نووسەرەم لەیەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕاماندا خوێندەوە، کەڵکەڵەی ئەوەم لا دروست بوو کە پێویستە ئەم نووسەرە بەتەواوی بناسم و بیخوێنمەوە. گرینگترین حاڵەت ئەو حاڵەتەیە داهێنان وات لێ بکات لە دڵەوە بەدوای داهێنەرێکدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە.

گەڕام چەند چیرۆکێکی دیکەیم لە گۆڤاری پڕۆژە و گەلاوێژی نوێ و ئایندەدا دۆزییەوە، ئەمانیش بەئاستی دەروێش کاریگەری خۆیان نواند.

سەڵاح حەسەن پاڵەوان بیست و دوو ساڵە چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و فیکری دەنووسێت و لە زمانانی (عەرەبی و فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی) بابەت وەردەگێڕێت، گرینگترین کتێبەکانی (داهێنان و مەرگ) و(تیۆدۆر ئادۆرنۆ)یە. ئەم نووسەرە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری پڕۆژە. لەم هەڤپەیڤینەدا بەشێک لە ڕازەکانی نووسین دەدرکێنێت.

* هەموو داهێنەرێک لە کردەی داهێناندا دید و گۆشەنیگای تایبەت بەخۆی لە ئەزموونیدا بەدی دەکرێت، دید و گۆشەنیگای تۆ لە کردەی چیرۆک و ڕۆماندا چییە و چۆن بە خوێنەری دەگەیەنیت؟

– کاتێ دەنووسم بیر لە خۆم و دەوروبەر و هەموو ئەو ساتانە ناکەمەوە کە لە میانەی نووسیندا بەلامدا گوزەر دەکەن، کردەی نووسین لای من دووبارەبوونەوەی نییە، بۆ ئەوە نانووسم شتێ بگێڕمەوە کە ڕووی داوە، بۆ ئەوە نانووسم بێ دەنگییەکان بشکێنم و تەمەکان بڕەوێنمەوە، کردەی نووسین لای من دروستکردنی دەنگن، ئەو دەنگانەی کە نین، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەن ڕوویان نەداوە، نالێم من دروستکەر و ئەفرێنەرم و لە هیچەوە شت دروست دەکەم، بەلام کەسەکانم، دەوروبەرم کارەکتەر و ساتەکانم کە دەبنە ڕووداو، خۆیان خۆیان دەگێڕنەوە، لەو چیرۆکانەی کە نووسیومن (ڕامان) و (دەروێش) و (بەرد) باس لە مرۆڤ وگەڕەک و بەرد و خۆشەویستی دەکەم، بەلام مرۆڤەکانی من بێ دەست و قاچ ڕێ دەکەن، لەگەڵ مردووەکانی خۆیاندا قسەدەکەن، ئەو گەڕەکەی دروست دەبێ فەنتازیایە و ئەو مرۆڤانەی یاخی دەبن مرۆڤی ئاسایین و ئەو کچانەی پێ دەکەنن لە گریانێکی قووڵ قورتار بوون، ئەو گەڕەکانەی باسیان دەکەم لە خەونەکانمدا گەڕەکەن، ڕوحی نێو گەڕەکەکان ئەو ڕوحانە نین ڕۆژانە دەیانبینین، قسەکردن و خەوتن و هەستانیان جیاوازە، مرۆڤی ئاسایین، بەلام ئاساییبیەکی سیحراوی کە زۆر کەس لێیان تێناگات، ئەو بەرد و خۆشەویستییەی پێکەوە کۆدەبێتەوە نامەئلووفیەتێک دەگێڕێتەوە کە پێکەوە هەڵناکەن، ئاگر دەبێ بەهاوڕێی ئاو و بەرد دەبێ بەهاوڕێی گۆشت، ڕێکردن دەبێتە هاوڕێی بێ دەست و قاچەکان، گشت کەسەکان لە گەڕەک و شەقام و شارەکانمان گەورە دەبن، نامۆن. کەس بە ئەندازەی چاوەکانی کەسانی نێو چیرۆکەکانی من لە مانای ترس و چاوەڕوانی ناگەن.

گۆشەنیگای من لە چیرۆکدا گۆشەنیگایەکی وردەئامێزە و پەنا بۆ خەیاڵ و خەون و نائاساییبوون دەبا و ناشبێ بە سیحر و خەیاڵ، نیزیکییەکە لە نێوان ڕیالیزمی سیحری و ئەفسانە و ئەودیوی خەیاڵ، چیرۆک لای من سیناریۆکردنی ڕووداوەکانە، دایەلۆگە، دایەلۆگ وشە گۆڕینەوە نییە، بەڵکو گۆڕینەوەی بینایی و جەستە و ئاماژەیە، زمانی ئاماژە لە چیرۆکەکانی مندا مۆرکی منن، ئەوەندەی ئاماژە و جووڵەی کەسەکان دەبنە ڕووداو، ئەوەندە ڕووداو نابێتە ڕووداو، چیرۆک لای من ئەو پۆتنەیە کە سەرچاوەکانی لێوە دێنە دەرێ، زمان تەنیا شێوازێکە بۆ دەربڕین، زۆربەی دەربڕینەکانی من سەرچاوەیان لە قووڵاییەوە وەرگرتووە.

شێوازی نووسینی من لە ژێر کاریگەری گشت تەوژمە ئەدەبییەکانە، هەر لە بوونگەراییەوە تا دادایزم و سوریالیزم و ڕیالیزمی سیحری، لە نووسینی چیرۆکدا بە هیچ سەرەتا و گرێ و کۆتاییەک پابەند نیم، هەموو شێوازەکانم بە خێرایی دەگۆڕێن، بۆیە ئەوەی لە نێو ڕووداوەکانەوە سەرهەڵدەدات پێشتر خۆمم بۆ ئامادە نەکردووە، پرۆسەیەکە خۆی خۆی دروست دەکات.

* چۆن نووسینی بیۆگرافیا پێوەندی بە هونەری ڕۆمانەوە دەکات، یان ڕۆمان بۆ دەوڵەمەندی و فرە دەنگی چەند سوود لە ڕەگەزی بیۆگرافیا وەردەگرێت. ئەم دوو ڕەگەزە بە چ شێوازێک و ئاستێک بۆ بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو یارمەتیدەری یەکترین؟

– بیۆگرافیا، یان مێژووی بەسەرهاتی ژیان، کەم تا زۆر بە نووسینی هەر چالاکییەکی ئەدەبی و تەنانەت هونەریشەوە پەیوەستە، هەموو شێوە داهێنانێکی ئەدەبی دەرئەنجامی ئەزموونی ژیانە، بە تایبەتی لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا لە دەستنیشانکردنی کارەکتەری بابەت و سیناریۆی بەسەرهاتەکاندا، ئەزموونی تاکەکەس کەم تا زۆر دەکەوێتە نێو کاری ئەدەبییەوە، بە تایبەتی هونەری ڕۆمان و چیرۆک نووسین، کەم تا زۆر بیۆگرافیای تاکەکەس ڕۆڵێکی سەرەکی لە کردەی داهێنانی ڕووداو و خوڵقاندنی کەسایەتییەکاندا دەبینێ، هەندێ لە نووسەرە مەزنەکانی دنیا وەک هەمینگوای و جاک لەندەن و گابرێل گارسیا مارکیز و میلان کۆندێرا و سادق هیدایەت و محەمەد خزەیر و ئۆرهان پامۆک و جین ماری لۆکلیزیۆ....تاد، بەسەرهاتەکانی خۆیان بەشێکە لە گێڕانەوە و بەشێکە لە کەسایەتییەکان، بەشێکە لەو پێوەندییە گرنگانەی کە شتەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکە دەبێتە هۆی هێنانە ژیان و کایەی کەسایەتییەکی خەیاڵی کە حەقیقەتەکەی کەسی نووسەر خۆیەتی، ئیرنست هەمینگوای کاتێ بۆ سەفەر و

گەشتی سەر دەریا ڕوو دەکاتە کوبا، لەگەڵ دەریادا تووشی حاڵەتێک لە سەرسەختی دەبێ، بۆیە لەوێ سانتیاگۆی کەسایەتی نێو ڕۆمانی"پیرەمێرد و زەریا" هەر ڕەنگدانەوەیەکی نیزیکی کەسایەتی همینگوای خۆیەتی، کەواتە کەسایەتی"کا"ی ڕۆمانی"بەفر" ی ئۆرهان پامۆکیش هەر برێکە لە کەسایەتییەکی نێوان دوو کولتووری تورکی –ئەڵمانی، کە خودی پامۆک خۆی لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا ژیاوە، بۆیە بیۆگرافیای تاکەکەس لە ڕۆمان و چیرۆکدا بەهۆشمەندی، یان ناهۆشمەندی بریتییە لە گێڕانەوەی بەشێک لە ژیان و باسکردنی ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر خۆی، هەندێ کەس ئەو جیاوازییە لە شێوەی مامەڵەکردندا دەبینین، هەروەها هەندێ نووسەر ڕاستەوخۆ سوود لەم حاڵەتە دەبینن، هەندێ نووسەر ناهۆشمەندی گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی خۆیان دەکەن بە ڕۆمان و چیرۆک.

**ڕۆماننووسە کوردەکان زۆر بە گرانی دەتوانن لە جوغزی بیۆگرافی خۆیان بچنە دەرێ و مەودای گێڕانەوەیان لە مەودای ژیانی خۆیان بەرینتر بکەن**

ڕۆمان وەک هونەرێکی فرە ڕەهەند بواری ئەوە بە ڕۆماننووس دەدات، لە هەموو مەودایەکەوە پەل بهاوێ، لە پێش دەمی خۆیدا ئەو ڕووداوانە دانێ کە دەکرێ چرکە لە دوای چرکە سوودیان لێ ببینێ، زۆرکات ئەم سوود وەرگرتنە پێچەوانەیە، نووسەر لە ڕێگای کەسایەتی ڕۆمانەکانییەوە ناخی خۆی زیاتر دەگوشێ تا زیاتر لەوان بچێت و دەچێتە حاڵەتی ئەوانەوە تا بەسەرهاتەکانیان بە جوانی بگێڕێتەوە، هەروەک دەبینین ڕۆماننووس لە نووسینی ڕۆمانی واقیعیدا دەچێتە ئەو جێگایانەی کە ڕووداوی ڕۆمانەکانی لەوێدا دەکرێ ڕوویان دابێت، ئەگەر باس لە بەندیخانە بکات لەوێدا دەژی،ئەگەر لە بیابان و گوند و کێڵگە و نەخۆشخانە و شێتخانە و....تاد. ئەم شێوەیە ناکرێ بیۆگرافیایەک بێت کە ڕوویان دابێ، دەکرێ بیۆگرافیایەک بێ کە ڕوو دەدا و دەبێتە بەشێک لە بەسەرهاتی ژیانی ڕۆماننووس و دەچێتە نێو ژیانی نووسینەکانییەوە.

بە هەردوو بارەکەدا گێڕانەوە و چیرۆک و بەسەرهات دەکرێ و کراویشە کە ڕاوکردنی کلافەی ئەو پەتانە بێت کە گلۆر دەبنەوە و دەگەنە قەدێک کە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمان دەستی دەدەنێ، ئێمە لە ڕۆمانی کوردیدا ئەم بەزۆری حاڵەتە دەبینین، لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕۆمانە کوردییەکان بەسەرهات و گێڕانەوەی ئەزموونەکانی تاکەکەسی نووسەر، گێڕانەوەی ئەو شتانەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە، یان وێناکردنی ساتە وێنەگرییەکانی ژیانی دەوروبەری خۆیەتی، ڕۆماننووسە کوردەکان زۆر بە گرانی دەتوانن لە جوغزی بیۆگرافی خۆیان بچنە دەرێ و بتوانن مەودای گێڕانەوەیان لە مەودای ئەزموونی ژیانی خۆیان بەرینتر بکەن، جار جار دەربازبوون لەو شێوە هەیە، بەڵام زۆر کەم و مەودا کورتە.

* تێکەڵاوی و ناحاڵیبوونێک لە ئاستی شیعرییەتی زمان و زمانی شیعرییەتدا هەیە، لە چیرۆک و ڕۆماندا شیعرییەتی زمان و زمانی شیعری چۆن کاریان پێ کراوە، بەتایبەتی لە کارەکانی نەوەی ئێوەدا؟

– شیعرییەت لە نێو ئەدەبی کوردیدا چووەتە هەموو مەوداکانەوە، ئەو زمانەی کە شیعرییەت لەگەڵ خۆیدا دەیباتە نێو ڕۆمان و چیرۆکەوە بۆ ئەوە نایبا تا دەوڵەمەندییەکی مۆسیقی و هارمۆنی ببەخشێتە شێوەکانی گێڕانەوە و پێکهێنانی بنیادێکی بەهێز بۆ ئەو ڕۆمانە.

زمانی شیعری جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەشیعربوونی زماندا هەیە، زمانی شیعری بەخشینی شێوە هارمۆنیایەکی تایبەتە بە زمان کە لە قاڵبە سادەکەی بەکارهێنانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە نێو ڕۆماندا هارمۆنیای ڕۆمانەکە ڕێکوپێک دەکات، واتە بوونی ئەو زمانە بەمەبەستی بەشیعرکردنی ڕۆمان و چیرۆکەکە نییە، بۆیە دەبینین ئێستا لە نێو کاری ڕۆماننووسین و چیرۆکنووسیندا شێوەیەک لە بەکارهێنانی زمانی شیعری هەیە، کە ئەمەش بۆ خۆی لە بناغەدا خزمەت بە گەشەکردنی ڕۆمانەکە ناکات، بەڵکو ئەرکەکەی دەگۆڕێ، میلۆدیای زمانی ڕۆمان لەگەڵ زمانی شیعردا جودایە، ئەو جیاوازکارییە تایبەتی خۆی هەیە و هەر ژانرێک شێوە زمانێک دەخوازێ، برێکی زۆر لە پێوەندییەکان ئاماژە بۆ شێوەکانی بەکارهێنانی ئەم زمانە دەکەن، تێکەڵکردنێک لە لایەن ڕۆماننووس و

چیرۆکنووساندا هەیە، لە نێوان زمانی شیعر و شیعرییەتی زماندا، زمانی شیعری وا دەکات کە تۆ بتوانی ئەو دەرگایانە لە خۆت بکەیتەوە کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی زمان و ئاستی میلۆدیای بەسەرهاتی نێو ڕۆمان و چیرۆکەکانت، نەک سستیان بکات، زمانی شیعری ئەو هێزە لە ڕۆماندا دەکوژێ ئەگەر هاتو بەتەواوی سەرتاپای مەودای گێڕانەوە و شێوەکانی بنیادی ڕۆمانی گرتەوە، ئەگەر زمانی شیعری بووە زمانی سەرەکی، کەواتە تۆ سیفەتی شاعیربوون دەبەخشیتە هەموو کارەکتەر و ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەت.

شیعرییەتی زمان، واتە بوونی ناواخنێکی شیعرییانە لە نێو زمانی گێڕانەوەدا، واتە بوونی پێوەندی لە نێوان ئەو بەسەرهاتە و شێوەی بەکارهێنانی هاوتەبایی لە نێوان زمانی ڕۆمانەکە و ڕووداو و بەخشینی ئێستێتیکای گێڕانەوە و شان بە شان ڕۆیشتن لەگەڵ ڕووداوەکان، بۆیە شیعرییەتی زمان کۆمەڵێ پێوەندی لە نێو دەقدا دروست دەکات ئەگەر هاتو بەستنەوەکەت پابەند بێ بە شێوەی پێکەوەبەستنی ڕووداوەکان، بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی ئەوەی هەموو جەمسەرەکان لە یەک سەنتەردا یەک بگرنەوە.

شیعرییەتی زمان مەودایەکی بەرفراوان دەبەخشێتە زمانی سووڕانەوەی ڕووداوەکان، بە پێچەوانەی زمانی شیعری ئەو مەودایە تەسک دەکاتەوە، شیعرییەتی زمان هاوئاهەنگی لە نێوان هونەری ڕۆمان و شیعردا دەهێڵێتەوە هونەری ڕۆمان بۆ هونەری شیعر ناگەڕێنێتەوە، کە ئەمە لە زمانی شیعریدا ڕوو دەدا، هەروەک دەبینین لە بەسەرهاتە شیعرییەکانی هۆمیرۆس و خەسرەوی قوبادی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی ڕووبەری ڕووداوی تەسک دەبێتەوە و زمانی ڕووداو و کەسەکان ئەوەندە بەرفراوان نین، کە ئەمە بۆ ئەمڕۆی ڕۆمان کارێکی قورسە و ئاسان نییە، ڕۆمان لەمڕۆدا پێویستی بە ڕووبەرە، نەک ڕووبەری لێ تەسک بکرێتەوە، کەواتە زمان هەوڵی ئەوەی دەوێ کە شتەکان بناسێت، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو سنوورێکی شاراوە بدۆزێتەوە، هەموو ئەو نهێنییانە تەی بکات کە وا دەکەن پێوەندییەکان ببنە سەرەتا و کۆتایی، بۆیە زمانی شیعری ئەو زمانەیە کە لە شیعرەوە نیزیکە و پابەندی کۆمەڵێ سنوورە، بەڵام لە شیعرییەتی زماندا ئەو حاڵەتە بەدی ناکەین، زمانی شیعر پارچەبوونی جەستەی ڕستەکانە لە سەرتاپاگیرییەکی بەرفراواندا، شیعرییەتی زمان ئەو پارچە پارچە بوونە تێک دەشکێنێ.

* کردەی فەرامۆشکردنی داهێنەران لە هەموو قۆناغەکاندا بەردەوامی هەبووە و هەیە، بە تایبەتی گرووپ بیەوێت یەکێک بکات بە دیاردە، بە پلان ئەم کارە دەکەن، هەست ناکەیت کار بۆ درێژبوونەوەی بوونی ئەم دیاردەیە ئێستاش بەردەوامی هەیە؟

– لە هەموو قۆناغێکدا داهێنەران لە سەردەمی خۆیاندا سەرکوت و دەمکوت کراون و بایکۆتێکی گەورەیان بەسەرەوە بووە، پێم وایە داهێنەری ڕاستەقینە دژ بە تەوژم دەڕوا و قەت گوێی لەوە نەگرتووە کە لە چ ڕاستە ڕێگایەکەوە وەپیری دێن، داهێنەری وەچەی زەمەنێکی تایبەت نییە، بۆیە ئەگەر لەو زەمەنەی خۆی وێنەی تەڵخ بێ و بەناوازە تەماشا بکرێت، مانای وا نییە ئیتر بۆ خۆی کەسێکە هیچی پێ نییە، زۆربەی داهێنەران لە زەمەنێکی تردا وێنەیان گەشاوەتەوە، دەیان نووسەری مەزن لەسەردەمەکەی خۆیاندا پشتگوێ خراون و پاشان ڕۆژگار و سەردەم دەنگی ئەوانی بەرزکردووەتەوە.

کەسی داهێنەر بەگژ چیادا دەچێ، لە پێ دەشتەوە بۆ سەر کێو بیر لە ڕاکێشانی ڕووبار دەکاتەوە، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە لەدەرەوەی بیرن، داهێنەری ڕاستەقینە، لە پاشکۆخستن ناترسێ، داهێنەری ڕاستەقینە پەیامێکی پێیە کە دەبێ بیگەیەنێت، بۆیە ئەوەی پاشکۆخستنی ڕۆشنبیری دروست دەکات نەزانەکانی ڕۆشنبیرین، ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردیدا ئەوە هەیە کە ڕوحی داهێنەر دەکوژرێ، ئەوەی توانا و هێز و بیرکردنەوەی هەیە هەر زوو تووشی پەراوێزبوون دەبێ، بۆ بڕیاردان لەسەر داهێنەربوون تەماشای بەرهەم ناکرێت، هەموو دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنەکانی بۆ تەرخان دەکرێ و لە سیمینار و کۆبوونەوەکاندا دەبرێتە حەلحەلەی ئاسمان، من پێم وایە ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیانەوە ئەو کەسانە بەرز دەکەنەوە، نەک لە ڕوانگەی بەئاگابوونیان لە ڕەوتی داهێنەرانە لە دنیا و لە گەشەکردنی ڕۆشنبیری جیهان،

بەڵام ئەوان بێ ئاگان لەوەی کە ڕۆشنبیری جیهانی سەدان نموونەی لەوانە گرنگتری لە توێشووەکەی خۆیدا هەڵگرتووە،کەواتە ئەوانەی سەرچۆپی پێداهەڵدان دەگرن، سەرچاوەکەیان سەرچاوەی ناڕۆشنبیرییە، ڕاستە دەنگانێک هەن کە پێویست دەکات لە ئاستیاندا هەڵوێستە و وردبوونەوە لە بەرهەمەکانیان بکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر لەوێ و لە کن ئەو بەرهەمە و ئەو کەسانە مێژووی داهێنان تووشی دابڕان بێت، کەواتە ئەوانەی کە دیاردە دروست دەکەن، دەبێ پێوانەکانیان زانستی و عەقڵانی و پاشخانی ڕۆشنبیری لە پشتەوە بێت، ئەوانەی کە دیاردە لەسەر بناغەی ڕۆشنبیری دروست دەکەن، دەبێ ئاگایان لەو خاڵە هەبێت کە ڕۆشنبیری پێوەندییەکی ستوونی نێوان بەرهەمەکانی خۆمان و بەرهەمەکانی دنیایە، کاتێ بەرهەمێکی شیعری، یان چیرۆک، یان ڕۆمان بە لووتکە دادەنێین، دەبێ ئەوە بزانین کە لە دنیای داهێنان و لە سەرتاسەری دنیادا بەرهەمگەلی ئەوەندە ناوازە و دانسقە هەیە کە ڕەنگە هونەرەکەی ئێمە نەگەیشتبێتە دامێنەکەی، هەروەها دەبێ بەبەراوردکاری لەگەڵ ئەدەبی دنیا لەو نهێنییانە بگەین، کە ئەمەش بۆ خۆی پێوەندییەکان لە قاڵبی تاک و تەنیایی و بەمەزن زانین دەردەکات.

ئەو گرووپانەی ئەم کارە دەکەن، چ جیاوازییەکیان لەگەڵ گرووپێکی چەکداردا هەیە، کە بە زۆر دەچنە سەر کەسێکی تر و هەموو دەسەڵاتی لێ دەسێننەوە، ئەم گرووپانە تەواو وەک ئەو گرووپانەن کە بە تۆپزی هێزی خۆیان دەسەپێنن. بە داخەوە دیاردەی پەراوێزکردنی توانا درەوشاوەکانی نێو ڕۆشنبیری کوردی بەم شێوە کوودەتایانە کوژاونەتەوە، ئەم هێزانە زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن، کە تەرازووەکان لاسەنگ بکەن و بێ پێزیی بسەپێنن.

*** کاتێک خوێنەر چیرۆکێکت دەخوێنێتەوە هەست دەکات چەند تابلۆ و پۆرترێتێک لە پێکهاتەی چیرۆکەکەدا بەشدارن. هێنانی ئەم تابلۆ و پۆرتریتانە چ سەرەتایەکیان لە دیدگای تۆدا هەیە. ئەم شێوازەش جۆرە تایبەتمەندییەکە لە تۆدا هەیە. چۆن دەتوانیت خوێنەر وەک تابلۆ و پۆرترێتێک ڕاکێشیتە ناو ئەم شێوازە و لە پێکهاتەی دەقەکەدا بەشداریی بکەیت؟**

-چیرۆک لای من وەک هەر ژانرێکی گێڕانەوە بریتییە لە وێنەکێشان و لەچاودانی جووڵە و هەڵسوکەوت، لای من چیرۆک بە شێوە تەقلیدییەکەی، تەنیا گێڕانەوە نییە، هەوڵ دەدەم هەموو پێوەندییەکان بخوێنمەوە، هەموو ئەو ساتانە بخوێنمەوە کە خۆم مەبەستمە، هەموو ئەو شێوازانە ئاشکرا بکەم کە دەکرێ چیرۆکی پێ بگوترێ، ئەگەر بڕوانینە چوار دەوری خۆمان، تێبینی دەکەین کە هەموو دیاردەکان چیرۆکن و چیرۆکیان پێیە، مێروو، درەخت و گیانلەبەر و هەموو هەناسەدانێک چیرۆک و بەسەرهاتێکی پێیە، بۆیە دەکرێ لە هەموو دیمەنێکدا چیرۆکێک هەبێت، لە هەموو بیرکردنەوەیەکماندا شێوازێکی گێڕانەوە هەبێت، تابلۆکانیش خۆیان چیرۆکن و دەشکرێ ڕووداوەکانی ژیانیش ببنە تابلۆ و پۆرترێت، من لە چیرۆکنووسیندا پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەم، بۆ هەر شتێک بکرێتە چیرۆک، بۆیە بەکارهێنانی پۆرترێت و تابلۆ و میناتۆر و نەخشە بچووکەکان سەرەتایەکن بۆ بەتابلۆکردنی چیرۆک، بەکارهێنانی پۆرترێت لە چیرۆکدا کراوە، بەڵام بە پۆرترێت کردنی چیرۆک کارێکی قورسە، کارێکە پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ورد هەیە، کارێکە شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینت بۆ هونەری گێڕانەوە و بەکارهێنانی فلاشباک و مۆنۆ و فرەدەنگی دەگۆڕێت، چیرۆکی کوردی لەسەر دەستی کۆمەڵێ چیرۆکنووسی وەک: عەبدوڵڵا سەراج وکاکە مەم بۆتانی و"کاروان عومەر کاکەسوور ئەم کارەی بەخۆیەوە بینیوە، بەکارهێنانی تابلۆ و پۆرترێت تەنیا بەکارهێنانێکی پەتی نییە، پۆرترێت و تابلۆکان تەنیا نابنە پێوەندی نێوان خوێندنەوە و مێشک و خەیاڵی خوێنەر، بەڵکو ئەم شتانە پێوەندی بینیاری نێوان چاو و ڕووداوەکان دروست دەکەن، چاو لەگەڵ تێکستەکان دەچێتە پێوەندییەکی قووڵەوە، چاو تەنیا ئەو پردە نابێت لە نێوان خوێندنەوە و مێشک، بەڵکو چاو دەبێتە بەشێک لە ڕوانین، واتە دەبێتە گۆڕینی خوێندنەوە بۆ بینین، مرۆڤ دەتوانێ هەست بە ڕەنگەکان بکات، هەست بەو دەنگانە بکات کە لە دەرەوەی پێوەندییەکانەوە دەچنە

**دیالۆگ وشە گۆڕینەوە نییە، بەڵکو گۆڕینەوەی بینایی و جەستە و ئاماژەیە**

دەرەوەی وێنەکانەوە.

چیـــــرۆک لای من دووبارە زیندووکـــــردنەوەی پێوەندییەکانە، دووبارە دارشتنەوەی پێوەندی نێوان هەموو ئەندام و هونەرەکانە، چیرۆکی سیناریۆئامێز سەرەتایەکە بۆ پێوەندی نێوان چاو و مێشک، کە ئەمەش هەوڵێکە ویستوومە لە چیرۆکدا بەکاری بێنم، لای من شێوە پانتۆمایمێک بۆ وێناکردنی هەر رووداوێ هەیە، ئەم شێوە چیرۆکانە دەتوانن، بۆ هەموو زمانێ بشێن، دەتوانن هەموو کەسێ نهێنییەکانی تێ بگات، بۆیە چیرۆکی لەم بابەتە هەوڵ دەدات هەموو هێزەکان لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە. هەروەک چۆن هەر تابلۆیەک لە ناخی خۆیدا دەکرێ چەندان چیرۆک هەڵگرێ، هەر ئاوەهاش چیرۆکێ دەکرێ، چەندان تابلۆ لە خۆیدا بشارێتەوە.

* لە چیرۆکی پەنجا و شەستەکانی کوردیدا هونەری نامە زۆر بەکارهاتووە. نموونە لە چیرۆکی محەرەم محەمەد ئەمین، مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم.. تاد، لەچیرۆکی حەفتاکاندا بەرەو کزی دەچێت و لەیەک دوو نموونەی (عەبدوڵڵا سەراج و جەلیل کاکە وەیس)دا دەمێنێتەوە. لە نەوەی ئێوەدا بەتەواوی نامێنێت. ئەم کارپێکردن و نەمانە بۆچی دەگەرێتەوە و وێستگەکانی چین؟

- من وای بۆ دەچم ئەو شێوە هەوڵانە سەرەتا بەمەبەستی نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی بووە، واتە ئەم هونەرە سەرەتا بەمەبەستی نوێبوونەوە و داهێنان هاتە نێو چیرۆکەوە و بە ئەندازەی بەکارهێنانی هەر رەگەزێکی نوێ ئەو بەکارهێنانەش لە چیرۆکدا نوێ بوو، پێم وایە بەکارهێنانی ئەم ژانرە ئەوەندە نوێ نییە، بەڵکو شێوەی بەکارهێنانی ئەم ژانرە بۆ کاریگەری چیرۆکنووسانی کورد لە خوێندنەوەی نامەی رۆماننووسان و چیرۆکنووسانی وەک: کافکا و سارتر و چەند نووسەرێکی دیکەی عەرەب دەگەرێتەوە کە ئەوانیش توانییان لە رێگای ئەدەبی جیهانییەوە بیهێننە ناو ئەدەبی عەرەبییەوە، بۆ نموونە کافکا کۆمەڵە نامەیەکی بۆ باوکی نووسیوە و وەک چیرۆکێ ئەو بەسەرهاتانەی نێوان خۆی و باوکی دەگێرێتەوە، یان رۆماننووسی رووسی دەیستۆیڤسکی لە رۆمانی شەوە سپییەکاندا نامەی بەکارهێناوە، یان کەسێکی وەک چیخۆف چەندان چیرۆکی هەیە بە شێوەی نامە گۆرینەوە باسیان لێوە دەکات.

رۆمـــانـنووسی ئێـــرانی بوزورگی عـــەلەوی لە رۆمانی"چاوەکانی"دا سوودی لە رەگەزی نامە وەرگرتووە، هەروەها لە عەرەبیشدا نووسەرانی وەک عەبدولرەحمان مەجید ئەلروبەیعی و وەلید ئیخلاسی سوودیان لە بەکارهێنانی نامە وەرگرتووە.

لە چیرۆکی کوردیدا، بەکارهێنانی رەگەزی نامە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی نووسینی چیرۆکدا باو بووە، وەک گوتم بە مەبەستی نوێکردنەوەی رەگەزەکانی چیرۆک بەکارهاتووە، هەروەک چۆن هاتنە ناوەوەی رەگەزەکانی دایەلۆگ و فلاشباک و مۆنۆلۆج بۆ نێو چیرۆک و بە مەبەستی دەرکردنی لە حاڵەتە باوەکەی، هەروەها بەکارهێنانی ئەم رەگەزەش بۆ خولقاندنی گۆران لە بنیادی چیرۆکدا بووە.

ئەو سەردەمەی محەرەم محەمەد ئەمین، مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم و عەبدوڵڵا سەراج و جەلیل کاکە وەیس سەردەمی هەوڵدانی نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی بوو، پاشان تەوژمی نوێبوونەوە زۆر بە خێرایی لە چیرۆکدا پەرەی سەند، دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی هونەری و دەرچوونی چیرۆک لە ئاستی کلاسیکی و کەمبوونەوەی شێوەی گێرانەوەی راستەوخۆ و پەیدابوونی شێوەی قوتابخانەی واقیعی سۆسیالیستی و خەیاڵی زانستی و ریالیزمی سیحری و چەندان تەوژمی دیکە وایان خواست چیرۆکی کوردیش گۆرانی بەسەردا بێت، لە نەوەدەکانەوە چیرۆکی کوردی ئاراستەیەکی تری لە نوێبوونەوە گرتەبەر، چیتر چیرۆک بە رێسا و یاسا باوەکانی چیرۆکەوە پابەند نەبوو، بەو تەوژمە تەقلیدیانەی پێش خۆی پابەند نەبوو، چیرۆکی سەردەم و نەوەی ئێمە بە هیچ رێچکە و یاسایەکی تایبەتەوە پابەند نییە، دەکرێ بگوترێ چیرۆکی ئێستا تێکەڵەیەکە لە هەموو هونەر و رێچکەکانی هونەری چیرۆک، واتە چیرۆکی کوردی سوود لە هەموو شێوە بیرکردنەوە و ژانرەکان وەردەگرێت، هەروەها داهێنانی قوتابخانە نوێیەکانی ئەدەب هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی شێوەی داهێنان بوون لە چیرۆکدا، تا سەرەتای (٢٠٠٠)یش مامەڵەکردنی دوو مەودایی لە چیرۆکدا پەیرەو دەکرا، بەڵام پاشان لەسەر دەستی نەوەی ئێمە و

چەند چیرۆکنووسێکی کارامەی وەک: عەتا محەمەد، کاروان کاکەسوور، ئارام کاکەی فەلاح....تاد، سێ مەودایی هاتە نێو چیرۆکی کوردییەوە، پاشان دیاردەی بەکاربردنی هونەرەکانی تری وەک تابلۆ و مۆسیقا و ئەفسانە و چەندان شتی تر لەم سەردەمەدا هاتە نێو چیرۆک و تەوزیف کرا.

نەبوونی ڕەگەزی نامە لای نەوەی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەردەم و شێوەی ڕوانینی ئەم نەوەیە و دەوروبەری ئەم نەوەیە گۆڕاوە، نامە ناتوانێ هەموو شتەکان بڵێ، هەروەک چۆن نامە بەرەو شێوەیەک لە مەرگ دەڕوا، پەیدابوونی پێوەندی ئاشکرای نێوان زمان و گوێ، دەنگ و بیستن ڕۆڵی نامە کەم دەکەنەوە، هێزەکانی تری پێوەندی ئەو هێزە لە ئەدەبدا دەکوژن، چیرۆک هەوڵێکە بۆ گەیاندنی پەیامێ، هەوڵە بۆ گۆڕینەوەی هەستەکان، بەڵام ئەو نامەیەی کە باسی دەکەن ئێستا لە نێو کارەکانی نەوەی ئێمەدا هەیە، بەڵام لە شێوەیەک لە شێوەکان لە ناو گێڕانەوە و شێوەکانی تری دەربڕیندا تواوەتەوە، ئەم پێوەندییە ڕێچکەیەکی تری گرتووە، پاشان نامە شێوەیەکە لە پێشکەشکردنی پەیامی ڕاستەوخۆ لەلایەن کارەکتەرەکانی چیرۆکەوە بۆ یەکتری، کە ئەم ڕاستەوخۆییە هێز و توانای چیرۆک کەم دەکاتەوە و چیرۆکیش ئێستا ئەرکی گەیاندنی دەیان پەیامە، پەیامی دەروونی و گوتاری و ناوکۆیی.

* ژیانی منداڵی ڕۆڵێکی تایبەتی لە پێکهاتەی نووسەراندا هەیە، گەرموگوڕییەکی بەردەوامیش بۆ ڕاچەنین و کارکردن دەدات، ئایا ئەم گەرموگوڕییەی لە کارەکانتدا دەردەکەون، چەندە پێویستیان بەو پێکهاتەوە هەیە کە منداڵی بە تەواوی تەمەنی دەبەخشێت و تا نەمان لەناو مرۆڤی هەستیاردا وەک خاڵێکی پڕ دەمێنێتەوە؟

- هەموو یەکێک لە ئێمە بەرهەمی بیرەوەری منداڵییەتی، هیچ یەک لە ئێمە ناتوانێت ساتەکانی منداڵی چ بە نووسین و چ بە بیرەوەری فەرامۆش بکات، منداڵی بۆ خۆی بریتییە لە مەزنترین دەسپێکردن و مەزنترین کۆتایی، هەڵگرتنی پێکەنینە زارووییەکان، هەموو ڕاچەنین و کارکردنەکانمان سەرچاوەکەی لە بوونی ئەو منداڵییە نییە کە هەر یەک لە ئێمە هەیەتی، بەڵکو لە بوونی ئەوەدایە کە چۆن هەریەک لە ئێمە دەتوانێ وردەکارییەکانی ئەو منداڵییە بەکاربێنێ، چۆن دەتوانێ زەردەخەنەکانی ساتی منداڵی بکاتە دەسپێک بۆ دەسپێکردن، گریانەکانی منداڵی وەک پێکەنینێ بگێڕێتەوە، لە کردەی نووسینی چیرۆکدا منداڵی دەوڵەمەندترین هەوێنە بۆ هەڵهێنانی ئەو ساتە نووستووانەی ژیان، نووسەرە مەزنەکان سەرچاوەی ئیلهام و خەونەکانیان لە منداڵییەوە وەرگرتووە، لای کەسێکی وەک یوستن گاردەر، منداڵی ئەوەندە مەزنە کە بە زمانی منداڵی دەنووسێت، ئەوەندە باڵای بەرزە کە دەبێتە سەرەتا بۆ دەسپێکردنێکی دەوڵەمەند.

نووسەر بە دوو شێوە دەتوانێ سوود لە یادەوەری منداڵی خۆی وەرگرێ، یەکەم بە هەڵگرتنی هەموو ئەو بیرەوەرییانە لە شێوەیەکی خەملاو و گۆڕاو بۆ نێو پرۆسەی بیرکردنەوە و داهێنان، دووەم لە ڕێگەی ژیان لە نێو شێوە نوێیەکانی بیرکردنەوە کە منداڵی تێیدا بەشێک بێت بۆ دەوڵەمەند کردنی، بڕێکی زۆر لەو هەوڵانەی کە بۆ بیرکردنەوە دەدرێن، سەرەتاکەی هەڵگرتنی پاکیزەیی منداڵییە، منداڵی بریتی نییە لە گێڕانەوەی بیرەوەری بە ئەندازەی ئەوەی بریتییە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی منداڵی، بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر، لە سەرچاوەیەکەوە بۆ سەرچاوەیەکی تر، لە چۆنیەتی لێکدانەوە و بیرکردنەوەی سات لە دوای ساتی ئەو چرکانەی بەجێیان دێڵی و ڕوو دەکەیتە قۆناغێک لە دووبارە بوونەوە.

منداڵی لای من بریتییە لە دوو سەرکوتکردن و دوو سەرکەوتنی گەورە، سەرکوتکردنی باوک و کۆمەڵگا، کە ئەمەش دەرئەنجامی سەرسەختییەکان و دۆزینەوەی خەونەکانە، منداڵیم سەرسەختییەکی گەورە بوو بۆ ڕاهاتن لەگەڵ زللەکانی دەوروبەرم، سەرسەختی بوو لەگەڵ پێکەنینە تاڵەکان، ڕاهێنان بوو بۆ سەرشۆڕی بەرانبەر دەسەڵات. سەرکەوتن بوو بەسەر دیوارە بەرزەکانی ژیاندا، ژیانی منداڵیم ئەزموونێکی لەبیرچوونەوەی ژیانە، من تاکە ئەزموونێک کە لە منداڵیمەوە بۆم مابێتەوە برینەکانیەتی نەک وانەکانی، بەدەگمەن لە چیرۆک و نووسینەکانمدا منداڵیم دەبێتە بابەت، منداڵی دوا وێستگەیە بۆ دووبارە داهێنانەوە، نەک وێستگەی سەرەتاییم.

* ئەدەبی وەسفی و ئەدەبی دیدگای متوربەکراو بە ئێستێتیکا، ئەدەبی فیکری... تاد، هەیە، نموونە ئەدەبی وەسفی ڕۆمانی (پێشمەرگە) ی ڕەحیمی قازی، ئەدەبی متوربەکراو بە ئێستێتیکیا ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا) ی هێمنگوای. ئەدەبی فیکری ڕۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان)ی جاک لەندەن. ئەم سێ هێڵە چۆن تێدەگەیت و هەست دەکەیت کامە هێڵ زیاتر بۆ کارکردن و پەرەپێدان دەوڵەمەندت دەکات؟

– لە سەرەتای دەسپێکردنم بە نووسین، بە تایبەتی کاری چیرۆک نووسین بڕوام بە هەندێ تەوژمی تایبەت هەبوو، سەرەتا لەخوێندنەوە و نووسینەکانمدا گوێم بە هیچ تەوژم و جۆرە ئەدەبێک نەدەدا، هەموو شێوە ڕۆمان و چیرۆک و قوتابخانەیەکم دەخوێندەوە، پاشان لەگەڵ گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و وەک زۆربەی هاوتەمەنەکانی خۆم ڕووم کردە ئەدەبی واقیعی سۆسیالیستی. بە ئەندازەیەکی بەرفراوان هەموو کارەکانی ئەو ئەدەبەم لە باشوورەوە تا باکوور خوێندەوە، کاریگەری کردە سەر شێوازی نووسینیشم، تا ئەو ڕادەیەی هەموو ئەدەبێکم ڕەت دەکردەوە کە لە دەرەوەی جوغزی ئەو ئەدەبە بووایە، پاشان ڕووم کردە نێو قووڵایی ئەو قوتابخانەیە و کۆمەڵێ شتی جوانی لێوە فێربووم، کۆمەڵێ شتی پێ بەخشیم، بەڵام کۆمەڵێ شتیشی لێ سەندمەوە، لە شێوەکانی تر و نموونەکانی تر و قوتابخانەکانی تری دوورخستمەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر داهێنان و شاکاری دنیایی لێ سەندمەوە، پاشان ئەم کاریگەرییە لە نووسین و کارە وەرگێڕاوەکانیشمدا ڕەنگی دایەوە، وردە وردە بەپێی گۆڕانکارییەکانی دنیا توانیم لە و بازنەیە بێمە دەرێ و ڕوو بکەمە شاکارە جیهانییەکانی دنیا و کارەکانی ئەدیبانی ئەمەریکایی لاتین و ژاپۆن و ئەدەبی ئینگلیزی و کلاسیکی ڕووسی بخوێنمەوە، پاشان ئەمە بۆ خۆی لای من ئاوێنەیەک بوو بۆ ناسین و لە یەک جیاکردنەوەی یەک بە یەکی ئەو ئەدەب و قوتابخانانە لە یەکتری، بەڵام هەمیشە کاریگەرییە سیمبولییەکانم سەرچاوەی لە ئەدەبە سیمبولییەکانەوە وەرگرتووە. سیمبولی موتوربەکراو بە خەیاڵ و ئێستێتیکا بۆ من زۆر گرنگە، کارەکانی من لەناو هەر سێ تەوەری سیمبول و خەیاڵ و ئێستێتیکادا دەسووڕێنەوە لە نووسیندا، حەز بە ڕاستەوخۆیی ناکەم، هەروەها هەوڵ دەدەم لە زۆربەی ئەو شێوە سیمبولییە ڕووتانەش دوورکەومەوە، ئەدەبی فیکری بۆ من تەنیا لە تەوەری ئایدیۆلۆژیادا ناسووڕێتەوە، ئەدەب دەتوانێ لە ڕێگای دەربڕینی ڕێبازێکی فیکری فەلسەفی و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژییەوە وێنای بیر بکات، کەواتە من هەوڵ دەدەم هەموو شتە تایبەتییەکانی نووسین کۆبکەمەوە، بۆیە نووسین لای من زیاتر ئاوڕدانەوەیە لە هەموو شتە جوانەکان، لە خوێندنەوەی هەر شێوە نووسینێک و هەر شێوە داهێنانێک، گرنگ لای من هەڵبژاردنی ناوەرۆکە نەک هێنانی هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو قوتابخانەکاندا وەک هەندێ لە نووسەران پەیڕەوی دەکەن، من لە لای جاک لەندەن و مەکسیم گۆرکی و جەنگیز ئیتماتۆڤ شتە جوان و ڕوحییەکان دەبینم و لای جیمس جۆیس و ولیەم فۆکنەر و مارسیل پرۆست و کافکا و ئەستۆریاسیش شتی جوان دەبینم، جا ئیتر گرنگ نییە، ئەمیان سەر بە واقعییەتی سۆسیالیستییە و ئەوی تریان سەر بە شەپۆلی نوێی ڕۆمان و بوونگەرایی و ڕیالیزمی سیحرییە، جیاکردنەوە بەو شمولییەت و گشتگیرییە، گورزی کوشندە ئاراستەی ئەدەب و نووسین و بیرکردنەوە دەکات، کەسی جوانخواز لە هەموو قوتابخانەیەکدا بە دووی جوانییەکاندا دەگەڕێت، گرنگ نییە ئەو جوانییانە لە کوێ هەبن، تۆ دەکرێ لە نێو پڕ دڕکاویترین کێڵگەدا جوانترین گوڵ بدۆزیتەوە، هەروەها دەشکرێ لە نێو پڕ گوڵ و گوڵزارترین باخچەدا ئەو گیاکوێرانە ببینی کە دیمەنی جوانییەکانی ئەو باخچەیە تێک دەدەن.

ئەگەر نووسەر بە جوانی لە هەموو هێڵەکانی متوربەکراو بە ئایدیۆلۆژیا و ئێستێتیکا بگات، ئەو کاتە دەتوانێ شتە جوانەکان لە هەموو جێگایەک ببینێ، ئەمەش ئەزموون و دیموکراسیەتی لە بیرکردنەوە دەوێ، کەسی نادیموکراسی لەبیرکردنەوەدا هەمیشە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بە تەنیا خۆی بە یەک قوتابخانەوە هەڵواسێ.

* لە هەشتاکاندا لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری لێکۆڵینەوەیەکت لە بارەی چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بڵاو کردەوە، بۆ ئەو کات میتۆدێکی نوێ بوو، لەم لێکۆڵینەوەت بەدواوە چیت بۆ ئەدەبی کوردی کردووە و ئاراستەکانی کارکردنی ڕەخنە و

لێکۆڵینەوە بە چ ئاستێکی بەرزبوونەوە، یان داکشان چووە؟

- ئەو ڕەخنەیەم دەربارەی چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل نووسی، یەکەم کاری ڕەخنەییم بوو، ئەو کاتە ئەو ڕەخنەیە بۆ ئەو سەردەمە نوێ بوو، یەکەمین میتۆدی ڕەخنەیی بوو لە ئەدەبی کوردیدا کە شێوەی لێکدانەوەی بنیادگەری و دەروونناسی تێدا بێتە بەکارهێنان لە لێکۆڵینەوەی دەقدا، من لەو کارە ڕەخنەییەدا بە دەرکردنی نووسەر بۆ دەرەوەی لێکۆڵینەوە دەست بەکار بووم، واتە مامەڵەکردنێکی پەتی بوو لەگەڵ تێکستدا، پاشان هەر ئەو کارە هەوڵێک بوو بۆ خوێندنەوەی چیرۆک لەڕوانگەی لێکدانەوەی قوتابخانە دەروونییەکانی سیگمۆند فرۆید و بافلۆف، کە ئەم دوو قوتابخانەیە دوو قوتابخانەی دژ بەیەک بوون لە ڕووی پەیڕەوکردنی میتۆدی دەروونی بۆ شیکردنەوەکانی دەروون.

ئەو کارە بۆ من ئەزموونێکی نوێ بوو، هەروەها زۆر لە نووسەرانی ئەو کاتە باسی ئەو کارەی منیان کرد، نەک هەر ئەمەش پاشان هەر لەو کاتەدا من چەندین بابەتی ڕەخنەییم لەسەر ڕۆمانی ئەمریکای لاتینی نووسی. لەگەڵ دەرکردنی گۆڤاری" پرۆژە" هەر بەردەوام بووم لەکاری ڕەخنەیی، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٤چەندین وتاری ڕەخنەیی و فەلسەفیم بڵاوکردووەتەوە، مانای وایە من لەکاری ڕەخنەیی هەر بەردەوامم و چەند لێکۆڵینەوەم لە بارەی چیرۆک و شیعری ئەم نووسەرانە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سەباح ڕەنجدەر، عەتا محەمەد، جەمال غەمبار...تاد بڵاوکردووەتەوە، من وا هەست دەکەم شێوەی کارکردنی ڕەخنەییم بەرەو پێشتر دەڕوا و هەوڵ دەدەم بەپێی میتۆدێکی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ هەر تێکستێکی ئەدەبی بکەم، ڕەخنە تەنیا خوێندنەوە و هەڵهێنجانی نهێنییەکانی دەق نییە، ڕەخنە ڕۆچوونە بەرەو ناخی دەق، دەبێ ڕەخنە نووسەر تووشی شێوەیەک لە سەرسوڕمان بکات، من هەوڵم داوە ئەم سەرسوڕمانە لای ئەو نووسەرانە دروست بکەم کە ڕەخنەم لە تێکستەکانیان گرتووە، بێ گومان ئەمە بە دان پێنانی خۆیان.

مامەڵەکردنم لەگەڵ هەر تێکستێکدا سەرچاوەکەی تەنیا بریتی نییە لە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی، بەڵکو خۆ تەرخانکردنمە بۆ ئەو دەقانە، لەگەڵ ئەو دەقانە دووبارە بژیم و بینووسمەوە، دووبارە تۆمارکردنەوەی ئەو دەقەیە بەشێوەیەک کە من دەیبینم، داشکانی تێکستی کوردی کاری کردووەتە سەر داشکانی ڕەخنەش، ڕەخنەی زیندوو لەگەڵ تێکستی زیندوودا زیاتر دروست دەبێ، بۆیە ڕەخنەی باش دەیەوێ کار لەسەر تێکستی زیندوو بکات.

* کردەی ناوونیشان لای تۆ چۆنە، لە ناوو نیشانەوە(تیمە) ڕامانی سەرەکی دەقەکە دەبەخشێت، یان ناوونیشان ئیحایەکە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە، نموونە ناوونیشانی نۆڤلێتی (تۆڵە)ی محەمەد موکری (تیمە) دەقەکە دەبەخشێت، هەروەها ناوونیشانی چیرۆکی (تابلۆیەک)ی هەمان چیرۆکنووس ئیحایە بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە، مەبەست و تێگەیشتنی خۆتمان لە کردەی ناوونیشان بۆ دیاری بکە؟

- هەندێ جار سەرتاپای دەقێک پابەند دەبێ بە تێمای ناوونیشانەکە، واتە سەرتاپای ڕۆمانی تۆڵەی محەمەد موکری خۆئامادەکردنە بۆ ئەو تۆڵەیە، یان بە پێچەوانەوە هەموو تێکستەکە دەبێتە باسێک بۆ دۆزینەوەی ناوونیشانەکە، واتە دەق هەندێ جار هەوڵ دەدات گەڕان بێت بەدووی ناوونیشاندا. هەڵبژاردنی ناوونیشان پەیوەستە بە سەرتاپای بنیادی چیرۆک و ڕۆمانەوە، ناوونیشان بۆ تێکست وەک دڵ وایە، هەموو جەستەی تێکست بەهۆی ئەوەوە دەجووڵێ، لە هەندێ تێکستدا تۆ لە یەکەمین خوێندنەوەت ئاشنای ناوونیشان دەبی، لە هەندێ تێکستی دیکە زۆر درەنگ دەگەیتە ئەوەی کە ئەم ناوونیشانە ئاماژە بەچی دەکات.

لە هەندێ تێکستدا ناودانان ڕێک لە لەدایکبوونی منداڵێ دەچێت، کە ناوونیشانەکە پێوەندی بە دانانی ناوی ئەوەوە هەیە، هەوڵێکە بۆ دووبارە نووسینەوەی تێکست، پێم وایە هەندێ نووسەر ئەوەندەی بە دانانی ناوونیشانەوە ماندوو دەبن، ئەوەندە تێکستەکە ماندوویان ناکات، تێکستی چاک خۆی سەرەتا ناوونیشانی خۆی دەسەپێنێ، خۆی دەباتە نێو هەموو کونو کەلەبەری تێکستەکەوە، دەکرێ تێکست هەندێ جار ملکەچی ناوونیشان بێت و هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، دەکرێ ناوونیشان پاڵەوان بێت، یان

ڕووداو، یان تێما، یان بۆچوون، یان شتێک، بەڵام هەر شــتــێک بێت دەبێت دەربڕینی هەبێت، زۆربەی ئەو کەسانەی بیر لە ناوونیشان دەکەنەوە، ئەوانەن کە لە دنیای ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا دەژین، بەڵام ئەوانەی سەرقاڵی گەڕانن بەدووی ناوونیشان، ئەوانە دەیانەوێ زەوییەک بدۆزنەوە بۆ بنیادنانی ماڵەکانیان لەسەر ئەو زەوییە.

مـامـەڵەکـردن لەگـەڵ ناوونیـشــان ئەرکـێکی گـرانە، نووسینی ناوونیشان دەکرێ بۆ بابەت زۆر گرنگ بێت، هەندێ جار ناوونیشانی سەرنجڕاکێشە خوێنەر بۆ لای خــۆی ڕادەکــێــشــێ، بەڵام دەبێ بنیـــاد و پێـــوەندی ناوونیـشـــان و بنیـادی دەق ئەوەندە هاوتەریب بن، کـە ناهاوســەنگی دروست نەبێت، ئەمــەش پێــوەندی بە توانای نووســەرەوە هەیە لە شـێـوەی هەڵـبـژاردنی ئەو ناوونیشانە هونەرییانەی کە خۆی بە گرنگیان دەزانێ.

* ڕەگـەزی (ڕووداو، کـەسـایەتی، شـوێن، کـات) پێکهـێنەری دەقی چیـرۆکن، ئایا دەکـرێت یەک لەو ڕەگەزانە لە پێکهاتەی چیرۆکدا بوونی نەبێت، زمان، یان ڕەگەزێکی تری وەهمی جێگای بگرێتەوە دەقێکیش بێت لە ڕووی پێکهانەوە کەموکوڕی نەبێت؟

– ئەو ڕەگەزانەی کـە تۆ دەیلـێی کۆمەڵێ پێکهاتەی بنەڕەتی چیرۆکی ئاسایی و تەقلیدین، دەکرێ بە هەموو ئەو ڕەگەزانەوە چیرۆکی گەورە و لەهەمان کاتدا چیرۆکی سست بێتـە کـایەوە، هەروەها دەشکرێ هەر بە هەمـان ئەو ڕەگەزانەش چیرۆکی سست و پڕ لە کەموکوڕی بێتە ئاراوە، چیـرۆکی زیندوو پێـویستی بەوە نییـە بە بوونی هەموو ئەو ڕەگەزانەوە پابەند بێت، توانای چیـرۆکنووس لە سـەپاندنی لایەنێک بەسـەر لایەنێکی تردا گـرنگە، دەکرێ کەسێک بتوانێ، چیرۆکێ بنووسێ تەنیا بریتی بێت لە ڕووداو و کەسایەتی بەبێ بوونی کات و شوێن، دەکـــرێ ڕووداو ڕەنگدانەوەیەکی لەســـەر کـــردار و هەڵســوکــەوتدا هەبێت، دەکــرێ ئەو هەڵســوکــەوتە چیرۆکێک بێت، دەکرێ شێتی، یان شادمانی پێوەندی بە ناخەوە هەبێت و ڕووداوەکان بریتی بن لە گێڕانەوەی ناخ، یان دەکـرێ نەبوونی کـاتیش بوونی هەبێ، وای دەبینم ئەگـەر نووســەری چاک ئەو توانایەی هەبوو ئەو حاڵەتە دروست بکات، مانای وایە باشترین تێکستی هێناوەتە ئاراوە، ئەگەر بتوانێ ئەو تێکستـانە دروست بکات، مـانای وایە پێویستـیـیـەکی بەجێ هێناوە، بۆیە دەڵێم چیـرۆکی زیندوو، وەڵامی خـۆی لای خـۆیەتی و پێـویسـتی بەوە نیـیـە کـە بۆ هیچ یەک لەو دەست پێ کردنانە سەرچاوە بێت.

لە چیرۆکی درێژدا ڕەنگە ئەرکەکە سەختتر بێت، بەڵام لە چیـرۆکی زۆر کـورتدا توانای بەکـارهێنانی یەک ڕەگـەز هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو مەسەلەیەی کە نووسەر دەیەوێ لە کـارەکـانیـدا ڕەنگ بداتەوە، واتە نووسـەر دەتوانێ بە بەکـارهێنانی توانا هونەرییـەکـانی خۆی تێکست بە سێ ڕەگەز، یان تەنانەت بە دوو ڕەگەزیش بەدی بێنێ، ئەمـە سەرەڕای ئەوەی کـە برێکی زۆر لە پێـویسـتـییـەکـان لەو ســەرچاوەوە ســەرهەڵدەدەن کــە ڕەنگدانەوەی مــەســەلە گرنگەکانی ژیان چۆن لە کارەکانتدا ڕەنگ دەدەنەوە، بۆیە من پێم وایە کە ڕەگەزەکانی ڕووداو و کەسایەتی و شوێن و کــات مــەرج نیــیــە هەر هەمــوویان لە کــارێکی چیـرۆکنووسـیندا ئامـادەبیـان هەبێت، هەروەها هەندێ ڕەگەزی وەهمی هەن جێگای کەسایەتییەکان دەگرنەوە و دەبنە شـێـوەیەک لە بیـرکـردنەوە لە پێـویسـتـیـیـەکـان، بیــرکــردنەوە و داهێنان، هەروەها دەبنە شـێــوەیەک لە بەدیهێنانی ئەو تێرمانەی ڕێگا بۆ ئەم شێوە بیرکردنەوانە خۆش دەکەن.

ڕەگـەزەکـانی کـات و شــوێن هەندێ جـار لە قـاڵبی وەهمیدا دەردەکەون، کاتێکی وەهمی ئامێز زەمەن تێیدا ونە و شوێنێک کە بوونە ماتەریالییەکانی خۆی لە دەست داوە، بۆیە بواری ئەوە هەیە کـە نووسـەر ئەو بۆشـاییـانە بەشێوەی دیکە پڕ بکاتەوە، بە شێوەیەک کە ڕەگەزەکان ون بن و شتی دیکە شوێنیان بگرێتەوە.

* لە هونەری چیـرۆکدا دەسـپێک کـرانەوەی سـەرەتای دەقــە و هونەرێکی کــاریگەرە، کــۆمــەڵێک ئامــاژە بە جـەســتـەی دەقـدا بڵاودەکـاتەوە. لە هەندێک چیـرۆکـدا دەسپێک وەک کرانەوەی سەرەتای دەق لە کۆتایی دەقیش دووبارە دەبێتەوە، چیرۆکەکە داناخرێت و وەک دەقێکی کـراوە دەمـێـنێـتـەوە، ئەم بەکـاربردنەش ئەوەندەی ئێـمـە ئاگادارین شـاعیـر و چیـرۆکنووس (سـەلام محـەمـەد) لە چیـرۆکی (گرێ کـوێرەی مـەرگ) ساڵی ١٩٨٦ لە ژمـارە (٥١)ی گـۆڤـاری کـاروان دەست پێشـخـەری ئەم چەشنە بەکــارهێنانەی کــردووە. لەدوای ئەم بەکــارهێنانەدا چیـرۆکنووسی تر ئەم دووبارەکـردنەوەیەی دەسـپـێکیـان

بەکارهێناوە و چیرۆکەکە لە نێوان دوو دەسپێکدا جومگەکانی خۆی پێشکێش دەکات، ئایا هونەری دەسپێک لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا چۆن بەڕێوە چووە؟

- منیش بۆ خۆم کاتی خۆی کە ئەو چیرۆکەم خوێندەوە بەراوردکارییەکم لە نێوان ئەو چیرۆکە و چیرۆکەکانی پێشتر کرد، تێبینیم کرد کە هەندێ ڕەگەز لەو چیرۆکەدا ئامادەیە کە لە چیرۆکەکانی تری کوردی جیادەکاتەوە، سەرەتا کارەکتەری ئەم چیرۆکە کە شێرکۆیە کەسایەتییەکی پڕ گرفت و ناجێگیرە، چیرۆکنووس لە شێوەی سووڕانەوە لە تێکستەکەدا مانایەکمان پێ دەبەخشێ، واتە بازنەیەک لە چیرۆکەکە تەواو دەبێت و پاش هێڵێک لە بازنەکەوە دەچێتە دەرێ، واتە دەسپێک لەم چیرۆکەدا هەمان ئەو کۆتاییەیە کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە، بەڵام ئەم شێوە بەکارهێنانە پێشتر لای چیرۆکنووس (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بەکارهاتووە، ئەگەر چیرۆکی "لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارە"دا بخوێنینەوە کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ نووسیویەتی، دەبینین ئەو بەشێوەیەکی تر بازنە دووبارە دەکاتەوە، واتە دەسپێک تەواو لە قوفڵی چیرۆکەکە دەچێ، بەڵام کۆتایی وەکو خۆی دووبارە نابێتەوە، بەڵام لەم چیرۆکەدا قوفڵەکە کۆتاییەکی بۆ زیاد کراوە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر گۆڕەکەی (پووره ئایشێ) و بەیەک وشە ماناکە دەگۆڕێ، کەچی چیرۆکەکەی (سەلام محەمەد) کە لە ساڵی ١٩٨٥ ئەمیش هونەری بازنەیی بەکارهێناوە، هەر هەمان بازنەیە، بەڵام سەرەتا چیرۆکنووس دەڵێت پاڵەوانەکەی کە ناوی شێرکۆیە ئەو کەسەیە کە دەتوانێ ببێتە هەموو شتێک، بەڵام هیچ نەبوو، ئەم کەسایەتییە بەوە دەست پێ دەکات کە هەموو شتێکەو هیچ نییە، کەچی لەکۆتاییەکەدا پاڵەوان دەبێتە تەپۆڵە سەهۆڵێک هەروەک چۆن پووره ئایشێ دەبێتە لاشەیەک و دوو درەخت دەبنە میوانی گۆڕەکەی، ئەمە مانای وایە لای سەلام محەمەد کۆتایی بە شێوەیەکی تەواو پێچەوانە دووبارە دەبێتەوە کە هەموو شتەکان هەڵدەگەڕێنەوە.

ئەوەی لەم دوو چیرۆکەدا تێبینی دەکرێ، بەکارهێنانی هونەری بازنەییە لە چیرۆکدا، واتە دەسپێکردن بە پونتێک و گەڕانەوە بۆ هەمان پونت بە تێپەڕبوون بە کۆمەڵێ ڕووداو و ڕابردووی پێش ڕووداوی بەیەکگەیشتنی بازنەکە، پاشان دەرچوون لەو بازنەیە بە بەدەستەوەدانی ئەنجام، کەواتە دەسپێک بەم شێوەیە لە چیرۆکی کوردی پێش ئەم دوو ئەزموونە بە دەگمەن بینراوە و دۆزینەوەی ئاستەنگ بوو، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ دەرچوون لە تەکنیکە باوەکانی گێڕانەوە و بەکارهێنانی شێوازی کلاسیکی و سادەی گێڕانەوە.

چیرۆکی کوردی لە سەردەمی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ستوونی و ڕاستەهێڵەوە بۆ شێوازی بازنەیی برد و پاشان هاتنە دەرەوەی هێڵێک لەو بازنەیە، ئەویش شێوەیەک بوو لە یاخیبوونی بازنە، هەرچەندە ئەو ئەزموونەی سەلام محەمەد ئەگەر بەو شێوەی دەبینرێ نزیکایەتییەکی شێوازی لەگەڵ چیرۆکەکەی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەیە، بەڵام لای ئەحمەد کۆتایی چیرۆکەکەی وەک خۆی دووبارە نابێتەوە، بەڵام سەلام توانیویەتی هونەریانە و کاریگەرییانە و شارەزاتر لە تەکنیک ئەو شێوە بازنەییە دروست بکات و پاشانیش بمانباتە دەرەوەی بازنەکە، پاشان توانیویەتی پێوەندییەکان بپچڕێنێت و شێوە شێوازێکی تر و بنیادنانێکی تری هەیکەلی چیرۆک بێنێتە ئاراوە، بەڵام من ئەو گومانەم لا یە کە ئەم میتۆدە پێشتر لە چیرۆکی بیانیدا هەبووە.

بوونی شێوازەکانی ستوونی و ئاسۆیی هەر لەسەردەمی حەسەن قزڵجی و محەمەد مەولوود مەم و مستەفا ساڵح کەریم و کاوێس قەفتان جێبەجێ کراوە، بەڵام بەکارهێنانی شێوە بازنەیی گێڕانەوە لای حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی و جەلیل کاکە وەیس و ڕەئووف بێگەرد و سەڵاح شوانیش بەکارهاتووە.

چیرۆکی کوردی گرفتەکەی ئەوە بوو کە نەیدەتوانی زۆر بەپەلە فۆرمەکانی خۆی بە تەواوی بگۆڕێ، زیاتر لە ڕووی شێوەکانی جووڵەوە دەگۆڕا، واتە چیرۆک بزووتنی گێڕانەوەی خۆی دەگۆڕی، لە سەرەتا و گرێ و کۆتاییەوە ڕۆیشتووە بۆ کۆتایی و سەرەتا و گرێ، یان گرێ و کۆتایی و سەرەتا، بەڵام پاشان ئەم هێڵانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لە شێوەی گێڕانەوە و تەوزیفکردنی شێوەکانی تری گێڕانەوە هەوڵی داوە، هێڵی گێڕانەوە تێکەڵەیەک بێت لە چیرۆک و شیکردنەوەی دەروونی و شیعر، بەم کارەشی خواستوویەتی شێوەکانی داڕشتن بگۆڕێت، بۆیە ئەو شێوە بازنەییەی کە لەلای

بەرهەمەکانی سەلام محەمەد و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دەبینرێ، شێوەیەکە لە پەنابردنە بەر شێوە گێڕانەوەکانی تر.

* ئایا نووسین لای تۆ چییە؟ لە کوێوە دەڕوا و لە کوێوە دێتەوە و لە چ جێگایەکەوە کۆتایی دێت، ئایا نووسین تەنیا ڕەش بوونی سەر سپییە، یان گەڕانە لە نێو هەموو ژانرەکان بۆ پێکهێنانی ژانری تایبەت بە خۆت؟

– ئەوەی لە تووڵە ڕێگاکانی ژیاندا خۆی لەگەڵ مندا دەبات، تەنیا ئەدەب نییە، لای من ئەدەب ڕێچکەیەکە بە هەموو بەشەکانی تری بیر و ئەندێشەو لێکدانەوەوە دەمبەستێتەوە، لە دەرگای هەموو زانستێکی مرۆیی دەدەم، تا بتوانم پەیامێک وەرگرم و پەیامێک بگەیەنم، بیرکردنەوەو هزو لێکدانەوەی من لە ئاستێکی ڕۆشنبیری تایبەتدا ناوەستێ، بگرە گەردش دەکات و سووچەکانی مێژوو، سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و ڕوح و سۆفیزمیش دەخوێنێتەوە، سەرچڵی نووسینەکانی من، سەرچڵی خۆمن لە لێکدانەوەو بیرکردنەوەو گەڕان و پشکنیندا، سەرچڵێن لە پێناو دۆزینەوەی مانا نوێیەکانی ژیان، دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەی کە سەردەمانێکە وەڵامەکانیان لام ئاشکران، گەڕان بەدووی ئەو گوڵانەی لە نێو گوڵستانەکانماندا ونن و دەرناکەون، دۆزینەوەی ئەو چڵە درەختانەیە کە لە نێو دارستانی مەزنی ژیاندا کەس بۆنی گەڵاکانی نەکردووە.

گەڕانی من لە نووسیندا، گەڕانی کەسێکە چووەتە نێو قووڵایی دەریاوە، تەنیا بەدووی ماسییە زەبەلاحەکاندا ناگەڕێ، بەڵکو دەیەوێ ئەو وردە ماسییانەش بدۆزێتەوە، کە نەبوونی ئەوان گەورەکانیش لەناو دەبا، لێرەوە جارێکی تر دەڵێم ئەوەی وای لە من کردووە، وەکو کەسێک لە نووسینەکانمدا بەدووی ئەو بابەتانەدا بگەڕێم کە باس نەکراون، یان کەمتر بەلایدا چوون، هەوڵدانە بۆ خۆجیاکردنەوەو خۆخستنە نێو خانەی جیهانێکی تایبەتەوە، وشەکانی من وشەی پاکیزە نین، وشەی پاراو نین، وشەیەکن کۆمەڵێ گوناهی گەورەیان لەکۆڵ گرتووە، بە دوو دەستی پڕ تاوانەوە لە نێو دنیای نووسینی کوردیدا بەرگی ڕەش لەبەردەکەن و دەگەڕێن.

نووسین لای من سەرەڕای ئەوەی بانگهێشتێکە بۆ بەرپاکردنی کەرنەڤاڵی نێوان ڕەنگەکان، لە هەمان کاتیشدا هەوڵە بۆ بەمەزنکردنی نووسین، نووسین یاخیبوونە لە پێناوی یاخیبووندا، حەز بەوە ناکەم نووسین دۆڕاوێکی نێو گۆڕەپان بێ و سەرشۆڕانە دەست بخاتە نێو ئەو کونانەی هەنگوینی لووتکەیی پێ دەبەخشن، لای من جوانترین تێکست لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە سەرەتا بێ، نەکۆتایی، گەیشتن بە باڵایی لە نووسیندا جۆرێکە لە زیادەڕۆیی و شێوەیەکە لە بڕیاردانی مەرگ بەسەرخۆدا، مەزنی نووسین لەوەدایە لە دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەییدا بژی.

بەردەوام بەرانبەر دوا خشپەی نووکی قەڵەم و دوا چکەی پیتی سەربۆردی تایپ و کۆمپیوتەرەکان دانیشتووم و بەدووی کەسایەتی و وشە شاراوەکان دەگەڕێم، لە سفرەوە دەست پێ دەکەم. نووسینی بێ دڵەڕاوکێ و نووسەری بێ دڵەڕاوکێ، دوو شتن و لە بازنەی داخراودا دەسووڕێنەوە، دەبێ دووبارە مەرگ و ژیان لەبەرانبەر یەکدا دانێین، نووسین وەکو لە ناخی درەختی سروشت و ستوونی ساختمان و بەشەکانی ڕوحە، دەبێ گەشتی بۆ بکەی تا بیدۆزیتەوە.

جارێکی تر دەگەڕێمەوە و دەڵێم، ئەوەی لای من تایبەتە ئەوەیە نووسین لە مەودایەکدا ناسووڕێتەوە، سنووری نووسین ئەوە دەبڕێ تەنیا دەنگ هەڵبڕین و وتنی وشەکان بێت، بەڵکو نووسین پەیامە. نووسین کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە، نووسین شێوەیەکە لە هەڵکشان و دابەزین بۆ نێوەندی پێوەندییەکان، نووسین دووبارەکردنەوە نییە بە ئەندازەی ئەوەی چاوخشانە بە خود و ئەو شێوە بیرکردنەوانەی کە دەوریان داوین، بیرکردنەوەیە لە شێوەی پێوەندی و دابڕان و گەڕانەوە.

نووسین لای من ئاوڕدانەوەیە لە عەقڵ و فەرامۆش نەکردنی هەستە، من بە ڕوح دەنووسم، ڕوحیش ئەگەر لێکدانەوەی ئایدیالیستەکان بێت، ئەوە بەشداربوونی هەموو جەستەیە و ئەگەر بە لێکدانەوەی ماتەریالیستەکانیش بێت، ئەوە ئەو خەون و هەست و بیرکردنەوانەن کە لە واقیعدا ڕەنگ دەدەنەوە، بیرکردنەوەی من وەک هەموو نووسەرێک تەنیا تەسلیم بوون نییە بە لایەنێک، بیرکردنەوەی من خۆبەدەستەوەدانە بەهەموو واقیع و بوونەکان، پەرتەوازەبوونە لە نێوان واقیعی بوون و نەبوون.

نووسین و هەست وەک هەناسەدان و هەناسەوەرگرتن

وان، ئەگەر یەکێکیان نەبن، ئەوی تریان پەکیان دەکەوێ، کاتێ بۆ یەکەمین جار دەستم دایە قەڵەم ئەوەندە بە سەختی وشەکانم بۆ نووسران، وایان لێ کردم هەموو جارێ کە توخنی قەڵەم بکەوم سەراپای جەستەم بێتە لەرزین، لە بەرانبەر ئەو وشانە سڵ بکەمەوە کە وەک کۆیلە دەیانکەم بە کۆیلەی خۆم، سڵ لەو ڕستانە بکەمەوە یەک لەدوای یەک دەوەستن و یادەوەری و بۆچوون و خەونەکانم بۆ دەگێڕنەوە، لە یەکەمین ڕۆژەوە کە ئاشنای نووسین بووم، لە نووسین دەترسم! وەک بازنەیەکی داخراو دەیبینم، ئەگەر تێی کەوم دەرچوونم مەحاڵە، ئەگەر تێی کەوم دەستەکانم شل دەبن. ئەگەر تێی کەوم برینەکانم دەکولێنەوە، ئەگەر تێی کەوم وەک ئاوارەیەکم بێ زمان و بێ ناوونیشانم لێ دێ. هەر لەو ڕۆژەوە وشە و ڕستە بوون بە کامیراو چاودێری جووڵە و بیرکردنەوەکانم دەکەن، بە سووک تەماشاکردنی نووسین لای من ئەو شتە یاساغەیە کە بوونی نییە، هەرگیز نەمزانییوە ئاسانی نووسین چییە.

* زۆر زاراوە هەیە لە نووسینی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کوردی کە لە بارەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت لێکۆڵینەوەش بەکارهاتوون، ئایا تۆ ئەو هەوڵانە چۆن دەبینیت کە لەنێو ڕۆشنبیری ئێمەدا بۆ خولقاندنی ئەو شێوە زاراوانە دەدرێن؟

– ژمارەیەکی زۆر لەو هەوڵدانانەی بۆ پێناسەکردنی تێکستی مەزن و نووسەری مەزن و تێکستی لووتکەو نووسەری لووتکە دەدرێن، بڕیاردانی مەرگی نووسەرە، بڕیاردانی لەچاڵنانی جوانییەکانە. بڕواناکەم کەس بتوانێ لەو سنوورە درێژبووانەی ژیان ئەوەندە بە توانا بێت کە لە نێو بوخچەی زەمەن و تایبەتمەندی ڕۆژگاردا مەودایەک بۆ هەموو جوانییەکان داگیر بکاو بڵێ من ئەو خودایەم و ئاگرم لە بەهەشتەوە بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، یان بڵێت من ئەو فریشتە باڵدارەم کە باڵی فرینم دەبەخشمە هەر هەمووتان تا بەسەر مەزرای ژیاندا بفڕن و دەمامکی خودا بپۆشن، دەستیش بەسەر هەر شتێکدا بێنین بێ سێ و دوو ببێ بەو شتەی کە هەموو لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا دەیبینین، یان سەفەرێکم لە داهێنان و دەستی جوانی و شەنگی و ناسکیم بەسەر ئازار و گەشکەکانی ڕوحی هەمووان ناوە، هەر من دەبمە ئەو ڕزگارگەرەی ئەگەر مەسیحیش نەبم، ئەوە مووسایەکم و عەسای سیحریم پێیە.

* زۆر لە نووسەران لەهاوتەمەنی تۆ بڕێکی زۆر بەرهەمی نووسینیان هەیە، بەڵام بەرهەمەکانی تۆ ئەوەندە زۆر نین، چ هۆکارێک لە پشتەوەی ئەو کەم نووسینەی تۆدا هەیە؟

– ئەگەر تەماشای بەرهەم و زۆری بەرهەم بکەین، ناتوانین ئەوە بکەینە پێوانە بۆ باشی و توانای نووسەر، نووسەر دەتوانێت دنیایەک تێکست بخاتەوە، بەڵام چ تێکستێ، ئەمە ڕێک لەوە دەچێ، ژن و پیاوێک هەر منداڵ دروست بکەن و بیر لە جۆرایەتی پەروەردەیان نەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی ئێمە تووشی خوێنبەربوونی نووسین بوون، ئێستاش مۆدەی ئەوەیە کە زۆرترین کتێب بەرهەم بێنن، وا دەزانن نووسین کارگەیە و بەرهەم دێنێ، هەر نووسەرێک دەیەوێت ساڵانە ٢ تا ٤ کتێب بەرهەم بهێنێت، کورد دەڵێ زۆری و بۆری، من دژ بە بەرهەمی زۆر نیم، بەڵام دژ بە بەرهەمی خراپم، نووسەرێک ئەگەر ئەکادیمیانە لێکۆڵینەوە بکات بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە ساڵانێک هەیە تا بەرهەمەکەی پوخت بێت، ڕۆماننووس هەیە لە دوو ساڵ یان ٣ ساڵ جارێ ڕۆمانێک دەنووسێ، بەڵام ڕۆمانەکەی بەپێز و دەوڵەمەندە، هەشە هەموو ساڵێ ڕۆمانێکی سەقەت بەرهەم دێنێ، بەرهەمی چاک و کەسی داهێنەر تەماشای زۆری ناکات و ناڕوانێتە بڕی شتەکان، بڕوانە مایاکۆفسکی و ئانائاخماتۆفا و ڕامبۆ و دەیان نموونەی تری دنیای شیعر و نووسین کە تەنیا بەرهەمێ، یان دیوانێک بووەتە هۆی ئەوەی بەناوبانگ بن و لەسەر ئاستی دنیا بڵاوببنەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی پێوەندی بە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو نووسەرە و شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکەی هەیە.

* چۆن لێکچوواندن لە نێو ئەدەب و بیرکردنەوەی کوردیدا دەبینی، ئایا ئەو لێکچوواندنە سەرچاوەکەی لە دەقئامێزانبوونەوەیە، یان لە دووبارە کۆپیکردنەوەی بیر و بۆچوون و شێوازی نووسینی یەکتری؟

– بمانەوێ و نەمانەوێ دیاردەی دەقئامێزانبوون بە درێژایی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، بڕوانە فەیلەسوفە گریکەکان دەبینی لە نێوانیاندا شێوە لێکچوواندنێک لەمەڕ مامەڵە کردن لەگەڵ ژیان و شێوەی بیرکردنەوە و داهێنان هەیە، هەروەها شێوە بیرکردنەوەیەک هەیە لە

ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی ڕوح و هەست و بوون و نەبوون، ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و هونەریشدا بوونی خۆی هەیە، هەر دەقێک لە سەردەمێکدا درێژبوونەوەی دەقەکانی سەردەمی پێش خۆیەتی، واتە هەر دەقێک کەم تا زۆر دووبارە زیادکردن و بەبەرگاکردنێکی نوێی دەقەکانی پێش خۆیەتی. لە ئەدەبی کوردیدا ئەم دیاردەیە لە شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانیشدا دەردەکەوێت، بەپێی بۆچوونی ڕۆڵان بارت دەقێک نییە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندی بە دەقەکانی پێش خۆیەوە نەبێ، کەواتە دەتوانین بڵێین لێکچوواندن دووبارە نووسینەوەی پێوەندییەکان نییە، لێکچوواندن وەپشتخستنی ئەو هەموو مانایانەیە کە دەیانەوێ لە ناخی خۆیانەوە مانایەکی دیکە بدۆزنەوە، دواخستنی ئەو ئاماژانەیە کە دەیانەوێ ببنە مانا و نیشانەی مانادار، لێکچوواندن بە مانا تەندروستەکەی دووبارە کۆپیکردن نییە، بەڵام لە هەندێک کاردا ئەم کارە کە بە شێوەیەکی جوان بەکارناهێنرێ دەبێتە کۆپی کردن.

لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت لە نووسین و لێکۆڵینەوەکاندا ماوەیەکە شێوە کۆپیکردنێکی بیر هەیە، کۆپیکردنی لێکدانەوە و بۆچوون و بەگشتیکردنی هەندێک ئایدیا و لێکدانەوە، هەندێکیش بازارگەرمی بۆ ئەو شێوە نووسینانە دەکەن، کە ئەوەش بۆ خۆی دەرئەنجامی کۆپی کردنی لێ دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی یەک ڕایی و یەک بۆچوون و یەک حوکمی بیری دیموکراتییەتی نووسین نامێنێ و سەرتاپاگیرییەک لە شێوە ڕوانینەکان بڵاودەبێتەوە، ئەو نووسەرانەش کە توانای ڕۆشنبیرییان بە هێزە هەوڵ دەدەن خۆیان لەو شێوە کۆپیکردنانە بپچڕێنن.

لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا کۆمەڵێک زاراوە و بۆچوون و لێکدانەوە هەن تایبەت بە سەردەمێکن، بۆیە بڵاوبوونەوەی ئەوانە لەو سەردەمانەدا مانای کۆپیکردن نییە، بە مەرجێک هەرکەسێک لای خۆیەوە شێوەیەک مامەڵەکردنێکی تایبەتی لەگەڵ ئەو زاراوانەدا هەبێت، واتە هەریەکە لای خۆیەوە لێکدانەوە و بیرکردنەوەی خۆی لە نووسینەکانیدا بخاتە ڕوو، نەک شێوە گشتگیرییەک لە یەک ڕەخنە و یەک دەستەواژەیی و یەک هێرشی هەبێ، ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەدەبی کوردی ڕوویان دا شایەدی ئەم بۆچوونەی منن.

* داهێنان بۆ تۆ چ مانایەک دەگەیەنێ، ئایا داهێنان دووبارە نووسینەوەی پرسیارە گرنگەکانی ژیانە، یان ئاشنابوونە لەگەڵ شتە شاراوەکان؟

– قسەکردن لە بارەی هەر داهێنانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، مەرج نییە قسەکردن بێت لە بارەی ئەزموونی خۆت، قسەکردنە لەسەر گۆشەنیگاو ڕوانینێک لە ئەنجامی کۆمەڵێ ئەزموون لات گەڵاڵە بووە، واتە قسەکردنە لەسەر ئەو فەزایەی کە پەلکێشت دەکات بەرەو ڕامان و بیرکردنەوەی قووڵ لەمەڕ لێکدانەوە و بۆچوونەکانت، دیارە گۆشەنیگای خوێنەرێ دەربارەی ئەزموونی خوێندنەوەی خۆی، جیاوازە لە ئەزموونی نووسەرێک دەربارەی نووسینی خۆی و مێژووی نووسینی خۆی، لە هەردوو حاڵەکەدا گۆشەنیگایەک گەڵاڵە دەبێت، ڕەنگە نزیک بن لەیەکەوە و ڕەنگە دووریش بن، بەڵام هەردووکیان خوێندنەوەن بۆ مێژووی ئەزموونێک، خوێنەر لە ڕوانگەی کاریگەرییەکانییەوە قسان دەکات و نووسەر لە ڕوانگەی کارتێکردنەوەکانی خۆیەوە، لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەی داهێنان و نووسین و بەرهەمهێنان لە سایەی سیستمێکی تایبەتدا ڕوو دەدات، ئەو سیستمە پێی دەوترێ دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوە بە مانای ژیان و پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ ئەو فەزایەی کە لە ژیانی ئاساییدا هەموو کەس وەک ڕووداوێکی سروشتی دەبینێ، بەڵام لای نووسەر ژیانێکی دیکەیە، ئەو ئەزموونانەی تایبەتمەندییەکان و نهێنییەکانی خۆی بۆ کەس ئاشکرا ناکات، لەوێدا و لەگەڵ ئەو ئەزموونانەدا کەسی داهێنەر دێتە پێشێ تا سوود لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕووداوانە وەرگرێ و بیانکات بە سەرەتای دەسپێکردن بۆ ئاشکراکردن.

بۆیە ئەوەی کە دووبارە ڕووداوەکان دەنووسێتەوە، کەسێک نییە کە کۆپی دەکات، بەڵکو کەسێکە وێنەیەکی بەرجەستەبووی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، واتە کەسێکە پەیام و بەرهەمی خۆی هەیەو لەگەڵ خۆی و ناخی خۆی لە جۆشو خرۆشێکی تایبەتی دایە و هەمیشە لەو فەزایە دەسووڕێتەوە کە پێی دەگوترێ دووبارە دروستکردنەوە، دووبارە بەرهەمهێنانی جۆشو خرۆش و بەرهەمی تایبەت.

داهێنان لە ئەدەبی کوردیدا جیاوازی لەگەڵ ئەو

ئەدەبەدا هەیە کە پێوەندییەکان دیاری دەکات، تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا پێوەندییەکان بەجوانی نەخوێنراونەتەوە پێوەندی نێوان ژانرەکان و چەمکەکانی ژیان بە جوانی دیاری نەکراون، پێوەندییەکان نەخراونەتە نێو قاڵبێکی بەرفراوانی لێکدانەوە و بژارکردنەوە. کاتێک کە ئەمە نییە، کەواتە پچڕانێک لە بازنەی زنجیرەکانی کردەی داهێناندا هەیە.

مادام پرسیارەکە دەربارەی کردەی داهێنانە، کەواتە دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هەموو وتارێک و بەرهەمێک خەسڵەتی خۆی و فەزاو دەوروبەری خۆی هەیە، هەریەک لە ئێمە لە هەوڵی ئەوەدایە فەزایەک دروست بکات کە پڕ لە نهێنی بێت، پڕ لە دۆزینەوە بێت، تەژی بێ لە هەناسەو وزەو هەڵگیرساندن. شلومیت ڕیمۆن لەمەڕ دەق زۆر بە سادەیی دەڵێ: دەق ئەو دەقەیە کە بخوێنرێتەوە، منیش دەڵێم کردەی داهێنان ئەوەیە کە نەهێڵێ بەرهەم لەدەستی هەڵبێ، کردەی داهێنان ئەو گۆشەنیگایەیە کە بتکاتە بەشێک لە بەسەرهات و لێکدانەوەکان، بتکاتە بەشێک لە پێوەندی و لێکدانەوە، وات لێ نەکات کە تۆ لەدەرەوە بیت و داهێنانەکەش لە ناوەوە.

زۆربەی کارە داهێنانەکان باس لە پێوەندی دەکەن، پێوەندی نێوان ئەم سەردەم و ئەو سەردەم، باس لە جیاوازی نێوان پێوەندییەکان دەکەن، پێوەندی مرۆڤ بە هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە لە کردەی پێکهێنانی بەرهەمە زیندووەکاندا بەشدار دەبن، پێوەندی نێوان بیرکردنەوەو بەشداریکردن لە ڕەگەزەکانی ژیان، بۆیە مەسەلەی پێکهێنانی پێوەندی گرنگترین ڕەگەزە بۆ داهێنان، واتە پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان هەموو ڕەگەزەکاندا پێوەندی نێوان داهێنەر و ئەوانەی لە داهێنانەکاندا بەشدار دەبن.

* دە ناو لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا هەڵبژێرە کە خۆت حەز بکەیت پێناسە و بۆچوونت دەربارەیان هەبێت؟

– تەنیا لێرەدا دەتوانم چەند توانایەک بخەمە ڕوو کە نموونەی تریشم لە دڵە:

**لەتیف هەڵمەت**: ئەو نموونە و شێوانەی هێنایە ناو شیعری کوردی، پێشتر باس نەکرابوون، لە ڕووی تەکنیک و وێنە و کارەکتەرە شیعرییەکانی نوێکەرەوە و یاخییە، بەڵام لە زماندا کەسانی تر لەو لەپێشترن.

**سەباح ڕەنجدەر**: لای ئەو سامانی وشە و هەناسەی درێژ و گەمەکردن بە زمان، ناوەندێکن شیعر دەکەن بە داهێنان.

**عەتا محەمەد**: یەکەمین چیرۆکنووس بوو مامەڵەی لەگەڵ سێ مەودایی کردووە لە نێو چیرۆکی کوردیدا.

**عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی**: وردبینترین کەس لە ئاشکراکردنی کەلێنەکانی شیعر و چیرۆک و مەوداکانی بیرکردنەوە لە نێو ڕۆشنبیری کورددا.

**ئازاد بەرزنجی**: دەکرێ زمانی وەرگێڕانی ئەو، سەرچاوەی دەوڵەمەندی بێت بۆ ئێمە.

**کەژاڵ ئەحمەد**: پاش مەستوورەی کوردستانی بە جورئەتترین شاعیری ژنە لە باسکردنی هەست و جەستەی مێدا.

**محەمەد کەمال**: زمان و تێگەیشتنی وا دەکات فەلسەفە لای خوێنەری کورد شیرین بێت.

**ماردین ئیبراهیم**: گەنجێکە بەرانبەر بۆچوون و گێڕانەوەی تووشی ڕامان دەبم.

**ئیسماعیل خەیات**: فەلسەفەی ژیان و مەرگ لە هێڵ و ڕەنگدا وێنا دەکات.

**ئازاد ئەحمەد**: کەم نووسی جوان نووسە لە شیعردا.

# توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکی (ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان)دا

**پێشڕەو عەبدوڵڵا**

### دەلاقە

ئێمە ئەگەر باسی هەموو بەشەکانی هونەری گێڕانەوە بکەین، ئەوە دەبێت تەکنیک و توخمەکان و هەموو ئەو ڕەگەزانە دیاری بکەین کە وەک بنەما بۆ بینای هونەری چیرۆکنووسین هەن، بەڵام ئێمە لەم باسەدا بە تەنیا توخمەکانی گێڕانەوەمان وەرگرتووە و هێڵە گشتییەکانمان لە چیرۆکی (ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان)ی، چیرۆکنووس (جەبار جەمال غەریب)دا دۆزیوەتەوە. ئەم چیرۆکە زۆر بە چڕی و زۆر بە پڕی ئەم لایەنانەی لەخۆ گرتووە و چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ کردوون و تێکی شکاندوون و دروستی کردوونەتەوە. ئێمە کەم تا زۆر هەوڵمان داوە ئەو گۆڕان و داهێنانە بدۆزینەوە کە لەم چیرۆکەدا بەرچاو دەکەون. شێوازی کارکردنیشمان سەرەتا بە چەند دێرێک وەک تیۆرە، توخمەکانمان باس کردووە، پاشان هاتووین لە هەمان پاردا ئەو توخمەمان لەو چیرۆکەدا دۆزیوەتەوە و خستوومانەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

### ژینگە و فەزای ناو چیرۆک

هەر چیرۆکێک ژینگە و فەزایەک دەخاتەوە کە جیاوازە لەوانی دیکە. ئەم فەزایە توخمێکی سەرەکییە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕۆڵی پاڵەوان و شوێن و کات و ... تاد و هەموو توخمەکانی تری چیرۆکەوە هەیە.

«گۆڕانی ژینگە لە چیرۆکدا کاریگەری هەیە لەسەر پێشڤەچوونی ڕووداوەکان و وێک هاتنەوەی چیرۆکی (الحبكة القصصية). لەگەڵ ژیانی پاڵەوانەکان و ئەو مەعلانییانەی هەیانە لەگەڵ هەموو ئەو هێزە جیاوازانەی کە لە ژینگەدا هەیە». (١)

لەبەر ئەوە ئەم فەزایە لە ڕەگەزەکانی تر جیانابێتەوە. خۆ ئەگەر چیرۆکنووس باسی جووتیارێک لە کێڵگەدا بکات، ئەوە فەزای گوند و لادێ دێنە ناو چیرۆکەکەوە و فەزای چیرۆکەکە پێکدەهێنێت. دەرکەوتنی فەزاش لە چیرۆکدا بەهۆی وەسفەوە دەردەکەوێت کە چیرۆکنووس وەسفی شتەکان دەکات، فەزاکە دەگوازرێتەوە بۆ خەیاڵی خوێنەر.

«پێویستە نووسەر لەگەڵ وەسفی هەر یەکێک لەمانە سەرەڕای زانیاری بەخشین لە بارەیانەوە، وا بکات خوێنەر شتی دیکەیان لێ هەڵبهێنجێت و زەمینەسازی دروست بکات بۆ ئەو ڕووداوەی دوای وەسفەکە دێت» (٢)

ئەوەش، لە دوایی وەسفەوە دێت، ئەو فەزایەیە کە خوێنەر لە خەیاڵی خۆیدا بۆ چیرۆکەکە دروستی دەکات. هەروەک تشارلتن دەڵێت:

«ئەو واقیعەی لەناو چیرۆکدا دەیبینین زۆر جیاوازە



**جەبار جەمال غەریب**

لەوەی کـە مـێـژوونووسـەکـان بە ڕاسـتگۆییـەوە بۆمـانی دەکێشن، لە مێژوودا بەڵگە ڕێنموونی واقیعە، بەڵام لە چیرۆکدا ئەو واقیعە ڕاستییـەکە لە خەیاڵی خوێنەردا هەڵدەتۆقێت» (٣)

لە ڕاسـتیـدا ئەو ژینگە و دەوروبەرەی لـەم چیـرۆکـەدا هەیە. زۆر جیـاوازە بە بەراورد لەگەڵ چیـرۆکـەکـانی ئەم دواییەی چیرۆکنووسانی کورد. فەزا لەناو چیرۆکەکانی تردا بە شێوەیەکی گشتی فەزایەکە سەر بەواقیعی ژیانی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانە. واتە هەر ئەو فەزایە دەدۆزینەوە کە ڕۆژانە ئێمە ئەزموونی دەکەین و تێیدا دەژین، بەڵام لەم چیـرۆکـەدا، لەبەر ئەوەی (شـوێن)ی خـەیاڵی هەیە و زیاتریش ڕۆچوونە بەناو سـایکۆلۆژیای مـرۆڤـدا، ئەم ژینگەیەش وەکو پێکهاتەیەک دەوری ئەم چیرۆکەی داوە. فـەزایەکـە چۆتە ناو قـووڵایی سـایکۆلۆژیای مـرۆڤـەوە. ئەویش ئامـادەیی پەیداکـردنی ڕەگـەزی بەرانبـەرە لەناو زەینی ئێـمـەدا وەک کـورد. دیارە نووسـەر بەچوونەوە ناو سایکۆلۆژیای خۆی و نووسینەوەی خەیاڵەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم چیرۆکەدا کە توانیویەتی زۆر گشـتیـانە گـوزارشت لە سـایکۆلۆژیای تاکی کـوردی بکات. لەبەر ئەوەی نووسـەر سـەر بە ڕەگـەزی نێـرە، ئەوە ئاسـاییـە کـە ڕەگـەزی مێ لەناو سـایکۆلۆژیای نووسـەردا ئامـادەیی هەبێت. خـۆ ئەگـەر بە پێـچـەوانەوە بێت، ئەوە ڕەگـەزەکـانیش پێـچـەوانە دەبنەوە، ئەمـەش شـوێنێکی سـایکۆلۆژیای مـرۆڤی کـوردمـان بۆ ئاشکرا دەکـات کـە جێگەی تێرامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە.

ئەگـەر ئێـمـە بگەڕێینەوە ناو خـۆمـان، هەمـوومـان ئەوە دەدۆزینەوە کە ڕۆژێک خولیامان بووە کە هەمووی ئەو کچ و ژنانەی لە دەورمـانـن عـاشـقـمـان بن و بمانلاوێننەوە، یان ببـینە پاڵەوانی خـەیاڵی ژن و کـچـەکـان و وەک سوارچاکێک ماندووببین و سەرخەینە سەر شلکە ڕانیان و سـەرخـەوێک بشکێنین. دیارە چیـرۆکنووس زۆر بە وەسـتـایی و لێـزانانە ئەم حـەزەی مـرۆڤ لـەم چیـرۆکـەدا بەرجەستە دەکات.

«من لە مـۆم دروست کـراوم لەسـەر کـۆشی ژنان دەتوێمەوە» (٤) نووسەر ئەو خەیاڵەمان بۆ دەکاتە نووسین کـە هەمـوومـان ڕۆژێک لەناو خـۆمـاندا هەمـانبـووە و خۆزگەمان بۆی خواستووە.

«ئەو پیـاوە خـوێڕیانەش، ئەوانەی گرەو دەکـەن لەسـەر ئەوەی داخۆ ئەو کچانە دەرپێیان لەپێیە، یان نا» (٥)

لێرەدا نووسەر تەواو ئەو دنیایەمان بۆ وێنە دەگرێت کە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە لەناوزەینی خۆیاندا هەمیشە لەناو ئەو خەیاڵانە دەژین کە ژنەکان ڕووت دەکەنەوە و بە زمان جەستەیان دەلێسنەوە.

«من سـەیری ئەو ژنەم کـرد کـە هەرگـیـز ڕێکەوتنی نەکردووە هاوشێوەی ئەوەشم دیبێ، بەڵام ئامادەبووم وەک کـرمـە لینجـەکـان بەسـەر پێـیـدا بکـەوم و بۆ ئەبەد لێی نەبمەوە» (٦)

لە ڕاسـتیـدا لە ڕێگەی ئەم کـۆمـەڵە (مـەنەلۆگـەوە) کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاڕاستەی خۆی و خوێنەری دەکات، ئێمە دوو شت هەیە بۆمان ئاشکرا دەبێت.

یەکـەم فـەزای ناو چیـرۆکـەکـەیە، کـە فـەزایەکی تەواو ناوەکی و سـایکۆلۆژییـە و هیچ واقیـعـێکی تێدا بەدی ناکرێت، واتە فـەزای واقیـعی تێدا نییـە وەک ئەوەی چیــرۆکــێـک باسی ژیانی لادێ دەکــات. فــەزای ناو چیرۆکەکەشی فەزایەکە سەر بە واقیعی لادێیە، بەڵام لەم چیرۆکەدا لەبەر ئەوەی سایکۆلۆژیا وەک شوێن ئامادەیی هەیە، فەزای ناو چیرۆکەکەش فەزایەکی خەیاڵئامێزە کە بە دەوری سێکس و هەموو ئەو خەیاڵانەدا دەسووڕێتەوە کە مرۆڤ ڕۆژانە لەناو خۆیدا خەیاڵیان دەکات و خۆزگەی ئەوەیان بۆ دەخوازێ ببنە واقیع.

بەمـەش ئەم چیـرۆکـە وەک ئاوێنەیەک سـایکۆلۆژیای کـۆمـەڵگەی کـوردیمان بۆ بەیان دەکـات، کـە لەناوەوەی مرۆڤەکانی ئێمەدا چ دەگوزەرێت. دیارە ئەم خاڵە خاڵی

بەهێزی چیرۆکەکەیە، چونکە نووسەر بە گوزارشت کردن لەو خەیاڵە سایکۆلۆژیانە، توانیویەتی خوێنەر بکاتە کارەکتەر و پاڵەوانی خۆی، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا، تووشی حاڵەتی پێکداچوون دەبێت لەگەڵ پاڵەوانی ئەم چیرۆکەدا و خۆی لێ دەبێت بە ئەو، چونکە هەست دەکات ئەوە بەشێکە لە حیکایەت و ژیانی ئەو (خوێنەر)، هەر ئەمەش بەڵگەی وردی و بە هێزی چیرۆکنووسە لەم چیرۆکەدا.

دووەم شتێک کە لەم چیرۆکەدا جێگەی تێڕامانە، بە چیرۆک کردنی ئەو خەیاڵە گشتییانەیە کە مرۆڤ لەناو خۆیدا دەیکات. بەمەش چیرۆکنووس زۆر شارەزاتر و لێهاتووتر توانیویەتی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەی کوردی و مرۆڤ بەگشتی بخوێنێتەوە. کە بەداخەوە مامۆستایان و شارەزایانی بواری دەروونناسی ئێمە نەیانتوانیوە ئەم بەشە لەناو تاکی ئێمەدا ئاشکرا بکەن، بۆیە ڕاستی بۆ خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای هەر گەلێک دەبێت ئێمە جیا لە واقیعی کۆمەڵگە و پێوەندی کۆمەڵایەتی چیرۆک و ڕۆمان...تاد، ئەو گەلە بخوێننەوە، چونکە لەوێدا هەست و نەست تێکەڵ بەیەکتر دەبن و ئاشکرا دەبن و جیهانی سەر کاغەز جیهانێکە ئازاد. مرۆڤ بوێرانەتر دەتوانێت خەیاڵ و خۆزگەکانی خۆی بکاتە واقیع. «ئەو دەستی گرتم و بردمییە ناو ژوورێکەوە پڕ لە هەڵم جلەکانمان وەک لە کاغەز بن توانەوە» (٧).

### شوێن لە چیرۆکدا

یەکێکی تر لە توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکدا شوێنە. لە ڕاستیدا ئەم توخمە بە تەنیا ڕەگەزێکی سەرەکییە، بەڵام هەلی ژیانیشی نییە بەبێ توخمەکانی تر «شوێنیش بە دابڕاوی لە توخمەکانی دیکەی گێڕانەوە ناژێنێ، بەڵکو لەگەڵ پێکهاتە چیرۆکییەکانی دیکەی گێڕانەوە پێوەندی جۆراوجۆر دروست دەکات» (٨) تەنانەت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان شوێن و ڕووداودا هەیە، چونکە «ڕوودانی هەر ڕووداوێک پێویستی بە شوێنێک، یان زیاتر لە شوێنێک هەیە بۆ ئەوەی ببێتە پێگەی ڕووداوەکان» (٩). هەروەها چیرۆکنووس هەروا بەبێ مەبەست شوێنەکان هەڵنابژێرێت و نایانگۆڕێت، هەروەها شوێنەکان جیاوازن. شوێن هەیە لە چیرۆکدا واقیعییە و شوێنیش هەیە خەیاڵییە، یان واقیع هەیە لە چیرۆکدا بە خەیاڵکراوە. زۆرجار پێوەندی گەورە لەنێوان کەسەکان و شوێنەکاندا هەیە کە شوێنەکان وەزیفە دەدەنە کەسەکان و شوناسیان دەگۆڕن وەک پاڵەوانەکانی چیرۆکنووس عەزیز نەسین. کە گێلە پیاو بەپێی شوێنەکان وەزیفە و کەسایەتی ئەو دەگۆڕێت و ناچارە بە پێی ئەو شوێنە هەڵسوکەوت بکات. هەروەک چۆن لەم چیرۆکەدا پاڵەوان کە دەچێتە ناو ژیانی کتێبەوە ناچارە شمشێر و زرێ و قەڵغان هەڵگرێت، هەربۆیە ئەگەر بە وردی سەیر بکەین شوێن لەم چیرۆکەدا گەورەترین پانتایی داپۆشیوە. تەنانەت ناوی چیرۆکەکە گوزارشت لە جیهانی ناو کتێبێک دەکات. دیارە شوێنیش وەک ڕەگەزەکانی تری ئەم چیرۆکە، بەسەر دوو جیهاندا دابەش دەبێت، جیهانی واقیعی پاڵەوان، لەگەڵ جیهانی ناو کتێبێک کە پاڵەوان زیاتر بە خەیاڵ دەچێتە ناوی و هەر لاپەڕەیەک بۆ خۆی بە تەنیا شوێنێک و جیهانێکی ترە.

شوێنی یەکەم کە واقیعی پاڵەوانەکەیە، دوکانێکی کتێبفرۆشییە و پاڵەوان لەو دوکانەدا عاشقی یەک کتێبە. «پیاوێکی بەتەمەن، بەڵام چوست و چالاک و زیندوو، کورتە بالایەکی باریک هاتە دەرێ، وەختێک دەستی برد دوکانەکە کلیل بدا، بێ ئەوەی ڕووم تێکات بە دڵسۆزییەوە گوتی: شەوە تۆش بڕۆوە» (١٠)

ئەم شوێنە واقیعییە، سەرەتا و دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو شوێنێکی تر کە ئەویش ناو کتێبێکە. دیارە پاڵەوان لە دوودڵیدایە و پێش ئەوەی بڕواتە ناو ئەو کتێبەوە، زانیاری لەسەر ئەوەی هەیە کە کتێب شوێنێکە بۆ ژیان و گوزەران، واتە چوونی بۆ دەرەوەی واقیع چاوەڕوانکراوە و پاڵەوان ناخاتە حاڵەتی سەرسامی و سڵەمینەوەوە.

«پێش ئەوەی بگەمە کتێبەکە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە دوای ڕۆیشتنم لەو دنیایە چی هەیە بیری بکەم و بۆی بە پەرۆش بم. منداڵی خۆم... تاد» (١١).

لەسەرەتای ئەم چیرۆکەوە پاڵەوان ئەو بیروڕایەی خۆی تۆخ دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کتێب جیهانە و دەکرێت مرۆڤ تێیدا بژیت. ئەوەشی لە حاڵەتی بێزاربوونەوە دروست بووە. واتە پاڵەوان خەمێکی قووڵی هەیە، ئەویش خەمی شوێنە. هەر بۆیە سەفەرکردنی پاڵەوان بە ویستی خۆیەتی و بێزارە لەو واقیعەی تێیدا دەژیت. بۆیە دەڵێت:

«ژیان لەناو کتێبێکدا چەند خۆشە. لاپەڕەیەک سزا نادرێت و شەیەک وشەیەکی دیکە ناداتە بەر شەق و فاریزەیەک خاڵێک ناسڕێتەوە» (١٢). واتە پاڵەوان

خەون دەبینێت بەوەی شوێنێک هەبێت کە شتەکان یەکتر نەسڕنەوە و شوێنێک بێت پڕ لە ئارامی و جیاوازی، واتە پاڵەوان بە شوێنی شوێندا عەوداڵە، بەڵام شوێنێک کە تەبابێتەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی پاڵەوان هەیەتی، ئەمەش لەناو کتێبدا دەدۆزێتەوە، هەربۆیە سەفەرەکەی دەست پێدەکات و خەیاڵی ئاراستەی ئەو شوێنە دەکات.

دیارە شوێنی دووەم ناو کتێبە، بەڵام کتێبێک نا کە تەنیا بەرگ و لاپەڕە و وشە بێت. نەخێر! کتێبێک هەیە لەم چیرۆکەدا کە خوێنەر قبووڵ ناکات لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا بێت، بەڵکو ئەو ڕووداوەی هەیە لەو کتێبەدا پاڵەوان بێ ئاگا لەخۆی دەبێتە بەشێک لەو ڕووداوە و پێشتر پێشینەی لەو کتێبەدا هەیە.

«تۆ دێوس لەپێش منەوە لێرەی پاڵەوانی عاشق و فێڵ و ڕمبازی؟» پاڵەوان لەم شوێنەدا ناوی (دێوس)ە و بەشێکە لەو حیکایەتەی کە هەیە، دیارە ئەم شوێنەش وەک واقیع، پڕە لە شەڕ و ئاڵۆزی و هەمەڕەنگی، لەم کتێبەدا لاپەڕە هەیە، دەتباتە بەهەشت و خەون و خۆزگەکان، لاپەڕەش هەیە پڕە لە عەزاب و پڕە لە حەسرەت، بەڵام پاڵەوان حەسرەتی ئەوەی هەیە لەو لاپەڕانەدا کە عەشق و خۆشەویستی هەیە تا ئەبەد بمێنێتەوە و نەیەتەدەر، بەڵام نووسەر بۆ ئەوەی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت، ئەو کتێبە دادەخات و چیرۆکەکەش بەرەو کۆتایی دەبات.

«لەناکاو دەستێک کتێبەکەی بە توندی پێوەدا و من کە لاپەڕەیەکم بە دەستەوە بوو، فڕێی دام و بە دیوارێکیدا کێشام و وەک بەردێک کەوتمە خوارێ»(١٤). دیارە شوێنی ڕووداوەکان، شوێنی دووەمە کە پاڵەوان لەناو کتێبەکەدا تێیدا دەژیت. ئەم شوێنە شوێنێکی خەیاڵییە و نووسەر پاڵەوانی تێدادەنێت.

نووسەر باوەڕێکی گەورەی هەیە بەوەی، مرۆڤ ڕاستە ناتوانێت لەو شوێنەدا بۆ ئەبەد بژیت، بەڵام دەتوانێت سەفەری بۆ بکات و کۆمەڵێک شت و کەرەستە و مانا هەن. لەو دنیایەوە بیانهێنێ و لەواقیعدا مامەڵەی پێبکات:

«من لاپەڕەکەی لەکاتی فڕێدانمدا بەدەستمەوە هاتبوو لەبن باڵم شاردمەوە و ڕۆیشتم. ئێستا ئەو لاپەڕەیەم لایە و بەجۆرە زمان و جۆرە پیتێک نووسراوە هەرکەسە و بەجۆرێک دەیخوێنێتەوە تەنیا من هیچی لێ تێناگەم».(١٥)

نووسەر لەم چیرۆکەدا گوزارشت لە شوێنێک دەکات. کە ڕاستی لە واقیعدا نییە و ناتوانین بڵێین ئەم شوێنە فلانە شارە، یان فلانە گوندە. بەمەش ئەم چیرۆکە خۆی دەرباز دەکات لەوەی واقیع نیشانی ئێمە بداتەوە، بەڵکو شوێنێک نیشانی ئێمە دەدات کە لە خەیاڵماندا هەیە، جا ئەو شوێنە، شوێنی ئەوەیە سزای تێدا نییە. یەکتر سڕینەوە و کوشتنی تێدا نییە. دەتوانین ببینە پاڵەوان و مەعشوقەکەی شاجوان و شاژنەکان. دەستیان لێ بدەین و بیانکەینە مەعشوقەکەی خۆمان. ئەم شوێنەش تەنیا لە خەیاڵی مرۆڤدا هەیە، کە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن دروستی بکەن و تێیدا بژین، یان ڕۆژێک لەم شوێنەدا بە خەیاڵ ژیاون، بۆیە ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی ناوچەیی و گەلێک نییە بە تەنیا، بەڵکو چیرۆکێکە هی مرۆڤایەتییە بەگشتی و بە تەنیا مرۆڤێکەوە وابەستە نییە، بەڵکو ئەم چیرۆکە بەشێکە لە خەیاڵی مرۆڤ و خەیاڵی مرۆڤیش بەشێکە لەم چیرۆکە.

خو ئەگەر هاتو ئەم چیرۆکە وەرگێڕدرایە سەر زمانێکی تر، ئەوە وەرگێڕ تووشی کێشە نابێت کە شتی وا تایبەتی تێدا بێت و نامۆ بێت بەخوێنەری ئەو زمانە، هەر بۆیە ئەم چیرۆکە بێ وەرگێڕان سنووری کوردستانی بڕیوە و دەچێتە هەموو شوێنێک کە ئەویش خەیاڵی مرۆڤەکانە.

## کات لە چیرۆکدا

کات ڕێکخەری ڕووداوە و ڕووداو بەهۆی کاتەوە خۆی تەواو دەکات، ئێمە ناتوانین ڕووداو و کات لە یەکتر جیا بکەینەوە. کات لە زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکاندا، زۆر بایەخی پێدراوە. هەروەک چۆن تۆلستۆی لە (شەڕ و ئاشتی)دا کە باسی نەوەکان و زەمەنە جیاوازەکان دەکات(١٦).

(سامۆیل ئەلیکسەندەر) دەربارەی چەمکی کات قسە دەکات و دابەشی سەر دوو جۆری دەکات، ئەوانیش کاتی سروشتی و کاتی عەقڵییە. چیرۆک هەیە بە مانا سروشتی و واقیعییەکەی، کات بەکاردەهێنێ، بەڵام چیرۆک هەیە زیاتر ڕوو لە کاتی عەقڵی دەنێت. کە پێوەندییەکی گەورەی بە خەیاڵەوە هەیە.(١٧)

فۆرستر ڕای وایە کە «چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو کە بە گوێرەی کات ڕێک خراوە».(١٨)، بەڵام ئەم ڕایەی فۆرستر، هەروەک ڕایەک

دەمــێنێــتــەوە، چونکە ئەم چیــرۆکــەی بەردەســتــمــان ڕووداوەکان بەپێی کات ڕێک نەخراون و هیچ پەیوەست نین بە ڕێکخـســتنی کــاتەوە. ئەوەندە هەیە ئەوەی لەم چیــرۆکــەدا وەک کــات بەکــاربراوە، زیاتر کــاتی زەینی (عـەقـڵی)یە، تا لەوەی کـاتی سروشـتی بێت. ئەوکـاتە سروشـتییـەش کە هەیە دەروازەیەکە بۆ واڵا بوونی کاتی زەینی و عـەقـڵی کـە وەک توخـمـێکی بنەڕەتی ئامـادەیی لەم چیرۆکەدا هەیە.

ئێـمە باسی جیـاوازی شـوێنەکـانمان کـرد، لە ناوەرۆکی ئەم چیـرۆکـەدا وەک چۆن شـوێنەکـان جـیـاوازن، کـات و زەمـەنیش جیـاوازە. لەجـیـهـانی واقـیـعـدا کـە پاڵەوان هێـشــتــا لەبەردەم دوکــانەکــەدایە، کــاتێک هەیە کــە (سروشـتـیـیە) ئەو پلەبەندییـەی هەیە، کـە لە واقـیـعی ژیاندا هەیە، بەڵام کاتێک پاڵەوان دەچێتە شوێنی دووەم کە جیـهـانی ناو کتێبەکەیە، کات گۆڕانی بەسەردا دێت. بەجـۆرێک کە هەر لاپەڕە و ڕووداوێکە و هەر لاپەڕەیەک تەعبیر لەکات و زەمەنێکی جیاواز دەکات، کە ساڵەکان بەهەڵدانەوەی لاپەڕەیەک چەندین ساڵ دەڕوات و پاڵەوان لە شوێنێکی تر خۆی دەدۆزێتەوە.

«گەیشتبووە لاپەڕە چوارسەد و چل و دوو، فەروقلیقا زوو زوو دەیگوت: بەڕاســتی تۆ پاشــا و پاڵەوانی ژێر دەریاکانی». (١٩)

ئەمـەش یەکـێکە لە ڕەگـەزە سـەرەکـیـیـەکـانی (کـاتی خەیاڵی)، چونکە ئێمە بە خەیاڵ دەتوانین بۆ مـاوەی سەد سـاڵ بڕۆینە دواوە، یـان بە پێـچـەوانەوە. ئەم وابەسـتـە نەبوونەی نووسـەر بە کـاتی سـروشـتـیـیـەوە وای کـردووە ئازادتـر و سـەربەخـۆتر پاڵەوان ببـاتە شـوێن و سـاڵ و زەمـــەنی جــیـــا جـــیـــاوە. بەبێ ئەوەی لە ڕەخنەی ڕەخنەگرانێک بترسێ کە لەم چیرۆکەدا بە کاتی سروشتی سەیری کات بکەن.

«گوتم چەند ساڵە لەوێ دەژی، تێیان گەیاندم کە پێنج ســەدو هەشـتــاو یەک ســاڵی تەواوە. چ ببــینم من گەیشتوومە لاپەڕە پێنج سەد و هەشتاو یەک» (٢٠)

یەکـێکی تر لەو یارییــانەی نووســەر لەم چیــرۆکــەدا بەکاتی دەکات، ئەوەیە لە جیهـانی دەرەوەی کتێبەکەدا، کـە کـاتی سـروشـتی هەیە و پاڵەوان چاوەڕێی داخسـتنی دوکـانەکە دەکـات، ئەم کاتە زۆر کـەمـە و لەگەڵ ئەوکـاتەی پاڵەوان لەناو جیهـانی کتێبەکەدا بەسەری دەبات بەراورد ناکرێت. ئەمـەش وەک (اسراء معـراج) وەهایە، پاڵەوان لەناو جیـهـانی کـتێبەکـەدا، چەندین سـەدە و چەندین سـاڵ تێدەپەڕێنێت و چەندین ڕووداوی سەیروسەمەرە ئەزموون دەکات، بێ ئەوەی لە ڕووی بایۆلۆژییـەوە گۆڕانی بەسەردا بێت، خـۆ کـاتێکیش بۆ نـاو واقـیـعی خـۆی دەگـەڕێتـەوە، هەمـان کـەسـە بەڵام جلەکـانی گـۆڕانی بەسەرداهاتووە، کە دێتـەوە کاتـەکە زۆر کـەمـە، کە هەمـووی نەچۆتە یـەک شـەو و یەک ڕۆژی تەواو، بەڵام لە جیـهـانی کـتێبەکـەدا، وەک گوتمان چەندین ساڵ و زەمەن تێدەپەڕێ.

ئەم کـــات شـکـێنیـــیـــە لای نووســـەر، جـــۆرێکە لـەو نەریتـەتازانەی ئەمـڕۆ چیرۆک لەدنیـادا بەخـۆیەوە دەبینێ، بە بەرانبـەر بە چیرۆکی کوردییش تازەگـەرییـەکی ناوازەیە کـە لە چیــرۆکی کـوردیدا بەدی دەکـرێت و نووســەر زیـاتر (کـاتی خەیـاڵی) بەکـاردەهێنێت و بەکـاتی سـروشـتـییـەوە پەیوەست نییـە. ئەمـەش هەمـووی لەوەوە دێت کە جیـهـانی ئەم چیرۆکە زۆر لە جیهـانی واقیعی ژیانی ئێمە جیاوازە.

**ڕووداو لە چیرۆکدا**

ڕووداو لە چیرۆکدا زۆر جیـاوازە لە ڕووداو لە ڕۆماندا. هەروەک تـیــشــارلتن دەڵـێت: «چیـــرۆکی درێژ بـوارێکی فـــراوانی لەبەردەمـــــە کـــــە کـــــارەکـــــان بە هەمـــــوو وردەکـارییـەکـانییـەوە نیـشـان بدات، بەڵام چیـرۆک دەبێت لەو ماوەیەدا بتوانێت ڕووداوەکان نیشان بدات»، (٢١)

بۆیە چیــرۆکنووس زۆرجـار ناچارە ڕووداوێک بهـێنێت کە نیوەیە و نیـوەکەی تری دەکەوێتە دەرەوەی چیرۆکەکە. دەتوانین بڵێین چیرۆک لە بنەڕەتدا ڕووداوێکە، بەڵام ئایا هەمـوو ڕووداوێـک چیـرۆکە؟ ئایا چیـرۆکـێـتی ڕووداوێک لەکـوێدا لە جـۆرەکـانی تری ڕووداو جـیـا دەبێـتـەوە؟ د. عــزەدین ئیـــســمـــاعـــیل دەڵێت: «ڕووداوی هونەری ئەو زنجـیــــرە هەڵکـەوتـانەی کــە بە گـــێـــڕانەوەیەکی هونەری گـــێـــڕدراونەتەوە و چوارچێـــوەیەکی تـایبــەت لەخـــۆی دەگـــرێت». (٢٢) واتـە گـــێـــڕانەوەی هونەریی مـــەرجی سەرەکی بوونە چیـرۆکە لە ڕووداوێکدا، چونکە بە تەنیـا بوونی توخـمـەکـان بەس نین بۆ ئەوەی ڕووداوێک بکـەنە چیرۆک، بەڵکو ئەوە وەسـتـایی و زانایییەی چیرۆکنووسە کـە لە شـێـوازی گـێـڕانەوەدا لە ڕووداوێکی ئاسـاییـدا چیرۆکێکی گەورە دەخوڵقێنێت.

ڕووداوی ئەم چیرۆکە، ڕووداوێکی سەیرە، کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە یەکەم جار بە ویستی خۆی بەرەو جیهانی ناو کـتـێـبـەکـە دەڕوات، بەڵام کـاتێک دەڕوات، بێ ئاگـا لە

خۆی، بەشێکە لە حیکایەتێکی تەواو نەبوو. ئێمە وەک خوێنەر لە ڕێگەی پاڵەوان (ڕامسن) دەزانین کە (دێوس) دواتر هەمـان پاڵەوان و گـێـڕەرەوەی ئەم چیـرۆکـەیە، مـــێـــژوویەکی لەو ڕووداوەدا هەیە. ئەوە هیچ کـــە ڕووداوێکی دیکە هەیە کــــە ئەویش ئەو ڕووداوەیە گێڕەرەوە دەیەوێت بڕوات و واقیـعی ژیانی خۆی بەجێ بهـێـڵـێ، بەڵام ڕووداوی دووەم، ڕووداوێکە کـە پڕە لە سوارچاکی و عەشق و خۆشەویستی.

ڕووداوی دووەم، ڕووداوی ناو کەشتییەکە کە گێڕەرەوە دەبێتە (دێوسە) کە پێشتر هاتۆتە ناو ئەو کەشتییە و مەعشوقەی کاپتنی ئەو کەشتییەی بەناوی (فەروقلیقا) فڕاندووە کە مـەعـشـوقـەی (ڕامسن)ە، دواتر دەبێتـە شەڕیان و (ڕامسن) دەیەوێت (دێوس) بکوژێت، چونکە دەترسێ دەزگیرانەکەی داگیر بکات:

«ئەوە دێوسی شـەڕکـەر و جـادووبازە، ئەوەتا شـیـر لە هەوادا ڕادەگرێت. ئەو زۆڵە ژنەکانی شار و ناو لەشکری هەمـووی عـەشـقی خۆی کـردووە» . (٢٣) خـاڵی تێڕامـان ئەوەیە گـێـڕەرەوە لەناو خـۆیدا ئـەوە بەخـۆی دەڵێت، کـە ڕاسـتـە مـن حـەزی ئەوەم هەبووە ڕۆژێـک ببـمـە پاڵەوانی خـەیاڵی ژنەکـان، بەڵام (من) و (دێوس) زۆر لەیەکـتـر جیاوازین و ئەو (دێوسە) و من نیم:

«ویسـتم بڵـێم مـن دانیـشـتـووانی ڕاسـتـەقـینەی ئەو کـــەشـــتـــیـــیـــە نیم. هەروا ڕاگــوزاری بەو لاپەڕانەدا تێدەپەڕم.» ، (٢٤)

کاتێک (فەروقلیقا) باسی یادگاری خۆی و (دێوسە) دەکـات گێـڕەرەوەی چیرۆک، ئەوەی لەبیر دەچێتـەوە کـە (دێوسە) نییـە، بۆیە خۆی لێدەبێت بە ئەو، حەز دەکات ئەو حـیـکایەتە تەواو نەبێت: «خـودایە چەند خـۆشـە ئەو لاپەڕەیە ئەبەدی بێت» . (٢٥)

ئەم ڕسـتـەیە کـاتێک دەڵێت کـە (فـەروقـلیـقـا) پێی دەڵێت: «ئەوان هێزیان لە بازوویاندایە. ئەوان هێزیان لە جنس و زەکــەریاندایە، ئەوان هێــزیان لە هەناســـە و نەفەسیاندایە، بەڵام تۆ هێزت لەو چاوانەتدایە» (٢٦)

دواتر گـــێـــڕەرەوە و (دێوس) تـەواو تـێکەڵ دەبن و گێڕەرەوە ئیـتر خوێنەرێکی سەرپێی و کەسێک نییـە لە دەرەوەی ئەو ڕووداوەدا شـتـەکـان بۆ ئێـمـە بگێـڕێتـەوە، بەڵکو خۆی بەشێکە لە حیکایەتەکە و وەک پاڵەوانێکی ئەو حیکایەتە سەربردەکانی خۆی دەست پێدەکات.

پاشـان (دێوس) بە دیلی دەگـیـرێت و لە قـەفـەزێکدا زیندانی دەکەن و (فەروقلیقا)ش بە بەرچاوی ئەوەوە ماچ دەداتە پیـاوانی سـەرکـەشـتـیـیـەکـە، ئەمـەش لەپێناوی خۆشـەویسـتـەکـەیدا دەکـات و دواتر، شـمـشـێـرێک لەو گـوریسـەی دەدات کـە قـەفـەزەکـەی پێ هەڵواسـراوە و (دێوس) دەکـەوێتـە ناو ئاوەوە. دواتر (فـەروقلیـقـا)ش خـــۆی داوێتـــە ناو ئاوەکـــەوە و (دێوس) دەباتە ناو ئەشکەوتێکەوە و ڕزگاری دەکات.

پاشان لەگەڵ (فەروقلیقا) دەڕۆنە ناو کۆشک و باخچە و مـاڵێکەوە و وەک دوو عـاشق، تێکەڵی یەکـتـر دەبن و هەنـاســـــە تـێـکەڵ دەکـــــەن، بـەڵام دواتر (دێـوس)، (فـەروقلیـقا) بەجێ دەهێڵێت و دەڕواتە ناو جیـهـانێکی تر. کـە ئەو جـیـــهـــانە بە لاپەڕەی شـــیـــعـــر ناودەبات، جیـهـانێکە شـتـەکـان پڕن لە مـانا و خـۆشـەویسـتـیـیـەک بەرقـەرارە پڕە لە ژیان دۆسـتی و پڕە لە جـوانی، ئەمـەش خاڵی وەرگەڕانی (دێوسە) کە لەنێـوان حیکایەتەکان و ڕووداوەکـاندا وەک بـایەکی سـەرشـێت بەناو دنیـاکـاندا گوزەر دەکات و لە هیچ دنیایەکدا نووچ نادات.

بەهۆی سیحری گێڕانەوەکەوە، گێڕەرەوە ناچارە دنیاکان بەجێ بهـێڵێت، هەتا بتوانێت ببێتە گێـڕەرەوە، چونکە وەک پێـشـتـر باسـمـان کـرد، ئەو حـەزی هەبوو ئیـتـر لە دنیـایەکـدا بژیت و واز لەو گـەڕان و سـووڕانە بهـێنێت، بەڵام گـێـڕەرەوە کـوشـتـەی دەسـتی نووسـەرە و وەک چاوی نووسەر ناچارە وەک ڕاگوزەرێک وابێت.

ئەگەر هاتو وازی لەم کارە هێنا، ئەوە نابێتە گێڕەرەوە، وەک کـارەکـتـەرێک لە سووچێکی ئەم چیـرۆکـەدا قـسـەی خـۆی دەکـات و بزر دەبێت، بەم بزر بوونەش چیـرۆکـەکـە کـۆتایی پێـدێت، بەڵام نووسـەر ناهـێـڵـێت گـێـڕەرەوە لە دنیـایەکـدا دابنیـشـێت و شـوێن حـەزی خـۆی بکەوێت، بەڵکو دەیکاتە چاو و دەلیلی خـۆی بۆ نیـــشـــانـدان و وێنەگرتنی ئەو دنیایانەی لەم چیرۆکەدا ئامادەییان هەیە.

دوا ڕووداوێک لەم چیرۆکەدا کە کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێت ئەوەیە، نووسـەر لە ڕێگەی کـارەکـتـەرێکەوە، خەیاڵی پاڵەوان دەکوژێنێتەوە و پاڵەوان دەهێنێتەوە ناو واقـیـــعـی ژیانی خـۆی و بەردەم دوکـانەکـە و بەمـــەش چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

لە ڕاسـتـیـدا ئەم چیـرۆکـە، بە زۆری ڕووداو و ئەو دنیـایانەی کـە هەیەتی، ڕۆمـانێکی لە هەناوی خـۆیدا هەڵگرتووە، نووسەر زۆر لێزانانە لە فۆرمی ئەم چیرۆکەدا بۆمـانی بەیان دەکـات، ئەگـەرنا ئەم چیـرۆکـە بۆ خـۆی

ڕۆمانێکە. ڕاستە بەرِستە و بە قەبارە بچووکە، بەڵام خوێنەر هێندە قووڵ دەکاتەوە، هەست دەکات لە سەیری فیلمێکی زۆر دوورودرێژ هاتۆتەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە ئەم چیرۆکە زۆر چڕ و پوخت ڕووداوەکان بەناویەکدا بچێ و پێویستی بە وردی و خوێندنەوەیەکی قووڵ هەبێ.

## کارەکتەر لە چیرۆکدا

لە چیرۆکی نوێدا، مەرج نییە کارەکتەر هەمیشە پاڵەوان و سوارچاک بێت، بەڵکو کەسانی ئاسایی و سادە هاتنە ناو چیرۆکەوە. بە پێچەوانەی چیرۆکنووسانی عەرەب کە زیاتر شانازییەکانی خۆیان دەبردە ناو چیرۆکەکانیانەوە. (٢٧) بەدەر لەمە بوونی کارەکتەر بە باش و خراپەوە، پێوەندییەکی گەورەی بە چیرۆک و ڕووداوەکانییەوە هەیە. «کارەکتەر بەپێی ئامادەبوونیان لەناو ڕووداوەکاندا دەکرێن بەکارەکتەرە سەرەکییەکان و کارەکتەرە لاوەکییەکان، کارەکتەرە سەرەکییەکان ئەرکی هەڵسووڕانی ڕووداوەکان و بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دەکەوێتە سەر» . (٢٨)

هەروەها کارەکتەرەکان کاتێک دەکەونە ناو ململانێ و پێوەندییەوە ڕووداو دروست دەبێت و ڕەوتی چیرۆکەکە بەرەو پێش دەبەن. زۆربەی چیرۆکنووسەکان لەناو کارەکتەرەکاندا سیفەتێک زاڵ دەکەن کە پێوەندی بە کۆی چیرۆکەکەوە هەیە و هەر کارەکتەرێک گرنگی و قورسایی خۆی بۆ سەر چیرۆکەکە هەیە، واتە چیرۆک بەسەر توخمەکان و تەکنیکەکانیدا دابەش دەبێت و هەر بەشە و لایەک وێنەیەکی نیشان دەدەن. (٢٩) پاڵەوان، یان کارەکتەر لەم چیرۆکەدا بریتین لە (منی گێڕەرەوە - دێوس- کابرای دوکاندار- ڕامسن- سالاری خۆش نیشان- فەروقلیقا) لەگەڵ چەند کارەکتەرێکی لاوەکی کە لە جیهانی ناو واقیعی پاڵەوان و ناو کتێبەکە هەن و کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە. وەک پاڵەوانی مامۆستایانی سەرەتایی گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە. کە چۆن گێڕەرەوەیان ئەزیەت داوە و سزایان داوە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە، پاڵەوانی گێڕەرەوە کە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) دەست پێدەکات. لەگەڵ (دێوس) کە هەمان منی گێڕەرەوەیە، بەڵام لە دووتوێی جیهانی کتێبەکەدا. (من)ی گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا کە لە ژیانی واقیعی خۆی دەژیت، کەسێکە بە خەون و خۆزگە دەژیت و لە واقیعدا هیچ هەوڵدانێکی نییە. بۆ ئەوەی خەیاڵەکانی بکاتە واقیع، بەڵام لەناو جیهانی کتێبەکەدا، کە زیاتر جیهانی خەیاڵییە، پاڵەوان سەرەتا ترسی ئەم دیوی تێدا ماوە و دەیەوێت بڕواتە دەرەوەی چیرۆکەکە، بەڵام دواتر دەبێتە (دێوس) کە پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە و (فەروقلیقا)ی ڕفاندووە. کە مەعشوقەی (ڕامسن)ە و (ڕامسن)یشی زامدار کردووە.

کاتێک لە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ڕادەمێنین. ئێمە لە یەک پاڵەواندا ڕووبەڕووی دوو کەسایەتی دەبینەوە، یەکەمیان لەواقیعدا دەژیت و دووەمیان لەخەیاڵدا (کتێبەکە). یەکەمیان شەرمنە و ترسی لە شتەکان هەیە و ناتوانێت ڕازی دڵی خۆی بەکەسەکانی دەوروبەری بڵێت و بە ئاشکرا نیازەکانی خۆی بدرکێنێت:

«من لاپەڕەکەی لەکاتی فڕێدانمدا بەدەستمەوە هاتبوو لەبن باڵم شاردمەوە و ڕۆیشتم» (٣٠). هەروەها نووسەر دەڵێت: «لەو سەری شەقامەکەوە دەڕوانم بزانم ئەو دوکانەی ئەو کتێبەی لێیە کراوەتەوە، بزانم بەردەمەکەی قەڵەباڵغە، یان نا.» (٣١)

کاتێکیش پاڵەوان دەبێتە (دێوس) هەمان شەرم و ترس لەگەڵ خۆی دەبات و ناتوانێت بە ئازادی لەو دنیایەدا ڕازەکانی خۆی بەیان بکات: «ویستم بڵێم من دانیشتوانی ڕاستەقینەی ئەو کەشتیە نیم» (٣٢)

لێرەدا وشەی (ویستم) وشەیەکە ئاماژەیە بۆ هەمان کەسایەتی و هەمان ترس و دوودڵی کە منی گێڕەرەوە هەیەتی، یان لە شوێنێکی تر دەڵێت: «ویستم خۆم بکەم بە کوڕی ئەو» (٣٣) بوونی ئەم وشەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو قسەیە وەک دیالۆگ نەگوتراوە، بەڵکو هەر مەنەلۆگێکە کە پاڵەوان لە ناخی خۆیدا ئەنجامی دەدات.

ئەم ترس و شەرمە، هەر لەم چیرۆکەدا نییە. زۆربەی پاڵەوانانی چیرۆکی کوردی شەرم و ترسێکیان تێدایە، کە ئەمەش بۆ چیرۆکنووسەکان دەگەڕێتەوە، کە خۆیان بەرەی کائینێکی کۆمەڵایەتین و سەر بە ژینگەیەکی دیاریکراون، کاتێکیش کارەکتەرێک سازدەکەن هەمان ئەخلاقیات و ئایدیۆلۆژیای نووسەر لەناخی ئەو کارەکتەرانەدا ڕەنگ دەداتەوە، واتە کارەکتەر هەتا ئێستا مەحکومە بە ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی نووسەرەوە. چیرۆکنووسان تاڕادەیەک نەیانتوانیوە خۆیان وەک

چیرۆکنووس و خۆیان وەک تاکێکی کۆمەڵ لەیەکتر جیا بکەنەوە، بۆیە کارەکتەرەکانیش هەمیشە سەر بە ژینگە و واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمانن.

### زمان لە چیرۆکدا

زمان کۆڵەگەیەکی پتەوە بۆ چیرۆک و تاکە کەرەستەیەکە لەبەردەستمدا، واتە چیرۆک هێز و سیحری لە زمانەکەیدایە، ئەو زمانە وا دەکات کە چیرۆکێک باش بڕوات و خوێنەر وابەستە بکات بە خۆیەوە، ئەمەش بەوە دەبێت چیرۆکنووس توانای ئەوەی هەبێت کە لەزمانی ئاسایی بڕواتە دەر و بۆ گەیاندنی پەیامەکەی زیاتر زمانێکی شیعری بەکار بەرێت «پێم وایە چیرۆک دەبێت پشت بە زمانی شیعری ببەستێت، یەکێک لەو توخمانەی من لە چیرۆکدا بەدوایدا عەودالم، وێنەی شیعرییە. چیرۆکنووسی کارامە گەلێک جار بە زمانی شیعری دەنووسێت و دەزانێت لەسەر زاری کام کارەکتەر، ئەو وێنە شیعرییانە دەردەبڕێت». (٣٤)

تەنانەت زۆرجار بەهۆی جیاوازی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا وای کردووە ڕەگەزە ئەدەبییە جیاوازەکان دروست بن و بێنە ئاراوە. زمانی چاک و پتەو و پوخت جوانتر وێنە و ڕووداو و شتەکان لە زەینی خوێنەردا حازر دەکات و زمانی شکاویش شتەکان بە شکاوی و نیوە ناچڵی نیشان دەدات، بۆیە زمان ڕووتەختی نیشاندانی توخمەکانی ترە و توخمەکانی تر لە ڕێگەی زمانەوە جارێکی تر خۆیان بەدەردەخەن و دەبنە ڕەگەز و بنەما لە چیرۆکدا.

توخمی زمان لەم چیرۆکەدا بۆ دوو زمانی جیاواز دابەش دەبێت کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هەیەتی، زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەنەلۆگانەی پاڵەوان لەگەڵ خۆیدا بەکاری دەهێنێ، کە ئەمەیان زۆر لە زمانی دووەم جیاوازە کە پاڵەوان لەگەڵ کارەکتەرەکانی تردا بەکاری دەهێنێ. کە ئەمیشیان دیالۆگە.

واتە زمانی مەنەلۆگ و زمانی دیالۆگ هەیە، کە هەردووکیان لەیەک گەڕووەوە دەردەچن، بەڵام لەبەر جیاوازی فەزایان، زمانەکەش جیاواز دەبێتەوە کە هەمان پاڵەوان بەکاری دەهێنێ. لە مەنەلۆگەکاندا زمانی پاڵەوان تاڕادەیەک زمانێکی شیعرییە و زیاتر ئازادی پێوە دیارە و پاڵەوان بێ سڵەمینەوە نیازەکانی خۆی وەک مەنەلۆگ بۆ خوێنەر بەیان دەکات:

«من عاشقی کتێبێک بووم، جا چ هەیە لە کتێبێک شیرنتر. هەم ژنە و هەم خواردنەوە و هەم ماڵ و حاڵ». (٣٥) لەم مەنەلۆگە ناڕاستەوخۆیەدا پاڵەوان ترسی نییە لەوەی ئەم قسانە تووشی سەرئێشەی بکەن، بۆیە بە ئازادی و شیعرییانە مەبەستەکانی خۆی دەڵێت: «دایکێک لە سپێدەیەکدا لەگەڵ ئاونگی بەیانی ڕەوییەوە، کۆمەڵێک ماڵی منداڵی لە گەڕەکێکدا بەجێمان، چەند هاوڕێیەک هەریەکەیان لە شێوەی پیتێکدا مردووە، کچێک لەفزی مەلایەک لێی ستاندومەوە....» (٣٦)

ئەم ئازادی و شیعرییەتەی لەم زمانەدا هەیە بۆ هونەری مەنەلۆگ دەگەڕێتەوە، ئەوەی لە مەنەلۆگدا ئامادەیی هەیە، تەنیا خوێنەرە، خوێنەریش جێگەی مەبەستی پاڵەوانە. هەتا دیوی دەرەوە و ناوەوەی پاڵەوان ئاگادار بێت. ئەم زمانە لێرەدا کە بە ئازادی هەیە. ئەوەیە کە کەسانی تری ناو چیرۆکەکە ئامادەییان نییە، بۆیە زمانەکە زۆ فراوانە و هەموو مەبەستەکانی پاڵەوان دەگرێتە باوەش، بەڵام زمانی دووەم کە لەدیالۆگەکاندا بەکاربراوە، جیاوازی هەیە و زیاتر زمانێکی ئاساییە وەک لەوەی شیعری، یان فراوان بێت:

«- ئەوەتا، ئەو هەتیوە خەیانەتکارە، هات بۆ کۆشکی ڕەش یەکێکی دیکەیان پرسی:

- ها پاڵەوانی دەریاکان بۆ بەندکراوی؟» (٣٧)

ئەگەر سەیر بکەین لێرەدا ئەوەی دیالۆگە، زمانەکەی جیاوازە، چونکە پاڵەوان ڕوو بە ڕووی کارەکتەری تر دەبێتەوە، بۆیە ناچارە بە سادەیی شتەکانی خۆی بڵێت.

یەکێکی تر لەو شتانەی وەک زمان لەم چیرۆکەدا هەیە، بەکارهێنانی کۆمەڵە ناوێک و کۆمەڵە شتانێکن کە لە واقیعدا نین و نووسەر بەهۆی ئەو دنیا خەیاڵئامێزەی خوڵقاندوویەتی، ناچارە کۆمەڵێک ناو و کۆمەڵێک کەرەستەی سەیروسەمەرە بەکاربهێنێت. هەر لە ناوی پاڵەوانەکانەوە وەک: (فەروقلیقا- ڕامسن- دیۆس). هەتا ناوی کۆمەڵە گیایەک کە لە واقیعدا نین، وەک «دەنکە شانی ڕەش، تۆوی گوڵە سبلین - ڕەگی گیای ڤالین - ڕوحی سوژ چاوی دار سین- هێلکەی داسنی مۆر- دڵۆپە مرواری ڕەش و خەپڵەی شلۆ» (٣٨)

کە ئەم هەموو ناوانە کۆمەڵە ناوێکی نامۆن بە دنیای واقیعی کۆن و ئەو گیایانەش لە واقیعدا بوونیان نییە، بەڵام لەم چیرۆکەدا بەهۆی زمانەوە ئەو شتانە

خولّقێنراون، ئەمەش لایەنێکی باشی ئەم چیرۆکەیە، کە دنیـا و فـەزاکـەی جیـاوازە، هەر بۆیە ناو و زمـانەکـەشی بەجیاوازی کەوتۆتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- دراسات في القصـة العربيـة الحـديثـة، د. مـحـمـد زغلول سلام، الناشر منشاة المعادن بالاسكندرية، ص١.**

**٢- بنیـاتی گێـڕانەوە لە داسـتـانی (مـەم و زین)ی ئەحـمـەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقـارە سپییەکان)ی بەختیـار عەلیدا، سـەنگەر قـادر شـێخ مـحـەمـەد حـاجی، دەزگـای توێژینەوە و بڵاوکـردنەوەی مـوکـریـانی، چاپی یەکـەم، هەولێـر سـاڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ١٩٧.**

**٣- دراسات في القصة العربية الحديثة، ص٧.**

**٤- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، جەبار جەمال غەریب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤٣) ساڵی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٢١.**

**٥- س. پ. لاپەڕە ١٥.**

**٦- س. پ. لاپەڕە ١٨.**

**٧- س. پ. لاپەڕە ٢٢.**

**٨- بنیـاتی گێـڕانەوە لە داسـتـانی (مـەم و زین)ی ئەحـمـەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقـارە سپییەکان)ی بەختیـار عەلیدا، لاپەڕە ١٣٣.**

**٩- بنیـاتی جـۆرەکـانی ڕووداو لە ڕۆمـانی کـوردی باشـووری کوردستان، ڕێژان عوسمان مستەفا، نامەی ماستەر، لاپەڕە ٣٣.**

**١٠- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، ڕامان، لاپەڕە ١٦.**

**١١- س. پ. لاپەڕە ١٦.**

**١٢- س. پ. لاپەڕە ١٦.**

**١٣- س. پ. لاپەڕە ١٨.**

**١٤- س. پ. لاپەڕە ٢٥.**

**١٥- س. پ. لاپەڕە ٢٥.**

**١٦- بڕوانە: دراسات في القصة العربية الحديثة، ص١٤.**

**١٧- بڕوانە: بنیـاتی گـێـڕانەوە لە داسـتـانی (مـەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقـارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، لاپەڕە ١١٠.**

**١٨- بنیـاتی جۆرەکـانی ڕووداو لە ڕۆمـانی کـوردی باشـووری کوردستان، لاپەڕە ٣١.**

**١٩- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، ڕامان، لاپەڕە ٢٣.**

**٢٠- س. پ. لاپەڕە ٢٥.**

**٢١- دراسات في القصة العربية الحديثة، ص١١.**

**٢٢- بنیـاتی گێڕانەوە لە داسـتـانی (مەم و زین)ی ئەحـمـەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقـارە سپییەکان)ی بەختیار عەلیدا، لاپەڕە ١٥٣.**

**٢٣- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، ڕامان، لاپەڕە ٢٠.**

**٢٤- س. پ. لاپەڕە ١٩.**

**٢٥- س. پ. لاپەڕە ٢٠.**

**٢٦- س. پ. لاپەڕە ٢٠.**

**٢٧- بڕوانە: الرواية في العـراق، د. يوسف عـزالدين، مـعـهـد البحوث والدراسات العربية. سنة ١٩٧٣، ص٤٨.**

**٢٨- بنیـاتی گێڕانەوە لە داسـتـانی (مەم و زین)ی ئەحـمـەدی خانی و... لاپەڕە ١٧٤.**

**٢٩- بڕوانە: دراسات في القصة العربية الحديثة، ص١٤.**

**٣٠- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، ڕامان، لاپەڕە ٢٥.**

**٣١- س. پ. لاپەڕە ١٥.**

**٣٢- س. پ. لاپەڕە ١٩.**

**٣٣- س. پ. لاپەڕە ٢٥.**

**٣٤- هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥، لاپەڕە ٥٠.**

**٣٥- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان، ڕامان، لاپەڕە ١٥.**

**٣٦- س. پ. لاپەڕە ١٦.**

**٣٧- س. پ. لاپەڕە ٢٢.**

**٣٨- س. پ. لاپەڕە ١٨.**

# ڕەگەزی "ناوونیشان" لە چیرۆکی نوێی کوردیدا

ئارام سدیق
(سلێمانی)

(٢ –٢)

### تێکشکاندنی "ناوونیشان" لە وێنە و ئاوێنەکانی عەتا محەمەددا

پێشتر باسم لە گەمەکانی عەتا محەمەد لە ناوونیشاندا کرد، کە چۆن دەیەوێت لە ڕێی ناوونیشانەوە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ڕابکێشێت، یان بەبێ ناوونیشان خوێنەر نەتوانێ لە چیرۆکەکانی تێبگات، بەڵام عەتا لە (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان)(٣٢)دا لە ڕێی لێکچوونی ناوونیشانەکانەوە گەمەکە پێچەوانە دەکاتەوە بەوەی هەر دە چیرۆکەکەی نێو ئەو کتێبە ناوی (وێنە و ئاوێنە)یە و تەنیا بە ژمارە جیاکراونەتەوە. عەتا لە ڕێی ئەو لێکچوونەوە سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکان ڕادەکێشێت و لەوێوە خوێنەر ئازاد دەکات کە چ ناوونیشانێک بۆ تێکستەکەی هەڵبژێرێت، بەدەر لەو ناوونیشانەی کە نووسەر هەڵیبژاردووە، یان خوێنەر چۆن لەو تێکستە تێدەگات. بێ گومان پێویستە ئەوەش بخەمەڕوو کە هەر دە چیرۆکەکەی نێو کتێبی (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان) هێڵێکی ئاسۆیی بە یەکدییەوە دەیانبەستێتەوە کە گەمەکردنی چیرۆکنووسە لەنێوان دووانەی "وێنە و ئاوێنە"دا.

نووسەر لەو کتێبەدا دەیەوێت کۆی سیستمی "ناوونیشان" بخاتە ژێر پرسیارەوە، یان دەتوانین بڵێین ئەم هەوڵەی عەتا بۆ تێک شکاندنی ئەو لە قاڵبدانەی ڕەگەزی ناوونیشان بەگشتی چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبییە بەتایبەتی، چونکە لێرەوە لەوە تێدەگەین کە عەتا لە تێکستدا بڕوای تەواوی بە بێ سنووری هەیە و ناکرێت ئەدەب لەژێر چەتری تەنیا پێناسەیەکدا، یان چەند پێناسەیەکدا کۆبکەینەوە. هەروەها وەک دەبینین چیرۆکنووس هەر دە چیرۆکەکەی نێو ئەم کتێبە لە ژێر یەک ناودا کۆدەکاتەوە، کە دواجار ناوونیشانی کتێبەکەش ناوونیشانێکی تایبەتە و پێوەندی بە پێشەکی نووسەر و پاشەکییەکەیەوە هەیە. ئەم کتێبەی عەتا بەبوونی ئەو پێشەکییە و کۆتاییەکەی کە دوو نووسینی سەربەخۆن و لە ڕووکەشدا پێوەندییان بە چیرۆکەکانەوە نییە، دەکرێت وەکو چیرۆکێکی ئەفسانەیی سەیری بکەین کە نووسەر خولقاندوویەتی، گومان لەسەر ناسنامەی کتێبەکە لە "کۆچیرۆک"ەوە بۆ "ڕۆمان" دروست دەکات، چونکە لەسەرەتا و کۆتایی کتێبەکەدا گرێدانەوەی چیرۆکێکی تر هەیە کە چیرۆکی سەرەکی نووسینی دە چیرۆکەکەی ترە، یان دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو ئەفسوونی وێنە و ئاوێنەکانی نێو چیرۆکەکان. هەر لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئەوەی هەستی پێدەکرێت بوونی ناوونیشانە لەناوونیشاندا کە لە چیرۆکی (وێنە و ئاوێنە- ٣-)دا ڕەنگدانەوەی هەیە و لەپاشاندا لەسەر ئەم بابەتە زیاتر دەوەستم.

هەڵبژاردنی ناوونیشانی (وێنە و ئاوێنە) لە ڕوانینێکی وردتردا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە لە پێکهاتەی هەر چیرۆکێکدا وێنەیەک بوونی هەیە کە لە



عەتا محەمەد

ئاوێنەیەکیشدا دەبینرێت، بەڵام جێگۆڕکێ بە وێنە و ئاوێنەکان کراوە، ئەمەش بەو مانایەی لە هەندێک چیرۆکدا بە دوای وێنە لە ئاوێنەدا دەگەڕێت، واتە هەندێک جار کردەکە پێچەوانە دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی ئاستەنگە لە هەڵبژاردنی ئەم "لێکچوونی ناوونیشانانە"دا ئەوەیە کاتێک توێژەرێک، یان ڕەخنەگرێت بیەوێت لەسەر چیرۆکێکی نێو ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بنووسێت تووشی ئاستەنگ دەبێت بەوەی جیاکردنەوەی چیرۆکەکان بۆ توێژەر سەخت دەبێت.

عەتا لە کۆچیرۆکی (زارەکانی خەون)یشدا هەمان گەمەی کردووە و لەو کتێبەشدا "پێشەکییەک" و "پاشبەند"ێک هەیە. کە سەرەتا و کۆتایی چیرۆکەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە. پێدەچێت ئەم گەمانەی عەتا لەنێوان ناوونیشان و نووسینی پێشەکی و پاشبەنددا لە کۆچیرۆکەکانیدا دەیکات بۆ نزیکبوونەوەی ئەو کتێبانە لە ڕۆمان بێت، یان گەمەیەکی هۆشیارانەیە بۆ داهێنانی مۆدێلێکی نوێ و تایبەت لەنێو چیرۆکی کوردیدا.

### ئاستەنگی "ناوونیشان" لای عەتا محەمەد

یەکێک لەو خاڵانەی دەبێتە هۆی جوانی "ناوونیشان" ئەوەیە کە کورتبڕی تێدابێت. بەڕای من ناوونیشانی درێژ چەند جوان و سەرنجڕاکێشیش بێت، درەنگ جێی خۆی لەنێو خوێنەردا دەکاتەوە، یان کەمتر لەسەر زاری خوێنەر دەمێنێتەوە. عەتا محەمەد یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی هەوڵی ئەوەی داوە لە بەکارهێنانی ناوونیشاندا کورتبڕبێت بۆ بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانی، بەڵام لە ڕۆمانەکانیدا هەست بە بوونی درێژی ناوونیشان و فرە ناوونیشانی دەکرێت. لە ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک)(٣٣)دا بەدەر لەم ناوونیشانە، ناوونیشانێکی تریش هەیە بەناوی (لەبەشە نادیارەکانی سەفەری دوایەمین نەوەی ئەفسانە). ئەمە بێجگە لەوەی کە لەنێو ڕۆمانەکەدا (١٥)بەش هەیە بێجگە لە پێشەکی و ئاکام. بوونی ئەم هەموو چیرۆک و ناوونیشانە پێدەچێت گەمەیەکی نووسەر بێت بۆ ئەوەی یەکێک لەناوونیشانەکان سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت تاکو پەیوەستی دەقەکە بێت، بەڵام دواجار ساغ نەبوونەوەی نووسەریش لەسەر ناوونیشانێکی سەرەکی بۆ ڕۆمانەکە، پێدەچێت تەنگژە و گرفتێک بێت بۆ ئەوەی خوێنەر و تێکست بەلاڕێدا ببات.

عەتا لە ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا)(٣٤) بەدەر لەو ناوونیشانە کە تاڕادەیەک درێژە، لەنێو ڕۆمانەکەدا (١٤) بەش و پێشەکییەک هەیە، کە بەشێک لەو ناوونیشانانە، ناوونیشانی درێژن و وەک (بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی بە دوای منداڵیدا دەگەڕێت)، (بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی لەناو پێوەندییە کانزاییەکاندا گیان دەدات)، (بەسەرهاتی ئەو شارەی لە چاوترووکانێکدا فەنا دەبێت). لەم سێ ڕستەیەی سەرەوەدا ئەوە دەبینین کە هەر سێکیان بە (بەسەرهاتی ئەو...) دەست پێدەکەن، ئەمەش بۆتە هۆی درێژکردنەوەی ناوونیشان، کە بەشێکی زۆر لەو (١٤) ناوونیشانە لە ناوونیشانی ڕۆمانەکە درێژترن. واتە دەکرا بە لابردنی (بەسەرهاتی ئەو...) لە هەر ڕستەیەکدا ناوونیشانی ئەو بەشانە کورتتر بکرایەتەوە تاکو جوانی تێکستەکە زیاتر دەربکەوتایە، کە عەتا نەیکردووە، یان نەیویستووە بیکات.

"گێلاسی خوێن"(٣٥) سێیەمین ڕۆمانی "عەتا محەمەد"ە. ناوونیشانی ئەم ڕۆمانە ناوونیشانی بەشێکە لە بەشە نووسراوەکانی کتێبەکە کە لە (٢٠) بەشی کورت پێکدێت و بەسەر دوو فەسڵی سەرەکیدا دابەش کراون. "گێلاسی خوێن" ناوی بەشێکی زۆر کورتە و بووەتە ناوونیشانی ڕۆمانەکە. ناوونیشانەکە لە ڕوانینێکی ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت. لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا تەبا نییە، چونکە "گێلاسی خوێن" ناوێکە تەنیا بۆ ئەو بەشەی ڕۆمانەکە، واتە ناوونیشان لەم ڕۆمانەدا نەیتوانیوە بۆ دەروازەی چوونە ژوورەوەی ڕۆمانەکە کلیل بێت، چونکە ڕۆمانەکە باس لە ململانێی مەرگ و ژیان دەکات و بابانەکان دەیانەوێت نەمری بەرجەستە بکەن. لێرەدا نامانەوێت ڕۆمانەکە بگێڕینەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئێمە بیخەینەڕوو قسەکردنە لەسەر ئاستەنگی "ناوونیشان" لەم ڕۆمانەدا.

گێلاسی خوێن ناوونیشانێکی شووشەیی و سەرنجڕاکێشە بۆ ناوی تێکست، بەڵام ئایا ئەو ناوونیشانە بۆ ناوی ئەو ڕۆمانە تا چەند گونجاوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دوای سێ جار خوێندنەوەی دەقەکە لام دروست بوو. من پێم وایە ئەو ناوونیشانە تا ئاستێک دەقەکەی کوشتووە، چونکە دەقەکە زۆر لە ناوونیشانەکە فرە ڕەهەندتر و تۆکمەتر و گەورەترە. بینای ڕۆمانەکە لەسەر گەڕانەوە بۆ مێژووی بابان و گەمەکردنە لەو مێژووەدا بۆ بەرجەستەکردنی "نەمری" و چەندین ڕەهەندی تر کە قسەکردن لەسەر کۆی ئەو ڕۆمانە بەم جۆرە و بەسەرپێیی ناکرێت و دەرفەتی زیاتری دەوێت، هەروەها مەرگ وەک کارەکتەر و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە بەرجەستە بووە و تارمایی مەرگ لەم دەقەدا لە هەموو دەقەکانی تری عەتا زیاتر بوونی هەیە. مەرگ لەگەڵ ڕووداوەکاندا ڕێ دەکات و دەستی لە خولقاندنی ڕووداوەکانی نێو ئەو تێکستەدا هەیە، بەڵام وەک دەبینین مەرگ بەشێوەیەکی دیار لە ناوونیشاندا ڕەنگدانەوەی نییە، واتە ئامادەبوونی مەرگ بەو شێوە بەرجەستەیە لە نێو دێرەکانی ڕۆمانەکەدا و ونبوونی مەرگ لە ناوونیشانی دەقەکەدا پێدەچێت یەکێک بێت لە خاڵە لاوازەکانی ئەم دەقە، یان عەتا دەیەوێت قورسایی مەرگ لە ڕۆمانەکەدا کەم بکاتەوە، بێ گومان ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە "گێلاسی خوێن" تەنیا باس لەمەرگ ناکات، بەڵکو مەرگ بەکاربراوێکە بۆ ژیان دۆستی. تارمایی مەرگ لە ژیانی هەموو ئینسانێکدا هەیە، بەڵام ڕەهەندی ژیان دۆستی بە ڕێژەیەکی زۆر و زیاتر لە تارمایی مەرگ لەنێو مرۆڤەکاندا ئامادەیە، بۆیە لەم ڕۆمانەشدا ئەگەرچی تارمایی مەرگ لەنێو دێرەکاندا هەست پێدەکرێت و هەردوو بەشی سەرەکی ڕۆمانەکە لە ژێر ناوونیشانی "مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا" و "مردن لە ڕۆژێکی باراناویدا" خراوەتەڕوو، بەڵام باس کردنی مردن لە پێناو مەرگ دۆستیدا نییە، بەڵکو لەپێناو ژیان دۆستییەکی قووڵە کە عەتای گەیاندووەتە ئەوەی بیر لە مەرگ بکاتەوە و لەنێو دێرەکانی ئەو ڕۆمانەدا هەوڵی بەرجەستەکردنی "نەمری" بدات.

لە ڕوانینێکی تردا و بە بیرکردنەوە لەناوونیشانی ڕۆمانی "گێلاسی خوێن" دەتوانین هەردوو خاڵی ژیان دۆستی و تارمایی مەرگیش بدۆزینەوە. وشەی یەکەم "گێلاس"ە کە میوەیەکی جوان و ڕەنگ شەرابی و بەتام و بەهارییە، کە دەکرێت ئێمە وەک ڕەمزێکی ژیانەوە و گەشبینی ئەم وشەیە بخوێنینەوە. وشەی دووەمی ناوونیشان "خوێن"ە، ئەم وشەیە زیاتر وەک وشەیەکی هاومانای ئازار (مەبەستمە بڵێم گەیشتن بە ئازار)و نزیکبوونەوە لە مەرگ دەبینرێت. کۆکردنەوەی ئەم دوو دژە لەناوونیشانی ئەم ڕۆمانەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکاربردنی ناوونیشانی هێمائامێز لە ڕوانگەی عەتا محەمەد، کە خواستوویەتی بەو دوو وشە پڕ ڕەمزە بەشێک لە ناواخنی ڕۆمانەکە بخاتەڕوو، کە ئەمە تاڕادەیەک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە ئێمە لەسەرەوە خستمانەڕوو، چونکە ڕوانینێکی ڕواڵەتیانە بوو بۆ سەیرکردنی ئەم ڕۆمانە.

شتێکی تر کە نابێت بیرمان بچێت ئەوەیە کە لەڕووی ڕەنگەوە سەیری هەردوو وشەی "گێلاس" و "خوێن" بکەین دەبینین زۆر هاوشێوەن بەوەی لەڕووی ڕەنگەوە زۆر لێکەوە نزیکن. بێ گومان ئەمەش پێدەچێت لەبەکارهێنانی ناوونیشانی ئەم ڕۆمانەدا گەمەیەکی تری عەتا بێت.

### بەرجەستەکردنی نادیاری لە ناوونیشاندا

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لێی بدوێم بەرجەستەکردنی نادیارییە لە ناوونیشاندا کە ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی هەم لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی عەتادا هەیە و هەم لە چیرۆک و ڕۆمانی نووسەرانی تریشدا. سەرەتا دەمەوێ چەند نموونەیەک بهێنمەوە و باس لە بەرجەستەکردنی نادیاری لە ناوونیشان لە نووسینەکانی عەتادا بکەم.

عەتا لە چیرۆکەکانی (بکوژە نادیارەکە، خەونی دووەم، کۆتاییەکی تر، چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر، سفری ئەفسانەیی، پاسەوانانی خەیاڵ و...تاد)دا نادیاری لەناوونیشاندا هەیە و لەگەڵ خوێندنەوەی هەر یەکێک لەو ناوونیشانانە ئێمە خەیاڵمان بۆ لای شتێکی دیکەش دەچێت. بۆ نموونە کە دەنووسێت "بکوژە نادیارەکە" ئێمە بیر لەوەش دەکەینەوە کە بکوژی دیار کێیە؟ یان لەناوونیشانی خەونی دووەمدا، ئێمە "خەونی یەکەم" دەبێتە پرسیار بۆمان. هەروەها لە ناوونیشانەکانی تریشدا هەمان گەمە هەیە و خودی ناوونیشانەکان هەوڵێکن بۆ بەرجەستەکردنی نادیاری و پەنهان کردنی ڕووداوی چیرۆکەکان تا خوێنەر بیر لە چیرۆکەکان بکاتەوە. ئەمە بێجگە لە کتێبی (تینا و چیرۆکە ئەندێشە کراوەکان) کە ئەویش لە ناوونیشانی هەر چیرۆکێکدا نادیارییەک بەرجەستە کراوە.

لای هەورامان وریا قانیعیش هەمان گەمەی نادیاری لەناوونیشاندا کراوە، بەتایبەت لە هەردوو چیرۆکی (سەرزەمینێکی تر و تاریکترین کۆڵانی شار)دا دەیبینین، خوێنەر لەیەکەم بەریەک کەوتنیدا لەگەڵ ئەو دوو ناوونیشانە نازانێت ئەو سەرزەمینەی تر لە کوێدایە کە چیرۆکنووس دەیەوێت باسی بکات، یان ئەو

سەرزەمینە چییە کەباس نەکراوە؟. هەروەها لە ناوونیشانی " تاریکترین کۆڵانی شار "یشدا هەمان نادیاری هەست پێ دەکرێت، چونکە نازانرێ کام کۆڵانە تاریکترین کۆڵانی شارە، هەروەها بۆچی بۆتە تاریکترین کۆڵانی شار؟ هەروەها لای ئارام کاکەی فەلاحیش هەست بە بەکاربردنی نادیاری لەناوونیشاندا دەکرێت و بەتایبەت لەناوونیشانەکانی (درەوشانەوەی مەحاڵ، من بەبووکێکی گەورەوە و ئەو پیاوەی بوو بەبەرد) لەم ناوونیشانانەشدا لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە هەست بەنادیاری دەکەین.

تێری ئێگڵتۆن دەنووسێت: "هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان بریتین لە یەک، یان چەند لقە دەقێک، کە دەتوانین بەو لقانە دەقانە بڵێین بەرهەمی ناهۆشمەندی"(٣٦). پێدەچێت دیوی دووەمی ناوونیشانەکان بۆ عەتاش بەرهەمی ناهۆشمەندی بن، یان لقە دەقێک بن کە بۆ خوێنەری بەجێ هێشتبێت تا بینووسێت. ئەم خاڵە لە بەرهەمەکانی ئەم چیرۆکنووسەدا مایەی تێرامانە. هەمان نووسەر لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: چیرۆک بریتییە لە سەرچاوەی دڵدانەوە کە شتە ونبووەکان هۆکاری دڵەڕاوکێی ئێمەن و هێمان بۆ هەندێک لە شتە لەدەستچووەکانی ناهۆشمەندی قووڵتر، کە دۆزینەوەیان چێژبەخشە. پێدەچێت عەتا لە بەرجەستەکردنی نادیاری لە ناوونیشانەکانیدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بیەوێت چێژی زیاتر بە خوێنەر بدات و هەوڵ بدات خوێنەر لە پرۆسەی شیکردنەوە و گەڕان بەدوای لایەنە پەنهانەکانی دەقدا بەشدارییەکی چێژبەخشی بەربکەوێت.

دەکرێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستم لە بەرجەستەکردنی نادیاری لە ناوونیشاندا چیرۆکی (مێز هەر مێزە)(٣٧)ی نووسەری سویسری (پیتەر بیکسل) کە "فەرزین بانکی" کردوویەتی بە فارسی بە نموونە بهێنمەوە. ئەم چیرۆکە باس لە ژیانی پڕ لە نائومێدی پیرەمێردێک دەکات کە گیرۆدەی دەستی خەم و نائومێدییە، کە بەدرێژایی تەمەن بەردەوام لەگەڵ ئەو نائومێدییەدا هاوژیان دەژی و بۆتە بەشێک لە ژیانی و چیرۆکەکەش هەر بەتەشەنە سەندنی نائومێدی کۆتایی دێت. ئەوەی لەو چیرۆکەدا سەرنج دەدرێت مێز بوونی نییە، کەچی "ناوونیشانی مێز هەر مێزە"ی وەرگرتووە. ئەم کارەی (پیتەر بیکسل) ڕەنگە یەکێک بێت لە سەیرترینی ئەو ناوونیشانانەی لە ڕووکاردا پێوەندی بە دەقەوە نەبێت، بەڵام لە جەوهەردا پێوەندی دەدۆزرێتەوە. دەکرێت ناوونیشان بەو شێوەیەی لێبکرێت کە (خەم هەر خەمە)، واتە خەم بەردەوامی لەگەڵ ئەو نائومێدییەی پیرەمێردەکە هەیە تێیدا دەژی. واتە بەکارهێنانی ناوونیشانی (مێز هەر مێزە) بێجگە لە ڕەمزێک هیچی تر نییە، بۆیە بەکارهێنانی ڕەمز لە ناوونیشاندا دەق جوانتر دەکات، کە لای عەتاش هەم نادیاری و هەم وەک لەو چەند نموونەیەی سەرەوەدا خستمانەڕوو دروست کردنی فرەڕەهەندی لەناوونیشاندا هەیە وەک لە "گێلاسی خوێن"دا دەبینرێت و هەیە، بێ گومان ئەمەش لەگەڵ گونجاندن لەو دنیایەی کە عەتا کاری تێدا دەکات.

مەحمود عەبدولوەهاب پێی وایە "ناوونیشان" تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلی ڕاڤەکاری بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق(٣٨). ئەم پێناسەیە تا ئاستێکی باش لەگەڵ ڕەخنەی نوێدا گونجاوە، بەوەی کە "ناوونیشان" هەرچییەک بێت دەبێتە کلیلی ڕاڤەکاری بۆ دەق و لەوێوە دەتوانین بۆ ناواخن شۆڕببینەوە، بەڵام کاتێک ئێمە چیرۆکی (مێز هەر مێزە)ی (پیتەر بیکسل) لەبەرچاو دەگرین تێدەگەین کە ناوونیشان لەو چیرۆکەدا ڕەمزێکە بۆ خستنەڕووی شتێکی تر، کە دەکرێت خوێنەر ئەوە دیاری بکات. هەروەها "مەحموود عەبدولوەهاب" ئەوەش دەخاتەڕوو کە بۆ کردنەوەی کۆدەکانی دەق ئەرکێک لەسەر ناوونیشانە کە نادیارییەکی لە هەناویدا هەڵگرتووە(٣٩).

ئەگەر کەمێک باس لە ناوونیشان بکەین لە کورتە چیرۆکی "سفری ئەفسانەیی"(٤٠) کە چیرۆکێکی عەتایە لەو کۆمەڵە چیرۆکانەدا نییە کە ئاماژەمان پێکرد. ناوونیشان لەم چیرۆکەدا لە دوو برگە پێکهاتووە کە برگەی یەکەم (سفر)ە، ئەمە ناوونیشانێکی ئاساییە. برگەی دووەم (ئەفسانەیی)ە، ئەمەش ئاساییە، بەڵام هەردووکیان لە هەناویاندا نادیارییان بەرجەستەکردووە، کە پێکەوەش کۆدەبنەوە دیسان نادیارییەکە زیاتر دەبێت و ناوونیشان دەبێتە ناوونیشانێکی تەمومژاوی. خوێنەر لەسەرەتادا ئەو پرسیارەی دێتەوە بیر کە ئایا ئەو سفرەی عەتا باسی دەکات بۆ ئەفسانەییە؟

چیرۆکەکەی عەتا باس لە بوون و نەبوونی سفر دەکات و ئەو کاری لەسەر ئەو خاڵی گومانە کردووە کە سفر وەک ژمارەیەک تێیدا دەژی. عەتا لە چیرۆکەکەدا دەنووسێت: (سفر پڕ سیحرترین ژمارەیە، بەو پێیەی شوێنێکە لەنێوان بوون و نەبووندا. وەک ئەوەی هەبوویەکی نەبووبێت، یاخود بە پێچەوانەوە نەبوویەکی هەبووبێت و جیاوازە لە "بۆشایی"). لەم چیرۆکەدا ناوونیشان وەک نهێنییەک وایە کە هەم خۆی پەنهانە و هەم کۆی چیرۆکەکەش قسەکردنێکی تەمومژاوییە لەسەر بوون و پێگەی سفر وەک ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر و

ئەفسانەیی.
لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە عەتا محەمەد لەو چیرۆکنووسانەیە کە لە ناوونیشاندا لە هەوڵی بەرجەستەکردنی نادیاردایە، نادیارییەکی چێژبەخش، کە وا لە خوێنەر بکات لەکاتی خوێندنەوەی تێکستەکەدا بەدوای ئەو نادیارییانەدا بگەڕێت کە لە ناوونیشانەکەدا بەرجەستە کراون.

**ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا لای عەتا محەمەد**

بەر لەوەی بچمە سەر بابەتی سەرەکی ئەم بەشە بەپێویستی دەزانم ئەوە بخەمەڕوو کە مەبەستم لەناوونیشان لەناو ناوونیشاندا ئەوەیە ئەگەر بەدەر لەناوونیشانی سەرەکی دەق، ناوونیشانی لاوەکیش لەدەقدا ئامادەیی هەبێت، ئەوە دەکرێت بوترێت (ناوونیشانی دووەم)یان لاوەکی، کە من لەم بەشەدا وەک ناوونیشانی دووەم ناویم بردووە، نەک ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا، چونکە لە ڕووکارە گشتییەکەدا ناوونیشانی دووەمە، بەڵام لە ڕووە تیۆرییەکەیەوە ناوونیشانە لەناو ناوونیشاندا.

بەکارهێنانی ناوونیشانی دووەم لەنێو چیرۆکدا هونەرێکی تازە نییە، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەو ئەرکەیە کە نووسەر دەیسپێرێتە ناوونیشانی دووەم، لێرەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر ئەزموونی چیرۆکنووسینی (عەبدوڵڵا سەڕاج) بکەین، کە کاری لەسەر (ناوونیشانی دووەم)یان لاوەکی کردووە، هاوکات بە ئەزموونی عەتا محەمەد بەراوردی دەکەین. هەڵبژاردنی سەڕاج و سەرنج خستنە سەر چیرۆکەکانی "عەبدوڵڵا سەڕاج" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دژکارییەیە لە بەکارهێنانی ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا بە بەراورد بە عەتا محەمەد.

عەبدوڵڵا سەڕاج لە چیرۆکی (کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن)(٤١) حەوت ناوونیشانی دووەم، یان لاوەکی بەناوەکانی (هونەرمەند، بێشکە، پشیلە، ئەمرۆش هیچ، شەوچەرە، باخچەی گیانداران و دووڕییان) بەکارهێناوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەگەڵ هەر ناوونیشانێکی لاوەکیدا ژمارەی بەکارهێناوە. کاتێک خوێندنەوەی چیرۆکی (کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن) تەواو دەکەین دەبینین ناوونیشانە لاوەکییەکان هیچ پێوەندییەکیان بە ناوونیشانی سەرەکییەوە نییە، بەڵکو دەکرێت ئەو حەوت ناوونیشانە لاوەکییەی کە لە سەرەوە ناومان هێنان وەک حەوت "کورتیلە چیرۆک" سەیر بکەین، هەروەها ناوونیشانی سەرەکی نەبووەتە دەروازە بۆ ناوونیشانە لاوەکییەکانی ناو چیرۆکەکە.

هەمان نووسەر لە چیرۆکی (خاوەر)(٤٢)یشدا چوار ناوونیشانی لاوەکی بەکارهێناوە کە ئەمانەن: (میم، ئەلف، واو، بی). دیسان لەم چیرۆکەشدا لە نێوان ناوونیشانی سەرەکی و لاوەکیدا هەست بە هەمان بۆشایی پێشوو دەکرێت، تەنیا لەم چیرۆکەدا ئەوەی مایەی سەرنج بێت ئەوەیە کە سەرباسی یەکەم ناوونیشانی لاوەکی کە (میم)ە، دەقەکەش بە (میم) دەست پێدەکات و سێ ناوونیشانە لاوەکییەکەی تریش بەهەمان شێوەیە. واتە دروست کردنی چوار ناوونیشانە لاوەکییەکە هیچ خزمەتێک بە بنیادی دەقەکە ناکات. لێرەوە تێدەگەین ئەو گەمانەی سەڕاج لەتەک ناوونیشانی لاوەکیدا تەنیا بۆ خستنەڕووی توانای تەکنیکە لە چیرۆکدا، کە سەڕاج نەیتوانیوە ئەو توانایە بە شێوەیەکی نۆڕماڵ و لە خزمەتی دەقدا بەکاربهێنێ. سەڕاج بەدەر لەم دوو نموونەیە لە چیرۆکەکانی (بارام ناوێک هەبوو،س، بەرکوڵێک لە ئازارەکانی هەیاسی خاس، نەمام، باڵندەکان بەرز دەفڕن و...تاد)(٤٣)دا هەمان گەمەی بێ ئەنجامی چیرۆکی (کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن و خاوەر)ی دووبارە کردووەتەوە. لێرەدا تەنیا ئەوەندە لەسەر ئەزموونی عەبدوڵڵا سەڕاج قسە دەکەم و پاشان بە ئەزموونی عەتا محەمەد بەراوردی دەکەم.

عەتا محەمەد لە هەرسێ ڕۆمانەکەی و چەند کورتە چیرۆکێکدا ناوونیشانی دووەم، یان لاوەکیشی بەکارهێناوە. ناوونیشانی لاوەکی لە هەرسێ ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیایدا، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک، گێلاسی خوێن)دا ئامادەیی هەیە و لە هەرسێ تێکستەکەشدا وەزیفەی تایبەتیان هەیە و بە بەهانەیەکی فەنتازی خوڵقاون و هەمووشیان پێکەوە بە هێڵێکی درامی پێکەوە دەبەسترێنەوە و یەکتری تەواودەکەن. لێرەدا نامەوێت زیاتر لەسەر ناوونیشانە لاوەکییەکانی ئەم سێ ڕۆمانە بوەستم و ئەمەش تەنیا بۆ ئاماژەدان بوو.

عەتا لە چیرۆکی (کتێبەکانی ئەندێشە)(٤٤)دا، کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی "زارەکانی خەون" دوو ناوونیشانی لاوەکی بەکارهێناوە کە (کتێبی ڕەش و خوڵقان)ە. لەم چیرۆکەی عەتادا هەر لە ناوونیشانی سەرەکی چیرۆکەکەوە ئەوە هەست پێدەکەین کە پێدەچێت ئێمە ڕووبەڕووی کتێب ببینەوە. عەتا وەک زۆرجاری تر بە گەمەیەکی فەنتازی دەست بە گێڕانەوە دەکات و گێڕەرەوە کەسی یەکەمی تاکە، لەو چیرۆکەدا لەسەرەتادا باس لەوە دەکات کە ئەوکاتەی لە گۆڤاری "ئایندە" (عەتا ماوەی چەند ساڵێک لەو گۆڤارەدا کاری کردووە) بووە داوای لێکراوە کە مانگانە خوێندنەوەی چەند کتێبێک ئامادە بکات. پاش ئەوەی لە یەکێک لە

مانگەکاندا بەهۆی سەرقاڵییەوە فریای ئامادەکردنی خوێندنەوەکان ناکەوێت، خۆی هەوڵی نووسینی چەند خوێندنەوەیەکی کتێب دەدات کە بەرهەمی خەیاڵی خۆی بن. پاشان عەتا باس لەوە دەکات ئێستا (واتە کاتێک کە ئەو چیرۆکە دەنووسێت) دەیەوێت فێڵەکە بۆ خوێنەر کەشف بکات و پوختەی دوان لەو خوێندنەوانە بڵاوبکاتەوە. ئیتر پاش ئەم زەمینەسازییە "کتێبی ڕەش" کە ناوونیشانی یەکەمی لاوەکییە و پاشان "خولْقان" دەست پێدەکات.

عەتا لە چیرۆکی (وێنە و ئاوێنە-٣-)(٤٥)دا کە یەکێکە لە چیرۆکەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکی "تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان" لەوێشدا دوو ناوونیشانی لاوەکی بەکارهێناوە کە (لەبارەی ئازارەوە و لە بارەی لەیادکردنەوە)یە. عەتا لەو چیرۆکەدا باس لە فۆڕم و گۆڕانە بەردەوامەکانی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە پێدەچێت نزیکترین لێکچوون لە سێ گۆشە، بازنە بێت ئەوەتا عەتا نووسیویەتی: "ڕۆژێک تۆپەکانی بلیاردم بازنەیی نەبینی"(٤٦). هەروەها باس لە تێکچوونی پێوەندی نێوان شتەکان دەکات، وەک ئەوەی ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە (ڕۆیشتن) هاومانایەکی تری (هاتن)ە، نەک دژی بێت. دواتر لەگەڵ تێکەڵبوونی فۆرم و هەموو بووەکانی تری نێو ئەو چیرۆکەدا، عەتا ئەوەش دەخاتەڕوو کە پێی وایە ئایندە بەرەو سۆسیالیزم، یان بەربەریەت دەچێت، وەک ئەوەی ئەو دوو فۆرمە لە یەکتری جیاواز بن کە لە بنچینەدا یەکن.

تێکەڵبوونی ئەم فۆرمانە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆکی هەردوو ناوونیشانی لاوەکی (لەبارەی ئازارەوە و لە بارەی لەیادکردنەوە) هەیە و عەتا بەم ڕستەیە لە ڕووی فۆرمیشەوە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە کە دەنووسێت: "لەناو ئەو فۆرمە بێ کۆتاییانەی لەخاڵەوە دروست دەبن، ئەم چیرۆکی بێ باوەڕییە بەسەر ژمارەیەکی لەبن نەهاتوو لە چیرۆک دابەش دەبن کە من هەوڵ دەدەم چەند دانەیەکیان بنووسمەوە"(٤٧). لەم ڕستەیەوە زەمینە بۆ دەست پێ کردنی چیرۆکی هەردوو ناوونیشانە لاوەکییەکە خۆش دەبێت.

بێ گومان بەراوردکردنی ئەم دوو چیرۆکنووسە (عەتا و سەڕاج) کە لە دوو نەوەی جیاوازن. پاش خستنەڕووی ئەم چوار نموونەیە کارێکی ئاسانە عەبدوڵڵا سەڕاج کە ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا، یان ناوونیشانی لاوەکی بەکاردێنێت شێوەی هونەری نەپێکاوە و بوون و نەبوونی خزمەتێکی ئەوتۆ بە دەق ناکات، بەتایبەت لە چیرۆکی (خاوەر) کە لەسەرەوە خستمانەڕوو. بوونی ناوونیشانە لاوەکییەکان هیچ بەهایەکیان بۆ پتەوبوونی بنیادی دەقەکە نییە، بەڵام پێدەچێت لەڕووی فۆرمەوە کارێکی مامناوەندی بێت. هەروەها لای عەبدوڵڵا سەڕاج لە چیرۆکی (گەڕان بەدوای...)(٤٨)دا ناوونیشانی سەرەکی هیچ ڕۆڵێکی لە بنیادی دەقدا نابێت. وەک پێشتریش خستمانەڕوو ئەو حەوت ناوونیشانە لاوەکییە دەکرێت وەک حەوت "کورتیلە چیرۆک" تەماشا بکرێن، بۆیە گەمەکە لای سەڕاج سەرکەوتوو نییە، بەڵام بەڕای من لای "عەتا محەمەد" گەمەکان سەرکەوتووە، بەو دەلیلەی پاشخانێک، یان بەهانەیەکی فەنتازی بۆ لەدایکبوونی ناوونیشانی دووەم، یان لاوەکی لەنێو دەقدا هەیە، کە لای سەڕاج ئەوە نادیارە و ئامادەیی نییە. هەروەها هەبوونی پێشەکی بۆ گرێدانەوەی درامی ئەو ناوونیشانە لاوەکیانە، یان چیرۆکە لاوەکیانە بە چیرۆکە سەرەکییەکەوە، یان ناوونیشانە سەرەکییەکەوەیە کە ئەوەش وەک خستمانەڕوو لای سەڕاج ئامادەیی نەبوو، بۆیە لێرەوە ئەگەر پێناسەی ئەو نەوەیەی پێشووی چیرۆکی کوردی بکەین، ئەستەمە پێناسەیەکی دروستمان دەست بکەوێت. سەڕاج لەو چیرۆکنووسانەیە ئەوەندەی هەوڵی داهێنانی تەکنیکی نوێی داوە، ئەوەندە لەخەمی بنیادێکی تۆکمەی چیرۆکدا نەبووە، یان لە چیرۆکدا و لە ڕووی تەکنیکەوە ئەوەندەی لە خەمی تێپەڕاندنی نەوەی پێشووی خۆی بووە، ئەوەندە لە چیرۆکی کوردیدا لە خەمی داهێنانی دنیابینی و ڕوئیایەکی نوێدا نەبووە.

ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکی (ئەو کوڕەی لەزۆر کەس دەچێت)دا چیرۆکەکەی بەسەر سێ بەشدا دابەش کردووە، یان بەسەر سێ تەوەری گێڕانەوەدا دابەش بووە، کە یەکەمیان سەرەتای یەکەمە و ئاسایی چیرۆک دەست پێدەکات، دووەم سەرەتا لەژێرناوی (سەرەتایەکی تر) و سێیەمیش لەژێر ناوی (سەرەتایەکی تازە)دا خراوەتەڕوو. پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکە خوێنەر هەست بە گرنگی ئەم بەکارهێنانەی ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا دەکات، کە چیرۆکنووس ویستوویەتی لەسێ سەرەتای جیاوازەوە هەمان چیرۆک بگێڕێتەوە. واتە لێرەدا هەست بە گرنگی ئەم ناوونیشانانەی تر دەکەن کە چیرۆکنووس بەکاری بردوون، یان دروستتر بڵێیم هەست بە دروست بەکاربردنی ئەو "ناوونیشانە لاوەکیانە" دەکەین کە چیرۆکنووس بەمەبەست و لەپێناو گەیاندنی پەیامێکی ئیستێتیکیدا بەکاری بردوون.

دواجار دەکرێت ئەوە بخەینەڕوو کە گەمەی ناوونیشان لەناو ناوونیشاندا لای سەڕاج ناکامڵ و لای ئارام و عەتا تۆکمە و لە خزمەتی بنیادی سەرەکی دەقدا بوو. ڕەنگە هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو نەوەیەی

پێشـووی چیـرۆکی کـوردی ئەوەندەی لە خەمی پەرەدان بوون بە تەکنیک، ئەوەندە لە خەمی دووانەی تەکنیک و ناوەڕۆکدا نەبوون، کە عەبدوڵڵا سەراج یەکێکە لە نموونە دیارەکـانی ئەو چیرۆکنووسـانەیە، کـە زۆرجـار چیـرۆکی کردۆتە قوربانی تەکنیک.

## ئەنجام و کۆتایی

ڕەگەزی ناوونیشـان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق و تا ئێستا لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا وەک پێویست قسـەی لەسـەر نەکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕەگەزە گرنگەی دەق و بەو هیوایەی ئەمە دەروازەیەک بێت بۆ قسەکردنی زیاتری زانستیانەتر لە ڕەگـەزی "ناوونیـشـان" لەدەقی ئەدەبی بەگـشـتی و چیرۆکی کوردی بەتایبەتی.

قسـەکـردن لەسـەر ڕەگـەزی "ناوونیـشـان" لای عـەتا محەمەد و چیرۆکی نوێی کوردی زۆر زیاتری دەوێت. هەروەها ناتوانرێ بەم نووسینە هەموو لایەنەکانی ڕەگەزی ناوونیـشـان لای ئەم نووسـەرە بخرێتەڕوو، چونکە زۆر باسی تر مـاوە کـە ئێـمـە لێی نەدواوین، وەک ئەوەی نەمانتوانیوە کۆی ناوونیشانی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە شی بکەینەوە و قسەی لەسەر بکەین، بەڵام دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو کە ئەم نووسینە دەروازەیەکە هەم بۆ قسەکردن لەسـەر ئەو چەمکە گـرنگە کـە لای نووسـەری کـورد پشـتگوێ خـراوە کـە چەمکی "ناوونیـشـان"ە، هەم قسـەکردنیش بێت لە ڕەگەزی "ناوونیـشـان" لای عـەتا محەمەد.

ئەزموونی نووسینی ئەم نووسەرە ئەزموونێکە لە زۆر ڕووەوە خاوەنی تایبەتمەندییە. تایبەتمەندییەک، کە لەو چوار کـۆمـەڵە چیـرۆک، سێ کـۆمـەڵە چیـرۆکی هەر کـۆمـەڵەی (دە) چیـرۆکـە، کـە ئەمـە خـاڵێکە وەک تایبەتمەندییەکی تری ئەم نووسەرە دەکرێت تەماشای بکەین. هەروەها هەموو کتێبەکانیشی پێشەکییەکی هەیە کە لەبەشێکیاندا بۆچوونی خۆی لەسەر چیرۆک و گێڕانەوە و لەبەشێکی تریاندا فێڵی چۆنێتی گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەخاتەڕوو. لە پێشـەکی کۆمەڵە چیـرۆکی (فـریو و خـۆحـەشـاردان)دا، کـە پێم وایە سـەیرترین پێشەکییە لەنێو پێشەکییەکانی عەتادا، لەوێدا باس لەوە دەکات کە خواستوویەتی لەبری ئەو (دە) چیرۆکەی ئێستا نووسراوەتەوە، (دە) چیرۆکی تری بنووسیایە، کە بیرۆکەی (دە) چیرۆکە نەنووسراوەکەش دەخاتەڕوو. ئەم گەمانە و چەندین گەمەی تر ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەم نووسەرەیان جوانتر و دەوڵەمەندتر کردووە، هەربۆیە لای من بۆتە جێی ئەوەی قسـەی لەسـەر بکرێت و مـایەی سەرنج بێت.

**(کۆتایی ٢٠٠٨ و سەرەتای ٢٠٠٩)**

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**٣٢- عەتا محەمەد،تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان- چیرۆک، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی (٢٠٠٧)، سلێمانی.**

**٣٣- عەتا محەمەد، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ساڵی (٢٠٠٦).**

**٣٤- عەتا محەمەد،گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیایدا- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی (٢٠٠٦).**

**٣٥- عەتا محەمەد، گێلاسی خوێن- ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم زنجیرە(٢٣) سلێمانی (٢٠٠٧).**

**٣٦- تێری ئیگلتۆن، شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، و: سەلاح حەسەن پاڵەوان. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- کتێبی گیرفان ژمارە (٤٩) ساڵی (٢٠٠٤).**

**٣٧- پیتر بیکسل، چیرۆکی (مێز هەر مێزە) لە سایتی http://www.pouyan.ws/archives/001109.php**

**٣٨- د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئەدەبی (ئەدگار، چێژ، بەها)، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٧).**

**٣٩- هەمان سەرچاوە.**

**٤٠- عەتا محەمەد، سفری ئەفسانەیی، چیرۆک، گۆڤاری ڕامان، ژمارەی (١٣١) ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/٥).**

**٤١- عەبدوڵڵا سەراج، کۆی چیرۆکەکانی لە ژێر ناوونیشانی لاکێشە ڕووناکەکان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٧).**

**٤٢- هەمان سەرچاوە.**

**٤٣- هەمان سەرچاوە.**

**٤٤- عەتا محەمەد، زارەکانی خەون- چیرۆک...**

**٤٥- عەتا محەمەد،تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان..**

**٤٦- هەمان سەرچاوە.**

**٤٧- هەمان سەرچاوە.**

**٤٨- عەبدوڵڵا سەراج، کۆی چیرۆکەکانی لە ژێر ناوونیشانی لاکێشە ڕووناکەکان،..**

# مەعشووق لە شیعری «ئەدەب»دا

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

**ڕەنگی نییە ڕوخساریی ڕەنگین و لەتیفی**
**ڕۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا**

**هەرچەندە کە ئینسانە لەبەر چاوی من وتۆ**
**مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا**

**نالی**

ئامـاژە: لەم وتارەدا تەنیـا هەوڵ دراوە مـەعـشـووق لە غـەزەلە کـوردییـەکـانی «ئەدەب»دا تاووتوو کـرێ، بۆ ئەم مـەبەسـتـە لە ڕەهەندێکی مـێـژوویـیدا لەسـەر چۆنیـەتی سەرهەڵدانی ئەم ئەوینە لە شیعری (غـەزەلی) فـارسیدا باسێک دێتەگۆڕێ.

بابەتی ئەم وتارە تەنیا دەقی غـەزەلەکـانی ئەدەبن نەک ژیان و بەسـەرهاتی تاکـەکەسی ئەدەب، چونکە شـیـعـری ئەویندارانە زیاتر گـەڵاڵەیەکی زمـانیـیـە هەتا ڕوحیـیـەی پێکهـێنەر. کـاری ئێـمـە چۆنیـەتی دەربڕینەکـەیە و ئەو تـایبـــەتمەندیانەی بوونـەتـە هۆی پێناســـەکـــردنی مەعشووقێک.

وتارەکە بە سێ پرسیار دەست پێ دەکەین.

(١) ئەدەبی لیـــریکی چیـــیـــە و لە کـــەیەوە ســـەری هەڵداوە؟

(٢) مـــەعـــشـــووق لە شـــیـــعـــری ئەدەبدا چۆن مەعشووقێکە؟

(٣) ئەو تایبەتمەندییانەی بوونەتە هۆی ئاراستەکردنی وەها مەعشووقێک چین؟

خاوەن ڕایان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتەوە شـیـعـریان بە جـۆرەکـانی (حـەمـاسی و لیـریکی و...) (هەڵبـــەت لە ڕووی مـــاناوە) پۆلین بـەندی کـــردووە. ئەرەسـتـۆ لە کـتـێبی (فن شعـر ل ٣٤) شـیـعـری بە سێ



ئەدەب

خاڵی حەماسە، تراژێدی و کۆمێدی پۆلێنبەندی کردووە. لەم پۆلێنبەندییەدا شیعری لیریکی نابیندرێ. هۆی ئەم کێشەیە ئەوە بوو کە شیعری لیریکی ئەو کات، هاوکات لە مۆسیقا و ئامێرەکانی مۆسیقادا دەخوێندرانەوە. دەبێ ئامانجی ئەرەستۆ ئەوە بووبێ کە تەنیا ئەو شتانەی لە ڕێگەی زمانەوە شرۆڤە دەکرێن تاووتوو کا.

لیریک لە بەرانبەر وشەی Lyric ئینگلیزی و Lyra لە زمانی لاتیندایە کە لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا بە مانای جۆرێک ئامێری مۆسیقایە. لە جۆری ڕوود، یان چەنگ، یان بەربەت لە یۆنانی کەونارادا بەو شێوانەی کە هاوکات لەگەڵ ژەنینی ئامێری مۆسیقا دەخوێندرانەوە لیریکیان دەوت. ئەوان ئیراتو (Erato)

خواژنی شیعری لیریکی و سەرۆبەخشی شاعیرانیان بە جۆرێک کێشاوەتەوە کە گیتارێکی بەدەستەوەیە.

ناوەرۆکی شیعری لیریکی نە کار (عمل) نە گێڕانەوە (ڕوایت)، بەڵکو وێنە و هێنانە گۆڕێی حاڵەت و دەرکی شاعیرە. بابەتەکەشی وەبیرهێنەرەوەی هەست و عاتیفەی کەسێکە کە مەرج نییە هەر خۆشی ئەویندار بێ.

لە بواری مێژوویییەوە شیعری لیریکی بۆ سەدەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە و کۆنترین بەرهەمەکانی ئەم جۆرە لە ئەدەب دەچێتەوە سەر میسرییەکانی کەونارا و عیبرییەکان. لە ئەدەبی ئەورووپی کەونارادا دەگەڕێتەوە سەر یۆنانی کەونارا و لە ئەدەبی ئینگلیزی یەکەمین بەرهەمی حەماسی (ئانگلۆساکسۆنەکان) واتە بیوولف بەشێکی زۆری لیریکییە. چاخی گەشاوەیی ئەم جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ژیار و شارنشینی، کەوابوو بە نیسبەت (حەماسە) تازەترە. لە دەورانی ڕێنسانسی ئەورووپا ئەم ژانرە گەیشتە ئەوپەڕی گەشاوەیی خۆی. کەسانێکی وەکو پترارک لە ئیتالیا، ڕینسار لە فەڕانسە و سێ؟ توماس ویات لە ئینگلیز لە شاعیرانی هەرە گرینگی ئەم سەردەمە دێنە ئەژمار. ئەم ژانرە دوای ڕێنسانس تا سەرهەڵدانی شیعری ڕۆمانتیک تەریک دەکەوێ، بەڵام بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆمانتیک جارێکی تر وەبرەو دێتەوە.

تایبەتمەندی شێوازی ئەم ژانرە زمانی خوازەیی وێنەیی، جۆرەکانی وێچواندن، زێدەوەسف لە بواری فکرییەوە سۆبژەکتیڤە و کێشەی دەروونی مرۆڤ باس دەکا. لە شیعری لیریکیدا جار هەیە بێژەر خودی شاعیرە و جاری واش هەیە کەسێکی ترە. زۆرجار ڕەنگە شاعیر لە دەمامکێک (persoo) کەڵک وەربگرێ. ڕینەویلک دەڵێ: «فۆرمالیستە ڕووسییەکان دەیانەوێ پێوەندی نێوان شیمای ڕێزمانی بیچم گرتووی زمان و ژانرە ئەدەبییەکان نیشان دەن. یاکوبسن پێی وایە کە شیعری لیریکی لە یەکەم کەسی تاک کەڵک وەردەگرێ و کات ئیستایە ئەمە لە کاتێک دایە کە حەماسە سێیەم کەسی تاک و کات ڕابردووە.»

تا ئێرە زانیمان ئەدەبی لیریکی چییە و کورتە مێژوویەکیشمان لێ باس کرد. لێرەوە بۆ گەڕان بە شوێن پێگەی مەعشووق لە شیعری ئەدەبدا ناچارین لە ڕەهەندی مێژووییەوە چاوێک بە سەر مێژووی مەعشووقی غەزەل لە سەرەتاوە تا ئێستا بخشێنین. غەزەلی کوردی قوتابخانەی نالی و شیعری ئەدەبیش چ لە بواری فۆرم، چ لە بواری نێوەرۆکەوە لە غەزەلی فارس کەڵکیان وەرگرتووە و کتێبخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە. سەرەتا کورتە باسێک لە مەڕ مێژووی غەزەلی فارس.

شیعری لیریکی ئێرانی کۆن وەکو هەر نەتەوەیەکی تر لەگەڵ مۆسیقا ئاوێتە بووە. لەدەرباری خوسرەوی پەرویزدا دوو ژەنیار و دەنگخۆش ئەو کات ئەو ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد. «خوسرەوانی» ئەو گۆرانی و سروودانە بوون کە باربێدی ڕامێشگر بە ساز و ئاوازەوە بۆ خوسرەوی پەرویزی دەخوێندەوە.

**ئاما باربود چون بولبول سەرمەست**

**لەب خەندان چوگوڵ، بوربوتی بەدەست**
**نیشت نەپای سریر خوسرەو بە ئعزاز**
**جەسی دەستان ساز لەحف خوش ئاواز**
«خانای قوبادی»

باربود و نەکیسا لە خونیاگەرانی دەرباری ساسانی بوون. خونیاگەر ئەو شاعیرە بوو کە شیعرەکانی خۆی وێڕای مۆسیقا ئاراستە دەکرد. ئەوانە لە دەورەی ئەشکانییەکاندا «گوسانان»یانی بێ؟. ئەم نەریتەی ساسانییەکان لە دەربارەکانی دەورەی ئیسلامەتیشدا ڕەچاو دەکران. هێندێک لە شاعیران خۆیان لە هونەری ژەنین هونەرمەند بوون رووودەکی دەڵێ:

**رودکی چنگ برگرفت و نواخت**
**باده انداز کو سرود انداخت**
هەروەها فەرِوخی:
**گاه گفتی بیاو رود بزن**
**گاه گفتی بیاو شعر بخوان**
**به غزل یافتم همی احسنت**
**به یَنا یافتم همی احسان**

ئاوێتەبوونی شیعر و مۆسیقا دواتر تەسەوفیشی داگرتووە. مەولەوی ڕۆمی زۆرجار بە شێوەی خۆوێژ لە مەجلیسی زیکری خۆیدا غەزەلی دەوت و (قەووالان) بە دەنگی بڵند دەیانخوێندەوە. غەزەلی فارس لە بواری مەعشووق و داگۆڕانی (استحاله) چەن قۆناخی بڕیوە.

(١) قۆناخی تەغەزول: لە تەغەزولدا وەسفی مەعشووق (غولام، یان کەنیز)، وەسفی سروشت و دیاردەکانی، وەسفی مەی و کەرەسەکانی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام زۆرینەی وەسفەکان هەر وەسفی مەعشووقە، مەعشووقێکی تایبەت کە بەرەبەرە لە ئەدەبیات جێی خۆی قایم دەکا و لە دەورەکانی پاش تەغەزولیشدا هەر دیارە.

لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامەتیدا لە مەڵبەندی تورکستانی کۆنەوە کەنیز و غوڵامیان بۆ ئێران دێنا. غولامەکان بە هۆی لێهاتوویی و بوێرییەوە دەچوونە نێو کاروباری لەشکری و کەنیزەکانیش لە حەرەمسەرای شادا ئیشیان دەکرد. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە میرانی غەزنەوی کە هۆگرییەکی زۆریان بە شاعیران هەبوو، زۆرجار وەکو خەڵات ئەم غولام و کەنیزانەیان پێشکەشی شاعیران دەکرد. لە یەکەم تەغەزولەکاندا وەسفی ئەو غولام و کەنیزانە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێ، بەڵام زۆرینەی ئەو پیاهەڵگوتنانە لە دەوری غولام، یان کوڕاندا دەخولێتەوە.

**تا خەیاڵی خەتتی سەبوی بۆتە سەودایی سەرم**
**دڵ لە ڕووی سەودایی زولفی هەروەکو سەوداگەرە**
«غەزەلی ٧٥»

ئەو غولامانە زۆر جار لە مقامی ساقی مەجلیس مەستیان دەکرد و عەرەبەدەیان دەکێشا، لە لایەن شاعیرانەوە هەتا سەردەمی ئێمەش باسیان لێوە دەکرێ. هەڵبەت ئەو مەعشووقە لە بواری ڕەگەزییەوە خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی تورکە وەکو: دەمی بچووک، ئەندامی ڕێک و باریک و لەبار، خۆش ڕەوت و بە ئاوەڵناوی تووڕە و تاڵانکەر وەسف کراوە. جوانی مەعشووق کە تورکێکی لەشکری بوو لە پێکهاتەیەکی نیزامیدا باسی لێکراوە (برۆ ـــ کەوان، مژۆڵ ـــ تیر، زولف ـــ کەمەند و نیگا ـــ تیر) هەڵسوکەوتیشیان هەر هەڵسوکەوتی نیزامییەکانە (خوێنڕێژ، زاڵم، جەفاکار، تاڵانکەر...) هەروەکو دەبینین سیفاتی ئەم مەعشووقە ڕاستەقینەیە. بەهەر حاڵ ئەم کەسایەتییە دواتر وەکو سەمبۆل و ئولگو و کلێشە لە تەواوی ئەدەبیاتی فارسیدا ماوەتەوە و کەڵکی لێ وەرگیراوە.

**دلبەرا ئەمڕۆ نیگاهت کاری سەد خەنجەر دەکا**
**یەک بە یەک نیشی مژوڵت کاری سەد نەشتەر دەکا**
**هەرکەسێ مەستی سەبووحی نەرگیسی مەخموورتە**
**کە خەیاڵی ساغەری پڕ بادەیی خوللەر دەکا**
«غەزەلی ٤»

**شۆخی تەرسا بە ؟؟؟؟ غارەتی دین و دڵی کرد**
**نە دڵی هێشت و نە تاقەت نە قەرارم بەخودا**
**بۆ چمە زەحمەتی پەیکان و بەزیهکردنی تیر**
**منی بێچارە بە یەک غەمزە شکارم بەخودا**
«غەزلی ٥»

**عەسکەری زەنگی بە دوو غەمزەی شکاند**
**وەک لە جەماڵی شەهی خاوەرشکا**
**تۆ مەیی شاهان دەڕژێنی بە قەهر**
**کێیە بڵێ جامی قەلەندەر شکا**
«غەزەلی٧»

خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە، لەم قۆناخەدا مەعشووق (غولام، یان کەنیز) کۆیلەی شاعیر بووە. لە ڕاستیدا ئەم

مەعشووقە (نۆکەر، یان قەرەواشی) بووە. هەر بەم هۆیەوە زۆرجار دەبینین شاعیر نازدەکا و مەعشووق نازدەکێشێ. لە ڕاستیدا مەعشووق عاشقە و شاعیر مەعشووق، ئەوە سەرەکیترین جیاوازی مەعشووقی تەغەزولە لەگەڵ مەعشووقی غەزەل. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم لە شیعری ئەدەبیشدا هەر بەو شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم پێکهاتە و کلێشەی ئەو مەعشووقە هەر ماوەتەوە نە هیچی تر .

(٢) قۆناخی غەزەل: لە سەدەی شەشی کۆچیدا بە هۆی دەسەڵاتی سەلجووقییەکانەوە کە لە مەملەکەتداری هیچیان لە باراندا نەبووە، بەهایان بە شاعیران نەدەدا و بازاڕی قەسیدە لە برەو کەوت و لە قەسیدە تەنیا بەشی یەکەمی واتە تەغەزول ماوە و ناوی خوا غەزەڵ.

یەکەم داگۆڕانی مەعشووق لە شیعری سونایییەوە ڕوویدا کە هەر خۆی لە دەسپێکەرانی شێوازی عیراقی بوو. ئیتر مەعشووق پلەوپێگەی شیاوی خۆی دیوە. ناوی بە پیرۆزکراو لە زەبوونی مەعشووقی پێشێ ڕزگاری بوو. مەعشووق بووە کەسێکی هەر بوو هەرمان، ئەم مەعشووقە لە شیعری (سەعدی و حافیز)دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

(٣) قۆناخی غەزەلی هیندی: لە شێوازی هیندیدا زۆر گوێ بەو کەسایەتییە نادرێ، چون شاعیرانی ئەم سەردەمە زیاتر خەریکی (مضمون پردازی - ناوەڕۆکساز)ین.

(٤) قۆناخی سەردەم: لێرەوە غەزەل تاڕادەیەک ئوبژێکتیڤە و عەینی دەکرێتەوە و ئاستی مەعشووق تاڕادەی کەسێکی زەوینی دێتەخوارێ.

(٥) شێوازی قوتابخانەی نالی لە هەر سێ شێوازی یەکەم کەڵک وەردەگرێ، مەعشووق زیاتر گشتی و هەربوو هەرمانە. با بزانین ئەو مەعشووقە کێیە؟

تێبینی: گشتی بوونی مەعشووق بە مانا لیکۆبییەکەتی، واتە کاتێک لە شیعردا باسی ئەم مەعشووقە دەکرێ، ئێمە نازانین ئەم مەعشووقە پیاوە، یان ژن، مەعشووقێکی زەوینییە، یان خودایی لە ئەستوورەکانی کۆنی میللەتاندا لە ژن و و زەوی و دایک بە یەک جۆر دواون. شوێن پێی ئەم کەسایەتییانە لە ئەدەبیاتی لیریکیدا هەر ماوەتەوە. بیرەوەری هەڵسوکەوتی ژن لە چاخی دایکسالاریدا بە بڕوای هێندێک بنەمای شیعری ئەویندارانەیە. ژنی دەورانی دایکسالاری بۆ مرۆڤی ئەوسا هەم ڕاهێنەر بوو، هەم لەناوبەر. هەڵکشان بەرەو ڕووگەی ئەو ژنە لە ئاوات و خولیاکانی مرۆڤی سەرەتایی بەهرەدار و هونەرمەند بوو. لە قوتابخانەی ڕۆمانتیسمدا دەبینین کە بەردەوام مرۆڤ هاندەدرێ ڕوو لە سروشت (خواژن)، کا. هۆگری ئەوان بە ژنی چارەنووساز، یان شووم، یان ژنی جوانی بێ بەزەیی لە بەرهەمەکانی «کیتس، بایرۆن، شیللی، شاتۆبریان و بۆدلێر»دا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. لە «ژنی جوانی بێ بەزەیی»دا بەرهەمی «جۆن کیتس»، شاعیر لە خەودا خۆی ئەفسوون کراوی دڵدارەکەی دەبینێ و لەو کاتەدا دەنگێک وشیاری دەکاتەوە کە لە چنگی ئەو ژنەدا دیلە و چارەنووسێکی جگە لەمەرگ نییە.

شاعیریک لەمەڕ ئەو ژنەوە کە بنەمای شیعری دڵدارییە بەم جۆرە دەدوێ: «بە هۆی ئەوەی کە ژن لە کۆمەڵگا دوور بووە و هونەرمەندان و شاعیران و بە تایبەت خواناسان لەگەڵ ژندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان نەبوو، هیچ کات نەیانتوانی بگەنە ئەم ڕاستییە کە ژیان لەگەڵ ژن بێ مانایە (بە پێچەوانەی ئەفلاتوون، کەوابوو بەردەوام بە نیسبەت ژنەوە گرێیەکیان لە دڵدا بوو. ئەویان بە شێوەی بوونێکی بەرز (متعالی) و ژنێکی سیحراوی و ئەسیری (اثیری) کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێک دایە وێنا کردووە.

لە ڕاستیدا خۆڕسکای نێرمایی (جنسی) تەسعید بۆتەوە و بە وتەی فرۆید سوبلیمە کراوە و لە ئاستی پیرۆزییەوە چۆتە سەرێ. کەوابوو غەزەل بە بۆچوونێک ڕیالیزمی و بە بۆچوونێکی دیکە ئیدیالیستییە.

یۆنگ لە کتێبی گەشەکردنی کەسایەتی (تکامل شخصیت)دا دەڵێ: «هەموو پیاوێک لە جیهانی دەروونی خۆیدا وێنەی ژنێکی لەگەڵە. نە شێوەو شیمانەی ژنێکی تایبەت و ئەم وێنە زەینییە بەردەوام بە شێوەی خودی نا ئاگا. لەسەر خۆشەویست و دڵدار ڕەنگ دەداتەوە و یەکێکە لە هۆ بەهێزەکانی ڕاکێشان و دڵدۆڕاندن و بێزاربوون».

بۆ یەکەم جار ئەو مەعشووقە لە شیعری سۆفیگەرانە لە ئێراندا سەری هەڵدا، ئەگینا مەعشووقی دەوری یەکەم، زەوینی بوو کە ڕەنگە زۆرجار شاعیر بە موڵکی خۆشی زانیبێ. «کلارک» لێکۆڵەر و خاوەنڕا لە بواری مێژووی هونەر و شارستانییەتدا دەڵێ: «بابەتی ئەوینی پاک، یان خۆشەویستێک کە لە هەموو بوارێکەوە بێ گوناه و پاکە

و دەستی پێراناگا و لەسەر چارەنووسی شاعیر زاڵە. لە ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆژئاوادا نییە، ئەگەر ئەو بابەتە بۆ ڕۆمییەکانی ئەوسا وترابایە گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەم مەعشووقە لە سەدەی دوازدەمی زایینی (شەشی کۆچی) لە زەمانی «شیللی»دا لە ئەوروپا برەوی پەیدا کرد و ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە هۆی شەڕی خاچ پەرستەکانەوە گەیبێتە ئێرە...»

غەزەل لە ئەدەبیاتی فارسدا لەگەڵ عیرفان ئاوێتەیە و دەتوانین بڵێین ئەو مەعشووقەی لەوێ ئاراستە کراوە، هەر مەعشووقی ئەوینی پاکە کە لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا هاتە ئاراوە و هەتا غەزەلی (بازگشت) درێژەی بە ژیانی خۆیدا و هەر لەوێشەوە هاتۆتە ناو قوتابخانەی شیعری نالی و مەحوی، ئەوەی کە لەمەڕ مەعشووقی شیعرەوە گرینگە ئەوەیە کە شاعیرانی عاشقی (مثال)ی مەعشووقن (هەڵبەت بە مانا ئەفلاتوونییەکەی) نە تاکی مەعشووق وەک بەشێک لە کۆمەڵگە، واتە مینەوی و بەهەشت و ئاسمانی دڵدار لە گۆڕێ دایە، نەک شێوەی ماددی زەوینی ئەو. کەوابوو مەعشووق نموونەی بەرزی جوانی و سەمبۆلی جوانییە کە لە خەیاڵدا ناگونجێ.

سارتر دەڵێ: «ئوستوورە بە کۆتەڵ کردنی (تجسم) ئارمانی داهاتووە. وێنەیەکی زەینی (بە کەسایەتی زەینییەوە ) لە ئاگایی مرۆڤ لە هەمبەر ئەو شتە کە هەنووکە لە ژێر ڕکێفی ئەودا نین و دەبێ لە بەستێنە ڕام نەکراوەکان. سروشت، یان کۆمەڵگە بە تەماڵیان هەڵێنێ. ئەمە لە کاتێکدایە پۆرترێت (ڕوخسار، چهرە) وێنەیەکی عەینییە لە ئاگایی مرۆڤ بە نیسبەت ئەو شتانەی کە لە ژێر ڕکێفی ئەودان.» کەوابوو ئوستوورە شتێکە هەرە بەرز کە لە ئێستادا دەستی پێ ڕاناگا، بەڵام ئەو کەسەی کە بڕوای بە ئوستوورەیە چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە داهاتوودا وەگیری کەوێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە پۆرترێت شتێکی ئاساییە و لە ئێستادا ئەگەر هەوڵی بۆ بدەین وەگیرمان دەکەوێ. ئوستوورە لەو ڕۆوە، ئارمانییە کە خوێنەر حەز دەکا، یان باشتر بڵێین بە ئاواتی داخوازی کە لەجیاتی ئەوە بێ، بەڵام لە هەمبەر پۆرترێتدا ئەو هەڵوێستە ناگرێ. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم مەعشووق لە شیعری ئەدەبدا ژنێکی ئاسایی نییە، ژنێکی سیحراوییە کە تەنیا ئارەزووی شاعیر لەوەیە تاوێک ببینێ.

**من لە دوو دونیادا هەر ئەو یاری وەفادارم بەسە**
**ئەو دلارامەم بەسە ئەو یارە غەمخوارەم بەسە**
**دڵبەرا فەرمووتە بێ قەندی لەبی تۆ چۆن دەژیم؟**
**زیکری قەندی لێوت و تیکراری گوفتارم بەسە**
«غەزەلی ٨٦»

ئەو مەعشووقەی لە شیعری ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە ژنێکی ئاسایی نییە. ڕەنگە ژنێک سەرنجی ڕاکێشابێ و ڕەنگە چێژی لەچاوەکانی وەرگرتبێ، بەڵام دڵداری ئاراستەکراوە لە شیعرەکەیدا پۆرترێتی ژنی هاوبەشی ژیانی نییە. کە وەک هەر ژنێکی دیکە شووی کردووە و منداڵی بووە و مردووە، بەڵکو ژنێکە ئارمانی، کە خوێنەری ژن خۆی لەجیاتی دادەنێ خوێنەری پیاویش بە ئاواتی داخوازی بەو بگا. ئەم ژنە لەبنەڕەتدا خواژنێکە. کەوابوو کاتێک کە تەوسیف دەکرێ، دەبێ لە زمانی شیعری فرەخوازەیی کەڵک وەرگیرێ و هەروەها لە جۆرەکانی وێچواندن، مەجاز و خوازە، بەڵام خاڵی جێی سەرنجی ئەوەیە. کاتێک ئاوڕ دەدەینەوە سەرچاوەی شیعری لیریکی ئەم خوازانە دەتوانێ بە حەقیقەت ڕاڤەبکرێن، چونکە ئەو خوازانە، یان ئەو ئاواڵناوانە لە ڕاستیدا سیفاتی سیحراوی و ئاسمانی و ئەساتیری خواژنەکانی منداڵی مرۆڤ کە بە وتەی یۆنگ ئەرکی تایپیکن (Archetype) کە لە خودی نا ئاگای کۆمەڵدا ماونەوە، جارو‌بار لە بەرهەمی ئەدەبی و لە خەونەکانی مرۆڤدا خۆیادەبن. کەوابوو لێرەشدا هەر وەک حەماسە زێدە وەسف بەشی حاشاهەڵنەگری زمانی شیعرییە، چونکە بۆ تەوسیف خواژنێک یا پرۆتۆتایپیک (prototype) حەتم دەبێ و لە زێدە وەسف کەڵک وەرگرێ. «ئێرنێست کاسیرر» لە (زمان و ئوستوورە)دا دەڵێ: «شیعری لیریکی نەتەنیا لە چاوگەی ئوستوورەدایە، بەڵکو تەنانەت لە بەرزترین و باشترین بەرهەمەکانی خۆیدا، پێوەندی خۆی لەگەڵ ئوستوورەدا هەر ڕادەگرێ. گەورەترین شاعیرانی شیعری لیریکی وەکو «هۆڵدرلین، یان کیتس» کەسانێکن کە بیرۆکەی ئوستوورەیی هەر بەو گڕوتینە و عەینییەتەی جاران لە هەناویان هەڵدەقوڵێ. بە سەرنجدان بەو دوو پرسیارەی سەرەوە وەڵامەکانیان دەچینە سەر پرسیاری سێیەم، واتە ئەم تایبەتمەندییانەی کە بوونەتە هۆی ئاراستەکردنی وەها مەعشووقێک لە شیعری ئەدەبدا چین؟

لە کتێبی (چیرۆکەکانی ئەویندا)، ژولیا کریستیڤا

دەڵێ: «زمانی دەربڕینی ئەویندارانە تژییە لە مەجاز و خوازە و تەمسیل) زمانی «ئەدەب»یش لەو ڕێسایە بێ بەش نییە، بەڵام لە شیعری ئەدەبدا ئەو گەمە زمانیانە، یان ئەو جوانکارییە ئەدەبیانە زۆر بەکار هاتووە کە لەسەر بنەمای زێدە وەسف دامەزراون وەک وێچواندن، خوازە، زێدە وەسف و... لە گەڵاڵەی زمانی وەها شیعرێکدا بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەعشووق بە بەرزی ناوی بێ. «دۆستۆیڤسکی» دەڵێ: «سەرلەبەری هونەر، تا ڕادەیەک تێکەڵ بە زێدە وەسفە، بەڵام سنوورەکانی زێدە وەسف نابێت لە ڕادەبەدەر پەرەیان پێبدرێت، چونکە لەوانەیە هەر ئان و سات وێنەکە بگۆڕدرێت و ببێتە کاریکاتۆر».

وێچواندن: ڕستەی وێچواندن ڕستەیەکە بە ڕواڵەت دروست نییە و دەبێتە هۆی سەرسوڕمان وەک لە جیهانی واقیع متمانەی نێوەڕۆکەکەی نییە، ئەو ڕستەیە کاتێک قەناعەتی پێدەکرێ کە خاڵی هاوبەش (وجە شبە) بێتەگۆڕێ و لە سەرسوڕمانەوە تا ئاستی قەناعەت بێتەخوارێ. خاڵی هاوبەش لە (مشبەبە)دا بەهێزترە و هەر لەویشدایە کە زێدە وەسف دێتەگۆڕێ.

**موژگان «سپە» و غەمزە «کەماندار» و برۆتیغ**
**گیسو «زرێە» و قەد «عەلەم» و توڕڕتە «پەرچەم»**
«غەزەلی ٤٥»

هەروەکو دەبینین خاڵی هاوبەش هەمیشە لە «مشبەبە»دا بەربڵاوتر و بەهێزترە: کارتێکەری ئەم لایەنە لە شیعری ئەدەبدا کاتێک بەرچاوتر دیارە کە ئێمە سەرنج بدەینە کۆی شیعرەکانی و ڕێژەیەکی زۆری «تشبیە تفضیل»مان بەرچاو دەکەوێ

**سەد جار سەرو جیلوەیەکی بێ لە تەرزی ئەو**
**کوا وەک قەدی سنەوبەری وی سەر کەشیدەیە**
«غەزەلی ٧٦»

ئەو گەمە زمانیانەی تر کە لەسەر بنەمای زێدە وەسف دامەزراون لە شیعری ئەدەبدا بە بەربڵاوی لەکار کراون بریتین لە: خوازە، مەجازی مورسەل، تجاهل العارف و... کە ئێمە هەر بێرە بەسەندە دەکەین و دەیهێڵینەوە بۆ خوێنەری دیوانەکە.

بارت لە کتێبی «کۆپلەگەلێک لە وتاری عاشقانە»دا لە شێوازی کۆپلەنووسین کەڵک وەردەگرێ کە بە بڕوای بارت لەگەڵ پەیڤی ئەویندارانەدا یەک دەگرێتەوە. وتەی پچڕپچڕ و نابەردەوام، بڵاو کە خاوەنی تەکووزیەکی دەروونی نییە. جا کەوابوو مالیخولیای، خەمهێنەرانە و تاڵە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک خوێنەر ئازار نادا، کۆپلەگەلێک کە بە خێرایی لەزەین تێپەڕ دەبن و ئاسەوارێک بەجێ دێڵن کە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خۆی نییە. کاتێک سەرنج بدەینە شێوازناسی غەزەل دەبینین هەمووی ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە. غەزەل خاوەنی یەکێتی بابەت (وحدت موضوع) نییە لە بەیتێکدا شاعیر وەسفی جوانی مەعشووق دەکا، لە بەیتێکی تردا باسی جودایی و هیجران و... خەمهێنەرانەیە چون لە غەزەلدا زیاتر باس لە هیجرانە هەتا ویسال، تاڵە و ئازاردەر نییە چون خوێنەر لەگەڵ جیهانی تاکەکەسی شاعیر بەشدار دەکات.

هیوادارم توانیبێتم گرینگایەتی کێشەی مەعشووق لە شیعری ئەدەبدا، دواتر لە قوتابخانە شیعری نالیدا بخەمە ڕوو. کێشەیەکە هەروا تەریک کراوە و کەمتر ئاوڕی لێدراوەوە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) دیوانی مصباح الدیوانی ادب شـرح و لێکدانەوە: محەمەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)، ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی، ١٣٨١.**
**(٢) دیوانی نالی، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئینتشاراتی کوردستان، ١٣٨٠.**
**(٣) سیر غزل در شعر فارسی، دکتر سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ پنجم، ١٣٧٦.**
**(٤) انواع ادبی، دکتر سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، چاپ نهم، ١٣٨١.**
**(٥) ساختار و تاویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز، چاپ پنجم، ١٣٨٠.**
**(٦) انسان و سمبل هایش، کارل گوستاو یونگ، (م. ابوطالب صارمی)، نشر امیرکبیر، چاپ اول، ١٣٥٢.**
**(٧) فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیماداد، نشر مروارید، چاپ اول، ١٣٨٢.**
**(٨) مقدمەای بر روانشناسی، یونگ، فریدا فورد هام (م. حسین یعقوب پور)، انتشارات اوجا، چاپ اول، ١٣٧٤.**
**(٩) زێدە وەسف، عەبدوالخالیق یەعقووبی، سروە، ٢٢٥، ل ١٣.**
**(١٠) خوسرەو شیرین، خانای قوبادی، ئینتشاراتی سەلاحەددین ئەیوبی.**

# ژوورێک بۆ خۆت

**ڤیرجینیا وۆڵف**
**له فارسییەوە: ئەشمیل کرمانج**
**(بۆکان)**

**(٢ - ٢)**

لەبەر ئەوەی پێشتر گوتوومە ڕۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەر بوو، غیرەتی ئەوەم نییە بە گۆڕینی وەرز و وەسف کردنی ئەو گوڵە یاسانەی بەسەر دیواری باخەکەدا شۆڕ ببوونەوە و گوڵە زەعفەرانەکان و گوڵاڵە و گوڵەکانی تری بەهار خۆم لەبەرچاوی ئێوە بخەم و ناوی باشی چیرۆک خراپ کەم. چیرۆک دەبێ بە ڕاستەقینەکانەوە خەریک بێت، هەرچەندە ڕاستەقینەکان ڕاستتر بن، چیرۆکەکە باشتر خۆی بەدەستەوە دەدات- ئەمە ئەو شتەیە وا پێیان گوتووین- کەواتە هێشتا پاییز بوو و گەڵاکانیش هێشتا زەرد بوون و دەکەوتنە سەر عەرزی، لەوانەیە هەر دەکرا بڵێی نەختێ خێراتر لە جاران دەکەوتنە سەرعەرزی، چونکە ئیتر شەو داهاتبوو(کاتژمێر حەوت و بیست و سێ خولەکی ڕێک)و بایەک (ڕاست لە لای باشووری ڕۆژئاواوە) دەهات، بەڵام لەپەنای گشت ئەمانەوە، شتێکی سەیر لەگۆڕێدا بوو:

**دڵی من چەشنی باڵندەیەکی گۆرانیبێژە**
**وا لەسەر نەمامێکی تازە ئاو دراودا هێلانەی کردووە**
**دڵی من چەشنی دار سێوێکە**
**وا بەری زۆر لقەکانی شۆڕ کردووەتەوە**

پێم وایە وشەکانی کریستینیا ڕۆزێتی تا ڕادەیەک دەوری هەبووبێ لە بزووتنەوەی ئەم خەیاڵەدا- هەڵبەت کە شتێک جگە لە خەیاڵ نەبوو- وا چڵە یاسەکە گوڵەکانی دەوەراندە سەر دیواری باخەکە، پەپوولەی بریمستۆن(٢٢) سووک و چالاک بەم لاو ئەو لادا هەڵدەفڕین و گەردەی گوڵ وەک تۆز کەوتبووە حەوا. بایەک هات، نازانم لە کام لاوە، بەڵام گەڵا تازە شین بووەکانی خستە حەوا، بەجۆرێکی وا کە لەناکاو ڕەنگێکی خۆڵەمێشی زیوین لە حەوادا بریقایەوە. تاریک و ڕوون بوو، ئەو کاتەی وا ڕەنگەکان تۆخ دەبن بنەوش و ئاڵتوونی وەک ترپەی دڵێکی پڕ لە هەیەجان لەناو چوارچێوەی پەنجەرەدا لێ دەدا؛ کاتێک لەبەر هۆیەک جوانی جیهان ئاشکرا دەبێت، ئەو جیهانەی لە هەمان کاتدا بەو زووانە لەناو دەچێت(لەم کاتەدا پاڵم نا بە دەروازەی باخەکەوەو چوومە ژوورێ، لەبەر وەی دەرکەکە لەبەر کەمتەرخەمی ئاواڵە بوو و بەرپرسێکیش لەو دەوروبەرانە دیار نەبوو)؛ جوانی ئەو جیهانەی بەم زووانە لەناو دەچێت، دوو تۆیە، یەکیان پێکەنینە و یەکیشیان دڵەڕاوکێ، دڵیش دادەخورپێنن. باخەکانی فرێنهام لە هەوای تاریک و ڕوونی بەهاردا، چڕ و فراوان، دەهاتنەبەر چاوم، لە نێوان گژوگیا درێژەکاندا، شیلان و گوڵە پیاڵەییە ئاڵۆز و شەونم لەسەرەکان، کە ڕەنگە لە باشترین کاتیشدا ڕێکوپێک نەبن، ئێستاکە بەدەم بایەکەوە دەهاتن و دەچوون و ڕیشەکانی خۆیان لە عەرزی دەهێنایە دەر. پەنجەرەکانی ساختومانەکە، خڕبوون وەک پەنجەرەی پاپۆڕ لەنێوان شەپۆلی بێ ئەژماری خشتی سووردا، لەبەر هاتوچۆی خێرای هەوری



**ڤیرجینیا وۆڵف**

بەهاردا، لەبری لیمۆیی، زیوینیان دەنواند. کەسێک لە ناو جۆلانێیەکی هەڵواسراو بەدارەکانەوە خەوتبوو، کەسێک- بەڵام لەبەر ئەو شەوقەدا پتر لە تاپۆیەک دەچوو، هەندێکی بە یاریدەی گومان و شیمانە، هەندێکیشی بە دیتن؛- لە نێو گیایەکاندا هەڵات- یانی کەس بەری پێ ناگرێت؟ - پاشان قەڵافەتێکی دانوواو لەبەر هەیوانەکە وەدیار کەوت، وەک بڵێی تازە خۆیا بووبێ، تاوەک پشوویەک بداتەوە بەر خۆی و چاوێک بە باخەکەدا بگێڕێ، - بەهێز، بەڵام خاکەڕا، نێوچاوانێکی بەرزی هەبوو بە جلوبەرگێکی شڕەوە. ئایا ئەوە هەر هەمان لێکۆڵەری بەناوبانگە، بۆ خۆیەتی خاتوو جی ئێچ(٢٣)؟ هەموو شتێک نادیار بوو، کەچی تۆخ و کرژ، دەتگوت ئەو شاڵەی ئێوارە بەسەر باخەکەیدا دابوو بە تیخی هەسارە، یان شمشێر دادڕابوو. برووسکەی حەقیقەتێکی ترسهێنەر، وەک هەمیشە، لەناو دڵی بەهارەوە هاتبووە دەر. لەبەروەی لاویەتی...

سوپەکەم ساز بوو. مێزی شێویان لە هۆڵێکی گەورەی نان خواردندا ڕازاندبووەوە. هەوا هیچ لە بەهار نەدەچوو و بەڕاست شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەر بوو. هەمووان لە هۆڵە گەورەکەی نان خواردن کۆ ببوونەوە. شیو ساز بوو. سووپەکەیان هێنابوو. بە ئاوی گۆشتی سادە سازیان کردبوو. شتێکی تێدا نەبوو تاوەکو سەبارەت پێی بکەوییە خەیاڵ پڵاوی. دەتوانی لە ژێر ئەو ئاوە روونەوە هەر وێنەیەک لەسەر دەورییەکە بێ بیبینی، بەڵام وێنەیەک لە گۆڕێدا نەبوو. دەورییەکە سادە بوو، پاشان سەرەی گۆشت بوو لە پاڵییەوە سەوزی و پەتاتە- چیرۆکی لاکەوتەی گارانە مانگا و مەڕی ناو بازاڕی قوڕاوی دەهێناوە یاد، کەلەمە سوورەکەش سەرچڵەکانی زەرد و لوول بوو، لەسەر ڕۆیشتن و داشکاندنەکان و ژنان بەجانتا کەنەفەکانیانەوە لە بەیانییەکی دووشەمدا. هیچ هۆیەک بۆ سکاڵاکردن لە خواردنی ڕۆژانە نەبوو، لەبەر وەی چێشتەکە کەم نەبوو، بێ گومان کرێکارانی کانزا بە لەوە کەمتریش قایل بوون. هەڵۆژە و کاستەری بە دوودا هات ئەگەر کەسێک گلەییەک لەوە بکات کە هەڵووژە بە کاستەری خۆشکراویشەوە، هەر سەوزییەکی ڕەق و ناخۆشە (میوە هەر نییە)- ڕیشاڵ ڕیشاڵە وەک دڵی مرۆڤێکی قرنیس بە ئاوێکی ترشەوە کە لەوانەیە لەناو دەمارەکانی مرۆڤێکی قرنیسدا بگەڕێ وا هەشتا ساڵە شەراب و گەرمای لێ درێغی کردوون، کەچی بە هەژارانیشی نەداوە. - دەبێ بیر لە کەسانێک بکاتەوە وا تەنانەت هەڵووژەش لە بەزەیی خۆیان بێ بەش ناکەن. پاشان سەرەی بیسکویت و پەنیر هات، لەم کاتەدا تونگەی ئاوەکە دەست بە دەست دەگەڕا، لەبەر وەی سروشتی بیسکویت ویشکییە و ئەمانەش تا سەر ئێسک بیسکویت بوون. هەر ئەوندە خواردن تەواو بوو، هەمووان کورسییەکانی خۆیان بەرەو دواوە دەبرد؛ دەرکە باوەشێنییەکان قایم بەرەو دواوە و پێشەوە پاڵ پێوە دەنران؛ بە خێراییەکی سەیر هیچ ئاسەوارێکی خواردن بە هۆڵەکەوە نەما و بێ گومان بۆ نانی بەیانی ڕۆژی دواتر ساز دەکرا. لە ڕێڕەوەکەدا لەسەر پلیکانەکان، گەنجانی بریتانیا هەراهەرایان دەکرد و گۆرانییان دەگوت. ئایا دەکرا میوانێک، غەریبەیەک (لەبەر ئەوەی من هیچ مافێکم بەسەر فرینهام، ترینیتی،(٢٤)یان سامێرڤێل،(٢٥)یان گێرتەن، (٢٦)، یان نیوهام، (٢٧) یاوەکو (کرایست چێرچ(٢٨)ەوە نییە) بڵێ «شێوی شەوێ خۆش نەبوو»، یان بڵێ (من و مێری سیتۆن ئێستەکە لە ژووری دانیشتنەکەی ئەو بووین) «نەدەکرا لێرە لەم سەرە بە تەنێ نان بخۆین؟» چونکە ئەگەر شتێکی وام بگوتایە، خۆم لە ڕاز و ڕەمزی ئابووری ماڵێک هەڵدەقورتاند کە وەها ڕواڵەتێکی ڕازاوە بە شادمانی و ئازایەتی دەخستە بەر چاوی غەریبە. نا، نەدەکرا شتێکی وەها بڵێی. لە ڕاستیدا وتووێژەکە بۆ ساتێک ڕاوەستا. بە لەبەرچاوگرتنی جەستەی بەشەر، دڵ

و مێشک و لەش وا هەموویان بەیەکەوە تێکەڵن، لە جێگەی جوێ جوێدا نەبەستراونەتەوە، بێ گومان یەک ملیۆن ساڵی تریش هەر ئاوا دەبن، شیوی باش بۆ قسە لەسەر کردنێکی باش بایەخێکی زۆری هەیە. ئەگەر کەسێک شیوێکی باشی نەخواردبێ ناتوانێ باش بیر بکاتەوە، باش خۆشەویستی و ئەوین ئاراستە بکات، باش بخەوێت. چرای بڕبڕەی پشت بە گۆشت و هەڵووژە داناگیرسێ. لەوانەیە هەمموومان بچینە بەهەشت و هیوادارم لەسەر پێچەکەی تر چاومان بە وەندایک بکەوێت- ئەمە ئەو زەینییەتە باوەڕ پێ نەکراو و سنووردارەیە وا خواردنی گۆشت و هەڵووژە لەکۆتایی ڕۆژێک کارکردندا تێماندا ساز دەکات. بەختەوەرانە هەڤاڵەکەی من، وا وانەی زانستی دەگوتەوە، سندووقێکی بوو کە بتڵێکی خرپن و چەند پەرداخێکی بچووکی تێدا بوو- بەڵام دەبوو بە ماسی سۆل و کەو دەستی پێ بکردایە. ئا بەو جۆرە توانیمان لە پەنا ئاور دابنیشین و هەندێ لە زەرەرەکانی ئەو ڕۆژەی ژیانمان قەرەبوو بکەینەوە. بە مەودای یەک دوو خولێک، بەئازادی لەم چڵەوە دەپەڕینە سەر ئەو چڵ و سەبارەت بەو بابەتانە قسەمان دەکرد وا پێمان خۆش بوو ئەو خۆتێهەلقورتاندنانەی وا ئەگەر کەسێکی تایبەت دیار نەبێ لە مێشکدا ساز دەبن. – ئەو کاتەی دیسان یەکتر دەبینینەوە، دیارە دەبنەوە بابەتی قسە کردن. – ئەوەی کە چلۆن فلانە کەس زەماوەندی کردووە، ئەوی تر ماوەتەوە؛ یەکێک ئاوا بیر دەکاتەوە و ئەوی تر ئاوا؛ ئەو کەسەیان بەڕای هەمووان چاتر بووە و ئەوی تر بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر خراپ – هاوڕێ لەگەڵ هەموو چەشنە گومانێک سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و تایبەتمەندی ئەو جیهانە سەرسوڕهێنەرەی تێیدا دەژین، دیارە لە ناخی قسەگەلێکی ئاوەها سەرەتاییەوە دێنە دەر، بەڵام ئەو کاتەی ئەو قسانە لە زار دەهاتنە دەر، تەریق بوومەوە کە سەرنجم بەو کەشە تایبەتە دا وا گشت شتەکانی ئاراستەی مەبەستەکانی خۆی دەکرد. لەوانە بوو لەبارەی پورتوگال، یان ئیسپانیاوە قسان بکەین، یان لەبارەی کتێبەوە یان کێبەرکێی غارغارێنی ئەسپ، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتی جێگەی سەرنج هیچ کام لەوانە نەبوو، بەڵکو دیمەنێک بوو لە بەنناکانی سەر بانە بەرزەکەی دەوروبەری پێنج سەدە لەمەوپێش. پاشاکان و سەرۆکەکان گەنجینەکانیان لە توورەکەی گەلێ گەورەدا دەهێنا و دەیانخستە ژێر عەرزی. ئەم دیمەنە پەیتاپەیتا دەهاتەوە بەرچاوم و دەچووە پەنای دیمەنێکی دیکە، دیمەنی مانگا لەڕەکان و بازاڕی قوڕاوی و سەوزی ڕزیو و دڵی ڕیشاڵ ڕیشاڵی پیاوانی بەساڵداچوو- هەر چەندە، هەردەم ئەم دوو وێنەیە بە بێ پێوەندی و ناڕێکوپێک و بێ واتا، پێکەوە وەدیار دەکەوتن و بە یەکەوە شەڕیان دەکرد، مێشکیان تەواو داگیر کردبووم. باشترین ڕێگە ئەوە بوو- مەگین بڕیار وا نەبووبێ باسەکە تەواو لە بەستێنی خۆی بترازێ- کە وا ئەو شتەی لە مێشکمدایە هەڵیڕێژم، بەڵکو شانسەکەم بیگرێ و ئەم دیمەنانە لەبەرچاوم بڕەوێنەوە، وەک سەری پاشای کۆچکردوو ئەوکاتەی تابووتەکەیان لە وینزەر(٢٩) هەڵداوە، هەپروون بە هەپروون بوو(٣٠)، بۆیە بە کورتی لەگەڵ مێری سیتۆن باسی ئەو بەننایانەم کرد وا چەندین ساڵ لە سەربانی کلێسا بوون، هەروەها باسی پاشایان و شاژنان و گەورە پیاوان وا توورەکەی زێڕ و زیویان بە باوەش دەهێنا و دەیان نا چاڵ؛ پاشان سەبارەت بەوەی چلۆن ئەم کەڵە سەرمایەدارانەی سەردەمی ئێمە هاتن و چەک و بەرگەی بەشدارییەکانیان، پێم وایە، لەو جێیانە دادەنا وا ئەوانی تر کەستەک و زێڕی گەورە گەورەیان لێ دادەنا. گوتم هەموویان لەوێ لەبن ئەو کۆلێژانەدا لەچاڵدان؛ بەڵام چ شتێک لەم کۆلێژەی وا ئێستا لێی دانیشتووین لە ژێر ئەو خشتە سوورە بەشکۆ و گژوگیا کێوی و ناڕێکوپێکانەی باخچەکەدا شاردراوەتەوە؟ چ هێزێک لەو بەری ئەو کەلوپەلە چینییە سادانەوەیە وا شیومان تێدا خواردن؟ (لەم کاتەدا، بێ وەی بتوانم زمانم ڕابگرم، ئەم وشانەم لە زار دەرپەڕییە دەر) لەو بەری گۆشت و کاستێرد و هەڵووژەوە؟

مێری سیتۆن گوتی، دەی جا، ئەوە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ بوو، بەڵام خۆ تۆ چیرۆکەکە دەزانی- پێم وایە ئەم ڕاپۆرتە وەڕەزی کردبوو. ماڵێکیان بە کرێ گرت. ڕێکخراوەکان داندران. لەپشت پاکەتەکان نیشانی نووسران، ئاگادارییەکان ساز کران. دانیشتنەکان بەڕێوە چوون، نامەکان خوێندرانەوە، فلانە کەس وەئەستۆی گرت ئەوەندە پارە بدات؛ کەچی ئاغای... پاوندێکیش نادات. ساتێردەی ڕیڤیو(٣١) زۆری بێ چاوەڕێی کردووە. چۆن دەتوانین پارە بۆ خەرجەکانی نووسینگەکان کۆ وە کەین؟ دەبێ بازاڕی خێر و خێرات دابنێین؟ ناتوانین کیژۆڵەیەکی جوان بدۆزینەوە بۆ وەی لەڕیزی

پێشەوە دابنیشێ؟ ڕاوەستێ با بزانم جان ئیستوارت میل(٣٢) سەبارەت بەم بابەتە چی گوتووە. کەس دەتوانێ سەرنووسەری... قایل بکات کە نامەیەک بڵاو بکاتەوە؟ دەتوانین داوا لە خاتوو... بکەین واژووی بکات؟ خاتوو... لەسەفەرە. پێم وایە شەست ساڵ لەوەپێش کار ئاوا دەکرا و پێویستی بە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر و گەورە بوو، کاتێکی یەکجار زۆری بۆ تەرخان دەکرا. پاش خەباتێکی دوورودرێژ و شەڕەدەندووکێ لەگەڵ کێشەگەلێکی دژوار تاقە سی هەزار پاوندیان کۆ کردەوە(٣٣). مێری سیتۆن گوتی کەواتە بە دڵنیاییەوە ناتوانین شەراب و کەومان هەبێ، ئەو خزمەتکارانەی قاپەکان لەسەر سەریان دانێن. ناتوانین موبل و ژووری جیاشمان هەبێ. پاشان لە زاری کتێبێکەوە گوتی: «بۆ کەلوپەلی ئاسایش جارێ دەبێ چاوەڕوان بین.»

بیرکردنەوە لەو هەموو ژنەی وا لەم ساڵەوە بۆ ساڵی تر کاریان دەکرد و بۆیان جێبەجێ نەدەبوو، دوو هەزار پاوند لەسەر یەک کۆ کەنەوە، هەوڵ و تەقەللایەکی زۆریان دەدا تا سی هەزار پاوند کۆکەنەوە، چاکی پەشۆکاندین و هەژاری شەرم هێنی جنسیەتی خۆمانمان سەرکۆنە کرد. ئەگەر وایە دایکانی ئێمە چیان دەکرد وا هیچ سەروەت و سامانێکیان نەبوو تا بۆمان بەجێ بێڵن؟ لووتیان چەور دەکرد؟ چاویان لە جامخانەی دوکانەکان دەکرد؟ خۆیان لەبەر هەتاوی مۆنت کارلۆ دەنواند؟ چەند وێنەیەک لەسەر تاقەکە بوون. دایکی مێری- ئەگەر ئەو وێنەیە هی ئەوبێ- ڕەنگە لە کاتی بێکاریدا کەسێکی تەوەزەل بووبێ(لە قەشەیەکی کڵێسا سێزدە منداڵی هەبوو)، بەڵام ئەگەر وا بووبێ، ژیانە سەرخۆشانە و حولحولییەکەی شوێنەوارێکی بچووک و نادیاری لە چێژ بەسەر ڕوخسارییەوە دادەنا. ڕووالەتێکی زۆر ئاسایی هەبوو، خانمێکی بەساڵداچوو شاڵێکی ئیسکۆتلەندی پێوە بوو بە نقێمێکی قوبگەدار داخرابوو، لەسەر کورسییەکی حەسیری دانیشتبوو، سەگە ئیسپانیلییەکەی هان دەدا بۆ وەی چاو لە کامێراکە بکات- بە قیافەیەکی سەرسوڕماو، بەڵام قەڵسی کەسێکەوە کە دڵنیایە لەوە وا هەر چراکە داگیرسێ سەگەکە دەجووڵێ. ئەگەر بچوایەتە ناو جیهانی بازرگانییەوە دەبووە بەرهەم هێنی ئاوریشمی دەستکرد، یان لەبازاڕی بۆرسەدا دەبووە کەسێکی گەورە، ئەگەر دوو سەد سێ سەد هەزار پاوندی بۆ فرێنهام دابنابایە، ئێمە دەمانتوانی ئەم شۆکە بە ئاسوودەیی دابنیشین و سەبارەت بە کەونئارا ناسی، ڕووەکناسی، مرۆڤناسی، فیزیک، ماهیەتی ئەتۆم، بیرکاری، هەسارەناسی، نیسبیەت و جوگرافیا قسە بکەین. ئەگەر هەر تەنیا خاتوو سیتۆن و دایکی و دایە گەورەی فێری هونەری مەزنی پارە دەرهێنان بووبایەن و پارەکەیان وەک باب و باپیرانی خۆیان، بۆ دامەزراندنی کورسی ئوستادی و لێکۆڵینەوەو خەڵات و بۆرسە بو کەڵک وەرگرتنی ڕەگەزی خۆیان دابنایە، لەوانەیە ئێمە بمانتوانیایە بۆ شێوێکی دوو کەسی لەم سەرە کەو و شووشەیەک شەراب بخۆین، ڕەنگە بمانتوانیایە بێ لەخۆڕادیتنێکی بێ جێ، بە هیوای ژینێکی خۆش و سەربەرزانە لە سایەی دانەیەک لەم پیشانەی بە یارمەتی ئەوان پێکهاتبوو ببین؛ ڕەنگە بمانتوانیبایە خەریکی لێکولێنەوە بین یاوەکو بنووسین؛ لە شوێنە پیرۆزەکانی سەر زەوی بخولێینەوە؛ لەسەر پلیکانەکانی پارتێنۆن(٣٦) خەریکی بیرکردنەوە بین، یان کاتژمێر دە بچینە نووسینگەی کار و کاتژمێر چوارو نیو بە خەیاڵێکی ئاسوودە بگەڕێینەوە ماڵێ تا چەند هۆنراوە بهۆنینەوە. هەر ئەوندە ئەگەر خاتوو سیتۆن و هی وەک ئەو لە پازدە ساڵیدا بچوونایە جیهانی بازرگانییە.

- بەڵگە هێنانەوەکەی ئێمە ئا لێرەدا پەکی کەوتبوو- ئیتر مێری نەدەبوو. ڕای مێریم لەو بارەیەوە پرسی. لە نێوان پەردەکانەوە شەوی ئوکتۆبەر خۆی وەدەر خست، هێور و خۆش، بە یەک دوو هەسارەوە وا لەنێو دارە بێ گەڵاکاندا گیریان کردبوو. ئایا مێری ئامادە بوو بۆ وەی لە بەشەکەی خۆی لەو شەوە خۆش بێ. هەروەها لە بیرەوەرییەکانی(لەبەر وەی ئەوان لە چاو ئەوەی بنەماڵەیەکی خێزاندار بوون، بەختەوەر بوون)، لە شەڕو کایەکانیان لە ئیسکۆتلەند، کە وا لەوەی کە بەسەر کێکە بەتام و هەوا خۆشەکەیدا هەڵبڵێت قەت هیلاک نەدەبوو، تاوەکو فرێنهام بەقەڵەم لەسەر قاقەز دانانێک دەوروبەری پەنجا هەزار پاوندی پێ ببڕێ؟ دابین کردنی خەرجییەکانی کۆلێژ گشت ئەندامانی بنەماڵە دەخاتە زەحمەتەوە. دەوڵەمەند بوون و سێزدە منداڵ زان هیچ کەسێک پێی نەدەکرا. گوتمان با بێین و ڕاستەقینەکان لەبەرچاو بگرین. سەرەتا نۆ مانگی پێ دەچێت تا منداڵەکە لەدایک دەبێت. پاشان منداڵەکە لەدایک دەبێ. لەدوای ئەوە، سێ یا چوار مانگ بە شیرپێدانی منداڵەکەوە دەڕوا. پاش شیردان، بێ گومان پێنج ساڵێک بە کایەکردن

لەگەڵ منداڵەکە تەرخان دەکرێت. وادیارە ناتوانین لێگەڕێین منداڵەکان لە شەقامان بخولێنەوە. ئەو کەسانەی لە ڕووسیا ئەوانیان لەسەر شەقامەکان دیوە دەڵێن دیمەنێکی جوانی نییە. جگە لەمە دەڵێن زاتی مرۆڤ لە نێوانی یەک تا پێنجساڵیدا بیچم دەگرێت. گوتم ئەگەر خاتوو سیتۆن خەریکی پوول پەیدا کردن بووایە، تۆ چ جۆرە بیرەوەرییەکت لە کایە و شەڕەکان دەبوو؟ چیت لە کێکە بەتامەکان و هەوا خۆشەکەی ئیسکۆتلەند و شتەکانی تر دەزانی؟ بەڵام پرسینی ئەم جۆرە پرسیارانە لەخۆڕاییە، لەبەر وەی تۆ هەر لە دایک نەدەبووی. جگە لەمە، ئاراستەکردنی ئەم پرسیارەش هیچ سوودێکی نییە کە وا چی دەبوو ئەگەر خاتوو سیتۆن و دایکی و دایەگەورەی ماڵێکی زۆریان لەسەر یەک دابنایا و ئەویان بخستایەتە بن بناغەی زانکۆ و کتێبخانە، لەبەر وەی لە قۆناغی یەکەمدا، وەرگرتنی داهات بۆ ئەوان مەحاڵ بوو، لەقۆناغی دووەمدا، ئەگەر بشکرابایا، یاسا ئەوانی لەمافی خاوەنبوونی داهاتەکەیان بێ بەش دەکرد. تاقە لەم چل و هەشت ساڵەی دواییدا خاتوو سیتۆن برە پارەیەکی خۆی هەبووە. بەدرێژایی هەموو ئەو سەدانەی بەر لەوە، ئەم پارەیە هی مێردەکەی بووە. – ئەو پرسەی وا لەوانەیە دەوری لە دوور ڕاگرتنی خاتوو سیتۆن و ئەژدادی دایکی لە بازاڕی بۆرسە هەبووبێ. ڕەنگە بیانگوتایە ئەو پوولەی من دەریدەهێنم تا دوا پێنی لێمی وەردەگرن و بە چاودێری مێردەکەم خەرج دەبێ. لەوانەیە بۆ بەخشینی بۆرسەی خوێندن، یان دامەزراندنی کورسی ئوستادی لە بالیۆل(٣٧)، یان کینگز(٣٨). کەواتە پوول دەرهێنان، تەنانەت ئەگەر بۆشم بکرێ، بابەتێکی وا نییە کە زۆرم بۆ سەرنجڕاکێش بێ. باشترە بیدەمە دەست مێردەکەم.

هەرچۆنێک بێ، چ ئەو خاتوونە بە ساڵا چووە وا چاوی بڕیبوە سەگە ئیسپانیلەکە، تاوانبار بێ و چ نا، گومانی تێدا نییە کە دایکانی ئێمە لەبەر هەر هۆیەک بێ کارەکانی خۆیان باش بەڕێوە نەبردووە. نەدەکرا تەنانەت پێنیەکیش بۆ «کەلوپەلی ئاسایش» تەرخان بکرێ، بۆ کێک و شەراب، کارمەند و چیمەن، کتێب و جگەرە، کتێبخانە و سەرقاڵی. ئەوپەڕی ئەو کارەی لە دەستیان دەهات چێ کردنی دیوارێکی ڕووت لەسەر عەرزی ڕەق بوو.

بۆیە لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستاین و قسەمان کرد، لە کاتێکدا کە وەک هەزاران کەسی تر چاومان لە گومبەزی و بورجەکانی ژێر پێمان دەکرد. لە ناو شەتاوی پاییزدا، زۆر جوان بوو، زۆر ڕەمزاوی بوو. وەک بەردێکی زۆر سپی و موتەبەڕکی قەدیمی دەهاتە بەرچاو. مرۆڤ دەکەوتەوە بیر ئەو گشت کتێبەی وا لەو ژێرە کۆ ببوونەوە. وەبیر وێنەی ئۆسقۆف و کەسە ناودارەکانی ڕابردوو دەکەوتەوە وا بە قاپی گەچکاریکراوی دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون، وە بیر پەنجەرە ڕەنگاوڕەنگەکان وا وێنەی گۆ و نیوەگۆی سەیریان دەخستە سەر پیادەڕەوەکە؛ وەبیر سواڵەت و بینای یادبوود و نووسراوە کۆنەکان؛ وەبیر فەوارەو چیمەنەکان؛ وەبیر ژووری بێ دەنگ وا دەکەوتنەوە سەر حەوشە چوار سووچ و بێدەنگەکان. هەروەاش (هەڵبەت لەبەر ئەم بیرۆکەیە داوای لێبووردن دەکەم) وەبیر جگەرە و شەرابی باش و موبلی ڕاحەت و فەرشی نەرم؛ وەبیر ژیانی شار و هاودڵی و تەبایی، ئەو پلە و پایە و مەزنایەتییەی وا لە ناخی ئاسایش و تەنیایی و کەشێکی باشدا پێکدێت. خاترجەم دایکانی ئێمە شتێکی وایان پێ نەدابووین تاوەک لەگەڵ ئەم گشتە بەرئاورد بکرێت. دایکانی ئێمە وا کۆکردنەوەی سی هەزار پۆندیان بۆ جێبەجێ نەدەبوو، دایکەکانمان وا سێزدە منداڵیان بۆ قەشەکانی ئێستئەندرێوز(٣٩) دەبوو.

گەڕامەوە موسافیرخانەکەی خۆم، بەدەم پیاسەکردنم لە شەقامە تاریکەکاندا کەوتبوومە بیر کردنەوە لەم بابەت و لەو بابەت، بەو جۆرەی وا مرۆڤ لە کۆتایی ڕۆژێکی پڕ کاردا لە شتەکان ورد دەبێتەوە. بیرم لەوە کردەوە بۆچی خاتوو سیتۆن پارەیەکی نەبوو تاوەک بۆمان جێ بهێڵێت؛ هەژاری چ شوێنێک لەسەر زەین دادەنێت؛ ماڵ و سامان چ کاریگەرییەکی دەبێ؛ بیرم لەو پیاوە پیرە نەجیب و سەیر و بلیمەتانە دەکردەوە وا ئەو بەیانییە دیبوومن و شاڵێکی تووکیان بەسەر شاندا دابوو؛ وەبیرم هاتەوە وا ئەگەر فیتوویەکت لێبدایە، یەکیان هەڵدەهات؛ بیر ئەو ئۆرگە کەوتمەوە وا لە کلێسا دەینەڕاند و بیر دەرکە داخراوەکانی کتێبخانە؛ بیرم لەوە کردەوە چەندە ناخۆشە مرۆڤ لە پشت دەرکە بمێنێتەوە؛ لەبەر خۆمەوە گوتم لەوانەیە بەسترانەوە لەناو خانوویەکدا لەوەش ناخۆشتر بێت؛ بیرم لە ئاسوودەیی و ئاسایشی ڕەگەزێک و نەبوونی ئۆقرە و نەحەسانەوەیی بۆ ڕەگەزێکی تر کردەوە هەروا لە کاریگەرییەتی سوننەت و نەبوونی سوننەت

لەسەر زەینی نووسەر؛ لەکۆتاییدا بیرم لەوە کردەوە وا کاتی ئەوە گەیشتووە تۆخە چرچەکەی ڕۆژ بە هەموو هۆهێنان و تێگەیشتنەکان و ڕق و پێکەنینەکانییەوە بپێچمەوەو حەوای بدەم. هەزاران هەسارە لەناو ئاسمانی ئاوی بەریندا دەترووسکانەوە. دەتگوت لەگەڵ کۆمەڵێکی ڕەمزاویدا بە تەنێ مابوومەوە. گشت مرۆڤەکان نووستبوون- لەپەڕوو، ڕاکشاو، بێ دەنگ. دەتکوت هیچ کەسێک بە شەقامەکانی ئاکسبریجدا هاتوچۆی نەدەکرد. تەنانەت دەرکی هۆتێلەکەش بە وێکەوتنی دەستێکی نادیار کراوە - کەس چاوەڕوانم نەبوو تا بەرەو ژوورەکەم ڕێنوێنیم کات، زۆر درەنگ بوو.

**پەراوێزەکان:**

(22) Brimstone

**(٢٣) J. H وۆڵف بە جین ئێلێن هەریسۆن (Jane El-len Harrison 1928-1850) لێکۆڵەری بریتانیایی ئاماژە دەکات وا بە هۆی گوتەبێژیەکانی سەبارەت بە هونەری یۆنان، کتێبەکانی لەسەر ئایین و ئەفسانەکانی یۆنان، بیر و ڕا نائاسایی و ئاشکراکانییەوە بەناوبانگ بوو. هەریسۆن ئێستەکەش بەهۆی بەرهەمەکانی لەبواری هونەر و ئایینی یۆنانی کەونئارا و بەشداری کردنی لە لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤ شوناسی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەناوبانگە، بەڵام ئەو کەمتر بە بۆنەی پێگەکەی لە مێژووی ژناندا دەناسن. هەریسۆن زۆربەی سەردەمی بزووتنەوەکانی خۆی لە کۆلێژی کەمبریج ڕابوارد، کەچی دەسەڵاتی ئەو سنووری ئەم کولێژەی بەزاند. ڤیرجینیا هەڤاڵی هەریسۆن بوو، ئەوی بە مامۆستای خۆی دادەنا. - و.ف**

(24) Trinity

(25) Somerville

(26) Girt on

(27) New ham

(28) Christchurch

(29) Windsor

**(٣٠) لەوانەیە مەبەستی وۆڵف چارلزی یەکەم بێ وا شۆڕشگێڕان سەریان لێ کردەوەو پاشان مەیتەکەیان لە تابووتێکدا بەمەبەستی ناشتن ناردەوە بۆ وینزر. و.ف**

(31) Saturday Review

(32) John Stuart Mill

**(٣٣) «پێیان گوتووین دەبێ لانی کەم داوای سی هەزار پاوند بکەین... لەچاو ئەوەی بڕیار وایە تاقە یەک دانە کۆلێژی لەو جۆرە بۆ بریتانیای مەزن، ئیرلەند و وڵاتانی بن دەست دروست بکرێت، دیسان لە چاو ئەوەی کە کۆکردنەوەی پوولێکی زۆر بۆ قوتابخانەی کوڕانە کارێکی گەلێک ئاسانە، ئەم پوولە، پارەیەکی زۆر نییە، بەڵام لەچاو ئەوەی کە هەندێکی زۆر کەم بەڕاست پێیان خوشە ژنان دەرس بخوێنن، پارەکە زۆرە.» (Lady Stephen, Life of Miss Emily Davies**

**(٣٤) «گشتی ئەو پارەیەی وا بەو زەحمەتە زۆرە کۆ ببووەوە تا پێنی ئاخری بۆ بینای (کۆلێژەکە) خسترابووە ئەولاوە و دابینکردنی کەلوپەلی ئاسایش دەبوو وەدوا بکەوتایە.» (R. Strachey,The Cause)**

(35) Spaniel

(36) Parthenon

(37) Balliol

(38) Kings

(39) St. Andrews

**سەرچاوە:**

**اتاقی از آن خود**

**ترجمە: صفورا نوربخش، انتشارات نیلوفر.**

# پاڵتۆی چەرم

**یەلمار سوێدربێرگ**
**لە سوێدییەوە: کەریم تاقانە**
**(سوێد)**

یەلمار سوێدربێرگ نووسەرێکی ناسراوی سوێدییە. لە ١٨٦٩ لە ستۆکهۆڵمی پێتەختی سوێد لە دایک دەبێ و ساڵی ١٩٤١ لە کۆپێنهاگنی پێتەختی دانیمارک کۆچی دوایی دەکا.

یەلمار، نوێنەری ڕێبازی ئەدەبی ناسراو بە (ڕەشبینانی کۆتایی سەدە)، یەکێک لە ناسراوترین نووسەرانی خاوەن سەبکی سوێدییە. ئەو باوەڕی بە ئازادی ئیرادە نییە، زۆرێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی وی دەبنە قوربانی هەڵکەوت و چارەنووس.

ئەو چوار ڕۆمان و چەندین کۆمەڵە چیرۆک و نمایشنامەی نووسی. (لاوێتی مارتین بریک) ڕۆمانێکیەتی کە لە ڕاستیدا دەکرێ بیوگرافی خۆی بێ. ڕۆمانی (دکتۆر گلاس) ناسراوترین بەرهەمی یەلمار سوێدربێرگە کە وەک بەرهەمی کلاسیکی سوێدی حسێبی بۆ دەکرێ. ئەم ڕۆمانە کە ساڵی ١٩٠٥ چاپ و بڵاو دەبێتەوە، بۆ زۆربەی زۆری زمانەکان وەرگێڕدراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ و لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە دەخوێندرێتەوە و قسەی لە بارەوە دەکرێ.

**وەرگێڕ**

ئەو ساڵە زستانەکەی سارد بوو. خەڵک لە تاو سەرما چووبوونە یەک و بچووک ببوونەوە، ئەوانە نەبێ کە پاڵتۆی چەرمیان هەبوو. ڕیچارد، دادوەری ناوچە، پاڵتۆیەکی چەرمی گەورەی هەبوو.

هەڵبەت ئەمە لە پێداویستییەکانی ئەرک و پلە و پایەکەی بوو، چونکە ئەو سەرۆکی بەڕێوەبەریی کارخانەیەکی ئێجگار نوێ بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە دکتۆر هێنک henk ی کۆنە دۆستی، پاڵتۆی چەرمی نەبوو.

ئەو لە جیاتی پاڵتۆی چەرم، ژنێکی جوان و سێ منداڵی هەبوو. دکتۆر هێنک، لەڕ و لاواز و کەمڕەنگ بوو. هێندێک کەس کە ژیانی هاوسەری پێکدێنن، قەڵەو دەبن، هێندێکیش بە پێچەوانەوە لەڕ و لاواز. دکتۆر هێنک لەڕ و لاواز ببوو؛ جێژنی کریسمێسیش وا بەڕێوە بوو.

سەعات سێی دوانیوەڕۆی کریسمێس، دروست لە زەردەپەڕی ئێوارەدا، دکتۆر هێنک بەرەو لای جان ڕیچارد John Richardt ی کۆنە دۆستی کەوتە ڕێ تا پارەی لێ قەرز بکا. بە دەم ڕێوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

ئەمساڵ بۆ من، ساڵێکی قوڕ و ناخۆش بوو. ساڵێکی ئێجگار قوڕ و ناخۆش. ئەگەر نەڵێم تەندروستیم ڕووخاوە، لانیکەم دەبێ بڵێم وەلەرزە هاتووە. لەبەرانبەردا نەخۆشەکانم بگرە هەر هەموویان چاک

بوونەتەوە. ماوەیەکە بە دەگمەن دەیانبینم. وێدەچێ مەرگم نیزیک بووبێتەوە، ژنەکەشم هەر بەم شێوەیە لەبارەمەوە بیر دەکاتەوە. ئەمەم لە نیگایدا دیتووە. ئەگەر وا بڕیارە مەرگ لە دەرگام بدا، ئەوە زۆر چاک دەبوو پێش کۆتایی هاتنی مانگی کانوونی دووەم لە دەرگای دابام، چونکە لەوە بەدوا ناچارم حەقی ئەو بیمە لەعنەتییەی ژیان بدەم.

کاتێک کە هەودای بیری دکتۆر هێنک گەیشتە ئێرە، لە پێچی شەقامی ڕێیە ڕینگ(*) و شەقامی هامن (**) بوو. هەر کە ویستی لە چوارڕێیانەکە بپەڕێتەوە تا پاشان بە شەقامی ڕێیە ڕینگدا بەرەو خوار بێتەوە، لە شوێنێکی ساف و لووسدا کە سورتمەی پێداچوو بوو، پێی هەڵخلیسکاو دای بە عەرزدا. لەو ئان و ساتەدا دروشکەیەک بە خێرایی هات. دروشکەوان جوێنێکی دا و ئەسپەکەش خۆ بە خۆ بە لایەکدا تێی تەقاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لە خلیسکەکان زەبرێکی لە شانی دکتۆر هێنک دا. بێجگە لەمەش پێچێک، یان بزمارێک، یان شتێکی لەم بابەتە لە پاڵتۆکەی گیری کرد و هەڵزڕانێکی گەورەی تێ کەوت. خەڵکی لێ کۆ بوونەوە. کارمەندێکی پۆلیس یارمەتی دا تا هەستێتەوە سەر پێ، کچێکی گەنج بەفرەکەی لەسەر تەکاند.

پیرەژنێک پاڵتۆ دڕاوەکەی ئەم دیوو و ئەو دیو کرد و ملێکی بۆ بەلاوە نا کە وای دەگەیاند ئەگەر توانیبای، ئەوە بۆی پینە دەکرد. شازادەیەک کە لە ماڵی پاشایەتییەوە بە ڕێکەوت گوزەری کەوتبووە ئەوێ، کڵاوەکەی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و نایەوە سەری و ئیدی بەم شێوەیە هەموو شتێک جارێکی دیکە وەک خۆی لێ هاتەوە، پاڵتۆکەی نەبێ.

دادوەر ڕیچارد کاتێک کە هێنک چووە دەفتەرەکەی، گوتی:

– ئەی باوکە ئەوە بۆ وات لێ هاتووە، گوستاف -Gus tav! (***)

هێنک گوتی:

– کوڕە کردیانم بە ژێرەوە.

ڕیچارد بە دڵخۆشی پێکەنی و گوتی:

– تۆ کە هەمیشە هەر وای. بێ گومان نابێ بەو شێوەیە بگەڕێیەوە ماڵەوە. تۆ دەتوانی پاڵتۆ چەرمەکەی من بە ئەمانەت وەربگری. هەر ئێستا منداڵێک دەنێرم بچێ پاڵتۆکەی دیکەم لە ماڵ بۆ بێنێ.

دکتۆر هێنک گوتی:

– سوپاس.

دوای ئەوەی ئەو سەد کرۆنەی وەرگرت کە پێویستی پێی هەبوو، درێژەی دا:

– ئەوە ئیدی بۆ شام چاوەڕوانتم.

ڕیچارد سەڵت بوو و زۆرجار شەوانی کریسمێسی لە ماڵی هێنکدا دەگوزەراند.

* * *

هێنک کە بەرەو ماڵ بۆوە، هەستی بە دڵخۆشی و کەیفسازییەک دەکرد کە لە مێژبوو لێی بێ بەری بوو.

لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەوە لەبەر خاتری ئەم پاڵتۆ چەرمەیە. ئەمن ئەگەر مێشکم کاری کردبا، دەبوو دەمێک ساڵ پێش ئێستا پاڵتۆیەکی چەرمم بە قەرز بۆ خۆم گیر هێنابا. بێ گومان متمانە و باوەڕ بەخۆ بوونی لەلا بەهێز دەکردم و لەبەر چاوی خەڵکیش شانوشەوکەتی بەرز دەکردمەوە. خۆ خەڵک ناتوانێ هەرهەمان ئەو حەقدەستە زۆر کەمە بۆ دکتۆرێک کە پاڵتۆی چەرمی لەبەرە و دکتۆرێکیش کە پاڵتۆیەکی ئاسایی لەبەرە و گشت دوگمەکانی هەڵکەنراون، لەبەرچاو بگرێ. جێی داخە پێشتر ئەمەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو. ئێستا ئیدی زۆر درەنگە.

نەختێک لە باغی پاشایەتیدا خولایەوە. تاریک داهاتبوو و بەفریش دەستی کردبۆوە بارین. ئەو دۆستانەی چاوی پێیان دەکەوت، نەیاندەناسییەوە. هێنک هەروا لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– لەلایەکی دیکەشەوە کێ دەزانێ کە ئیستاکە ئیدی زۆر درەنگە؟ خۆ هێشتا پیر و پەککەوتە نیم و لەوانەشە لەبارەی تەندروستیمەوە بە هەڵەدا چووبم. ئەمن ئەوەندە هەژار و بێ ئەنوام ئەسپێ لە گیرفانمدا سەوزەڵە خانم دەڵێ. (١) بەڵام باری گوزەرانی جان ڕیچاردیش ماوەیەک لەمەو پێش وەک هی من وا بوو. ئەوە ماوەیەکە ژنەکەم دەرهەقم ساردوسڕ و کەم مەیل بووە. دڵنیام ئەگەر بمتوانیبا پارەی زیاتر دەربێنم و پاڵتۆی چەرمم لەبەر بایە، سەر لە نوێ دڵی پێ دەدامەوە و خۆشی دەویستم. لەو کاتەوەی جان پاڵتۆی چەرمی کڕیوە، وا هەست دەکەم ژنەکەم زیاتر لە جاران دڵی لێی چووە. هەڵبەت کاتێکیش کە ژنەکەم کچێکی جحێڵ بوو، تۆزێک دڵی بۆ وی هەر لێی دەدا، بەڵام جان قەت نەچووە خوازبێنی، بە پێچەوانەوە بەو و هەموو کەسێکی گوتبوو کە دەهەزار ساڵی دیکەش ناوێرێ ژن بێنێ، بەڵام ئەمن وێرام؛ ئێلن Ellenیش کچێکی هەژار بوو و لە دڵەوە حەزی دەکرد

مێـرد بکا. پێم وایە ئەوەندە گیـرۆدە و شێت و شـەیدای من نەبوو بێ، بەشێوەیەک کە ئەگەر ویستبام، بمتوانیبا گومڕای بکەم و بیخـەمە داوەوە، بەڵام بێ گـومـان خـۆ منیش ئەوەم نەدەویست. چۆن دەمـــتـــوانی خـــەون بە عەشقێکی ئەوتۆوە ببینم؟ لە تەمەنی شازدە ساڵیمەوە کە بۆ یەکەم جار ئۆپێرای (فاوست) و ئارنۆلدسۆن Arnodisonم بینـی (****) ئەوینی ئەوتـۆم لە دڵدا ڕێ نەداوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە دڵنیام لەو سەرەتایانەوە کە تازە ژیانی هاوسەریمان پێکهێنابوو، خۆشی دەویستم. مرۆڤ لەبارەی ئەم شـــتـــانەوە هەڵە نەکـا. بۆچ دەبێ نەتوانێ جـارێکی دیکە منی خـۆش بوێـتـەوە؟ لەو سـەرەتایـانەی ژیانی هاوسـەرێـتـیـمـاندا، کـاتێ لەگـەڵ جـان یەکـیـان دەبینی، هەمیـشـە قسـەی ناشـیـرینی پێ دەگـوت، بەڵام دوایە جـان کـارخـانەیەکی دانا و جـاروباریش ئیـمــەی بانگهێـشـتی تیـئـاتر دەکرد و پاڵـتـۆیەکی چەرمیـشی بۆ خـۆی کـڕی. بەم شـێـوەیە و هەڵـبـەت بە تێـپـەڕینی کـات، ژنەکەم ئیدی لەوە ماندوو بوو کە چیدی قسەی کرێت و ناشیرین بە جان بڵێ.

* * *

هێنک هێـشـتـا چەند کـارێکی مـابوو کە دەبوو پێش شـامی ئێـوارە ئەنجـامـیـان بدا. کـاتێک بە دەستـی پڕ لە پاکەتەوە گەیشتەوە ماڵ، سەعات پێنج و نیو بوو. شانی چەپی ئێشی دەکرد؛ جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نەبوو نەگبەتییەکەی دوا نیوەڕۆی بخاتەوە یاد، پاڵـتـۆ چەرمەکە نەبێ.

دکتۆر هێنک لەبەر خۆیەوە گوتی:

پێم خـۆشـە کـاردانەوەی ژنەکـەمم چاو لێ بێ کـاتێ دەبینێ پاڵتۆی چەرمم لەبەرە.

دالانەکـە ئێـجگار تاریک بوو. لە کـاتی سـەردانی نەخۆشاندا نەبێ، چرایان پێنەدەکرد.

دکتۆر هێنک بیری کردەوە "ئێستا لە ژووری میوانەوە گـــوێم لە دەنگی دەبێ. وەک بـاڵـندەیەکی چووکـــە، چوسـتــوچالاکـە. سـەیرە، ئیـســتــاش هەر جـارێک لە ژوورەکـەی تەنیـشـتــمـەوە گـوێم لە ترپەی پێی دەبێ، گـەرمـیــیـەک دڵ و دەروونم دادەگـرێ و هەست بەشـادی دەکەم.

مـەزەندەکـەی دکـتـۆر هێنک دروست بوو کـە ئەگـەر پاڵـتۆی چەرمی لەبەر بێ، ژنەکەی بەپێچەوانەی جاران، بە خۆشەویستی و ئارەزوویەکی زۆرتر لە جـارانەوە دێتە پیریـیەوە و وەری دەگرێ. ژنەکەی لە تاریکترین گۆشەی دالانەکەوە خۆی خزاندە تەنیشتییەوە، هەر دوو دەستی بە نازەوە لە گـەردنی ئالاند و بە گـەرمی و لـە دڵەوە مـاچی کرد.

پاشان سەری بەنێو یەخەی پاڵـتۆ چەرمەکەیدا کرد و بە چرپە گوتی:

– هێشتا گۆستاف نەهاتۆتەوە.

دکـتـــۆر هێنک لە حـاڵێکدا بە هەردوو دەست قـژی ژنەکەی نەوازشت دەکرد، بە دەنگێکی نەختێک لەرزۆک گوتی:

– با.. با.. هاتۆتەوە.

* * *

ئاوری بوخـارییـەکـەی ژووری کـاری دکـتـۆر هێنک بڵێسەی دەهات.

لەسەر مێزەکە ویسکی و ئاو دانرابوو.

دادوەر ڕیچارد لەسەر کورسییەکی دەستەدار و ڕاحەتی چەرمین ڕاکشابوو و چروتی دەکێشا. دکتۆر هێنک لە سووچی مـۆبلێکەوە کرووشکەی کردبوو. دەرگای ژووری پێشوازی کراوە بوو. خاتوو هێنک و منداڵەکان خەریک بوون مۆمەکانی داری کریسمێسیان پێدەکرد.

هەمـــوان لەسـەر مـێـزی شـام کـڕوکپ بوون. تەنیـا منداڵەکـان ژاوە ژاویان بوو و قـسـەیان دەکـرد و دڵشـاد بوون.

ڕیچارد گوتی:

– پیرەمێرد، قسەیەکی ناکەی. دیارە دانیشـتوویت و بیر لە پاڵـتۆ دڕاوەکەت دەکەیەوە؟

هێنک وەڵامی دایەوە:

– نە، بەڵکو بیر لە پاڵتۆی چەرم دەکەمەوە.

پێش ئەوەی درێژە بدا، چەن دەقـیـقــەیەک بێ دەنگ بوون:

– بیر لە شتێکی دیکەش دەکەمەوە. دانیشتووم و بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەمە دوایین کریسمێسە پێکەوە جێژن دەگێڕین.

ئەمن پزیشکم و دەزانم زۆرم بە دنیاوە نەماوە. ئێستا ئیـــدی تەواو دڵنیـــام، بۆیە دەمـــەوێ لەبەر ئەو هەمـــوو دڵسـۆزییـانەی کـە تۆ لەم دواییـانەدا دەرهەق بە من و هاوسەرەکەم نواندت، زۆرت سوپاس بکەم.

ڕیچارد ڕووی وەرگێڕا و بە دەم مینگە مینگەوە گوتی:

– کوڕە تۆ هەڵە دەکەی.

هێنک وەڵامی دایەوە:

– نە، هەڵە ناکەم. هەروەها دەمەوێ سوپاست بکەم لەوەی کە پاڵتۆ چەرمەکەی خۆتت بە ئەمانەت پێدام. پاڵتۆکەت دوایین ساتەکانی بەختەوەری پێ بەخشیم کە من لە ژیاندا پێشتر هەستم پێ نەکردبوو.

**پەراوێز:**

**(1) Jag ar Fattig som en liten rav i skogen ، واتە: وەک ڕێوییەکی چووکەی نێو دارستان، هەژارم. "زۆر هەژار و بێ ئەنوام، موحتاجی شامی شەوم." (وەرگێڕ)**

***** ناوی هەوەڵی "هێنک"ە.**

****** فاوست ناوی نمایشنامەیەکە کە یوهان ولفگانگ ڤۆن گۆتە (١٧٤٩- ١٨٣٢) نووسەری ناسراوی ئەڵمانیایی نووسیویەتی. ئارنۆڵدسۆن مەست لە کارڵ ئۆسکار ئۆرناڵدسۆن (١٨٣٠- ١٨٨١)ە کە ئۆپێرا خوێنێکی ناسراوی سوێدی بووە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوینی گرێتچن کە لێدەگەڕێ فاوست بیخاتە داوەوە و گومڕای بکا.**

**سەرچاوە:**

**Historietter, Hjalmar Soderbeg, Paalsen 27-32**

(١)

## خوێندنەوەی چیرۆکی "پاڵتۆی چەرم"

**پێتر کاسیرێر**

**پێشەکی وەرگێڕ:**

چیرۆکی "پاڵتۆی چەرم"ی "یەلمار سوێدربێرگ" بە دەیان خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەبارەوە کراوە. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، بەشێکە لەو ئەنالیزەی ئەدیب و مامۆستای زانکۆ "پێتر کاسیرێر" بۆ "پاڵتۆی چەرم"ی کردووە، باسەکە زۆر دووردرێژ بوو، بۆیە ئەمن هەوڵم دا تەنیا پوختەیەک لە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەکەی "کاسیرێر" وەربگێڕم.

* * *

"پاڵتۆی چەرم"ی یەلمار سوێدربێرگ، بە دڵنیاییەوە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، یەکێکە لەو چیرۆکە کورتانەمان کە زۆرترین باس و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە و پێیدا هەڵگوتراوە. ئەمەش بە زەحمەت دەتوانێ بە تەنیا پێوەندی بە باس و نێوەرۆکی چیرۆکەکەوە هەبێ. سوێدربێرگ خۆی زۆر بە ئاشکرا و بە ڕوونی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە هەم چیرۆکەکە و هەم ئەم فیلمنامەیەش کە خۆی بۆ ئەوەی نووسیبوو تا لەسەر پەردەی سینەمادا نمایش بکرێ، چەندە ساکارن. ئەم تێکستە، یان فیلمنامەیە ئەو کات نەکرایە فیلم، بەڵام لە گۆڤاری تالیا "Thaila 1911"دا لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوەیەدا چاپ بوو: نووسەر بۆ جارێکی دیکە داوا دەکا و وەبیرمان دێنێتەوە کە "پاڵتۆی چەرم" لە ڕیوایەتی سەرەوەدا، تەنیا تێکستێکە بۆ دەرهێنانی سینەمایی و لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەنووسراوە تا چاپ بکرێ؛ بۆیە لە هەر ئیددیعایەکی ئەدەبی بێ بەرییە."

چیرۆکی «پاڵتۆی چەرم» بە شێوازێکی بەرز و پوختی ئەدەبی نووسراوە. ئەمن لە زۆر جێگادا باسی ئەوەم کردووە کە یەکێک لەو هۆکارانەی چیرۆکەکەی وا لێ کردووە تا لە ئەدەبیاتی سوێدیدا ئەستێرەگەشە بێ، ستایلەکەیەتی و لە ڕاستیشدا ستایلەکەی هەر بۆ خۆی پەیامە. ئەگەر ئەم ڕوانگەیەی من لەگەڵ فیلمنامەکەدا بەراورد بکەین و لەبەریەکیان دابنێین، بێ گومان قسەکەم ڕاست دەردەچێ.

بەرچاوترین میتۆدی هونەریی لە «پاڵتۆی چەرم»دا ئەوەیە کە خوێنەر لەو کەسەی کە ئێمە لە ڕێگای داستانەکەی وییەوە دەگەڵ بەشێکی ئێجگار گەورەی چیرۆکەکەدا ئاشنایەتی پەیدا دەکەین، زیاتر دەزانێ و باشتر تێدەگا: ئەو کەسە، «هێنک»ی کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە. ئەو کەم تا زۆر لە پەنای گشت ئەو زانیارییە گرینگانەدا ڕادەوەستێ کە خوێنەر وەری دەگرێ، بەڵام وێدەچێ لە میانەی کاردانەوە و هەڵسوکەوتەکانییەوە هەوڵ بدا ئەو حەقیقەتە ناخۆشە لەمەڕ وەزعی «ئێلن»ی هاوسەری و جان ڕیچاردی هاوڕێی زێدە ئازیزی نادیدە بگرێ و وا دەنوێنێ کە لە لایەکەوە خۆشی لە خۆی تێناگا چۆن چۆنی بیر دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە گرینگی کەمتر بەوە دەدا کە خوێنەر ئارەزوویەتی بیکا.

ئەوەی کە فەزایەکی ئەوتۆ- بە جۆرە تەنزێکی تراژیدی- بێنێتە گۆڕێ خوێنەر تێیدا نەک لەبەر وەی کە زانیارییەکان دەدا فرەتر بزانێ، بەڵکو باشتریش تێبگا، لە «پاڵتۆی چەرم»دا کرۆکی ستایلەکەیە.

هەڵبەت گەلێک ڕوانگەی دیکە لەمەڕ هونەری ستایلەوە هەیە، بەڵام ئەمن پێم وایە هەموویان خۆیان بەم میتۆدە هونەرییەوە دەبەستنەوە.

وەک پاڵپشتێک بۆ تێڕوانینی من کە پێم وایە ستایل لەم چیرۆکەدا پەیامە، نموونەیەک دێنمەوە: ئەمن

دیتــوومــە، ئەو خــوێندكــارانەی لە مــاوەی سی ســاڵدا پێكەوە دەگــەڵ من «پاڵتــۆی چەرم»یان خــوێندۆتەوە، هیچكامیان ئەمەیان لا سەیر نەبووە كە «ئێلن Ellenیش كچێكی هەژار بوو و لە دڵەوە حەزی دەكرد مێرد بكا.» ئەمــە لە كــاتێكدایە كــە ئەو كــات و زەمــانە لە بنەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە.

بێ گــومــان هۆكــارەكــە دەگــەڕێتــەوە بۆ ئەو ســتــایلەی چیــرۆكــەكــەی پێ نـووســراوە. ئەمــڕۆ هیــچ كــاردانەوە و نارەزایەتییەك دژ بەوەی پیــاوێكی گەنج ناتوانێ خەون بەوەوە ببینێ كە كچە دڵخوازەكەی خۆی گومڕا بكا، لە خوێنەرانی گەنج نابینین:

«پێم وایە ئەوەندە گیــرۆدەی من نەبووبێ بەشێــوەیەك كە ئەگەر ویستبام، بمتوانیبا گومڕای بكەم و بیــخەمە داوەوە، بەڵام بێ گــومــان خــۆ منیش ئەوەم نەدەویست. چۆن دەمتوانی خەون بە عەشقێكی ئەوتۆوە ببینم؟»

لە ڕاستــیــدا زۆرێك لە هاوچەرخانی ســوێدربێــرگ بۆ ئەوە بەداخ بوون كــە جــان ڕیچــاردی دادوەری ناوچە لە چیــرۆكــەكــەدا، «دە هەزار ســاڵی دیكەش ناوێرێ ژن بێنێ»، بەڵام قــوتابیــیــەكــانی مــن كــە زۆرێكیــشــیــان بە پارەی وامی خوێندن ژیانی هاوسەرێتــیــان پێكهێناوە، گــازندە و نارەزایەتیــان لەو بارەوە نەبووە، تەنانەت ئەو سەحنەیەی دالانەكەش نەبۆتە هۆی نارەزایەتی.

نێــوەڕۆكی باسەكە بە سادە و ســاكــاری خــراوەتە ڕوو. وەك ڕوونیشە فەزای چیرۆكەكە ئەو یارمەتییە دەدا كە ئێمە ڕووداوەكە قبوول بكەین. ئەمن لەم دواییانەدا بیرم لەوە كردۆتەوە كە داخۆ دەبێ ڕەمزی نەمری ئەم چیرۆكەدا لە چیــدا بێ كــە ئاوا ســوێدییــەكــان نەوە لــە دوای نەوە شــەیدای دەبن؟ دیارە بەوە گــەیشــتــووم كە تەنیــا هونەری گێڕانەوەیە ئاوا ورد و شارەزایانە دەكار كراوە.

هەڵبەت زۆر دەقی كاریگەری وەك «پاڵتۆی چەرم» بە باس و نێــوەڕۆكی ســەیروســەمــەرەوە هەیە، بەڵام لەگــەڵ ئەوەشدا نەچۆتە خانەی نەمرییەوە. كەوابوو سروشتییە لە چیــــرۆكی «پاڵتـــــۆی چەرم»دا، لە پەنـای ئەو بـاس و نێوەڕۆكە سـاكـارە و ئەو تەكنیكە زۆر بەرز و پوختــەیەی كە چیــرۆكەكەی پێ گــێڕدراوەتە، دەبێ ڕەهەندێك هەبێ كە بۆ ئەزموونی ئێمە لە چیرۆكەكەدا چارەنووسسازە.

«ئەو ســاڵە زســتــانەكەی ســارد بوو»، «ئەو ســاڵە» كــە ســەرەتای چیــرۆكــەكــەیە و پێداگــری لەســەر ئەو «ســاڵ»ە دەكــا، هەســتــێك بە خــوێنەر دەدا تا بە جــوانی خــۆی لە وەزعی گــێــڕەرەوەدا ببــینێــتــەوە و لەگــەڵیــدا بەشــدار بێ.

سەرما بێ گــومــان وەك مـانایەكی خوازەیی، مۆتیــڤێكی گــرینـگ و هەروەها واقــیــعــیــشــە. زســتــان و ســەرمــا لە پێــوەندی لەگەڵ «پاڵتۆی چەرم»دا هەر لەناوونیشانەكەڕا پێكــهــێنـەری چیــرۆكــەكــەیە و بەشــێــوەیەكی ســروشــتی پێــوەندییــەكە بۆ پاڵتــۆی چەرم و... ئیــدی بەو شــێــوەیە لەگەڵ جوانترین تایبەتمەندیی ستایل بەرەو ڕوو دەبینەوە.

لێــرەدا هونەری گــێــڕانەوە جــۆرێكە كــە گــشــت دژ و ناكــۆكــیــیــەكــان لە بەرەو پێــشــچــوونی ڕەوت و پرۆســەی چیرۆكــەكەدا كــاریگەرن. كەسایەتییەكان لە شــێوەی دژ بەیەكــدا پێــشــكێش دەكــرێن و دوای هەوەڵێن ڕســتــەی دەسپــێكی چیــرۆك «ئەو ساڵە زســتانەكەی ســارد بوو»، دژەكان یەك لە دوای یەك دێن:

«خەڵك لە تاو سەرما چووبوونە یەك، ئەوانە نەبێ كە پاڵتۆی چەرمیان هەبوو.»

هەوەڵێن كــەســایەتی كــە لە چیــرۆكــەكــەدا دەیناسین، دادوەر ڕیچارده.

«ڕیچارد، دادوەری ناوچە، پاڵتۆیەكی چەرمی گەورەی هەبوو. هەڵبەت ئەمە لە پێداویستییەكانی ئەرك و پلە و پـایەكـــەی بوو، چونكە ئەو ســــەرۆكی بەڕێوەبەریی كارخانەیەكی ئێجگار نوێ بوو.»

پاش ئەم ناساندنە كورتە كە ڕەنگە خوێنەر وا لێ بكا كە پێی وا بێ چیرۆكەكە باس لە دادوەر ڕیچارد دەكا، كەسایەتی سەرەكی بە «بەڵام بە پێچەوانەوە» دێتە نێو چیرۆكەكەوە و بە خوێنەر دەناسرێ:

«بەڵام بە پێــچــەوانەوە دكــتــۆر هێنك Henkی كــۆنە دۆستی پاڵتۆی چەرمی نەبوو.»

دوا بەدوای ئەوەش بەم شێــوەیە بنەمــاڵەی هێنك باس دەكرێ:

«ئەو لە جیــاتی پاڵتــۆی چەرم، ژنێكی جــوان و سێ منداڵی هەبوو.»

گێڕەرەوە دواتر باسی شێوە و باری جەستەیی دەكا كە لەبەر ڕۆشنایی ئاماژەی هەوەڵدا دەلالەتێكە لەمەڕ باری ژیانی هاوســەری هێنك. «هێندێك كــەس كــە ژیانی هاوســـەری پێكدێنن، قـــەڵەو دەبن، هێندێكیش بە پێـــچـــەوانەوە لەڕ و لاواز. دكـــتـــۆر هێنك لەڕ و لاواز ببوو؛»

ئەمـــە كـــە وێ دەچێ لە بارەی هێنكەوە زانیـــاری دروســتــیش نەبێ، یەكــەم پارچە پازلێكە لە ژیانی ژن و مــێــردی وی. ســوێدربێــرگ بە گــرێ دانەوەی دەســپــێكی چیــرۆك لەگــەڵ «جــێژنی كــریســمــێــسیش وا بەڕێوە بوو»

دەچێتە نێو چیرۆکەکەی خۆیەوە.

وەک دەبینین، دژ و ناکۆکییەکان بۆ ئەوە دەکار نەخراون تا بە تەنیا دەقەکە بەهێز و جوان بکەن و لە میانەی کاریگەری موگناتیسی خۆیانەوە، گێڕانەوەکان بەهێز بکەن، بەڵکو وەک پاڵنەرێک لەبەرەوپێش چوونی داستانەکەدا دەور دەبینن. ئەو کاتە کە هێنک بۆ لای ریچارد دەچێ تا پارەی لێ قەرز بکا، بیر لە دار و نەداری خۆی دەکاتەوە.

بەڵام ڕستەی «ئەمساڵ بۆ من، ساڵێکی قوڕ و ناخۆش بوو» خۆ بەتەنیا هەر دەربڕی لایەنی ئابووری ژیانی وی نییە. لە وێنەیەکی دژبەیەکدا ساغ و سەلامەتی نەخۆشەکان لەگەڵ باری تەندروستی «هێنک»دا خراوەتە ڕوو؛ ئەمە خۆی لە خۆیدا گرێدانی ئەم دووە بەیەکەوە، واتە ئەو نەخۆشانەی کە ئێستا سەلامەتن و باری گوزەرانی شڕی هێنک، دەرخەری لایەنە ئابوورییەکەیە.

دکتۆرێکی تایبەتی ئەوتۆ کە چند «نەخۆش»ێکی نییە، سروشتیشە ئەگەر توانای کڕینی پاڵتۆی چەرمیشی نەبێ. بەهەر شێوەیەک بێ، دەتوانین بڵێین تەواوی چیرۆکەکە لێرەوە سەر هەڵدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری زۆر شتی دیکەی گوتراو و نەگوتراوە.

«ئەگەر نەڵێم تەندروستیم ڕووخاوە، لانیکەم دەبێ بڵێم وەلەرزە هاتووە. لەبەرانبەردا نەخۆشەکانم بگرە هەر هەمووویان چاک بوونەتەوە. ماوەیەکە بە دەگمەن دەیانبینم.»

هەروەک دیتمان دژە دێرەکان بە «ئەوانە نەبێ کە پاڵتۆی چەرمیان هەبوو»، دەست پێدەکا. لە پێوەندی دەگەڵ جلوبەرگدا، لە دوو دەرفەتدا، بە وشەی «جگە» مانا و مەبەستمان پیشان دەدرێ. دوای ڕووداوی کەوتنەکە: «هەموو شتێک جارێکی دیکە وەک خۆی لێ هاتەوە، پاڵتۆکەی نەبێ.» (یان جگە لە پاڵتۆکە- وەرگێڕ).

هەروەها هێنک لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، شانی چەپی دەئێشێ:

«جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نەبوو نەگبەتییەکەی دوا نیوەڕۆی بخاتەوە یاد، پاڵتۆ چەرمەکە نەبێ.» (جگە لە پاڵتۆ چەرمەکە- وەرگێڕ).

دیارە ئەو «وێرگوڵ»ەی دواییش پێداگرتنێکە لەسەر پاڵتۆی چەرم.

ئەو کاتەی هێنک بە عەرزدا دەدا و پاڵتۆکەی دەدڕێ، دژە پلانێک بەرچاو دەکەوێ. لەوێدا کە، «پیرەژنێک پاڵتۆ دڕاوەکەی ئەم دیو و ئەو دیو کرد و ملێکی بۆ بەلاوە نا کە وای دەگەیاند ئەگەر توانیبای، ئەوە بۆی پینە دەکرد»، خوێنەر دەتوانێ خێرا هەست بەو هونەری گێڕانەوەیە بکا کە لە بەرەوپێش چوونی ڕەوتی چیرۆکەکەدا ڕۆڵی کاریگەری هەیە و بزووتنی وێ دەدا.

لێرەدا بە بیر کردنەوە لەوەی دوگمەکانی پاڵتۆکەی هێنک هەڵکەنراون: «خۆ خەڵک ناتوانێ هەر هەمان ئەو حەقدەستە زۆر کەمە بۆ دکتۆرێک کە پاڵتۆی چەرمی لەبەرە و دکتۆرێکیش کە پاڵتۆیەکی ئاسایی لەبەرە و گشت دوگمەکانی هەڵکەنراون، لەبەرچاو بگرێ»، ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدا کە بۆچ دەبێ پیرەژنێک لەسەر ئەو شەقامەدا پێی خۆش بێ پاڵتۆکەی هێنک پینە بکا، بەڵام «ئێلن»ی هاسەری خۆی لەو بارەوە بێ تەفاوت بێ؟ هەڵبەت ئەمە تاقە پرسیار نییە کە لە «پاڵتۆی چەرم»دا بەبێ وەڵامێکی ڕوون دەمێنێتەوە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، کاتێ هێنک بەناچاری تێدەگا هاوسەرەکەی خیانەتی لێ دەکا، ئەوجا لەگەڵ دوایین «دژ»ی نێو داستاندا ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەوەی کە هێزی بەرەوپێش بەری داستان لە گۆڕێدا نامێنێ، شتێکی سروشتییە، چونکە داستانەکە ئیدی خەریکە بەرەو کۆتایی خۆی دەچێ. لە بەرانبەردا ناتەبایی و دژەکاری ئەم جارە لەمەڕ جودایی و ناکۆکی باری دەروونی ئەو دوو هاوڕێیە پێداگری دەکا.. ئەم جارە گێڕەرەوە لە بەڵگەیەکی دەرەکیدا ئەوەمان پێدەڵێ: ڕیچارد لەسەر کورسییەکی دەستەدار و ڕاحەتی چەرمین درێژ کشاوە، هێنکیش لە سووچی مۆبلێکەوە کرووشکەی کردووە.

لەو باس و لێکۆڵینەوانەدا کە لە بارەی ئەم تێکستەوە کراون، هێندێک بیریان بۆ ئەوە چووە کە دەکرێ کورسییەکی دەستەدار و ڕاحەتی چەرمین، شوێنی باوکی بنەماڵە بێ کە ڕیچارد تەنانەت لەم پلانە دەرەکییەدا دەستی بەسەر ئەوەشدا گرتبێ.

ئێمە پێشتر لەگەڵ گرینگترین دژ لە دەقەکەدا بەرەوڕوو بووینەوە، تەنانەت لەو بەشە گرینگەدا کە هێنک پاڵتۆکەی بە ئەمانەت وەرگرتووە و خولق و میزاجێکی باشتر لە جارانی هەیە و بیر لە نەخۆشییەکەی، باری ئابووری و دۆستایەتی لەگەڵ ڕیچاردی کۆنە دۆستی دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی دڵی پێداوە.

«وا هەست دەکەم لەو کاتەوەی جان پاڵتۆی چەرمی کڕیوە، ژنەکەم زیاتر لە جاران دڵی لێی چووە. هەڵبەت کاتێکیش کە ژنەکەم کچێکی جحێڵ بوو، تۆزێک دڵی

بۆ وی لێی دەدا؛ بەڵام جان قەت نەچووە خوازبێنی، بە پێچەوانەوە بەو و هەموو کەسێکی گوتبوو کە دە هەزارساڵی دیکەش ناویرێ ژن بێنێ. بەڵام ئەمن ویرام؛»

دژەکان لێرەدا لە شێوەی وشەی دژ بەیەکدا نەخراونەتە ڕوو، بەڵکو بە وشەی «بەڵام» واتە تەکنیکێکی گرینگی دیکە لە ستایلی سوێدربێرگدا نیشان دراون.

لەو دێرانەی سەرەوەدا، لە مەودایەکی کورتدا لەگەڵ دوو «بەڵام» ڕووبەڕوو دەبینەوە. هەردوویان لە باسەکەدا گرینگن، بەتایبەت «بەڵام»ی دووەم کە نیشان دەدا دەبێ ئەو بڕیارەی هێنک گرینگ و جێی سەرنج بێ.

* * *

لە «پاڵتۆی چەرم»دا، گۆستاف هێنک بە پلەی یەکەم کەسێکی دۆڕاوە. کاتێ هێنک دەڵێ کردوویانە بە ژێرەوە، ڕیچارد لە وەڵامدا دەڵێ: «تۆ کە هەمیشە هەر وای» لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی گشت وشەکاندا دەردەکەوێ کەسانی نێو «پاڵتۆی چەرم»- وێڕای هێنک خۆشی- چۆناوچۆن وای تێدەگەن کە کەسێکی بەژێرەوە کراوە.

لە ڕاستیدا من چیدی لەو باوەڕەدا نیم هۆکاری نەمری «پاڵتۆی چەرم» بە تاقی تەنیا هەر «ستایل»ەکەی بێ. ئەمن پێم وایە هۆکاری دیکە ئەوەیە هێنک لە ئاکامدا سەرکەوتنی ئەخلاقی بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. دیارە «هێنک» لە زۆر ڕووەوە وەک کەسێکی دۆڕاو پێناسە دەکرێ، بەڵام ئێلنی هاوسەری وەک کەسێکی سووک دێتە پێش چاو کە بە دوای ئاسایش و دابین کردنی باری ژیان و دوای ئەوەش عەشق و ئەویندا تەقەلایەتی. هەروەها جان ڕیچاردی کۆنە دۆستیشی وەک خیانەتکار وێنا دەکرێ کە لەجیاتی خەبات و بەربەرەکانی، لەگەڵ نۆرمە جێ کەوتووەکانی نێو کۆمەڵگادا خۆی گونجاندووە و لە ژیاندا سەرکەوتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە هێنک مرۆڤێکی بوێر و زیرەکە کە توانیویەتی لەگەڵ ئافرەتێکدا ژیانی هاوسەری پێکبێنێ کە خۆشی ویستووە و لەگەڵ ئەو ڕێسا و یاسا بورژوازییەی سەدەی هەژدەدا بەربەرەکانی کردووە کە لەودا تەنیا پیاو دەبوو خێزان بەخێو بکا، «بەڵام ئەمن ویرام».

دژایەتی کردن و بەگژ دابونەریتدا چوونەوە، هەمیشە مەترسیدارە، بۆیە دکتۆر هێنکیش بەدبەخت و چارەڕەش دەبێ. هێنک وێڕای ئەوانەش پیاوێکە وێ دەچێ لە ژیاندا بە چەند ساتەوەختێکی بەختەوەری ڕازی بێ. هێندێک کەس ئەم وەڵامانەیان وەک تەنز و تەشەر وەرگرتووە و لێکدانەوەیان بۆ کردووە:

«- بیر لە شتێکی دیکەش دەکەمەوە. دانیشتووم و بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەمە دوایین کریسمێسە کە پێکەوە جێژن دەگێڕین. ئەمن پزیشکم و دەزانم زۆرم بە دنیاوە نەماوە. ئێستا ئیدی تەواو دڵنیام، بۆیە دەمەوێ لەبەر ئەو هەموو دڵسۆزییانە کە تۆ لەم دواییانەدا دەرهەق بە من و هاوسەرەکەم نواندت، زۆرت سوپاس بکەم.

ڕیچارد ڕووی وەرگێڕا و بە دەم مینگە مینگەوە گوتی:

- کوڕە تۆ هەڵە دەکەی.

هێنک وەڵامی دایەوە:

- نە، هەڵە ناکەم. هەروەها دەمەوێ سوپاست بکەم لەوەی کە پاڵتۆ چەرمەکەی خۆتت بە ئەمانەت پێدام. پاڵتۆکەت دوایین ساتەکانی بەختەوەری پێ بەخشیم کە من لە ژیاندا پێشتر هەستم پێ نەکردبوو.»

تەنانەت ئەگەر هێندێک تیروتوانجیش لە پشت ئەو ئەزموونەی هێنکەوە هەبێ کە لەو ساتە وەختەی بەختەوەرییەوە وەدەستی هێناوە، دیسانەوە بە ئاشکرا دیارە کە ئەو بە جددی قسە دەکا کاتێ دەڵێ لەو دواییانەدا چەند ساتێکی بەختەوەری هەست پێ کردووە. ئەو ڕستە کورتە «ئێستا ئیدی تەواو دڵنیام»، وێڕای «زۆرم بە دنیاوە نەماوە»، ناکرێ بە هیچ شێوەیەکی دیکە لێک بدرێتەوە غەیری ئەوەی هێنک لە ماوەیەکی کورتدا دەمرێ. ئەو لە سەرەتاوە لەبارەی ساغ و سلامەتی خۆیەوە دەڵێ: «لەوانەیە مەرگم نزیک بووبێتەوە»، بەڵام ئێستا ئیدی ئەو «گومان»ە بووە بە «دڵنیایی».

(ئەوەش بۆ خۆی پرسیارە کە مەرگی هێنک چۆناو چۆن ڕوو دەدا؟ لەو فیلمنامەیەدا کە سوێدربێرگ بۆ ئەوەی نووسیبوو تا بکرێ بە فیلم، هێنک «شتێک» لە گیرفانی لای چەپی دەردێنێ، ئەم «شتە» دەخاتە نێو پەرداخێک ئاوەوە، پاشان هەڵیدەقۆڕێنێ و.. دەمرێ.»

دەربڕینەکەی ڕیچارد «کوڕە تۆ هەڵە دەکەی»، وەڵامێکی ناڕوونی دوولایەنەیە. دەکرێ مەبەستی لە باری تەندروستی هێنک بێ، هەروەها دەشکرێ مەبەستی ئەو پێوەندییەی نێوان خۆی و ئێلنی هاوسەری هێنک بێ. شێوی ئێوارە بە کرۆکپی بەڕێوە دەچێ: تۆ بڵێی ڕیچارد بزانێ کە پێش شێوی ئێوارێ چی ڕووی داوە و پاڵتۆ چەرمەکەی چ هەرایەکی ناوەتەوە؟ «ڕیچارد ڕووی وەرگێڕا.»، ئاشکرایە کە ئەمە نیشانەی شەرم و بە خۆدا هاتنەوەیە.

ستایل و هونەری گێڕانەوە دەقەکەیان بۆ هەمیشە بە

جوانی و زیندوویی ڕاگرتووە. هەر ئەوەش وای کردووە هەست بکەین ئێمەش لەو بێ وەفایی و مامەڵە دزێوەدا بەجۆرێک بەشداربن. لەپڕ نووسەر فێیلمان لێدەکا و وەزعەکە نەک تەنیا بۆ هێنک، ئێلن و ڕیچارد، بەڵکو بۆ ئێمەش ناخۆش و ئازارهێن دەبێ. ئەرێ هەر بەڕاست هەست بەوە ناکەین کە ئێمەش ڕۆڵمان لەم دراما کورتەدا هەیە وا ئافرەتێک ماڵ و دارایی لە عیشق و ئەوین لا پەسەندترە و کاتێکیش ئەو خوازیارە تووڕدراوە سەروەت و سامانی دەست دەکەوێ، ئەم دەستەمۆی دەبێ؟ ئەی داخۆ ئەو کاتەی هێنک دەکەوێتە ئاویلکە و سوور دەزانێ کە دەمرێ، ئێمە هەست بە گوناح و تاوان ناکەین؟ چۆن وا کەوتووینەتە ژێر کاریگەرییەوە؟

بەپێی تێگەیشتنی من لە ستایل و هونەری گێڕانەوەی هەمیشە درەوشاوەی سوێدربێرگ، سیمپاتی بۆ هێنک وا دەکا کە خوێنەر لانی ئەو بگرێ و پاش سەنگ و سووک کردنی گشت گوتراو و نەگوتراوەکان، دەنگێکی ئاماژەکەر و هێمن و تا ئەندازەیەکیش ناخودئاگا دەگاتە گوێ کە دەڵێ هێنک لە باری ئەخلاقییەوە سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

لەو دواییانەدا بۆ تاقی کردنەوە، داوام لە گشت خوێندکارەکانم کرد کە هەر کەسە و لای خۆیەوە دەست بداتە قەڵەم و چیرۆکی «پاڵتۆی چەرم»، لەو شوێنەڕا کە تەواو دەبێ، درێژە بدا. ئامانجی من لەلایەکەوە ئەوە بوو بزانم داخۆ قوتابییەکانم چەندە ڕێز بۆ ئەو چیرۆکە دادەنێن و لەلایەکی دیکەشەوە داخۆ ئەوانیش پێیان وایە هێنک لە باری ئەخلاقییەوە براوە بووە، ئەگەر وایە، ئەمە تا چەند یارمەتی داوە تا خوێنەر چیرۆکەکەی خۆش بوێ.

هەڵبەت ئەمن ڕوانگە و مەبەستی خۆم بۆ باس نەکردبوون و لەو بارەوە بیروڕای منیان نەدەزانی هەتا نەکەونە ژێر کاریگەری قسەی منەوە. ئاکامەکە ئەوە بوو کە من چاوەڕێم دەکرد! هەموو خوێندکارەکان بە چاوی ڕێز و ستایشەوە لەمەڕ دەقەکە دوان و هێندێکیشیان ئەوەندەیان چیرۆکەکە خۆش دەویست کە حەیفیان لێ دەهات شتێک وەک درێژە لەو بارەوە بنووسن، بەڵام گەلێک لە خوێندکارەکانیش درێژەیان بۆ «پاڵتۆی چەرم» نووسی کە هەر هەموویان سەرنجڕاکێش بوون. لێرەدا یەکێکیان وەک نموونە دێنمەوە:

«دکتۆر هێنک بەم وشانەی دوایی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وەک بڵێی لەمێژە چاوەڕێی هەناسە هەڵکێشانێکی لەو بابەتە دەکا.

پاشان کۆتایی بە ژیانی پڕ لە ناخۆشی هات.

ڕیچارد، دادوەری ناوچە، زۆر دانیشت. خۆشی نەیزانی چەندە دانیشتووە. هەروا بەردەوام چاوی بڕیبووە ئەو هاوڕێ بەوەفایەی کە ساڵانێک دۆستی بوو و ئەمێستاکە لە بەردەمیدا ئاوا بە هێمنییەکی سەرسامهێن چاوی لێک نابوو. هەموو چرچولۆچەکانی ڕوخساری هێنک کە تەنانەت لە کاتی لاوێتیشدا هەیبوون و ئەو کاتیش هەر نیگەران و پیر و کەنەفتیان پیشان دەدا، ئێستا ساف و لووس ببوون و وا دەهاتە پێش چاو کە جەستەی لەژێر باری نیگەرانیدا چەماوی، قوڵپەی دێ لە ژیان و وەک پیاوێکی سەربەرز ژیاوەتەوە.

دادوەر ڕیچارد لەبەرانبەر ئەو سوکنایی و ڕەهاییەدا، هەستێکی سەیری خۆ بە کەم زانین لە وجوودیدا سەری هەڵدابوو و قێزی دەهاتەوە. هاوکاتیش لە بەرانبەر جەستەی هێنکدا سەری ڕێز و نەوازشی دادەنواند.

هێنک، کە ڕیچارد ساڵانێک بە لووتبەرزی لە گەڵی مامەڵەی کردبوو، لە پێش چاویدا ژیایەوە. شەپۆلی ئازاری ویژدان ڕیچاردی ڕامالی.

هێزێکی دایە بەر خۆی و ڕاست بۆوە. بە دەست ئازاری ویژدانەوە دەینالاند. «ئەوە چییە دانیشتووم و هەروا بیر دەکەمەوە؟ شەرابی «گلۆێگ» (*)م خواردۆتەوە؟ ها؟!

پێش ئەوەی بە هەنگاوە قورسەکانی بەرەو لای ئاشپەزخانەکە بکەوێتە ڕێ، بۆ دوایین جار ڕووی بۆ لای مۆبلەکە وەرگێڕا. تۆ بڵێی بزەیەکی پڕ لە گاڵتەجاڕیی لەسەر لێوی مردووەکەدا بە ڕوونی نەبینیبێ؟»

*** شەرابی گەرمکراو کە مێخەک و کشمیشی تێکەڵ دەکرێ. «وەرگێڕ»**

**سەرچاوە:**

**Stilstudier, Olle Josephson (red), 85-120**

# پێشەنگە فرە ڕەنگییەکانی فەلسەفەی نوێ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەدەبیات)

**سەرەتا**

١- فەلسەفەی نوێ (مۆدێرن) ئەو فەلسەفەیەیە دوای پێچرانەوەی داوودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کە نزیکەی هەزار ساڵ درێژەیان کێشاوە، کەوتۆتەوە و گەشەی کردووە. داگیرکردنی شاری کۆستەنتنۆپڵی یۆنان لەلایەن تورکی عوسمانییەوە کە دواتر ناوی ئیسلامبۆلی و ئینجا ناوی ئەستەمبوڵی لێ نرا (١٤٥٣ز) و دەرکەوتنی بزووتنەوەی- جارێکی دیکە لەدایک بوونەوە (ڕێنیسانس) ڕێگاخۆشکەر و پێشەنگی ڕوخسارەکی ئەو بزاڤە بوون کە فەلسەفە نوێیەکەیان لێ کەوتۆتەوە. لەسەدەی پازدەی زایینەوە تاوەکو مردنی فەیلەسووفی مەزنی ئەڵەمان هیگڵ لە ساڵی (١٨٣١ز)دا بە قۆناغی فەلسەفەی نوێ دادەنرێت. لە سەرەتای دەستپێکی ئەو قۆناغەدا سێ دیاردە سەرنجیان ڕاکێشاوە، دواتر ئەوی پێوەندی بە بابەتی ئێمەوە هەیە، دیاردەی چوارەم دەرکەوتووە و ماوەیەک دەست بەکاربوو، ئەو دیاردانە پتر خۆیان لە پاشەکشێ کردنی ئایین و گەشەکردنی زانستیدا دیوەتەوە(١)، بەڵام بەگشتی لەچوار بابەتدا خەتوخاڵیان داوە:

**یەکەم**: سیاسی، لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا گەیشتۆتە لووتکە و ئەنجامێکی دیار و بەرچاوی لێکەوتۆتەوە: پەیدابوونی کۆلۆنیالیزم و لەدواییدا ئیمپریالیزم.

**دووەم**: ئابووری، دەرکەوتنی چینی سەرمایەداری لە وڵاتانی ئەوروپادا. ئەو چینەی هەر لەگەڵ سەرهەڵدانییەوە گۆڕانی سەرتاپاگیری لە هەموو لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵگا و سروشتدا کردووە و ئەنجامەکەشی ئەو شارستانییەتە شکۆمەندەی ئەو

سەردەمەمانە کە مرۆڤ لە سێبەریدا چوستو چالاکە.

**سێیەم**: جارێکی دیکە ڕوو کردنەوە مرۆڤی ئاسایی و بایەخدان بە تاکەکەسان(٢) و دەرکەوتنی بیرۆکەی ئازادی و داد و یەکسانی. ڕەوتی تاکەکەسی لە ئەدەب و هونەردا، تیشک خستنە سەر کێشەی مرۆڤی تاک لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا تارادەیەک ئەو لایەنەی بەرجەستە کردووە.

**چوارەم**: سەربەخۆبوونی فەلسەفە و جیابوونەوەی لە ئایین و بەزاندنی ئەو سنوورەی هزری ئایین و کڵێسەی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆیان کێشابوو.

ئەو کەشوهەوایە نوێیە هەلومەرجێکی تری لەبەردەم گەشەکردنی فەلسەفەدا داوەتە دەست، هەلومەرجێک لە جیاتی لێکدانەوەی سروشت و چارەنووسی مرۆڤ لەم جیهانەدا لە سۆنگەی لاهووتەوە، پشت بە زانست و میتۆدەکانی بەستراوە، کۆشش کراوە ئەو زانستە و ئەو زانینەی بەدەست دێن، هیچی تر بۆ سوود و قازانجی دەسەڵاتی کڵێسە و دۆگمەکانی ئایین بەکارنەهێنرێن، بەڵکو بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و چاک کردنی هەلومەرجەکانی ژیانی مرۆڤ لەم جیهانەدا سوودیان لێ وەربگیرێ. لە قۆناغی ناوبراو بە ڕێنیسانس، ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەوە هەبێ، ئەو بیرۆکەیە جێگیر بوو کە ئەو ژیریی و زیرەکییەی مرۆڤ هەیەتی و پێی بەخشراوە، ئیتر لە زگماکەوە بێت، یان لە ژیانی ڕۆژانەیەوە بەدەستی هێنابێ جێگای ئامۆژگارییەکانی تەورات و ئینجیل دەگرنەوە و پێویستی پێیان نامێنێ، چونکە خۆی دەتوانێ چاکەکاریی و بەدکاریی لە یەکتری جیا بکاتەوە و بزانێ مەرجی بەختەوەربوونی مرۆڤ و هۆکارەکانی بەدبەختی و نەهامەتی کامانەن، بۆ ئەوەی پشت ئەستوور بە ژیر و دیسپلین و میتۆدەی زانستی ڕێگاچارەیان بۆ پێشنیار بکات.

ئەگەر مرۆڤ لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە سایەی ڕێژیمی زەبروزەنگی کڵێسە و ئایینی مەسیحیدا بەوە هەڵسەنگێنرابێ تا چەند ڕێوشوێنەکانی کڵێسە و ئایین پەیڕەو دەکات، چەندە توانای گونجانی لەگەڵ کڵێسەدا هەیە و پشتی لە کارو دنیا سارد کرابێتەوە و بەجیهانێکی تر دڵخۆش کرابێ، لەگەڵ گەشەکردنی زانست و هاتنی بەهاری فەلسەفەی نوێدا، مرۆڤ بە چاوێکی تر تەماشا کراوە و چاوەڕێی لێکراوە و دەرفەتی بۆ ڕەخسێنراوە تا چەند پەرە بە بەهرە و تواناکانی بدات و چی لە دەست دێت بیکات و بەدی بهێنێ(٣).

٢- کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و دەست پێکردنی قۆناغی سەدەکانی نوێ (مۆدێرن) کە فەلسەفەکەی بابەتی ئێمەیە، دیاردەیەکە جگە لەوەی سەرنج ڕادەکێشێ، ناوەڕۆکێکی بە بڕشت و بەپێز و فرە ڕەنگی هەیە. ئەگەرچی ئەو دیاردەیە لەوە دەچێ جۆرە جێگۆڕکێیەکی کردبێ و بریتی بووبێ لەوەی پاشەکشێی بە لاهووت و دەسەڵاتی دۆگم و ئیدیۆلۆژی ئایینی مەسیحی کردبێ و هاوکێشەکەی جاران لە لاهووت و فەلسەفە پێکهاتبوو، کردی بە فەلسەفە و زانست. ئەم بڕیارە چی دەگەیەنێ و چۆن لێکدەدرێتەوە؟!

دوورخستنەوەی لاهووت و ئایین لە گۆڕەپانی چالاکی زانستییانە و توێژینەوەدا، دانانی زانست لە جێگاکەیدا بەهیچ جۆرێک لەو ڕاستییە لانادات کە بابەتەکە لەخۆیدا پەرەسەندن بووە. ئەو پەرەسەندنەش سروشتێکی مێژوویی هەبووە. بەپێی قۆناخەکانی مێژوو لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ڕاستە بابەتەکە وا دێتە بەرچاوی توێژەر و لێکۆڵەرەوە کە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکانی نوێ دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و سەربەخۆیی و لەیەکتری دابڕان و جیاوازی خۆیان هەریەکە لەلای خۆیەوە بپارێزێ و نیشانی بدات و بەمەش تایبەتمەندی هەر یەکێکیان دەربکەوێ و نیشان بدرێت.

ئەو تایبەتمەندی بەدەرخستنە ئەگەر ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە بریتی بێ لە دابڕانی هەر یەکێک لەو دوو قۆناغە، ئەو ئەنجامە لە ڕواڵەتێکی ڕوخسارەکی سەرنجڕاکێش بەولاوە نییە. نوێ بە بابەت و ڕوخسار و قۆناغەوە، ئەگەر بابەتی کات و دووبارەبوونەوە و فرە دەرکەوتن و هاتنەکایەوە بەهەند بگیرێن و لە پشتیانەوە گەوهەری کێشەکە سەرنج بدرێت، ئەو ڕاستییە دێتە پێشەوە کە دابڕانە ڕوخسارییەکە خۆی لەخۆیدا نەپسان و دانەبڕانە هەمیشەییەکە ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە ڕاستە فەلسەفەی سەدەی شازدە و حەڤدە و دواتر لە میتۆد و ناوەڕۆک و ئامانجدا جۆرە جیاوازی و تایبەتمەندییەک نیشان دەدات، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام هەردوو لایان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە و یەکتری تەواو دەکەن، ئەگەر پێشتر نەبوایە، ئێستاکە لە

ئارادا نەدەبوو پاشەڕۆژیش نەدەهات. نوێ و کۆن، هزری ڕێنیسانس و دوا قۆناغی سکولاستی(٤) و هۆشیاری و بەرهەمی هزری نوێ تونودتۆڵ بەیەکەوە بەندن و یەکتریان تەواو کردووە. ئەوی لەو سەردەمەدا بە فەلسەفەی نوێ ناودەبرێ ئەنجامی زنجیرەیەکی دوورودرێژی ئاڵقە بەیەکەوە بەستراوی گۆڕان و پەرەسەندنە. هیچ گومان و ئەگەریش لەوە ناکرێ کە سەرەتا و دەستپێکی فەلسەفەی نوێ پشتی لەلاهووت کردووە و بەرەو لای زانست تەکانی داوە. بنەمای جیهاندیدە نوێیەکەی فەلسەفە بە تیۆری و پراکتیکەوە هەڵوێست دەربارەی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوروبەر، داهێنانی پێوەر و پێودانگێکی تر بوو بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستی و هەقیقەت، جگە لە تێڕوانینی پشت ئەستوور بە هزری سیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، ئەوە هەڵدەگرێ کە نازناوی مۆدێرنی پێ ببەخشرێ.

ئەگەر شارەزا و مێژووناسانی فەلسەفە ئەو تایبەتمەندییە بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ببەخشن کە هەزار ساڵی کێشاوە، گوایە بە توێژینەوە و ڕامان و لێکۆڵینەوە، وەک لەبەرهەمەکانیاندا دەردەکەوێ، بەناخی دەروون و ژیانی نەفسی مرۆڤدا شۆڕ بووبنەوە و تیشکیان خستبێتە سەر لایەنە شاردراوەکانی، پێشتریش یۆنانییەکان بایەخیان بە هەماهەنگی و هارمۆنی نێوان ناخ و دەرەوەی مرۆڤ دابوو ژیانیان کردبوو و بەو نموونەیەی ناخ و پێوەندی ژیانیان لەگەڵ سروشت و دەوڵەت و کۆمەڵگادا، بەپێی توانای لە ئارادابوونی ئەو سەردەمە، تاووتووی کردبوو. فەلسەفەی مۆدێرن جگە لەو دوو لایەنە گرنگەی هەردوو قۆناغەکەی پێشووی فەلسەفە بەردی بناخەی زانستی مۆدیرنی سروشتی (فیزیک، ئەسترۆنۆمی...) داناوە کۆشش کراوە بەهۆی ئەو زانستەوە نهێنییەکانی گەردوون بەگشتی و هی سروشت بەتایبەتی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان، پەردەیان لەسەر لاببرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاغا بێت و پێداویستی و کەرەسەی پڕ خێروبیری ژیانی بەدەست بهێنێت، ئەوەبوو سروشت لە بابەتێکی داهێنراوەوە گۆڕا بە کەرەسە و مادەیەک کە هەرە کۆنە، هەر هەبووە و هەتا هەتاییە و هەردەمێنێ و لەناو ناچێ، ئەو سروشتە بوو بەسەرچاوەیەک بۆ بەختەوەری مرۆڤ سوودی لێوەربگیرێت و بەکاربهێنرێت.

٣- ڕێنیسانس بە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دابنرێت، یان بە سەرەتا و دەستپێکی قۆناغی مۆدێرن بژمێردرێت، سەرەتا و کۆتاییەکەی پێکەوە گرینگی و بایەخی خۆیانیان هەبووە. ئەو گرینگییە لەو پێشکەوتنانەوە کەوتۆتەوە کە لە کایە و بوارە جیاجیا و فرە ڕەنگییەکانی فەلسەفە و زانست و سیاسەتدا بەدەست هاتوون. دەکرێ ئەو پێشکەوتنانە بە چەند تایبەتمەندییەک پوخت بکرێنەوە:

**یەکەم**: لە کایەی زانستیدا فەلسەفەی سروشتی وردە وردە بووە بە بابەتی زانستی سروشتی (فیزیک). لەم بوارەدا پەیڕەو و میتۆدەی پێوانە (سیلوگیزمی) ئەرستۆ و ورد بوونەوە و سەرنجدان بوون بە پەیڕەو و میتۆدەی ئەزموونی، ئەو گۆڕانە هەنگاوێکی بوێرانە بووە و لە جیهانی زانستدا هەڵگیراوە.

**دووەم**: لە ئەسترۆلۆژی (ئەستێرە شوناسیدا) بڕیاری بەلایەکدا خەرانە دراوە. جاران و لەلای مەسیحییەکانیش زەوی بە چەق و مەڵبەند و ناوەندی گەردوون دانراوە. زانستی نوێ ئەو جیهاندیدەی پووچەڵ کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە کە خۆر (ڕۆژ) ناوەندی گەردوونە نەک زەوی. زەوی خۆی بە دوو شێوە دەخولێتەوە. جارێکیان بە دەوری خۆیدا و جارێکی دیکە بە دەوری خۆردا.

**سێیەم**: ڕۆڵی سەرەکی کڵێسە، کە سەرەڕای لایەنی ئایین، بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری جیهانی بووە، لێی ستێندراوەتەوە و لەجیاتی کڵێسە دەوڵەت و حکومەتی نەتەوەیی دامەزراون و هەست و هۆش و تەوژمی نەتەوەیی گەشەی کردووە. جاران مرۆڤ شانازی بەوەوە کردووە کە گومڕا نییە و لایەنگیری یەسوعی مەسیحە، لەو قۆناغە نوێیەدا ڕەوشەکە گۆڕاوە و مرۆڤ شانازی بە نەتەوە و هەستی نەتەوەکەیەوە کردووە. مرۆڤی ئەڵمان پێش ئەوەی خۆی بە مەسیحی دانابێ، شانازی بەوەوە کردووە کە ئەڵمانە.

**چوارەم**: پشت کراوەتە سەرچاوە بە میرات ماوەکانی زانین و گەیشتنە ڕاستی «وەحی و ئینجیل...» و پەنابراوەتە بەر ژیر و لۆژیک و توانای زانینی مرۆڤ خۆی. جارێکی تر بڕوا بەهێز و توانای داهێنەرانەی مرۆڤ کراوەتەوە. جاران ئەگەر ڕەب و لاهووت و

کـاروباری دوای مـردن و سـەرووسـروشت کـەرەسـە و توێژینەوەیان بووبێ، لەو قۆناغـە نوێیـەدا ڕووکراوەتەوە مـرۆڤ و مـرۆڤ کـراوە بە ناوەند و بابەتی سـەرەکی توێژینەوە(٥). ئەو هەڵوێسـتـە بەزمـانە لاتینییـەکـان بە Egocentric ناوبراوە.

**پێنجەم**: داهێنانی ئامرازی چاپ کردن و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی لەنێو کۆمەڵانی فراوان و پانوبەرینی خەڵکدا. بگرە ئینجـیل و تەورات وەرگـێـڕدراونەتە سـەر زمـانی نەتەوەکـان و چاپ و بڵاوکـراونەتەوە و ئەو ڕووداوە ئەوەندەی تر ڕۆڵی کـڵێسـەی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بێ هێز و لاواز کردووە.

**شەشەم**: لە فـەلسـەفـەدا وەک ئەنجامێکی بزووتنەوەی مرۆڤپەروەریی Humanism جۆرێک فرە ڕەنگی لە بیر و هزر و هۆشدا کەوتەوە. گرنگترینی ئەو فـرە ڕەنگییـە دووپاتکردنەوەی دوو ڕەنگی و جـیـاوازی نێـوان بڕوا و زانین. سـروش و ژیرە. بەم پێـیـە دوو جـۆرە ڕاسـتـی (هەقیقەت) هەیە. ڕێگای گەیشتنە ئەو دوو ڕاستییەش بەپێی جـۆرەکـەی جـیـاوازە. ئەو جـۆرە پێـداگـرتن و دووپاتکردنەوەی ئەو دوو ڕەنگییـە پاشـەکـشـەی بەتاکـە سـوارێتی لاهووت و ئایین لە مـەیداندا کـردووە. لە ئەنجـامـیـشـدا دەرگـای لەبەردەم دیاردەی ئازادی بیروهزر(٦) کە لەدواییدا بووە بە هەڵکەوت و فاکتێک کردۆتەوە.

**حەوتەم**: لە فـەلسـەفـەی نوێدا هەوڵ دراوە ئەوە سـاغ بـکرێتـەوە کـە ئەو بـابەتـانەی دەربـارەی ڕەب و سەرووسروشت و لاهووتن سنووری توانای ژیر و فەلسەفە و فـەیلەسـووفـان دەبەزێنن، بۆیە هەندێک فـەیلەسـووف و هزرمـەند و زانای قـۆناغی دوای سـەدەکـانی ناوەڕاست، بەلایانەوە تاوەکو ڕادەی سەرسوڕمان سەیر بووە، چۆن ئەو هەمـوو فـەیلەسـووف و هزرمـەندانە، ئەو هەمـوو کۆشش و کاتەی خۆیان بۆ خۆ خەریک کردن بە نووسین لەسەر ڕەب و خـەسـڵـەتەکـانی داناوە؟ لەکـاتێکدا ئەوەی وتوویانە و نووسـیـویانە تاکـە گـوڵێکی نەخسـتـۆتە سـەر خـەرمـانی بەبژوێنی کولتووری میللەتان، بۆیە پرسیارەکە بەو جۆرە دارێژراوەتەوە: کـێـشـە و بابەتەکە ئەوە نیـیـە ئایا ڕەب هەیە، یان نا و ئایا ئەو خـەسـڵـەتانەی هەیە (کـێـشـەی سیفەتەکان) کـە دراونەتە پاڵی، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە ئایا مـرۆڤ بەهۆی ژیر و فـەلسـەفـەوە دەتوانێ شـتـێک بەڕاسـتی لەو بابەتە بزانێ. ئەگەر ڕەب بێ کـۆتایی و بێ سنوور بێ، لە لەش و مـاددەوە بە دوور بێ، چۆن مـرۆڤی تـوانـا سـنووردار و ڕادەدار دەتـوانـێ پـەی بـەو بـابـەتـە سەرووسروشتییە ترانسندێنتییە ئەبستراکتە گیانییە بەرێت؟!

**هەشـتـەم**: هەر پشت ئەسـتـوور بە خـاڵی پێـشـوو هەڵوێست و پرسیار دەربارەی مرۆڤ لە فەلسەفەی نوێدا گۆڕانی سەرتاپاگیریان بەسەرداهاتووە؟ مرۆڤ هیچی تر بەندە و کـۆیلەی هێـزێکی سەرووسـروشت نەمـاوە، بۆیە نەپرسراوە مـرۆڤ لە کـوێوە هاتووە بۆ کـوێ دەچێ و چی بەسەردێت؟ بەڵکو پرسراوە:

مـرۆڤ چیـیـە(٧) و چی لەتوانایدا هەیە و چی بە ئەزمـوون و تاقـیکردنەوە دەسـتگیـر دەبێ؟! بۆیە لێـرەوە خـۆناسین، خـودی مـرۆڤ، لە جـیـاتی بوونەوەرێکی سەرووسروشتی ترانسندێنتی کراوە بە بنەمای هەنگاونان بەرەو جیهانی نامن و دەوروبەر.

**نۆیەم**: دۆزینەوەی (بارود) و داهێنانی (قـیبلەنومـا) Kompass ئاسـۆیەکی فـراوان و پانوبەرینی لەبەردەم پەرەسـەندن و پێـوەندی و هاوکـاری نێـوان مـیللەتاندا کـردۆتەوە. جـیـهـاندیدە مـەسـیـحـیـیـەکـەی سەدەکـانی ناوەڕاست دەربارەی گـەردوون و جـیـهـان پاشـەکـشـەی کـردووە. جگە لەوەی هۆکـارێک بووە لەو هۆکـارانەی ڕێگای دەرکـەوتنی چینی بۆرژوازی بازرگـانی و لاوازبوونی چینی دەرەبەگی فیودیالی خۆش کردووە. هەر لەم خاڵەوە خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش و جەنجاڵ ئامێز کەوتۆتەوە باسکردنی وا ئاسان نییە ئەگەر نەبێتە مایەی دەردی سەر.

**دەیەم**: ئەو خـاڵەیە کـە بە فـرە ڕەنگی ئایینە ئاسـمـانییـەکـان ناودەبرێت. ئەو خـاڵە دوو ئەنجـامی لێکەوتۆتەوە:

- ڕەب کـە یەک ڕەببـە دەکـرێ بە ڕێگا و شـێـوازی جیاواز نەک بەیەک تاکە ڕێگا بپەرسترێ؟!

- ئەنجامەکەی تر ئەوەیە: سێ ئایینی ئاسمانی هەیە، جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام، بەرانبەر بە سێ پەیامبەر، مـوسـا، عـیـسـا، مـحـەمـەد. ئایا بوونی ئەو سێ ئایینە جیاوازە چی دەگەیەنێ؟ یەک ڕەب کە خۆی یەکە و هەموو شتێکی داهێناوە (خەڵق کردووە) بۆ دەبێ تاکە ئایینێک لە جـیـهـاندا نـەبێ و لەجـیـاتـیـان سێ ئایین هەبێ؟ ئایا

دەکرێ هەرسێک ئایینەکە پێکەوە ڕاست و دروست بن؟ بە باوەڕی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەلبێرت لەنگە (١٨٢٨-١٨٧٥ز) مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی ماربورگ (ئەڵەمانیا) دەربارەی ئەو پرسیارە گرنگانەیە لە سێ ڕێ تێچوون بەولاوە ناگونجێ:

- هەرسێک ئایینەکە ڕاستن.
- هەرسێکیان هەڵەن.
- تەنیا یەک ئایین ڕاستە و دووەکەی دیکە هەڵەن.

یەکەمیان ناگونجێ، ناکرێ دەربارەی بابەتێک سێ دیاردەی لەیەکتری جیاواز لە ئارادابن و هەرسێکیان لافی ڕاستی و دروستی لێ بدەن. ئەگەر سێ دیاردە ڕاستی بن، دەبێ یەک دیاردە بن نەک سێ.

دووەمیان لەلایەکی ترەوە ناشێ، چونکە ناکرێ تێکڕای مرۆڤایەتی بەهەڵە چووبێ، یان تەفرە بدرێ.

دەمێنێتەوە سێیەمیان، لەو کاتەدا دەبێ کەمایەتییەکی مرۆڤایەتی ڕاست بێ و ڕاستی پێکابێ و زۆربەی هەرە زۆری جیهان هەڵەبێ و بە تەفرە چووبێ(٨). بە باوەڕی من ئەو بۆچوونەی پرۆفیسۆر لەنگە لە جێگای خۆیدا نییە و ناکرێ بەهیچ بنەمایەکی فەلسەفە پشت ڕاست بکرێتەوە لەبەر چەند هۆیەک:

- لەلایەکەوە، ئەو بۆچوونە پرۆسەی نەسخ بوونەوە و (ناسیخ و مەنسوخ) بە تەواوەتی ڕەت دەکاتەوە و بڕوای پێ ناهێنێ. بەو بیانووەی گوایە نەسخ بوونەوە لە گۆڕان و چاکسازی و پەرەسەندن بەولاوە نییە و ڕەب و ئایین (تەورات و ئینجیل) بەپێی سروشتە ڕەببانی و سەرووسروشتی و ترانسندێنتییەکان ناکرێ ئەو جۆرە گۆڕانە بیانگرێتەوە.

- لەلایەکی دیکەوە ئەو بۆچوون و بڕیارەی پرۆفیسۆر لەنگە لە چوارچێوەی ڕێبازێک کە بە ئەڵەمانی بە Ahistorisch ناودەبرێ ناچێتە دەرەوە. ئەو بڕیارە بە تەواوەتی سروشتی مێژوویی هەلومەرجەکانی ئەو ئایینانە پشتگوێ دەخات. جیاوازی ئەو سێ ئایینە هەڵکەوتێکی ڕاستەقینەی مێژووییە، هۆکار و هەلومەرجی مێژوویی خۆی هەیە، نەدەکرا بەو جۆرە نەبوونایە و بەجۆرێکی تر بانایە.

جیاوازی ئەو سێ ئایینە کە سێ دیاردەی کۆمەڵایەتین، تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەلات کە تێیاندا سەریان هەڵداوە دەردەبڕن و بەرجەستە دەکەن، ئەو هەلومەرجە فرەڕەنگییانەش ساغ دەکەنەوە کە لەو سێ قۆناغەدا لە ئارادابوون و دەستبەکار و ئەکتیڤ ڕۆڵی سەرەکی خۆیانیان گێڕاوە. بەڵگەیەک ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەو گۆڕانانەیە بە شێوازی مەزهەب بەسەر هەرسێک ئایینەکەدا هاتوون.

مەسیحییەت کە لە ئۆرشەلیم دەرکەوتووە جۆرە یەکپارچەیی و یەکڕەنگییەکی نیشان داوە، دوای کۆچ کردنی بۆ هەواری نوێ- ئەوروپا- بەپێی سروشتی کۆمەڵایەتی ئەو میللەتانە کە بوون بە مەسیحی- جا بەخۆشی بووبێ، یان بە کوتەک- گۆڕانی بەسەرداهاتووە. هەبوونی هەردوو مەزهەبی کاتۆلیک و پرۆتستانت، کڵێسەی ڕووس و ڕۆژهەلات و پاپی عەزەم لە ڕۆم بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. بە هەمان پێودانگ دەکرێ ئایینەکانی دیکەش هەڵبسەنگێنرێن، بۆیە من وای بۆ دەچم بوونی ئایینی جیاواز و لەنێو ئەو ئایینانەدا هەبوونی مەزهەب و تەریقەتی جیاواز و فرە ڕەنگ شتێکی ئاساییە هەلومەرجی دیاریکراو پاساویان دەدەنەوە.

٤- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە دەرکەوتنی کاروانی بەهاری فەلسەفەی نوێ، دیاردەیەکی لەناکاو و کتوپڕ نەبووە، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژ خایەنی خۆ ئامادە کردن و بەرەو پێش چوون و خەتوخاڵدان بووە. ئەو پرۆسەیەش سێ لایەنی گرنگ تێیدا دەستبەکار بوون:

## بزاڤی چاکسازی ئایینی

ئەو بزاڤە لەلایەن دوو ڕابەری کڵێسەوە ڕاپەڕێنراوە. مارتن لۆتەر لە ئەڵەمانیادا (١٤٨٣- ١٥٤٦ز)، کالڤین (١٥٠٩- ١٥٦٤ز) لە فەرەنسا و سویسرا، ئاویان کردۆتە ژێر کڵێسەی کاتۆلیکی و هەرەسیان بەو شوورە سەختە هێناوە کە کڵێسەی مەسیحی بە دەوری خۆیدا کێشابووی و وا دەهاتە بەرچاو کە هیچ هێزێکی جیهانی نەتوانێ بیبەزێنێ. ئەو چاکسازییە سەرنجی بۆ کار و بابەتی جیهانی مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی تاکەکەس ڕاکێشاوە کە تا ئەو سەردەمە پشتگوێ خرابوو. ئەو بزووتنەوەیە ئەگەرچی لەو سەردەمەدا لە چوارچێوەی دەڤەری بەرتەسکی پیاوانی کڵێسەدا بووە و پتر بنەمای دۆگمەکانی مەسیحییەتی گرتۆتەوە، بەڵام ئەنجامی گەورە

و گرانی لێکەوتۆتەوە. جۆرە ئازادییەکی سنووردار لە چوارچێوەی ئاییندا، بایەخدان بە مرۆڤ و ئیشوکاری ژیانی ڕۆژانە لەلایەکی ترەوە هۆکارێکیش بووە شان بە شانی ئەو هۆکارانەی کە ڕێگای هاتنی بەهاری چینی بۆرژوازی- سەرمایەدارییان خۆش کردووە، بەوەی ئەو کۆسپانەی «ڕەبەنێتی کڵێسە و سووک کردنی ژیانی دنیا لەبەرچاوی مرۆڤی عیسایییدا» تارادەیەکی بەرچاو ڕەوایییان لێ ستێندراوەتەوە و مرۆڤ هان دراوە بایەخ بە ڕەوشی تایبەتی ژیانی خۆی و کاروباری ڕۆژانەی بدات. دوور نییە لێرەدا پرسیارێک لەچوارچێوەی ڕەخنەگرتندا بێتە بەردەم و بڵێ: دەرکەوتنی سەرمایەداری خۆی بەپێی سروشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیەوە وای پێویست کردووە ئەو چاکسازییە لەچوارچێوەی کڵێسەی ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحیدا بکرێت، نەک بەپێچەوانەوە! ڕاستە ئەو پرسیارە لە جێگای خۆیدایە، بەڵام ئەوی لێرەدا و لە چوارچێوەی بابەتی فەلسەفەی مۆدێرندا لەو چاکسازییەی لۆتەر دەکەوێتەوە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە لە کۆمەڵگادا، لە قۆناغ و سەردەمی دیاریکراودا، سەرنجڕادەکێشێ. ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحی لەو کاتەی ئەورووپادا بە جۆرێک بڵاوبۆتەوە پەلی کێشاوەتە هەموو کونوکەلەبەرێکی ژیان و کۆمەڵگاوە، تاوەکو ئەو ڕادەیەی بووە بە بنەمایەکی پتەو و قایمی کولتووری میللەتان، بۆیە بەبێ هەڵتەکاندنی ئەو بنەما ئایینییە کولتوورە نەدەکرا و نەگونجاوە هیچ گۆڕان و چاکسازییەک بکرێت و بیری لێبکرێتەوە. گۆڕانە چاکسازییەکەی ئایینی مەسیحی کە لۆتەر کردوویەتی ڕاستەوخۆ لەنێو کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە: گۆڕان لە کۆمەڵگادا بەسەر خان و ژێر خانییەوە چەندین بەربەستی دێتە بەردەم بەربەستێک کە لە هەموویان سەختترە ئەو ئایینەیە کە بووە بە کولتوور و بەشێکی سەرەکی ژیانی گیانی (ڕوحی) مرۆڤ لە کۆمەڵگادا.

**- ڕێبازی مرۆڤپەروەری:**

ئەوەی لەو خاڵەدا پێوەندی بە بابەتەکەوە هەیە ئەدەب و کولتووری میللی بووە کە بەزمانی نەتەوەیی جێگای کولتوور و ئەدەبی ئایینییان گرتۆتەوە. ئەگەرچی ئەو بزووتنەوەیە لەخۆیدا فرەڕەنگ بووە، بەڵام لایەنی سەرەکی تێیدا بایەخدان بە ئەدەب و ژیر (ئەقڵ) بووە، بۆیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ چۆن بۆچوون و جیهاندیدی سەدەکانی ناوەڕاست بەرانبەر بە ژیان بەگشتی گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە. گۆڕانەکە دەکرێ لە چوارچێوەی چاکسازی ئایین و ڕێنیسانس و بزاڤی مرۆڤپەروەریدا بە پرۆسەیەک بچوێنرێ لە دوو تای بەرانبەر بەیەک بەرەو پێش چوون:

- ئازادی ئایینی

- ئازادی مرۆڤ ئەو ئازادییە لەسەدەی نۆزدە بنەمای بزاڤی دیموکراتی جێگیر کردووە. لە هەرسێک سەدەی پازدە و شازدە و حەڤدەدا کە بەسەدەکانی گوێزرانەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەدەکانی قۆناغی مۆدێرن دانراون، هەلومەرجی ژیان و پێشکەوتن لەبەردەم مرۆڤی تاکدا گۆڕاوە. ئەگەر جاران ئایین و پابەندبوون بە ڕێوشوێنەکانی کڵێسە و پەرستنی ڕەببی مەسیحی پێودانگی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بووبێ لەو سێ سەدەیەدا دەرگای پێشکەوتن لە ژیان و ئیشوکاردا لەبەردەم مرۆڤی چالاک(٩) و بەهرەمەنددا کراوەتەوە و ئەو ڕەوشە جێگای ڕەوشەکەی تری ئایینی بە دۆگمە و پێودانگەکانییەوە گرتۆتەوە. لێرەوە دەکرێ مرۆڤ تێبگات بۆچی ناوەرۆکی تابلۆ و شاکارە هونەرییەکانی ئەو قۆناغانە لەوێنەی مرۆڤی ڕووت بەو لاوە نین. هزریش لەو سەردەمەدا بە فەلسەفە و لاهووت و زانستە سروشتییەکانە و (فەلسەفەی سروشتی) لەنێوان لاهووت (جیهاندیدی پێشکەوتووی ئایین) و ڕێبازی ژیرەکیدا بووە، پتر بایەخی بە مرۆڤی تاک داوە، بەبێ ئەوەی پرۆگرام و ئەجندەیەکی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا دەربارەی پاشەڕۆژ لە نووسین و بەرهەمی فەیلەسووف و زانایاندا بەدی بکرێ، لەوە بەولاوە کە کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست بە هەموو لایەنێکەوە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام سیستمێکی ڕێکوپێکی جیهاندیدی فەلسەفە و زانست دەربارەی ژیان و کۆمەڵگا و گەردوون ڕەنگ نەڕێژراوە.

- جێگیربوونی شێوازی توێژینەوەی ژیرەکی (RationaLismus) لە فەلسەفە و کاروباری لاهووت و زانستی ئەو سەردەمەدا لایەنێکی تری گرینگی دیار و دەستنیشانکردنی سروشت و گەوهەری قۆناغی مۆدێرن بووە کە بە بزاڤی ژیرەکی ناوبراوە. لە فەلسەفەدا بڕوا بەوە هاتووە مرۆڤ ئەرک و فەرمانی دیاریکراوی پێ سپێردراوە و دەتوانێ لەم دنیایەدا شت بکات و

ئۆباڵەکەی بگرێتە ئەستۆ.

بزاڤی ژیرەکی سەرەڕای ئەوەی خۆی بزووتنەوە و پرۆسەیەکی ڕوخسار و ناوەرۆک دیار و ئاشکرا بووە بریتی بووە لە کۆی جیهاندیدێک لە چەند بیروهزر و بۆچوونێک پێکهاتووە وای داناوە لە یەکچوونێک لەنێوان گەردوون و ژیری مرۆڤدا هەیە(١٠).

هەردووکیان لە چالاکیدا پابەندی چەندین بنەمان، دەکرێ دیار و دەستنیشان بکرێن. ئەو توانایەی ژیر کە ئامرازی کارکردنی بۆ مرۆڤ داهێناوە هەر خۆشی لەتوانایدا هەیە، لەهەلومەرجی دیاریکراودا، لە بوونەوەر و بوونەکان بەگشتی و لە گەردوون بە تایبەتی تێ بگات. پشت ئەستوور بەتواناکانی ژیر، مرۆڤی ئەو سەردەمە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی وابیر بکاتەوە ئەوەی هەیە سروشتییە و بوونی دیاریکراوی لەکات و شوێندا هەیە و شتێک پێی بوترێ سەرووسروشتی و لە سروشت و ڕادە بەدەر و (موعجیزە) بوونی نییە. لێرەوە دیاردەکەی دیکە هاتە کایەوە:

- بزووتنەوەی داهێنان و دۆزینەوەی زانستی:

لەو کایەیەدا، بەپێی توانای لە ئارادابووی ئەو سەردەمە بۆ مەبەستی توێژینەوە پەنا براوەتە بەر ڕێگا و میتۆدەیەک دواتر بە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی ناوبراوە. ئەو ڕێبازە لە دوو جۆر پێکهاتووە:

**یەکەم**: ڕێباز و میتۆدەی ئەمپریزم Empirismus ئەزموون و تاقیکردنەوە.

**دووەم**: ڕێباز و میتۆدەی ژیری(١١) Rationalism.

ڕێبازی یەکەم پتر پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی دەبەستێ. پەنا دەباتە بەر شایەتی هەستەکان. بە جۆرێکی دیکە سەرنجی تواناکانی ژیر دەدات و ئەو سەرنجدانەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەرک و فرمانی دیار و دەستنیشانکراو بۆ ژیر ببردرێتەوە کە ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەبێ، چۆن مرۆڤ ئەو شتانەی زانیوە کە ئێستاکە دەیانزانێ. لەلایەکی دیکەوە پشت کردنە ئەو بنەمایانە بووە کە کڵێسەی مەسیحی بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست بە تۆبزی بە لاهووتی و هزرمەند و فەیلەسووفەکان پەیڕەوی کردووە، بنەمای بەهەند زانینی دابونەریتی ئایینی و دەسەڵاتی ئەو فەیلەسووفانەی دەزگا ئایینیەکان لەکایەی کولتووردا سەپاندوویانن. میتۆدەی ئەزموونی ڕێبازی زانستییە سروشتییەکانە.

- میتۆدەی ژیریی ڕێبازی زانستییە بیرکارییەکانە (ماتماتیک) ئەو میتۆدە ژیر بەو ڕێگایە دادەنێ کە بۆ گەیشتنە ڕاستی (هەقیقەت) پشتی پێ ببەسترێت. لە بەرانبەر هەست و شارەزاییدا ژیر بە هێزێکی باڵادەستی توێژینەوەی زانستی دانراوە، بەهۆیەوە دەتوانرێ پەردە لەسەر ڕاستییە مرۆڤی و سروشتی و لاهووتییەکان لابردرێ و لەم چالاکییەدا تەنیا هەر پشت بە کۆششی ژیر و سەرنجدانی سروشتی دەبەسترێ و سەرچاوەکانی دیکە هەر لەنووسینەکانی ئەرستۆ و پەتلیمۆس، تاوەکو بنەماکانی ئایین و کڵێسە پشتگوێ دەخرێن.

٥- ئەو گۆڕانانە و ئەو میتۆدە جیاوازانە کە بەهۆی ئەو هۆکارانەوە کەوتبوونەوە:

- ڕینێسانس.
- بزووتنەوەی مرۆڤپەروەری.
- چاکسازی ئایینی.
- دۆزینەوە و داهێنانە زانستییەکان.

لەکایەی فەلسەفەدا بەناوەرۆک و ڕوخسار و میتۆدەوە گۆڕانی بەرچاویان بەرپا کردووە. ئەوی پێوەندی بەناوەرۆکەوە هەیە، ئەگەر پەتلیمۆس ptolemy لە سەدەی دووەمی پێش زاییندا زەوی بەناوەندی گەردوون دانابێ کە ئەستێرەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، فەلسەفەی مۆدێرن لە جێگای زەوییەکەی ئەو ئەستێرەناس و بیرکار و جوگرافیناسە، خودی مرۆڤی بیرکەرەوەی کردووە بە ناوەند و خاڵی گەوهەری توێژینەوەی فەلسەفە، بۆیە دەکرێ بوترێ کە ئەو گریمانەیەی فەلسەفە کە دەڵێ:

دەکرێ بوون لە چییەتی (ماهیەتی) پێشییانە کە خودی بیرکەرەوەیە بکەوێتەوە، ئەو گۆڕانە بووە بەسەر فەلسەفەدا هاتووە و خودی مرۆڤی بیرکەرەوەی خستۆتە پێش بابەتی دەوروبەر و هەڵکەوت. هەر لەو هەنگاوە دلێرانەوە ئەو گریمانەیە «من بیردەکەمەوە»ی دیکارت کەوتۆتەوە و کراوە بە پوختە و گەوهەری توێژینەوەی فەلسەفە و بابەتەکانی تری لێ خراوەتەوە و هەڵهێنجراون. بەم پێیە چییەتی خراوەتە پێش بوونەوە. ئەگەر مرۆڤ لە هۆکارەکانی گۆڕانی شانۆی سەدەکانی ناوەڕاست بەرەو قۆناغی مودێرن و لەو پەیڕەو و ڕێبازانە وردبێتەوە کە پشتیان پێ بەستراوە، گەوهەری ئەو

هۆشیارییەی مودێرنی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە هۆشیاری ئەوروپا ناودەبرێ.

پەنا بردنە بەر میتۆدەی دیاریکراو کە لەخۆیدا ڕەهەندی ئیپستمۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە کە لە مێژوودا ڕەوشێکی دیاریکراویان بەدەست هێناوە، دیار و دەستنیشان دەکات. جگە لەوەی پێشیانە ئەو بابەت و ناوەرۆکە فەلسەفەییە کە دەبن بە ناوەندی توێژینەوە ڕەنگڕێژ دەکات. هەڵبژاردنی ڕێبازی ئەزموونی- یان ژێری گەوهەری ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی ئەو نەتەوەیە لەلایەن ڕابەرە هزرمەندەکەیەوە دەربارەی هەڵکەوت و ڕێکخستنی کاروباری ناوەکی پێداویستییەکانی دانانی بنەمای شارستانیەتی ئێستا و دواڕۆژ و پێوەندی نێوان سەرخان و ژێرخان بەدەردەخات، بۆیە سەیر نییە کە لەفەلسەفەی مۆدێرندا فەیلەسووفەکانی وڵاتی ئینگلیزی زمان ڕێبازی ئەزموونی و ئەڵەمان ڕێبازی ئایدیالیستییان هەڵبژاردووە و فەرەنساییەکان پەنایان بردۆتە بەر ڕێبازی پۆزیتیڤیزم.

٦- پێچرانەوەی هێمن و لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاوی دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دەرکەوتنی پێشەنگی کاروانی سەدەکانی مودێرن لە ئاسۆی وڵاتانی ئەوروپاوە، ئەگەرچی نەیتوانی بە تەواوەتی و یەکجارەکی بابەتی لاهووت بنەبڕ بکات و بەبێ چەندوچۆن لەکۆڵ فەلسەفەی بکاتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو کۆششەی بۆ ئەم مەبەستە کراوە، بگرە تاوەکو ئەو سەردەمەمان بیروبۆچوونی ئایینی لەژێر ناوی لاهووتدا بێ، یان بەناوی میتافیزیک و فەلسەفەی ئایینەوە یەخەی فەلسەفەی بەرنەداوە و لە گۆڕەپانی هزری مرۆڤدا دەستبەکارە، کەچی زانست ئەوکاتە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە لەژێر ناوی فەلسەفەی سروشتدا هان دەدرا و کۆششی بۆ دەکراو هەوڵی پەرەپێدانی دەدرا، چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا وەک پاڵپشتێک هەر لە سەنگەری فەلسەفەدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە نەبوو وا نەمایەوە، بەڵکو زانست خۆی وردە وردە لە فەلسەفە بەدوور گرتووە و لە چوارچێوەی تایبەتی بە جیهانی خۆی بەرەو پێش چووە، پەرەی سەندووە و لقوپۆپی جیاوازی لێ پەیدابوون و کەوتوونەتەوە و ئەوانیش بەهێمن و لەسەرخۆ ماڵی خۆیانیان کردووە و جیابوونەتەوە. ئەوکاتە کە باسی زانست کرابێ، تەنیا هەر لە چوارچێوەی فەلسەفەی سروشتیدا بووە، ئێستاکە قسە لە چەندین زانستی سەربەخۆ دەکرێ کە بابەت و ڕوخسار و شێواز و میتۆدی سەربەخۆیان هەیە. بابەتەکە هەر لێرە نەوەستاوە و بەوەندە کۆتایی نەهاتووە، ئەگەر نەبووبێ بە مەترسی و هەڕەشەی لە بوونی سەربەخۆی فەلسەفە خۆی نەکردبێ. ئەو سەرکەوتنە گەورە و مەزنانەی زانست بەدەستی هێناوە، سەرەڕای، تاڕادەیەک بەرتەنگ کردنەوەی ئاسۆی جیهانبیدی فەلسەفە، دوو بۆچوونی پاساو داوەتەوە کە تا ئەو سەردەمەمان گەرموگوڕی خۆیانیان لەدەست نەداوە:

**یەکەم**: زانست بڵاوبوونەوە و جێگیربوونی بڕوا و ئیمان و (عەقیدە)ی ئایینی مەسیحی لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا توندوتۆڵ بە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئارادابووی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەستۆتەوە(١٢). گۆڕانی ئەو هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەشی بەهۆکاری لاوازبوونی ئایین لە ژیانی مرۆڤ و کولتووردا گرێ داوەتەوە. هەژاری و نەداری و دەسکورتی و نەخۆشی وا لە مرۆڤ دەکەن ڕەشبین بێ، گۆشەگیر و باوەڕ بەخۆی لە دەست بدات، پشت بکاتە خێر و خۆشی ژیان لەدنیادا و بیر لەوە بکات ڕەب ڕازی بکات بۆ ئەوەی هەر نەبێ لەو جیهانەی تری دوای مردن بەو شتانە بگات کە لە ژیاندا لێیان بێ بەش بووە، بۆیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە سەدەی هەژاری و پەتا و نەخۆشی و نەخوێندەواری بوون، ئایین و بڕوای مەسیحییەت و دۆگمەکانی کڵێسە بەهێزبوون و لەنێو کۆمەڵانی ڕەش و ڕووتی مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە. ئەوەی لەو خاڵەدا سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ دانانی هۆکاری دارایی بە لایەنە نالەبارەکەیەوە لەگەڵ لاوازی و هەژاری هزری و گیانی مرۆڤ و کولتوور و شارستانییەت بەرانبەر بە یەکتری لەنێو دوو تای یەک تەرازوودا. ئایا دەکرێ هەژاری و دەسکورتی ژیانی ئابووری ئەنجامی دەسکورتی و نەداری گیانی لێبکەوێتەوە و ببێتە مایەی بڕوا بوون بە ئایین و غەیب و موعجیزە؟!

ئەو بڕیارە خۆی لەخۆیدا لە جۆرێک گریمانەکردن بەولاوە نییە، چونکە بەهیچ بنەمایەک پشت ڕاست ناکرێتەوە و پووچەڵیش ناکرێ. ئەم سروشتە لە پێکهاتە و ناوەرۆکی گریمانە کە خۆی کەوتۆتەوە. ڕاستە هەموو شتێک بە زانست و تیۆرییەکانی فەلسەفەوە بە گریمانە دەست

پێــدەکــات و ئەو گــریمانەیەی بۆ لێکدانەوەی دیاردە و هەڵکەوت خراوەتە بەردەست کــاتێک پەسند دەبێ کــە لە هەمــوو ئەوانی تر ســادە و ســاکــارتر بــوو بتــوانێ بە تەواوەتی دیاردەکە لێک بداتەوە، خۆ ئەگەر ئەو گریمانەیە بە ئەزمــوون و تاقــیکردنەوە پشت ڕاست کــرایەوە، یان چەندین بنەما و بەڵگە پشــتراســتــیان کــردەوە، ئەوکــاتە بەشێــوازێک لە شێــوازەکــان سروشــتی زانســتــیــانەی پێدەبڕێ.

هـۆکـــــاری ئـابـووری بـە هەردوو لایـەوە، هـەژاری و تێــروتەســـەلی، ئەگـــەر هەژاریی بە گـــریمانەیەکی بڵاوبوونەوەی ئیـــمـــان و بڕوا و دەســـتـــبـــەرداربوونی خـۆشـیـــیـەکـانی ژیان و دنیـا و ئینجـا دارایی و دەست ڕۆیشتوویی و دەوڵەمەندبوون هۆکاری دووركەوتنەوە لە کــاروباری ئـایین بێ و ڕووکــردنە دنیــا لەبەرچاو خــۆش بکات، ئەگەر هەندێ ڕەوشی تاک و هەندێک تاکەکەس بگرێتــەوە، ناکــرێ بکرێ بە گــشــتــی و بە تەواوەتی هەڵکەوتە گشتییە سەرتاپاگیرەکەی پێی لێک بدرێتەوە. چەند کـەسێکی هەژار بووبن بە مـەسـیـحی و پشـتـیـان کـردبێـتـە کـاروباری دنیـا دەگـونجێ پەسند بکرێت، بەڵام ناکرێ هەمان هۆکار بکرێ بە فـاکـتەری ئەوەی بە ملیـۆن کـەس لە ئەوروپا بەدڵ و بەگـیـان پابەندی هەمـان ئـایین بووبن. ئەو گریمانەیە چاو لەو ڕاستییە مێژووییە دەپۆشێ کـــە ئـایین لە قـــۆناغ و ســـەردەم و دەوروبەرێکی دیــاریــکــراودا، هــەڵــکــەوتــێــکــی نــاچــاریــی (Notwendigkeit) بووە، پەرەسەندنی ڕەوتی مێژووی کـۆمـەڵگا و شـارسـتـانـیـیـەت سـەپاندوویەتی، بۆ ئەوەی ئەرکی دیاریکراو کە خراوەتە ئەستۆی جێبەجێ بکات.

بەگشتی کردنی دیاردەیەکی تاک هیچ کاتێک بنەمای زانسـتی نیـیـە و بەزۆر پشت ڕاست ناکـرێتـەوە. هێـرش بردنە سەر ئایینی مەسیحی و ئایین بەگشتی و دانانی بە لاهووت و مـیـتـافـیـزیک لەوە بەولاوە نیـیـە ئەنجـام لە جیاتی هۆکار ئۆباڵی بخرێتە ئەستۆ و لێی بپرسرێتەوە و لێـپـرسینەوەی لەگـەڵدا بکرێت. ئایین لاهووت بێ، یان مـیـتـافـیـزیک ئەگەر سەرچاوەیەکی ترانسندینتـالی بۆ گـــریمانە بکرێت، یان ئـابووری بکرێ بە هۆکـــاری پەیدابوونی، هـیـچ جـــــۆرە گـــــازندە و ڕەخنـە و لێــپــرســینەوەیەکی ژیرەکی ڕەوا ناکــات. ئەو بابەتە لەخــۆیدا، لەو ڕۆژەوە مــرۆڤی هۆشــیــار پەیدا بووە، بەشێکی سەرەکی بووە لە پوختە و جەوهەر و سروشتی بوونی مرۆڤ خۆی کە لە خۆیدا فرەڕەنگییە و ئەو پرۆسە نەسـرەوتە سـاغ دەکـاتەوە کـە مـرۆڤ بە هەردوو لایـەنی کەرەسە و گیـانی کولـتوور و شارستـانییـەتەکـەیەوە لەو ڕۆژەوە شانۆگەرییەکەی ئادەم و حەوای بەسەردا بردراوە و بە هەشتی پێ ڕەوا نەبینراوە، بەخۆیەوە دیویەتی.

**دووەم:** زانست دوای ئەوەی توانی ڕەگـوڕیشـەی خـۆی دابکوتێ و جێگای خۆی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمی و زانســتــیــیــەکــاندا بکاتەوە، کـۆشـاوە ئەو پلە و پایە و مـەڵبـەندەی هەبێ کـە جـاران لاهووت (ئایین) لە دڵ و دەروون و ناخ و هەسـتی مـرۆڤ و کـۆمـەڵگادا هەیبـووە. زانست هەوڵی داوە جـۆرە بڕوابوونێک بەخـۆی بەدەست بهێنێ گوایە خۆی تاکە شێواز و شێوەی ڕاستەقینەی زانینی مرۆڤە و پێویستە مرۆڤ دانی پێدابنێ کە ڕاستی و هەقیقەت لە هەموو کایە و بوارەکانیدا(١٣) لەناخی مرۆڤدا بێ، یان لە دەوروبەردا تەنیا هەر بەهۆی میتۆدەی ئەزمــوونی زانســتــەوە دەســتگیــر دەبێت. هەر زانینی زانستییانەیە دەتوانێ کێشەکانی مرۆڤ ئاسان بکات و ڕێگای ژیانی خۆش و بەختەوەری بۆ بکاتەوە.

ئەو داواکارییەی زانست ناکرێ لەگەڵ داواکاری ئایین بە یەک چاو ســــەرنج بدرێت و بە پێـــــوانەیەک هەڵبـســەنگێنرێت، چونکە ئایین و زانست دوو بابەتی ناوەرۆک و ڕوخسار و میتۆدە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام ئەو لافـەی زانست لێیداوە، جۆرە پێـهەڵگرتن و سنوور بەزاندنێکی پێـــوە دیارە و دەردەکــەوێ. ئایین بەپێی سروشت و پێکهاتە و ئامانج و ئامرازی لەتوانایدا نییە کارێک لەگەڵیدا بکات نەگونجێ و ناشکرێ بچێتە ژێر باری ئەرکێکەوە کە نەکرێ و ناکرێ بیگرێتە ئەستۆ.

کـێـشـەکـانی ژیانی مـرۆڤ فـرە ڕەنگن، سـروشت و تایبـەتمەندی مـێـژوویـیـان هەیە، بەپێی کـات و شـوێن و قـۆناغ دەگـۆڕێن، بۆیە چارەسـەرکـردنی تەواوەتیـیـان لە چوارچێـوەی ئەندێشـەی شـاعـیـران ناچێـتـە دەرەوە، ئاسانکردنیشیان وەک هەمەڕەنگییەکەیان پێویستییان بە هاوکاری و کۆمەکی فرە لایەنەی لاهووت و فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت و زانست هەیە.

٧- ئەو گـۆڕانەی بەسـەر ئەوروپای ئەوسـادا هاتووە و بۆتە مـایەی گـۆڕانی شـانۆی شـارسـتـانـیـیـەت بە فـرە لایەنیـیـەکـانیـیـەوە، گـوێزرانەوە لە قـۆناغی سەدەکـانی

ناوەڕاستی ژێر ڕکێفی مەسیحی بەرەو قۆناغی مۆدێرن لە ئەوروپا لەلای خۆیەوە گۆڕانی بەسەر ناوەرۆک و ڕوخسار و میتۆدەی فەلسەفەشدا هێناوە:-

**یەکەم**: فەلسەفەی مۆدێرن تاڕادەیەکی زۆر لەژێر چەپۆکی لاهووت و دەسەڵاتی تەفروتوناکاری کڵێسە ڕزگاری بووە، بەڵام کاتێکی زۆر و زەبەندەی خایاندووە تاوەکو توانیویەتی سەربەخۆ دەستبەکار بێت و چاوێک بە میتۆد و بابەتەکانی دابخشێنێتەوە و بەشێوازێکی مۆدێرن ڕەنگیان برێژێ.

**دووەم**: ئەگەر فەلسەفەی ژێردەسەڵاتی مەسیحی بەلاهووت کۆتوپێوەند کراو ڕەب و بابەتی ئایینی کردبێ بە پوختە و گەوهەری توێژینەوەکانی، ئەوە بەلای فەلسەفەی نوێوە مرۆڤیش پایەبەرزترین و بایەخدارترین داهێنراوەکانی ڕەب خۆیەتی، بۆ دەبێ لەمەولا تەنیا مرۆڤ بابەتی سەرەکی فەلسەفە نەبێت.

**سێیەم**: ئەم خاڵە ئەنجامێکە لە دوو خاڵەکەی پێشتر کەوتۆتەوە: هەڵوێست بەرانبەر بە ئایین و مرۆڤ ئامانجی ئاراستەکراوی فەلسەفەی هەردوو قۆناغ و سەردەمی دیار و دەستنیشان کردووە. فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەوەدا کە مرۆڤی بە داهێنراو و بەند و کۆیلەی ڕەب داناوە ئەرکی دیاری کراوی خستۆتە ئەستۆ. مرۆڤ پێویست بووە بچێتە ژێر باری ئەو ئەرکە دیاریکراوەوە. بۆیە ئەو فەلسەفەیە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، مرۆڤ دەبێ بەبێ چەندوچۆن و پرسیار و ئەگەر گوێڕایەڵ بێت و ئەرکی سەرشانی ڕاپەڕێنێ، بەڵام فەلسەفەی مۆدێرن ئەو لایەنەی پشتگوێ خستووە و چۆتە ژێر باری داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ بە هەموو ڕەنگەکانییەوە، هەر لە مافی ئازادی هزرورا، تاوەکو ڕەخنەگرتن و مافی هاوولاتی و سیاسی و بەشداری کردن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری فرەلایەنەی ولات و نەتەوەکەی، بۆیە دەوترێ فەلسەفەی مەسیحی فەلسەفەی ئەرک و فرمان و فەلسەفەی مۆدێرن فەلسەفەی مافی مرۆڤ بووە.

– ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدات کە لە سەرەتای قۆناغی فەلسەفەی نوێیەوە نووسراون و ئینجا بلاوکراونەتەوە دەردەکەوێ دوای گۆڕانەکە کە بەسەر فەلسەفەدا هاتووە، بابەتی فەلسەفە ناوەرۆک و ڕوخسارێکی تاڕادەیەک جیاواز لەجارانی پێ براوە، دەکرێ لەو لقانەی فەلسەفەکەدا بەرجەستە بکرێن:

– تیۆری زانین.
– لۆژیک.
– میتافیزیک و ئۆنتۆلۆژی.
– ئاکار بەگشتی.

تیۆری زانین ئەو لقە بووە گۆڕانێکی سەرتاپاگیری پێ براوە. ئەگەر جاران لە فەلسەفەی مەسیحی و ئیسلامدا زانینی ڕەب، خواست و دەسەڵاتی، تایبەتمەندی و خەسڵەت و سیفەتەکانی چۆن لە هەردوو کتێبی ئینجیل و قورئاندا هاتوون، لێکدرابنەوە و شرۆڤەکرابن، لە فەلسەفەی نوێدا تیۆری زانین بە تەواوەتی ئەو لایەنەی پشتگوێ خستووە هەوڵی داوە زانینی مرۆڤ، چۆن ئەو شتانەی زانیون بە دەوروبەرەوە بوون بە کەرەسەی سەرەکی توێژینەوەی ئەو لقە گرنگەی فەلسەفە.

لۆژیک لەو لقانەی فەلسەفە بووە بایەخی زۆری پێدراوە. لە ناوەرۆک و ڕوخساردا چاکسازی و گۆڕانی تێدا کراوە. زۆربەی کۆششەکان کە لەم مەیدانەدا کراون، بریتی بوون لە هێرش بردنە سەر بابەتی پێوانەی مامۆستای یەکەم، پتر بە سیمبۆلی کردنی لقەکە و نزیک کردنەوەی لە بیرکاری. لایبنیتس دەکرێ بە ڕابەرێکی ئەو هەوڵە لەو کایە و مەیدانەدا بژمێردرێت.

بەپێچەوانەوە میتافیزیک نیشانی تیروتوانج تێگرتن بووە. بیانووەکەش ئەوە بووە زانست لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا ئەوپەڕی گەشەی کردووە و سنووری ئاسایی بەزاندووە، کەچی میتافیزیک بەو تەمەنە درێژەی هەیەتی پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە، بۆیە لە دوو لاوە کۆشش کرا، لە مەیدانی توێژینەوەدا دوور بخرێتەوە، یان هەر نەبێ وەک زانستی لێ بکرێت. هیوم لە چوارچێوەی ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیزدا ڕابەری ئەو کۆششەی کردووە.

گازندە کە کە لە میتافیزیک دەکرێت لە خۆیدا هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە، چونکە دوو بابەتی لەناوەرۆک و ڕوخسار و ئامانجدا جیاواز بەراورد دەکات و دەیانخاتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە. دوورخستنەوە و بە زانست کردنی میتافیزیک لە دوو لاوە ڕەخنە دەکرێ و گازندەکردن هەڵدەگرێ:

**یەکەم**: دوورخستنەوەی میتافیزیک بێ پێزکردنی فەلسەفە خۆیەتی. ئەنجام کە لێرەدا میتافیزیکە لێپرسینەوەی لەسەر نابێ و لەسەر نییە. دەبێ هۆکار کە

داهێنەری میتافیزیکە و لێرەدا ژیری مرۆڤە، ئەگەر بشێ میـتـافـیـزیکی داهێنابێ، دەکرێ پرسـینەوەی لەگـەڵدا بکرێت! لێی بپێچرێتەوە، بەڵام میتافیزیک بە تەنیا هەر بابەتی ژیر نییە، بەڵکو پوختـە و جەوهەر و سروشـتی هەبوون و بوونی مرۆڤ خۆیەتی بە ژیان و کردارییەوە، بە هەست و سـۆز و ناخی دەروونیـیـەوە ئەمـانە پێکەوە ئۆباڵی پەیدابوونی کەرەسەی میتافیزیک دەگرنە ئەستۆ و دەچنە ژێر بارییەوە.

ڕەخنەکـردنی مـیـتـافـیـزیک بە مـەبەست و نیـازی بەپێزکردن و بەرەوپێش بردنی شتێکە و گازندە کردنی و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی کەمکردنەوەیە لە سروشتی توانای فرەڕەنگی مرۆڤ کـە خـۆی لەخـۆیدا هیچ جـۆرە یەکـڕەنگییـەکی ئارەزوومەندانە بەشێـوەیەکی ئاسـایی پەسند ناکـات. هەبوونی مـیـتـافـیـزیک بە کـەرەسـە جیاوازەکانییەوە، بەسەرکەوتن و ساتمەکانییەوە، بەشێکە لە هەبوون و بوونی مـرۆڤ خـۆی و ئەو پرۆسـە نەسرەوتە سـاغ و پشت ڕاست دەکـاتەوە کـە ژێر لەو ڕۆژەوە شـانۆ سـتـەمە غـەمـبـارەکـەی ئادەم و حەوای بەسـەردا بڕاوە، بەخۆیەوە دیویەتی.

**دووەم**: بە زانست کـردنی مـیـتـافـیـزیک، لەلایەکی ترەوە، بەهیچ بنەمایەک پاساو نادرێت، چونکە ئەوکاتە میتافیزیک ناوەرۆک و ڕوخساری خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بەجـۆرێک لە زانست، جگە لەوەی ئەو هەوڵە خــۆی لەخــۆیدا بێ بەهرەیی ئەو تەقــەللایە و ئەو هزرمەندانە بەدەردەخات کە ئەو نیازەیان لە چوارچێوەی فەلسەفەدا هەیە. بێ بەهرەییەکە ئەوەیە ئەو هزرمەندانە، لەوە بەولاوە شک نابەن کـە زانست هەیەتی و دەیداتە دەسـتـیـان(١٤). مـیـتـافـیـزیک بەشـێکی سـەرەکی فـەلسـەفـەیە، هەروا بووە و هەروا دەمـێنێ، ئەو بۆچوونە لەگەڵ ئەو ڕاستـیـە ناکۆک نییـە کە مـیـتـافـیـزیکیش لەناوەرۆک و ڕوخـســاردا، لە بابەتەکــانیــدا گــۆڕان دەیگرێتەوە، بەڵام هەر بە میتافیزیک دەمێنێتەوە و نابێ بە شتێکی دیکە.

– ئاکار ئەگەرچی لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی مـرۆڤەوە هەبووە و دەست بەکـاربووە، بەڵام لە هەمـوو سـەردەم و قۆناغێکدا هەوڵدراوە سەربەخۆییەکەی لێ زەوت بکرێت و بکرێ بە پاشکۆی بابەتێک و بۆ مـەبەست و سـوود و قازانجی پێشـیانە ڕەنگ بۆ ڕێژراو بەکاربهێنرێ. ئایینی مـەسـیـحی سـەدەکـانی ناوەڕاست بۆ کـۆنتـرۆڵکردنی ئەندامـانی کـۆمـەڵگا بە جـوانتـرین شـێـوە سـوودی لە بنەماکانی ئاکار وەرگرتووە.

دوای دەست پێکردنی قـۆناغی نوێی فـەلسـەفـە پشت کـرایە سـەرچاوە ئاییـنیـیـە سـەرووسـروشـتـیـیـەکـەی ئاکار. ئەگەر مرۆڤ بابەتی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفە بێت، ئاساییە کە هەر مـرۆڤ خۆشی ببێ بە سەرچاوە و بنچـوبناوانی قـانوونی سروشـتی و جیـهـانی و بنەمـا و ڕێسـاکـانی ئاکـار. لەم کـایەیەدا ویژدانی مـرۆڤ بوو بەو سـەرچاوەیەی کـە جـاران ئایین پشـتگوێی خسـتـبـوو. ویژدانی ئاکاری ئەگەر سەرچاوەی بنەماکانی ئاکار بێت، ئەو ئەنجامـەی لێی دەکەوێتەوە چوونە ژێر باری لێکەوتە و دەرهاوردەکـانی ئەو بنەمـایانەیە کە مـرۆڤ بە ئاکـاری ئەرکی سەرشان ناوی بردووە.

بەو پێیە چاکەکاری و بەدکاری، جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاسـتی، هەق و ناهەق ئەگـەر توندوتۆڵ بە ویژدانی مرۆڤ و بوونی ناخ و دەروونییەوە بەند بکرێن، ئەرکێک کـە دەکـەوێتـە ئەسـتـۆی چوونە ژێر باری ئەنجـامی ئەو هەڵبـژاردن و لەیەکتـری جیـاکردنەوانەیە. ئەو بۆچوونەش پێشیـیانە جۆرە ئازادییەکی خواست گریمانە دەکات.

ئەو بۆچوونە ئەگەرچی کایە و پاوانی فەلسـەفە پتر لە پێـویست فـراوان و بەرین دەکـات، ئەرکـێکی سـەخت و گران بەشێوەی ئۆباڵکێشان دەخاتە ئەستۆی فەلسەفەوە، ئەو فـەلسـەفـەیەی بەرهەم و کـۆرپەیەکی ڕەسـەنی هزر و ژیری مرۆڤە. هەموو چالاکییـەکی هزری- گـیانی هەر لە فەلسەفەوە – ئەگەر بە شێوازێکی ڕێکوپێک و دیسپلین ئاسا بێت- تاوەکو تیـۆرییە وردەکانی زانست توندوتۆڵ بە چالاکـیـەکی مـرۆڤەوە بەند کـە پێی دەگوترێ هزر و بیـرکـردنەوە(١٥). دارشـتنی چەمک و ڕۆنانی وشـە و ڕسـتـە زانسـتـیـیـەکـان، بڕیار و (حوکم) دانی لۆژیکی- فەلسـەفەیی زانستی تاوەکو دەگاتە ئەو ئەنجامـانەی لە گریمانە و پێشـەکـیـیـەکـان دەکەونەوە و خـراونەوە، هەر لە سەرەتاوە بە جـۆرێک دەسـتـبـەکـار و چالاکن پێشـیـیـانە چەندین فـۆرمـی گـشــتی هەمــەکی و بنەمــای هزر و بیرکردنەوە بە هەلومەرج دادەنێن و گریمانە دەکەن. ئەوەیە ڕۆڵی هزری فەلسەفەیی لە ژیاندا.

ئەگـەر سەرەتا و دەسـتـپـێـک و کـۆتایی فـەلسـەفـەی سەدەکـانی ناوەڕاست- مەسـیـحی- کـێشـەی لەسەربێ،

بەپێچەوانەوە دوو ڕووداو دەستپێک و کۆتایی قۆناغە فرە ڕەنگییەکانی فەلسەفەی نوێ- مۆدێرن- یان دیار و دەستنیشان کردووە.

داگیرکردنی شاری کۆستینتنۆپڵی یۆنانی لە ساڵی (١٤٥٣ز) لەلایەن عوسمانییەکانەوە کە دواتر ناوی ئیسلامبولی و ئینجا ناوی ئیستەمبوڵی لێ نراوە و یۆنانییەکان تێیدا دەربەدەرکراون و کولتوور و شوێنەوارە دێرینەکانی کاول کراون و تورک لە جێگایاندا نیشتەجێ و جێگیر کراون، بە سەرەتای دەستپێکردنی فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێ.

- مردنی فەیلەسووفی مەزنی ئەڵەمان هیگڵ لە ساڵی (١٨٣١ز) بە کۆتایی هاتنی قۆناغەکانی فەلسەفەی مۆدێرن و دەستپێکردنی فەلسەفەی هاوچەرخ دانراوە. ئەو فەلسەفە بەو قۆناغانەدا تێپەڕیوە کە دەکرێ هەر قۆناغە بەناوی تایبەتی خۆیەوە دەستنیشان بکرێت:

١- سەردەمی ڕاپەڕین و مرۆڤپەروەری: ئەو سەردەمە لە ساڵی (١٤٥٣ز) دەستی پێکردووە و لە ساڵی (١٦٠٠ز) کۆتایی هاتووە.

٢- لە سەردەمی دووەمدا دوو ڕێباز دەستبەکار بوون کە بەپێی ئەو ژینگەی تێیدا سەریان هەڵداوە، لە یەکتری جیاواز بوون:

- ڕێبازی نیمچە مەتریالیستی: فرەنسیس بیکۆن و تۆماس هۆبز لە ئینگلتەرە لەنێوان ساڵی (١٦٠٠ز)-(١٧٠٠ز).

- ڕێبازی ژیرەکی کە لە وڵاتانی ئەوروپا- ڕۆژئاوا- دەستبەکار بووە:

دیکارت، سپینۆزا، لایبنیتس. (١٧٠٠ز- ١٧٨٠ز)

٣- ڕێبازی ترانسندێنتالی کانت و ئایدیالیزمی ئەڵەمان لەنێوان ساڵانی (١٧٨٠- ١٨٣١ز)

کانت، هیگڵ، فیختە، شیلنگ.

ئەو جۆرە دابەشکردنە لەنێوان کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفەییەکاندا باوە و لە زۆربەی کتێبی مێژووی فەلسەفەدا هاتووە و باس کراوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Russell, B. Philosophie des Abend-Lands. Wien 2000. S.499.**

**٢- روجيه غارودي: الأزمة الحالية للدولة.** **ئەو کورتە توێژینەوەیە لەنێو ئەو بەرهەمەدا بە عەرەبی بلاوکراوەتەوە: محمد أركون: الاسلام الاخلاق و السياسة. دارالنهضة العربية. مركز الانماء القومي، بيروت ٢٠٠٧، ص٢٢١. (ترجمة: هاشم صالح).**

**٣- بڕوانە کتێبە بە نرخەکەی مامۆستامان:**

**دكتور كريم متي: الفلسفة الحديثة. عرض نقدي. دارالكتاب الجديد. بيروت ٢٠٠٠ ص١٣.**

**4- Wolfgang Rod., Die Philosophie der Neuzeit. Munchen. 1970. S.9. EinLeitung.**

**5- Russell, B. Denker des AbendLands. dtv. Munchen 1991. S.233ff.**

**6- Friedrich Albert Lange., Geschichte des Materialismus. Bd.1. Stw 70. S.195.**

**7- August Buck., Humanismus. Munchen 1987. S.253.**

**8- Friedeich Albert Lange., Ebenda. S.193.**

**٩- كرين برينتون: تشكيل العقل الحديث. ت: شوقي جلال. م: صديق خطاب. عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٤، ص٢٩.**

**١٠- كرين برينتون، هەمان سەرچاوە. ل١٢٤.**

**11- Robert Reininger., Locke, Berkeley, Hume. Munchen 1922. EinLeitung. S.10.**

**١٢- هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوروبي، دارالطليعة، بيروت، ٢٠٠٥، ص٧١.**

**١٣- الدكتور فؤاد زكريا، التفكير العلمي، ط٣، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٨، ص١٩٥.**

**١٤- الدكتور محمد ثابت الفندي، مع الفيلسوف. دارالنهضة العربية، بيروت، بدون تأريخ، ص١٧.**

**15- Dr. Harald Hoffding., Geschichte der neuen Philosophie. Erster Band. Leipzig 1921. Zweit AufLage. S.Xll.**

**١٦- وليم كلي رايت: تاريخ الفلسفة الحديثة. ت: محمود سيد احمد. م: امام، عبدالفتاح امام، المجلس الأعلى، ٢٠٠٥، ص٣١.**

# دۆزینەوەی ئەڵقەیەکی دیکە لە پرۆژەی شوکری فەزڵی

ئازاد عەبدولواحید

* بە درێژایی ئەو ساڵانەی بە گەرموگوڕییەوە کەوتبوومە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و نووسین لە بارەی شیعرەکانی شاعیری ڕچەشکێن و پێشەنگی نوێخوازیی شیعری کوردی: شێخ نووری شێخ ساڵح، هەر لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کەڵکەڵەی ساغکردنەوەی شیعرەکانی شوکری فەزڵی و دۆزینەوەی نووسین و بەرهەمەکانی کەوتبووە سەرمەوە. پێش ئەو ماوەیەش ساغکردنەوەی شیعر و دیوانی شاعیرانی کورد لای من مێژووەکەی بۆ سەردەمی مێردمنداڵی و تافی لاوێتیم دەگەڕێتەوە، ئەوەش لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە بە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعرەکانی ئەمیناغای حاجی بەکراغای (ئەختەر)ەوە خەریک بووم، کە دواتر لە پاش (٣) ساڵ کارکردن و کنە و پشکنینی زۆر و بەدواداچوون و گەڕانی بەردەوام، لە ساڵی ١٩٧٦ ئەو شیعرانەی (ئەختەر)م چاپ کرد و لە دووتوێی نامیلکەیەکدا خستمە ناو کتێبخانەی کوردییەوە.

* یەکەم کار و هەوڵی ساغکردنەوەی شیعری شاعیرانی لێ دەربکەین، لە کارەکانی دیکەمدا قەت لەخۆمەوە نەکەوتووم بەسەر ساغکردنەوەی شیعری ئەو شاعیرانەدا، بەڵکو کار و نووسینی ڕەخنەیی بواری شیعری کوردی بووە وای لێ کردووم بەدوای شیعری ئەو شاعیرانەدا بگەڕێم، کە لەناو شیعری کوردیدا خاڵێکی گەشی وەرچەرخانن، یان ئەو شاعیرانە لەناو مێژووی شیعری کوردیدا هێما و پێشەنگ بوون، یان لە شیعری کوردیدا دامەزرێنەر و بناغەدانەری نوێخوازی بوون و ڕەگوڕیشەیان بەناو ئەو مێژووەدا چووەتە خوارێ. دوای بەچاپ گەیاندنی شیعرەکانی (ئەختەر)، ساڵانێکی تەمەنم بۆ نووسین و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعری شاعیرێکی گرنگی وەک شێخ نووری شێخ ساڵح تەرخان کرد و ئەویشم دوای شەش- حەوت ساڵ و لە پاش شەڕەشۆق و پاشقوڵ و دەردەسەرییەکی زۆر لە ساڵی

١٩٨٥، بەشی یەکەمی بەرگی یەکەم و ساڵی ١٩٨٩، بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی ئەو دیوانەم چاپ کرد و کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە، کە لە هەلو دەرفەتێکدا بە تێروتەسەلی ئەو دەردەسەریانەی رووبەرووی ئەم پرۆژەیەم بووەوە باس دەکەم.

* لە پاش بەچاپ گەیاندنی سەرجەمی شیعرەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح و لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە، لەو کاتانەوە بەردەوام کارم لە بارەی شوکری فەزلی-یەوە کردووە و هەوڵم داوە کەرەستەی پێویستی نووسین و ساغکردنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرە بە دەست بهێنم. لەم کارەشمدا زۆر کەسم بەسەر کردووەتەوە، هەموو کەسە نزیکەکان لەمنەوە لەمە ئاگادارن، تەنانەت د. مارف خەزنەدار لە هەشتایەکاندا کە هێشتا نەچووبووە دەرەوە، ئاگای لەو هەوڵانەم بوو. ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی ئەوکاتە داوام لێ کرد ژمارەکانی گۆڤاری (بانگی کورد)م بۆ پەیدا بکات، کە بە ئەڵقە چەند وتارێکی شوکری فەزلی بە زمانی تورکی سەبارەت بە مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە. کاتێکیش د. مارف خەزنەدار چووە جەزائیر و لە زانکۆکەی شاری عەننابە کەوتە دەرز وتنەوە، لە ساڵی ١٩٨٧، واتە پێش (٢٣) ساڵ جارێکی دی نامەم بۆ نارد کە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەم بۆ پەیدا بکات، هەر ئەوکاتە ئەویش نامەیەکی بۆ ناردمەوە و وەک کەسێکی ئاگادار و شایەد بەسەر پرۆژە و کارەکەمەوە، لەوێوە سەبارەت بە شیعر و ژیانی شوکری فەزلی بۆ مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی کە دواتر بە چەند بەرگێک چاپیانی کرد، داوای یارمەتی لەمن کردووە. من پێش رۆیشتن و دوای رۆیشتنی د. مارف خەزنەدار چەند جارێک بۆ بەدەست خستنی بەرهەمی شوکری فەزلی داوای هاوکاریم لێ کردووە، ئەو یەکێک لەو کەسانە بووە چەند جارێک داوام لێکردووە نامەم بۆ (لەندەن) بۆ بنووسێ و لەناو نامەخانە تایبەتییەکەی (ئەدمۆنز) سۆراغی گۆڤاری (بانگی کورد)م بۆ بکات تاکو ئەو وتارانەی شوکری فەزلی کە بەزمانی تورکی لەو گۆڤارەدا لەبارەی مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی نووسیویەتی بەدەستم بکەون. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە کوردستان و کتێبخانەکانی عیراقدا بەدوایاندا گەڕام و لە دۆزینەوەیان بێ هیوا بووم، ناچار رووم لە کتێبخانە تایبەتییەکەی ئەدمۆنز کرد، چونکە زۆربەی ئەوانەی رووی داوام لێدەنان، سەرنجیان بۆ ئەوێ رادەکێشام، تا بەهۆی کەسێکەوە لەوێ بەدەستیان بخەم. ئەگەرچی د. مارف خەزنەدار لە نامەنووسین و خەڵک راسپاردن هەوڵی زۆری بۆ دام، بەڵام سوودی نەبوو. کەسانی دانیشتووی شاری بەغدا کە نووسەر و باسکار و شارەزان و ئاگایان لە کتێبخانەکانی ئەوێ هەبوو، دڵنیایان کردمەوە کە ئەو گۆڤاری (بانگی کورد)ـە لەلای ئەوان بەدەست ناکەوێ، بەڵام من هەر کۆڵم نەدا و لەسەر پەیداکردن و دۆزینەوەی ئەو گۆڤارە سوور و بەردەوام بووم. دەتوانم بڵێم هۆی سەرەکی دواکەوتنی چاپی کتێبەکەی من سەبارەت بە شوکری فەزلی لە ماوەیساڵانی رابردوودا، هۆیەکیان بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە گرنگە دەگەڕێتەوە، کە دەمویست بەشێکی زۆری کەلێنوکەلەبەرەکانی پرۆژەکەمی پێ پڕ بکەمەوە، چونکە مەبەستم بوو پرۆژەکەم زۆرترین بەرهەمی ئەو شاعیرە بگرێتە خۆی، ئەوجا بە چاپی بگەیەنم. ئەگەر منیش وەک کەسانی دی مەبەستم زوو هەڵپرووکانی خێرا بوایە و هەڵپەی چاپ کردنیم بکردایە، ئەوە هەر لە هەشتایەکانی سەدەی رابردووەوە کتێبەکەی خۆم چاپ دەکرد.

* ئەو پشوو درێژییەی من لە کارەکانی خۆمدا پێڕەوی لێ دەکەم، زۆرتر بەهۆی ئەو تەماعەوەیە کە کار و پرۆژەکانم بێ کەموکوڕی و کامڵتر بخەمە روو، ئەمەش لە راستیدا زیانی زۆری لێ داوم، چونکە لەو نێوانەدا کەسانی لاییدە دێن و بە پەلەپرووزێ کارێکی سەرپێی و رووکەش و نەکڵۆک و پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی



هەڵدەکــڕووزێن و بە پەلە پەل دەیخــەنە ناو قــوڕگی چاپخانەکانەوە. ئەم کارەیان بە هەر نرخ و شێوازێک بێ دەکەن، تەنیـا بۆ ئەوەی خـۆیان ببنە دەسـتـپـێـشـخـەر و خـاوەنی پرۆژە و کـتـێبی چاپکراو، بەڵام گـوناحەکـەی تۆ ئەوەیە دەتەوێ بەرهەمەکەت کـامـڵـتـر و تێروتەسـەلـتر و وردتر جـێـبـەجێ بکەیت و پەلەی تێـدا نەکـەیت، بەڵام ئەوەی تۆ لەبیــر دەکــرێ و دەخــرێتــە ئەو لاوە و ئەوەی ئەوانی پڕ لە کەمـوکـوڕی و هەڵە دەبێتـە (سەرچاوەی!) باوەڕپێکراو و کــتــێــبی بەردەســتی خــوێنەران و نـاو کتێبخانەکان.

ئێـسـتـاکـە لەپاش ئەو سـاڵانە دەڵێم دەبوو بەرنامـەی کـارەکـانی خـۆم بەشـێـوەیەکی دیکە ڕێک بخـسـتـبـایە و لەسـەرەدەمی خۆیدا پرۆژەی شـوکری فـەزڵی-یەکەی خۆم چاپ بکردایە، هەر کــــاتێک زانیــــاری و نـووسین و تێکستی شیعری دیکەی ئەو شاعیرەم دەست دەکەوت، ئەو کاتە دەکرا لە چاپێکی نوێدا ئەو کەموکوڕی و کەلێنو کەلەبەرانەیم پڕ بکردایەتەوە. واتە دەتوانرا بۆ پەیداکردنی چەند بابەت و کەرەستەیەک (٢٨) ساڵ ئەو بەرهەمە دوا نەخـەم، بۆ ئەو مـەبەسـتـەش دەکـرا قـوژناغ بە قـوژناغ ئەو کارەم بکردایە، نەک بە دواخستن و هێشتنەوەی لەو ماوە دوورودرێژەدا، ئەو کارەم تەپوتۆزی لەسەر بنیشێ و لەبیر بکرێ.

* نووسەری کورد تا دەست بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین و کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی شیعری ئەو جۆرە شاعیرانە نەبات، نـازانێ دنیـــای نـووسین لەلای ئێـــمـــە لە چ پاشاگەردانییەکەدا دەگوزەرێ. ئاشکرایە نەک هەر لەلای میللەتی ئێمە بایەخی پێویست بە ئەرشیڤی دەستنووس و گۆڤـار و ڕۆژنامەکانی ڕابردوو نەدراوە و نادرێ، بگرە عەرەبەکانی عیراقیش لەم ڕووەوە شتێکیان نەکردووە لە هی کـوردەکـەی خـۆمـان باشـتـر بێ کـە دڵی بـاسکاران و نووسـەرانی پێ خـۆش بێ و دڵیـان پێی ئاو بخـواتەوە. بەپێـچـەوانەی وڵاتانی دەرودراوسـێــمــان (ئێـران) و (تورکیـا) کـە زۆر بە بەرپرسیـارەتییـەکی مـێـژووییـەوە بایەخیان بە پاراستن و هەڵگرتنی ئەرشیڤی بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانی خۆیان داوە و لەماوەی هەر (٢٥-٣٠) ساڵ جـارێک، ئەرشیـڤـخـانەکانی خـۆیان بۆ نووسـەران و بـاسکاران دەخـەنە سـەر گـازەرای پشت و ساڵانە لە شێوەی جلدی گەورە گەورە ئەو دوکیوەمێنت و بەڵگەنامـــانە لەچاپ دەدەن و دەیانخــەنە بەردەســـتی باسکاران و ناو کـتێبخانەی نیشـتـمانیی خۆیانەوە. من بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش چ بەخـۆم، یـان لە ڕێگەی برایانی دانیـشـتـووی بەغـداوە هەوڵی زۆرم داوە و زۆر بەدوای ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی عـیـراقـدا گـەڕاوم و سـۆراخم کـردوون، کە کـەسـانی وەک شـوکـری فـەزڵی لەمـەڕ خـۆمـان وتـار و نووسین و شیـعری خـۆیـانیـان تێـدا بڵاوکـردووەتەوە، بەڵام تا ئەم سـاتە ئەم هەوڵانەم بێ ئەنجـام ماونەتەوە و نەمـتـوانیـوە بەدەسـتـیـان بهێنم، ئەگەر پێش لێدانی بەغدا بە هیـمەت بوویێ، یان بە قــیــمــەت ئەو گـۆڤـار و ڕۆژنامـانە دەست نەکـەوتن، دڵنیـــام لـەپاش لێـــدانی بەغـــدا و ئەو وێرانکارییـــەی بەجێما، زۆر زەحمەتە وا بە ئاسانی جارێکی دیکە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لەوێ بەدەست بکەون. ئێستاکە تەنیا ئومێدێک مابێ، هەر کتێبخانەکانی تورکیان کە پێم وایە لەوێ ژمارەکانی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە کۆنانەی عیراقیان تێدا پارێزرابێ و هەڵگیرابن.

* ئەوانەی لە نزیکەوە دەمـنـاسن، دەزانن کــە مـن لە پرۆژە و کـارەکـانی خـۆمـدا قـەت نەمـویسـتـووە لە بواری سـاغـکردنەوە و وردبوونـەوە لە بەرهەمی شـاعـیـرەکـانی ڕابردوومـانـدا هەڵپـە بکـەم. دەست بـردن بۆ نووسین، یان ســاغـکـردنەوەی بەرهەمی ئەو شــاعــیــرانە بـۆ خــۆی وردبوونـەوەی زۆر و حـەوسـەڵە و پشـوو درێژی دەوێ و دەبێ هەوڵ بدرێ چی لە دەسـەڵات و تـوانایی باسکار و لێتوێژەرەوەدا هەیە بیکات تا هەوڵەکەی بە پوختی و بە کـامـڵی و بە ڕاسـتی و دروسـتی بخـرێتـە بەردەسـتی خوێنەرەکـانـەوە. ئەگـەر کـەسـانێک بەخـۆشـیی شیـعـرە هەجووەکان و شەڕە شیعرەکانی شوکری فەزڵی کە لەگەڵ شــاعـــیـــرێکی گــەورەی وەک شــێخ ڕەزای تاڵەبانی کردوویەتی حەزیان بە شیعری شوکری فەزڵی کردبێ، یان ســۆزی نەتەوەییــان بۆ شــیــعــری (ئیش کــە ڕووی لە هەورازە...) هانیانی دابێ دەست بۆ کارەکانی ببەن و بە هەڵەی زۆرەوە لە چاپیـان بدەن، من پتر لەبەر داهێنان و شوێنی گرنگی ئەو شاعیرە لەناو مێژووی شیعری کوردی و ئەو ڕۆشنبیـرییـە بەرفـراوانەی ئەوەوە بووە، خـەریکی کۆکردنەوە و ساغـکردنەوەی شیعـر و نووسینەکانی بووم کە لە زۆر کایەی جۆراوجۆردا باڵادەستانە ئەسپی خۆی لە مەیدانیانـدا تاو داوە، ئەگەرنا منیش دەمتـوانی هەر زوو لە هەشتایەکانی سـەدەی ڕابردووەوە ئەو بەرهەمـەی خۆم سەبارەت بە شوکری فـەزڵی بخەمە بازاڕەوە. ئەو پشـوو درێژییــــە بۆ ئەو هیــــوا و چاوەڕێ بوونە دوورودرێژە دەگـەڕێتـەوە کــە بە پێـویسـتـم زانیــوە دەسـتـم بگـاتە بەرهەمـەکانی شاعیر کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (بانگی کورد) و (الزهور) و (التعـاون) و (العـراق) و (العـرب) و (ایران) و (ظفر العـراق) و زۆر شـوێنی دی بڵاویانی کـردووەتەوە. ئێـسـتـاش لێرەوە کـە یەکـێک لە وتارە گـرنگەکـانی ئەو شـاعـیـرە بڵاودەکەینەوە، ئەوە بە هەلودەرفـەت دەزانم بۆ ئەوەی داوا لە هەر کـەسێک بکەم

تا ئەگەر بەرهەمێک، یان زانیارییەکی پێوەندیی بە شوکری فەزڵی-یەوە هەبێ، لەلایە و لە بارەیەوە دەزانن، پێمانی ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی پێش چاپکردنی پرۆژەکەم سوودی لێ وەربگرم و کارەکەم کامڵتر و پێگەییوتر و پۆشتە و پەرداختر بخەمە بەردەستی خوێنەرانەوە.

* سەبارەت بەو وتارەش کە بە چوار بەش شوکری فەزڵی لە چوار ژمارەی یەک بە دوای یەکی گۆڤاری (بانگی کورد)دا بڵاوی کردووەتەوە، ئەوە پێش چەند ساڵێک دوای ئەوەی عەبدوڵڵا زەنگنەی خەمخۆری کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانمان بەوەی زانی من بەدوای ژمارەکانی گۆڤاری (بانگی کورد)ەوە عەودالّم، پاش عەیامێک ڕۆژێک پێی ڕاگەیاندم کە ئەو چوار ژمارەیەی (بانگی کورد)ی دۆزیوەتەوە. کاری ڕاستبێ لەپاش ئەو هەواڵە ماوەیەکی زۆر کە بە ساڵی خایاندووە بەوەوە منی ڕاگرت کە ئەو دەیەوێ جگە لەو (٤) ژمارەیەی بەدەستی کەوتووە، ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆڤارە بدۆزێتەوە، چونکە ئەو پێی وابوو ئەو گۆڤارە ژمارەی زیاتری لێ دەرچووە. دوای بینینی هەر چوار ژمارەکە، سەبارەت بەم گۆڤارە ئەو بیروڕایە لەلای منیش دروست بوو. گومانی ئەوەی ئەو گۆڤارە لە چوار ژمارە زیاتری لێ دەرچووبێ. ئەوەی ئەو گومانەشی لەلا بەهێز دەکردم، ئەوە بوو کە شوکری فەزڵی لە کۆتایی دوا بەشدا نووسیویەتی (پاشماوەی هەیە). داخەکەم ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم قسەیەدا تێپەڕی و عەبدوڵڵا زەنگنە نەیتوانی لەو شوێنانەی گومانی دەبرد، ژمارەی دیکەی گۆڤاری (بانگی کورد)ی تێدا بەدەست بهێنێ، ئەمە هەر ئەوکاتە بوو کە من زوو زوو هەڵم دەپێچا کۆپی کراوێکی ئەو وتارانەی شوکری فەزڵی کە بە چوار بەش و بەزمانی تورکی لەو گۆڤارەدا بڵاوکراوبوونەوە بمداتێ تا بیاندەمە بەهەشتیی شوکور مستەفا بۆ ئەوەی بە کوردییە ڕەوانەکەی خۆی بیانکاتە کوردی، چونکێم پێم وابوو لەناو هەموو ئەوانەی تورکی دەزانن، ئەو تورکی کۆنی عوسمانی باشتر دەزانێ و کوردییەکەشی لە هی هەموان ڕەوانترە، ئەوە هەر ئەو کاتانە بوو کە من ڕۆژانە ڕەحمەتیی شوکور مستەفام دەدیت، بەڵام دیار بوو عەبدوڵڵا زەنگنە ئەو وتارانەی شوکری فەزڵی کە لە چوار ژمارەی جودا جودای گۆڤاری (بانگی کورد)دا بڵاوکرابوونەوە دابووە مامۆستا (نەژاد بەرزنجی) بۆی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی عەبدوڵڵا زەنگنە کارەکەی مردار کردەوە و بە پشتا خستی، بەسەردا مامۆستا شوکور مستەفا کۆچی دوایی کرد، بەمەش لە وەرگێڕانی ورد و بێ گرفت و پوختی بابەتەکە بێ بەشی کردم و بێ هیوا بووم، کە ئەو بەڵێنی دابوومێ و ئامادە بوو بۆمی جێبەجێ بکات لە پاش ئەوەی چەند جارێک لەگەڵیدا باسم لێوەکردبوو. تا ئەو مابوو نەیخستە بەردەستم بیدەمێ وەریان بگێڕێ، کە ئەم وەرگێڕانە پوختە بۆ لە چاپدانەوەی ژمارەکانی (بانگی کورد) و کارەکەی ئەویش سوودی هەبوو، تەنانەت لە پێداچوونەوە و بەراورد کردنی زمانەکەی مامۆستا (نەژاد بەرزنجی)یش لەلایەن مامۆستا شوکور مستەفاوە نائومێد بووم. ماوەیەکی دوورودرێژیش تێپەڕی عەبدوڵڵا زەنگنە ئەو بابەتە وەرگێڕاوەی لای خۆی نەدەدامێ، جارێ دەیگوت لەسەر کۆمپیوتەر ڕەش بووەتەوە، جارێ دەیگوت ون بووە و جارێکیش دەیگوت لەبەردەستم نییە. کاتێک سیلەی ڕەحمی تلیسایەوە و ڕۆژێک چوار بەشی بابەتەکەی بە فۆتۆکۆپی کراوی و بەزمانی تورکی بۆ هێنام، ئەوکاتە کەسم لە کاک ئەحمەد تاقانە بە شیاوتر و باشتر نەدەدیت ئەرکی وەرگێڕانی ئەو وتارە چوار ئەڵقەییەی پێ بسپێرم. کاک ئەحمەد تاقانە ماڵی ئاوابێ لەسەر ئەو هەموو ئەرک و سەرقاڵی و کارەی خۆیەوە زۆر گورج و ڕوح سووکانە بەپیر داواکەمەوە هات و بە ماوەیەکی کەم بۆی وەرگێڕام و هێنایەوە. کاتێک عەبدوڵڵا زەنگنە بەوەی زانی کارەکەی لای من پوختەتر و وردتر جێبەجێ کراوە، ئەوجا وەرگێڕانە کوردییەکەی لای خۆی دایە من. کە کەوتمە سەر بەراورد کردنی ئەو دوو وەرگێڕانە، بۆم دەرکەوت هەر خوایان یەکە و ئاسمان و ڕێسمانیان لەنێوانە، چونکە وەرگێڕانەکەی مامۆستا (نەژاد بەرزنجی) درشت کرابووە کوردی، ڕستە و پەرەگرافی لێ پەڕاندبوو، لە زۆر شوێندا ڕستە و قسەی بیر و دڵی خۆی تێهەڵکێشی نووسینەکەی شوکری فەزڵی کردبوو، بۆیە هیچ جۆرە سوودێک لەو وەرگێڕانە وەرنەدەگیرا و عەبدوڵڵا زەنگنەش پێشتر ئەوەی دەزانی و گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە پشت بەو وەرگێڕانەی لای خۆی نابەسترێ، بۆیە دایە من و پێی گوتم «چی لێ دەکەی لێی بکە!» ئەویش هەر دەبوو پشت بە وەرگێڕانەکەی لای من ببەسترێ، لەبەر ئەوە لە چاکەی هێنانی وتارە تورکییەکەی شوکری فەزڵی، منیش وەرگێڕانە کوردییەکەی لای خۆمم بە پاک و پوختی دایە ئەو سوودی لێ وەربگرێ. کاتێکیش ئەرکی ئەو وەرگێڕانەم خستە ئەستۆی تاقانە دەمزانی ئەو کاری زۆرە، لەلایەک خۆی خەریکی وەرگێڕان و ساغکردنەوەیە و لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵی کاری کارگێڕییە لە دەزگای نەوشەفەقی کەرکووک، کە ئەم کارە کارگێڕیانە لە وڵاتی ئێمەدا کاتی زۆر دەبات، بۆیە لە وەرگێڕانەکەی ئەویشدا هەستم بە پەلە پەل کردن و گرێ و گۆڵی زۆر کرد، لە زۆر ڕستە و بڕگە و

پەرەگرافدا کوردییەکەی تێ نەدەگەیشتم و ڕەوان نەبوون، یان نارۆشن و هەڵماوی بوون و خوێنەر بە باشی تێیان نەدەگەیشتن، بۆیە سەرلەنوێ کەوتمەوە دارشتنەوەی زمانی بابەتەکە و بە دوو دانیشتن و چەند تەلەفۆنێک لەگەڵ تاقانە هەندێ لە نارۆشنی و گرفتەکانی وەرگێڕانەکەمان چارەسەر کرد، بەڵام بەوەش دڵم ئاوی نەخواردەوە، بۆیە دواجار داوام لێی کرد جارێکی دیکە ئەو وەرگێڕانە بە دەقی نووسینە تورکییەکەی بەراورد بکاتەوە، ئەمەش بۆ دیقەت و وردبینی زیاتر، نەوەک لە کاتی دارشتنەوە و دەستکاری کردنی کوردییەکەی، لە مەبەست و مانای خۆی دوور کەوتبێتەوە. ئەوەبوو ئەو بەراوردەشی بۆ کردم و بەمە بەرپرسیارەتی وردیی و دیقەتی وەرگێڕانەکەی بە تەواوی لە ئەستۆی خۆی گرت.

## لاپەڕەکانی مێژوو
## ئاوڕێک لە مێژووی کوردان

**نووسینی: شوکری فەزڵی**

کورد کە یەکێکە لە نەتەوە ئارياييەکان بەتوانایی خۆرسک و زگماکی خۆی بووەتە میللەتێکی ناسراو. ئەو نەتەوەیە سەرەتای ژیان و ڕابوردوو و بارودۆخەکەی پتر لە نەتەوەکانی دیکە، لە ژێر گەرد و تەپوتۆزی ڕۆژگاردا فەرامۆش کراوە، بەڵام لە سایەی دۆزینەوە و پەی پێ بردنی ورد و قووڵ و لێ وردبوونەوەی بەردەوامی ئەو زانایانەی خۆیان بۆ مێژوو و مرۆڤناسیی تەرخان کردووە، توانراوە ئەو مێژووە لەودیو پەردەی شاراوەیی و نەزانینەوە دەربهێنن و لەخانەی زانینی مرۆڤایەتیدا بە پڕشنگداری دایبنێن. لەگەڵ ئەوەشەوە یەکێک لە ڕاستییە چەسپاوەکان ئەوەیە کە نەتەوەی ئازاو بوێری کورد لەنێو نەتەوە کۆن و دێرینەکانی ئاسیادا خاوەنی ڕابوردوویەکی درەوشاوە بووە و لە سەردەمانی دواتریشدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕاوە.

نەتەوەی کورد وەک لقێک لە ئارياييەکان هەر لە کۆنەوە (لەکێوی هیند- هند کوە)ەوە، بەرەو باکووری خۆرهەڵاتی دیجلە کۆچیان کردووە و لە نزیک چیا سەربڵند و گەردن کەشەکانی ئەو دەوروبەرەدا گیرساونەتەوە و نیشتەجێ بوونە. لەبەر سەختیی ڕێی هاتوچوون و شوێنی نیشتەجێ بوونەکەیان هەمیشە لەکۆبوونەوە و بیروڕا گۆڕینەوە بێ بەش بوونە، ئەگەرچی لە سەردەمەکانی پێشوودا، نەیانتوانیوە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێکوپێک بۆ خۆیان بهێننە کایە، بۆیە لەبەر بەرزیی خووڕەوشتیان، لەگەڵ ئەو حکومەتە گەورانەی لە دەوروبەریاندا دەژیان، هەرگیز پێک نەهاتوون، سەردەمانێکی زۆر سەربەستانە ژیانیان بەسەر بردووە و قەتیش لە زەبری شیوەنبەخش و بڵاوکردنەوەی هونەریش دوانەکەوتوون.

جوامێران و قارەمانانی کورد پێشی نزیکەی حەڤدە سەدەی بەر لە زایین بابلیان داگیرکردووە و کردوویانەتە هی خۆیان، ئاسوورییەکانیشیان ناچار کردووە پەیمانی ئاشتییانەیان لەگەڵدا مۆر بکەن، چونکە ماوەی نزیکەی سێ سەدە لەو ناوەدا فەرمانڕەواییان کردووە، بە هەڵکەندنی ڕووباری گەورە و چاک کردنەوەی کشتوکاڵ، ئاوەدانیی وڵاتیان پەرەپێداوە. دواتر ئاسوورییەکان کە پلەوپایەی دەوڵەتێکی بەهێزی خۆراگریان وەدەست خستووە و نێوانی دوو زێ (بين النهرين)یان هێناوەتە لەرزین، کاتێک سوپاکەیان بەهێز و توانایی جەنگیی کوردەکان بەهێز کردووە، بابلییەکانیان خستووەتە ژێردەست و گوێڕایەڵیی خۆیانەوە، لەکۆتاییشدا حوکمدارانی بابلی-یش پشت بە هێزی کورد، شکستیان بە ئاسوورییەکان هێناوەتەوە.

(کەیخوسرەو) کە لە تەوراتدا بە (قۆروش) باسی لێوە کراوە، دایکی کچی حوکمداری میدیا بووە، کە دەکرێ تاڕادەیەک ئەمەیان حکومەتێکی کوردیی پێ بگوترێ، کە ئەوە لە سایەی قارەمانێتیی کورداندا لە جزیرەی نێوانی دوو ڕووبار دەستی پێ کردووە و داگیرکارییەکانی تا (تراکیا) فراوان کردووە.

سەرەنجام نەتەوەی دلێر و ئازای کورد، لە سەردەم و قۆناغەکانی زوودا جاروبار سەربەخۆ و جاروباریش بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی دیکەدا، هەندێک جاریش بە گوێڕایەڵیی، بۆ ماوەیەکی کەم، درێژەی بە بوونی خۆی داوە و لە هەموو ئەو قۆناغانەدا بۆ جیهانیان سەلماندووە کە ئەوان بەرگەی زەبروزەنگ و گێرمە و کێشەو چەندین جۆر هەوراز و نشێوی ژیانیان گرتووە کە هەمیشە بە دەستی ئەو دراوسێ ئاسووری و بابلی-یانەوە بینیویانە و چەشتوویانە، ئەوانە ئەمڕۆکە ناویان تەنیا لەسەر کێلە قەبر و پەیکەرەکاندا دەخوێنرێتەوە و ماون. سنوورپارێزانی کوردیش بەکار و کردەوەی پێشکەوتنپەروەرانەیان، وەک ناردنی منداڵەکانیان بۆ ڕۆما، بۆ فراوانکردنی هونەرە سەربازییەکانیان هەوڵیان داوە.

دوای ئەوەی خۆری پڕشنگداری ئیسلامەتی لەبەرەبەیانی مەککەی موکەڕڕەمەوە بە ورشەبەخشینەوە بەدەرکەوت، ئەوانەی بەرامبەر بەو هێرشبەرە بەزات و بە سامانەی نەتەوەی ڕەسەنی عەرەب لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا پتر ئازایەتییان نواندووە، تەنیا جەنگاوەرانی

کورد بوون. دوای ئەوەی کوردەکان بە شانازیی ئیسلام سەربەرز بوون، زانینی مافیش کە چووە پاڵ ئازایەتییەکەیان، بەرەو پلەی زۆر بڵند بەرزی کردنەوە.

ئەو کەسەی شۆڕشی گەورەی عەبباسی-یانی هێناوەتە کایە، (ئەبوو موسلیمی خۆراسانی)ی بلیمەتی کورد بووە. لەسەردەمی عەبباسییەکاندا چەندین حکومەتی سەربەخۆی وابەستە بە ناوەندی خەلیفایەتی پێکهێناوە. حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی (عەنان)یەکانی خانەقی و (حەسنەوی)یەکانی بەرزنجە و شارەزوور و (مەڕوانی)یەکانی دیاربەکر و (ئەتابەگی)یەکانی لوڕستان، هەر هەموویان لە کورد پێکهاتبوون. ئێران، بە تایبەتیش ناوچەی خۆراسان سەردەمێکی زۆر لەژێر حوکمڕانی هۆزگەلێکی جودا جودای کورددا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکانی دیکەی وڵاتە ئیسلامییەکان هەرگیز لە زانا و ئەدیب و شاعیرانی کورد خاڵی نەبوون. ئەوسا کە جەنابی سوڵتان سەلیم-ی یەکەمی بەهەشتی، بەهیممەتی ئیدریسی بتلیسی-ی کە یەکێکە لە مێژوونووسە ناودارەکانی کوردستان، کوردستانی گرت، میرە کوردەکان لە سایەی پارێزگاریی حکومەتی هەتاهەتایی عوسمانیدا، سەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان پاراست و بەرامبەر بەو سۆزەی لە پایە و مەقامی خەلیفایەتییەوە پێیان درابوو، هەمیشە شانازییان بەوەوە کردووە کە ئەندامێکی ڕاستگۆ و فیداکار بوون. لەسەردەمانی دواییشدا (نادر شا) کە دەوڵەتی نادرییەی دامەزراندووە، یەکێک بووە لە جەنگاوەرەکانی هۆزی ئەفشاری کورد، هەروەها (عەبدولکەریم خانی زەند)یش، کوردێکی سەر بە عەشیرەتی زەندی بەزەبر و خاوەن دەسەڵات بووە.

کورتەی باس ئەوەیە، ئەگەر بەچاوی ویژدانەوە لێی وردبینەوە، ئەوە دەبینین کورد ڕابوردوویەکی پڕشنگدار و ئەدەبیاتێکی پڕ واتایان هەیە کە هەر کەسێک بیخوێنێتەوە، پەسندی دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە یارمەتیی خودای گەورە، لەسەر لاپەڕەکانی (بانگی کورد)دا، لەمانە بە بایەختر پیشانی خوێنەرە بەڕێزەکان دەدەین.

## سەرنجێک لە ئەدەبیاتی کورد

ئەدەبیات؛ ئاوازی ژیانی مرۆڤایەتییە. دۆخی پەژارە و شادی؛ لە دەمانی نائومێدی و هیوادا، بە لاواندنەوەی ژیانی ئاسایی لە ژێی ناسکی گیانەوە هەڵدەستێنێ، نهێنیگەلێک کە ئەسپاردەی ویژدانەکانە، بێ ئەوەی بیەوێ دەدرکێنێ.

ئەدەبیات؛ شانۆیەکی بەرزی داهێنان و نەریتە؛ دەربڕینێکی خەسڵەتبەرزانەی سروشتیی دەستنیشان کەرەوە و بەگۆهێنی لەپاش بەجێماوەکانی مرۆڤایەتی ڕاماوی بێدەنگییەکی دوورودرێژی ژێر چینە تاریکەکانی سەردەمانی ڕابوردووە.

ئەدەبیات؛ نوێنەری کەسایەتیی گوزارەیی و وەرگێڕی لایەنە هەست پێ کراوەکانی بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیەک و میللەتێکە.

بەڵێ! لە شاڕێی کاملبوون و پێگەیشتنی وەچەکانی مرۆڤدا ئەزموونی فیکریی، بە مەرجەکانی چۆنێتی و چەندێتیی ئەو ماوەیەی ژیانی و بە هەنگاوگەلی کۆشش و ئازایەتی خۆی بڕیویەتی. دواتر توانیویەتی دیمەنی گشتیی ئەو قۆناغی شادمانییەی، بە لاپەڕەکانی ئەو فیداکارییانەی خۆی لەم پیناوەدا بە دەستی هێناون، وێنە بکێشێ و بەرجەستە بکا و پلەی شانوشکۆ بە هەموو واتا وردەکانییەوە بەشێوەی ڕەوانبێژییەکی جوان و گشتیتر، بە دەربڕینێکی هێمن و لەسەرخۆ و ڕەوان و پاراو، بە کەسانی پەندوەرگر و بەرچاو ڕوون دەگەیەنێ. ئایا نایابترین و پتەوترین پەیکەرێک، لە ئەدەبیات بەولاوە دەبێ چی بێ؟ دیارە کە عەرەبەکان بە تاڤگەی نووری ئایینی ئیسلامی، بەلابردنی تاریکیی هاوتا بۆ خودا پەیداکردن و کفری بەسەر ئاسۆکانی ژیانی کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفەریقیاو بەشێکی گرنگی ئەوروپا داداو لەسەر ڕووی زەویدا شۆڕشێکی مەزنی پێشتر بێ وێنەی داهێناوە و بە پێوەندیی ئازادی و برایەتی، دادپەروەری و یەکسانی، ڕەگەزی جیاجیای تێکەڵی یەکتری کردووە و بەخستنە پاڵ یەکی ئەمانە، بڕێکی گەورەی مرۆڤایەتی کە لەسەر ئایینی جیاجیا بوون، لە ماوەیەکی ڕێژەیی کورتدا، یەکێتییەکی سیاسییان پێکەوە ناوە کە بە تایبەتمەندێتی زانست و کۆمەڵایەتی تەیار و بە شانازیی ڕەوشت و ئەدەبی جوداو شکۆی جیاوازەوە، لەسەر ئەم بناغە پتەو و توندە و لەژێر ئاڵای پیرۆزی لەخۆگریی، بە سەرکەوتن و دەستکەوتی شەکاوەی خەلیفایەتیدا بینای حکومەتێکی بەشانو شکۆی نوێیان دامەزراندووە.

هەر لەبەر ئەمەش ئەو شوێنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام چووەتە ناوی، زمانی عەرەب و ڕەوشتی عەرەب و نەریتی عەرەب و شارستانێتی عەرەبی چووەتە ناوەوە، بە کورتی عەرەبایەتی بووەتە هەڵبژاردنێکی خۆویست و سەرمایەی خۆپێوەهەڵکێشان و شانازیی هەموو نەتەوەکان.

ئەو نەتەوانەی دەستیان بە لاسایی کردنەوەی هەموو تایبەتمەندییەکی عەرەبەکان کردووە، بێ گومان ئەدەبیاتیشیان کردووەتە ڕابەری خەیاڵ و سۆسەکردن و

ڕێکخەرەوەی (یان هۆنەرەوەی!) هەستەکانیان. دیار و لە مەیداندایە ئەدەبیاتی هەموو ئەو ئیسلامانەی ئەمڕۆ لەسەر ڕووی زەویدا دەژین و بە زمانی جوداجودا قسەدەکەن و سەر بە ڕەگەزی جیاجیان، لە کارلێکردنی ئەدەبیاتی عەرەب بە دوور نین.

لەسەردەمی بووەیهـییەکان و غەزنەوییەکاندا، ئەدەبیاتی فارس لەناو چاکسازیی عەرەبدا، زیندووبووەتەوە و لە ماوەی چەند سەدەیەکدا شاعیر و نووسەرانێکی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە. ئەدەبیاتی تورکی-یش لەسەردەمی سەلجووقییاندا لە شێوەی لاساییکردنەوەی عەرەب و فارس وردە وردە دەستی بە دەرکەوتن کردووە و لەسەردەمی دڵئارای هەتاهەتایی دەوڵەتی عوسمانییدا نەشونمای کردووە و دەستی بە پێگەیین ڕاگەیشتووە.

ئەدەبیاتی کوردی-یش کە لێرەدا لە بارەیەوە دەدوێین، ئەگەرچی لەو سەردەمانەدا سنووری گۆرانیی میللی و بەستەی تێنەپەڕاندووە، کەچی لەنێو کورداندا شاعیری گەورە گەورەی وەکو «جەزبی- جذبی» و «نالی»، شاعیر و نووسەری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسینی تایبەتییان نەبووە و لەلایەکیشەوە دەوروبەریان بە عەرەب و فارس و تورک تەنراوە، بەناچاری هەموو نووسراوەکانیان بە عەرەبی و تورکی و فارسی ماوەتەوە. چ لە سەردەمی خەلیفایەتیی عەبباسییەکان و چ دواتر. لەسەردەمانێکدا کە حکومەت و میرنشینەکانی کورد پێکهاتن، لەبەر ئەوەی زۆر لەگەڵ یەکدی ئاڵۆز بوون، ئەدەبیاتی کورد بەپێی پێویست و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەرنەکەوتووە. گەورەترین هۆی ئەمەش تەنیا نەبوونی نووسینیەتی، بەڵام ئەگەر بە جوانی و بە قووڵی سەرنجی لێ بدرێ، دەبینرێ ئەدەبیاتی کوردی لە سێ چوار سەدەی دوایی خولێکی ڕێکوپێکی بەڕێ کردووە. دانانی هۆنراوەی زۆری دڵداری و مێژوویی وەک: (شیرین و فەرهاد) و (بارام و گوڵئەندام) و (هەفت لەشکر) بەرچاو دەکەون.

لەسەردەمی جیاجیادا شاعیرانێکی بەناوبانگی زۆری وەک: (ئەحمەدی خانی)، (مەولانا خالید)، (نالی)، (سالم)، (کوردی)، (حەریق)، (حاجی قادر)، (مەلا عەبدوڵڵا)، (عەبدولڕەحمانی خالص) و کوڕەکانی: (شێخ قادر فایز) و (شێخ ڕەزا)، (مەولەوی)، (شێخ عوسمان)، (فانی) و (مەسنەوی) و شاعیر و نووسەری بەرزی وەک (شێخ مەعرووف-ی باوکی کاکەحمەدی شێخ)ی پێگەیاندووە، کە بە شێوەیەکی ئێجگار پڕشنگدار، مەولوودی شەریفی بۆ کوردی وەرگێڕاوە. بەلای ئەوانەی کوردی دەزانن، بەرهەمەکانی ئەوانە بەهایەکی ئەدەبیی گەورەیان هەیە، بڵاوکردنەوەی بەشێکی گرنگیان لە (بانگی کورد)دا ئاساییە.

## مێژووی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا

### پێشەکی

بەشی هەرە زۆری مێژوونووسە عەرەبەکان دەڵێن گوایە کوردەکان دەچنەوە سەر ڕەگەزی سامی و هەندێکیشیان دەیانبەنەوە سەر عەجەم، واتە: لە ڕەگەزی ئارین. بەشێکی زۆری زانا ئەوروپاییەکانیش پشتگیریی لە بەشی دووەمیان دەکەن و ئەمەشیان سەلماندووە. هەندێکیشیان بۆ ئەوە چوون کە سەر بە ڕەچەڵەکی تۆرانین.

کورتییەکەی ئەوەیە ڕەگەزی کورد وەک میللەتانی دیکە، لە ئەنجامی تێکەڵ بوونێکی بەردەوام و دووبارەبووەوە، هەندێک لە خوو و ڕەوشتەکانی خۆیان لەدەست داوە، ئەمەش زانایانی مرۆڤ و مێژوونووسانی تووشی چەند و چوون و مقۆمقۆیەکی زۆر کردووە.

کورد هەر لەسەردەمە بەراییەکانەوە لەو شوێنەدا بوون کە ئێستاکە لێی دەژین، لەبەر ئەوە سەربەست و کۆمەڵپەروەر خوڵقاون. سەرەڕای پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتی زۆریشدا، تا ئێستاش لە سەلماندنی بوونی خۆیان سەرکەوتوو بوون. ئێمە لێرەدا بە جودا لە مێژووی سەردەمە کۆنەکانیان دەکۆڵینەوە و لێی ورد دەبینەوە، بەڵام پتر ئەوەمان بەشیاو زانی سەردەمە ناوەندییەکانیان بەسەر بکەینەوە، واتە مێژووی ئیسلامەتییان کە ڕاست و جێگیرە، تۆمار بکەین و بنووسینەوە.

کوردەکان دوای دەستبەسەردا گرتن و فتووحاتە ئیسلامییەکاندا دیسانەوە شوێنە دێرینەکانیان و میرنشینییە بۆماوەکانی خۆیان پاراستووە. ئەو والییە عەرەبانەی نێرراونەتە کوردستان، لە چاودێرێک بەولاوە هیچی دیکە نەبوون. ڕێکوپێک کردن و ڕێکخستن و دەست گرتن بەسەر کاروبارەکانیان هەمووی هەر بەدەستی خۆیانەوە بووە، بەڵام لەبەر پەرتوبڵاوییانەوە هەر یەک لە میرە کوردەکان وەک سەرەک هۆزێک وابوون. بێ هێزیی عەبباسییان کە وردە وردە بەدەردەکەوت و سەردەمانێک کە دەسەڵاتی میرەکانی (دەیلەمی) و (تورکەکان) بە ئاگا هاتنەوە، کوردیش لە پەیڕەویی ئەوان دوانەکەوتن و کەوتنە خۆ کۆکردنەوە، لە دامەزراندنی چەندین حکومەتی کوردیشدا سەرکەوتن. کە بە جودا جودا باس لە هەموو ئەمانە دەکرێ.

## حکومەتی حەسنەوییان

لەسەردەمی ئیسلامدا یەکەم جار کە حکومەتی کوردی دامەزراوە، حکومەتی (حەسنەوی)یان بووە. حەسنەوی یەکێک لە زانایانی ڕەوشت بەرز و چاک و خاوەن توانایی سیاسی و لە ناسراوانی تیرەی دوولین-ی عەشیرەتی بەرزنگان-ی کورد بووە، (وەنداد) و (غانم)ی کوڕانی ئەحمەدی کوڕی عەلی، کە لە کوردەکانی عوبابی بوون. خاڵوانی ئاماژە بۆ کراو لەسەدەی سێیەمی هیجریدا، شارەکانی (دەینەوەر) و (هەمەدان) و (نەهاوەند) و (سامغان)، تا دەگاتە شارەزوور و ناوچەکانی ئازەربایجانیان بەدەست خستووە و حکومەتێکی بە بابەخ و گەورەیان دامەزراندووە و هێزێکی کوردیی گەورەیان لەو ناوەدا کۆکردووەتەوە و توانیویانە پەنجا ساڵێک فەرمانڕەواییەکی بێ هاوتا بەسەر ببەن.

ئەم حکومەتە بەرامبەر (دەیلەمییەکان)، بەتایبەتی بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی (بووەیهییەکان) کە وەک شەپۆلێکی خرۆشاو، لە هەموو لایەکەوە ڕژاوەتە ناوەوە. سەردەمێکی زۆر بەهۆی سەنگینیی بەڕێوەبردنی کاروباریانەوە، بوونی خۆیان سەلماندووە، بەڵام چار چییە، ویست و حەزی بێ هاوتابوون، ئارەزووی سەربەخۆیی، ئاسایی بوو ئەمیش وەک حکومەتە ئیسلامییەکانی دیکە بەرەو نەمان بیا. (وەنداد) یەکێکە لەو ئاماژە پێ کراوانە، ساڵی (٣٤٩) کۆچی دوایی دەکات، (عەبدولوەهاب، ئەبولغەنائیم)ی کوڕی دەچێتە شوێنەکەی، (غانم)یش ساڵی (٣٥٠) کۆچی دوایی دەکات و (ئەبو سالم)ی کوڕی لەجێیدا دادەنیشێ. دواتر عەبدولوەهاب لەلایەن عەشیرەتی (شادنجان)ی کوردەوە بەدیل دەگیرێ و ڕادەستی حەسنەوی دەکرێ. حەسنەوی دەبێتە خاوەنی ئەو بەشە خاکەی کە بەشی عەبدولوەهاب بووە، لەبەر ئەوەی خاوەنی پەسنی باش و ڕەوشتێکی دەگمەن و هەڵبژاردەی چاک بووە، ماوەیەک لەگەڵ بووەیهییان بە خۆشگوزەرانی ڕایبواردووە و یاریدەدەریان بووە و لەگەڵیاندا ڕێک بووە. حەسنەوی قەڵای سەرماج-ی دژوار و مزگەوتی دەینەوەری بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان بینا کردووە و خێروبێری بۆ (حەرەمەین)ی بەڕێز بە ڕادەیەک بووە کە لەگەڵ فەرمانڕەوا هاوچەرخەکانی خۆیدا بەراورد ناکرێ. لەو دەمانەدا (ڕوکنولدەولە) کە فەرمانڕەوای وڵاتی (ڕەی) بووە، حەسنەوی-ی زۆر خۆشویستووە، بۆیە چاوپۆشیی لە هەندێک لە ئەرک و پێداویستەکانی سەرشانی فەرمانڕەواییەکەی کردووە، چونکە حەسنەوی بۆ بەرگری لەو هێرشەی لە خۆراسانەوە دەهات، هێزێکی فریاگوزار و تیژڕەو بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بووەیهییەکان کە سەرکەوتووانە سەردەمێکی بە بایەخی داگیرکارییان بەسەربردووە، بەو سەرکردانەیانەوە کە وەک پۆلە بازێکی برسی چاوی چاودێرییان بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، زۆر بە دوور دەزانرا لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی ئازا و بە جەرگی وەک حەسنەوی-دا هەڵبکەن کە وڵاتەکەی بە جەنگاوەرە کوردەکان پاسەوانی دەکرا. ئا بەم جۆرە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی باش ڕۆژێکیان حەسنەوی لەگەڵ (ئیبنولسەلار)، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بووەیهییان، لەسەر سنوور بەیەک دادەدەن، ئیبنولسەلار شکست دەخوا و دەگەڕێتەوە و لە قەڵایەکی سەختدا خۆی توند دەکا و دوای ئەوەی حەسنەوی بە سوپاکەی، قەڵاکە گەمارۆ دەدا و ئاگرێکی دۆزەخنیشاندەر لە دەوروبەری قەڵاکەدا دەکاتەوە، ئیدی توانستی بەرگەگرتنی هاڵاوی خانووسووتێنی نامێنێ و بە ناچاری چەکەکانی بەدەستەوە دەدا. حەسنەوی زۆربەی سەربازانی ئیبنولسەلار دەکوژێ. ڕوکنولدەولە تا ئەم ڕادەیە زیادەڕەوی پێ قووت نادرێ، دڵی بەم ڕووداوە جەرگبڕ و پڕ ئازارە زۆر دەگوشرێ، ئاگری تووڕەیی و دەمارگیریی لەگیانیدا کلڵپە دەستێنێ. تەگبیری لەناوبردنی حکومەتی حەسنەوی-ی دادەڕێژێ و لە ساڵی **٣٥٩**دا ئەبولفەزلی ئیبنولعەمید بە لەشکرێکی گەورەوە دەنێرێتە جەنگی حەسنەوی. ناوبراویش چووە ناو هەمەدان و هەندێک حەسنەوی-ی تەنگاو کرد، بەڵام بەهۆی نەخۆشیی نیقریس (ژانی جومگەکان) کە ماوەیەک بوو تووشی ببوو مرد. ئەگەرچی ئەبولفەتح-ی کوڕی بە سەرکردەی لەشکرەکە لە جێی ئەو دانرا، بەڵام لە وەرگرتنی کۆمەڵە قەرەبوویەک لە حەسنەوی، هیچ شتێکی دیکەی پێ نەکرا، ئا ئەم ئەبولفەتح-ە کۆمەڵە قەڵایەکی سەختی وەک بوستان و غانم ئابادی لە ئەبو سالم دەیسەمی کوڕی غانمی خاڵۆزایەکەی دیکەی حەسنەوی-ی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، دوای دەست بەسەردا گرتن، لەناوی بردبوو. محەمەدی برای ئەبو دەیسەم-یش لەناوچەی گەردوونی کە بەشێک لە پاشکۆ و پێوەبەستراوەکانی بوو، دوای ئەوەی حەسنەوی لە **٣٦٩**دا کۆچی دوایی دەکات، بێ گومان (بەختیار ئەبولنەجم) و (ئەبولمەولا عاصم) و (ئەبو عەدنان) و (عەبدولمەلیک) لەگەڵ یەکدیدا نەگونجان، هەندێکیان لایەنی (فەخرولدەولە) و هەندێکیشیان لایەنی (عەزودولدەولە)ی بووەیهییان گرت. لەمانە بەختیاریان شوێنی باوکی گرتەوە و سەرماج-ی شوێنی هەموو سامان و ئازووقە و پێداویستییە جەنگییەکانی کردە ناوەندی حکومەتەکەی، ئەگەرچی ماوەیەک لەگەڵ عەزودولدەولەدا بە باشی

ڕایبوارد، بەڵام لە کۆتاییدا بە پەیمان شکاندن دوژمنێکی گەورە و بەهێزی وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا بۆ خۆی پەیداکردووە، لەبەر ئەوە ناچاربوو سەرماچ و چەند قەڵایەکی گەورە و سەختی دیکە بداتە دەست ئەو لەشکرەی لەلایەن عەزودولدەولەوە کرابووە سەری، دوای ئەوەی عەزودولدەولە لەگەڵ فەخرولدەولەی برایدا بە یەکیان دادا و بەزاندی، سوودی لەو ناکۆکییانەی نێوانی حەسنەوییەکان وەرگرت و جڵەوی هێزەکەی بۆ سەریان وەرچەرخاند و خاکی بەردەستیانی داگیرکرد و دواتریش هەر لەناو خۆیانەوە (ئەبولنەجم بەدر)ی خاوەن توانایی و ژیر و ناسراوی بە فەرمانڕەوا لەوێ دامەزراند و بە لەشکر پشتگیری لە دەسەڵاتەکەی کرد. لەو دەمانەدا حکومەتی حەسنەوییەکان کەوتە ژێر پارێزگاری و ڕاسپاردەی بووەیهییانەوە. ئەبولنەجم بەهۆی بە دەستخستنەوەی دەینەوەر و نەهاوەند و هەمەدان و سامغان تا شارەزوور، ئەو ناوچانەی ئازەربایجان کە لە سەردەمی خۆیدا بەدەستی حەسنەوی-ی باوکیدا بوون، جڵەوی حکومەتەکەی بەدەست گرتەوە و خستییەوە بن دەستی خۆی و دەستی بەسەرداگرتەوە، بەمەش بەرەبەرە پایەبەرزی و سام و شکۆی بەرەو هەڵکشان دەچوو. برایەکانی کە ئەمەیان پێ قووت نەدەدرا، بە تایبەتی عاصم و عەبدولمەلیک تاقمێک کوردیان لەخۆیان کۆکردەوە و یاخی بوونیان ڕاگەیاند، ئەبولنەجم بەدر بە یارمەتیی عەزودولدەولە لە ساڵی سێ سەد و حەفتادا عاصمیان بەدیل گرت و پاشان نێردرایە هەمەدان. دواتر لەسەر ئەو شۆڕشەی بەرپایان کردبوو، هەموو کوڕەکانی حەسنەوی کوژران و گۆڕەپانی حکومەت بە بێ هاوتا بۆ ئەبولنەجم بەدر مایەوە.

دوای مردنی عەزودولدەولە و لەبەر ئەوەی حکومەتی بوەیهییان تووشی چەندین هەڵبەز و دابەز بوو، بێ گومان سیاسەتی حکومەتی حەسنەویانیش گۆڕانی بەسەردا هات، ئەبولنەجم بەدر لایەنی فەخرولدەولەی گرتبوو، تەنانەت لە ساڵی ٣٧٣دا کاتێک محەمەدی کوڕی غانم-ی خاڵۆزای باوکی کە لە قوم و ناوچەی گەردوون بووە، سامان و ئازووقەی فەخرولدەولەی بەتاڵان بردووە و خۆی لە قەڵای قەهجان-دا قایم کردووە و ئەو لەشکرەی خرابووە دووی، تێکوپێک شکاندووە و لەسەر داواکاریی فەخرولدەولە، محەمەدی کوڕی غانم-ی ناچاری ئاشتەوایی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دیسان لە سەربزێویی خۆی نەکەوتووە، ساڵی ٣٧٥ لە جەنگدا بریندار بووە و دواتر کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەوەی شەرەفولدەولەی بوەیهی حکومەتی بەغدای لەدەست سەمسامولدەولەی کوڕی عەزودولدەولە دەرهێناوە، ئەبولنەجم لەو پێکهاتنەی لەگەڵ فەخرولدەولەی ئامۆزای باوکی تووڕە بووە، ساڵی ٣٧٧ ک لە شێوەی بەڕێوەبەرێتییەکەی بێزار بووە، لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی (قەرەتەکین جەهشیاری)ی ناردووەتە سەر و ئەو دوو پیاوەی خۆشی نەدەویستن کردووە بەگژ یەکدا. لەو پێکدادانەی لە کرمانشاهەوە دەستی پێ کردووە، ئەبولنەجم بەدر بەپێی ئەو توانستە سەرا سایەی لە هونەری جەنگدا بوویەتی، بەرانبەر قەرەتەکین شکستی نواندووە، قەرەتەکین لەخۆشیی ئەم سەرکەوتنە بێ بنەمایە لە خەیاڵی خاوی ئەوەی کە هەموو شتێک بووە و کۆتایی پێ هاتووە، لەکاتێکدا کە لەگەڵ سەربازەکانیدا خێوەتی حەسانەوە و ئارامی هەڵدەداتەوە، ئەبولنەجم بەدر دەگەڕێتەوە و هێرشێکی کوتوپڕی دەباتە سەر و بەشی هەرە زۆری لەشکرەکەی قەرەتەکین کە دەشڵەژێ و نازانێ چی بکا، لەناو دەبات و هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی بەتاڵان دەباو قەرەتەکین بە پەلە بەرەو پردی نەهرەوان هەڵدێ، لەگەڵ پاشماوەی ئەو سەربازە شمشێر بەدەستانەی دەچنە پاڵی، بە پەرێشانی خۆیان دەگەیەننە بەغدا. ئەبولنەجم بەدر لەسەر ئەم سەرکەوتنە گەورەیە، هەموو ناوچەکانی جەبەل (هەرێمی چیا) دەخاتە سەر وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی و قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی فراوانتر دەکاو لە ساڵی ٣٨٧دا لە پایەی خەلیفایەتییەوە بە نازناوی ناسیروددینوەلدەولە سەربەرز دەکرێ و بە ڕەسمی پەسند دەکرێ. ئەبولنەجم هەموو ساڵێک وەک باوکی خێروبێرێکی زۆری بە (حەرەمەین)ی بەڕێز دەبەخشی و بۆ پاراستنی ڕێی حاجییان لە دەستدێژیی ڕەوەندە عەرەبەکان خۆی ماندوو دەکرد، بۆیە شانوشکۆ و ناوبانگی بە هەموو لایەکدا دەنگی دایەوە. لەساڵی ٣٩٧دا، لەبەر ئەوەی (عەمیدولجویووش)ی جێگری بەهائولدەولەی بووەیهی لە حەلواندا، پارێزگاریی ڕێی خۆراسان-ی بە ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنان ڕادەسپێرێ کە یەک لە کوردەکانی شادنجان و دوژمنی ئەبولنەجم-ی باوک و دامەزرێنەری حکومەتی عەنانیانی کورد بوو، ئەمە دەبێتە هۆی گرژی وتووڕە بوونی ئەبولنەجم-ی باوک و لەگەڵ ئەبوجەعفەر ڕێکدەکەوێ، کە ئەمەیان ماوەیەک بووە لەبەر گرتنە دەستی دەسەڵات لەسەر جێگرێتی دەسەڵاتی عیراق لەگەڵ عەمیدولجویووشدا لە جەنگدا بووە و گەلێک میری کوردی وەک هیندی کوڕی سەعد و ئەبو عیسا شادی-ی کوڕی محەمەد و وەرامی کوڕی محەمەد و میزیەد ئەلئەسەدی لەگەڵ خۆی دەبات و بە لەشکرێکی گەورەوە لە دووریی سەعاتەڕێیەکی بەغداوە خێوەتەکانی هەڵدەدا و ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنان کە ئەمە دەبینێ بۆ

پارێزگاری لە بەغدا، دەچێتە پاڵ عەمیدولجویووشەوە، عەمیدولجویووش بەم جۆرە ماوەیەک لە بەغدا خۆی توند دەکا، ئەم ڕووداوانە لەو دەمانەدا بوون کە بەهائولدەولە لە بەسرە خەریکی بن واسل (کوڕی واسڵ) بووە، لەشکری ئەبو جەعفەر و ئەبو نەجم کە هەواڵی سەرکەوتنی بەهائولدەولە دەبیێ سڵ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەبو عیسا پێکەوە دەچنە حەلوان (واتە خانەقین)، لەوێوە پێوەندی بە بەهائولدەولەوە دەکەن. ئەبولنەجم بەدریش کاتی خۆی بە لەشکرێکەوە هێرشی بردبووە سەر ویلایەتی ئەو ڕافیعی کوڕی مەعنەی کە سەر بە عەقیلییەکانە، ئەوە سەردەمێک یاوەریی ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنان-ی کردبوو کە لە حەلوان و کرماشانەوە دەری کردبوو و بە تالانییەکی زۆرەوە گەڕابووەوە شوێنی حکومەتەکەی خۆی. عەمیدولجویووش دوای پشوویەکی باش بە لەشکرێکی گەورەوە، ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنان، کە هاوکاری و یاریدەیەکی لە ڕادە بەدەری ڕاستەقینەی دابوو، بۆ تۆڵەسەندنەوە لەشکرێکی گەورەی برد و چووە سەر ئەبولنەجم بەدر، هەر دەگات و ناگاتە نەیسابوور، بۆی دەردەکەوێ هیچی پێ ئەنجام نادرێ، لەسەر ئەو ئاگاداری و قەرەبووکردنەوانەی ئەبولنەجم دابوویێ، پەیمانی ئاشتی بەسترا.

## ئەبولنەجم بەدر و هیلال-ی کوڕی

ئەبولنەجم بەدر، ئەبو عیسای یەک لە کوڕەکانی زۆر خۆشدەویست و لە نزیک خۆیەوەی دادەنا، لەلایەکی دیکەوە، دایکی هیلالی کوڕی، لەبەر ئەوەی لە خزمانی ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنانی دوژمنی بوو کە یەک لە کوردەکانی شادنجانە، چونکە ئەوی لەگەڵ دایکی بەجێ هێشتبوو و لەژێر چاودێریی خۆیدا گەورەی نەکردبوو، لەبەرامبەریدا هەڵوێستێکی پشتگوێ خەرانەی وەرگرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەڤەری صامغان-ی بەو سپاردبوو.

هیلال، وەک لەگەڵ ئیبنولمەفازی حاکمی شارەزوور و دۆستی باوکیدا بەخۆشی هەڵی نەدەکرد، بایەخی بە ئامۆژگاریی و سازشویستانەی باوکیشی نەدەدا. لەسەر ئەمە دیسان ئیبنولمەفاز هەڕەشەی لە هیلال کردبوو، کەچی هیلال لەبەر تێرکردنی بەخۆ نازینی خۆی، دەکرا تەنیا بە شمشێر وەڵامی ئەم هەڕەشەیەی بدایەتەوە، بەم جۆرە توانی ئەو سەربازانەی کە لەسنووری دەسەڵاتیدا بوو کۆیان بکاتەوە، قەڵای شارەزووری گرت و ئیبنولمەفاز و یاریدەدەرانی لەناو برد و سامانی تاراج کردن. باوکی لەم هەڵسوکەوتەی زۆر غەمبار بوو و بە تەواوی ڕقی لێی بووەوە، بەڵام هیلالی ئاگاداری ئەم بارودۆخە، سوودی لە خوداپەرستی و خەریک بوونی باوکی وەرگرت و زۆرێک لەلایەنگرانی باوکی بۆ خۆی ڕاکێشاو بەو لەشکرەوە کە کۆی کردبووەوە، لەساڵی (٤٠٠)دا هێرشی بردە سەر وڵاتی باوکی. لەو جەنگەدا کە لە نزیک دەینەوەردا لەنێوانی دوو لادا بەرپا بوو، باوکی خۆی بەزاند و بەدیلی گرت، دواتر بەهۆی بەردەوام بوونی لە خوداپەرستیدا گەڕاندییەوە قەڵاکەی خۆی و خاکەکەی داگیر کرد و دەستی بەسەر سەڵتەنەتەکەیدا گرت. ئەم سووکایەتییەی کوڕەکەی بە ئەبولنەجمی کرد تا دوا ڕادە کاری تێکرد، ئەبولفەتح محەمەدی کوڕی عەنان و ئەبو عیسا شادیی کوڕی محەمەدی لە دژی هیلال بزواند. بەو لەشکرەی کە پێکیان هێنا کرمانشاهیان گرت، هەر لەم کاتانەدا کە هیلال هەواڵی خراپە و بەدکارییەکی زۆری بیستبوو کە لەلایەن دەیلەمییانەوە کە لەگەڵیاندا بوون ئەنجامیان دابوون، هیلال یەکسەر کەوتە دوای ئەبولفەتح و ئەبو عیسا و هەروەک سەربازەکانیانی پەرێشان کرد، بەشێکی زۆری دەیلەمییانیشی لەناو برد و بە هاوکاری و یاریدەی ئیبن ڕافع (کوڕی ڕافیع)یش ئەبو عیسای بەدیل گرت، بەڵام لەو خۆشبوو و خستییە تەک خۆی. لەم بارەیەوە ئەبولنەجم بەدری باوکی کە نائومێد بوو، ئەم جارەیان پەنای بردە بەر بەهائولدەولەی بووەیهی و داوای لێ کرد لە دەست کوڕەکەی ڕزگاری بکات. بەهائولدەولە، فەخرولمەلیکی وەزیری بەو لەشکرەوە کە تەیاری کردبوو، ناردە سەر هیلال، فەخرولمەلیک هەر کە دەگات و ناگاتە (سابوور خواست)، هیلال ئەو کارانەی لە ئەبو عیسا پرسی کە دەبێ بکرێن، ئەو گوێڕایەڵیی بەهائولدەولەی لێ ویست و بە پێچەوانەشەوە لەسەرخۆ جووڵانەوەی پێ سپارد. هیلال ئەوی بەخیانەتکاریی تاوانبار کرد و دوای دەستگیرکردنی، هەواڵی بۆ فەخرولمەلیک نارد و گوێڕایەڵیی خۆی بە بەهائولدەولە گەیاند. ئەبولنەجم بەدر بە فەخرولدەولەی ڕاگەیاند کە ئەمە دەسیسە نەبێ هیچی دیکە نییە. لەم نێوانەشدا بەهۆی بە دەستهێنانی قایل بوونی ئەو، بووە جێی پشت پێ بەستنی، دواتر لەو جەنگەدا کە لە نێوانیاندا بەرپا بوو، لەشکری هیلال تێکچوو و بەدیل گیرا. بە مەرجی زیان پێ نەگەیشتنی خۆی و دایکی و لایەنگرانی لەلایەن باوکییەوە و لەسەر گەڕاندنەوەی ئەو قەڵایەی لێی دادەنیشت بۆ باوکی، خۆی دایە دەستی فەخرولمەلیکەوە. فەخرولمەلیک لەم قەڵایەدا گەوهەرێکی زۆر و جلوبەرگ و چەکی جگە لە چل هەزار بەدرە دینار و چوارسەد بەدرە درهەم دراوی بەدەست خست، قەڵاکەی بە بەتاڵی ڕادەستی بەدر کرد، ئینجا کە گەڕایەوە بەغدا هیلالیشی بەند کرد. دوای ئەو پەیمانە ئاشتییانەیەی لەمەوپێش لەنێوانی

عەمیدولجویووش و بەدردا بەسترابوو، قەڵای شارەزوور لەدەستی بەدر دەرچووبوو. دوای ئەوەی بەدر هیلالی بەند کرد، تاهیری کوڕی قەڵای ناوبراوی بە جەنگ لێ سەندنەوە و سەربازانی فەخرولمەلیک-ی دەرکرد، دوای ماوەیەک حەسانەوە و گەڕاندنەوەی شانوشکۆ، ئەبولنەجم بەدر لە ساڵی (٥٠٤)دا بۆ دەست بەسەرداگرتنی موڵکەکانی (حەسەنی کوڕی مەسعوودی کوردی)، بەو لەشکرەوە کە پێکیهێنابوو چووە سەری، ئەوی لە (کویسجە!)دا خستە ژێر گەمارۆوە. سەربازەکانی ئەبولنەجم بەدر سەختیی زستان و درێژەکێشانی گەمارۆ کاری تێکردن و کینەیان لەلا دروست بوو و بە نیازی کوشتنی پیشی لێ دەخۆنەوە، یەکێک لەپیاوە تایبەتەکانی ئاگاداری ئەوە بوو و مەسەلەکەی بە بەدر گەیاند، بەدر بەمە زۆر تووڕە بوو گوتی (ئەم سەگانە چییان پێ دەکرێ)، ناوبراو کە تێگەیی کارەکە بایەخی پەیدا کردووە، ئەگەرچی نەشیویستبێ دووبارە لەبەردەمی بەدردا ئامادە بێ، ئەمەی پێ قووت نادرێ و لەپشت ئەو خێوەتەوە کە لێی بووە، دەڵێ کارتان تەواو بوو و دەڕوا، ئەبولنەجم بەدر لەم هەڵسوکەوتە پتر گیانی دەگوشرێ، لەکاتێکدا کە خەریکە بەسەر یەکێک لەو گردانەی ئەو ناوەدا سەردەکەوێ، ئەوانەی ئەو نیازەیان هەبوو دەیگەنێ و دەیکوژن.

**پاشماوەی هەیە**

**پەراوێزەکان:**

**(١) لەپاش وەرگرتنەوەی وەرگێڕانەکەی کاک ئەحمەد تاقانە کە لە تورکییەوە کردبوویە کوردی و دوای ئەو هەموو وردەکاری و بەراوردکردن و پێداچوونەوە و داڕشتنەوەیە، ئێستا عەبدوڵڵا زەنگنە دەتوانێ سوود لەو وەرگێڕانە وەربگرێت کە دوا داڕشتنەوە و دەستکاری کردنە و دەتوانێ بە تەواوی پشتی پێ ببەستێ. لەو بترازێ تا ئەو ڕۆژەی دەبێتە کتێب و پڕۆژەکەم بە چاپ دەگەیەنم کەسی دی مافی نییە، بیکاتە پێخۆری نووسینی خۆی و سووک و باریک بێتە سەر سفرەی ئامادەکراو و بە ئارەزووی خۆی ئەم وتارە تێهەڵکێشی ناو نووسین و کتێبی خۆی بکات، چونکە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دووتوێی ئەو کتێبەمدا بڵاودەبێتەوە.**

**(٢) بڕواننە گۆڤاری بانگی کورد/ ژ١-٢٦ی کانوونی دووەمی ١٣٢٩-١٢ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٣٢ ل(٥-٧)**

**ژمارە/ ٢ - لاپەڕە (٢٥-٢٧).**

**ژمارە/ ٣-١ی مارت ٣٣٠ لاپەڕە (٤٩-٥٤).**

**بانگی کورد/ ژمارە/ ٤- لاپەڕە (٧٣ - ٧٥).**

**(٣) گۆڤاری بانگی کورد لە بارەیەوە نووسراوە: (گۆڤارێکی ئەدەبییە، خوا لێی خۆشبێ جەمال بابان بە زمانی کوردی و تورکی لە بەغدا، هەر پازدە ڕۆژ جارێک دەری کردووە. ژمارەی یەکەمی لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٣دا دەرچووە. لەپاش دەرچوونی ژمارە پێنجی لە دەرچوون وەستاوە، ئەوەش بەهۆی هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە بووە کە دامەزرێنەرەکانی وا لێکردووە بەلای ئەرکە سەربازییەکانیانەوە بچن. ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی (الآداب) چاپ دەکرا و ژمارەی لاپەڕەکانیشی (٢٤) لاپەڕە بووە). بڕواننە کتێبی: تاریخ الصحافة الكردية، جبار جباري، وزارة الأعلام- مديرية الثقافة الكردية العامة، بغداد، ١٩٧٥، ل٣١.**

**(٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی) و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا، هەر ئەو زانیارییانەی لە پاشکۆی ئەو کتێبەیدا نووسیوە کە پێشتر هەبووە، بەڵام لەلای ئەو بە کورتی و بە پوختی نووسراوە: (جەمالەددین بابان بەکوردی و بە تورکی بڵاوی دەکردەوە. چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو. لەگەڵ دەست پێ کردنی شەڕی یەکەم لە دەرچوون وەستا). بڕواننە لاپەڕە ٢٣٢. هەرچەندە لە کتێبەکەی جەبار جەباریدا نووسراوە: (لەپاش دەرچوونی ژمارە پێنجی لە دەرچوون وەستاوە)، کەچی د. کەمال مەزهەر لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ (٣) ژمارەی لێ دەرچووە. لەلایەکی دیکەوە (جەبار جەباری) لە کتێبەی خۆیدا نووسیویەتی: (ژمارە یەکی لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٣ دەرچووە) کەچی لە پاشکۆی کتێبەکەی د. کەمال مەزهەر نووسراوە: (ژمارە یەکی لە ١٢ی «ربيع الأول»ی ١٣٣٢، ٨ی شوباتی ١٩١٤ دەرچووە.) کە لە ڕاستیدا ژمارە (١)ی بانگی کورد لە ٢٦ی کانوونی دووەمی، ساڵی ١٣٢٩ (١٩١٣) دەرچووە و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەردوو مێژووەکەی پێشوو هەڵەن. هەرچەندە د. کەمال مەزهەر نووسیویەتی: «چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە)، بەڵام جەبار جەباری دەڵێ (لەپاش دەرچوونی ژمارە پێنجی لە دەرچوون وەستاوە). ئەوەی جێگەی سەرنجە جەبار جەباری نەینووسیوە ئەو زانیارییەی لەکوێوە هێناوە، ئایا بەخۆی ئەو پێنج ژمارەیەی دیوە، یان زانیارییەکەی لە شوێنێکی دی ڕاگوێزاوە، یان لە کەسێکی دیکە وەری گرتووە، ئەوەش ئەو گومانەم زیاتر لەلا دەچەسپێنێ کە گۆڤاری (بانگی کورد) لەو چوار ژمارەیەی بەردەستمان پتری لێ دەرچووبێ.**

**(٥) لەلای (جەبار جەباری) و (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) نووسراوە (جەمال بابان بە زمانی کوردی و تورکی) دەری کردووە و هیچ ناوێکی دیکەی لەگەڵ نەهاتووە لەو گۆڤارەدا کاری کردبێ، بەڵام من قەناعەتم وایە شوکری فەزڵی یەکێک لە موحەریرەکانی ئەو گۆڤارە بووبێت، بگرە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی گۆڤارەکەش بووبێت، بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:**

**ئەلف- گۆڤاری بانگی کورد کە قەناعەتم وایە جەبار جەباری ژمارەکانی دیتبێ، بە بەڵگەی ئەوەی لاپەڕەی یەکەمی ژمارە یەکی لە کێبەکەی خۆیدا بڵاو کردووەتەوە و دەڵێ (گۆڤارێکی ئەدەبییە)، کە گۆڤارێکی ئەدەبی بێ و بە تورکی و کوردی دەرچووبێ و شوکری فەزڵی لە هەر هەموو ژمارەکانیدا بەناوی ئاشکرای خۆی نووسینی بڵاوکردبێتەوە و ئەوکاتە وەک شاعیر و ئەدیبێک ناسرابێ، گومان لەوە دانییە کوردێکی دیکە لەبەغدا**

ژیا بێت لە شوکری فەزڵی زیاتر، ئەو خەسڵەتانەی تێدا بووبێت. پاشان کە چووەتە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کاری کردووە بەهەمان نەفەس بایەخی بە (مێژوو) و (ئەدەبیات) و (سیاسەت) داوە و لەوێ درێژەی بە نووسینەکانی خۆی داوە، کە لە (بانگی کورد)دا پێی تەواو نەکراوە.

بێ- شوکری فەزڵی پێشتر یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە درەوشاوەکانی سەر ئاستی عیراق بووە، کە لەکاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩٠٨ بەرەو ئەستەمبووڵ سەفەری کردووە و لەوێندەر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردووە و لەپاش دوو ساڵ گەڕاوەتەوە و لە ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارەدا کەوتووەتە کار کردن و نووسین بۆیان، لەوانەش: (بانگی کورد) و (تێگەیشتنی ڕاستی)ی کوردی کە لە بەغدا دەرچوون، (العراق) و (العرب) و (الزهور) و (التعاون) کە بە زمانی عەرەبی دەرچوون و ئەو لەو ڕۆژنامانەدا زۆر بابەتی نووسیوە، (ایران) و (ظفر عراق) کە بە زمانی فارسی دەرچوون، لەم دوو ڕۆژنامە فارسی زمانەشدا نووسین و بەرهەمەکانی بڵاوکردووەتەوە، بۆیە دەبێ لەمەولا ئێمەی کورد شوکری فەزڵی وەک ڕۆژنامەنووسێکی کارامە و لێهاتوو بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بناسێنین و لەسەری بنووسین، بەتایبەتی لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کە هەر لە سەرەتاکانەوە جێ دەستی دیار بووە و جگە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، یەکێک لە موحەریرە بنەڕەتییەکانی (بانگی کورد)یش بووە. شوکری فەزڵی وتار و نووسینی لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی عوسمانی و عەرەبی و عیراقیدا هەبووە.

جیم- ئەو عیشق و خۆشەویستی و شارەزاییەی شوکری فەزڵی بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەبیووە، وایان لێکردووە دوای داخستنی ئەو گۆڤارە، جارێکی دیکە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا تێهەڵچێتەوە.

دال- گرنگیانەی بەهێزی دیکەی کارکردنی شوکری فەزڵی لەو گۆڤارەدا کە یەکێک لە موحەریرەکانی بووبێ ئەوەیە کاتێک لە وتارەکانیدا نووسیویەتی: (لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە یارمەتی خودای گەورە، لەسەر لاپەڕەکانی (بانگی کورد)دا، لەمانە بە بایەختر پیشانی خوێنەرە بەڕێزەکان دەدەین)، واتە لە دانانی نەخشە و بەرنامەی گۆڤارەکەدا بەشدارە، یان لە بەشی (سەرنجێک لە ئەدەبیاتی کورد)دا لە ئاخر و ئۆخری وتارەکەیدا نووسیویەتی: (بەرهەمەکانی ئەوانە (مەبەستی لە نالی و سالم و کوردی و تاد) بەهایەکی ئەدەبیی گەورەیان هەیە، بڵاوکردنەوەی بەشێکی گرنگیان لە (بانگی کورد)دا ئاساییە، کە لێرەدا بەدەردەکەوێ لە دوو شوێنی ئەو زنجیرە وتارەیدا وەک کەسێک بەڵێن دەدات کە بەشێکی گرنگی ناو گۆڤارەکە بێت و بڕیاری لەلا بێت، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بڵێین لەو گۆڤارەدا کاری کردووە و لە ناوەوەی گۆڤارەکەوە دەسەڵاتی هەبووە، نەک لە دەرەوەی گۆڤارەکە بووبێ و دووراودوور بۆیانی نووسیبێ.

(٥) سەبارەت بە وتارانەی کە بە زنجیرە لە چوار ژمارەی (بانگی کورد)دا بڵاویانی کردووەتەوە، بایەخدانی زۆری شوکری فەزڵی بە مێژوو دەردەکەوێ کە لە بارەی مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و هاوچەرخی عیراق و کوردستان شارەزایی زۆری هەبووبێ. بێجگە لەوەی ئەو وتارانە بەناوی ئاشکرای شوکری فەزڵی بڵاوکراونەتەوە، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە دوای چەند ساڵێک هەر ئەو بووە لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا کاری کردووە و ئەو بەڵێنانەی لە (بانگی کورد)دا بە خوێنەرانی دابوو و بەهۆی داخستنییەوە پێی جێبەجێ نەکراوە، دواتر لە (تێگەیشتنی ڕاستی)دا توانیویەتی گۆشەی (تەئریخ و مەشاهیری کورد) و (ئەدەبیاتی کورد) بنووسێ، هەروەها باسی دانانی دوو کتێبی مێژوویی و جوگرافی ئەو دەکرێن کە بە زمانی عەرەبی نووسیونی یەکێکیان بەناوی (تاریخ العراق قدیما وحدیثا)ـە کە دەڵێن ساڵی ١٩٢٤ لە بەغدا چاپی کردووە، هەروەها کتێبی (جغرافیة العراق التاریخیة)ی نووسیوە، ئەم دوو کتێبە گەواهی ئەوە دەدەن شوکری فەزڵی شارەزایی و ئاگاداری تەواوی لەجوگرافیا و مێژووی عیراق و کوردستاندا هەبووە. خوێندنەوەی وردی ئەم وتارەی بەردەستتان، لەگەڵ خوێندنەوەی بابەت و وتاری ژمارەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە نووسەری ئەو وتارانەی لە ژمارەکانی ئەو (تێگەیشتنی ڕاستی)دا بڵاوکراونەتەوە سەد دەر سەد شوکری فەزڵییە، تەنانەت زۆر لە زانیاری و ڕستە و دەربڕین و بیروڕای ناو ئەو وتارانەی ئێرانەی، لەوێشدا دووبارە بوونەتەوە. ئەم ڕاستییەش بە تەواوی گومانەکەی د. کەمال مەزهەر دەڕەوێنێتەوە کە لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە (تێگەیشتنی ڕاستی) نووسیویەتی و دڵنیا نییە کێ خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو وتارانەیە.

(٦) شوکری فەزڵی نووسیویەتی: (لەنێو کورداندا شاعیری گەورەی وەکو «جەزبی- جذبی» و «نالی»، شاعیر و نووسەری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە) دوای سوراغێکی زۆر جگە لە «جەزبی»ی شاعیر کە بە شێوەزاری هۆرامی شیعری نووسیوە، بەو ناوە شاعیری دیکەم نەدۆزییەوە، لەوە دەچێ شوکری فەزڵی زۆر لە شیعرەکانی خوێندبێتەوە، بۆیە لەپێش و لە تەنیشت ناوی (نالی)یەوە دایناوە و بە گەورەی زانیوە.

(٧) کە شوکری فەزڵی دەنووسێ: [لەنێو کورداندا شاعیری گەورە گەورەی وەکو «جەزبی- جذبی» و «نالی»، شاعیر و نووسەری گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، (بەڵام لەبەر ئەوەی نووسینی تایبەتییان نەبووە و لەلایەکیشەوە دەورووبەریان بەعەرەب و فارسی و تورک تەنراوە، بەناچاری هەموو نووسراوەکانیان بە عەرەبی و تورکی و فارسی ماوەتەوە، چ لە سەردەمی خەلیفایەتی عەباسییەکان و چ دواتر)] مەبەستی لە نەبوونی نووسینی تایبەت، شێوەی کوردی نووسین و ڕێنووسە کە ناچاری کردوون بە زمانەکانی دیکە بنووسن. هەر ئەو بیروڕایەی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)شدا دووبارە کردووەتەوە، وەک چۆن لە شوێنێکی دیکەی ئەم وتارەشدا پێداگیری لەسەر کردووەتەوە.

(٨) زۆر سەرنج و تێبینی و پەراوێزی ئەم وتارانەم بۆ ناو کتێبەکەم هەڵگرتووە، کە لەوێدا بە تێروتەسەلی لێیان دواوم و ڕوونکردنەوەی زیاترم لە بارەیانەوە داوە.

# زمان و کۆمەڵ

لە عەرەبییەوە: د.شەهاب شێخ تەیب
(کۆلێژی پەروەردە - قەڵادزێ)

(٢ - ٢)

٧- زمان و جیاوازی کۆمەڵایەتی:

جیاوازی، یان هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی زۆر ڕوونە و هیچ کۆمەڵێ لێی بەدەر نییە، زۆر شتیش هەن ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکەن، هەندێکیان پێوەندییان بەنەژاد و ڕەچەڵەک، هەندێکی تر بە سامان، یان ڕوخساری دەرەوە لە جل و پۆشاک، بۆکەرەستە و شتومەک و بە چۆنێتی ڕەفتارکردنەوە هەیە، هەندێکی تر پێوەندییان بە پیشە، یان تەمەن، یان ڕەگەز، یان ئایین...تاد، هەیە. هەروەها پێویستە ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو خەسڵەتی تایبەتی گشت توێژەکانی کۆمەڵ و دەرفەتی سەربەستی گواستنەوە لە توێژێکەوە بۆ توێژێکی تری هەبێت، چونکە بارەکە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی هەندێ کۆمەڵگە ڕێ بە گواستنەوەی توێژێک بۆ توێژێکی تر، تەنیا لە ڕێی ڕاپەڕینی گەورەی وەک بەرپاکردنی شۆڕش و لەم جۆرە شێوانە نەبێت نادات. هەندێ کۆمەڵیش بەشێوەیەکی گێرەشێوێنی ڕێ بەم گواستنەوەیە دەدات، هەندێ کۆمەڵی تریش لەو نێوانەدا دەوەستێ. هەروەها هەندێ گواستنەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی فەرمی لەڕێی پێدانی نازناو، یان دامەزراندن لە پۆستی میری، یان دادی بەرز و بەم شێوەیە بکرێت.

زمان ڕەگەزێکی زۆر گرنگە بۆ جیاکردنەوەی توێژێک لەوەی دی، هەروەها گواستنەوەی ڕوخسار لە زمانێکی تایبەت بە توێژێکی دیاریکراو بۆ ڕوخساری زمانێکی دیکە لەوانەیە بەپێی تێپەڕبوونی کات لەگەڵ پەرەسەندنی تاکدا ڕووبدات، هەروەها لەوانەیە ئەو گواستنەوەیە لێکچوویێت لەگەڵ توێژێک، یان چینێکی کۆمەڵایەتی خوارتر، بەڵام زۆرتر لە بۆنەکان، یان جێیە جیاوازەکان بۆ ئەوەی ئەو زمانە بەکارهاتووە گونجاوبێت

بۆ ئەو جێیەی لێی ڕوودەدات.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە دیاردەی زمانی تایبەت بە توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە ئاماژەیەکی ڕوون بەو توێژانە دەکات. لە توانستدا هەیە جیاوازی زمانی منداڵ لەگەڵ زمانی هەرزەکاردا بکەین، یان زمانی ڕۆشنبیران لەگەڵ نەخوێندەوار، یان زمانی تیرەیەکی ئایینی دیاریکراو لەگەڵ زمانی تیرەیەکی دی، زمانی مامۆستایان لەگەڵ زمانی دارتاش و دادوەر و بۆرژواکان. زمانی خەڵکانی شار لەگەڵ زمانی خەڵکی دەشت، یان هەوارنشین جیاوازە. پزیشکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، کە لە کەسانی دیکە جیایان دەکاتەوە، پارێزەران و ئەندازیارانیش زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها بازرگان و مامۆستا و خوێندکار و پیاوانی ئایینی و نانکەر و ئاسنگەر و دارتاش و گەنجی هەرزەکار زمانێکیان هەیە لە کەسانی دی جیاوازە. ئەمانە گشتی ڕاست و واقیعن و لێکۆڵینەوەی زۆریان لە بارەوە کراوە، بەڵام ئێستا جێی بایەخپێدانی سەرەکی توێژەری زمانەوانی کۆمەڵایەتی نییە، بایەخدانی ئێستایان دەڕوانێتە ئەو گۆڕانەی کە لە زمانی تاک لە بۆنەکان، یان جێیە جیاوازەکان و جۆری ئەو گۆڕانە، یان گواستنەوەیەی لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر و هۆکاری ئەو گواستنەوەیەش ڕوودەدات.

ئەم بارەش تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی شێوەزارەکان (لەهجەکان)، توێژەران لەم بابەتەدا تووشی گیروگرفتی زۆر دەبن، لەوانەش دیاریکردنی توێژ، یان چینە کۆمەڵایەتییەکە، یان دیاریکردنی جێیە جیاوازەکان، بەڵام زانایانی زمانەوانی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی لەو بوارەدا بۆ گەیشتن بەو جۆرە شێوازە جیاوازەی کە تاک لە جێیە جیاوازەکاندا لەگەڵ هاوکاری یەکتری دەکەن، کەسانی تر لە توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەکاری دەهێنن، چەندین هۆکاری زانستییان بەکارهێنا کە پەرەدەسێنێ و بە شێوەیەکی بەردەوام چاک دەکرێن و دەگەنە ئاکامی وا کە پلە و پایە و نرخی خۆی هەبێت. ئەو شێوازی زمانەی تاک بەکاری دەهێنێت لە لایەک بە گۆڕانی باسەکە و لە لایەکی تریش بە بەشداربوون لە گفتوگۆ، یان گوێگرتندا دەگۆڕێت. هەروەها بەکاردانەوەی فاکتەری تر لە ژێر دەسەڵاتی زماندا نییە، کە زۆرینەی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی، یان هەردووکیان پێکەوەیە دەگۆڕێت. زانای ناودار (مارتن جۆس) ئەو شێوازانەی دابەش کردۆتە سەر پێنج بەش کە دەکرێت تاک بەکاریان بهێنێت:

أ- شێوازی وشک (جامد):

ئەو شێوازەیە کە وشەی ڕەسمی زۆری تێدا بەکاردێت بە پلەیەک کە گوێگر لەوێ نەبێت، لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت کار بکاتە سەر ئەوەی دەوترێت، وەک شێوازی وتەیەکی ڕەسمی و نزا و سەڵاوات و ڕیکلام کردن و خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان و شیعر خوێندنەوە و نمایشکردنی شانۆگەری، هەروەها گشت ئەوانەی لە ڕێی چاپکردنەوە بڵاوکرابنەوە. لێرەدا گوێگر هیچ ڕۆڵێکی نییە و بەشداری لە چالاکییە زمانییەکاندا ناکات و بەدەگمەن ڕوودەدات قسە بە قسەکەر ببڕێت.

ب- شێوازی ڕەسمی ڕەسمی:

ئەو شێوازەیە کە گوێگر بەشداری تێدا ناکات، وەک ئەو وتانەی لە پێش کۆمەڵێک خەڵکیدا دەوترێن و بەشێوەیەکی باش ئامادەکراون و بە بایەخەوە دەخوێندرێنەوە، هەروەها وەک ژمارەیەک بەرنامەی ئێستگە و تەلەفیزیۆن و هەندێ لەو وانانەی لە زانکۆکاندا پێشکەش دەکرێن. ئەگەر ئەم شێوازە لە نێوان تاکەکاندا بەکارهات، ئاماژە بۆ ئەو ماوە کۆمەڵایەتییە دوورەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەکات، وەک ئەوەی کاتێ فەرمانبەرێک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی، یان کوڕێک لەگەڵ باوکی، یان خوێندکارێک لەگەڵ مامۆستاکەی،یان دەوڵەمەندێک لەگەڵ هەژارێک، خزمەتکارێک لەگەڵ خاوەن ماڵەکەی قسە دەکات.

پ- شێوازی ڕاوێژکاری:

ئەو شێوازەیە کە پڕە لە شێوازی ڕەسمی، بەڵام پێویستی بە هاوبەشیکردن و ڕازیبوونی گوێگر هەیە، قسەکەریش بە بایەخەوە پلانی بۆ دانانێت و خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی دروستکراو دوور دەخاتەوە، بەڵکو دەتوانێت لە وتە و باسەکەیدا هەندێ پێکهاتە و شێوەی زمانی کورت، کە لە وتەی سادەدا بەکاردێت، بەکاربهێنێت. ئەمەش بۆ نموونە ئەو شێوازەیە کە لە نێوان دادوەر و ڕاوێژکار، یان وەزیرەکان بەکاردێت کاتێ باس لە بارەی دادەوە دەکەن. هەرچەندە ئەمەش بەندە بە جۆری حوکمەکە خۆی و پێوەندی نێوان سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرەکانی. بۆ نموونە مەلیک (فیکتۆریا) ئەم شێوازەی پێ پەسەندبوو، سەرەڕای لێهاتوویی و دەستپاکیشی ڕقی لە (ولیەم گلادستۆن)ی سەرەک وەزیرانی بوو، لەبەر

ئەوەی شێـوازی زۆر ڕەسـمی لەگـەڵ بەکـار دەهێنا . لەبەر ئەوە دەیوت: «گـلادسـتـۆن بە شـێـوەیەک قـسـەم لەگـەڵ دەکات وەک لە کـۆبوونەوەیەکی گشـتـیدا وتە پێشکەش بکات» .

ت- شێوازی سادە:

ئەو شـێـوازەیە کـە هاوڕێیـان لە نێـوان خـۆیاندا، یان کـۆمـەڵێک خـەڵک لە گـفـتـوگـۆی باسـێکی باوی لای هەمـووان بەکـاری دێنن. ئەم شـێـوازەش پاشـخـانێکی لە چەمک و زانیـاری هاوبەشی نێـوان قسەکەرانی دەوێت، کە وشەیەکی زۆری گشـتـیشی تێدەکەوێت و بەکاردێت تەنانەت لە نێـوان ڕۆشنبـیـرانیـشـدا ڕوودەدات، هەروەها زمـانێکی تایبـەت بە پیشـە، یان پێـڕێکی دیاریکراوی خـەڵک ئەگـەر هاتو بەشـداربووان لە قـسـەدا سـەر بە پیـشــەیەک، یان ڕێکخـــراوێکی کـــۆمـــەڵایەتی دیاریکراوبێت، بەکاردێت.

ئەم شێوازەش گفتوگۆی زۆر و پچڕانی وتەی قسەکەر و دووبارەکردنەوەی لێدوان لەسەر وتەکە و شتی تری لەو جـۆرەی تێـدەکـەوێت، کـەوا دەکـات وەرگـرتنی بڕیارە خێـراکـان سرووشـتی بێت. هەروەها ڕسـتـەی ناتەواو و نیـمچە ڕستە و وەڵامدانەوە بە یەک وشە، یان تەنانەت بە هێما و جووڵانەوەی تێدا زۆربێت.

ج – شێوازی هۆگربوونی زۆر:

لەو شێوازانەیە کە زۆر ڕەسمی نەبێت و بە شێوەیەکی سادەش لە نیـمچە ڕسـتـە و وشە و نیشـاندان پێکدێت. زمـانی گـشـتـی(بـازاڕی) زۆر تێـدا بەکـاردێت، بەڵکو زۆرجـار دەسـتـەواژە و وشـەی تایبـەت بە خـێـزانێکی دیاریکراو، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی زۆر بچووکی تێدا بەکـاردێت. دیارە کـە ئەرکی ئەم شـێـوازە لەگـەڵ ئەرکی شێوازەکانی دی جیاوازە، وەک ئەوەیە مەبەستی ئەوەبێت گوزارشت لە هەست، یان سۆزەکـان بکات، زیاتر لەوەی گواستنەوەی بیروبۆچوونەکان، یان زانیارییەکان بێت.

ئەو شـێوازە بەکـارهاتووەی لە نێوان خـۆشەویسـتـان و هاوسـەران و ئەندامـەکـانی یەک کـۆمـەڵـە – سـەرەڕای ئەوەی بـارەکــە لە خــێــزانێکەوە بۆ خــێــزانێکی تر بە جیاوازی ژیارە جۆراوجۆرەکان دەگۆڕێت – ئەو کۆمەڵانەی کـــارێکی وردی گـــرنگ دەکـــەن، وەکـــو کـــۆمـــەڵەی نەشتەرگەران – یارمەتیدەران و پەرستیارانی هاوبەش لە پرۆسەی نەشتەرگەرییەکەدا، یان ئەندامانی تیپی تۆپی پێ، یان ئەندامانی چەتە و هاوشێوەی ئەوانە.

ئەمەیە ئەم پێنج شێوازە سەرەکییەی خەڵک لە نێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن، بەڵام هیچ کەسێک نییە یەکێک لەم شێـوازانە لە گشت بۆنەکاندا بەکاربێنێ. هەڵبژاردنی شێواز، یان ڕوخسـاری زمانی ژێر ڕکێفی کۆمەڵایەتی بە تێڕوانینی کۆمەڵ بە گشتی بۆ شێوە جیاوازەکانی زمان و چەندێتی نزیکبوونی ڕوخسـارە زمانییەکەی و ئەرکەکانی گشت ئەو شێوانە پابەندە، کە تاکێک لە تاکەکان بەکاری دێنێت، یان دووری لە ڕوخسـاری ناوەندی زمـانەکەدا، بە واتای ڕوخـسـاری پەسندی کـۆمـەڵایەتی لەلای زۆرینەی خــەڵک و بە تایبــەتی توێژی ڕۆشنبــیــران و ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو کەسە لە بەکارهێنانی ئەو شێوەیە، یان سـەرنەکـەوتنی پشت بەچەند هۆکـارێک دەبەسـتـێت، لەوانە: پاشـخـانی خێـزانەکـەی، ئەو هەرێمـەی لێـیـەتی، ئاسـتی ڕۆشنبـیـری و باوەڕی سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی، هەروەها دەوەسـتێتە سەر ئەو باسەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت. کـاتێ ئەو بەکارهێنانە پەسند دەبێت کـە بۆ ئەو ژینگەیەی قسەی تێدا دەکرێت  گونجاوبێت، ئەگەر پیاوی ئاییـنی بە زمـانی عـەرەبی پەتی قسـەی کـرد بۆ نموونە لە بۆنەی مـارەبڕین، وتەکـانی زۆر پەسند دەبن، بەڵام ئەگەر ئەمـەی لەگەڵ سەوزەفـرۆش، یان گۆشـتـفرۆش کـرد، ئەوە جێیەکە لـەم بارەدا گونجاو نابێت، لەوانەیە قسەکەر خۆی لە بارێکی گاڵتەپێکردن و گاڵتەجاڕیدا ببینێتەوە.

زۆر جـار گـواسـتـنەوە لە شـێـوەیەک، یان شـێـوازی زمانێک بۆ شێوەیەک، یان شێوازێکی تر لەهەمان بۆنە و لەهەمــان وتەدا ڕوودەدات، بۆ ئەوەی شـێــوازە تازەکــە ئەرکێکی تری پێچەوانەی شێوازی بەکارهاتوو لە وتەکەدا بەگشـتی بگەیەنێت. ئەوەی خوێندنەوەی لەسەر وتەکانی سەرۆکی کۆچکردوو (جەمال عەبدولناسر) – بۆ نموونە – کردبێت، هەندێ جار دەبینێ لەناکاو گواستنەوەیەک لە زمـانێکی ڕەسـمـیـدا ڕوودەدات کـە زمـانی پەتی تێـدا بەکـاردێت و بەشـێـوەیەکی باش بۆ شـێـوازی مـیـسـری ئامادەکراوە کە گشت میسرییەک لەخۆوە قسەی پێدەکەن و بە ئاســانی تێی دەگــەن. زۆر جـــار ئامـــانج لەمـــە نزیکبوونەوەیە لە جەماوەر، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆشنبیر نین، کـە زمـانی پەتی عـەرەبیـیـان پێ خـۆشـە، بەڵام بەتەواوی لەگـەڵیـدا ناگـونجێت. هەوڵدانە بۆ گـەیشتن بە قووڵایی هەستەکانیان و کارتێکردن و پێ وتنی گوێگران کـە سـەرۆک (لەوانە و بۆ ئەوانە) – بەواتای ئەوەی کـە یەکێکە لەوانە و بەشداری لە هۆش و هەستیـان دەکات،

لەوەی سوود و زیانی هەیە بۆیان.
زۆر جار قسەکەر بڕیار لەسەر شێوازێکی دیاریکراوی بێ ڕەچاوکردنی جێیەکە دەدات، ئەمەش یان بۆ سەلماندنی ناسنامەی قسەکەر و سەر بە کوێیی ئەو سەبارەت بە گوێگران، یان زۆر جاریش بەمەبەستی خۆبەزلزانین، یان بە گرنگ دانانی قسە لە لای گوێگران، یان بڕیار لەسەر ئاستی زمانێکی تایبەت بە خەڵکی چینێک، یان توێژێکی کۆمەڵایەتی بەرزتر لە خۆی، بەمەبەستی لێکچواندنی خۆی بەوان بەکاردەهێنێ، وەک ئەوەی بەو شێوەیە قسە بکات کە زمانی ناڕۆشنبیرانە بەشێوەیەکی ڕۆشنبیری بەکاری بێنێ. بەم کارەی خۆی تووشی گاڵتەپێکردن و گاڵتەجاڕی دەکات.
(لابۆڤ) کە لەهەموو لێکۆڵەرەوەکانی تر بایەخی زیاتری بە پێوەندیی زمان بە کۆمەڵەوە داوە، دەڵێت: هەستی خەڵکی دەربارەی گواستنەوە، یان گۆڕینی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئەو شێوە زمانییانەدا دەبێت، کە هەڵی دەبژێرن. بینیمان ئەو کەسانەی دەیانەوێت و ئارەزووی گواستنەوە بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی بەرزتر لە چینەکەی خۆیان دەکەن، زمانی ئەو چینە بەکاردێنن، بەڵام ئەگەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا کەم بوو، خەسڵەتی زاڵبووی ئەو کۆمەڵە لەسەر پێوەری بەکارهاتووی نێوان هەموان جێبەجێ دەبێت، کەچی گۆڕان بۆ ژێرەوە - بەواتای بۆ ئاستێکی نزمتر بە قبووڵ نەکردنی گشت ئەو شێواز و بەکارهاتووە ناسراوانە دەبێت، هەروەها بە قبووڵ نەکردنی هەر بەکارهاتوویەک کە پێوەندی بە چینە بەرزەکەوە هەبێت، ئەم دیاردەیەش بە گشتی لە نێوان هەرزەکاراندا بینراوە، ئێستاش بە شێوەیەکی تایبەتی لە نێوان هیپپییەکاندا هەیە.
گشت ئەوانەی تا ئێستا لەبارەی پێوەندی زمان بە جیاوازی کۆمەڵایەتی وتران، مەبەست تاکێکی (کەسێکی)دیاریکراو، یان کەسانێکی دیاریکراو نییە، چونکە قورسترین کار بیکەیت پێشبینی کردنی ڕەفتاری زمانی تاکەکەسێکە، بەڵام گشت ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین ئەوەیە کە بەلای هەموو کەسێکی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو، هۆشیارییە دەربارەی ئەو جیاوازییە زمانییەی لە نێوان کەسانی کۆمەڵدا، یان توێژەکان، یان چینە جیاوازەکانی هەمان کۆمەڵدا هەیە. هەموو ئەو کەسانەش لە گفتوگۆکردنیاندا شێوازی جیاواز، بە جیاوازی گوێگر و جیاوازی جێ و بابەتی توێژینەوەکە بەکاردەهێنن.
دەستووریش لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێک ئەو گواستنەوەیەیە، بەڵام جێگیربوون لەسەر یەک شێواز لەسەر ئەو دەستوورە بە ناوێزە دەژمێردرێت. با نموونەیەک لە بارەی ئەوەی دەیڵێین وەرگرین: لە وڵاتێکی وەک بەلجیکا بۆ نموونە لەیەک کاتدا دوو زمان بەکاردێت: زمانی هۆڵەندی و زمانی فەرەنسی، بەڵام وادیارە جۆری ڕێکوپێک بۆ ئەو بۆنانە هەیە کە ئەو دوو زمانەی تێدا بەکاربێت: ئەوە دیارە کارمەندانی میری لە پایتەختی بڕۆکسل کە بەنەژاد (فلەمەنک)ین، بە زمانی هۆڵەندی بە بەردەوامی لە نێوان خۆیاندا قسە ناکەن، تەنانەت ئەگەر هاتو هەمووشیان لەو زمانەدا بە تواناش بن و لە تواناشیاندا هەبێت زۆر بە چاکی قسەی پێ بکەن. بۆنە هەیە تێیدا لە نێوان خۆیاندا بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن، بەڵکو بۆنەی تر هەیە بە زمانی هۆڵەندی پەتی قسە دەکەن - بۆنەی تر هەیە بە شێوەیەک، یان بە شێوازێکی هۆڵەندی هەرێمی قسە دەکەن. سەرەڕای ئەمەش هەندێکیان شێوەی جیاواز لە زمانی فەرەنسی لە نێوان خۆیاندا بەکاردەهێنن، کە شێوەیەکی پڕە لە زاراوەی میری ڕەسمی، شێوەیەکی تر لەو فەرەنسییە بەکارهاتووەی نێوان ڕۆشنبیران و چینی بوورژوای بەلجیکا دەچێت.شێوەیەکی سێیەمیش زمانی فەرەنسی گشتی تایبەت بە (فلەمەنکییەکان)ی خەڵکی بەلجیکایە.
ئەم وتەیەش نەک تەنیا لەسەر ئەو کۆمەڵانەی کە دوو زمانەن دەگونجێ، بە واتای ئەوەی خەڵکەکەی بە دوو زمان قسە دەکەن، لە هەمان کاتدا جێبەجێ نابێت، وەک بەلجیکا و کەنەدا، یان ئەوەی کە سێ زمانی تێدا بەکاردێت وەک سویسرا، یان چەند زمانێک وەک هیند، بەڵکو لەسەر ئەو کۆمەڵانەی خاوەنی یەک زمانیشن جێبەجێ دەبێت. لەوانەیە ڕوونترین نموونەش بۆ ئەوەی دەیڵێین ئەو زمانە بێت کە خەڵکی پێ بانگ دەکەین، یان قسەی پێ دەکەین، لێرەدا نموونەیەک لە شێوەزاری میسرییەوە هەڵدەبژێرین، لەبەر زۆری ئەو وشانەی بۆ ئەو مەبەستە تێیدا بەکاردێن. سەرەڕای هەڵوەشانەوەی ڕەسمی نازناوەکان لە میسر و بەکارهێنانی وشەی شکۆمەند (سیادة) لە وتەی ڕەسمی ئاراستەکراو، تەنانەت بۆ سەرۆک کۆماریش، کەچی تا ئێستا ئەو دەستەواژانەی خوارەوە بۆ دواندن و بانگ کردن و وەک

پێشگرێک بۆ ناو، یان پۆستی ڕەسمی بەکاردێت، هەندێکیان بۆ زمانی ڕەسمی و هەندێکی تریان لە زمانی ڕۆشنبیر و زۆرینەیان لە زمانی گشتی و نێوان گشت چینەکانی گەل بەکاردێت.

لە دەستەواژە ڕەسمییەکان کە تا ئێستاش دەستەواژەی بەکارهاتوو ئەمەیە: پادشای پایەدار (جلالة الملک)، خاوەن شکۆ (صاحب السمو)، یان ئەمیری شکۆ، جێ نشین (ولي العهد)، دادوەری بەخشندە (فضيلة القاضي)، ڕادەری میهرەبان (سماحة المفتي)، دەوڵەت، یان جەنابی بەڕێوەبەر...تاد.

ئەمە تا ئێستا لە چەندان وڵاتی عەرەبی لەگەڵ هەندێ جیاوازی بچووکدا بەکاردێت، بەڵام ئەم دەستەواژانەی خوارەوە هەموویان لە زمانی گشتی میسری بۆ بانگکردن بەکاردێن، هەڵبژاردنی هەر یەک لەو وشانەش پێوەندە بە بانگکراو، یان قسەلەگەڵ کراو و پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و قسەلەگەڵ کراو و ئەو جێیەی دواندنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەچێژترین شتی لێکۆڵینەوەکە ئەو بارەیە کە ئەو دەستەواژانەی تێدا بەکاردێت، لەوانە:

گەورەم (یا بیه)، ئەفەندی (یا افندی)، بەڕێز (یا سید)، بەڕێزەکەمان (یا سیدنا)، مامۆستا (استاذ)، دکتۆر (یا دکتۆر)، ئەندازیار (یا باشمهندس)، حاجی (یا حاج)، مامە (یا عم/ یا عمو)، خاڵە (یا خال/ یا خالي)، کاکە (یا أخ/ یا أخي)، وەستا (یا أسطة)،سەرۆک (یا ریس)، تۆ (انت)، محەمەد (یا محمد)، باوکی حمید (یا بوحمید)، کوڕە (یا ولد)...تاد.

ئەمانەش گشتیان تایبەتن بە ڕەگەزی نێر، لێرەدا دەستەواژەی تایبەت هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکی بەڕاستی، یان بەگاڵتەوە، یان دڵ ڕازی کردن، یان سەرزەنشتکردن...تاد. هەروەها لێرەدا دەستەواژەیەکی زۆرتر بۆ قسەکردن لەگەڵ ڕەگەزی نێر هەیە کاتێ باری دەروونی قسەکەر ئاسایی نەبێت، کە تووڕە بێت، یان دڵخۆش بێت، یان دڵتەنگ بێت...تاد بەکاردێت. بایەخدانی زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی بە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردانە لە ئێستادا تازەیە و لە قۆناغی وەسفکردنە، هیوا وایە توێژەران بتوانن لە هەوڵەکانیاندا بۆ شوورەکردنی ئەم دیاردانە بە واتای گەیشتن بەو دەستووره درێژە پێدانەی حوکمی لەسەر دەکات.

٨- زمان و تەمەن:

زمانی تاک لە کاتی نەشونمادا دەگۆڕێ و گەشە دەکات، هەرگیز لەوێدا ناوەستێ، بەڵام لە قۆناغی یەکەمی تەمەنیدا لەوپەڕی گەشەسەندنیدا دەبێت. پێشووتر بینیمان منداڵ چۆن بە قۆناغی گڕوگاڵ دەست پێدەکات و پاشان دەگاتە دروستکردنی ڕستەی پێکهاتوو لە یەک وشە، پاشان لە دوو وشە، پاشان لەچەند وشەیەک. لەم ماوەیەدا دایکان و باوکان یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن بۆ قسەکردن بە زمانێکی تایبەتی کە ناو دەنرێت (زمانی منداڵان) کە وشەیەکی وەک (بنو) بۆ ئاو و (مح) بۆ گۆشت و (کخە) بۆ پیسی و (دح) بۆ شتی تازە و (تاتی) بۆ ڕۆیشتن و بەم شێوەیە بەکاریبێنێت. وشەکانی وەک ئەمانەش (bowwow)، (bye bye)، (tummy)، (doggy)، (wabbit = rabbit) بە زمانی ئینگلیزی هەنە. ئەم دیاردەیەش لە گشت وڵاتەکانی جیهاندا دەبینرێت، باوکانیش بە بەکارهێنانی ئەم زمانە مەبەستیان ئەوەیە بارەکە بۆ منداڵەکانیان ئاسان بکەن و هانی بەکارهێنانی بدەن، بەڵام هەندێ جاریش زیانی بۆیان هەیە. لەدوای تەمەنی پێنج، یان شەشساڵی منداڵ دەگاتە ئەوەی توانای بەسەر دەستووری زمانەکەیدا هەبێت و پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە ژمارەیەکی زۆر وشەی وەرگرتبێت. لێرەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر زمانەکەیدا دێت، لە لایەکەوە دەست بەفێربوونی زمانێکی ڕەسمی پەسندکراوی کۆمەڵایەتی لە لای زۆرینەی خەڵک، بە تایبەتی ڕۆشنبیرەکان دەکات و لە لایەکی تریش دەست بە تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆی دەکات، کە لە کۆمەڵی جیاوازەوە هاتوون و زمانەکەشی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوەی لەوانەوە گوێی لێدەبێت. لەکاتی گەنجێتیدا بۆ نموونە لە زمانی کوڕ و کچاندا وشەی گشتی زۆر دەبینین کە زۆر جار کەسانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە کۆمەڵێکی دیکە جیادەکاتەوە، ئەم کۆمەڵانەش لەم قۆناغەدا و لە قۆناغی هەرەزەکاری و پاشی ئەوەش، زۆر دروست دەبێت. پاشان لەماوەی پێگەیشتندا زمانەکەی گەشە دەکات و سیمایەکی جێگیر وەردەگرێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی تاک خوێندنی تەواو دەکات و شوێنی خۆی لە پیشە و کۆمەڵدا وەردەگرێت.

لەگەڵ ئەوەی زمان لەگەڵ تەمەنی تاکدا پەرەدەسێنێ،

بۆیە بۆ هەموو ئەو تەمەنانە تایبەتمەندی زمانی وا هەیە لەوانی تر جیای دەکاتەوە. هەموو کەسێک لە کاتی گەشەکردنیدا کە لە منداڵییەوە تا دەگاتە گەشەی تەواو پێیدا تێدەپەڕێت. هەروەها تاکەکانی کۆمەڵ ئەو دەستوورانە دەزانن، کە جەخت لە بەکارهێنانی زمان لە تەمەنە جیاوازەکاندا دەکەنەوە، ئەگەر هاتو یەکێک ئەو دەستوورەی فەرامۆشکرد، ئەوە ئەو فەرامۆشکردنە لە لای هەمووان ڕوون و تووشی ڕەخنە و لێدوان، یان گاڵتەپێکردن دەبێتەوە، بەپێی ئەو ئامانجەی فەرامۆشکردنەکە کاری کردۆتە سەر و بە بەکارهێنانی نائاسایی دیار دەبێت، وەک ئەوەی پیاوێکی تەمەن چل ساڵ وەک گەنجێکی هەرزەکار قسە بکات، یان گەنجێکی هەرزەکار وەک کوڕێکی بیست ساڵ، یان منداڵێک لە تەمەنی حەوت ساڵیدا وەک منداڵێکی شیرەخۆرە قسە بکات و بەم شێوەیە... تاد.

دەبێت هەر تاکێک لە گشت ئەو تەمەنانەی کاری تێ دەکات، بە زمانێکی تایبەتی ناو کۆمەڵەی چاولێکەر و پارێزگار زیاتر لە کۆمەڵە کراوەکان پابەندبێت. لە کۆمەڵێک کە هانی گەنجان دەدات و هەوڵ دەدات بە بەردەوامی گەنج بن، وەک کۆمەڵی ئەمەریکی بۆ نموونە جێی سەرسووڕمان نییە، کە گوێ لەیەکێ بگرین لە تەمەنی چل ساڵی بێ، خۆی بە کوڕی چواردەساڵە دابنێت، کە ئەمەش لە هیچ کۆمەڵێکی پارێزگار، تەنانەت لە ئیشکایی ئەوروپاش پەسەند نییە.

٩- زمان و ڕەگەز:

مەبەست لە ڕەگەز لێرەدا کەسەکەیە کە نێر، یان مێ بێت. زمانیش لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا هەندێ جیاوازی هەیە. لەو جیاوازییە بینراوانە بۆ نموونە دەنگی ژن زیاتر تیژتر و بارێکی بەرزتری لە دەنگی پیاودا هەیە، ئەویش بۆ هۆکاری بایەلۆژی دەگەڕێتەوە، هەروەها گۆکردنی ژن لە پیاو زیاتر ڕوونترە و لەوانیش زیاتر سوور دەبن کە بە چاکی وشە و ڕستەکان دەربڕن، ژنان زیاتر لە پیاوان لە بەکارهێنانی زماندا پابەندی ڕێگەی دیاریکراو دەبن، کە ئەمەش خەسڵەتێکی گشتییە و ژنان لە پیاوان جیادەکاتەوە کە بە ئاسانی گۆڕانی تازە لە زماندا پەسند ناکەن و هەندێ کەرەسەی وەک (پێت وا نییە؟) زۆر بەکاردێنن، هەروەها جۆرێ لە ئاوازی ڕستە لە هی پیاوان زۆرتر بەکاردێنن.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بوو، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە وشەکانەوە بێت بە شێوەیەکی تایبەتی ژنان هەندێ وشە بەکاردێنن کە پیاوان بەکاری ناهێنن، یان هەندێکی بەکاردێنن جیاوازە لە بەکارهێنانی پیاوان، ڕوونترین نموونەی ئەم بەکارهێنانەش ژمارەیەکی زۆری ڕەنگە لای ژنان، وەک: بێجی، پەمەیی و سوور و زەرد و...تاد.هەروەها زمانی ژنان پڕە لەو خەسڵەتانەی گوزارشت لە هێزی سۆز دەکەن، ئەگەر ڕاست بێت، یان تەنیا لە خانەی خۆشدوانییەوە (مجامله) بێت.

هەرچەندێک ژنان تێکەڵی پیاوان نەبن و لە کۆمەڵی تایبەتی خۆیاندا گۆشەگیربن لە بەکارهێناندا ئەم جیاوازییانەش زیاتر دەبن، بەڵام ئەم جیاوازییانەش کاتێ کەم دەبنەوە کە ژنان بەرەو ناو کۆمەڵێکی فراوان بچن و پیاوان لە ژیان و کاری خۆشی و ناخۆشییەکان بەشێوەیەکی یەکسان هاوبەشی بکەن. لێکۆڵینەوەی زمانی ژن لە کۆمەڵگای عەرەبیدا دەبێت لەسەر بنەمای هەموو کۆمەڵەکەبێت بەجیاجیا، لەبەر ئەوەی ئەو بەکارهێنانە تایبەتییانە تەنیا لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە و بە شێوەزاری عەرەبییە بەکارهاتووەکە لێی تێدەگەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێتە یەکێ لەو لێکۆڵینەوانەی تامەچێژی خۆی دەبێت، چونکە ڕووناکییەکی بەهێز دەخاتە سەر پێگەی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا و پەرەسەندنی ئەو پێگەیە لەگەڵ گەشە و کراوەیی ئەو کۆمەڵە نیشان دەدات.

لە زۆر زماندا وا باوەڕ دەکرێت کە جۆرە لایەنگیرییەکی پیاوان دژی ژنان پێڕەو بکرێت، تەنانەت ئەمە لەبارەی زمانی ئینگلیزیشەوە دەڵێن و ئاماژە بە دەستووری زاڵبوو دەکرێ کە لە زمانی عەرەبی ناسراوە و دەیەوێت جێناوی نێر لە پێشەوە بۆ ئاماژەپێکردنی ئەو ناوانەی کە نێرە ئەگەر هاتو بریتی بوو لە نێر و مێ پێکەوە بەکاربهێنن، بەڵام دیارە ئەم دەستوورەش لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە و مەبەستیشی تەنیا سووکی و ئاماژەپێکردنە بۆ وشەکە، بەڵام لە ئینگلیزیدا زاراوە و دەستەواژەی تر هەیە کە ئاماژە بۆ ئەو لایەنگیرییە دەکات، وەک دەڵێن: ( He is aprofessional) مەبەستیان لەم دەستەواژەیە ئەوەیە پیاوەکە پیشەیەکی زۆر گرنگی هەیە وەک پزیشک و پارێزەر و لەو جۆرانە، بەڵام وشەیەکی وەک ( She is a professional) ئاماژەیە بۆ ئەو ژنەی کە سۆزانییەکی لێهاتووە، هەروەها وشەیەکی وەک ( master) بۆ نموونە بە واتای (بەڕێز)

دێت، بەڵام مێینەکەی ( mistress) بەواتای (دۆست) دێت و بەم شێوەیە چەندین نموونەی تریش هەیە. ئەگەر کار وابێت لە زمانی گەلێکی وەک ئینگلیزی کە ئافرەت سەربەستییەکی زۆری تێدا هەیە، ئەی لە زمانێکی تردا چۆن دەبێت کە ژن تێیدا تەنانەت لە بینینی ڕووناکی خۆریشدا بێ بەش کراوە وەک لەگەڵ ژنانی عەرەبدا بە درێژایی سەدان ساڵ ئەمە ڕووی دا.

بێ گومان لێکۆڵینەوەی زمانی عەرەبی لەم بارەیەوە هەندێ بەڵگەی ڕوون و ڕاستی لەبارەی پێگەی ڕاستەقینەی ژن لە کۆمەڵی عەرەبی جیاوازدا لە ماوە مێژووییە یەک لەدوای یەکەکاندا بەدەستەوە دەدات. تا ئێستاش شێوەزارە گشتییەکان لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا پڕن لەو نموونانەی ئاماژە بۆ تێڕوانینی دواکەوتوویی پیاوان بەرانبەر بە ئافرەتان دەکەن. تا ئێستاش گوێمان لەو دەستەواژانە دەبێت کە پیاوان بەرانبەر بە ئافرەتان بەکاریان دێنن، وەک: «جەماعەت»، یان «خاوەن ماڵ»، یان «منداڵەکان»، یان تەنانەت «دوور لە تۆ»، کەچی ئەمە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فێربوون و واڵاکردنی کۆمەڵگایەکان نامێنێت کە ژنان لە دەریایەکی فراوانەوە چوونەتە ناوییەوە.

١٠- زمان و ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی:

هەندێک لە کۆندا هەوڵیان دا زمان بە ڕەچەڵەک، یان ڕەگەزی مرۆڤایەتییەوە ببەستنەوە و بانگەشەی ئەوە بکەن و بڵێن زمانی گەلە ئارییەکان بۆ نموونە کە خاوەنی قژێکی سوور و زەرد و چاوێکی ڕەنگ شین و سەوزن زمانێکی پێشکەوتووە، چونکە ئەوانەی قسەی پێ دەکەن گەلێکی پێشکەوتووترن لەوانی دی، بەڵکو بانگەشەی ئەو پێشکەوتنەیان بە بیانووی داگیرکردنی وڵاتە هەژار و کۆیلەکردنی گەلە دواکەوتووەکانی بواری ژیاری دەکرد. لەم چەرخەی ئێستاماندا نازییەکان لە ئەڵمانیا و فاشییەکان لە ئیتاڵیا ئەم تیۆرەیان بەکارهێنا، گەلان و زمانەکانیان پۆلێن کردن و زمانی عەرەبی لە دوای هەموویانەوە هات. ئێستا بە بەڵگەی یەکلاکەرەوەوە ئەوە سەلمێنراوە کە لێرەدا ئەو جۆرە پێوەندییە نییە و هەر گەلێکیش دەتوانێت هەر زمانێک لە زمانەکانی سەر زەوی فێرببێ و وەریبگرێت، هەروەها هیچ زمانێکیش لە زمانێکی تر بە باشتر نازانرێت، تەنیا لەڕێی ژمارەی زۆری ئەو زاراوە و وشانەوە نەبێت کە ئاماژە بۆ زانست و تەکنۆلۆژیا دەکەن، کە شارستانییەتە خۆرئاواییەکان خاوەنی ئەو تایبەتییەن، کە ئەمەش شتێکی کاتییە و لە کاتێکی کورتدا دەسڕێتەوە ئەگەر هاتو زمانەکانی تر بتوانن بەخێرایی بگەن بە پێشکەوتنی ژیاری.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زمانی ئەو عەرەبانەی بۆ نموونە کە بە نەژاد تورکن، یان چەرکەسن، یان ئێرانین، یان ئەرمەنین، دەبینین خاوەنی هەندێ تایبەتین کە هەر یەکێ لەمانە لە کەسانی ڕەگەزەکانی تر جیا دەکاتەوە. ئەم تایبەتییانەش بریتیین لە وتن و ئاخاوتن،هەروەها بریتییە لە زاراوە و وشە و ڕۆنانی زمانی جیاواز. ئەم دیاردەیەش لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕوونی لەهەندێ لەو دەستەواژانە هەستی پێ دەکرێت کە تایبەتن بە زمانی یەهودی (جوولەکە) و هۆڵەندی و زمانی ئەو کۆمەڵەیەی کە لە نەژاددا ئیسپانی، یان پورتوگالین، بەڵام لە زمانی ڕەش پێستەکاندا زۆر ڕوونترە. ئایا ئەم جیاوازییانەی کە زمانی کۆمەڵەیەک لەوەی دیکە جیادەکاتەوە لە ئاکامی بناوانی ئەم کۆمەڵەیەیە، یان بۆ ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی دیاریکراو دەگەڕێتەوە؟.

دیارە توێژینەوەی زانستی بەهیچ شێوەیەک لایەنگیری ئەمە ناکات، بەڵکو ئەم دیاردەیە بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێنێتەوە، گرنگترینیان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانە، ئێمە بۆ نموونە دەبینین ئەم دیاردەیە لە نێوان کەسانی نەوە بەساڵاچووەکاندا لە هەر چینێ لە چینەکان بێت، بەواتای ئەوەی لەنێوان ئەو کەسانەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر کۆچ دەکەن و توانای بەسەر زمانە نەژادەکەیدا هەیە و نەریتی زمانی بەهێزی لەلا دروست بووە، کە ئاسان نییە لە کۆمەڵە نوێیەکەدا لێی ڕزگاربێت، بۆیە سروشتییە زمانە نوێیەکەی لە کاتێکی درەنگی تەمەنی وەرگرتووە، بەهەمان ڕەنگی زمانە نەژادەکەی خۆی بێت. ئەگەر هاتو منداڵەکانی لەو ژینگە نوێیە پەروەردەبوون و لە قوتابخانەکانیان بخوێنن و تێکەڵی ئەو هاوڕێیانەیان بن کە بەو زمانە دەدوێن، لەو کاتەدا بەهەمان شێوە ئەو زمانە وەردەگرن و فێردەبن کە خەڵکانی کۆمەڵە نوێیەکە بەکاری دێنن، هیچ کەسێکیش لە ئێمە ناتوانین جیاوازی نێوانیان و نێوان خەڵکی شارە نەژادەکە بکەین.

بەڵام لێرەدا بۆ تێکەڵبوونی خەڵکانی ئاوارە لەگەڵ ئەو ژینگە و کۆمەڵە نوێیەدا مەرجێکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەرگا لەبەردەمیان واڵابێت و هەلیان بۆ بڕەخسێت، خواست و ئارەزووی ئەو تێکەڵبوونەیان

هەبێت. ئەگەر هاتو بەربەست و ئەستەم هەبوو، یان هاتو ئەوان ئارەزووی توانەوەیان لەناو ئەو کۆمەڵە نوێیەدا نەکرد، ئەوە جۆرێکی تایبەتی، یان شێوەزارێکی تایبەتی لە زمان لەنێوانیاندا لەژێر کارتێکرانیان بە شارستانییەت و زمانەکانی یەکەمی خۆیان نەک دەپیارێزن، بەڵکو لەوانەیە خاڵی جیاوازی زۆر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوانیان و لەنێوان زمانی ئەو کۆمەڵەی پێی ناسراون و پەسندە دروست بێت پەیدا دەبێت. گەشەسەندن و پەرەسەندنی زمانی بەناو رەش پێستەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکە بۆ ئەوە، بەڵام زمانی ئەوانەی کە سەر بە نەژادی ئیسپانی، یان پورتوگالین، جیاوازییان لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا هۆی تری لەپاڵە، لەوانە نزیکی ئەوان و پێوەندیی بە بەردەوامیان بە وڵاتەکانی ئەمریکای ناوەراست و باشوور و دوورگەی دەریای کاریبی کە تا ئێستاش زۆرینەی خەڵکەکانی بە یەکێ لەو زمانانە قسە دەکەن.

١١- وشە کۆمەڵایەتییە قەدەغەکراوەکان(وشەی تابوو):

لەم بەشەدا وتەکانمان بە قسەکردن لە بارەی ئەو ستراتیژییەی خەڵکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەکاری دێنن بۆ خۆ دوورخستنەوە لەو وشانەی کە کۆمەڵ دانی پێدانانێت، کۆتایی پێ دێنین. ئەم دیاردەیەش، دیاردەی وشە کۆمەڵایەتییە قەدەغەکراوەکانە(تابوو) کە لە گشت کۆمەڵەکاندا باون، بەڵام لە کۆمەڵە واڵاکاندا کەمێ سووکتر و کەمترە. لەم ساڵانەی دواییدا لە رۆژئاوا ئاراستەیەکی روونمان لای هەندێ لە ئەدیبان لە لایەک و گەنجانی هەرزەکار و هیپییەکان لە لایەکی تر و کچان بە گشتی دیوە، کە گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی زۆربەی وشە قەدەغەکراوەکان(تابووەکان) بە شێوە نەژادەکەی و بێ شەرمکردن. ئەمەش دەربارەی زۆرینەی کۆمەڵان بە توندرەوییەکی زۆر دەژمێردرێت، بە پێچەوانەی توندگرتن(تزمت)ی زۆر دەوستێت کە لە ئینگلتەرادا باوبوو، بۆ نموونە لە چاخی فیکتۆری کاتێ کەسێک - بە تایبەتی کچ - پەسند نەبوو بڵێت: پێی مێزەکە شکا، لەبەر ئەوەی وشەی (پێ) لەو وشانە بوو کە بەکارهێنانی لەوێدا قەدەغە بوو.

لەچەند جێگە و بۆنەکانی پێشوودا وتمان بەکارهێنانی زمان بەندە بە دەستوور، ئەو دەستوورەش دوو جۆرە، جۆرێکیان پێوەندی بە پێکهاتەی زمانەکە خۆیەوە هەیە: دەنگ و دەستوورەکانی. جۆرێکی تر پێوەندە بە بەکارهێنانی کارەکی(پراکتیزەیی)، ئەم دەستوورەی دووەمیش زۆربەی دەستووری کۆمەڵایەتی و دانراوەییە و سروشتی لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە، تەنانەت ئەگەر بێتو هەردوو کۆمەڵەکەش هەمان زمان بەکاربێنن، لەسەر تاکە کە لە کۆمەڵێکدا دەژیت پابەندی ئەو دەستوورانە بێت، ئەگەر بێتو ئارەزووی ئەوە بکات کە لەو کۆمەڵەدا تاکێکی پەسندبێت.

وەک بینیمان هەندێ لەو دەستوورانە، بەکارهێنانی شێوە جیاوازەکان لە جێیە (ژینگە) جیاوازەکاندا رێکدەخەن، بەڵام هەندێکی تریان بەکارهێنانی هەندێ لە وشەکان، یان دەستەواژەکان قەدەغە دەکەن، بە دانانی ئەوەی ئەو وشانە، یان دەستەواژانە پاکوپوخت نین، یان وشەی بێ شەرم و نارێکن، ئەم دەستوورانەش وا نییە کە خەڵکی لێیان دەروانێت، کە تایبەت بن بە کۆمەڵە پێشکەوتووەکان و ئاماژە نین بۆ پێشکەوتوویی و رەوشت بەرزی و هەست ناسکی و ئارەزوو، بەڵکو تەنانەت لە زۆربەی کۆمەڵە سەرەتاییەکانیشدا هەیە. لەلای هۆزێکی هیندییە سوورەکانی وەک (زوونی) دەستووری تایبەتییان بۆ بەکارهێنانی شێوازە زمانییە جیاوازەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەندێ وشە هەیە. سێ شێوازیان بۆ وشەکان هەیە:

- شێوازی گفتوگۆی ئاسایی.
- شێوازی وشەی پیرۆز.
- شێوازی گاڵتە و رابواردن.

گشت ئەم شێوازانەش ژینگەی جیاوازی خۆیان هەیە کە دەبێت تێیاندا بەکاربێن، هەروەها هەندێ وشەیان هەیە کە قەدەغە بەکاربێن وەک وشەی (تکە) کە بەمانای (بۆق) دێت و لەکاتی ئەنجامدانی هەندێ دابونەریتی ئاییینی بۆ نموونە نابێت ئەو وشەیە بوترێت، هەروەها ئەو وشانەی ئاماژە بۆ ئەمریکییە سپییەکان بکەن، لە هەمان بۆنەدا قەدەغەیە بەکاربێن. بەڵام هۆکارەکانی قەدەغەکردن بە ئاسانی ناتوانرێت سنووردار بکرێن، چونکە هەر وشەیەک بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی رووت کە کۆمەڵ واتایەکی دیاری دەخاتە سەر لەبەر پێویستی بۆ ئەو واتایە، بەڵام کەی و چۆن ئەو وشە پێویستە بەسوودە دەبێتە وشەیەکی بێ شەرم و پیس و نارێک و نابەجێ و سووک بە تێروانینی کۆمەڵ، کە

ئەمـەش بەڕاسـتی بارێکی سـەیر و سـەرسـوڕهێنەرە؟!. لەبەر ئەوەی کاری سەرسوڕهێنەر ئەوەیە وشە لەبرییەکەی وەک واژەیەکی ناسک سەبارەت بە وشە قەدەغەکراوەکە بەکـاردێت، زۆر جـار ئەویش پاش چەند سـاڵێک لەبەر چاوی کۆمەڵ خۆیەوە دەبێتە وشەیەکی ناشیرین و نابەجێ و بەکـارهێنانی قـەدەغـە دەکـرێ و بە وشـەیەکی دیکە دەگۆڕدرێتەوە.

هەندێ لە زانایان لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەندێ لە وشـەکانی زمـان، بەواتای هەست نـاسکی و ئارەزووی بەرز نابینن، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوانەوە باوەڕیان وایە کە ئەو جۆرە قەدەغەکردنە زیانی زۆری هەیە. ئەگەر هاتو کـۆمـەڵ ژمـارەیەک لەو وشـانەی پێـوەند بـن بەبارێکی سروشـتی وەک جووتبـوون، یان دادەر، یان میـز و...تاد جیـابکاتەوە و بخـاتە لاوە، بەوە یارمـەتی دابەزینی ئەو ئەندام و کـردارانە دەدات لەوەی بیـانگەیەنێـتە نزمـترین ئاست کـە وای لـێ دێت تەنانەت ئـامـاژە بـۆ کـردنیـشی ببێتە شتێکی نەنگ و خەڵکی خۆی لێ دوور بکاتەوە و بەکاری نەهێنێت، باری ڕاستی ئەوەیە کە بەتێڕوانینێکی ئـاسـایی و تەندروست لێـــان بڕوانین. هەروەها ئەم قەدەغەکردنە بوار بۆ سەرپێچیکردن و بەکارهێنانی ئەو وشـانەی بۆ ئەرکی تایبـەتی لەوانە نوکـتـەی نـەنگ و لەوەش ترسناکتر دەکاتەوە.

وشە قەدەغەکراوەکان (تابوو) دەکەونە سەر یەکێ لە ژمارە دیاریکراوەکـانی بابەتێک، گـرنگـترینیـان باوەڕی پووچ و ئەفسـانەیە لە هەندێ وشـەدا، یان ئەو وشـانەی ئامـاژەی بۆ دەکـەن دەبنە سـەرچاوەی ترس، پاشـان باسی مـردن کە کـەس حـەزی پێناکـا و حەز بەناوهێنانیـشی ناکـات، هەروەها باسی وەچە و زاوزێ (نسل و تناسل) و ئەوانەی پێوەندییان پێوەی هەیە و گشت ئەو شتانەی پێوەندییـان بە ئەندامـەکانی دادەر و زاوزێوە هەیە لە بێ نوێژی و جووتبوون و نێربازی و شتی لەو بابەتە.

لە هەندێ لە کۆمـەڵەکـاندا نـابێت نـاوی شـەیتـان، یان دێو بهـێنرێت، لەبەر ئەوەی کـاتێ ناویان بێنیت باوەڕیان وایە پەیدا بن ، لەم شـێـوەیەش لە هەندێ کـۆمـەڵی عـەرەبیـمـانـدا تا ئێـسـتـاش ڕوودەدات، کـاتێ ناوی سەیدەکان (أسیاد) لە جیاتی جنۆکە، یان دێو، یان کاتێ ناوی (بسـملە) کـە کـورتکراوەی (بسم الله الرحمن الرحـیم)ە لە جیـاتی ناوی ئەوانە دێت، وەک وتەی یەکێک کە دەڵێت: (بینیم، بسم الله الرحمن الرحيم)، بەڵکو لێرەدا هەندێ کۆمەڵی وەک کۆمەڵگە مەسیحییە ئەوروپییـەکـان هەن بۆ نموونە بەکـارهێنانی نـاوی (خوا) لە هەندێ وتووێژی ئاسـایی قـەدەغـە دەکـەن، تەنیـا لە بۆنەی ئایینی و خوێندنی کـتێبی پیـرۆز و نوێژ و شـتی لەم جۆرە نەبێت، کەچی کۆمەڵی ئیسلامی پێچەوانەی ئەمە دەوستن، کە ناوهێنانی (خوا) لە گشت بۆنەیەکدا دەبێتـە ڕەحمەت و خێر و بەرەکەت و کارێکیشـە ئایین هانی نـاوهێنانی دەدات، بەڵام باسی مـردن لە گـشت کۆمەڵگەکاندا شتێکی نەویستراوە، لەبەر ئەوە خەڵکانی وڵاتە جیاوازەکان لە جیاتی وشەی (مرد) وشەیەکی تر کە بۆ گوێ ناسکتر بێت و لەسەر دەروون سووکتر بێت بەکـاردەهێنن، وەک ئێـمـە بۆ نموونە دەڵێین: چووە پەنای خـوا، یان: کـۆچی دوایی کـرد، یان: ڕوحی دایەدەست، یان: خـوالێـخـۆشـبـوو...چەندین دەسـتـەواژەی تری لەم جۆرە. هەروەها نموونەی وەک ئەمـەش ئاماژە پێنەکردنی ڕاستەوخۆیە بۆ هەندێ لە نەخۆشییە گواستراوەکان، یان کـوشندەکـان وەک سـیل و شـیـرپەنجە و ئاولە و...تاد. ئەمەش بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانە ڕوودەدات، بۆ نموونە نەخۆشی و جنۆکە پێکەوە دەبەستنەوە، کە تا نزیکی ئەم سـەردەمـە لە لای ئێـمـەش ئەم باوەڕە وابوو، بەڵکو لە هەندێ کۆمەڵگەی عەرەبی تا ڕۆژانی ئیمڕۆش هەر هەیە.

بەڵام قـەدەغـەکـردنی گـشت ئەوەی پێـوەندی بە ئەندامەکانی دادەر و کارە سێکسییەکانەوە هەیە شتێکە هەمـوومـان دەیزانین و لە گـشت کـۆمـەڵگەکـاندا باو و بڵاوە، بێ ئەوەی وشە بنەڕەتییەکانی ئاماژەیان بۆ دەکات بەکـاربێنین. گـشت کـۆمـەڵگەیەک وشـەی تری بۆ بەکاردێنێ، کە لەلای زۆرینە پەسەند بێت، سەرەڕای ئەوە ئەو وشە تازانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێت. بارەکەش تەنیـا بەو ئەندام و کـارە سێکسـییـە خۆیەوە تایبەت نییە، بەڵکو هەندێ جار قەدەغەکردنەکە زۆرینەی ئەو وشانەیە کە هێما بۆ واژە، یان واتایەکە بۆ ئەندامێک لە ئەندامەکانی دادەر یان کردە سێکسییەکان دەکات و ئەگـەر هاتو واژەکە، یان وشـەکـان لێک نزیک بن، یان لێکچـوو بن دەگـرێتـەوە. هەتا سـەردەمـانێکی نزیک خـەڵکی لە باشـووری وڵاتە یەکگرتووەکـان خـۆیان لە بەکارهێنانی وشەی (گامێش) لە وتووێژەکانیاندا بەدوور دەخـست و پەنایان دەبردە بەر دەسـتـەواژەی تری وەک (نێـرینەی مـانگا)، یان (نێـری ئاژەڵ). زۆر جـار کـۆمـەڵگەیەک وشـەیەکی بیـانی لە جیـاتی وشـە

قــەدەغــەكــراوەكــەی خــۆی  بەكــاردەهێنێ و هیچ بێ شەرمییەكیشی تێدا نابینێت، وەک ئەوەی ئێمە وشەی (تەوالێت) بۆ (ئاودەس) یان (دەست شۆر) بەكاردێنین، یان هۆزی (نیــووب) لە خــۆرئاوای ئەفــریقــیــا وشــەی عەرەبی وەک (جمـاع) و (قفا) کە هەمان مەبەستیان هەیە لەلای ئەوان بەكــار دێنن، بەهۆی ئەو واتایەی كــە وشــەكــانی وەک (ass, cock) هێــمــای بۆ دەكــات سەبارەت بە ئەمریكییەكان وازیان لە بەكارهێنانی ئەو دوو وشەیە هێنا و لە جیـاتی ئەوە وشەی (donkey, rooster) بەكاردەهێنن، لەگەڵ ئەوەی ئەو وشەیەی یەكەم تا ئێستاش لە كۆمەڵگەی بەریتانی بەكاردێ، وادیارە زمـانی ئینگلیـزی ئەمـریكی دەوڵەمـەندترین زمـانە لە بارەی وشـەوە، لە جـیـاتی وشـەی (بێ نوێژی) زیاتر لە سەد وشەیان هەیە كە بەكاری بێنن.

هەروەها لێرەدا بەكارهێنانی ناوی هەندێ ئاژەڵی وەک سـەگ و كـەر و بەراز بۆ نموونە بۆ یەكـێكی وەک ئێـمـە ئەگەر بێتو لە جیاتی ناوی مرۆڤ ئاماژەی بۆ بكرێت بە سووكایەتی و گاڵتەپێكردن دێت، بەڵام ئەمە لەگەڵ ناوی هەندێ ئاژەڵی تری وەک شێر و پڵنگ و ئاسک و...تاد ئەو مـەبەسـتە ناگـەیەنێ، ئەم بارەش لە كـۆمەڵێكەوە بۆ كـۆمــەڵێكی تر جـیــاوازە. هەروەها ئەوەی كــە بەجنێـو دادەنرێت قــەدەغــەیە بەكـاربێت، ئەو دەربڕینانەی مـانای نەنگیی بەدەستەوە دەدەن وەک شەل و كوێر و خێل و لەم نموونانە. هەروەها تێكدانی پیت و نـاوی كــەســێـک تا دەبێــتــە واژەیەكی لێكچــوو لە وشــەیەكی خــراپ و ئاماژەكردن بۆ لاوازی ئاوەز وەک شێت و گەمژە و گەوجە و كوێر و گێل و بێ مێشک و تەپل و شتی لەم جۆرە.

كە لێرەدا یاسا هەبێت بەكارهێنانی هەندێ دەستەواژە قەدەغە بكات، ئاساییە كەسانێک هەبن بە پێچەوانەوە، یان دژی ئەو یاســایە بوەستن و وتە و وشـــەی نـابەجێ بەكـاربێنن. لێـرەدا نامـانەوێت لێكۆڵینەوەی ئەو بابەتە دیاری بكەین، بەڵام تەنیـــا ئـامــــاژە بۆ هەندێ لەو ئەنجـامـانە دەكـەین ئەوانەی مـەبەسـتـیـانە وتە و وشـە نابەجێكان بەكاربێنن.

یەكێ لە ئامـانجـە ڕوونەكـان گـاڵتــە و سـووكـایەتی پێكردنی قــســە بۆكــراوە، ئەمــەش زۆر جــار لە نێــوان زۆرینەی خەڵكدا لە كاتی شەڕكردندا ڕوو دەدات، بەڵام ڕۆشنبیـرەكـان لەم بارەشـدا خـۆیـانی لێ دووردەكـەنەوە و بەكـاری ناهێنن، یـەكێ لە ئامـانجـەكـانی تر هەندێ جـار سـەرنج ڕاكـێـشـانە بۆ قـسـەكـەر، بە تایبـەتی كـاتێک كـۆمـەڵێک خـەڵـک لەوێ بێت، كـە قـسـەكـەر وا دەكـات سەرنجیـان بۆ لای خۆی ڕابكێشێت بەوەی كە دەیڵێیت، هەوڵ دەدات بە بكارهێنانی هەندێ وشەی قەدەغەكراو بە شێوەی نوكـتـە، یان لێدوان، یان وەک ئەو شێـوەیە بێت بیـانجـوولێنێ. زۆر جار قسە بۆكەر دەیەوێت بەرەنگاری چەمكە ناسـراوەكـانی كـۆمـەڵەكـەی بێت، یان بەهۆی بێ ئومــێــدی لەســەركــەوتن و هەســتكردنی بەڕووخــان و بێزاربوونی لەو كۆمەڵگەیەدا، یان وەک ئەوەی گەنجێكی هەرزەكـــار و تۆڵەســێـن لەســەر بارە بـاوەكــە و بنـیــاتی كـۆمـەڵگە و بنیـاتی دەسـەڵات دەیكات، هیـپـیـیـەكـان باشترین نموونەی ئەمەیە كە باسكران.

هەروەها لەوانەیە ئامـانجی قسەكەر گاڵتەپێكردنی ئەو كەسانەبێت كە نوێنەرێتی دەسەڵات دەكەن، وەک پۆلیس و پیـــاوانی ئایینی و بـاوكـــان و مـــامـــۆســـتــــایـان و سیاسەتمەداران و...تاد. كە لە بارەی سێكسییەوە ناویان بێنێ و بڵـــێـت ئەوانە لە بەكـــارهێنانی ســـێكس بە شێوەیەكی سروشتی پەكیان كەوتووە. لە ئاكامی هەندێ دەسـتـەواژەی قـەدەغـەكـراو لە كـۆمـەڵگە جیـاوازەكـاندا بازرگانی (نوكتەی ناشرین و پیس) پەرەی سەند، بەڵكو وای لێهات گشت گەلێک شێوازی دیاریكراوی بۆ نوكتە هەبێت كـە خـۆیان زیاتر لە كـەسـانی تر تامـوچێـژی لێ وەردەگـرن، بۆ نموونە ئەڵـمـانیـیـەكـان زیاتر بەو نوكـتـانە پێـدەكـەنن كـە باس لە مـیـز و شـتی لەو جـۆرە بكەن، فـەڕانسـیـیـەكـان زیاتر ئارەزووی نـوكـتـەی سـێكسی و لەشفرۆشی و داوێن پیسی دەكەن، بەریتانییەكان حەز بە نوكـتـەی نێـربازی و لەو جـۆرە دەكـەن، ئەمـریكییـەكـان ئارەزوومـەندی ئەو نوكـتـانەن كـە ئامـاژە بۆ توندوتیـژی و ڕیسواكردنی ئافرەت دەكەن.

ئا ئەمـەیە گرنگترینی ئەو باسانەی پێوەندییان بە زمان و كۆمەڵەوە هەیە، كە یەكێكە لەو باسانەی زۆر خۆشن، بەڵام قورسی وشە تێیدا لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێكی تر جـیـــاوازە، لێكـۆڵینەوەش لەم بارەیەوە بە كــۆمــەڵگە عەرەبییە جیاوازەكان زۆر كەمە، لەبەر ئەوە ئەو نموونانەی كە دەبێت بهێنرێنەوە زۆر نین.

**سەرچاوە:**

**(اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة)، د.نايف خرما، كويت، ١٩٨٧، ل٢٣٠ - ٢٤٩.**

# میدیا له ڕۆژئاوادا

محەمەد عەبدوڵلا کەلاری*

میـــدیا له ڕۆژئاوادا له ڕووی کـاریگەری لەسـەر ڕای گـشـتی، دەسـەڵاتی چوارەم وەردەگـرێ، بەڵام له کـاتی ڕووداوه گەرمەکاندا دەچێته خانەی یەکەمەوه و شان به شانی هەردوو دەسەڵاتی سیـاسی و سەربازی دەوەستێ. بنچینەی میدیا له ڕۆژئاوا بانگەواز بۆ ڕاکێشانی کەسی دوێنراو، ڕاکێشانیـەتی بۆ ئامانجه مادییەکـانی، بەهەر نرخ و هەر هۆکـارێک بێ، گـرنگ نیـیـه ئەم هۆکـارانه ڕێپێدراو، یان ڕێپێنەدراو، گونجاو، یان نەگونجاوبن بۆ بەدەسـتـهێنانی ئامانجەکانیـان هەموو ڕێگەیەک دەگرنه بەر. هەندێ بڕوایان وایه که مەبەست لەوەی جیهان ببێته گوندێکی بچووک، ڕاستییەکەی هۆکاری هێرشه بۆ سەر جیـهانی سێیەم و ڕۆژئاوا مەبەسـتێتی یەک ڕۆشنبیری پیـاده بکرێ، ئەویش ڕۆشنبـیـری ڕۆژئاواییــه، بەمـەش جیـهـان وەک گـوندێکی لێدێ کـه یەک شێـوازی ژیان و بەها و پێـوانەی هەبێ، واتا پێـویسـتـه ڕۆژهەڵات هەمـان بۆچوون و بیــروباوەڕ و نەریت و تەنانەت خـووڕەوشـتی هەبێ، هەروەک بڕواشیـان وایه کـه پێـویسـتـه له ڕووی خـواردن و پۆشاکـیـشەوه، ڕۆژهەڵات هاوشێـوەی ڕۆژئاوا بێ.

له جیــهـانی ئەمـڕۆی ڕۆژئـاوادا، بەدەگـمەن تـاک هەیه خـاوەنی (سـێلفـۆن و نێت و سـەتەلایت) نەبێ کـه بۆته بەشێک له پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانه. ئەو دەرفەته لەپاڵ بەگـەڕخـسـتـنی بازاڕی سـەرمـایه بۆ خـەڵکی ڕۆژهەڵاتیش ڕەخـســا، کــه له ســەرەتادا مــاڵـه دەوڵەمەندەکان، دواتر جووتیـارانیشی گرتەوه، که ئەگەر خاوەنی نێت و سەتەلایتیش نەبێ، سێلفۆنێکی لەسەر نێکی بەستووه. له وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و لەوانه له ئەمــەریکا تەواوی ڕادیۆ و ڕۆژنامــەکــان لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی گەورەوه کۆنترۆڵ کراون، که ژمارەیان له پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ، هیچ کـام لەم

کۆمپانیایانە بەتەنیا ڕادیۆ و ڕۆژنامە کۆنترۆڵ ناکەن، بەڵام ئەم ڕەوتە بەخێرایی و بەشێوەیەکی بەرین بۆ کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئیزگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بڵاوکردنەوەی کتێب، پیشەسازی سینەما و میدیاکانی تر لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی چەند میللەتێکەوە دەچێتە پێش. بەمەش دەکرێ وەک خاوەن کۆمپانیاکانیش پێشبینی دەکەن، لەئایندەیەکی نزیکدا ٥-٦ کۆمپانیای گەورە کۆنترۆڵی تەواوی ڕادیۆ و ڕۆژنامە سەرەکییەکان بگرنە دەست. بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکی هاوبەش کە لەنێوان ئامانجە تایبەتی و سیاسی و ئابورییەکانی خاوەنەکانی ئەم کۆمپانیانەدا هەیە و بە لەبەرچاوگرتنی توانایەکی سەرسوڕهێنەر کە بە تێکەڵبوونی ئامرازی جۆراوجۆر و مۆدێرنەکانی هەواڵ و میدیا پێکدێ، بوونی ١٠-٢٠ خاوەنی بەهێز لەجیاتی یەک خاوەن، جیاوازییەکی ئەوتۆی بۆ خەڵک نییە و ناشیبێ.

پێشبینی ئەم تێکەڵاوبوونەوی کۆمپانیا گەورەکان لەسەر ئەو بنەمای گۆڕانکارییە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕوویان داوە، بۆ نموونە لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە ٨٠٪ی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا خاوەندارێتی سەربەخۆیان هەبووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ ەوە ئەم پارسەنگە پێچەوانە بووەتەوە و ئێستا خاوەنی زیاتر لە ٨٠٪ی ڕۆژنامەکان لەدەستی کۆمپانیای گەورەی زنجیرەییدایە، بەڵام دوای حەوت ساڵ ژمارەی ئەم کۆمپانیایانە بووە سیازدە کۆمپانیای گەورە. ئێستاکە گەرچی زیاتر لە ٢٥ هەزار ئامرازی جۆراوجۆری میدیا لە ئەمەریکادا هەن، کەچی تەنیا ٢٣ کۆمپانیای گەورە کۆنترۆڵی زۆربەی ئەو ئامرازانە دەکەن. ستراتیژ و ئامانجی ئەم کۆمپانیا گەورانە ئەوەیە کە دەبێ تا ئەو جێگەیەی دەکرێ خاوەندارێتییان بەسەر هەموو جۆرە ئامراز و دامودەزگاکانی هەواڵیدا هەبێ، (ڕۆبەرت مورداک) کە یەکێکە لە گەورەترین خاوەنانی ئەم ئامرازانە، دەڵێ: "سەرەکیترین و ڕەسەنترین سیاسەتی ئابووری و جیهانی خۆی لەم زەمینەیەدا، کڕین و دەست بەسەردا گرتنی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ترە". خاوەنە ڕەسەنەکانی تۆڕە (تەلەڤیزیۆنەکانی کابڵ) هەر ئەو کۆمپانیایانەن کە ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، کتێب و ئامرازەکانی تری میدیایان لەبەردەستە. ئەم کۆمپانیایانە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خاوەندارێتی گشتی، یان بەشێک لەو بەرنامانەی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە، لەدەست خۆیاندا بێ.

ئێستا هەرچی لە ئەمەریکا دەخوێنرێتەوە و دەبینرێ کۆنترۆڵی لە دەست خاوەنانی ٢٣ کۆمپانیای گەورەدایە، ئەمانە دەتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی میدیا کۆمپانیاکانی تر وەلاوە بنێن، تەنانەت بانگەوازکردن بۆ سیاسەتمەداری دڵخوازی خۆیان، یان ڕیسواکردنی، ئەم کۆمپانیایانە گرنگترین و بەهێزترین فاکتەری شکڵ پێدانی بیروڕای گشتی ئەمریکان سەبارەت بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان و بەهۆی بوونی دەسەڵاتێکی وەهاوە بەسەر بیروڕای گشتیدا ئەم کۆمپانیایانە لەناوخۆی وڵاتدا هەژموونێکی کاریگەر و حاشا هەڵنەگریان هەیە. خواست و مەبەستی زۆربەی خاوەنانی ئەم کۆمپانیایانە بوون بە سەرکۆمار نییە، بەڵکو بوونی هەژموونە بەسەر سەرکۆماردا، ڕادەی ئەم هەژموونە بە توانای ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانەوە بەستراوەتەوە. زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پێکهاتن. لەوانە، نیویۆرک تایمز، واشنتون پۆست و لۆس ئەنجیلۆس تایمز. ئەمانە ڕۆژنامە سادە و لۆکاڵییەکانی سەرەتای پێکهاتنی ڕۆژنامەکان بوون، بەڵام لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠ بە بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتە گشتییەکان، چوونەسەری ئاستی خوێندەواری و زانیاری، بوونە دامەزراوی گەورە. لەو کاتەوە لەناکاو دنیای سەرمایەگوزاری بازرگانییەکی یەکجار پڕ لە قازانجی بەناوی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان ئاشکرا کرد، بەربەرەکانێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان دەستی پێ کرد، پاوانکردنی خاوەندارێتیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو. لەم ساڵانەی دواییدا کۆمپانیاکانی وەک (تایمز وارنەر) بە ڕادەیەک بەسەر بازاڕی کتێبدا زاڵبوون کە سەرەڕای بوونی یازدە هەزار گۆڤاری جۆراوجۆر لە ئاستی وڵاتدا، تەنیا سێ کۆمپانیای گەورە زیاتر لە نیوەی بازاڕیان لە ژێر کۆنترۆڵ و بەردەستدایە. هیچ کام لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە هەواڵییە سەرتاسەرییەکانی ئەمەریکا بەتەنیا ناتوانن وەڵامدەرەوەی تەواوی نیازەکانی کەسێکی ئەمەریکی بن، لەم ڕووەوە سەرەڕای بوونی زیاتر لە ٦١٠٠ ڕۆژنامەی لۆکاڵی، تەنیا شتێک کە لە ڕۆژنامەی سەرتاسەری دەچێ (واڵ ئێستریت جورناڵ)ە، ئەویش ڕۆژنامەیەکی تایبەتمەندییە. (نیویۆرک تایمز)، وردە وردە خەریکە وەک ڕۆژنامەیەکی سەرتاسەری لێدێ کە لە هەموو شوێنێکی ئەمەریکادا وەدەست دەکەوێ.

جەماوەری میدیای نوێ، بەو فرەیی و هەمەڕەنگی و ئەو کولتوورەی تێیدا باوە، لە هەمەجۆر شوێنێکی جیهاندا هەن. پەیڤی چاپکراوی سەر کاغەز (کاغەزی

ڕۆژنامە و ماڵپەری ڕۆژنامەکان)، وێنەی چەسپاو، وێنەی بزواو، تۆماری دەنگوڕەنگ، هەموو ئەم تەکنیکانە کار لە بیرکردنەوە و کولتووری مرۆڤ دەکەن، نەک مرۆڤی ڕۆژئاوایی، بەڵکو مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا بێ، دەکەوێتە بەر کاریگەری ئەم تەکنیکی میدیایە. گەلێ ئامرازی دیکەش هەن کە بە هەمان ئەندازە کاریگەرن، وەک موزیکی کلاسیکی و موزیکی هەرادار و ئەو فیلمە سینەماییانەی هۆلیوود دەیانهێنێتە بەرهەم، بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆن و شێوازەکانی ژیان. سەرباری بەهاکانی ئایدۆلۆژیا وەک داد و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سەربەخۆیی تاک و ئازادی کە لە یەک کاتدا شتی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە گەیاندنی نێودەوڵەتی بەرەو هاندانی تاکایەتی دەچێ، ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتیش ئازادی تاک فراوانتر دەکات و لەکاراکردنی دیموکراتیەت لەنێو نەتەوەکاندا بەشدار دەبێ، هەروەها گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری بووە مایەی بەگوڕ کەوتنی بازاڕی ئابووری و کولتووری میللی ڕۆژئاوا.

بەهێزکردنی تواناکانی ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوا (میدیای بەریتانیا و ئەو دەزگا هاوبەشانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پەیڕەوی دیموکراتیەت دەکەن)، لەکاتی تەنگژەی نێودەوڵەتیدا زۆر بە خێرایی و بە تەواوی کار لە پێوەندی نێودەوڵەتی دەکەن، کە سەرکردەکانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنانی بازرگانی و ڕێکخراوی حکوومی لە بەدەستهێنانی هەواڵ، لەبارەی ڕووداوی جۆربەجۆر پشتی پێ دەبەستن. ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی لە ناسینی گیروگرفت و کردەی تیرۆریستی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئاراستەی ئابووری و تەنگژەی بازرگانی و کارەساتی سیاسیدا، دەتوانن یارمەتی جیهان بدەن. (هێرمان و میک چیسنی) ڕەخنەیان لە میدیای ئابووریداری نێودەوڵەتی و گەشەسەندنەکانی گرت، هەردووکیان سەنترالیزمی هێزی ئامرازەکانی میدیا بە باش دەزانن، هەروەها بە تەواوی ئیدارەدانی میدیای جەماوەری و پێشکەشکردنی خزمەت لە ئاستی ئامرازەکانی میدیا ڕەت دەکەنەوە. ئەوان ئامرازەکانی میدیا بە هەڕەشەیەک بۆ سەر دیموکراسی دەزانن، بەهۆی ئەوەی ئاستی بەشداریکردنی جەماوەر کەم دەکەنەوە. وا لە کولتووری کات بەسەربردن دەڕوانن کە لەگەڵ سیستمی دیموکراتیدا ناکۆکە، وا لە ئامرازەکانی میدیا دەڕوانن کە هۆکارێکن وا داڕێژراون دڕ بە بازاڕ بدەن، نەک وەک پێویستییەکی پێوەندیکردن لەنێوان هاووڵاتیاندا هەبن. ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی بە پارێزەوە دەڕوانێتە کۆمپانیای فرە ڕەگەز، ئامرازەکانی میدیا وەک ئەوەی ڕەخنەگران دەیبینن، دەکەونە بەر هەڕەشەی دەزگاکانی فرە ڕەگەز، ئەویش بە بەکارهێنانی میدیا بۆ وەدەستهێنانی قازانج. ڕەخنەگران پێشبینی دەکەن بەهای دەزگاکانی میدیا ڕوو لە کزی بکات، لەگەڵ پشتگوێ خستنی ئەو دەنگانەی بانگەشە بۆ کێبرکێ و ئامادە نەبوون بۆ گەنگەشەکردن لەبارەی بابەتی هەواڵەوە دەکەن، لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەخنەگران ترسی ئەوەیان هەیە لەپێناو شتی تایبەتدا، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی بکرێتە قوربانی. هەندێ لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان مەترسی لە کارکردنێکدا نییە کە بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ و بەدواداچوونی ڕووداوە، بەڵکو کێبرکێ لەبواری دابەشکردنی هەواڵ و زانیارییە بەهۆی کێبڵەوە، یان لەڕێگەی سیستمی مانگی دەستکرد، یان پەخشی ئاساییەوە.

لەنێو هەموو ئەو ڕۆژنامانەی کە لە ئەمەریکادا کاریگەرییەکی زۆریان هەیە بریتین لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و یو ئێس تودەی و واشنتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جورناڵ، ئەم ڕۆژنامانە هەژموونی ژیانی ئابووری و سیاسی ئەمەریکایان کردووە و بۆ زۆربەی کەناڵە میدیاکانی تر بە سەرچاوەی ڕێساو بیروبۆچوون دادەنرێن. (سیرج حلمی)، نووسەر لە ڕۆژنامەی لۆموند دیپلۆماتیک بە پێچەوانەی بۆچوونی (فرانسیس فۆکۆیاما) کە پێی وایە ڕۆژئاوای ئەمەریکی کۆتایی مێژووە، ئەم پێی وایە ئەمەریکا کۆتایی هەواڵە. (حلمی) تێبینی ئەوەی کردووە کە بە بەردەوامی هەواڵە ڕاستەقینەکان دەکرێنە قوربانی لەپێناو ئاراستەیەکی بە ئەنقەست کە ئامانجی زیادکردنی ژمارەی بەکارهێنەرانە، ئەمەش لەوکاتەدا دەبێ کە هەتا کاری سەرنووسەرەکان لەگەڵ کاری بەرپرسان لەبارەی بازاڕکاری بسازێ، بەوەی دەستبەرداری وردبینی لە هەواڵی ئەو لایەنانە دەبن کە ڕێکلامی لە لا بڵاو دەکەنەوە، بۆ ئەوەی داهاتی ڕۆژنامەکانیان لەمیانەی ڕێکلام و سەرچاوەکانی هێزەوە کاریگەری خراپ نەکاتە سەری، هەمان شتیش بۆ تەلەڤیزیۆن ڕاستە، بەجۆرێک بڵاوکراوەکانی هەواڵ زیاتر ئەو هەواڵە ناوخۆیی و ئابڕوچوونانە بڵاو دەکەنەوە کە سەرنجی بینەری ئەمەریکی ڕادەکێشن و بۆ (دیاردەی لێسەندنەوەی مێشک)یان ئامادە دەکەن، وەک (تۆماس فرانک) دووپاتی دەکاتەوە.

دەستەبەرکردنی زانیاری و بەشداری گەورەی لەبواری (پرۆسە گەیاندنەکان) کە وای لێهات لەسەر ئاستێکی

فراوان لەبواری میدیاو رۆشنبیرکردن و کات بەسەربردن بەکاربهێنرێ، بەتایبەتی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا وای لێهاتووە بەکارهێنانی بۆ هەمووان فەراهەم بێ، کە ئاسۆگەلێکی لەبەردەم مرۆڤدا کردەوە و چاوەڕوانی نەدەکرد بەم شێوە ئاسانە پێی بگات، بەمەش وای لێهاتووە ئاسان بێ چالاکییە رۆژانەییەکانی لە رێگەی ئەم تۆڕەوە پیادە بکات، هەر لە نامە گۆڕینەوە، یان پێوەندیکردن بەوانی ترەوە، یان مۆرکردنی بۆندی بازرگانی، یان خوێندن...تاد، لە چالاکییەکان بەبێ کۆتوبەند بە کات و شوێنەوە رەنگ بدەنەوە. پەیمانگەی ستانفۆرد بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییە چۆنییەکان، توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە تێیدا هاتووە کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گەورە کاریگەری هەیە لەسەر ئەو کاتەی هاوولاتی ئەمەریکی لەبەردەم تەلەڤیزیۆن بەسەری دەبات، هەروەها بە خراپ کاریگەری هەیە لەسەر سەرجەم ئەوکاتەی لەگەڵ خێزان و هاورێکانی بەسەری دەبات.

سەبارەت بە ئامرازەکانی میدیا ئەوەی مایەی تێبینییە هەژموونی فیلم و بەرنامە ئەمەریکییەکانە بەتایبەتی و رۆژئاواییەکان بەگشتی، بەجۆرێک ئامرازەکانی میدیای ئەمەریکی ٦٥٪ی مادده میدیایی و ریکلامی و کولتوورییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەم ئامرازانە برەو بە کولتوور و بەهای رۆژئاوایی دەدەن لەسەر کۆمەڵگەکانی تر، بەهۆی هەژموونی نیمچە تەواوی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان لەسەر گەورەترین و گرنگترین تەکنیکە میدیاییە نوێیەکان و لەسەر کلیلەکانی جیهانی دوارۆژ لە مێشکە ئەلیکترۆنییەکاندا، کە وای لێهاتووە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەست لە مەیدانی میدیاو گەیاندنەکان وەردەدات و چاوی بڕیوەتە قازانجە زۆرەکەی و زیادبوونی سەرمایەکانیان، کە سەرمایەی هەندێکی لە داهاتی دە ولاتی ئەفریقی زیاترە.

کرانەوەی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوونی کۆمەڵگەکان، چاکترین دەرفەتە بۆ تەواوکاری لە ئاستی جیهاندا، ئەمەش پێویستی بە رۆژنامەگەرییەکی ئازاد و بەرپرس هەیە، ئەزموونی ئەمڕۆی رۆژئاوا لە بواری رۆژنامەنووسیدا بەو ئاراستەیەدا کار دەکات.

## شەوو رۆژ هەواڵ

تۆڕی میدیای نێودەوڵەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە بینەرانی راکێشاوە، لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بینەران هەست بە کاریگەری کەناڵەکانی (CNN)و (MSNBC) و (CNBC)و (FOX NEWS) دەکەن کە بە سیستەمی کێبڵ بەدرێژایی ٢٤ کاتژمێر گرنگترین هەواڵ و چیرۆکە هەواڵەکانی جیهان دەگوازنەوە، ئەم کەناڵانە لە رێگەی گەیاندنی ئاسمانییەوە بەرنامەکانیان بە جیهاندا پەخش دەکەن. کەناڵی (CNN) بەرنامەکانی لە زیاتر لە ١٤٠ دەوڵەتدا دەبینرێ و راپۆرتەکانیشی لە کاتی بوونی هەر تەنگژەیەکی نێودەوڵەتیدا دەگەنە زۆربەی ولاتانی جیهان، راپۆرتەکانی ئەم کەناڵە لەهەموو پایتەختەکانی جیهاندا دەبینرێن، بۆیە هەموو سەرکردەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی تەماشای بەرنامەکانی ئەو کەناڵە دەکات، ئاواتیش دەخوازن ئەو کەناڵە دیمانەیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە راو و بۆچوونی خۆیان ئاشنا بکەن.

## هەواڵی ئابووری و میدیای ئازاد

کەناڵگەلی ئابووری زۆر بە گوروهێزەوە لەگەڵ بازارەکانی دراودا وەک (داوجۆنز) و (رۆیتەرز) و هی دی لە پێشبڕکێدان، ئەم بازارانە ئەنجامی سەوداو کردەکانی کڕین و فرۆشتنی پشک لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا بلاو دەکەنەوە، هەروەها ململانێیەک رووی لە گەشەسەندنە لە نێوان ئەو لایەنانەی کە لە بازاڕی زانیاری نێودەوڵەتیدا بەشدارن. کەناڵی بومبێرگ بە نموونە، (٩٥٠) پەیامنێری لە ٧٩ نووسینگەی سەرانسەری جیهاندا هەیە و لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەدا کەوتۆتە ململانێیەکی توند. سەرباری ئامرازەکانی میدیای چاپکراوی تایبەت و پسپۆڕ لە ئابووریدا، هەموویان دوایین هەواڵی ئابووری و ئاماری بازرگانی رادەگەیەنن کە بازاڕی جیهانی و دەزگای تێکەڵ و هاوبەش و حکومەت و وەبەرهێنەران، بۆ راپەڕاندنی کاری ئابوورییان لەئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستیان پێی دەبێ.

لە ساڵی ١٩٩٠دا، گەشەکردنێک لە چەند ولاتێکی ئاسیا (سەنگافوورە و مالیزیا و ئەندۆنیزیا) کە رژێمی دیکتاتۆری حوکمڕانی دەکردن، دروست بوو. ئەو رژێمانە سانسۆریان خستبووە سەر چاپەمەنی نێودەوڵەتی وەک (ئاسیان وۆڵ ستریت ژورناڵ) و (فار ئیسترن ئیکۆنۆمیک ریڤیۆ) و (ئینترناشناڵ هیراڵد تریبیۆن) بەهۆی ئەو هەواڵ و راپۆرتە وردانەی بلاویان دەکردنەوە، کە لەگەڵ سیاسەتی ئابووری و سیاسیانەی ئەو ولاتانەدا کۆک نەبوون. ئەو سانسۆرە تەمەن کورت دەبێ، چونکە لەسایەی سانسۆر و سەرکوتکردنی هەواڵدا گەلان ناتوانن

له ئابووری جیهاندا بەشدار بن. میدیایەک کە ئازاد بێ و یاساش بیپارێزێ، لە گواستنەوەی چالاکییەکانی سیستمی ئابووریدا کارا دەبێ، کە لە ڕێگەیەوە وڵاتان دەتوانن سەرمایەی بیانی بۆ خۆیان ڕابکێشن. وڵاتی چین بە نموونە، تا ئێستا میدیای ئازادی نییە کە بە وردی باس لە چاک و خراپەی حکومەت بکات، بەتایبەتی لە بواری گەشەپێدانی ئابووریدا، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە هاندانی وەبەرهێناندا هەیە، ئەویش لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی (بارۆنز، فۆرچن، بزنز ویک، نیویۆرک تایمز، وۆڵ ستریت ژورناڵ)ەوە، چینیش لە گەنگەشەدایە لەبارەی بایەخی ئەوەی کە میدیای ئازادی هەبێ.

## ململانێی ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوا

لەساڵانی شەڕی سارددا، گەنگەشەیەک لەئارادا بوو لەبارەی دابەشکردنی سیستمەکانی میدیای نێودەوڵەتی بۆ پێنج بەش: کۆمۆنیزم، دیکتاتۆریەت، ڕۆژئاوا، شۆڕشگێر و پێشکەوتوو، کەچی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی جیهانگیرییە، خەڵکانێک هەن میدیای نێودەوڵەتی دابەشی سەر دوو بەش دەکەن: دیکتاتۆری و ڕۆژئاوا. پێداگرتنی جاران سەبارەت بە مافی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی لێشاوی هەواڵ و کۆتوبەندکردنی ڕۆژنامەنووس بەسەرچوو. گەنگەشەی ئەمڕۆ لەبارەی ئەوەیە کە هەواڵ و زانیاری بە چەشنی زانینەکانی دی، دەبێ ڕێ لە هاتنیان نەگیرێ، ڕۆژنامەنووسیش مافی ئەوەی هەیە لەهەر کوێیەک هەواڵی دەستبکەوێ، بڵاوی بکاتەوە و بەدواداچوونی بۆی هەبێ.

لە کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژنامەگەری و میدیای جەماوەری خۆی سەپاندو بووە تاکە مۆدێل لە جیهاندا، نەتەوەکانی دی (بێ لە نەتەوەکانی ڕۆژئاوا) جگە لەوەی زۆریان هەژارن، ئامراز و پێداویستی ئەوتۆیان نییە تاکو ڕۆژنامەگەرییەکی کارای پێ دەستەبەر بکەن، ڕۆژنامەنووس لە نەتەوەی پاشکەوتوودا هەمیشە وێڵی دوای سەربەخۆیی و ئازادی پیشەکەی خۆیانن، چاویشیان لەوەیە ئەو سەربەخۆیی و ئازادییە لە حکومەتدا بەدەست بێنن، ئیدی لەنێو ئەو نەتەوانەدا ئەرکی میدیا دەبێتە خزمەتکردنی حکومەت، یان دەسەڵات. ئەم ڕۆژنامەنووسانە گەرەکیانە بەو جۆرەی دێتە دەست زانیاری بڵاو بکەنەوە، نەک وەک ئەوەی حکومەت دەیەوێ. ڕۆژنامەنووسان لەسایەی حکومەتی دیکتاتۆریدا دەیانەوێ دەنگیان بگاتە ڕۆژنامە گەورەکان بۆ ئەوەی هەواڵی گرنگ و هەستیاری خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە، وەک گەندەڵی دارایی، سەربەخۆیی و ئازادی لەم کارەدا دەبیننەوە.

ملیۆنان مرۆڤ کەوتنە نێو چوارچێوەی (گوندی ئەلیکترۆنی)یەوە، ئەویش لەسایەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و کێبڵ کە لەگەڵ یەکدا لە ململانێدان. هەروەها ئەو ئێزگانەی بەرنامە بە شەپۆلی کورت بڵاو دەکەنەوە و ئینتەرنێتیش، لە ڕێگەی ئەو ساجەی پێوەندە بە مانگی دەستکرد و ئەنتێنەوە، تاکەکەس دەتوانێ لە هەر شوێنێکی جیهاندا تێکەڵ بەو گوندە ببێت. ئەو دیکتاتۆرانەی حوکمی گەلانیان دەکەن، ناتوانن تا سەر، هەواڵ و زانیاری قۆرخ بکەن و ڕێگە لە هاتنی زانیاری لە دەرەوە بگرن. ناشتوانن لە بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری ڕێ لە هاووڵاتیان بگرن. سەرباری ئەوەی میدیای نێودەوڵەتی و فاکس و تەلەفۆن و ئینتەرنێت، ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییان ئاسان کردو سنوورێکیان بۆ سانسۆری حکومەت لەسەر هاتنی زانیاری دانا.

ئینتەرنێت و چاپەمەنی (ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی) و ئامێری ڤیدیۆ کاسێت و کاسێتی تۆمار کراویش پاڵی بە تاکەکانەوە نا پێوەندی لەگەڵ یەکدا بکەن و هەواڵ و بابەتی هەمەڕەنگ لەبارەی خۆیان ببینن، هەروەها گەیشتن بە ئەودیوی سنووری نەتەوەیی، ئامێری فۆتۆکۆپی و ئامێری دیکەی نوێ شۆڕشێکی سیاسییان لەنێو نەتەوەکاندا بەرپا کرد. ئەو میدیایەی بەرنامەکانی لە دەرەوە دێن هەواڵ و زانیاری بەو هاووڵاتیانە دەگەیەنن کە دیلی دەستی حکومەتەکانیان بوون، چونکە لەو کاتەی میدیای ئەو حکومەتانە ڕیکلام و پڕوپاگەندەی بڵاو دەکردەوە، هاوکات دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی مافی مرۆڤیان پێشێل دەکردو هاووڵاتییان ئەشکەنجە دەداو سیاسیانی نەیاریان بەند دەکردو مافی میدیای سەربەخۆیان بن پێ دەخست، کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو یارمەتی هاووڵاتییان بدات و بەو ئاراستەیەیاندا ببات کە لە پڕوپاگەندەی حکومەت ڕزگاریان ببێ. میدیای ڕۆژئاواش لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ وازهێنان لەو پێشێلکارییانەی دژ بە مرۆڤ ڕوو دەدەن.

زۆربەی ئەو فراوانبوونەی بەسەر دەزگاکانی میدیادا هاتن لە ئاکامی ئەو بایەخە زۆرەوە بوو کە بە هەواڵی ئابووری و دارایی دەدرا لەسایەی فراوانبوونی ئابووری جیهان و زۆربوونی جموجوڵی ئەو ئابوورییە. ڕۆژنامەی

(وۆڵ ستریت ژورناڵ) پتر لە ١٠٠ نووسینگەی لە دەرەوەی سنووردا هەیە بۆ پێراگەیشتن بە هەواڵی ئابووری لە ئاسیاو ئەوروپا، هەروەها بۆ بەدواداچوونی هەواڵی دارایی و بازاڕەکانی دراوو پشک و گەشەکردنی باری دارایی و ئابووری دەوڵەتان، ئەم ڕۆژنامەیە پتر لە ٢٢٦ پەیامنێری لە ٦٢ دەوڵەتدا هەیە. ئاژانسی دەنگوباسی ئەمەریکا هەواڵەکانی جیهان ڕادەگەیەنێ، لەبوارەکەی خۆیدا ئاژانسێکی دەگمەنە، بە ملیۆنان خوێنەر و گوێگر و بینەری هەیە کە پێشوازی لە هەواڵەکان دەکەن، ڕۆژانە ٢٠ ملیۆن وشە بڵاو دەکاتەوە و بریتین لە هەواڵ و شیکردنەوەو ڕاپۆرت و ڕاپرسی لەگەڵ هەزار وێنەدا، پتر لە ٩٥ نووسینگەی لە دەرەوەی ئەمەریکادا هەیە، پەیامنێرانی کە بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر کار دەکەن، ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠ پەیامنێر. بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی، سوود لە مانگی دەستکرد و کێبڵ و ئێزگە و ئینتەرنێت وەردەگرێ، بۆ ئەوەی بەدرێژایی ٢٤ کاتژمێر هەواڵ بە هاوبەشانی بگەیەنێ.

ژمارەی ئەو هاوبەشانەی سوود لە خزمەتی ئاژانسی دەنگوباسی ئاسۆشێتد پرێس وەردەگرن دەگاتە ٨٥٠٠ هاوبەش کە لە وێنەو هەواڵدا هاوبەشن، ٣٣٠ هاوبەش کەناڵی تەلەڤیزیۆنین. ئاسۆشێتد پرێس پاش ئەوەی کادیران پێدەگەیەنێ و لە کاری ڕۆژنامەوانیدا قاڵیان دەکات، ڕەوانەی دەزگاکانی میدیایان دەکات، هەروەها بەرەو ئەوەش دەچێ پشت بە پەیامنێرانی بیانی ببەستێ، لە کۆی ٤٠٠ پەیامنێر تەنیا سیانیان ئەمەریکین. بەهۆی گەشەکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانییەوە، ئیدی ئاژانسەکانی هەواڵ عەوداڵی ڕۆژنامەنووسانی خۆجێیی بوون کە لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا پێگەیشتن، ئەوانە بەزۆری هەواڵ کۆ دەکەنەوە و بە چاکترین شێوە بەدوای ڕووداودا دەچن، چونکە ئەوان لەبارەی وڵاتی خۆیان و زمان و سیاسەت و باری کۆمەڵایەتی ئەوێ لە هەر کەسێکی دی شارەزاترن.

ڕۆژنامە هەمەجۆرە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان پشت بە کادیرانی بیانی دەبەستن، بەڵام ئەو ڕۆژنامەیەی بەردەوام گەشەی کرد تا بووە ژێدەرێک بۆ ڕاستگۆیی هەواڵ، ڕۆژنامەی (ئینتەرناشیوناڵ هیراڵد تریبیۆن)ی فەرەنسییە، (جیمس گۆردن بینێت) لەساڵی ١٨٨٧ دا، وەک کۆپییەک لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک هیراڵد) بۆ ئینگلیزی زمانانی فەرەنسا دایمەزراند. (ئینتەرناشیوناڵ هیراڵد تریبیۆن) بەهۆی کاری پیشەگەرانە و شێوازی گونجاوی دابەشکردنەکەی سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

ڕۆژانە بە شازدە لاپەڕە دەردەچێ و ٢٠٠ هەزار دانەی لە ١٨١ دەوڵەتدا لێ دەفرۆشرێ (تەنیا لە ئەوروپا ١٣٥ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێ). لە ٨٥٠٠ کتێبخانەی ئەوروپا بۆ فرۆشتن نمایش دەکرێ، چاپی پاریس و هاگۆو مەرسیلیاو ڕۆماو زیوریخی هەیە، بە فاکس و مانگی دەستکردیش بۆ چاپخانەکانی هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە لە ئاسیا و بۆ میامی لە ئەمەریکا دەگوێزرێتەوە، هەروەها بۆ ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. یەکەمین ڕۆژنامەیە لەمێژوودا کە لە یەک کاتدا لە چەندین شوێنی جیاجیا، بە گواستنەوەی لاپەڕەکانی لەرێگەی مانگی دەستکردەوە بۆ چاپخانە چاپ دەکرێ. وێڕای ئەوەی تا ئێستا ڕۆژنامەی هەرە ئەزمووندار و پڕ بایەخ و پڕ فرۆشە لەلای خوێنەرانی ئەمەریکا، هاوکات لەلایەن دیپلۆماتکار و سیاسەتمەدار و کارگوزار و ڕۆژنامەنووسانیشەوە دەخوێنرێتەوە.

کۆمەڵە گۆڤارێکی ئەمەریکی هەن کە بەدەم خواستی خوێنەرانەوە دێن. گۆڤاری (تایم) و گۆڤاری (نیوزویک) کە بابەتی شایستە بەتایبەتی دەخاتە بەردەمی خوێنەرانی دەوڵەمەندی خۆی. گۆڤاری (تایم) لە کەنەدا و ئەوروپا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاپی تایبەتی هەیە، هەروەها چاپی تایبەتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتینیشی هەیە. ئەم چاپانە بە خەسڵەتگەلێک دەرچوون کە بەدەم خواستی خوێنەرانەوە لە ٦٠ ناوچەی جیهاندا چوون. (نیوزویک) هەمان شت دەکات، لە هەر ژمارەیەکدا سەدان بابەت دەگۆڕێ، هەمووشیان لەگەڵ دانە لۆکاڵییەکەدا جیاوازن. ڕەنگە (ڕیدەرز دایگێست) گۆڤاری فرە خوێنەر و سەرکەوتوو بێ، کە ٧٤ چاپی نێودەوڵەتی بە ١٨ زمان دەردەکات، هەموو مانگێکیش ١٣ ملیۆن دانەی لێدەردەچێ، زۆربەی خوێنەرانیش دەرک بەوە ناکەن کە ئەم گۆڤارە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی سەربەخۆ نییە.

*** قوتابی بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین**

**سەرچاوەکان:**

**– عبدالله زلطة، الإعلام الدولي، دار الفكر العربية، القاهرة، ٢٠٠١.**

**– ابراهيم درديري، لغة الإعلام اليوم، دار العلوم للطباعة و النشر، الرياض، ١٩٩٨.**

**– د. حنان يوسف، تكنلوجيا الأتصال و مجتمع المعلوماتية، ط٢، اطلس لنشر والأنتاج الأعلامي، القاهرة، ٢٠٠٦.**

# «سەمای عیشقێکی شیرن»
# لە زمانەوە تا سەربەخۆیی مانا

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

لەوەتا مرۆڤ حەز و خولیاکانی خۆی ناسیوە و هەست و ئیحساسی دەستەمۆ کردووە، لە جیهانی وشەدا بەرهەمی زۆر بەبایەخی خولقاندووە. لەو ڕەهەندەشەوە ڕووداوی خۆش، یان ناخۆشی لە هەموو ئاسەوارە خەیاڵ کردەکانیدا پاراستووە و ژیانێکی هەمیشەیی پێ بەخشیوە. ئەوەی زۆر جار لە نێو نەتەوەیەکدا بەرهەمێک دەگاتە لووتکە، بێ گومان بەهرەی لە ڕوحی نەسرەوتووی خاوەنەکەی وەرگرتووە. لە خۆڕا نییە زۆر کەس لە پسپۆڕانی بواری ئەدەب و بەتایبەت شیعر، شیعریان بە ئاوێنەیەک شوبهاندووە کە بە تەواوی پیشاندەری هەست و ئیحساسی مرۆڤ و هەقیقەتی ژیانی خەڵکە(١) لە هەر حاڵدا شیعر پێناسە و بۆچوونی زۆری لەمەڕدا کوتراوە، بەڵام ئەوەی کە شیعر لە چاو هونەرەکانی تر تا ئەو ڕادەیە سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی کێش کردووە، ڕەنگە وەک سوارە ئێلخانیزادە دەڵێ هۆی ئەوە بێ کە لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر لە هەموو هونەرێکی تر پێشینەی خزمەتی کۆمەڵایەتی هەیە، یان لەوەش گرنگتر، لە هەموو هونەرێک زیاتر باری عاتفی موتڵەقی هەیە(٢) غەزەل لەو شکڵە(٣) بەدەسەڵاتە شیعریانەیە کە لە مێژووی ئەدەبی زۆرێک لە نەتەوەکاندا قۆناغێکی تایبەتی بۆ خۆی تەرخان کردووە. بۆ نموونە لە نێو نەتەوەی فارسدا، شاعیرانی بەناوبانگی هاوچەرخ وەک موشیری، ئەخەوان، ئاتەشی، سپانلوو، فرووغ، نوسرەت ڕەحمانی، شەفیعی کەدکەنی و... تاد هەرکامێکیان ئەزموونیان لە بواری غەزەلدا هەیە و شەفیعی کەدکەنی لەو شاعیرە نوێخوازە بەناوبانگەی فارسە کە هەوڵ ئەزموونی شیعریی خۆی بە کۆمەڵێک غەزەل دەست پێ دەکا. هەرچەند ئەم شاعیرە ئاماژە پێکراوانە ناکرێ لە تاقمی شاعیرانی غەزەلنووس بەو مانایە کە تازە کردنەوەی غەزەلیان بۆ دەغدەغە بێ، ناودێر بکرێن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەندێک بەرهەمیان لە دنیای غەزەلی هاوچەرخی فارس بە دەستەوە داوە کە بێ گومان جێی سەرنجە، بەڵام شاعیرانێکی وەک حسێن مونزەوی، مەنوچێهر نەیستانی، محەمەد عەلی بەهمەنی، سیمین بێهبەهانی و تا ڕادەیەکیش ئیبتیهاج، ڕەنگێکی تازەیان بە غەزەلی فارسی داوە و بە ئەزموونێکی شاعیرانەوە، کۆمەڵە غەزەلی جیاواز و سەرکەوتوویان خولقاندووە.

غەزەلی هاوچەرخی کوردیش ڕێگای زۆر ئەستەم و ناهەمواری تا ئێستا بڕیوە و وەک قۆناغێک لە قۆناغەکانی شیعری ئەوڕۆی کورد، هەڵگری ڕاڤە و لێکۆڵینەوەیە. بۆ ئەو مەبەستەش سووکەئاوڕێک لە مێژووی غەزەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدەینەوە.

بۆ ڕوانینێکی بەرفراوانتر لە مێژووی غەزەل، دەبێ ئەو



**سواره‌ی ئیلخانی زاده**

ڕاسته‌قینه‌یه بسه‌لمێنین که غه‌زه‌ل به‌ر له‌و پێناسه هونه‌ری و ئه‌ده‌بییه که بۆی دیاری کراوه، شیعره. دیاره به هۆی شیعربوونیشی هه‌ر له‌و کاته‌ی نه‌ته‌وه‌ی ئێمه ده‌بێته خاوه‌نی ئه‌ده‌بیاتی نووسراوه، غه‌زه‌لیش به‌و پێناسه تایبه‌ته‌وه سه‌رهه‌ڵده‌دا. هه‌ڵبه‌ت ڕه‌نگه زۆر شاعیری غه‌زه‌لنووسی سه‌رکه‌وتوومان بووبێ که به هۆی جۆراوجۆر و بڵاو نه‌بوونه‌وه‌ی به‌رهه‌میان، ناوێکیان لێ نه‌ماوه‌ته‌وه و ئاسه‌واریان له ناو چووه، به‌ڵام ئه‌ده‌ب، حه‌ریق، وه‌فایی، ماهیده‌شتی و... تاد هه‌رکامێکیان شۆڕه‌سوارانی غه‌زه‌لی کوردی له سه‌رده‌می خۆیان بوون و به‌رهه‌می زۆر سه‌رکه‌وتوویان له به‌رۆکی شیعر و ئه‌ده‌بی کوردی داوه(٤). پاش ئه‌وانیش شاعیرانێکی وه‌ک ناری، مه‌لا مارف کۆکه‌یی، مه‌لا حه‌سه‌ن جه‌وهه‌ری و... تاد خاوه‌ن گه‌نجینه‌یه‌کی پڕ بایه‌خی غه‌زه‌لی کوردین. دواتریش شاعیرانێکی به‌رچاوی نه‌ته‌وه‌که‌مان وه‌ک قانع، سه‌یفولقوزات، حه‌قیقی، ئاوات، خاڵه‌مین، نووری و... تاد هه‌رکام به ئه‌زموونێکی به‌رچاو و سه‌رکه‌وتوو له غه‌زه‌لدا، کاروانی غه‌زه‌لی کوردی به به‌ره‌ی دوای خۆیان ده‌سپێرن، به‌ڵام له‌م به‌ره ئاماژه پێ کراوه‌دا، سه‌یفولقوزات دیارترینیانه - که به هۆی ده‌ست پێ کردنی شۆڕشێکی نوێ و جیاوازی زمانی که سه‌ره‌کیترین به‌شی ئه‌و شۆڕشه، په‌تی کردنه‌وه‌ی زمان و هه‌وڵ بۆ داماڵینی به‌رگی زمانی بێگانه له غه‌زه‌لدایه - توانی کاریگه‌ری زۆری له سه‌ر به‌ره‌ی داهاتووی غه‌زه‌لنووسی کورد و غه‌زه‌لی کوردی بێ. هه‌ژار - به گشتی له ئاسه‌واری شیعریی خۆی و که‌متر له غه‌زه‌لدا- هێمن، هێدی وه‌ک به‌رچاوترین شاعیرانی به‌ره‌ی خۆیان، بوێرانه زۆرترین به‌هره‌یان له شۆڕشی سه‌یفولقوزاتی مه‌زن وه‌رگرت. به‌تایبه‌ت شاعیری گه‌ل مامۆستا هێمن که بێ گومان غه‌زه‌لی کوردی گه‌یانده لووتکه. ده‌مه‌وێ به ڕاشکاوی ئه‌وه بڵێم که ئه‌م هه‌وڵه‌ی مامۆستا هێمن بوو به هۆی ئه‌وه‌ی که غه‌زه‌لی کوردی به‌تایبه‌ت له موکریاندا تا ئه‌وڕۆ بگه‌شێته‌وه و ڕێگای خۆی ببڕێ و له ڕه‌مێن نه‌که‌وێ. دواتر تاقمێکی وه‌ک قاسم موئه‌یه‌دزاده، سه‌عید نه‌جاری، عه‌لی سه‌لیمی بابامیری، ڕه‌سووڵ که‌ریمی و... تاد هه‌رکام به تاقی کردنه‌وه‌ی جیاواز له‌و شکڵه شیعرییه‌دا، ئه‌م ڕه‌وته هونه‌ریی‌ه‌یان تا ئه‌وڕۆ هێناوه.

دیسان له نێو ئه‌و به‌ره‌یه‌دا، سه‌عید نه‌جاری زیاتر خه‌ریکی ئه‌زموون کردنی زمان و نێوه‌رۆکی غه‌زه‌لی خۆی بووه و ڕه‌نگه کاریگه‌ری زیاتریشی له سه‌ر به‌ره‌ی غه‌زه‌لنووسانی دوای خۆی دانابێ. سێبه‌ری ئه‌و کاریگه‌رییه‌ش به‌سه‌ر ده‌سپێکی غه‌زه‌له‌کانی ئه‌مین گه‌ردیگلانییه‌وه دیاره. ئه‌مین گه‌ردیگلانی به سه‌رنجدان به‌وه‌ی شاره‌زاییه‌کی باشی له غه‌زه‌لی ڕابردووی کوردیدا هه‌یه، هاوکات له‌گه‌ڵ ئه‌و شاره‌زاییه‌ش، سنووری غه‌زه‌لی کوردی تێپه‌ڕاندووه و به ناسیارێکی باش له غه‌زه‌لی هاوچه‌رخی فارسیش، توانیویه‌تی به تێکه‌ڵه‌ک له‌و دوو چه‌شنه ئه‌زموونه، ئه‌زموونێکی سه‌رکه‌وتوو بۆ زمانی غه‌زه‌له‌کانی خۆی بدۆزێته‌وه. ڕه‌نگه ئه‌مین گه‌ردیگلانی له‌و دنیای غه‌زه‌له‌کانیدا، زۆرترین به‌هره‌ی له غه‌زه‌لی هاوچه‌رخی فارسی وه‌رگرتبێ. من به زێده‌ڕه‌وی نازانم ئه‌گه‌ر بڵێم ده‌لاقه‌ی غه‌زه‌لی نوێی کوردی، ئه‌و بۆ شاعیرانی ئێمه‌ی کردۆته‌وه. به‌تایبه‌ت بۆ ئه‌و به‌ره غه‌زه‌لنووسه‌ی که ئێستا به چه‌شنی جۆراوجۆر غه‌زه‌ل تازه ده‌کاته‌وه. کاتێک سه‌رنج ده‌ده‌ینه به‌رهه‌می یه‌که‌می ئه‌مین واتا "تاپۆی وه‌رزێکی سه‌وز" که ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧ز) له لایه‌ن چاپخانه‌ی شوعاعه‌وه چاپ و بڵاو بۆوه، به باشی ئه‌و جیاوازییه له‌گه‌ڵ پێش له خۆیدا هه‌ست پێ ده‌که‌ین. زمان له‌و کۆمه‌ڵه غه‌زه‌له‌دا تازه‌تره، وشه و زاراوه‌گه‌لێک وه‌به‌ر چاو دێن که پێشتر که‌ڵکی لێ وه‌رنه‌گیراوه. پاراو بوونی ئیحساس و سه‌ربه‌خۆیی غه‌زه‌ل له‌و کۆمه‌ڵه شیعره‌دا، ده‌توانێ به‌شێکی گرنگ له

تایبەتمەندی غەزەلەکانی ئەمین گەردیگلانی بێ.

ڕەسووڵ سوڵتانی بە کۆمەڵە غەزەلی "سەمای عیشقێکی شیرن" سەلماندوویەتی کە بەهرەیەکی بەرچاوی لەو دەلاقە نوێیە وەرگرتووە. شاعیری "سەمای عیشقێکی شیرن" لەو شاعیرە غەزەلنووسانەی ئەوڕۆیە کە لە ڕاستیدا بەشێک لە ئەرکی تازە کردنەوەی غەزەلی وەئەستۆ گرتووە و دەکرێ بڵێم بە شێوەیەکی بەرچاو خەریکی ئەزموون کردنی هەندێک لایەنی داهێنەرانە لە غەزەلی ئەوڕۆی ئێمەدایە. ڕەوتی غەزەلی ئەو کۆمەڵە شیعرە بە زمانێکی ساکار و داماڵدراو لە هەندێک گیروگرفتی زمانی بەر لە خۆیەوە دەست پێ دەکا و بە سەربەخۆیی مانا، کۆتایی پێ دێ. مەبەست لەو خۆدەرباز کردنە زمانییەی شاعیر و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ پێش لە خۆیدا، ئەوەیە کە ڕەسووڵ سوڵتانی وەک غەزەلنووسێکی بەهرە وەرگرتوو لە ئەمین گەردیگلانی، بێ گومان نەیتوانیوە بە تەواوی خۆ لە کاریگەری غەزەلەکانی ئەو بپارێزێ، بەڵام من پێم وایە زمان لە ئەمین گەردیگلانییەوە تا ڕەسووڵ سوڵتانی لە بڕێک گیروگرفتی ماناییەوە بە جۆرێک ساکاربوونەوە دەگا. بۆ نموونە زۆر جار کایە کردن بە واژە و وێنەسازی (imagery) لە غەزەلەکانی ئەمیندا، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی زمان و ئاکامەکەشی دروست بوونی چەشنێک ئیبهامە لە مانادا. بە پێچەوانە لە غەزەلی ڕەسووڵدا زمان، زمانێکی سادە و لە هەمان حاڵیشدا شاعیرانەیە. من ساکار بوونی زمان لە ڕاستیدا بە پێشەکییەکی بنەڕەتی و بەهێز بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی مانا دەزانم. ئەم ڕەوتەش بەو شێوەیەی کە لە درێژەی وتارەکەدا دێ، سەرەتا بە زمان و دواتر بە سەربەخۆیی مانا هەڵدەسەنگێنم.

## ١- زمان و "سەمای عیشقێکی شیرن"

شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە زمان لە هەر نووسراوە و دەقێکی ئەدەبیدا دەورێکی تایبەت و ــزۆر جار ــ سەرەکی دەگێڕێ. تەنانەت بە وتەی چۆمسکی ئەو زمانە لە کۆمەڵێک ڕستە پێکهاتبێ کە درێژایی هەرکام لە ڕستەکان سنوورداریش بێ(٥). باشترین بەڵگەشم هایکۆ، یان شێوەشکڵێک لە شیعری ڕۆژهەڵاتی دوورە.

ئەم شێوە شیعرە نە تەنیا لە کۆمەڵێک ڕستە، بەڵکو زۆر جار لە کۆمەڵێک وشە پێکدێ و زمان گەلێک جار لەو شکڵەشیعرەدا بە کورتترین ڕستە، زۆرترین مانا بۆ بەردەنگ بە دەستەوە دەدا. زمانە کە لە ڕاستیدا ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیە لە زەینی خوێنەردا دەئەفرێنێ. لێرەدایە کە ئەرکی شیعریش باشتر ڕوون دەبێتەوە و ئەم وتەیەی پۆل ڕیکۆر باشتر دەسەلمێ کە پێی وایە وشە لە شیعردا دەبێ هەڵگر و وێژەری زۆرترین مانا بێ. کە وا بوو زمان بۆ بە دەستەوەدانی زۆرترین مانای هەر ئەسەرێکی خەیاڵکرد، گرنگایەتی زۆری هەیە. "سەمای عیشقێکی شیرن" چەشنێک گەڕانەوە بۆ دەربڕینی وردەکاری شاعیرانە بە زمانێکی پەتی و ڕەسەنی کوردییە. من جەخت لە سەر ئەو زمانە ساکار و کوردانەی "سەمای عیشقێکی شیرن" دەکەم کە جوانکارییە ئەدەبییەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرەی - بە گشتی - پێ دارێژراوە. سادە بوونی زمان وەک تایبەتمەندییەکی بەرچاو، بۆتە هۆی دەرخستنی هەندێک لایەنی جوانیناسی و هەروەها بەخشینی چەشنێک ڕەسەنایەتی بە غەزەلەکانی شاعیر لەو کۆمەڵە شیعرەدا. شاملوو شاعیری ناسراوی فارسیش لەمەڕ ئەرکی زماندا دەڵێ: «زمان کەرەسەی کاری شاعیرە و هەرچەندە ئێمە لە زمانێکی پاقژ و پوختە نزیک بینەوە، لە ڕاستیدا لە شیعرییەتی شیعر نزیک بووینەتەوە. تەنیا بەو شێوە زمانەیە کە دەکرێ ڕوحی شیعر بگرسێنی(٦).» زمانی غەزەلەکانی "سەمای عیشقێکی شیرن" وێڕای سادە بوون، ئەو تایبەتمەندییەشیان پێوە دیارە.

شتێکی گرنگ کە لە خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە غەزەلە وەبەر چاوی خوێنەر دێ، ئەوەیە کە شاعیر دەڵێی بۆ گوتنی هەرکام لەو غەزەلانە، گوێی لە پێشنیارەکانی کۆمەڵگای خۆیەتی. هەر ئەو ئەسڵەی کە مایکۆڤسکی ناوی "سفارش اجتماعی" لێ دەنێ و پێی وایە شاعیر لە بەرهەم هێنانی شیعردا دەبێ پێداویستی و پێشنیارەکانی کۆمەڵگا ڕەچاو بکا(٧). دەروەست بوون بەو ئەسڵەی مایکۆڤسکی، پێوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان شیعر و بەردەنگدا دروست دەکا. زۆربەی غەزەلەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرەش بە ڕەچاو کردنی ئەو ئەسڵە، چاوەڕوانی خوێنەر پێک دێنن. غەزەلی "خەم" نموونەیەکی بەرچاو لەم بابەتە ئاماژە پێ کراوەیە:

**من لە ئامێزی چیای سەر بە تەما پێگەییوم**
**سەر لە بەر کەند و کلۆ و جەوری زەمان داناخەم**

لەم بەیتەدا زمان، زمانێکی پەتی و ساکارە و ئەم تاکە بەیتە بە تەنیا هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەیە. چیا ڕەمزی



**هێمن**

بەرگرییە و شاعیر خۆ لە چیای سەربەتەمی نیشتمانەکەی بە جیاواز نازانێ. ئەم بەیتە وێڕای جوانکاری کەسایەتی بەخشین (تشخیص) لە چیادا، دووپاتکەرەوەی شانازییەکی نەتەوایەتیشە.

یان لە:

**شەختە شمشێری لەسەر گەردنی گوڵ داناوە**
**ئێستە تێر ماچی دەمی گوڵ نەبووم، بەو داخەم**

بێجگە لە تەناسوبی نێوان شمشێر و گەردن، جوانکاری کەسایەتی بەخشین و وێنەپەردازی، ڕژانی خوێنی گوڵ، واتا سیس بوونی بە دەست شەختەیەکی ناوادە، هەلی ماچێکی دەمی گوڵ، واتا کەڵک وەرگرتنێکی ڕەوا و ئاسایی لە جوانییەکانی سروشت لە شاعیر دەستێنێ.

بێجگە لەم غەزەلە، لە غەزەلی "خوێنی پێنووس"، "هەڵوەرین"، "سرتەی خەیاڵ"، "زیارەتی زام"، "شۆڕەسوار"، "هەڵقرچان" و "کوێستان"یشدا، ئەو ئەسڵە لەگەڵ دەربڕین بە زمانێکی سادە، خۆیایە.

### ١- ١ زمان و واژە

وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، زمان کۆمەڵێک لە واژەیە و هەتا ئەو واژەیەی شاعیر کەڵکی لێ وەردەگرێ ئەوڕۆییتر بێ، زمانی شیعریش برەوی زیاتری لە نێو کۆمەڵدا هەیە. مەبەستم لە ئەوڕۆیی بوونی واژەش ئەوەیە کە سنووری نێوان شیعری دوێنێ و ئەوڕۆ بۆ ئێمە لێک جیا بکاتەوە. شاعیر جاری وایە بە وشەی زۆر ئاسایی، ئیزافاتێک دروست دەکا کە لە خۆیدا شتێکی تازە و تەنانەت زۆر جار داهێنانێکە لە زماندا.

لە کۆمەڵە شیعری "سەمای عیشقێکی شیرن"دا ئیزافەگەلێک بەرچاو دەکەوێ کە بەو چەشنە تایبەتە، کەمتر کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە ڕاستیدا نوێخوازی و داهێنانێکی بەرچاوە. بۆ نموونە ئیزافەی "شنەی سروەی نیگا"، "لقی سووری زمان"، "شیلەبزەی ڕووناکی"، "ئەڵقەی پێکەنین"، "دەسرەی هەزار ڕەنگی سروشت"، "پەپوولە شیعر"، "ملوانکەی گریانی ئەوین"، "هۆنراوەباران"، "شووشەی ڕەشی بەڵێنی"، "خەم تاوێن" و... تاد. لەو کۆمەڵە غەزەلەدا بەرچاون. ورد بوونەوە لە سەرجەمی ئەو ئیزافاتە دەسەلمێنێ کە ئەو شێوە دەربڕینە، تایبەت بە زمانی غەزەلی ئەوڕۆیە. هەڵبەت من بەش بە حاڵی خۆم، بەکارهێنانی هەندێک وشە لەو کۆمەڵە شیعرەدا پەسند ناکەم. بۆ نموونە وشەی "حورمەت، حەسرەت" بەتایبەت "تەفسیر" یان "شەرح" کە وشەگەلێکی سواوی عەرەبین و لە ئەدەبی فارسیشدا زۆر کەڵکیان لێ وەرگیراوە، گەلێک جار لە غەزەلەکانی ئەو دیوانەدا بە کار هاتوون. بۆ نموونە لە غەزەلی "تەوافی مەم"دا هاوکات وشەی "شەرح" چوار جار و وشەی "تەفسیر" دوو جار هاتووە کە پێم وایە ڕادەی بەرزی و سەرکەوتوویی غەزەلەکەی پێ دابەزیوە.

### ١-٢ زمان و جوانکاری ئەدەبی

تایبەتمەندییەکی بەرچاو لە زمانی غەزەلی ئەوڕۆدا ئەوەیە کە دیاردەکانی سروشت و دەوروبەری شاعیر بە چەشنێکی بەرچاو، گیانیان بە بەردا دەکرێ. بە وتەیەکی تر بە ناسیاری سڕینەوەیەکی شاعیرانە، کەشوهەوای غەزەلی ئەوڕۆ، جیاوازی خۆی لەگەڵ غەزەلی ڕابردوودا دەسەلمێنێ. جوانکاری ئەدەبی - بە گشتی - زمانی شیعر و نووسراوە هونەریتر دەکا. لەو کۆمەڵە غەزەلەشدا سەنعەتگەلێک دەبیندرێ کە بە دەربڕینێکی شاعیرانە، زمان ناسکی دەگەیەنێتە ئاستێکی سەرنجڕاکێش. بڕواننە جوانکاری وێنە (تصویر) لەو بەیتەدا:

**با لقی سووری زمانم ڕانەژێنێ بای خەمت**
**چونکە باڵندەی سەدان هاواری لێ هەڵنیشتووە**

لەم بەیتەدا بێجگە لەوەی سەرجەم بەکارهێنانی وشە و جوانکارییەکانی شاعیر بە گشتی ناسیاری سڕینەوەیە، وێڕای جوانکاری وێنە، سەنعەتی ئیزافەی ئیستعاری لە

"لقی سووری زمان"، ئیزافەی تەشبیهی لە "بای خەم" و "باڵندەی هاوار"یشدا بەرچاوە. هەروەها سەنعەتی واج ئارایی لە "ب" و "ن"ێدا و جیناسی تام لە دوو وشەی "با" و "با" لە تاکی یەکەمدا و تەناسوبێکی مۆسیقایی لە "هاواری لێ هەڵنیشتووە"دا خۆیایە.

لە سەرجەم غەزەلەکانی شاعیردا سەنعەتی زێدەڕەو(اغراق)ی، ئاوێتەکاری هەستەک(حس آمیزی)، موراعاتی نەزیر- (ڕەچاوکردنی هاوتا)، شوبهاندن، وێنە و... تاد لەو سەنعەتە ئەدەبییانەن کە گەلێک جار کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەتایبەت جوانکاری "وێنە" کە کەم وا هەیە لە غەزەلەکانی "سەمای عیشقێکی شیرن"دا وەبەر چاو نەیە. تا ڕادەیەک کە زۆربەی ئەو غەزەلانە وێڕای زمان ناسکی و جوانکاری شاعیرانە، بە هۆی ئەو سەنعەتەوە وەک تابلۆیەکی شێوەکاری دێنە پێش چاو. بۆ نموونە غەزەلی "زیارەتی زام"، "گراو"، "بەهار"، "گریان ٢"، "دەریا ٢"، و... تاد هەرکام لە جێی خۆیدا، سەلمێنەری ئەم وتەیەن.

## ٢- سەربەخۆیی مانا

ئەوەی وەک دەسپێکی ئەو بابەتە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە مانا ناس (معناشناسی) خۆی زانستێکی سەربەخۆیە و هەروەها باسێکی پێوەندیدارە بە زانستی زمانناسی مۆدێرنەوە. لە زانستی ماناناسی ئەورۆدا دەگوترێ مانا جۆرێک ڕاگوێزانە لە زمانەوە(٨). ئەو بۆچوونە دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ گشت بۆچوونەکانی تر لەو بەستێنەدا. مانا وێڕای ئەوەی کاکڵی هەر وێژەیەکی زمانییە، لە هەمان حاڵیشدا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنەوە هەیە.

بێ گومان گەورەترین فەلسەفەی زانست و نووسین، بەرەو پێش چوون و لە هەمان حاڵیشدا بە وتەی خالق یەعقووبی (ڕەخنەگر) ئامانجی گەورەی هەموو شاعیرێکیش لە بەرهەم هێنانی شیعر و ئەدەبیات ئەوەیە کە سەرمایەیەک بە سەرمایەکانی مانا و مەبەستەکانی ئینسانی زیاد بکا. دەکرێ بڵێم بەو پێیە نەتەوەیەک لە ڕێگای نووسینەوە دەتوانێ ئاستی پێشکەوتوویی خۆی لەگەڵ پێشکەوتوویی جیهانیدا هەڵبسەنگێنێ. من پێم وایە ئەزموون کردنی هەر چەشنە قۆناغێک لە قۆناغە شیعرییەکانی دوای سوارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕەنگە لە خۆیدا ئەزموون کردنێکی پێویست و باشیش بێ، چونکە ئەوە تایبەتمەندی هەر نەتەوەیەکی زیندووە کە هیچ کات لە هیچ چەشنە ئەزموون کردنێک ناترسێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەرچاوترین گرفتێک کە ڕووبەڕووی شیعری ئەورۆی ئێمە بۆتەوە، زاڵبوونی جۆرێک لاسایی کردنەوە و دەرەنجامەکەشی - زۆر جار- دەقێکی پێکهاتوو لە بیرێکی وەرگێردراو لە دەقی نووسراوە بیانییەکانە. سەرچاوەی ئەو گرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینێکی زەقی فۆرمالیستی بە سەر کەشوهەوای شیعردا.

لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم شیعری ئەورۆ کەمتر سەربەخۆیی مانای لە خۆیدا پاراستووە. نوێخوازی لە شکڵی غەزەلیشدا کە مەبەستی ئەم وتارەیە، بە سەرنجدان بەوەی کە ئەزموونێکی جیاواز و لە هەمان حاڵیشدا ساوایە، کەمتر شوێنی ئەو پەتایەی پێوە دیارە و ئەوەش شتێکی سروشتییە. چونکە غەزەلی کوردی سەرەڕای ئەو ڕوانینە ئاماژە پێ کراوە، بە ئەسپایی خەریکە نوێخوازی لە خۆیدا ئەزموون دەکا و شاعیرانی غەزەل نووسی ئەورۆش لە سەرەتای ئەو نوێخوازییەدان. ئەمین گەردیگلانی بە نوێخوازی لە زمان و نێوەرۆکی غەزەلدا، تەنیا بە کێشە عەرووزییەکان دانەکەوتووە و بە شێوەی کێشی بڕگەییش، غەزەلی نووسیوە. دەکرێ بڵێم تەنیا غەزەلنووسێکی ئەو بەستێنەیە کە کێشی عەرووزی تێک شکاندووە و غەزەلی لە سەر کێشی فۆلکلۆری و هیجایی تازە کردۆتەوە. ئەم هەوڵە لە "سەمای عیشقێکی شیرن"دا چاو پێ ناکەوێ و نوێخوازی تەنیا لە سەر کێشە عەرووزییەکاندا خۆ دەنوێنێ، بەڵام مەبەست لە سەربەخۆیی مانا لە غەزەلەکانی ئەو کۆمەڵە شیعرەدا - بە گشتی - ئەوەیە کە شاعیر لە بواری ماناییشەوە توانیویەتی تا ڕادەیەک تایبەتمەندییەکانی غەزەلی ئەورۆ لە خۆیدا بپارێزێ. دیارە غەزەلی ئەورۆش پێناسە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و غەزەلەکانی ئەو دیوانە شیعرەش - وەک بەشێک لە غەزەلی ئەورۆ- لە ڕواڵەت واتا قاڵب و فۆرمدا سوننەتین، بەڵام لە بواری بیر کردنەوە و هەروەها شێوەی دەربڕینی بابەتەکان، لەگەڵ غەزەلی پێشوودا جیاوازن. غەزەلی ئەورۆ وەک جەختی لە سەر کرا، سەرەتا خاوەن زمانێکی ئەورۆییشە و خوێنەر لە ڕەهەندی ئەو زمانەوە، تێکەڵ مانا و نێوەرۆک دەبێ. بەو پێیە کە نیما پێی وایە زمانی شیعری ئەورۆ دەبێ لە زمانی ئاخاوتن (informal language) نزیک

بێ، "سەمای عیشقێکی شیرن" بەو تایبەتمەندە زمانییە ئاماژە پێ کراوەی نیما، لە سەربەخۆیی مانا زیاتر نزیک بۆتەوە. هەڵبەت مەبەست لە سەربەخۆیی مانا ئەوە نییە کە سنوورێکی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ. بەڵکو مەبەست ئەوەیە جۆرێک یەکگرتوویی بابەت (وحدت موضوع) لە غەزەلی "سەمای عیشقێکی شیرن"دا دەبیندرێ کە بۆتە سەربەخۆیی زیاتر لە مانای غەزەلەکەدا. مانا - بەگشتی - لە غەزەلی ئەورۆدا مانایەکی پاڵاوتە لە ئیزافەوێژی ڕابردووە. بە وتەیەکی تر کاتێک غەزەلی ئەورۆ لە بابەتێک دەدوێ، وێڕای ئەوەی بابەتەکە زۆر جار یەک دەستە، بەیتەکانیش لە بواری مانابییەوە وەک لێزگەیەک دێنە پێش چاو کە هەرکام لە جێی خۆیدا بە شوێن یەکگرتوویی بابەتەکەوەن. بە جۆرێک کە دەکرێ بە شێوەیەکی بەرچاو، تەوەرەی بابەت بو غەزەلی ئەورۆ بدۆزرێتەوە. غەزەلی "خەم"، "ڕاوێژی نیگا"، "تۆزی گومان"، "پەشیمانی"، "ماچ" و... تاد لەو چەشنە غەزەلانەن کە خاوەن تەوەرەیەکی تایبەت لە بابەتدان. وێڕای ئەوەی سەربەخۆیی مانا بە ڕاشکاوی لەو غەزەلە ئاماژە پێ کراوانەدا پارێزراوە، بابەتیش - هەرچی بێ - لە چوارچێوەی غەزەلەکەدا تەوەرگری (محوریت)ی هەیە. بۆ نموونە کاتێک شاعیر باس لە خەم دەکا، هەوڵ دەدا بە دەربڕینی جۆراوجۆری شاعیرانە، خەمی خۆی بە بەردەنگ نیشان بدا و "خەمبار بوون" وەک تەوەرەیەک لە غەزەلەکەدا بپارێزێ. ئەوەش وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، دەرفەتی ئیزافەوێژی لە شاعیر دەستێنێ و هاوکات لەگەڵ یەک دەست کردنی بابەتەکە، دەبێتە هۆی یەکگرتوویی شکڵی غەزەل و سەرەنجامیشی سەربەخۆ بوونە لە مانادا.

بێجگە لەوە غەزەلی ئەورۆ وێڕای پڕاوپڕ بوون لە ناسکی و هەستی شاعیرانە - کە زیاتر ڕواڵەت یان بەشی دەرەوەی شیعرەکە وەخۆ دەگرێ - لە ماناشدا - کە بەشی ژوورەوەی دەقی شیعرییە- ئامانج خوازە و ئەو ئامانج خوازییەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە سەربەخۆیی ماناوە هەیە. من پێم وایە ئەگەر بێتوو ئەو دوو ئەسڵە هاوکات لە غەزەلێکدا ڕەچاو بکرێن، کەسایەتی زیاتر بە غەزەلەکە دەبەخشن. لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە ئاماژە پێ کراوانەشدا زۆر جار سەربەخۆیی مانا لە تاکە بەیتی غەزەلەکاندا خۆیایە، یانی بێجگە لە سەربەخۆیی گشتی مانا لە غەزەلدا، بەیتێک گەلێک جار بە تەنیایی هەڵگری مانا و پەیامێکی بەرچاوە. کەوا بوو یەکگرتوویی بابەت و پاشان ئامانج خوازی غەزەل، وێڕای زمانێکی ئەورۆیی و هاوکات لەگەڵ سەربەخۆیی مانا، دەتوانێ بنەڕەتێک بێ بۆ پێکهاتنی غەزەلێکی نوێ. ئەوانە سەرجەم هۆگەلێکن کە ڕادەی سەرکەوتوویی غەزەل دەستنیشان دەکەن. غەزەلێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە بە هەناسەی ئەورۆوە بژی، چونکە بێ گومان شیعر هەمیشە هاواری سەردەمی خۆیەتی و ئەگەر بێتو شتێکی جیاواز لەو هەقیقەتە بێ، لە ڕاستیدا بەرەو داکشان و فەوتانە. غەزەلی ئەورۆی ئێمەش خۆی باشترین ناسێنەری پلە و پێگەی خۆی لە قۆناغەکانی شیعری هاوچەرخی کوردییە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- بۆ نموونە عەینولقوزاتی هەمەدانی شیعر بەو جۆرە پێناسە دەکا: ... شیعر بە ئاوێنە بزانە، ئاوێنە ئەگەرچی لە خۆیدا ڕواڵەتێکی نییە، بەڵام هەرکەس لێی بڕوانێ، ڕواڵەتی خۆی تێدا بەو چەشنەی کە هەیە - دەبینێ. ئەوەش لە خۆیدا پیشاندەری چاخ و ئاستی تێکۆشانی هەرکەسێکە... یان ئەرەستوو دەڵێ: «شیعر هەرباسی ژیانی خەڵکە، هەر هەقیقەتە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی بەرزترەوە.»**

**٢- سوارە، ئیلخانیزادە، تاپۆ و بوومەلێڵ، تهران، ١٣٧٩، لاپەڕەی ٦٨ و ٦٩.**

**٣- محەمەدعەلی بەهمەنی (غەزەلنووسی بەناوبانگی فارس) لە وتووێژێکدا جەخت لە سەر شکڵ بوونی غەزەل دەکا و دەڵێ: «من نسبەت دانی قالب بە غەزەل پەسند ناکەم و پێم وایە غەزەل شکڵێک لە شیعری ئێمەیە، چونکە قالب هەمیشە سنوورێکی دیاری کراو دەسپێنێ. لە حاڵێکدا شکڵ سەرەڕای ئەوەی ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ، سنووریشی نییە. بۆ نموونە غەزەل زۆر جار لە ئاستی قالب بوون تێدەپەڕێ و شکڵی سروشتی خۆی بە ئێمە نیشان دەدا.**

**٤- حەریق لەو شاعیرە هەرەبەرزانەی کوردە کە بە وتەی مامۆستا هێمن، قوتابخانەی حەزرەتی نالی هێناوەتە موکریان و شاگردی وەک ئەدەب، سەیدڕەشید، عەلی بەگی حەیدەری و سەیفی قازی - کە خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی شیعرییە- لەو مەڵبەندەی کوردستان پێ گەیاندووە.**

**٥- محمد، دبیرمقدم، زبان شناسی نظری (پیدایش و تکوین دستور زایشی)، انتشارات سخن، تهران ١٣٧٨، لاپەڕەی ٦٤.**

**٦- احمد، شاملو، گزینه شعر، انتشارات مروارید، تهران، چاپ دهم ١٣٨٨، لاپەڕەی ٣٤.**

**٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٥.**

**٨- کورش، صفوی، درآمدی بر معنی شناسی، انتشارات سوره مهر، تهران ١٣٨٧، لاپەڕەی ٣٤.**

# «دڕدۆنگی»: هەوێنی زەینی مۆدێرن

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(کوردستانی ئێران)**

یەکێک لەتایبەتمەندییە سەرەکی و گرنگەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە بەرهەمهێنانی تێفکرینی تێکەڵ بە دڕدۆنگی و بیری ئاوێتەی گومان و مرۆڤی ئاوەزمەندی دووشک و دوو دڵە. دڕدۆنگی لە جیهانی مۆدێرندا شوناسی مەند و نەگۆڕی دیاردەکانی دەوروبەری مرۆڤی شڵەژاند و لە بری تاکە شوناسێکی سەقامگرتووی بێ گرێوگۆڵ، بابەتی «قەیرانی شوناسی» هێنایە ئاراوە، ئەویش لە ئاکامی ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە بەرودوا و بەردەوامانەی کە پێکهاتەیلی ناوەندخوازانەی حەزی سوننەگەراکانیان هەژاند و تەکانێکیان بە جەستەی زەبەللاح و بێ کەڵکی جیهانبینیی کۆن دا و تەپوتۆزی کۆنەپارێزی و کۆنەپەرستییان لەسەر ڕوو سڕییەوە. ئەزموونی شک و دڕدۆنگی ئەوکاتە لە هەناوی مرۆڤدا دەبنە پێداویستییەکی حەتمی و حاشا هەڵنەگر کە شوناسی شتەکان بکەونە نێو گێژاوی تێڕامان و تاوتووکردن و سەنگوسووک کردنەوە و تەم و تاپۆی وەهمی ئاساییبوونی جیهان و عادەتی وەرگرتنی ژیان بڕەوێتەوە و پێداچوونەوە بە جیهاندا و نۆژەنکردنەوەی ژیان ببنە ئەسڵی سەرەکی و بیرۆکەی گرنگی هەڵسوکەوتی هزری و کردەیی مرۆڤ. کە مرۆڤ بەو ئاستە لە بەرزەفڕیی هزرمەندانە گەیشت کە پێی وابێت چیتر ناشێ وەک گشتێتییەکی یەکپارچە و بێ کەموکوڕی، لەخۆی بڕوانێ، ئەوسا گۆڕانکاری نەک هەر دەبێتە بابەتێکی پێویست، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی چارەنووسساز دەکەوێتە ڕۆژەڤی هەڵسوکەوتی سات بە ساتی ژیانی، گۆڕان دەبێتە سەرچاوە و سەرەتای هەموو هەوڵێکی، جا چ ساکار و ڕۆژانە، چ پڕ پێچوپەناو هەتا هەتایی.

مرۆڤی دڕدۆنگ مرۆڤێکی هەڵپەسارده و ئاوێزانە

لەنێوان دوو جیهاندا: جیهانی پێش گۆڕان و جیهانی دوای گۆڕان. لەلایەکەوە جیهانێک کە ڕەسەنایەتی دەبەخشێتە نەگۆڕی و حەوانەوە و ڕازی بوون بەوەی هەیە و نییە، لەلایەکی ترەوە جیهانێک کە ڕەسەنایەتی لە گۆڕانکاری و جووڵانەوەدا دەبینێ و لە هەمبەر هەبووەکانی سەربزێوی دەکات و بەدوای نەبووەکاندا دەگەڕێت.

لە زمانی کوردیدا لەنێوان دوو چاوگی «گۆڕان» و «گەڕان»دا نزیکایەتی و تەنانەت خزمایەتییەکی زۆر سەیر و سەرنجڕاکێشی مانایی و دەنگی لە ئارادایە کە پیشاندەری ئەم ڕاستییە ساکار و فرە گرنگەیە کە نرخی «گۆڕان» و «گەڕان» و بزووتنە و دەسکەوتی «گەڕان»یش «گۆڕان» و نوێ بوونەوە و جۆرێکی تر بوونە، بەڵام ئەو شتەی دنەدەری ویستی گەڕان و خواستی گۆڕانە دڕدۆنگییە، دڕدۆنگی لە دۆخی بەردەست و بەرچاو، لەو دۆخەی خووی پێ گیراوە و لە قاڵبی عادەت و نەریت و داب و دەستووری تاکەکەسی، یان کۆمەڵایەتی دراوە، ئەو دۆخەی زۆرجار دەبێتە ئەسڵی ئاسایی و تەنانەت هەندێ جار یاسای ژیان، ئەو دۆخەی فرە جاریش بەرگی پیرۆزی تابووی بە باڵا دەبڕن و دواجار لەبری ئەوەی بابەتێک بێت بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوە، دەبێتە بتێک بۆ پاراستن و پەرستن. لێرەدا دیسان سەرنجی خوێنەری هۆگر ڕادەکێشم ئەم جارەیان بۆ ئەو هاودەنگی و هاومانایییەی کە لەنێوان دوو چاوگی «پاراستن» و «پەرستن»دا بەدی دەکرێ. ئەو شتەی شایانی پەرستن بێ دەپارێزرێ و پاراستنی هەر شتێکیش خۆی چەشنە پەرستنێکی ئەو شتەیە. «پاراستن» لەخۆیدا هەڵگری دەلالەتی دەستێوەرنەدان و نەگۆڕینە و بۆ پاراستن هەر شتێکیش پێویستیت بە یەقین و دڵنیایی و باوەڕ و متمانەیەکی نەگۆڕ بەو شتە هەیە. کەواتە ئەوەی پێویستە بپارێزرێ، یان بپەرسترێ ناشێ گومان هەڵگر و شایانی شک لێکردن بێت و پێویست بەوە ناکات بۆی بگەڕێیت و بەدوای دۆزینەوەیدا عەوداڵ بیت. دڕدۆنگی یەکەم بەرد و زلترین بەردە کە گۆمی مەندی «پاراستن» و «پەرستن» دەشڵەقێنێ و هۆش و هزری مرۆڤ لە زیندەخەوی ئاسایی ڕوانین و عادەتی تێفکرین ڕادەچڵەکێنێ و سەرنجی بۆ لای «گەڕان» و «گۆڕان» ڕادەکێشێ.

زەینی مۆدێرن زەینێکی ماندووە بە ناسینی خۆی و ناسینی جیهان و لەم ئەرکەیدا زۆر تا سەرباری دۆزینەوەی نوێ و تێگەیشتنی تازەیە و سوورە لەسەر ئەوەی دەشێ بەردەوام لە هەوڵی هەڵدان و هەڵدانەوەدا بێت.

زەینی مۆدێرن خوازیارە پێوەندی و نیسبەتی خۆی لەگەڵ جیهان و ژیان و کات و شوێن دیاری بکات و بەگشتی لە بەستێنی مێژوودا ڕەوڕەوەی هزر و هەستی خۆی وەگەڕ دەخات. زەینی مۆدێرن لە بنجوبناوانی دیاردەکان دەکۆڵێتەوە و شوێن پێی سەرەداوی هۆی دووداوەکان هەڵدەگرێ و مانای بوونی خۆی لەبوونی مانای خۆیدا دەدۆزێتەوە. زەینی مۆدێرن لە جیهان وەک دەقێکی کراوەی تژی لە ڕەمز و ئاماژە و نهێنی دەڕوانێ و دەخوازێ لە ڕێگای هێما و نیشانەکانییەوە ماناکانی هەڵکرێنێ و واتاکانی هەڵێنجێ. ئەم زەینە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە گەورە و گرانە پێویستی بە شا کلیلێک هەیە تا دەرگای کڵۆم دراوی بیروبۆچوونە سڕ و خووگرتووەکانی خۆی پێ بکاتەوە و ئەم شا کلیلە چ نییە جگە لە دڕدۆنگی.

زەینی سوننەتی، زەینی نەریتگەرا و داب خواز، لە جیهان تۆژینەوە و بە جیهاندا چوونەوە نەک هەر بە مافی خۆی، بگرە بە ڕاست و ڕەواش نازانێ. مانایەکی سادەی سوننەت، واتە دووپاتکردنەوەی ناهۆشیارانە و نازانیارانەی نۆرم و بابەتە باوەکانی ژیان، واتە دان پێدانان بە ڕاستی و ڕەوای قسەی پێشینیان، بێ ئەوەی ئەم دان پێدانانە ئاکامی خوردبوونەوە و مشتومڕ کردنێکی مەنتیقی و ئاوەزمەندانە بێت. لای زەینی سوننەتی قسەی پێشینیان دەبێتە قسەی نەستەق و ئاوێزەی گوێ و ڕێنمایی ژیان، بێ ئەوەی ئەم قسەیە لە بێژنگی عەقڵانییەت و شرۆڤەکردنێکی هزرمەندانە درابێت.

ئەوەی لە ڕابردووەوە هاتبێت لە وڵاتێکی پیرۆزەوە هاتووە. ئەوەی لەسەر زاری پێشنانەوە بگوترێت لە کەلامێکی قودسییەوە وەرگیراوە. زەینی سوننەتی ڕابردوو وەک بابەتێکی تەواوبووی گومان هەڵنەگر سەیر دەکات و ڕەوایی خۆی لە ڕەوایی ئەو بابەتەوە مسۆگەر دەکات. ڕابردوو بۆ زەینی سوننەتی دەنگێکی ڕەسەنە کە قسەی خۆی بە ئاکام گەیاندووە و مەبەستی خۆی پێکاوە، بۆیە شایانی ئەوەیە پشتی پێ ببەسترێ و بکرێتە ژێدەرێک بۆ زانایی و سەرچاوەیەک بۆ دڵنیایی.

# کانگای ئاواز و گۆرانی ڕەسەن، دەڤەری هەورامانە

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(بەڵخە- هەورامان)

ئاواز و گۆرانی و شیعر، سەرچاوەیان، لە هەورامانەوە سەری هەڵداوە. ئەوەندە، ئەو زمانە ئەدەبییەی هەورامان شیرینە، کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ئاخافتن، یان گۆرانییەک دەڵێ: لە قسەکردنەکەیدا، شێوازی موزیکی تێدا بەدی دەکرێت، هەروەک خانای قوبادی دەفەرموێت!

**(ڕاستەن مەواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن)(١)**

هەڵبەتە بوونی ئاووهەوا و ژینگەی خاوێن وای کردووە، گۆرانیبێژ دەتوانێت بە قورگی خاوێن و هەناسەی قووڵ، ئەو ئاواز و گۆرانییانە بچڕێت.

ئەگەر کەمێک باسی وشەی گۆرانی بکەین، ئەوە ئەو وشەیە بۆ سەروکلاوەی دەوڵەتی (ماد) دەگەڕێتەوە، چونکە (گۆسانەکان) لە سەردەمی ئەو دەوڵەتەدا، شایی و لۆغانیان گێڕاوە، کەواتە (گۆسانەکان) کۆمەڵێ گۆرانیبێژ بوون، بەکۆ سرووده، دینییەکانی گاتاکانیان بە ئامێری تەمبوور بەشێوەی کۆراڵی ئەو سروودانەیان، لەبەردەمی ئاتەشگەدەکاندا چڕیوەتەوە.

ئامێری تەمبوور بۆ ئەو ئاوازانە، بەشیعری پەنجەیی یەک بۆ یەکتری پڕکەرەوەی موزیکییە- لە دەنگەکانەوە هونەرمەندی موزیکژەن، دەتوانێت، هەنگاو بەرەو ئامێرە موزیکییە ڕەسەنەکان بهاوێت، هەروەها لەناو ئاوازەکاندا شیعری نامۆ جێگەی نابێتەوە، ئامێری ڕەسەن و شیعری خۆماڵی و دەنگی ڕەسەن هاوتای یەکن.

ئاوازە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە، گۆرانیبێژەکانی دەوڵەتی (ماد)، وەک: (ئەنگارێز- بامشاد)، کە ئاوازیان چڕیوەتەوە، هەر ئەو ئاوازە خواستراوانەن کە ئێستا هونەرمەندی ڕەسەن (عوسمان کێمنەیی) و هونەرمەندە لاوە ڕەسەنەکان، ئەو ئاوازانە دەچڕنەوە. بە هەموو جۆرە ئاوازەکانەوە هەر لە سیاچەمانەوە... تا گۆرانی زارۆڵا.

ئاوازی ڕەسەن مۆرفیم و فۆنەتیکی ئاوازەکان بزر

ناکات، جگە لەوەش، ئەو هونەرە نیشانە و شەقڵی ئەو خاک و گڵەی پێوەیە، کە ئەو هونەرمەندەی تێدا پەروەردە بووە. ئەو هونەرمەندانەی کە لەزێد زادەی خۆیان پەیدا بوون، جیاوازن لەو وڵاتەی کە هونەرمەندێکی دیکەی تێدا پەروەردە بووە. مەبەست ئەوەیە، کە هەر هونەرمەندێک لە نیشتمانی خۆیدا بژی فۆرمەلەشی جیاوازە. کەواتە هونەر بەشێکی جیا نەکەرەوەی مرۆڤە، بەڵام ئەو مرۆڤانە، یان ئەو هونەرمەندە ڕەسەنانە، هەریەکەیان (ئەدا) و شێوەی وتنیان جیاوازە، هونەری ئاواز و گۆرانی، بە هەرا و هاوار و قیژە قیژ نایەتە بەرهەم، بگرە (ئەدا) کردن مەرجی سەرەکی ئاوازەکەیە. داهێنانی هونەریش لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت.

هونەری ڕەسەن هەوڵ و کۆششی بێ وچانی یەکجار زۆری دەوێت. بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئاوازە، کە لە دەروونیدا جێگیرە، لەگەڵ ئەو کەرەسانەی دیکەی وەک شیعر، یان ئاواز، کە بەشێوەیەکی سروشتی لە گەردووندا هەن، دەبێت زۆر بە سانایی و ئارامی پێشکەشیان بکات و بە ئارامی و هێمنی و لەسەرخۆ، ئەو ئاوازە (ئەدا) بکات.

دەبێت هونەرمەندی ڕەسەن گوێی موزیکی هەبێت، ئاگای لە (بەزم- ڕەزم)ی وتنی گۆرانییەکە بێت، چەمکی ئاوازەکە نەشێوێنێت، ئاگای لە شیعری میللی و فۆلکلۆری و شیعری شاعیران بێت، چونکە ئەو ئاوازانە، یان ئەو دەقانە چەندین سەدە سنگ بە سنگ، وەچە بە وەچە گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، کە لە هەزارەی سێیەمداین، هونەرمەند هەرچەندە دەنگی زوڵاڵ بێت، بەڵام چۆنیەتی دەربڕینی ئاوازەکە وەک خۆی، نەک لاسایی کردنەوە گرنگە.

هەرچەندە لاسایی کردنەوە بارێکی باش نییە بۆ ئاواز و گۆرانی، یان چاولێکەری ئەوە هەر ئێجگار کارێکی نامۆیە بە چڕینی ئەو ئاوازە ڕەسەنانە، ئەگەر هونەرمەندێک، یان گۆرانیبێژێک لاسایی بکاتەوە، دەبێت لە گۆرانیبێژەکەی پێش سەردەمی خۆی چاکتری بڵێت، ئەگینا نەوتنی باشترە، تا وتنی. جێگەی خۆیەتی هونەرمەندان پەرە بە بەرهەمەکانی خۆیان بدەن. ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری زیندوو بکەنەوە، بەڵام هونەر ئەوە نییە هەر کەسێک بێت و بەبێ شارەزایی خۆی لەو کارە هەڵقورتێنێ، چونکە هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی هەموو گەلانە، کە لەسەر ئەم جیهانەدا دەژین.

بۆ نموونە ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە بەشیعری (١٠) برگەیی، لەنگی لە ئاوازەکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام بە شیعری (گاتاکان) ئەو ئاوازانە بوترێن، ئەوە بە برگەی (١٢- ١٤)، ئەوە ئاخ و ئۆف ناکەوێتە نێوان شیعرەکانەوە و موزیکیش زۆر بە سانایی بۆ ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە دەلوێت، بەڵام شیعری (١٠) برگەیی بۆ گۆرانی چەپڵە، یان وردە بەزم، ئەوە چەندی ئاوازەکە بەهێز بێت، ئەو شیعرە (١٠) برگەییانە ئەوەندەی تر بەهێزتری دەکەن- ئەو شیعرە (١٢-١٤) برگەییانە لە باری فۆرم و ڕوخسار و خەسڵەتی تایبەتی شیعری ڕەسەنن، کە هەورامان کانگای ئەو شیعرانەیە، هەر ئەو ئاواز و شیعرانە بوون، بوونەتە هۆی هێشتنەوەی فەرهەنگی ڕەسەنی ئاریزانتەکان، لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆ ئەو هەورامانە، بووەتە قەڵغانپارێزی هونەر و ئەدەبی سەرتاسەری وڵاتمان.

هونەرمەندان زۆر بە گرانی دەتوانن شیعری (عەرووز) لەگەڵ (ڕیتم) و ئاوازی ئێمەدا بکەن بە ئاواز و گۆرانی، چونکە وشەی نامۆ دەبیسترێت. عادڵ محەمەد پوور دەڵێت: (مۆسیقای دەریاکانی عەرووز، بتەوێ و نەتەوێ، جۆرە وشکی و جوینەوە و گرمە و ناڵەیەکی ئەوتۆی بە دەمەوەیە لەکاتی بیستندا، شتێکی نوێ و نەبیستراوت پێ نابەخشێت. مەگەر هەر ئەوانە پەسەندی بکەن، کە خۆیان بەرهەمێکی زۆریان، لەسەر ئەو تانوپۆیە چنیوە، یان گوێچکەی چێژیان تەواو ئاشنای ئەو ئاواز و کێشانە بوون)(٢)

کاتێک ئاوازێکی گۆرانی دەبیسین و گوێ بۆ جۆری شیعرەکە شل دەکەین، بەبێ سێ و دوو، جۆرە هەڵسەنگاندنێکمان لەلا دروست دەبێ، کە کام شیعر بۆ ئەو ئاوازە، یان ئەو گۆرانییە وتراوە؟ ئەگەر ئاوازەکە بە شیعری برگەیی وترابێ، ئەوە هەست بە سانایی برگەکان دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەو ئاوازە بەکێشی (عەرووز) وترابێت، جۆرە لەنگی و نامۆیی لە شیعرەکاندا بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوە گەڕان بە شوێن ئاواز و گۆرانی خۆماڵی خۆماندا باشترە، تا پەنا بەرینە بەر ئەو دیاردە نامۆیە، کە ئەمڕۆ هونەر و ئاوازی ئێمەی تێکەوتووە، ئەگەر بمانەوێ هونەرەکەمان پێشکەوێ، ئەوە دەبێ لە چاولێکەری و لاسایی دووربکەوینەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش (ماکە) ڕەسەنەکانمان بە وردی بپارێزین. کەسایەتی هونەرمەندیش مەرجی سەرەکییە بۆ وتنی ئاواز و گۆرانی، ئەگەر ئێمە تەماشای هونەرمەندە کۆنەکانی خۆمان بکەین، دەبینین تائێستاش ئاواز و گۆرانییان وەک قوتابخانەیەک ماوەتەوە. ئەو هونەرمەندانە ئاوازی بەرزەچڕی خۆیان چڕیوە، هەروەها هونەری بێگانەیان نەهێناوەتە ناو ئاواز و گۆرانی وڵاتمان، لە هەمان کاتدا ئەو هونەرمەندانە بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە هونەرییە

دەنگ و بەهرەی خۆیانیان بەکارهێناوە.

لە ساتی ئێستادا هەندێک هونەرمەند هەڵکەوتوون زیاتر بایەخ بە جوانی دەدەن، ڕاستە جوانی تارادەیەک بۆ هونەر و هونەرمەندان پێویستە، بەڵام بەهرە و شارەزایی و دوورکەوتنەوە لە هونەری بێگانە، مەرجی بناغەی هونەرمەندی ڕەسەنە. دەبێ هونەرمەندی ڕەسەن هەموو جۆرەکانی ئاواز و گۆرانی لەیەکتری جیابکاتەوە. ئەو ئاوازەی پێویستی بە شیعری عیرفانییە، دەبێ شیعری عیرفانی بۆ ئاوازەکە دابنێ بکات. ئەگەر گۆرانی چەپڵەڕێزان بوو، دەبێ شیعری وا لەگەڵ ئاوازەکەدا بەکاربهێنێ نامۆ نەبێت. نەک شیعری خەمۆکی لەگەڵ شیعرێکی بووک هێنان و بووک بردن ئاوێتەی ئاوازەکە بکات.

هەروەکو وتمان هەورامانی ڕەنگین سەرچاوە و کانگای ئاواز و گۆرانی ڕەسەنە. کەواتە هونەرمەندی دەنگ خۆش بەکارامەیی خۆی، ئاواز و گۆرانی ئەو دەڤەرە بەکاربهێنێ. هەموو هونەرمەندێ، یان گۆرانیبێژێ ناتوانێ خۆی لە بواری هونەری هەورامان بدات، بەتایبەتی ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی سیاچەمانە و گۆرانی گێلای و گۆرانی دەرەیی و گۆرانی چەمەری...تاد. ناوی ئەو ئاوازانەش کە بەناوی ئافرەتەوە ناونراون، دیاردەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە هەوراماندا جیاواز لە بەشەکانی دیکەی کوردستان پێگەی ئافرەت دیاری کراوە و ڕێز لە هەموو سەروەرییەکانی ئەو ئافرەتە ناودارانە گیراوە، بەشێوەیەکی تایبەتی و بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئافرەتان ڕێزیان لێگیراوە.

بەڵگەش بۆ ئەو مەبەستە، زۆربەی گوند و شارۆچکەکانی هەورامان بەدەست ڕەنگینی ئافرەتان بەردی بناغەیان دانراوە. هەر لە شاری (بیارە)ی ڕەنگین، کە ئافرەت دروستی کردووە، پێش (٣٧٥٠) ساڵ ناوی (بیاریێ) بووە، هەروەها (دەگا و تەرتیبا) کە ئێستا شاری (تەوێڵە)ی تێدا ئاوەدان کراوەتەوە، یان گوندی (زەردەهاڵ)، کە شاژنێک دروستی کردووە ناوی (مەتی زەردێیە) هەموو لێکۆڵەرەوان دەتوانن ئەو ئاسەوارە و ئاتەشگەدەی زەردەشتی، لەو گوندەدا بۆ ڕاستی باسەکە ببینن، بۆیە ئەو ئاواز و گۆرانییانە وتراون بۆ سەربەرزی ئەو ئافرەتانە بووە. نەک بۆ نیشاندانی نەنگی ئافرەتان. شایانی باسە دایک لە هەوراماندا (مادر سالار) بووە! لە مێژووی هەوراماندا د. محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت: (یەکەم دراوێ بەناوی (ئاداد)ەوە، مێژووی لێدانی ئەم دراوە بۆ سەردەمی ئاشکانییەکان دەگەڕێتەوە، یان نەختێ پتر وشەی (داد-dad) لە ئاڤێستادا بە واتای (باوک) هاتووە، حاڵی حازر ئەم وشەیە بە هەمان واتاوە، لە ناوچەی هەوراماندا ماوە و لە زمانە ئەوروپاییەکانیشدا هەر هەمان واتا و بە هەمان (گۆ)وە بەکاردێ)(٣)

دیارە ئافرەتی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ئەو سەردەمە کە ئاوازیان چڕیوە (نەکیسا)ی هونەرمەند بووە، کە لەسەردەمی، یان سەروکلاوەی (زەردەشتدا) ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەیان چڕیوە، بە شیعری (گاتاکان) کە ئەمەش نیشانە و بەڵگەی زیندوویی هەورامانە، ئەگەر ئاوازێکی بەرزەچڕی سیاچەمانە بچڕێنەوە، دەبێت ئەو سیاچەمانە- چڕانە، زۆر بە وریایی و هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەو شیعرانەدا بکات، چونکە شیعری سیاچەمانە شیعری گاتاکانە (١٢- ١٤) برگە، ئەگەر هاتو هونەرمەندێک ئاوازێکی لە جۆری سیاچەمانە چڕی بە شیعری (١٠) برگەیی وت، ئەوە بۆ ئەو هونەرمەندە سیاچەمانە چڕە پێویستە هەندێ وشەی دی لەگەڵ شیعرەکاندا بڵێت، بۆ پڕکردنەوەی موزیکی ئاوازەکە وەک: خاڵخە نەبن، گیانم لەی، توخوا مەرگەکە و کەوێت...تاد، بەڵام ئەگەر بە شیعری گاتاکان ئەو سیاچەمانەیە بچڕێت، ئەوە پێویستی بەو وشانە نابێت کە لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کردن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە گۆرانی نییە، بەڵکو سروودی دینی سەردەمی زەردەشتە کە لە ئاتەشگەدەکاندا موغەکانی زەردەشتی گوتوویانە، بۆیە لەسەر هونەرمەندی گۆرانیبێژ پێویستە، جیاوازی لەنێوان ئاوازی بەرزە چڕ و گۆرانیدا بکات. کەواتە ئەگەر شاعیر بیەوێت شیعر بۆ ئاوازی بەرزە چڕ دابنێ، دەبێ شیعرەکە لە (١٢- ١٤) برگە کەمتر نەبێت. ئەم شیعرەی خۆم بۆ ئاوازی بەرزەچڕ دەلوێت، چونکە پێکهاتەکەی (١٤) برگەیە وەک:

**(هۆ گوڵ هۆگوڵ هۆگوڵەکەی باخی سانان**
**تۆ پەروەردەی هەجیجی یاخۆ کەشی کۆسالان**
**وەشا وەرزی وەهاران، گرمە و هاڕەی وەرواوان**
**سەرنەوەی دار و درەخت چرۆ کەرۆ چون جاران**
**پۆشانش دەرەو زەڵمی یاران خیمە گۆراڵێ**
**سەرا و چون هەوڵی وەشا! یان بازی زەردەهاڵێ**
**هۆ سەیرانگا وەزەنێ پێشوازیتا ئینا سەر**
**پەی گزی بارەکڵەدای کناچێ گەل، گەل مەیابەر**
**ماچۆ سیاچەمانە واچ ئاناتوختان و سانی**
**ڕاو هەزارانی و وەزگێڵ تەخت وەبانی والآنی**
**وەسفش مە کریۆ بەزاز نەوەد نۆییرەی موغان**
**مێژوو و میدیا و مادیا سەرپاک خاکی هەورامان)**(٤)

ئەم شیعرەم بۆ ئاوازێکی خۆم بەناوی (هۆگوڵ) دامناوە، لە هەمان کاتدا بۆ هەموو ئاوازێکی بەرزەچڕی

سیاچەمانە دەلوێت، چونکە لەسەر ڕێوڕەچکەی شیعری گاتەکان دامناوە. هەرچەندە ئێستا کەناڵ و تەلەفزیۆنەکانی ولاٌت لە ڕێو ڕەچکەی هونەری ڕەسەن لایان داوە. تا ئاوازێکی ڕەسەن پەخش دەکەنەوە بە دەیان بگرە سەدان ئاوازی نارەسەن و ناجۆر بەرگوێی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەکەون.

هەندێک هونەرمەند هەن، سروودەکانی یارسان دەچڕن، لە هەمان کاتدا شیعری نامۆ و ناقۆڵا ئاوێتە بەو شیعرانە دەکەن، کە ئەمەش زیان بە فەرهەنگی هونەری نەتەوەکەمان دەگەیەنێ. هەربەکە لەو سروودانە باس لە بۆنە و ڕێو ڕەچکە و ئادابی دینی کاکەیی دەکەن، بۆیە بە هیچ کلۆجێک نالوێت شیعری تر تێکەڵ بەو سروودانە بکرێت. ئەمەش نموونەی سروودی پیرشالیاری هەورامییە، سەبارەت بە گەورەیی هەفتەوانە و دەستەوداوێن بوونیان دەکات و بەم شێوەیە دەفەرموێت:

**(وە حەدەرەوە، وەحەدەرەوە**
**بەیدێ بنیشێم وەحەدەرەوە**
**کەلام* جوانیم وەسەجەدەوە**
**وە نوخت پادشای پەردیوەرەوە**
**دەستگیر هەفتەوان جەی سەربەرەوە**
**بەیدێ بوانمشان وە پەمەرەوە**
**دامانشان بگریم نە بەشەرەوە**
**نەو لاویم ئەی قەول وەکەدەرەوە) (٥)**

بڕوانە: کتێبی یارسان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینییە سەبارەت بەکاکەیی، نووسینی ئەیووب ڕۆستەم، ل٣٤٥.

واتەکەی: پەلە بکەن و وەرن دابنیشین، بە فەرمانی پادشای پەردیوەر، کەلام بخوێنن، هەفتەوانان دەستگیرن و دەبێت سەریان پێ بسپێرن، دەستەودامێنیان ببین و پەیمان و بەڵێنان بێ هوودە تەماشا نەکەین. ئەو سروودە بە ئامێری تەمبوورەوە، سروودخوێنی تایبەتی خۆی هەیە، کە فۆرمەلە و وتنی سرووەکە ناشێوێنێ. هەروەکو ئاماژەم پێدا سروود، یان سیاچەمانە ئاوازی بەرزەچڕن نەک گۆرانی، هەرچەندە ئێستا هەندێک گۆرانیبێژ هەن، جیاوازی لەنێوان ئەو دوو دەستەواژەیە ناکەن. (کەلام مەبەست لە کتێبی پیرۆزی سەرئەنجامە، سروودەکانی ژمارەیەک لە ڕێبەران عاریفانی یارسانە). ئەو ئاوازانەی کە باسم کردن، باسی دابونەریتی دینی یارسانەکان دەکەن، لێکۆڵینەوە و شارەزابوون بۆ هونەرمەندان و نووسەران کارێکی فرە باشە، ئەگەر بە وردی و بە ڕاستگۆیانە کۆ بکرێنەوە و بە ڕێنووسێکی جوان بکرێنە کتێب و لە تەپوتۆزی ئەم لاو ئەولا بپارێزرێن و مێژوویان فەرامۆش نەکرێت. بۆ ئەوەی نەوەکانی پاشەڕۆژ بزانن ئێمەش وەک گەلان خاوەنی سەرمایەی فەرهەنگی خۆمانین، بۆیە ئاواز چڕین، یان سروود چڕین، یان گۆرانی وتن ئەوەندە کارێکی سانا نییە و هەموو گۆرانیبێژێک ناتوانێ ئەو ئاوازانە بچڕێت، بەڵکو ئەو ئاوازانە، ئاوازی بەرزەچڕی خۆیان هەیە. هەموو گۆرانیبێژێک ناتوانێت سیاچەمانە، یان سروودی یارسان بچڕێت، بەڵام هەموو سیاچەمانە- چڕێک، دەتوانێ گۆرانی و هەموو جۆرەکانی دیکەی هونەری گۆرانی بچڕێت. ئێستا لە ولاٌتی ئێمەدا بە تایبەتی باشووری کوردستان هونەر و ئاوازی گۆرانی زۆر لە تەنگژەدایە، چونکە ئەمڕۆ ئاسایشی هونەری نەتەوەییمان نییە، هەروەک پێویستە بایەخ بە فەرهەنگ و کولتووری خۆمان نادرێت. من لەگەڵ ئەوەدام گوێ لە هونەری بێگانە بگرین، وەک ئەوان چەندە پەرۆشی هونەری ئێمەن، با ئێمەش وەک ئەوان وابین، نەک ڕۆژانە لە کەناڵەکانی کوردستانەوە دەیان گۆرانی بیانی لێ بدرێت، بەڵام لە کەناڵێکی ئەوانەوە گوێم لە وشەیەکی کوردی نەبێ، نەک گۆرانییەک بە شیعری شاعیرێک. هەرچەندە بابەتەکە لەسەر کانگاو هونەری ڕەسەن بوو، بۆیە ئاوڕدانەوە بەلای ئەو کانگایە، دەبێتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە ڕۆڵەکانی خۆمان بەو هونەرە ئاشنا بین، نەک هونەرێک بێت نە لە شیعری نە لە واتای وشەکانی نەزانرێ، بەڵام چاولێکەری و چەواشەکاری هەر لە برەودابێ. هونەری خۆشمان لە ئاویلکەدانی مەرگدابێ، لە سایە و سێبەری ئەو کەناڵە ساوایانە، کە زۆربەی بەرنامەکانیان پەخشی هونەری بێگانە دەکەن، باسەکە بەم شیعرەی مەولەوی کۆتایی پێ دەهێنم:

**(مایەم نا ڕەواج دەروونم تەنگەن**
**قافڵەم تا قام قیامەت لەنگەن) (٦)**

**سەرچاوەکان:**


**١- محەمەدی مەلا کەریم، شیرین و خوسرەو، شاکاری شاعیری ناوداری کورد خانای قوبادی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم- بەغدا، ساڵی ١٩٧٥ زایینی ل١٧.**

**٢- هورمزگان سەرەتای سەرهەڵدانی لیریکای نڤیسکاری کوردی لە نووسینی: عادل محەمەدپوور، گۆڤاری هەورامان، ژمارە (١٦) ساڵی (٢٠٠٩) زایینی، سلێمانی.**

**٣- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، چاپی یەکەم، تاران، ساڵی ١٣٨٠ هەتاوی، ل٧٤.**


**٤- دارا محەمەد عوسمان هەورامانی، مێژووی موزیکی هەورامان، دەستنووس.**

**٥- ئەیووب ڕۆستەم، یارسان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئاینییە سەبارەت بە کاکەیی، چاپی دووەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦ی عیسایی، ٢٠٠٦ی کوردی، ل٣٤٥.**

**٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم سنە- کوردستان، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی، ل٤٠٠.**

# کۆواری دەنگی گێتیی تازە

مارف خەزنەدار




**کردەوەیەکی چاوەنۆڕ نەکراو**

لە پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی ئەوولای هەولێر بووم، شانازیم بە خۆمەوە دەکرد، بەوەی بە تەمەن گەورەم و بەم زووانە دەبم بە قوتابی قوتابخانەی ناوەندیی هەولێر و لەوەش گرنگتر دەچمە ڕیزی بەچکەشێرانی حیزبی هیواوە، ئەم کاتە بەڵێنیان پێم دابوو ئەگەر لە بەکالۆریای پۆلی شەشەم سەربکەوم، دەبم بە بەچکەشێری ئەو حزبە.

لەمێژ نەبوو لەگەڵ هەندێ قوتابییانی پۆلی شەشەم و قوتابییانی قوتابخانەی ناوەندیی هاتوچۆی چایخانەم دەکرد. کونجێکی چایخانەی حەسەن ڕەزا (ئێستا مەچکۆ) تایبەتی بوو بە قوتابیان.

ئێوارەیەکی پاییزە زەردە بوو، سروشت ئەوەندە جوان و خۆش بوو لە نیسانی سوور و کولیلەکەی دەکرد. لە چایخانە هاتمە دەرەوە، لە دوای چەند هەنگاوێک مێردمنداڵێکی هۆشیار هەندێ کۆواری لە قەوارەی نیو ڕۆژنامە بە دەستەوە بوو، بە دەنگی بەرز دەیگوت:

«مەجەللەی کوردی... مەجەللەی کوردی...» لەخۆشیانا خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم، چونکە نەمبیستبوو جگە لە کۆواری «گەلاوێژ» لە بەغدا و ڕۆژنامەی «ژین» لە سلێمانی، چاپەمەنی لەم بابەتە بە زمانی کوردی هەبێ.

هەرچۆنێ بێ دانەیەکم لە کۆوارەکە کڕی. بێ گومان خۆشی ئەم ڕووداوە لە پلەیەکدا بوو کەم جار تووشی ئەو بەختیارییە هاتووم، ئەوەی لە ئەنجامی بینینی کۆواری دەنگی گێتیی تازە پێی شاد بووم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو دیاردە لە کۆوارەکە هەندێ گرژیان کردم، یەکەمیان ئەوە بوو بەشی پێوەندی بەریتانیا لە بەغدا دەری دەکرد و دووەمیان وشەی «گێتی» گەلێ قورس کەوتە بەر گوێم. دەتوانم بڵێم ئەم گرژییە کاتی بوو، چونکە ئەو کاتە دژی هەموو کردەوەیەکی ئیمپریالیزمی بەریتانی بووم، هەروەها وشەی «گێتی»یش لە دواییدا ئەوەندە هۆگری بووم تا ئێستاش لە نووسینم لەگەڵ وشەکانی «دنیا» و «جیهان» و «عالەم» بەکاری دەهێنم. ژمارەی یەکەمی دەنگی گێتیی تازە ئەوەی لە فرۆشیارە مێردمنداڵەکەم کڕی، لەگەڵ زۆربەی ژمارەکانی دیکەی تا ئێستا لە نامەخانە و ئەرشیفی بنەماڵە پارێزراون.

**کۆواری «دەنگی گێتیی تازە»**

بۆ ناسینی بیروباوەڕ و ئامانجی کۆوارەکە لە ژمارەکانیدا نووسراوە «کۆوارێکی مانگانەیە لەلایەن بەشی پەیوەندی گشتییەوە لە باڵیۆزخانەی بەریتانیدا لە بەغدا

دەرئەهێنرێ».

ژمارەی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە، لەو ژمارەیەدا دەرهێنەری کۆوارەکە ئامانجی دەنگی گێتیی تازە دەخاتە ڕوو. نویشکی ئەم ئامانجە ئەوەیە ئاگای ڕاست لە بارەی هەموو کردار و قەوماوێکی جەنگی دووەمی گێتی بڵاودەکاتەوە، بۆ ئەوەی نەتەوە دیموکراتییەکان لەو جەنگەدا سەربکەون، بەمە تاکی کۆمەڵی هەموو مرۆڤایەتی بە ئازادی و سەربەستی و بەختیاری شاد دەبێ.

جگە لەوە کۆوارەکە بەشێک لەلاپەڕەکانی تەرخان دەکا بۆ زانیاری دیرێک و یاسا (مێژوو و قانوون). هەروەها بایەخ بە پەندی پێشینان و شیعر و ئەدەبیات و داستان و ستران و چیرۆک و گۆرانی دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆوارەکە تێدەکۆشێ بۆ بەرزکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی. هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ چاک کردنی تەندروستی و کشتوکاڵ و ئابووری و بازرگانی.

ئەم قسانەی ئامانجی دەنگی گێتیی تازە دەیخەنە ڕوو لە لایەن «لقی بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوردی لە مودیری پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەی بەریتانیدا لە بەغدا» ئیمزا کراوە.

**دامەزرێنەری کۆوارەکە تۆفیق وەهبی بوو**

پێوەندی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢ەوە لە بابەت هەواڵ و ئاگا و ڕووداوەکانی جەنگەوە خەریکی چاپ کردنی هەندێ بڵاوکراوە بوو بە زمانی کوردی. ئەم جموجووڵییە مەشقێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی کۆواری دەنگی گێتیی تازە. لەم مەیدانەدا ئەدمۆندس وەک ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوەوەی عێراق دەوری گرنگی لە دەرکردنی کۆوارەکەدا هەبوو. بێ گومان هاوڕێیەتی زانستی و ڕۆشنبیری لەنێوان ئەدمۆندس و تۆفیق وەهبی هەبوو، زیاتر بەناوی ئەوەی ئەدمۆندس وەک زانایەکی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس و خاوەن موحازەرە لە زانستگای لەندەن لەگەڵ تۆفیق وەهبی هاوکار بوو، نەک وەکو سیاسییەک.

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم هەندێ جار هەواڵم لە تۆفیق وەهبی دەبیست لە بابەت کۆوارەکەوە. زۆرجار ئەوەی ڕوون دەکردەوە و دەیگوت بۆ چاپ کردنی ژمارە یەکەمی دەنگی گێتیی تازە دەتوانم بڵێم هەموو بابەتە بڵاوکراوەکانی، خۆم ئامادەم کردبوون. لەگەڵ ئەوەشدا دووکەسم دەست نیشان کردبوو وەک کارگەر و مووچەخۆر بەناوی دەستەی نووسەرانەوە بۆ ئەوەی کاروباری کۆوارەکە بەڕێوە ببەن. ئەم دوو کەسە یەکێکیان حوسێن حوزنی موکریانی بوو. ئەو لەو ڕۆژانەدا لە بەغدا پشتگوێ خرابوو، وەزعی دارایی لەبار نەبوو، تەندروستی باش نەبوو. کارکردنی ئەو لە کۆوارەکەدا شوێنێکی تەبیعی بوو بۆ ئەو. کەسەکەی دیکەیان حەسەنی شێخ حەمە مارف بوو. گەنجێکی هۆشیار و خوێندەوار بوو، کوردی زانێکی باش بوو. ئەم دوو کەسە کاروباری بەڕێوەبردن و پۆستە و ئەرکی چاپ کردن و دەرهێنانی کۆوارەکەیان خستبووە سەر شانی خۆیان.

ئەگەر هەموو ژمارەکانی دەنگی گێتیی تازە بەسەر بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێ بەشی تۆفیق وەهبی لە هەموویان زیاترە. کارەکانی بریتین لە وتاری ڕەسەنی داهێنراو، ئامادەکردن، هەڵبژاردن، وەرگێڕان لە زمانانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی. هەروەها لەتۆفیق وەهبیم بیستووە هیچ شتێک بەبێ ئاگاداری ئەو لە کۆوارەکەدا بڵاو نەدەکرایەوە. دەیگوت لەوە دەترسام شتێک بڵاوبکرێتەوە لەگەڵ سیاسەتی کۆوارەکە نەگونجێ، وەکو دەبینی بڵاوکراوەکە مۆڵکی دەوڵەتی بەریتانیا بوو و لە بنجدا بۆ هەواڵی جەنگ و پڕۆپاگەندە کردن لەپێناوی سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتی لەو جەنگە ئیقلیمگیرییە بڵاو دەکرایەوە.

لە سەرانسەری هەموو ژمارەکانی دەنگی گێتیی تازەدا ئەوە دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک تۆفیق وەهبی خەریکی بووە. هەموو بڵاوکراوەکانی لەو کۆوارەدا وێنەی ڕاستەقینەی ئەو زاتە دەخەنە ڕوو. هەموویان لە دەوروبەری زمان و زمانەوانی و بە پەتی کردنی زمانی کوردی و مێژوو و قسەی نەستەق و فۆلکلۆر و شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی دەسووڕێنەوە، لەبەر ئەوە دەنگی گێتیی تازە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ناسینی تۆفیق وەهبی وەک زانا و دانا و نووسەرێکی بەدیمەنی کورد.

**ئیحسان مستەفای هەولێری**

ڕۆژێکیان لە پڕ تۆفیق وەهبی لە منی پرسی: ئیحسان مستەفای هەولێریت ناسیوە؟ گوتم: بەڵێ، ئەو بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، باوکم لەگەڵ مستەفا ئەفەندی باوکی هاوڕێ بوون. تۆفیق وەهبی گوتی: ڕۆژێکیان چیرۆکێکی ئەم نووسەرەیان بۆ هێنام، گوتیان: بیری نووسینەکە جوان و داهێنەرانەیە، بەڵام زمانی هەندێ لاوازە، گوتم: بۆ خۆمی دابنێن.

بە شەوقەوە چیرۆکەکەم خوێندەوە، بە ڕاستی جوان بوو. بۆ زمانەکەشی دەسکارییەکی کەمم کرد بۆ ئەوەی شێوازی تایبەتی نووسینەکە تێک نەچێ. لە دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە خوێنەر و خوێندەواری کورد ئافەرینیان کرد. ئەمە هانی ئیحسانیدا واز لە نووسین نەهێنێ.

وا بوو لە پاشانا یەک دوو چیرۆکی دیکەی کوردی بۆمان نارد و ئەوانیش بڵاوکرانەوە.

### قەڵەمی نووسەران لەسەر لاپەڕەی دەنگی گێتیی تازە

لەدوای بڵاوبوونەوەی یەک دوو ژمارە لەو کۆوارە خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد ڕوویان تێ کرد. لە تەک ناوی تۆفیق وەهبی و حوسێن حوزنی و حەسەنی شێخ حەمە مارف خوێنەرانیش بەشدارییان لە نووسیندا کرد. ئەو نووسینانە دەکران بە دوو بەشەوە. بەشێکیان پێوەندی بە ڕۆشنبیری کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەبوو، بەشەکەی دیکەیان لە بابەت جەنگەوە بوو. هەندێ لە شاعیرە ناودارەکانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی پیرەمێرد و زێوەر و قانیع بە شیعر بەشدارییان دەکرد. شیعری جوانییان بڵاودەکردەوە وەک پڕۆپاگەندەیەک بۆ سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتی و لەناوبردنی فیکری هیتلەری نازی و فاشیست.

مەبەستی بنچینەیی تۆفیق وەهبی لە لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، ئەوەبوو زمانەکە لە ڕووی وشەی پەتی کوردییەوە تازە بکاتەوە. ئەگەر ئەو وشە و تەعبیرە تازانەی تۆفیق وەهبی دایڕشتبوون و پێشنیاری کردبوو، بە کاریان بێنین و کۆ بکرێنەوە، فەرهەنگێکی زمانی کوردی لە وشەی تازە دروست دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد بەشدارییان دەکرد، بیروڕای خۆیان دەخستە ڕوو، هەندێ جار پێشنیارەکانی تۆفیق وەهبیان بەڕاست نەدەزانی. بەم جۆرە جموجوولییەکی ڕۆشنبیری لەسەر لاپەڕەکانی دەنگی گێتی تازە کەوتبووە ناوەوە.

وشە و تەعبیرە تازە پێشنیارکراوەکانی تۆفیق وەهبی دووبارە و سێبارە و زیاتریش بەکاری دەهێنان، لە پاشانا شاعیر و نووسەرانی کورد لەنووسینیاندا ئەو وشە و تەعبیرانەیان بەکار دەهێنا، ئەمە دەورێکی گرنگی لەپێناوی بە پەتی کردنی زمانی کوردیدا هەبوو.

داخی گرانم ئێستا لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) گەلێ لەو وشە جوانانەی لە ڕێگەی دەنگی گێتیی تازەوە کەوتنە ناو زمانی کوردییەوە پشتگوێ خراون و کەس نازانێ بۆچ؟! کەس نازانێ لەبەرچی وشەکانی «گیروگرفت» و «تەنگوچەڵەمە» بوون بە «قەیران» ؟! ئەو بەستەزمانەی «قەیران»ی هێناوەتە ناو زمانی کوردییەوە، لەگوێی گادا نوستووە، نازانێ وشەکە تورکی مەغۆلییە؟! ئەم جۆرە وشە تورکییانە لەناو زمانی کوردیدا زیاترن لە وشەی عەرەبی، بەڵام ئەو بەستەزمانە تەنیا دەرەقەتی وشەی عەرەبی دێ! نازانێ لە زمانی کوردیدا بەسەدان وشەی تورکی هەیە بەدرێژایی ڕۆژگار بوون بەکوردی. تەنیا ئەو وشانەی بەدەنگی «ق» دەست پێ دەکەن و لەبنجدا تورکین گەلێ زۆرن، لەوانە: قاچاغ، قاورمە، قایش، قەفتان، قەڵتاغ، قەوان، قەیسی، قۆندەرە، قوزباشی و قورقوشم و هی دیکە.

### ژیانەوەی کۆواری دەنگی گێتیی تازە

سێکۆچکەی دیار لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و نووسەری کورد سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگنە ناوە ناوە بەسەرم دەکەنەوە. دەست و دیاری بەنرخیان لەم دواییەدا بڵاوکردنەوەی دەنگی گێتیی تازە بوو بە ڕێگەی ئۆفسێت. ئەمە یەکێک بوو لەکردەوە بەنرخەکانی هاوکاری نێوان بنکەی «ژین»ی سلێمانی و دەسگای ئاراسی هەولێر.

ئەم دوو بنکەی بڵاوکردنەوەیە دەورێکی باڵایان لە ژیاندنەوەی هەندێ لە ڕۆژنامە و کۆوارە دێرینەکانی کوردی بووە. ئەو چاپەمەنییانەی لەلایەن هەندێ لە خوێندەواری نەوەی کۆنەوە لەبیر کرابوون. نەوەی تازەش زۆربەیان ناویشیان نەبیستووە.

دەمێکە پرۆگرامم داناوە بۆ دووبارە چاپ کردنەوەی ڕۆژنامە و کۆوارەکانی دێرینی کوردی، ئەوەم خستبووە ڕوو لە پێش هەموو شتێک پێویستە ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانە وەکو خۆیان چاپ بکرێنەوە، دیارە بە ڕێگەی ئۆفسێت. بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی خۆیدا بە هاندانی من جەمال خەزنەدار هەندێ کۆواری کۆنی کوردی لە مۆزە هێنایە دەرەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە ئەرشیڤ ڕزگاریان بکا و هەمیشە لەبەر دەست بن و وەکو سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و ئەدەب و کولتووری کورد بەگشتی.


هەر بۆ ئەم ئامانجە بوو ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی «کوردستان»یش (قاهیرە ١٨٩٨) لە پێشانا ژمارە یەکەمی دۆزرایەوە و ڕۆژی دەرچوونی ئەو ژمارەیە ئاشکرا کراو، لەپاش چەند ساڵێک کەمال فوئاد بەشێکی زۆری لە هەموو ژمارەکان بەڕێگەی ئۆفسێت بەچاپ گەیاندەوە.

دەسخۆشی لە بڵاوکەرەوەکانی کۆواری دەنگی گێتیی تازە دەکەم بۆ هەموو خزمەتە بێ وێنەکانیان لە مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی و داوایان لێ دەکەم ئەوەی ماوە لە ڕۆژنامە و کۆوارە کۆنەکان لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا پێشکێشی خوێندەواری کوردی بکەنەوە.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی پیرشالیار

**عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان محەمەد**
**(سلێمانی)**

**(١ – ٢)**




ئەم ڕۆمانە بەناوی پیرشالیارەوەیە و لە نووسینی بەڕێز حەمەکەریم هەورامییە و ساڵی (٢٠٠٤ زایینی/٢٧٠٤ کوردی) بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە – زنجیرەی (٢٥٠ )چاپی کردووە، (٤٥٠) لاپەڕەیە، پێشەکییەکی(٤) لاپەڕەیی هەیە، پاشان بە (١٦) ئەڵقە نووسراوە.

**پێناسەیەک بۆ ڕۆمانەکە لە ڕوانگەی پێشەکییەکەیەوە.**

– کەشوهەوای ئەم ڕۆمانە لە ناوچەی هەورامانی پێش سەد ساڵەی هاتنی ئیسلامەوە هەڵهێنجراوە. ئەو کاتە هاوچەرخی دوا سەدساڵەی دەوڵەتی ساسانی بووە... مێژوونوسان وای بۆ دەچن ئەو دەوڵەتە لە ناو جەرگەی وڵاتی کورداندا سەری هەڵداوە و بنەچەی دامەزرێنەر و پاشاکانی بە ڕەگەز و ڕەچەڵەک کورد بوون.

– لەدوا سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتەدا، پیرشالیاری هەورامی سەری هەڵداوە، ئەم پیرشالیارە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

– ئەوانەی لەسەر ئەم پیرشالیارە شتیان نووسیوە، گوایە بەنیازی خۆیان لەم کارەیاندا ویستوویانە چاکە بکەن چەند سەدەیەکیان بۆ پێشەوە هێناوە، بەڵام مێژوویان شێواندووە و بوونەتە هۆی خەفەکردنی چرایەکی ڕووناکی دیکەی ناو مێژووە شپرزەکراوەکەی نەتەوەکەمان.

– هەندێکی تر لەنووسەران پێیان وایە: چەند پیرشالیارێک هەن، گوایە دوا پیرشالیاریان ئەوە بووە کە دەکەوێتە پاش فەتحی ئیسلامییەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە وا نییە، گریمان واش بێت، ئەی پیرشالیاری یەکەم کێ بووە؟ ناوی چی بووە؟ کەس خۆی لە بواری وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نەداوە و هۆیەکەشی دیارە لەبەر چییە؟

– ئەوەی گومانی تێدا نییە: بەر لە هاتنی ئیسلام لە وڵاتی کوردان، بەتایبەت لە هەورامان، ئایینی زەردەشت بە هۆی پیرشالیارەوە سەقامگیر بووە.

– ئەم پیرە لە هەموو پیرەکانی تر شارەزاتر بووەو بە پیری پیران ناسراوە، تا ئەمڕۆش ناوی وێردی سەر زمانە.

– دوای گەڕانێکی زۆر بەناو سەرچاوە و پرسوڕا بە کەسانی بەتەمەن بە تایبەت، بە کۆپلە شیعرەکانی پاشماوەی خۆیدا بۆم

دەرکەوت کە ناوی سیمیار بووە.
– نووسەر دەڵێ: دوای ئەوەی ناوەکەیم بۆ دەرکەوت – ئاسۆی تێڕوانینی ئەم ڕۆمانەی بەرفراوانتر کرد.. ئەم پیاوە پێش ئەوەی نازناوی پیرشالیاری بدرێتێ بە(زانای سیمیار) ناسراوە، ڕێی تێ دەچێ ئەو کەسە بێ کە پاشاکانی ساسان داوایان لێ کردبێت پارچە پەرشوبڵاوەکانی ئاوێستای بەتاڵان براو کۆبکاتەوەو زەندێکیان بۆ بنووسێ، ئیتر کە ئەم کارەی کردووە، پاشای ساسانی ئەو نازناوی پیرشالیارەی دابێتێ، لەوانەشە ئەم نازناوە لە فەرهەنگی کوردەواریدا جێگیربووبێ و وەک میراتێک بەو پیرانە بەخشرابێ کە لە هەوراماندا کاروباری ئایینییان پێ سپێردرابێ.
– لەم ڕۆمانەدا هەوڵ دراوە لە بیروباوەڕ و ڕەوشت و نەریت و کارو کردەی دەڤەری هەورامانی ئەو سەردەمە نزیک ببمەوەو لەئاستی ئەواندا باربخەم، بۆیە برێ جار هەر لەبەر تاموچێژ ساودان، هەندێ دەستەواژەو زاراوەم بە شێوەزاری هەورامی بەکارهێنراوە.
– نووسەر بۆ ناوی خێزانی پیرشالیار نەگەیشتووەتە قەناعەت، بەڵام وای بەپەسەند زانیوە ناوی بنێ نازەنین، هەم وەک سەمبولێک بۆ شکۆمەندیی ئافرەتی کورد بەکاری هێناوە، هەم وەک هێمایەک بۆ گشت ژنانی دەڤەری هەورامان.
– هەورامان: هەم دەڤەرەو هەم دێیەکی گەورەیە– هەر لە کۆنەوە پێیان وتووە (شاری هەورامان) تا ئەو کاتەی پیرشالیار کردوویەتی بەسەنتەری ئەو ناوچەیە هەر بە (دەگای هەورامان)ناوبراوە، (دەگا) لە هەورامیدا واتە: گوندێکی گەورە.

**ئەڵقەی (١) ل (٧–٢٣)**

– لە دەگای هەوراماندا سیمیاری کوڕی هۆرمزیار – چونکە باوکی مردووە، لە ماڵی مامیدا دەژی کە خودادادەو پەسەندی ژنی– لەشەوێکی زستاندا کە خەوی لێ نەدەکەوت تا درەنگانێ خەوت و خوداداد خەوی بە هۆرمزیاری برایەوە بینی کە گۆچانێکی دایە دەستی و وتی: بیدە بە سیمیاری کوڕم با بزاڵەکانت بۆ بەخێو بکات. ئەم خەوە خەیاڵاتی زۆری بۆ خوداداد دروست کرد و کاریگەری لە سەری بوو.
– بزنە ژیوا بزنە مەرەزێکی بەتەمەن و بنەکداری هەموو بزنەکانە، هەموو ساڵێک دوو بزڵەی دانەی مەرەزی گوڵەنگداری وەک خۆی دەبوو، ببوو بە بزنە فەرداری ناو بزنەکان، کاتی خۆی باوکی سیمیار بەر لە مردنی دابووی بە پەسەندی براژنی.
– پەسەند لەگەڵ خوداداد هەر بۆڵەی دێ و دەڵێ نابێ سیمیار لەگەڵ ئێمە بخەوێ، بۆیە ئەویش دەچێتە کادان و ئاخوردانەکە دەخەوێت... ناڕەزایی پەسەند، جۆرە ڕاستییەکی تێدایە، خەنەی بووکێنی پەنجەکانی کاڵ نەبووەتەوە، سیمیاریش هەستی کراوەتەوەو شت دەزانێ... لەولاشەوە ناز بەسەر خودادادی ژن مردوودا دەکات، خودادادیش چونکە ژن مردووە قەدری ژن دەزانێ، بۆیە جارجارە ڕق و کینەکەی دەخواتەوە..
– سیمیار هەر لەسەرەتادا بۆ خوداداد دەرکەوت کە شتێکی نهێنی تێدایە.
– زۆری نەبرد، بزنە ژیوا، زاو دوو بزڵەی بوو، لەولاشەوە پەسەندیش مژن دەکات.

**ئەڵقەی (٢) ل(٢٣–٤٦)**

نازەنین کچی تاقانەی خواجە بەهەمەنی سەرداری دەگای هەورامانە، تووشی نەخۆشییەک بووە ناویان نابوو خەمۆکی، بردبوویانە لای موغانە گەورەکەی ئەکباتانەو موغانەکەی شارەزوور، کەچی هەرچاک نەببووەوە. ئەمە جگە لەوەی موغانەکەی دەگای هەورامان، چارەسەری نەخۆشییەکەی نەکردبوو، هەر لە نزاکردندا بوو بۆی، دەیوت: خوایە بەزەییت بەجوانیدا بێتەوە، لەبەر ئەمە ماڵی خواجە چوار ساڵ بوو خۆشییان بەخۆوە نەدیبوو.
ژیرلەی مەرێش وتبووی: (بیکەن بە بەرخەوان چاک دەبێتەوە.)
سیمیاریش بەرەو هەرەتی گەنجایەتی هەڵدەکشا، ژیری و بلیمەتییەکەی، جوانییەکەی ڕازاندبووەوە... پیاوان ئێرەییان بە خوداداد دەهات کە برازایەکی وەهای هەیە، بارتەقای حەوت کوڕە. ژنانیش ڕژدیان بە پەسەند دەبرد، کە لاوێکی وای لەبەر دەستدایە هەرمان و کاری بۆ دەکات.
ناوی سیمیار کەوتبووە سەر زمانی ژنان و پیاوان، بەتایبەت کچانی دەگا. سیمیار بە بەردەمی ماڵی خواجە بەهەمەندا ئاژەڵەکانی دەبرد و دەهاوردەوە... نازەنین لە دەلاقەکەیانەوە هەموو جارێ سەیری سیمیار دەکات و تا چاو بڕکا سەیری دەکات... هەنارخانی دایکیشی لەدرزی دەرگاکەوە بەمە دەزانێ کە ئەو سەیرکردنەی شادمانی دەکات، بەڵام نازانێ هۆی شادمانییەکەی

چییه؟!!

هەنارخان دەستی لە چاکبوونەوەی کچەکەی شوشتبوو، بەڵام ئەم شادمانییە هەنارخانی خستە ناو گێژاوەوە، دەیوت: تۆ بڵێی تیری عیشقی ئەم کوڕە کاری لە نازەنین کردبێ. هەروەها دەیوت: چۆن کچی خواجە بەهمەن گیرۆدەی کوڕە شوانکارەیەکی بێ دایک و باوک دەبێ! لەم دواییەدا نازەنین جگە لە زمان بەسراوی، تووشی کەم خەویش هاتبوو. ئەم گومانەی هەنارخان، وای لێ دەکات تا بزانێ وایە ئەم کچەی عاشقی سیمیارە، بۆیە چەند نەخشەیەک دادەنێ... لە ئەنجامدا:

وای بە باش زانی لەو کاتەی خواجە سەفەر دەکات، ئەمیش سەیرانێک ڕێک بخات بۆ باخەکەی خودادادکە ئەو شوێنە لەوەڕگای بزن و مەڕەکانی سیمیارە، لەوێ کەس پێیان نەزانێ و چاودێری نازەنین و سیمیار بکات و بزانێ شتێکی بۆ دەرناکەوێ؟ بەم شێوەیە سەیران کراو، دوای ئەوەی لە نزیکەوە گوێیان لە شمشاڵەکەی سیمیاربوو کە بەزمی «هەی گوڵ هەی بەهاری» لێیدا بۆ ئاژەڵەکان، هەنارخان و نازەنینیش بە نەوای شمشاڵەکە کەیل بوون، نازەنین گەرووی کرایەوەو ڕووی کردە دایکی و وتی: دایە.

بەم وشەیە هەنارخان لە خۆشیاندا باوەشی بە نازەنیندا کرد و وتی: دایە باڵاگەردانت بێ... ئۆخەی ئەوە تۆی. نازەنین کەوتە قسە. لێرەوە بۆ هەنارخان ئاشکرابوو. دەردی نازەنین دەروونییە و عیشقە لێی داوە، بۆیە: وای بە باش زانی هەردووکیان بچنە لای ... ئەویش پێشوازییەکی گەرمی لێ کردن. هەنارخان وتی: ئەمە چەند ساڵە نازەنین نەخۆشە لێمانت نەپرسیوە؟

سیمیار وتی: ئەوانە نازەنینیان بە نەخۆش زانیوە، نازەنینیان نەدیوە، ئەوەی کە دیویانە دیدی خۆیان بوو... بەم نزیک بوونەوەو قسەو گفتوگۆیە لە نێوان نازەنین و دایکی لەگەڵ سیمیاردا... هەنارخان وای دەزانی لەسەر تەختی شاهانە دانراوەو باڵندەی هوما لەسەرشانی نیشتووەتەوە... نازەنین جارێ تر وتی: دایە.. کە دەستم گرت بەگۆچانەکەی سیمیارەوە گیانم کەوتە باڵەفڕێ.. زارم بووە کلیلی هۆشم.. سیمیار مۆڵەتی لێ وەرگرتن و ڕۆیشت، ئەمانیش گەڕانەوە لای کارەکەر و پیاوەکان و کردیان بە شایی، بەڵام جگە لە هەنارخان و نازەنین، کەس نەیزانی نازەنین چۆن چاک بووەتەوە!! نزای موغانەکە بوو، یان خۆشیی شوێنەکە، یان نەوای شمشاڵەکە و دیتنی سیمیار، یان هەموویان.

### ئەڵقەی (٣) ل(٤٦-٩٤)

کە گەڕانەوە ناو دەگا... گوڵنازی کارەکەر بە چاک بوونەوەکەی زانی، یەکسەر دەستی بە قریوەو گۆرانی کردو بانگی ئاوایی کرد، کە نازەنین چاک بووەتەوە وەرن سەیرکەن... ئەوەی بیستی هەموو شادمان بوون و ڕژانە ماڵی خواجە بەهمەن.

هەنارخانیش ئەو ئێوارەیە، میوانەکانی بەگێتە مەژگەو خۆشاو و مێوژ و گوێز و کولێرە دەرخوارددان. هەر یەکە چاک بوونەوەی نازەنینیان بۆ شتێک و یەکێک دەگەڕاندەوە، یەکێ بۆ موغانەکەی ئەکباتانە، یەکێ بۆ پیری شارەزوور، یەکێ تر بۆ مۆغانەکەی دەگای هۆرامان.

ئەمشەوە بۆ هەنارخان زۆرخۆش بوو، بەڵام لەماڵ نەبوونی خواجە و ئامادە بوونی نۆشاو زڕبرای بەهمەن و ئەژدەری کوڕی، شەوەکەیان ناخۆش کردبوو. نۆشاو پیاوێکی لار و ئەژدەری کوڕیشی لە خۆی بەدو نەگریستر بوو، هەردووکیان هەمیشە خەریکی پشێوی نانەوەو گێچەڵ بوون... ئەژدەر هەمیشە منداڵانی بە شەڕ دەدا، باوکیشی کەللەڕەقێکی هیچ لەباردا نەبوو بوو، لەبەرخاتری خواجە نەبووایە کەس ئاوڕی لێنەدەدانەوە.

بۆ بەیانی هەنارخان... هێشای کوڕی بەهرۆزی نارد بۆ ناوچەی ژاوەرۆ و ئازەران، تا سۆراخی خواجە بەهمەن بکات و مژدەی بداتێ و خێرا بگەڕێتەوە... نۆشا خەریک بوو مەجلیس تێک بدا، بەڵام هەنارخان وتی: بیکە بەخاتری نووری ئەهورامەزداو ١٢هەزار پەڕەی ئاوێستا ئەم خۆشیەمان لێ تێک مەدە. لەولاشەوە ئەژدەری کوڕی سەری هۆزای شکاندووە.

هۆزا کوڕێکی هەتیو بوو، دایکی بە بێوەژن کۆشی بەخێوی کردبوو. منداڵێکی ژیر و زیرەک بوو.

کە گوڵناز لە دەمی ترازابوو، کە بە نەوای شمشاڵەکەی سیمیار نازەنین چاک بووەتەوە، بۆیە منداڵانی دەگا زۆربەیان فێری شمشاڵ لێدان بوون، بەڵکو ئەوانیش نازەنینێکی تر چاک بکەنەوە.

کە خواجە گەڕایەوەو نازەنینی بینی لە خۆشیاندا هەموو خەڵکەکەی نەبات باران کردو وای زانی موغانەکە چاکی کردووەتەوە، بۆیە خەڵاتێکی باشی کردو پەرستگاکەشی نۆژەن کردەوە.

ئێوارە شەوێکی پاییز ئەژدەر

ویستی شەڕ بە منداڵان بفرۆشێت، بەڵام پەروەر داوێکی بۆ نایەوە و کەرێک لەقەیەکی لێداو کەوتە کەنێکەوەو هەردوو کلۆکی شکاو بێ هۆش کەوت و لە ماڵەوە کەوت و منداڵان ڕزگاریان بوو.

زۆری نەبرد خودادا هۆدەیەکی سەربەخۆی بۆ سیمیار دروست کرد، چونکە خوداداد هەستی کردبوو کە ئەم برازایەی نهێنییەکی تێدایە، بۆیە جیرەی بۆ موغانەکە بڕیبووەوە تا وانەی ئاوێستای پێ بڵێتەوە. دەشیانزانی ئەو بەرەکەت بارینە بەسەریاندا هەمووی هی سیمیارە... سیمیار هەرچەندە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڵام شۆخوشەنگ و بەکردەوەش لەوە گەورەتر بوو کە هەبوو.

سیمیار خۆی بەشتی لاوەکییەوە خەریک نەدەکرد، چونکە ئەو لەناخەوە هەستی بەدەنگی نامەیەکی پیرۆز دەکرد، بۆ ئەمەش خۆی بۆ ئامادە دەکرد... سیمیار زۆر بیری لە ڕووەک و دارودرەختەکان دەکردەوە، هەمیشە جێگەی تێڕوانینی ئەو بوون.

بەهرۆز (باوکی هێشا) کاروانچی ماڵی خواجە بەهمەن بوو... هێشا برادەری گیانی بەگیانی سیمیار بوو، لەو سەفەرانەی کە لەگەڵ باوکیدا دەیکردن، چی دەبینی هەمووی بۆ سیمیار دەگێڕایەوەو بە قسەکانی سیمیاریش دڵی دەکرایەوە. هێشا لەوانەیە ماوەیەکی تر ببکەنە سەرقافڵەچی قەتارچیانی ماڵی خواجە بەهمەن... بەردەوام لەگەڵ باوکیدا هاتوچۆی ماڵی خواجە دەکات.

موغانەکە قسەی نابەجێ بۆ سیمیار دروست دەکات و گاڵتە بەو وتانەی دەکات کە وتویەتی:

**داران گیان داران جەرگ و دڵ بەرگن**
**گاهێ بێ بەرگن گاهێ پڕ بەرگن**

سیمیار خەریکی دروستکردنی مەرەکەبە، بە هەندێ گیاو کەتیرەو خەڵوزو...

سیمیار کەمێک لەسەر وتەکانی زەردەشت ڕۆیشت و بۆ هێشای ڕوون کردەوە: (بیری چاک، وتەی چاک، کاری چاک). مانای چییە؟ هەروەها وتی:

چاوی مرۆڤ بەرەو ئاسۆیە، کەچی چاوی ئاژەڵان بەرەو زەوییە، چونکە ئاژەڵ هەر لەوەڕەکەی بەسە، لەوەڕیش لە زەوییە، بەڵام مرۆڤ چاوی لە نێوان ئاسمان و زەویدا دەبێ، دەبێ هۆشی لای یەزدان بێ و دەستی گوزەران و بژێوی لەناو زەویدا بێت.

نازەنین! جوانی و خۆش گوفتاری ببووە وێردی سەر زمان و بە نازەنینی هەورامان ناسرا. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ داخوازیکەر دەهاتن، خواجەش گیری خواردبوو، لەوە دەترسا لاییدەیەک داوای بکات و نازەنینی لەدەست دەربچێ.

نۆشا و ئەژدەری کوڕی نەیاندەزانی چی بکەن! نازەنینیان لەدەست دەردەچێ و کەس پرسیاریان پێ ناکات. نۆشا بە ئەژدەری کوڕی دەڵێ، ئەگەر تۆ پیاو بوویتایە، با بۆ تۆ داوام بکردایە، ئەمیش دەڵێ ئاخر من تۆ باوکمی، چۆن ئەو شوو بەمن دەکات. بەم شێوە هەمیشە دەمەقاڵێیان بوو، کاڵێی ژنی نۆشا هەر ناوبژی دەکردن.

نازەنین دوو مەرجی داناو وتی: جاڕ بدەن لە ١٤ی مانگی بەفرانبار خەڵکی لەدەرەوەی دەگاو لە دەگا کۆببنەوە، کێ دەیەوێ نازەنین بخوازێ ئەو دوو مەرجەی نازەنین بێنێتە دی، ئەو شووی پێ دەکات.

**ئەڵقەی (٤) ل(٩٤-١١٧)**

هەر بە نزیکبوونەوەی ١٤ی مانگ، دەگای هەورامان لە خەڵکی لاییدە خرۆشا، حەشاماتێکی زۆر لە دەگا کۆبوونەوە، هەندێ بۆ داخوازی و هەندێ بۆ تەماشاکردن. جاڕدرا، بەیانی هەموو لە حەوشەی ماڵی خواجە کۆبوونەوە. دانە دانە گەنجی دەگاش هەبوو، بەڵام بەترس و شەرمەوە هاتنە پێش، لە ناو ئەوانەش هێشای قەتارچی ماڵی خواجە بوو. دوای ئەوەی خەڵکەکە جەم بوون، نازەنین بووکی هەورامان، بە جلوبەرگی واڵاوە خۆی پیشاندان، هەرکە بینییان هەندێ کشانە دواوە، ترسان و خۆیان بە شیاو نەدەزانی، یەکەیەکە خۆیان بە نازەنین ناساند، ئەویش سەیری دەکردن و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکردن، لەکۆتاییدا وتی: کێ دەیەوێ ببێتە هاوسەرم، من دوو مەرجم هەیە. بۆ ئەمەش بڕۆنە لای حەوزی پەرستگاکە، دێم مەرجی یەکەمتان پێ دەڵێم... هەندێ لە گەنجەکان وتیان: دەڵێی سەرلەشکری تەتارەو فەرمانیان بۆ دەردەکات.

بۆ ئێوارە هەموو کۆبوونەوە، نازەنین وتی: مەرجی یەکەمم ئەوەیە: کێ ئازایە هەر لە ئێوارەوە تا بەیانی خۆرکەوتن خۆی بخاتە ناو ئەو حەوزەوە! ئەوەی مەرجی یەکەمی هێنایەدی، دواتر مەرجی دووەمی پێ دەڵێم. نازەنین ئەمەی وت و ڕۆیشت.

چەند گەنجێک کە دەستیان خستە ئاوەکەوە ئیتر نەیانوێرا بچنە ناو ئاوەکەوە، بۆیە هەموو بڵاوەیان

لێکردو وتیان: ئەمە کەی مەرجە، ژن بڕاوە ئەمە چییە.. بۆیە دوورکەوتنەوە، بەڵام هێشا چووە ناو حەوزەکەوە، پاش ماوەیەک کوڕە (سەرپێڵ)ییەکیش خۆی خستە ناویەوە، بەڵام دوای کەمێک خۆی نەگرت و هاتە دەرەوە... سیمیار، کە بەمەی زانی، هاتە لای هێشاو چپەیەکی لەگەڵدا کردو بۆ ئەوبەری دەگا ڕۆیشت، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ تا بەیانی ئاگری کردەوە. ئیتر هێشا لەم بەرەوە هەر سەیری ئاگرەکەی دەکرد و خەڵک ئەو شەوە بە تەمای مردنی هێشابوون، بەڵام ئەو توانی ئەم مەرجە بباتەوەو بەیانی بە سەلامەتی هاتە دەرەوە. لەم لاشەوە خەڵکەکەی کە هاتبوون بە خەمباری و بێ تاقەتی گەڕانەوە، بەڵام خواجە خەڵکی ڕاسپاردبوو، ئەو میوانانە بەجوانی و شایستەوە بەرێ بکەن و هەریەکەیان دیاری پێدان.

هەنارخان و خواجە و نازەنین، لەماڵەوە کەوتنە گفتوگۆ... تا دوێنێ قەتارچی بوو، کەچی ئێستا دەبێتە زاوای خواجە... کوڕە باش بوو لاییدەیەک نەیبرد... هەر یەکە شتێکی دەوت، لە ناکاو سەوسەنی دایکی هێشا بۆ ماڵی خواجە هات و وتی: هێشا ناردوومی بۆ لاتان، وتی پێیان بڵێ: من هەر قەتارچییەکەی جارانم، ئەوەم بۆیە کردووە خەڵکی نەڵێن لە دەگای هەورامان پیاوی تێدا نییە، تا بۆ خەڵکی دەرکەوێ خواجە نۆکەری وای هەیە. نازەنین بە چارەنووسی خۆیەوە بەستراوە تا ماوە گەورەو سەروەری دەگایە. نازەنین وتی: گوێتان لێبوو؟ ئەوەیە دایک و ئەوەیە کوڕی مەرد و ئازا!

لەم ئەڵقەیەدا نازەنین مەرجی دانا بۆ ئەو کەسەی شووی پێ بکات لە یەکەم مەرجدا هێشا بردییەوە.

### ئەڵقەی (٥) ل (١١٧– ١٥٧)

ئەم ئەڵقەیە باس لەوە دەکات ئەم ماوەیە نازەنین ناوی زیرەکیی دەرکردو بووە سەرداری دەگا و لەباتی باوکی فەرمانی دەردەکرد، هەموو خەڵک سەریان لە زیرەکییەکەی سوڕما بوو. بەڵێ هێشا مەرجی بردەوە، بەڵام هیچ باسێک لە ئارادا نییە، بەڵکو وەک جاران قەتارچی ماڵی خواجەیە، هەنارخانیش چاودێری نازەنین و سیمیار دەکات.

لە پەنجەرەوە زەردەخەنەیان بۆ یەک هەیە، دەسەڵاتدارانی دەوروبەر ڕقیانە لەخواجە، دەیانەوێ تووشی بکەن، بەڵام نازەنین خان بەزیرەکی و ژیری خۆی وەڵامی دانەوە. باوکیشی دڵی پێی خۆش بوو کە بەڵێ کوڕی نێرینەی نییە، بەڵام وەجاخی کوێر نییە و لە بیروڕایەکانیدا دەڵێی سرووشێکی یەزدان بەخشی بۆ دێت. موغانەکەش جارجارە بۆ شکاندنی سیمیار لە ناو خەڵکدا دەیوت: بۆ زانست و زانیاری دەبێت ئەم شار و ئەو شار بکەیت، تا زانیاریت زیاد بێ. بەم قسەیە گوایا من وام کردووە، سیمیار هەموو شتێ نازانێ، نەیدەزانی ئەم قسانە کار لە سیمیار دەکات و ڕۆژێک دەبێت بگەڕێت، تا زیاتر شارەزایی لە گاتاکان و وەندیدات ببێت.

### ئەڵقەی (٦) ل (١٢٨– ١٥٧)

هەموو ساڵێک لە پاییزدا دوای ئەوەی بەرهەم کۆکراوەتەوە، کاروان دەکەوێتەڕێ، چی زیادەیان بێ، دەیبەن دەیگۆڕنەوە بەوەی پێویستیانە. نزیکەی (٥٠) شتی زیادەیان هەبوو. ئەوەی پێویستیان بوو لە دەرەوە کەمتر بوو، زیاتر دانەوێڵە بوو لەگەڵ... ئێستا سەر قافڵەی کاروان هەر هێشایە، لە ئەوسا زیاتر پایەدارەو لای خواجە و خەڵکی دەگا جێگەی ڕێزە.

دوای ئەوەی کاروان ئامادە کرا، خواجە لەسەر بانیژەکەی لەگەڵ هەنارخان و نازەنین ڕاوەستان، کە دووکەڵی پەرستگە بەرزبووەوە، خواجە دەستەسڕەکەی بەر کەمەری دەرهێناو هێمای جمانی کاروانی دا.

سیمیاریش خۆی ئامادەکردو مامیشی ئاگادار کرد، کە ئەویش لەگەڵ ئەم کاروانەدا دەڕوات، دوای ماوەیەک دەگەڕێتەوە لایان، خواحافیزی لە مامی و مامۆژنی و دوو منداڵەکەی (لاس و سانا) کرد. کاروانچییەکان چاویان بە سیمیار کەوت، وایان زانی چاویان بەخدری زیندە کەوتووە، زۆریان پێ خۆش بوو.

لە دەرەوەی دەگا (هێشا و سیمیار) ڕاموسانیان لەگەڵ خەڵکدا کرد، بەتایبەت خودادادی مامی، هێشا پێشرەوی کاروانیشی دایە دەست (جوولە) کە پیاوێکی باڵا بەرز و قیت بوو.

لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارەدا، کاروان گەیشتە زارگەرووی دەربەندی دالاش، بە فەرمانی هێشا لەو دەربەندە سامناکە بارخراو وەستا. شەو کۆمەڵێک جەردە هاتنە سەریان، خەریک بوو بکەونە شەڕەوە، بەڵام سیمیار کەوتە قسەکردن لەگەڵیاندا و قەناعەتی پێ کردن و وازیان هێناو گەڕانەوە دواوە. یەکێکیان کە ناوی گژەتیکە

بوو، پڕپاسکەیەک کەلوپەلی ڕفاند، سەرۆکەکەشیان کیسەکەی سیمیاری برد، کە دەستی پێداکرد قامیشەکەی کە بۆ نووسین بەکاری دەهێنا چوو بە نازەناخونیداو ئازاری زۆری دا.

پاشان شەو درەنگانێ سەرۆکی جەردەکان و هەموو تووشی ڕەوانی بیوون و هاتن بەشوێن سیمیاردا، ئەویش چووە لایان، لە ئەنجامدا گژەتیکە فریای نەکەوت و مرد و ئەوانی تر کە ڕەوانی بوون، سیمیار دەرمانی دانێ و چاک بوونەوە و سەرۆکەکەش تۆبەی کردو چاک بووەوە. دەربەندی دالّشیش ناونرا دەربەندی شاهۆ.

کاروان ڕۆیشت، دوای ماوەیەک سیمیار جیابووەوە و بەرەو شاران کەوتە ڕێ، بەلاّم کاروان بەرەو بێستوون زەمین، واتە ماهی دەشت ملی نا. کە خواحافیزیان لەیەک کرد، هێشا وتی: ئێستا دەزانم جیابوونەوەی ئازیزان ئەوەندە گران و جەرگبڕە.

سیمیار بە هێشای وت: خوا یار بێ هەموومان دەگەڕێینەوە، تۆ زوو، من درەنگ، تۆ بەباری قورسەوە، من بە هەگبەی پڕەوە، بڕۆن لە ئاسانەی خوادا بن.

**ئەلّقەی (٧) ل(١٥٧-١٧٧)**

سەرکردەی جەردەکان کە ناوی وەسان بەگ بوو، ناوی خۆی نا (پیروەسان بەگ) و پەرستگەیەکی لە دەگاکەی خۆیدا کردەوەو موغانێکی بۆ گرت وتی: من لەسەر دەستی فریشتەی ئاسمان تۆبەم کردووە، ئیتر بووە ماری دوو سەرە، هەم بەگ و هەم پیر.

پاش ماوەیەک کاروان گەڕایەوە و جوولّە پێش هەموویان هاتەوە ناو دەگاو خەلّکی دەگاش پێشوازی گەرمیان لێکردن، بەلاّم نەگەڕانەوەی سیمیار پرسیاری لای خەلّکی دروست کرد، تا هێشا تێی گەیاندن.

هێشا شەو چووە مالّی خواجە بە تێروتەسەلی هەموو بەسەرهاتی جەردەو سەفەرەکەی بۆ خواجەو هەنارخان و نازەنین گێڕایەوەو وتی: ئەگەر بە زیرەکی و دانایی سیمیار نەبوایە تووشی گرفتێکی گەورە دەهاتین.

شەو هەموو خەلّکی لە مالّی خواجە لەگەلّ کاروانچییەکاندا کۆبوونەوە، هێشا بەدرێژی باسی چوونەکەیان، بەتایبەت باسی جەردەکان و دەوری سیمیار لەو ڕزگارکردنەدا کرد، هەروەها هۆی نەگەڕانەوەی سیمیاریان دایە بەر لێکۆلّینەوە، بەلاّم موغانەکەی دەگا نەهات، چونکە دەیزانی سیمیار بۆچی نەگەڕاوەتەوە، بۆیە هەر بەو داخەوە سەری نایەوە تا تووشی نەخۆشییەک بوو و مرد.

**ئەلّقەی (٨) ل(١٧٧-٢٤٠)**

دوای موغانەکە، مام خوداداد سەروکاری پەرستگەکەی دەکرد. سالّ هات و ڕۆیشت، سیمیار دەنگی نەبوو، خواجە پیر ببوو، مالّ، هەنارخان دەیبرد بەڕێوە، دەگاش ئەو زەوقەی جارانی نەمابوو، وەک دایکێکی ڕۆلّە دوور ولاّت وابوو، ژیرلەی مەڕێ گەورەی دەگابوو، هەنارخان شەپلّەیەک لێی دابوو، کەمێ پەکی خستبوو، ژیرلە تێگەیشتبوو کە دەگا بەهۆی نازەنین و هێشاوە گەورە بووە، خۆ سیمیاریش بگەڕێتەوە دەبێتە ئەستێرەگەشەی ئاسمانی هەورامان.

خواجە پیاو ماقوولاّن و مەڕێگای لەگەلّ ژیلەدا لەدیوەخان کۆکردنەوە، بەلاّم هەنارخانیان بە زۆر هێنا، چونکە لەبەر قاچ ئێشان نەیدەتوانی بێتە دانیشتنەکانەوە. ژیرلە وتی: لەم کۆبوونەوەدا دوو پێشنیار دەکەم (١)حەکیمێک پەیدا بکەین بۆ خانمی گەورە (٢)یەکێک بۆ سەروکاری پەرستگەکە دابنێین...

هەموو لەسەر ئەم ڕایە بوون جگە لەنۆشای نەگریس، دوای چەند قسەیەک ویستی دانیشتنەکە تێک بدات، لێی داو ڕۆیشت و ئەوانیش لۆنگێک (بەرمالّ)ێکیان هێناو دایانە ژیرلە، ئەویش بەناوی هەموانەوە خستییە سەرشانی خوداداد، کردیانە(پیرخواداد)و هەموو ڕاموسانیان لەگەلّ کرد. بۆ حەکیمەکەش بۆ هەنارخان، پاش هێنان و بردن، سیمیاریان دەستنیشان کرد، کە لەو باشتریان دەست ناکەوێ، بەلاّم کێ بچێت بەشوێنیداو لە کوێ بیدۆزنەوە...

هەنارخان و نازەنین و هێشاو خوداداد ئەم خالّەیان زۆر بەدلّ بوو... هێشایان دیاری کردو بازووبەندێکیان لە قۆلّی ڕاستی بەست و پەتێکی سپی کە حەوت گرێیان لێ داو لێیان بەست، کە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە بووەتە ئەندامی مەڕێگا...

نازەنینیش دەسمالّەکەی ملی لەملی هێشای گرێداو وتی:تۆ مایەی شانازی دەگایت، کوڕی گەورەی خواجەی و برای ئازیزی منی.

بە پێی دابونەریت، ئەو دەسمالّە نازەنین و هێشا، وا لێ دەکات وەک براو خوشکیان لێ دێ و بۆ یەکتری ناشێن.

**ئەلّقەی (٩) ل(٢٠٤-٢٣٥)**

هێشا دیاری کرا، بەلاّم کێی تر لەگەلّیدا بڕوات، گەنجانی دەگا

لەبەردەم ماڵی خواجە کۆبوونەوە، هەریەکەیان خۆیان گێڤ دەکردەوەو دەیانوت: ئێمە دەبینە هاوڕێی هێشا، بەڵام هەنارخان و نازەنین سوپاسی هەموویانیان کرد و ڕەوانەیان کردنەوە، هێشا بۆ هاوڕێی خۆی، وارانی لالۆ وەزەنی هەڵبژارد، ئەم کوڕە شەڕی لەگەڵ گیاندارانی کێوی دەکردو کوڕێکی شاخەوان و ئازابوو..

هۆزای زاما کوڕی ئەختەر، بێ ئاگاداری دایکی و بێ پرسی کەس، خۆی تا نیوەی ڕێگەی بڕی، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ.

هێشاو واران، لەسەر شێوەی دوو کەسی عاشقی یەزدانی و عەودالی ڕێی زانین و فێربوون کەوتنە ڕێ، هێشا شمشاڵەکەی سیمیاری کرد بەلاداو دەفێکیشی دایە کوڵی واران...

دوای دوو ڕۆژ گەیشتنە شوورەی شارێک و بە دەروازەیەکدا چوونە ژوورەوە، گەیشتن بە موغانێک، پاش قسەو باس پێی وتن لەکوێوە هاتوون؟ وتیان: لە هەورامانەوە. وتی: خزمی پیرسیمیارن؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ، بەمە دڵخۆش بوون کە سیمیار دەناسێ. ئەو شەوە هۆزاش پێیان گەیشت. بڕیار درا بەیەکەوە بڕۆن و لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. بۆشیان دەرکەوت سیمیار ساڵێک لێرە بووە، دەستنووسە کۆنەکانی ئەم پەرستگەیەی نووسیوەتەوەو لەگەڵ خۆیدا بردوونی.

بۆ بەیانی، موغانەکە خستنییە تەک کاروانێک، ئەوانیش بەڕێ کەوتن، بەڵام لەڕێگە تووشی شەڕێک بوون، گوایا قاچی دەهقانی شارێکیان شکاندووە، بۆیە هێشاو واران گیران، تا کابرا قاچی چاک دەبێتەوە، تەنانەت کاروانەکەش تووش بوون، بەڵام لە دواجاردا کاروان ڕزگاریان بوو.

ئەوان سێ مانگ مانەوە، بەڵام هۆزا کە مایەوە، وا خۆی پیشان دا کە برای سەرقافڵەی کاروانەو بۆ بەردەستی هێشا ماوەتەوە. لەو بەینەدا کە واران زیندان بوو، دەنگ و باسی هێشا کە حەکیمی قاچی کابرا بوو پێی دەگەیاندن، بەڵام لە دواجاردا بڕیاردرا هۆزا بڕواو بە شوێن سیمیاردا بچێت، چاوەڕێی ئەمان نەکات.

– لە دەگاش نۆشا پڕوپاگەندەی خراپ بڵاودەکاتەوە و کاڵێی ژنیشی تانەوتەشەری لێ دەدا. ئەختەری دایکی هۆزاش، نازانێ هۆزا بۆ کوێ چووە، بەڵام نازەنین وتی: هەبێت و نەبێت بەشوێن هێشادا ڕۆیشتووە، بۆیە ئەختەر دڵی بەوە خۆش بوو.

نۆشا هاتە سەر ئەو ڕایەی کەوا باشە لە سەردەستی پیرێک تۆبە بکات، پیروەسان بەگی بۆ ئەمە هەڵبژارد، بەڵام کە چووە لای پیروەسان بەگ، ئەوەی لە بیرچووەوە کە بۆچی هاتووە بۆ لای! بۆیە پلانی دانا بۆ کوشتنی هێشا کە گەڕایەوە پیروەسان بەگ بیکوژێ. دوایی داوای نازەنینی بۆ بکات، بەڵام پیر لێی تووڕە بوو، وتی: تۆ وا دیارە پیاوێکی نەگریسی، بۆیە نۆشا خێرا پەشیمان بووەوەو وتی: قوربان من هاتووم تۆبە بکەم، بە هەرحاڵ پیروەسان بەگ دەری کردو وتی: بڕۆرەوە بۆ هۆرامان، ساڵێکی تر وەرەوە تۆبەت لێ قبوڵ دەکەم ...

نۆشا، خێرا بەرەو هۆرامان کەوتە ڕێ، پیروەسان دووکەسی بە دوایدا نارد لە نزیک دەگای هۆراماندا نۆشا بکوژن، با لاشەکەی قەل و داڵ بیخوات و دووکەسیشی لە دەربەندی شاهۆ دانا کە هێشا گەڕایەوە ئەویش بکوژن .

کاڵێی ژنی نۆشا لە دەگا بڵاوی کردبووەوە، کە نۆشا چووە بۆ لای پیرێک تۆبە بکات، خەڵکی پێی خۆش بوو، بەڵام دوای هەفتەیەک خەڵکی قەل و داڵیان لەچەمی چەقەڵاندا دەبینی، بۆیە خەڵکی چوون بۆ ئەوێ بینییان تەنیا لاق و کەللەسەر و پووزەوانەو فەرەنجی و جلەکانی ماوە، ئیتر ئێسقانەکانیان کردن بەژێر کەڵەکە بەردێکەوە و جلەکانیان هێنایەوە پەرستگە، خەڵکی خڕ بوونەوە بزانن کێیە! کە کاڵێ فەرەنجی و پووزەوانەکانی بینی قیژانی وتی: نۆشایە...

خواجە بەهمەن، فەرمانی دا لە چەمی چەقەڵان، شوورەیەک بەدەوری ئەو کەڵەکەدا بکەن و پەرۆیەکیان بەو داروپەردووەدا کرد، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەمە گۆڕە ... دواتر خەڵکی وایان دەدایە قەڵەم، ئەمە گۆڕی پیاوێکی ئاراگێڵی ڕێی خواپەرستییە، کاڵێش ئاغام ڕۆ خواشوکری دەکردو خەڵکی دەگا ڕزگاریان بوو لەو پیاوە نەگریسە بەدفەڕە قەل و داڵ خواردووە، کە دەگای هۆرامانی شێواندبوو.

**ئەڵقەی( ١٠ ) ل( ٢٣٥-٢٧١ )**

هۆزا پرس و ڕاوێژی بە هێشاو واران کردو ڕێی ئیلامی گرتەبەر، لەسەر ڕێگە وەستا، تا پیاوێکی پیری نەخۆش و گەنجێکی بینی بەگەڵیان کەوت، لە ڕێگەش ژن و پیاوێکی بینی دەگەڕانەوە، کە چووبوونە لای شەخسێک، بۆ چاکبوونەوەی منداڵەکەیان، کەچی منداڵەکە بەکۆڵی دایکییەوە مردبوو، هۆزا پێی زانی. ئەم کوڕو پیاوە نەخۆشەش، بۆ لای ئەو پیاوچاکە دەڕۆن، کە ئەم منداڵەیان بردووەتە

لای.
هۆزا لەسەر کانیاوێک وەستا، هەندێ ئامۆژگاری هەردوو لای کرد، زۆر پێیان خۆش بوو، وایان دەزانی ئەمە خدری زیندەیە تووشیان بووە. لەوێوە هۆزا لێیان جیابووەوە و ڕێگەیان نیشان داو بەرەو ئەکباتانا کەوتەڕێ.
هۆزا کەوتە ڕێ تا شەوی بەسەرداهات و ئاگرێکی بینی، بەرەو ئاگرەکە ڕۆیشت، سێ کەسی بینی، لەوانە کە سەپان و هامان و لاپان بوون، ئەمانە! دەهقانی ناوچەکەیان کوشتووە، چونکە سەرەڕای زاڵمی هەر کچێ شووی بکردایە، دەبوایە ئەم پەردەی کچێنی لاببردایە!! بۆیە ئەو شەوەی کە ئەم دەهقانە ویستوویەتی بچێتە لای خوشکەکەیان، کوشتوویانە و ڕایان کردووە، لەوانەیە زاواکەیان گیرابێ و خوشکەکەشیان بێ سەروشوێنە.
بەهەرحاڵ، ئەو شەوە لەلای ئەو سێ برایە مایەوە، حیکایەتی یەکتریان بۆ یەک گێڕایەوە، بۆ بەیانی ئەم بەرەو ئەکباتانە ڕێی گرتەبەر، بەڵام ئەوان ناوونیشانی دایکیان دایە، کە هەواڵیان پێ بگەیەنێت، بەڵکو لەوێش ڕێ نیشاندەرێکی دەست کەوێت، ئەوانیش بەرەو بێستوون زەمین بڕۆن، بەڵکو هێشتا بدۆزنەوە و هەواڵی ئەمی بدەنێ، ئەویش ڕێگەیەکیان پیشان بدات.
هۆزا بەرەو ئەو شارە ڕۆیشت کە لەنزیک ئەکباتانەوەیە، وەک دەرۆزەکەرێک بۆ نان کۆکردنەوە گەڕا، تا ماڵی دایکی سێ براکەی دۆزییەوە، مەتی ڕەخشانی تێگەیاند، کە سێ کوڕەکەی ماون و خەمیانی نەبێ، ئەویش تێگەیشت کە زاواکەیان کوژراوە، بەڵام کەس دەنگوباسی کچەکە نازانێ. دوایی جلوبەرگی ئەو شارەی پێداو بۆ لای موغانی ئەو شارە چووە پەرستگەکە، بەڵێنیشی بە پوورە ڕەخشان دا لەو سەرەوە بێت بۆ لای کوڕەکانی ببات.
هۆزا بەرەو ئەکباتانا کەوتە ڕێ، هەرچۆن بێ خۆی گەیاندە پەرستگە، مۆبید و موغانێکی زۆری بینی، لە ئەنجامدا گەیشتە گەورەکەیان. وتی: من برای سیمیارم دەمەوێ بیبینم ... مۆبیدەکە وتی: پیرسیمیار بە فەرمانی کیسرای ساسانی چووە بۆ تەیسەفۆنی پایتەخت.
مۆبیدەکە زۆری پێ خۆش بوو هۆزای بینی وتی: لەم دوو سێ ڕۆژانە من خۆم بۆ ئەوێ دەڕۆم تۆش دەبەین. مۆبیدەکە بەو ئومێدە ڕۆیشت بۆ تەیسەفۆن، بەڵکو بە بۆنەی هۆزاو پیرسیمیارەوە، وەزیری دەستە ڕاستی کیسرا ببینێ و شتێکی بۆ بکات ... بەو ئومێدەش بەشداری جەژنی میهریش بکەن.
هۆزا لەگەڵ مۆبید و کاروان کەوتنەڕێ، بەڵام بە هەڵسوکەوتی مۆبیدەکە زۆر بێ تاقەت بوون، هۆزا لە هۆرامان وای دیوە، لەسەفەردا سنوور لە نێوان گەورەو بچووک کەم دەبێتەوە، کەچی لێرە وا نییە ...
بە هەرحاڵ مۆبیدەکە زۆر ڕێزی هۆزای دەگرت، ئەویش بۆ مەبەستی خۆی بوو ... هۆزا گەیشتە تەیسەفۆن، بۆ بەیانییەکەی شار ڕۆژی میهرەجانە، هەموو لە مەیدانی ئەردەشێر کۆدەبنەوە کە ئەمە (٥)ساڵ جارێکە، لەهەموو دەڤەرەوە، خەڵک بانگ کراون، ئەوەی لەو ماوەی (٥)ساڵەدا، کارێکی گرنگی ئەنجام دابێت، لە لایەن شاوە خەڵات دەکرێت.
شاو شاژن و شاپووری وەزیر، لەسەر سەکۆیەک دانیشتن و جەماوەریش لە دەوریان. شاپوور دەستی بە وتاردان کردو وتی: ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە خەڵات بەو کەسانە دەدرێت کە کارێکی چاکیان ئەنجام داوەو کەم وێنەن، وەک ئەوەی چەند ساڵە بە ئاواتەوە بووین یەکێک ئاوێستا کۆبکاتەوە، ئەوەتا ئێستا پیرسیمیاری شارەزووری هۆرامی، ئاوێستای کۆکردووەتەوەو زەندێکی بۆ نووسیوە، هەموو موغان و مۆبیدێک لێی تێ دەگات. ئەمەش ئاواتی چەند ساڵەمان بوو. لەم کاتەدا پیرسیمیار هەڵسایەوە و چووە بەردەم شاو شاژن... شا، شاڵێکی زیوەری خستە سەر شان و سەپەرێکی لەمل کرد و بەویقارەوە چووەوە شوێنی خۆی. پیرشالیاریش، بە ئەدەب و ڕێزێکی زۆرەوە سوپاسی شاو شاژنی کرد، بەو خەڵات و نازناوەی کە لێیان ناوە (پیرشالیار).
دوای وتەکەی، خەڵکی لە نزیکەوە چوون پیرشالیار ببینن و بە ڕیز بە بەردەمیدا تێ دەپەڕین و سڵاویان لێ دەکرد.
بەهەر حاڵ مۆبید و هۆزا گەیشتنە پیرشالیار و خۆیان پێ ناساند، بەڵام چ ناساندنێ... ئەوەی غوربەت نەچێژێ نازانێ ئەم حاڵەتە چۆن بووە.

**ئەڵقەی (١١) ل(٢٧١- ٣٠٨)**

ئەو ئێوارەیەش هەر هەموو مۆبید و موغانەکان چوونە پیرۆزباییکردن لە پیرشالیار و هۆزاشی لەپاڵ خۆیدا دانابوو، بۆ ئەویشیان ڕێز و خۆشەویستی نواند. شەو هۆزا لە نووکەوە تا ئەو ساتە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ پیر گێڕایەوە، هەر ئەو شەوە پیرشالیار، مۆڵەتی لە شا خواست کە دەیەوێ سەردانی هۆرامان بکاتەوە، شاش (٤)

سوارچاکی ڕەعنا ئاسای ئامادەکرد لەگەڵیدا بڕۆن و دەهقانی ئەو ناوەش تەمێ بکەن، کە هێشاو وارانی ئاوا زیندان کردوون. ئەم سوارانە بۆ پاسەوانی و بۆ ڕێز و شکۆداری پیرشالیاربوون. مۆبیدەکەی ئەکباتاناشی بە وەزیر ناساندو مەبەستەکەی بۆ جێبەجێ کرد.

بۆ بەیانی پیرشالیار و هۆزا و مۆبیدەکە و چوار سوارچاکەکە بەرەو ئەکباتانا کەوتنەڕێ، بەڵام کە بەلای شارەکەی مەتی ڕەخشاندا تێپەڕین هۆزا لە بەر سێ هۆ نەچووە لای:

١- مۆبیدەکە ٢- بۆ شانوشەوکەتی پیرشالیار خۆش نەبوو لەگەڵ ئەو چوار سوارچاکەدا. ٣- پەلەیان بوو بگەڕێنەوە. کە گەیشتنە شارەکەی دەهقان سەیر دەکەن براکەی دەهقان مردووە، بەڵام لەبەر لاق شکاوییەکەی نەمردووە، بەڵکو بە نەخۆشی خۆی مردووە، هێشاو وارانیش لەترسی ئەوەی نەوەک بیکەنە خەتای ئەمان ڕایانکردووە، کەچی گیراونەتەوەو هەردووکیان بەقۆڵ بەستراوی لەمەیدانی شارەکەدا بە دارێکەوە دەبەسترێنەوە، هەرکەسێک بەلایاندا تێ دەپەڕێ تفێکیان لێ دەکات و شەقێکیان تێ هەڵدەدا.

ڕەنگین کچی ئەم پیاوە مردووە، ئەو ماوەیە عاشقی قسە و ڕەفتاری هێشا ببوو کە تیماری باوکی دەکرد، بۆیە کە بینی هێشاو واران گیراون، خێرا چوو بەدەمیانەوە بەری دان. بەڵام کەیمنای برای ڕەنگین هات لەگەڵ ڕەنگین و هێشادا شەڕێکی نایەوە، بەڵام دەرەقەتیان نەهات و سەرشۆڕ بوو.

گەرامەگەری کەڕوڵاڵ لەسەر ڕێگایەک لەسەر بەردێک دانیشتبوو، هەرکەس بەجۆرێک سەیریان دەکرد، ژنان وایان دەزانی ئەمە مەرامیان دەزانێ. خەڵکی تریش وایان دانابوو ئەمە دەهقان بۆ سیخوڕی دایناوە... گەرامەکە پیرشالیار و ئەوانی بینی دەستی هۆزای گرت و ئەویش پێش پیرشالیار کەوت و بردی بۆ لای هێشاو واران و ڕەنگین، لەوێ شادبوونەوە بەیەک و بەسەرهاتیان بۆ یەک گێڕایەوە. ڕەنگین لەبەردەم هەموو جەماوەردا کە دەهقانی مامیشی وەستابوو وتی: خەڵکینە من کچی ئەو پیاوەم کە مردووە، باوکم بەو برینە نەمردووەو گەردنی ئەو پیاوەی ئازاد کردووەو خۆی ئەجەلی هاتووە مردووە. لەم کاتەدا کەیمنا هاتە پێشەوەو وتی: ڕەنگین ڕاست ناکات، بەڵام دایکی پشتی ڕەنگینی گرت و وتی: ڕەنگین ڕاست دەکات و ئەم کوڕە (هێشا)هیچ گوناهی نییە، دەهقانیش پشتی ڕەنگینی گرت، ئیتر کەیمنا سەری خۆی هەڵگرت. پیر زۆر بەمە دڵخۆش بوو، هێشاو واران ئازاد کران... ڕووداوی سێ براکەشیان گێڕایەوە، ئەوانیش لەلایەن دەهقانەوە ئازادکران... ئەم دەهقانە وەک دەهقانی ئەکباتانە نەبوو، شەوی یەکەمی بووک و زاوا بۆ خۆی بێ، بەڵام زوڵم و زۆری لەو کەمتر نەبوو. وەلێ خەڵک ئالوودەی ئەو ستەمە ببوون. کەیمنا تەڵەیەکی بۆ هێشا نایەوە، بەڵام هێشا زیرەک بوو، پێوە نەبوو.

لەم کاتەدا هۆزاو دوو پیاوەکە کە دەهقان ناردبوونی بۆ هەواڵی ڕەخشان، دایکی سەپان و لاپان و هامان گەڕانەوەو هەواڵی ڕەخشانیان هێنابووەوە و بۆ دڵنیابوونیش لای دراوسێکەیان سێ جووت گۆرەوی کە ڕەخشان چنیبوونی لەگەڵ حەمایەلەیەک هێنابوونیان بۆ سێ براکە. پیرشالیار کە حەمایەلەکەی کردەوە سەیر دەکات ئەو چەند وەندیدادەی کە لە ئاوێستادا برابوون تا ئەوکاتەش نەدۆزرابوونەوە، لەناو ئەو قەبارەیەدا تۆمارکراون، بۆیە هەڵی گرتن و پاراستنی.

ئیتر پیر و هێشاو واران و هۆزاو چوار سوارەکەو سێ براکە کە(١١)کەس بوون، لەگەڵ دەهقان و جەماوەرێکی زۆر بەرێ کران، لە دواجاردا ڕەنگین دەسماڵەکەی خۆی بە پیر بەخشی و بەچاوێکی مەلوولییەوە ڕوانییە هێشا و خواحافیزی لەگەڵیاندا کرد، گەرامەگەریش لەگەڵیاندا ڕۆیشت.

پیر دەسماڵەکەی دەرهێناو بۆنی عەترو میسکی دەدا، نەخشکاری کرابوو بەڕێگەیەک، دوایی ڕێگەکە کرابوو بە دوو لقەوە، چەپ و ڕاست، لای ڕاستی نیشانەی بڤەی لەسەر بوو. دوای ماوەیەک ئەم ڕێگەیە دەبێ بەدوو بەشەوە، لای ڕاست خەتەرە، بۆیە: پاشان کە گەیشتنە نزیک دێ، شارەزایەکیان بەکرێ گرت و داوایان لێ کرد ڕێگەی دەستە چەپیان پیشان بدات کە بەرەو گەرمیان و شارەزوور بیانبات. بەو شێوەیە کەوتنە ڕێ و ئیتر خۆیان لەو تەڵەیە لادا کە دەهقان بۆی نابوونەوە...

**ئەڵقەی (١٢) ل( ٣٥٢-٣٨٩)**

- خەڵکی بێستوون زەمین بە مردنی (لالۆ) ڕزگاریان بوو، چونکە پیاوێکی زۆر ستەمکاربوو.
- هێشا لەبیری ئەوەدا بوو کە بگەنەوە دەگای هۆرامان، چەند خۆشە کێ مژدە بە هەنارخان بدات، چەند پاداشت وەردەگرێت.
- گەرامەگەر لەگەڵیاندا هات و

سێ براکەش هەرچەندە خەمباربوون، بەڵام لەتەک پیرشالیاردان دڵیان خۆش بوو.

- ئا لێرەدا لە بنارە هۆرێندا چیرۆکی خاتوو لالە و حەنەی قولەڕەش و پاتۆ و پوورە شەرمین و دوو کورەکەی لە باس کردن نایەن، کە چۆن پاتۆ حەنەی قولە ڕەش دەگرێ و دوایی حەنە و لالە یەک دەگرن و پاتۆ دەردەکەن و لالۆ و حەنە دەست دەکەنە ستەم و هەرکەسێکیان نەوێ دەیدەن بەدەم ئاوی سیروانەوە... دوو کوڕی شەرمین دەگرن کە ناویان پلاشە و پووشو دەبێت، زیندان دەکرێن و چاوەڕێی لافاوی سیروان دەکەن تا بیدەن بەدەم ئاوی سیروانەوە. لە ڕێگەدا پوورە شەرمین بە پیرو پیاوەکانی دەگات، حاڵی خۆی باس دەکا و ئەوانیش دەیهێننەوە بۆ دێ و لە ئەنجامدا دوو کورەکەی ئازاد دەکرێن، خاتوو لالە لە پاشایی لادەدەن و دوای سێ ڕۆژ مەراق دەخواو دەمرێ، پاتۆ بانگ دەکەن و دەینێرنەوە بۆ ئەو دێیەی هەڵی بژاردووە. شەرمین و کورەکانی بە ڕاوێژکردن دەکەنە پاشای دێکە... حەنەش لەگەڵ خۆیان دەهێنن و دووری دەخەنەوەو ئازادی دەکەن و ڕێیەکی بە کاکی دەشتی گەرمیان دەگرێتە بەر.

بەم جۆرە پیرشالیار لە ڕێگەدا تووشی زۆر بەسەرهات و شتی سەیری زۆر دێ و کێشەکانیشی بە ژیری و سەلیقەی خۆی چارە دەکردن وەک بلێیی ئەهورامەزدا بۆ ئەم هەژار و داماوانەی ناردبێ.

ئەم ئەڵقەیە ژیری و سەلیقەیی پیری دەرخست، کە خوای گەورە بە هانای فەقیر و داماوانەوە دەینێرێ و لەولاشەوە ستەمی سەیر و مێژووی دەسەلات و داماوی میللەت و ستەمی ژن و داماوی پیاوی وەک پاتۆ دەرخات.

### ئەڵقەی (١٣) ل(٣٢٤-٣٥٢)

هەر چەندە هەنارخان نەخۆش بوو، بەڵام لەپڕ خواجە بەهمەن مرد، سێ ڕۆژ مەیتەکەیان دانا تا خەڵک کۆببنەوە، بەڵکو سیمیار و هۆزا و واران و هێشا بگەڕێنەوە.

پیروەسان بەگ بە خۆی و دیاری و کەسانێکی زۆرەوە هاتبوو خۆی کردبوو بە خاوەن پرسە، جارجارەش پیاوەکانی پروپاگەندەی خراپیان دەربارەی هۆزاو جەماعەت بڵاودەکردەوە کە نەماون. ئەژدەریش ئەم پروپاگەندانەی بڵاودەکردەوە.

ئەم خەڵکە زۆرە زیاتر بۆ بینینی نازەنین و دەنگوباسی شووەکەی هاتبوون. دەگا تووشی پەرۆشیی هاتبوو، لەلایەکەوە بۆ مردنی خواجە و لەلایەکی ترەوە نەبوونی هەواڵی سیمیار و هێشاو هۆزاو واران...

بەو نیشانگەلانەی کە خۆیان تاقییان کردبووەوە، لەم ماوەیەدا سیمیار و هاوڕێکانی، دەگەڕێنەوە... لەپڕ شوانەیەک هەواڵی دا وا جەماعەت گەڕانەوە، بۆیە خێرا وەسان بەگ بە بیانوویەک خۆی دزییەوە، داوای ڕوخسەتی لە هەنارخان کردو گەڕایەوە، خەمی ئەوەی بوو سیمیار و هێشا بیانناسنەوە، کە وەختی خۆی چ پەندێکی کردووە.

واران لە پێشەوە گەیشت و هاتە سەر تەرمەکەی خواجەو باش گریاو پاشان سەری بەرز کردەوە وتی: کەس نەواچو خواجە مەردەن، دەگا تا کەسانێ پیسەو پیرشالیاری و هێشاو هۆزایش چەنەبا خواجە نەمەردەن! ئۆجاغەش ڕۆشنەنە.

پاشان باسی پیرشالیار و نازناوەکەی بۆ خەڵکەکە کرد کە لەلایەن پاشاوە پێی دراوە.

ژنان لەلای هەنارخان کۆبوونەوە و وارانیش دەچێتە ناو کوڕەوە و هەواڵی هاتنەوەکەیان بە هەنارخان و نازەنین خان دەگەیەنێ. پاشان هەنارخان و نازەنین ڕاوێژیان بە مەڕێگاو ژیرلەی مەڕێ و کەسانی تر کرد کە چۆن ئەم شایی و شیوەنە بەڕێ بکەن، لە ئەنجامدا بڕیاریان دا بە جۆرێکی جوان پێشوازییەکە بکەن کە هەم شایی بێت و هەم شیوەن، نەخشەیەکی جوانیان دانا.

سەرەتا پیرو جەماعەت.. کە منداڵەکانیان بینی، هەستیان بە شتێک کرد، کە لە دەگا شتێ ڕووی داوە، بەڵام پیر بە جوانی منداڵەکانی ماچ کرد و نوقڵ و نەباتی بەشدان... پیر بەناو پێشوازیکاراندا زۆر بە ویقار دەڕۆیشت تا گەیشتە لای تەرمەکە و هەنارخان و نازەنین. ئیتر بڕیاردرا تەرمەکە ئەسپەردە بکەن... کە ناشتیان.. پیر تەڵقینێکی جوانی داداو پاشان هەنارخان وتەیەکی جوانی بۆ خواجەی مێردی و گوێگراندا، دواتر هێشا بەهەڵی زانی و وتی:

خەڵکینە ئێمە خواجەمان لەدەست چوو، بەڵام زانای سیمیاریشمان بووەتە پیرشالیار، کە شای ئاریان زەمین ئەم نازناوەی پێداوە، واتە: پیری هەموو پیرانی ئاریان زەمین.

لەم ئەڵقەیەدا خواجە لە پڕ مردو دوای دوو سێ ڕۆژ تەرمەکەیان داناو سیمیار و هێشاو... گەڕانەوەو تەرمەکەیان ئەسپەردە کرد.

# فریشتەکان

هاشم سەڕاج

«فریشتەکان» ناوونیشانی کتێبێکی قەبارە چکۆلەی شاعیری ئێرانی «ڕەسووڵ یۆنان»ە و کۆمەڵێک مینیماڵ، یان برووسکە چیرۆکی لەخۆ گرتووە، «جەبار سابیر» لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، وشەی مینیماڵ واتای هونەری کورتکردنەوە دەبەخشێت، چونکە چیرۆکنووس لەم ژانرە ئەدەبییەدا هەوڵ دەدات [بە کورتترین ڕستە و کەمترین وشە زۆرترین مانا بەدەستەوە بدات] و تا بتوانێت لە ڕێگەی کورتترین گێڕانەوە و کەمترین ڕووبەری نووسیندا کاریگەرترین بابەت و ڕووداوێک لە زەین و خەیاڵگەی خوێنەردا بورووژێنێت، زۆرجار کورتیلە چیرۆکی بریسکەئامێز هەڵگری پرشنگی ئیستێتیکی و ڕوانینی فەلسەفی و بلاچەی هزریی و پرسیارگەلێکی خودگەرایی و کۆمەلایەتییە، یان پرۆسەی نووسین لەم ژانرەدا یارییە زەینی و ئیستێتیکی و ڕوانینە فراوانەکانی لە ڕووبەرێکی تەسکدا ئەنجام دەدات و بریسکە و گورزە ڕووناکییەکی تێمەیی، یان ئیستێتیکی لە پڕێکا خەیاڵی خوێنەر دەورووژێنێت، بەڵام چیرۆک، یان کورتیلە چیرۆک بە گشتی ڕەگوریشە زمانی و بابەتییەکەی لە هەواڵ و گێڕانەوە، سەرچاوە دەگرێت و پەنا بۆ مەودای شڵەژانی شیعرگەرایی نابات، لەبەر ئەوەی فەزای کورتە شیعر، یان «شارستاتیک» لێوانلێوە لە مانای شەبەنگی و دەلالەتی نەگوتراو و ترازانی زمانی و پێوەندیگەلێکی شڵەژانی هەستەکی کە لەنێوان تاقە وشەکاندا بەرجەستە دەکرێت، سەرەڕای خولقاندنی کێڵگەیەکی جۆراوجۆری دەلالی کە خوێنەر بۆی هەیە گەمەی جۆراوجۆری ڕاڤەیی تێدا ئەنجام بدات، هەڵبەتە تێکڕای ئەم توخمە بارگاویکراوانەش بە داڕژانێکی سەرسوڕمێنی ڕیتمی سەرهەڵدەدەن و بوونی زمان چوون بارستاییەک لە تیلیاک دەخرێتە بەر دید و چێژ و لێکدانەوەکانی خوێنەری بەرهەمهێن، بەڵام برووسکە چیرۆک بەسەرجەم تیشک و بلاچە و پرۆسەکانی ئەبستراکت و مینیماڵ و چرکەی درامی و گەمەی زەینی و ترازانە جۆراوجۆرەکانی لە



زمانێکی گێڕانەوە ئامێزی پەخشانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە برووسکە چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی لە ڕووی هونەری و بنەماکانییەوە زیاتر لە فەزای [چامەی پەخشان] نزیکە تا لە کورتە شیعر، چونکە شیعر لەتە ئاگرێکی شینە لە ڕیتم و وێنە و جیهانبینی و هەستێکی دایساوی ئیستێتیکی و ترازانی جۆراوجۆری زمانی.. ئەمە هەوڵێکی بە پەلە بوو لە پێناو جیاکردنەوەی ژانری کورتە شیعر لە توخمی برووسکە چیرۆک، یان ئەدەبیاتی پەخشان، کتێبی فریشتەکانی ڕەسوڵ یۆنان بریتییە لە ٢٥ کورتیلە چیرۆک و پێشەکییەکی کورت کە جەبار سابیری وەرگێڕی کوردی نووسیویەتی و تێیدا بە کورتی لە خەسڵەت و بنەماکانی برووسکە چیرۆک دواوە... ناوونیشانی کورتە چیرۆکەکان بریتین لە بەفر، شێت، تاوانبار، داهۆڵ، دایناسوورەکان ناگەڕێنەوە، ئاه پەڕەسێلکەکانم، ڕێوی، دنیا و ئەم هەموو جوانییە، فریشتەکان، خامۆشی، دەبێ چاوانی سەوزت هەبێ، کتێبێکی غەمگین، ونبوویەکی نەفرەتی، سوپاستان دەکەم سەرکۆمار، تامپۆن، چیرۆکێک کە نەنووسرا، نەفرەت، مەرگی زەرد، ڕێکەوت، فڕین، مەعشوقێک کە هەڵەی کرد، شەمەندۆفێرێکی بچووکی ئاسنی، حیکایەتێکی ڕوون، ترس، سەگ، لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی دەربارەی ناوەرۆکی برووسکە چیرۆکەکان بدوێم.. لە چیرۆکی- بەفر- کاتێک زیندانییەک و زیندانەوانەکەی لەیەک جیا دەبنەوە، بەفر بە یەکسانی بەسەر هەردووکیاندا دەباری بەفر لەم دەقەدا هەم هەڵگری توخمی یەکسانی مەرگە و هەم پێکهێنەری چرکە دراماتیکییەکەیە، چیرۆکی - شێت- جۆرێک لە پارادۆکس لەنێوان دەریاکە و دەریای نێو تابلۆکە دروست دەکرێت و بە باوەشگرتنی تابلۆکە بیرۆکەیەک لە زەینی خوێنەر جێ دەهێڵێت، چیرۆکی- تاوانبار- توخمی شەڕانگێزی دەخاتە پاڵ فریشتەیەکی باڵبڕاو و لە ڕێگەی دیالۆگەوە قازی بەدوای یاسایەکی تایبەتیدا دەگەڕێت، لە-داهۆڵ-دا چرکەی درامی لەدوایین ڕستەدا چڕ دەکرێتەوە کاتێک خاوەن باخەکە بۆینباخەکەی لە ملی خۆی دەکاتەوە و دەیکاتە ملی داهۆڵەکە، لە چیرۆکی - دایناسوورەکان ناگەڕێنەوە- ئەو مارمێلکەیەی لە زێرابی ژێرزەمینی شارێکدا دەژی ڕۆژێک لە شێوەی گریگۆری سامسای -مەسخ-ی کافکا دەبێت بە دایناسوورێک و کەچی ڕوو لە شار ناکات و لەنێو دەریادا دەژی، چیرۆکی- ئاه پەڕەسێلکەکانم- دەقێکی سیمبۆلییە خوێنەر بەدوای هۆکاری کوژرانی کابرای بێتەلدا دەگەڕێت، لە چیرۆکی -ڕێوی-دا کچانی جووتیارەکە چێژێکی سێکسییان لە چاوە شاوەتی و کلکە جوانەکەی ڕێوییەکە وەردەگرت، کابرای ساکسیفۆن ژەنی نابینا لە چیرۆکی- دنیا و ئەم هەموو جوانییە-دا لە ناخڕا هەست بە عیشق و خۆشی و جوانییەکانی دنیا دەکات، لە چیرۆکی- فریشتەکان- چرکەی درامی لەگەڵ لابردنی تەنی دووکەڵکێشەکە دێتە کایەوە، لە چیرۆکی- خامۆشی-دا وێنەیەکی کۆنکرێتی تۆوی ڕوانینێک دەوەشێنێت، واتە دوای مەرگی هەر گیتارژەنێک، گیتارەکەی دەبێتە هێلانەی باڵندان، چیرۆکی- دەبێ چاوانی سەوزت هەبێ- جوانیی کچێکی چاو سەوز تەنیا لە ڕێگەی وەسفەوە دڵ و دەروونی سەرجەم پۆستەچییەکان دەوروژێنێت، لە چیرۆکی - کتێبێکی غەمگین-دا ژەنەراڵەکان هەمیشە فریشتەکان گوللەباران دەکەن، چیرۆکی - ونبوویەکی نەفرەتی- پێمان دەڵێ: ئەی مرۆڤ لەنێو خودی خۆتدا بەدوای لەتە شەڕەنگێزەکەتدا بگەڕێ، چیرۆکی- سوپاستان دەکەم سەرکۆمار- هەستی هەڵایساوی نیشانشکێنێکی نیگەران دەخاتە ڕوو، چیرۆکی- تامپۆن- لەچرکە شادیبەخشەکانی عیشقدا ئازارێکی خەفەتبار هەس لە ئەشکەنجەکانی مەرگ دەکات، لە دەقی - چیرۆکێک کە نەنووسرا- دەنگێک لە میانی ڕستێک وێنەی زەینییەوە پێمان دەڵێت جیهان بە تارمایی گەلێک جەنگ تەنراوە، چیرۆکی - نەفرەت- کاتێک جیهان بۆمبەکانی جەنگی تێدا دەچێنرێت مرۆڤ دەبێتە بارستاییەک لە وڕێنە و تەنانەت ئاژەڵیش هەست بە توندوتیژی دەکات، چیرۆکی مەرگی زەرد، ئەم بروسکە چیرۆکە هەڵگری ڕیتمێکی هێمنی شیعریشە، مەرگی بەرپرسی هۆبەی لە سێدارەدان لە ڕێگەی وێنەیەکی سورياليیەوە ڕادەگەیەنرێ،

لە چیرۆکی -ڕێکەوت-دا کەس نازانێت کێ پێش کێ دەمرێت، لە چیرۆکی - فڕین-دا ڕوح باڵندەیەکی شینە و لە پڕێکدا لە شەقەی باڵ دەدات، چیرۆکی -مەعشووقێک کە هەڵەی کرد- بەهۆی خۆ لەنێوبردنی دولبەر، دڵدار چوون زیندوویەکی مردوو دەگوزەرێت، دەقی - شەمەندۆفێرێکی بچووکی ئاسنی- سوریالیترین وێنەیەکی غەرائیبی دەخاتە ڕوو، پیاوێک کاتێک دەرشێتەوە شەمەندەفەرێکی چکۆلەی ئاسنی لەدەمییەوە دەردەپەڕێت، تەواوی ئەو کەسانەی خۆشی دەویستن لەو شەمەندەفەرەدانە، ئەمە خەونی کابرای مقەستچی بوو، دواجار مرۆڤ چەشنی فارگۆنێکی سپی لە شەمەندەفەری ژیان و مەحەبەتی ئازیزان دادەبڕێت، لە چیرۆکی - حیکایەتێکی ڕوون-دا وادەردەکەوێت کە ژیان تا دێ بەنهێنییەوە مینرێژ دەکرێت، چیرۆکی- سەگ- ڕۆمانی هێشووەکانی تووڕەیی- جۆن شتاین بێگ-مان بیردەخاتەوە- کابرا وتی من ئەم هەموو سەگە بۆ کوێ بەرم، بەڵام برووسکە چیرۆکی -ترس- بە فۆرم و فەزایەکی ئەدگار ئەلان پۆیی و کافکایی و سادقی هیدایەتی نووسراوە، ترسی مەرگ مانەندی فۆبیا خودی کابرای پیرەمێردی داگیر کردووە، لە هەمان کاتدا ئەم کەسایەتییە ترسناکە هەمان پیرەمێردی وردەواڵە فرۆشی ڕۆمانی- کونەپەپووی کوێر-ی سادقی هیدایەت-مان بیردەخاتەوە، لێرەدا وای بە باش دەزانم دەقی کورتە چیرۆکەکە بخەمە بەر دیدەی خوێنەران، چونکە وەک تێکستێکی کراوە هەڵگری چەندین ئاست و ڕەهەندی هزری و مەعریفییە، خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی مانا و دەلالەتە نەگوتراوەکانەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ ئەنجام بدات، بە تایبەتی ئامێری (مشار) کە لە فەزای ترسناکی چیرۆکەکەدا چوون ڕەمزێکی کوشندە و بەشێوەی «فرەدەلالی- Polysemy» بەکارهێنراوە.

## ترس

لە دەرگا درا، هەستام چووم دەرگام کردەوە. پیرەمێردەکەی هاوسێم بوو.

وتی: ببوورن دەکرێ مشارەکەتانم بدەنێ؟!

وتم: باوەڕ ناکەم مشارمان هەبێت!

وتی: هەتانە، بیرت چۆتەوە وا لە گەنجینەکەدا.

چوومە گەنجینەکە و بە هەزار زەحمەت مشارم دۆزییەوە و دامێ. وەختێ مشارەکەی لێوەرگرتم، دەمەکەی لێکردەوە و خستییە ژێر پێیەوە و شکاندی.

وتم: ئەو کارە چییە دەتانەوێ بیکەن؟

وتی: دوێ شەو خەوم دی بینیم کەسێک هاتووە دەیەوێ بە مشارێک سەرم ببڕێ!

کۆکەیەکی بۆ کرد، چووم پرسیم هیچ یەکێ لە هاوسێکان مشاری نەبوو، گەر ئەو کەسە بە ڕاستی بهاتبایە، بێگومان بە مشارەکەی ئێوە ئەم کارەی دەکرد.

دواتر ئەسکەناسێکی هەزاری خستە لەپی دەستمەوە و لەکاتێکدا دەڕۆیی وتی: باوەڕ ناکەم لەوە زیاتر بهێنێ، بە هەرحاڵ گەر کەمە.. ببوورە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: فریشتەکان.**
**بابەت: مینیماڵ.**
**نووسەر: ڕەسوڵ یۆنان.**
**وەرگێڕ: جەبار سابیر.**
**چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٨.**
**چاپخانە: یاد.**
**لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی.**

# من ژن بم یان نا

## (خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی من هەبم یاخود نا، ئەمەیە مەهزەلەکە)

**بەیان عەزیزی**
**(کوردستانی ئێران)**

**ئەوەندە دەترسا لەسەرم دایکم**
**هەرزوو منی تێگەیاند**
**کە سەر بڕینی من**
**لە سەربڕینی ئەو بەرخانە ئاسانترە**
**کە دوو جەژن جارێک لە ماڵی**
**ئێمە بێ گوناه خوێنیان دەڕژا**
**قەزا و بەڵای خۆمان لە ملی**
**دەستەوسانیی ئەوان دەئاڵاند**
**منیش دەکرێت ببم بە قوربانی بۆ**
**ئەو گوناحانەی جورئەتم نەدەکرد**
**تەنانەت**
**بیریشیان لێبکەمەوە**
**ئەو یاسایانەی لە هیچ کتێبێکدا**
**نەبوون.**

(شیعری فریشتەیەکی سەرگەردان)

یەکەم کتێبی (تەرزە جاف) بە ناوی"من هەبم یاخود نا... ئەمەیە مەهزەلەکە" لە لایەن دەزگای ئاراسەوە لەکۆتایی ساڵی٢٠٠٩دا چاپ کراوە، بەڵام پێش چاپی ئەم کتێبە شاعیر زۆرێک لە شیعرەکانی لە گۆڤارە جیاجیاکاندا بڵاوکردۆتەوە و بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە کەسایەتییەکی ناسراوە.

ئەم کتێبە کۆمەڵە شیعرێک لە خۆ دەگرێ کە بە جیهانبینی تایبەتی شاعیر نووسراون و ئێستا لە جیهانی دەقدا بەدەر لە دەسەڵاتی ئەو دەژین.ئەگەر بە ژمارەی کەسەکان پێناسە و لێکدانەوەی جیا لە شیعر هەبێت،دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین کە بەو ئەندازەیەش سەلیقەی تایبەت و جیاواز بەرانبەر بە تاکە شیعرێکیش هەیە.لانی کەم دەکرێ لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە بڕوانینە ئەم شیعرانە، یان هەر کتێبێکی تر.

یەکەم ئەوەی شیعر وەک زانستێک پێناسە بکرێت کە بیەوێت وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ بداتەوە،چ پرسیارگەلێک لە بارەی ژیانی ئەو دنیا بێت و نهێنییەکانی خولقانی جیهان و چ ئەو پرسیارانەی کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا ڕەنگە بەرانبەر بە سیاسەت، یان فەرهەنگ و ئایین و ئەخلاق تووشی بێت. دیارە لەوەها پێناسەیەکدا ئەو چاوەڕوانییە لە شاعیر دەکرێت کە بە جۆرێک خوێنەر بگاتە قەناعەت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و ئەنجامێکی گشتی بخاتەڕوو.لێرەدا داوەری لە سەر شیعری باش یان لاواز بەو پێوەرە دەکرێت کە شاعیران کامیان لە هەموو کەس زیاتر و باشتر پرسیاری کردووە و خوێنەری هەژاندووە و وەڵامەکانی خستۆتە بەردەستی ئەو. لێرەشدا شانسی ئەو شاعیرانە زۆرترە کە



کتێبەکانیان زۆرن و دەنگیان بەرزە و پرسیارەکانیان ئەوەندە دووپات بۆتەوە کە وەڵامەکانی دەمێکە ئاشکرایە.

دووەمین ڕوانگە ئەمەیە کە بتەوێت بێ هیچ چاوەڕوانی و ئەرکێکی دیاریکراو بۆ شیعر ،بەرانبەر بە شیعرێک دانیشیت، بیخوێنیتەوە و ئەو شیعرە خۆی باس لە بوون و بەسەرهاتی وشەکانی بکات.لێرەدایە کە دەق بە جەستە و ڕوحەوە ئاشکرا دەبێت و بۆ ساتێک دەرفەتی ئەوەت پێدەدات گوێ لە دەنگی ئەوی دی بگری و ئاوڕ لە جیهانە نادیارەکەی بدەیتەوە.

بۆ من خوێندنەوەی ئەم کتێبە بە ئاقاری دووەمدا دەڕوات.بێ ئەوەی پاش بینینی ناوی شاعیر کە ژنێکە چاوەڕوانی ئەوەبم بزانم بەرهەڵستی بەرانبەر بە پیاوان چۆنە، ئایا جنێویان پێدەدات و نەفرینیان لێدەکات، یان چەندە باس لە زوڵم لێکردنی مێژوویی لە ژنان دەکات. لەبەر ئەوەی دەزانین تەنانەت ژنە ئاساییەکانی ماڵەوە باشتر لە هەر کەس دەتوانن نەفرەت بکەن و جنێو بدەن. هەروەها دەکرێ لە وتارێکی چەند لاپەڕەییدا بە باشترین شێوە هەموو جۆرەکانی ستەمی مێژوویی دژ بە ژنانیش ناو ببرێن و لە دەیان دەقی مێژوویی فاکت بهێنینەوە کە چۆن سووکایەتی کردن بە ژن، لە قسەکانی ڕۆژانەوە هەتا نێو نووسراوەکان ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە، بەڵام بڕیار وایە لەم کتێبەدا تەنیا شیعر بخوێنینەوە. شیعرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و بێ هەرا باس لە ژیانی وشەکانی دەکات..

زۆرێک لە شیعرەکانی ناو ئەم کتێبە لە باری ماناییەوە پێوەندییان پێکەوە هەیە، بێ ئەوەی دروشم یان مەبەستێکی دیاریکراو دووپات بکەنەوە .واتە شاعیر نەیویستووە چەند شیعر بنووسێت بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی ڕابگەیەنێت، بەڵکو جیهانی ئەو لە ناو ئەو ئەندیشانەدا شکڵی گرتووە کە لەگەڵ ئەودا دەژین. لە زەینی ناوشیاریدا ماونەتەوە و بە وشەگەلێکی هاوسان هەر جارێک بیرێک سەر هەڵدێنێت.ئەوەی لەبەر چاوی من بەرجەستەتر لە هەموو تەوەرەکانی تر بووە، پۆینتێکە بە ناوی دایک.

**١- حەکایەتەکانی دایکم**

شیعرەکانی تەرزە جاف ڕەنگدانەوەی دەروونیترین و قووڵترین دڵەڕاوکەکانیەتی لە بارەی خۆیەوە وەک ژنێک. ئەو گێڕەرەوەی هەموو ترس و خورپەکانی ژنێکی ئەم کۆمەڵگایەیە کە بێ دروشمدان و درۆکردن باسیان لێدەکات. ترسێک کە لە درزی کراسێکەوە دەست پێدەکات و هەتا ناو جێگە و بان و هەموو شەقام و کاتژمێرەکان دەڕوات و دەژی.ترسێکی وا کە بڕێ جار دەکرێ بە خواردنی (لووقمەقازییەک) فەرامۆشی بکەیت، بەڵام بڕێ جاریش تۆ دەکوژێت و خۆی زیندوو دەمێنێت:

**ئەم ئێوارە لە مەوعیزە دووڕووەکانی حاجی ژن و**
**گوێچکەڵە درۆزنەکانم بێزارم**
**لە تامەزرۆییم بۆ شیلەی لووقمەقازییە عەیارەکانی سەر عەرەبانەکان**
**قووتدانەوەی لیکەکانم....**

(شیعری ماسی لاپەڕە ١٣٦)

یان:

**ئەی تەلیسمە فریادڕەسە لە من دوورەکان**
**من پێش ئەوەی هەنسکی خوشکە بچکۆلەکەم**
**وەک ڕووبار لە سلێمانییەوە هەتا هەولێر پێییەکانم تەڕ بکات**
**دەمزانی دوعا منم**
**پێش ئەوەی دایکم بە ڕەشپۆشی بێتە خەونم**
**ئەو کاتانەی چاوی مۆبایلەکان خوێن دەچوونەوە**
**دەمزانی...**

شیعری دوعا–لاپەرە ١١٠

خاڵی گرنگ و بەر چاو لێرەدا ئەمەیە کە ئەو هەموو ترس و تەنگژە ڕوحییە کە بەسەر ژیانی ژندا زاڵە، لە بەرەیەکەوە بۆ ئەوی تر دەگوێزرێتەوە.خاڵی ئەو گواستنەوەش هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا (دایک)ە. فرۆید بە وردی باسی لە پێوەندی منداڵی کوڕ لەگەڵ دایکیدا و گرێی دەروونی (ئۆدیپ) کردووە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە لە کاتی باڵغبووندا کوڕ سەرچاوەکانی ڕەفتاری دەگەڕێتەوە بۆ باوکی و زۆرترین فێربوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی باوکی خۆیەتی.فرۆید هەر لە پەراوێزدا باس لەوە دەکات کە ئەو بارودۆخە بۆ منداڵی کچ یەکجار گرفتاوی و شێواوە.پاش ئەویش سیمۆن دووبوڤوار کە بە دایکی فێمێنیزم دەناسرێت بە شێوەیەکی چڕ و ورد بە خوێندنەوەی دەروونناسی و هەژموونی کۆمەڵگا بەسەر ژندا بە گشتی دوو جۆرە ڕەفتاری نێوان دایک و کچ پۆلێن کرد..

**یەکەم:** پێوەندی لە سەر بنەمای نەفرەت.لێرەدا دایک نەفرەت لە کچی خۆی دەکات لەبەر ئەوەی حەز بە بوونی منداڵی کوڕ دەکات لە جیاتی کچ کە هیچ ئیمتیازێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو نییە. دایک هەموو ئەرک و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بۆ کچ جێ دەهێڵێت و چارەنووس و

بە واتایەکی تر قەدەری ئەوکچەی پێ ڕادەگەیەنێت. دەیخاتە بازنەیەکەوە کە هیچ دەربازبوونێکی نییە و دایک پاراستنی کچەکەی لەو بازنەیەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێت.لێرەدا کچیش نەفرەتی هەیە لە دایکی خۆی لە بەر ئەوەی ئەو بە نوقسان دەزانێت و حەز دەکات وەک باوکی ببوایە نەک دایکی. هەوڵی بەردەوامی کچ دەربازبوون لەو بازنەیە و نەفرەت لە هەموو ڕەفتار و کردەوەکانی دایکی خۆیەتی.

لە شێوە پێوەندییەکەی تردا بنەماکە لەسەر بەزەیی دانراوە. دایک بەزەیی بە کچەکەی خۆیدا دێتەوە و هەوڵ دەدات ئەم جیهانە و ژیان بۆ کچەکەی باشتر بکات. هاوکات هەم دڵەڕاوکەی ئەو مەترسییانەی هەیە کە لە دەرەوە چاوەڕوانی کچەکەی دەکات و هەم خۆشی ناوێرێت هەموو بازنەکان بشکێنێت. ئەو دەزانێت چ دەرفەت و بەختێک بۆ ژیان وەک پیاوێک لە منداڵە کچەکەی سەندراوەتەوە. لە لایەکی ترەوە کچیش بەزەیی بە دایکی خۆیدا دێتەوە و هاوکات دەترسێت لە چارەنووسێک کە لە داهاتوودا چاوەڕوانی دەکات و لە دایکییەوە بۆی جێ دەمێنێت.

ئەو تیورەی سیمۆن دوو بوڤوار باسی لێدەکات بە شێوەی پراکتیکی لە شیعرەکانی تەرزە جافدا بە هەندێک جیاوازییەوە دەبیندرێتەوە. لە ڕاستیدا بە شێکی زۆری شیعرەکانی ئەم کتێبە وەک دەنکەکانی ملوانکەیەک بە پەتی (دایک)ەوە پێکەوە گرێ دراون. باسکردن لە دایکی خۆی وەک ئەوەی پێشوو، باسکردن لە خۆی وەک ئەوەی ئێستا و باسکردن لە کچەکەی وەک ئەوەی داهاتوو ئەستوونەکانی کتێب پێکدەهێنن و بە ڕاستبێژییەوە باس لە بوونیان دەکەن. هەر لە سەرەتاشەوە کتێب پێشکەش کراوە بە (چاوە دەنکە ترێیەکانی تنۆک). یەکەمین شیعریش باس لەو قەدەر و ترسە دەکات کە چاوەڕوانیەتی. شاعیر ئاگاداری چارەنووسی کچ و هەر بەو پێیەش کچەکەی خۆیەتی لە کۆمەڵگادا و لە شێوە پێوەندی دووەمدا، واتە سۆز و بەزەییدا دەوەستێت.

**دەڵێن بەختی دایک جیازی کچە**
**تەنکە گیان**
**بەختی من**
**بوخچەیەک بە کۆڵی تۆوە**
**تا ئیرادەت بڕ دەکات**
**هەر ڕۆژەی**
**کراسێ، فرمێسکێ، لەچکێ، ترسێ،**
**...گەردن ئازاد**
**تا دەستت بڕ دەکات تووڕی هەڵدە!**

(لە شیعری هێلکەیەک حورمەت لاپەڕە٧)

بیرکردنەوە لەو فەزایەدا کە دڵەڕاوکە و گومان لێکردنی ئەبەدی بە سەرەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێ هیچ گۆڕانکارییەک ترسەکان دووپات ببنەوە.گەڕان بە شوێن ڕێگەیەکدا کە کۆتایی بەم چارەنووسە بهێنێت دەگاتە بنبەست و تەنیاییەکی قورس. دەگاتە ئەوەی یەک وەڵام بە ڕاستییەکانی ژیان لە وەها کۆمەڵگایەک نادرێتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەگاتە دیسان پرسیارکردن و دووبارە بێ وەڵام مانەوە. ئەوەش لەم ساڵانەدا کە باسکردن لە ژن بۆتە کلێشەی باو و زۆربەی شاعیرە ژنەکان شیعر دەنووسن لە جیاتی وتار و دروشمدان بێ، ئەوەی باوەڕیان پێی هەبێت، ئیمتیازێکی کەم نییە.قبوولکردنی ئەو بازنەیەی لە دایکەوە بۆ کچ بە جێ دەمێنێت لای تەرزە جاف، بەئاگاییەوە دەکرێت. ئاگاداربوون هەم لە بارودۆخی کۆمەڵگا و هەم لە شێوەژیانی شوێنەکانی تر.لە ڕاستیدا قبوولکردنەکە بەو مانایە کە ترسەکان لە قەوارەی ژن زۆر زیاترن و تەنیا بە باوەڕکردنی ڕاستییەکان و حەقیقەتی دژە ژنبوونی زاڵ بەسەر کۆمەڵگایە کە دەکرێ هەوڵ بۆ گۆڕانیان بدرێت.

**من هێشتا هەڵماقۆکەم تەواو نەکردبوو**
**کاتێک دایکم ڕاپێچی بن قادرمەکانی کردم و وتی:**
**توند توند گوێت بگرە.**
**خۆ من ئەو کاتانەی لە ژێر قادرمەکاندا پەنجەم لە گوێم قایم دەکرد**
**نەمدەزانی منداڵی هاوتەمەنی من**
**گۆرانی دەڵێن و ناترسن**
**باڵە دەکەن و ناترسن**
**سواری پاسکیل...**

(لە شیعری سی ساڵی ل ٢٤)

دەیان وێنە و ئیلێمێنت و ڕووداو دێنە جیهانی ئەو شیعرانەوە، بەڵام دیسان هەمان پۆینت و سەنتەری مانایی بە ناوی دایکەکە بە هێز و ڕووناکییەوە بوونی خۆی پیشان دەدات. باسکردن لە ڕابردوو، باسکردن لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیش، تەنانەت لە ڕێگەی باسکردن لە دایکەوە دەکرێت.

**شەڕ لە تەعزیەی دایکما لە سەیتەرەکان دەیویست**
**دڵنیا بێت کە جلی ڕەشم بۆ شەهیدێک لەبەرا نییە!**
**ئەوکاتەی پاکیزەییم لە نەفرەت وەردەدەیت**

**سۆزم دەکەیتە کۆت و**
**لە جەستە و ڕۆحمی دەئاڵێنیت**
**چیتر من**
**هەڵەکانی دایکم دووبارە ناکەمەوە**
**حەواڵەی خودات ناکەم**
**نانووزێمەوە**
**من ئەو کاتە**
**هەمــوو ئازاری تەمــەنم دەکــەمــە هاوارێک...**

(لە شیعری نیشتمانی ئاوارەیی ل ٧٠)

باسکردن لە ژیانی ژنانی دیکە لە شیعرەکانی تەرزە جافدا لە پێگەی دایکەوە کـــراوە. دایکێک کـــە لە لایەکـەوە نەفـرەت دەکـات لە ژیانی ژنان و بە توندی لایەنە بێ دەسەڵات و پووچەکانی ژیانیان هەڵدەداتەوە و ئەو کـەمـوکـوڕییـە پـیـشـان دەدات (وەک شیعری ١+١ دەکاتە هیچ) لە لایەکی تریشـــەوە زۆر جـــار وەک دایـک بـەزەیـی بـەوانـدا دێـت و هاودڵـیـیـان لەگـەڵ دەکـات (وەک شیعری نەوت).

ڕووداوەکـــــــان دێـن و دەچـن، ئیـمـاژەکـان دەخـولـقـێن و لە هەر دێڕێکدا مـێـژوویەک باس دەکـرێت. شـاعـیـر چنگ لە زۆر شت و شـوێن گیر دەکات بۆ ئەوەی سۆز، هەست و دەرک و ئەندێشـەکـانی خـۆی لە دەســـــەڵاتی باو دەرباز بکات و پیشانی خوێنەری بدات. بێ ئەوەی نیگەرانی داوەری کەسەکان بێت لە ســەر شــیــعــرەکــانی، بەردەوام دەنووسێت. لەرزینی دڵی دەنووسێت و تەمـەنـنای جـەسـتـەی و هاوکـات ئاگاداری ژنانی هاوسێشە کە کۆڵان گسک دەدەن.

**٢- زمان و فۆرم**

شیعر دیسیپلینی جیهان و زمان تووشی تەنگژە دەکـات، ئەو شـێـوە نووسینە ئاساییە کە زمان دەپارێزێت بە شـیـعـرەوەیە کـە تووشی گـرفت دەبێت. ئەوکـاتەیە کـە زمـان ئازاد دەبێت و لە سەر خۆی ڕادەوەستێت، واتە بەو دیســیــپلینە ئاشنایــە نـانـووســـــــرێت، بەڵـکـو دژ بـەوە ڕادەوەستێت و خۆی پێناسەی خۆی دەکـــات. بەم پێناســەیە زمــانی شاعیرانە ئەو مانایانە لە خۆ ناگرێت کـە پـێـشـتـر لە لایەن جـیـهـانەوە دانرابوون، مانا دەشکێنێت و زمانی ئاسایی تووشی کێشە دەکات.

وەفـاداربوون بە جـیـهـانی دەرەوەی دەق و مـانا دانراوەکـانی دەبێتە هۆی ئەوەی کـە شـیـعـر لە سـتـراکـتـۆری زمـاندا مـەترسی نەکـات، سـەرکـەش نەبێت و فـــۆرم نەشکێنێت. لەم شیعـرانەدا، لە کـتێبی تەرزە جافدا شـاعـیـر هەمـیـشـە عـاقـڵـە و زمـانی شــیــعــرەکــان لە دیســیــپلینێکی قـبـووڵـکراودا دەمێنێتـەوە و دەگـاتە جۆرێک هاوژینی لەگەڵ هەمـوو دەقە باوەکـانی تر بێ ئەوەی بە شکاندنی فۆرم بیەوێت زمانەکەی لە هەر جۆرە دیسـیـپلینێک ڕزگار بکات. تا ئەو کـاتەی کـە فـۆرم نەشکێت، بزێوی و ڕاوەسـتـان دژ بە کـلـێـشـە باوەکـان تەنیـــا لە ئاســـتی ناوەڕۆکـــدا دەمێنێتەوە و شۆڕشێک کە لە ڕوحی ژنـانـەوە دێـت لـە نـاو دەقــــــــدا دەمـێـنێـتـەوە و ئەو هەمـوو وزەیە لە دیسـیـپلینێکی سـەپاودا قـەتیس دەبێت.

**مرۆڤبوون بۆ ژنی کورد:**
**مـانـاکـانی ژنبـوون سـەرتاپا قـلـپ بکرێنەوە**
**ژن لە حـــەرەمی نەریت خـــۆی ڕاپسکێنێت**
**جێگەی خۆی لە ڕیزەکانی**
**گەنج و مرۆڤدا بکاتەوە**
**ژنبوون واتە:**
**شۆڕشێک لەسەر دەستی ژن**
**بە پێی ژن**
**بە هەناسەی ژن**
**بە ڕەنگی ژن**
**شۆڕش واتە:**
**ئەو شۆڕشە لە دوور یان لە نزیک**
**ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ**
**سپی یان ڕەش**
**هیچ جــۆرە پێــوەندییــەکی بە کوردایەتییەوە نەبێت.**

(شیعری بەیاننامەیەک ل ٨٠)

لێرەدا ڕستەکان یەکتر کامڵ دەکەن و هیچ ترسـێک لە ناو وشـەکـاندا حەشار نەدراوە و فۆرمێکی نەناسراو خوێنەر سورپرایز ناکات. لە هێڵێکی ئاشنادا مــاناکــان شکڵ دەگــرن و دەڕۆنە پێشەوە. عەقڵانییەتی زاڵ بە سەر شیعـرەکاندا ئیزن نادات فـۆرم بشکێت و زمـانیش شۆڕش بکات. ڕوانینی مـۆدێرنیـسـتی بۆ زمـانی شاعـیرانە، ئەوە لە زمـانی ڕۆژانە و پراکـتـیکی جـیـا دەکـاتەوە هەروەک (ڕۆمـەن یاکـۆبسن) دەڵـێ: شـیـعـر هێـرشـێکی ئاگـایانەیە بۆ زمـانی ڕۆژانە و هەڵاتنە لە نۆرمـە باوەکـانی ئاخاوتنی ئاسایی.

تەرزە جـــاف لـەم کـــتـێـــبـــەدا (فـریشـتـەیەکی سـەرگـەردان)ە. سـەرگـەردان لە جـیـهـانی ڕاسـتـیـیـە قورسەکانی ژیاندا و جیهانی نووسین و زماندا، هاوکاتیش یەکجار وشیار و ئاگادارە.

**فنجانێک قاوە دابنێن و جارێکی تر ئەم کـتـێبـە بخـوێننەوە، وشەکـان بۆنی تازەیی دەدەن و دروشم نین.**
**ئەمڕۆ کراسی فریشتە لە بەر مەکە و**
**خۆت بە**
**بزانە ئەو مــرۆڤــانە چەند خــۆش ڕادەبوێرن.**

## دیاکرۆنی- Diachronie
## سەنکرۆنی- Synchronie

دیاکرۆنی کە لە زمانی عەرەبی بەرانبەرەکەی (زمانية، تطورية، تعاقبية)ی بۆ دانراوە، تایبەتە بەو گەشەسەندنانەی کە بە درێژایی مێژوو ڕوودەدەن. دیاکرۆنی پێچەوانەی سەنکرۆنی-یە کە پێوەندی بە گەشەسەندنێکەوە هەیە لە چرکەیەکی دیاریکراو، بێ ئەوەی گەشەسەندنی بەدرێژایی مێژوو لەبەرچاو بگیرێ. ئەم پێکهاتە و ئەم ناکۆکی و دژیەکە لەلایەن «سۆسور- Saussure»ەوە پێشکەش کراوە کە دەشێ بەم دوو جۆرە لێکۆڵینەوە لە زماندا بکرێ.

هەرچی سەنکرۆنی-یە لە عەرەبی بەرانبەرەکەی: تزامني-یە. لە زمانی کوردیدا دەشێ بە زۆر شێوە وەربگێڕدرێن وەک: دیاکرۆنی: بەدوای یەکهاتن، سەنکرۆنی: هاوڕێک، تەریب، زۆری تر، بەڵام هەر وەرگێڕانێک لە کوردیدا، هەتا لە زمانی فارسی و تورکیشدا، ئەو مانایە ڕێک و ئاڵۆزە ناگەیەنێ کە لە فەڕەنسی و ئینگلیزییەکەی...تاد هەیە. بۆیە باشترین لێکدانەوە ئەوەیە وەکو خۆیان بەکاریان بهێنین، چونکە ئەم دوو زاراوەیە لە زانستەکانی زمان و بوارەکانی تری زانستی مرۆڤایەتیدا، یان مرۆیی زۆر بەکار دێ.

سەنکرۆنی بە چەمکی سیستم- Systeme بەستراوەتەوە، مەبەست لەمەی دواییش بریتییە لە گشت ئەو توخمانەی کە لەنێوان خۆیاندا بە یاسایەکی دیاریکراو لەیەکتری گرێ دراون، کە پێی دەگوترێ سترەکتور- Structure. کە لە ڕوانگەی دیاکرۆنی لە زمانێک، یان لە گەشەسەندنی زمانێک دەکۆڵینەوە، سیستم بە تەواوی دەگۆڕێ، چونکە گۆڕینی تەنیا یەک توخم دەبێتە هۆی گۆڕینی هەموو توخمەکان و پێکهاتەیان، کەواتە دیاکرۆنی زیاتر بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ڕووداوە سەربەخۆکان، هەرچی سەنکرۆنییە پێوەندی بە حاڵەتەکانی هاوسەنگیی فیکرییەوە هەیە.

### Intrigue - گرێ

گرێ وەک زاراوەیەک دەمێکە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا جێگای خۆی گرتووە، بەرانبەرەکەی بە عەرەبی (الحبكة)یە، سەرەڕای هەندێ تێبینی کە پێوەندی بە گێڕانەوە و هونەرەکانی گێڕانەوەوە هەیە، دەشێ ئەم ناولێنانە کوردییە زۆر پڕاوپڕ نەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە وەک خۆی دایدەنێینەوە، چونکە مێژوویەکی هەیە. ئەگینا دەشێ «ڕووداو»یش هەمان مانا بدا، ڕەنگە «کێشە»ش لێی نزیک بێ، یان «حیکایەت» کە لە هەندێ زاراوەی کوردیدا دەبێتە «هەقایەت»، چونکە لە بنچینەدا ئەم

زاراوەیە تایبەتە بە هونەرەکانی گێڕانەوە- -Nar ratologie، ئەمەش فۆرمە کۆنەکەی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بریتی بووە لە «هەقایەت- fable» چیرۆک و داستان، ئەریستۆ ناو لەمە دەنێ: موتۆس- Muthos، واتە ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی ڕووداوی گێڕدراوە لە ڕۆمانێک، یان لە پیەسێکی شانۆ، (= شانۆگەری) لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بەگرێ کردن و یەک بەدوای یەک هێنان و ڕێکخستن و ئاڵۆزکردن هەیە، ئەمەش بەگوێرەی لۆژیکێکی واقیعی، یان خەیاڵی کە هەموو ڕووداوەکان تێک بکەنەوە و بێنەوە سەریەک و دواجار ئەنجامێکیان هەبێ، هەڵبەت وێڕای سەرەتا و گەشەسەندن و ئاڵۆزکردن و ئەنجامی دوایی. لە هەموو ڕۆمان و شانۆگەرییەکدا کە لە نەریتە ئاساییەکانی گێڕانەوە و هونەری نووسین دەرنەچوون ئەم تایبەتمەندییە باوە، بەڵام لەو تێکستانەی (ڕۆمان، شانۆگەری...) کە بەم شێوەیە نین، لەسەر بنچینەی پێکهاتە و پێوەندی هۆ و ئەنجام نەنووسراون، ڕووداو، یان گرێیەکی دیاریکراویان نییە. لێرەوە زیاتر پرۆسەی بە ڕەمز کردن بوونی هەیە. گرێ، یان ڕووداو، چنین و هۆنینەوەی لە هونەری گێڕانەوە بە کردەیەکی «لاسایی کردنەوە دانانەدرێ- non mimetique»، چونکە پلان و نەخشە لە داڕشتنیدا هەیە. وەک بۆ نموونە لەبزووتنەوەی «ڕۆمانی نوێ» - Noureau Roman»ی فەڕەنسی بەرچاو دەکەوێ، کە دژی بوونی گرێ و کەسایەتی و وەسفی کەسایەتی و وەسفی سایکۆلۆژی کەسایەتییەکانن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە ڕۆمانی نوێ پێویستی هەتا بە پاڵەوان و ڕووداو نییە و دژی گێڕانەوەی نەریتخوازیشن، ئەمەش لە ڕۆمانەکانی ئالان ڕۆب گرێ A. R. Grillet و کلۆد سیمۆن- C.Simon و ناتالی سارۆت- N.Sarrauteدا بەدەردەکەوێ. بە پێچەوانەوە، لە ڕۆمانەکانی ئەمانە شت و شوێن و خەیاڵ و کەرستەی تری ژیانی مرۆڤ گرینگی پلەیەک وەردەگرن، وەک لە گێڕانەوەی ڕووداوێک کە سەرەتا و کۆتایی و ئەنجامێکی هەبێ، بۆیە ئەمانە بە دژەگرێ- Anti- Intrigue لەناو ئەدەبیات و ڕەخنەی فەڕەنسیدا ناسراون. بزووتنەوەی «ڕۆمانی نوێ» لە ساڵی ١٩٤٢ سەری هەڵدا و لە ساڵانی ١٩٦٥ کۆتایی پێ هات، یەکێ لەو کتێبانەی کە بنچینەی تیۆری و پراتیکی ئەم بزووتنەوەیەی تێدا داڕێژراوە، کتێبە ناسراوەکەی ئالان ڕۆب گرێیە بەناوی «لەپێناوی ڕۆمانێکی دی نوێ- Pour un noureau roman- کە لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاوبۆوە و سەدایەکی زۆری هەبوو.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# چرای تەمەنی چواردە ساڵەی ڕامان

**سابیر ڕەشید**

بێ گومان هەموو گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری تۆمارێکی دیکەی ئەدەبی ئەم میللەتەیە کە بە زمانی ئەو میللەتە دەردەچێت و بۆ ئەدەبەکەی دەبێتە سەرچاوە و دۆکیومێنت و لە داوڕۆژدا ئاماژەی پێدەکرێت، بەتایبەتی ئەم گۆڤارە ئەدەبییانەی ماوەیەکی دوورودرێژ دەردەچن و بەردەوام دەبن و ناوەڕۆکی بابەتەکانیان پڕن لە تەوەری جیاجیا و نووسەرانی هەموو ژانرەکانی ئەدەبیی ئەم سەردەمە دەگرێتە باوەش، بەڵگەشم گۆڤارەکانی دەیەکانی ڕابردووی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و...تاد، ئەگەر بۆ نموونە باسی یەکێک لەم گۆڤارانە بکەین باسی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەکەین کە دوایی گۆڤارەکە بووە قۆناغێکی گرنگ لە تۆماری ئەدەبیاتی چیرۆک و شیعری کوردی و بایەخی بە ئەدەبی وەرگێڕاندا و توانی کار لە سەردەمی خۆی بکات. پاشان چەندان گۆڤاری تری کوردیشمان، هەمان کاریگەرییان هەبووە، بەڵام من تەنیا ئەم گۆڤارەم کردە نموونە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێ لە یادی دەرچوون و بەردەوام بوونیدا گۆڤاری (ڕامان) هەڵبسەنگێنم کە وا پێ دەنێتە پازدە ساڵەی تەمەنی و چواردە ساڵەی زێڕینی تەمەنی خۆی تێپەڕاندووە، ئەمەش بۆ گۆڤارێکی وەک (ڕامان) تەمەنێکی پڕ لە بەخششی ئەدەبییە و هیواداریین خوا تەمەن درێژتری بکات.

ئەم گۆڤارە ئازیزەمان کە (ڕامان)ـە هەر بە ڕاستی خوێنەری کورد تووشی ڕامانێکی قووڵ دەکات لەبەر دەوڵەمەندییەکەی لە بەسەرکردنەوەی هەموو ژانرەکانی ئەدەبی کوردیدا وەک شیعر و چیرۆک و پەخشان، چونکە گۆڤارێکە پڕە لە زەخیرەیەکی ئەدەبی و مەعریفی و بایەخی بە هەموو بوارەکانی هونەری وەک: شانۆ و سینەما و شێوەکاری و هەموو لایەنەکانی تری هونەری داوە.

ئەم گۆڤارە وەک من ئاگادار بم تەنیا پشت بە بابەتی ئەدەبی و هونەری نابەستێ، بەڵکو لە بواری هزری و فەلسەفی و وەرگێڕانیشدا هەوڵەکانی لەبەر چاون، ئەمە جیا لە گفتوگۆی بەردەوامی ئەم گۆڤارە و تەوەرە و مێزگرد و ڕانانی کتێب و هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی ئاگاهی بوارەکانی ئەدەبی و هونەری هەندەران و میللەتانی دەوروبەرمان کە ماوەیەکی زۆر چەندان لاپەڕەی بۆ تەرخانکرابوو و ناوی نرابوو (تیراژ)، کە تۆمارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری بوو بۆ خۆی و خوێنەر لەم لاپەڕانەدا هەواڵ و زانیاری پێدەگەیشت.

یەکەم یادەوەریم لەگەڵ ئەم گۆڤارەدا لە ژمارە (١)ەوە دەست پێدەکات کە ئەو ژمارەیەش ناوی نرا (تێڕامان)، دواییش بە یەکجاری بوو بەم (ڕامان)ەی تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە.. خۆشترین یادەوەریم لەگەڵ ئەو گۆڤارە و ژمارە (١)ەی ئەوە بوو کە هێشتا ژمارەکە دەرنەچوو بوو، برادەری تەمەنم کاک ئازاد عەبدولواحید ئەو کاتی لە (پیرمام)ەوە بەهۆی (ئەنوەر مەسیفی) ڕەحمەتی هاوڕێم داوای لێکردم وەک یەکێک لە نووسەرانی ئەم ژمارەیە نووسینێک ئامادە بکەم، ئەوەبوو لەم ژمارە یەکەیدا بەشداریم کرد و دواییش بووم بە دۆستێکی بەردەوامی ئەم گۆڤارە.

یادگاری دووەمم لەگەڵ ڕامان ئەوەبوو کە بۆ یادی تێپەڕبوونی چوار ساڵەی (ڕامان) لە ساڵی (٢٠٠٠)دا سەرنووسەری گۆڤار ڕایسپاردم بیبلیۆگرافیای چوار ساڵەی (ڕامان) ئامادە بکەم تا چاپ بکرێت و لەم یادەدا بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەکە بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیاکە کورت بوو، بۆیە لەگەڵ کاک ئازاد تەکلیفمان لە مامۆستا (عەبدوڵڵا زەنگنە)ی هاوڕێم کرد کە ئەو لایەنی نووسەران و منیش بابەتەکانی بیبلیۆگرافیاکە ئامادە بکەم، ئەوەبوو ئەم هەوڵەمان گەیاندە چاپکردن و بڵاوکرایەوە، ئێستاکە بۆتە ئەرشیف و سەرچاوەیەک بۆ توێژەران.

یادگاری سێیەمیشم لەم گۆڤارەدا ئەوەبوو ماوەیەک لەگەڵ کاک ئازاد هاوکاری بووم بۆ ئامادەکردنی لاپەڕەکانی (تیراژ) کە دوایی ئەو بەشە لە گۆڤارەکەدا نەما، جار جارەش لە پەنای ئامادەکردنی (تیراژ)ەوە بابەتێک کە بە عەرەبی بۆ گۆڤارەکە دەهات من یەکێک بووم لەوانەی هەندێ لەو بابەتانەم دەکردە کوردی و بەناوی گۆڤارەکەوە بڵاودەکرایەوە. بە کورتی (ڕامان) لەم چواردە ساڵەی تەمەنیدا کە لەم ژمارەیەوە پێ دەنێتە ناو تەمەنی (١٥) ساڵەی، توانیویەتی بەتەواوی پێگەی خۆی لەنێو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەهێز بکات و دابکوتێ و ببێتە سەرچاوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری بۆ هەمووان، کە بێ گومان لە هەر سێ بواردا و لە هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا تا ئێستا چەندین جار ژمارەی تایبەتی بۆ شیعر و چیرۆک و شانۆ و شێوەکاری دەرکردووە کە ئەمەش بۆخۆی لە داوڕۆژدا دەبێتە تۆمارێکی گرنگ بۆ گۆڤارەکە. هەمدیسان لە هەموو لایەکی کوردستان و هەندەران و وڵاتانی دەوروبەریشمان ڕامان بۆتە سەرچاوە و شوێنی بزاڤێکی بەردەوام بۆ کۆکردنەوەی نووسەرانی کورد لە هەموو شوێنێکی دنیا و کوردستان بە جیاوازی تەمەن و ڕەگەز و دید و بۆچوون، ئەمەش جێگای سەروەرییە و شایانی ڕێزە، جارێکی دی هیوای تەمەن درێژی و بەخششی زیاتر بۆ ڕامان دەخوازین.

# نامەیەکی شوکور مستەفا لە بارەی وەرگێڕانی ئینجە مەمەدەوە

**ئا: تاهیر عوسمان**

لە ساڵی ١٩٨٢ قوتابی ئامادەیی بووم، ئەوکاتە چەندین شاکاری یەشار کەمال-م بە زمانی کوردی خوێندبووەوە، کە ئەوساکە مامۆستا شوکور مستەفا دەیکردن بە کوردی و بڵاوی دەکردنەوە، لەوانە: ئەفسانەی چیان ئاگری، کوێر ئۆغلی، تەنەکە... ئەوانەم چەندین جار خوێندبوونەوە. بیرم کردەوە یەشار کەمال کە ڕۆمانێکی ناودارتر و بە قەبارە گەورەتری بەناوی ئینجە مەمەد هەیە بۆ بە کوردی نەیخوێنینەوە؟ بۆیە بە نامەیەک ئەو پرسیارەم ئاراستەی بەهەشتیی مامۆستا شوکور مستەفا کرد و لێم پرسی: کە بۆچی جەنابیان بەو دەسەڵات و توانایییە زۆرەی لە وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی یەشار کەمالدا هەیەتی، کەسێک ئەو تورکی زانە بلیمەتە بێ، بۆچی ئەو ڕۆمانەش ناکا بە کوردی؟ بەڕێزیان بەم نامەیەی خوارەوە وەڵامی دامەوە، کە تائێستا لەگەڵ چەندین نامەی دیکە وەکو یادگارییەکی شیرین و بیرەوەرییەکی زیندووی ئەو زاتە گەورەیە پاراستوومن.

**کاک تاهیری بەڕێز!**

هیوادارم هەمیشە هەر بەو گەرموگوڕییەوە ئەدەب دۆست و ئەدەبیات پەروەر بی. سوپاسی هەستت دەکەم، بەڵام من ئەوەندەی تۆ پێتدا هەڵگوتووم- ئەوە نیم، ئەمن لە دووی زۆر کەسانەوە دێم، ئەوەی کردوومە چی وا نییە.

کاکە برا پاش سێ لاپەڕە دێباچەی دووروودرێژ- وەکو گوتم لێم زێدەیە- ئەوجا بە هەزار حاڵ پرسیارەکەتم لە تێبینییەکدا بەرچاو کەوت...


ئەوەش وەڵامەکەی:

ئینجە مەمەد ئەوەندەی من بزانم تائێستا نەکراوە بە کوردی، بەرگی یەکەمیم بە فارسی هەیە. کراوە بە فارسی. ڕەنگە ڕووی پرسیارەکەت ئەوەش بگەیەنێ، کە بۆچی نەکرێ بە کوردی؟

بە ڕاستی من بۆ خۆم حەز دەکەم بیکەم بە کوردی، بەڵام بە هەردوو بەرگەکەیەوە (٢٤٠٠) لاپەڕەیە، کێ بۆم چاپ دەکا؟ هەر کاتێکی وەڵامی پرسیارەکەی منت دایەوە، ئامادەم بۆ بە کوردی کردنی.

**برات**
**شوکور مستەفا**
**١٩٨٢/٩/٢٢**






# تەسبێحی سەردەم



**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

زانست و تەکنۆلۆژیا بۆ حەسانەوە و ئاسانکاری و خۆش ڕابواردنی مرۆڤە و لە هەموو لایەنێکەوە کاروباری مرۆڤی ئاسان کردۆتەوە و لە زۆر چەرمەسەری و سەختی و کوێرەوەری ڕزگار کردوون، بەڵام ئەو ئامراز و کەرەسانەی بۆ کاروباری پێویست و حەسانەوەی مرۆڤ دروست کراون، هێندێ جار وەک پەتایەکی ماڵ وێرانکەر و دژە ئەخلاق و نارەسەن کەڵکی لێوەردەگیرێ. لە ڕاستیدا هەموو شتە چاکەکان هەر وان و بە هەر دوو باری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەکرێ کەڵکیان لێوەرگیرێ. بۆ وێنە چەقۆ دەتوانی میوەی پێ پاک بکەی، قەڵەمی پێ تیژ بکەی بۆ نووسین و...تاد لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی چاوی پێ دەرهێنی و ورگی پێ بدڕی. ئاور دەکرێ لە زستاندا خۆتی پێ گەرم بکەیتەوە و چێشت و پێخۆری پێ ساز کەی و...تاد لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو ئاورە وڵاتی پێ بسووتێنی. جا بەو پێیە دەتوانین بڵێین هیچ شتێک لە جێی خۆیدا خراپ نییە و هەموویان بۆ خۆش ڕابواردن و ئاسوودەیی ژیان و...تاد بەکاردێن، بەڵام ئێمە بەباری پێچەوانە کەڵکی لێوەردەگرین و ڕوخساری کەرەسەکە دزێو دەکەین و دەیکەینە شتێکی دژە ئەخلاق و دژە مرۆڤ و...تاد

ئەمڕۆکە (سەتەلایت) و ئینتەرنێت و مۆبایل و..تاد دەورێکی سەرەکی لە ژیانی خەڵکدا دەگێڕن، بەڵام لە هەموویان زیاتر مۆبایل وەک کەرەسەیەکی گشتی کەوتۆتە دەست هەمووان و بە ڕاستی لەجێی خۆیدا باشترین و جوانترین و پێویستترین کەرەسەیە بۆ ژیانی مرۆڤ، بە تایبەت مرۆڤی ئەم سەردەمە، بەڵام بە مەرجێک کە هەست بە بەرپرسایەتی بکەین و بەشێوەیەکی جوان کەڵکی لێوەرگرین.

ئەمڕۆ مۆبایل لە هەموو ماڵەکاندا هەیە و لە زۆربەی ماڵانیشدا بەسەری خێزان هەیانە. من ناڵێم شتێکی خراپە و نابێ هەموو کەس بیبێ، بەڵام دەبێ بزانین کەڵکی لێوەرگرین. بەڕاستی ئەو کەرەسە باشە و ئەو نیعمەتە گەورەیەی لە خزمەت مرۆڤایەتیدایە، نابێ وەک لەیستۆک و ئامرازی کایە چاوی لێ بکەین و وەک تەسبێح لە وەخت و بێ وەختدا بە دەسمانەوە بێ و هەڵیسووڕێنین.

بەداخەوە ئەمڕۆ پەتای مۆبایل دەست و گوێی هەمووانی گرتۆتەوە و خەریکە مرۆڤ وەک بووکۆکەیەکی دەست بەسراو و گوێ ئاخنراو لێ دەکا. لە کۆڕێکدا ئەگەر بڕوانی وەک تەسبێح ، بەدەست هەموانەوەیە و هەر کام بەشێوەیەک سەرقاڵی جگ و دوگمەی مۆبایلن و چاویان بەسەردا داپچڕیوە و بەخەیاڵ بۆ میوانی و شەونشینی چوونەتە ماڵی خزم و کەسەکەیان، بەڵام بەهۆی مۆبایلە بۆرەوە ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواد نییە و هەر لەبیریان دەچێتەوە لەکوێن و بۆچی چوون. لە ماوەی ئەو چەند سەعاتە دانیشتنەدا فریای دوو قسەی حیسابی و دەردە دڵ و چارەسەری کێشەیەک ناکەون. بەداخەوە ئەمڕۆ مۆبایل لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی دڵەکان لەیەکتر، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەریکە لێکمان دوور دەخاتەوە و لەکۆڕ و کۆمەڵگاشمان دوور دەخاتەوە و لە خزم و هەڤاڵانمان دوورەپەرێز دەکا.

ئەو کەرەسە باشە کە دەتوانین بەکورتە نامەیەکی دۆست و خزم و ئاشنا و هەڤاڵ بەسەر بکەینەوە و لە حاڵوباڵی یەکتر ئاگادارین و هەواڵ و باسی پێویست بەیەکتر ڕاگەیەنین، بۆ گاڵتە و جەفەنگی ناحەز و ئابڕووبردنی ئەم و ئەو کەڵکی لێوەردەگرین و ڕەنگە دڵی زۆر کەسی پێ بڕەنجێنین. لەوانەیە بەو کورتەنامەیە زۆر ژیان و خۆشەویستی تووشی ساردی و ئاڵۆزی و تاڵی بکەین و هێندێ جار کورتە نامەیەکی بەهەڵە، یان بە ئانقەست بەرێکراو، وەک گوللەتۆپێک ژیانی بنەماڵەیەک لەبەر یەک هەڵوەشێنێ و تێکی بڕووخێنێ، یان دەبینە ملۆزمی تەلەفۆنی و بەزەنگ لێدانی ناوەخت وەک خۆرە دەکەوینە گیانی خەڵک و خەو و خۆراکیان لێ حەرام دەکەین. ئەم قسانەم بۆ پەند و ئامۆژگاری نەنووسیوە و ئەو جەسارەتە ناکەم لە خزمەت خوێنەرانی ئازیزی گۆڤاری ڕاماندا، تەنیا وەک وەبیرهێنانەوە و بەخۆداچوونەوەیەک هاتمە سەر ئەوەی ئەم چەند وشەیە بنووسم.

بەداخەوە ئەمڕۆ هێندێ کەس بۆ یانیها و خۆنواندن لە کۆڵان و شەقام و بازاڕ بەدەست و گوێیانەوەیە و بە خەیاڵی خۆیان خۆی پێوە دەنوێنن. زۆرجاریش دەبینین مۆبایلەکە بە کوژاوەیی بەگوێیانەوە دەنێن و بە شەقام و بازاڕدا دەگەڕێن، ژێست و قیافە دەگرن و شانۆی شەقامی بەرێوەدەبەن و لە خەیاڵی خۆیاندا گەزگەز باڵای پێ دەکەن. پێیان وایە عالەم چاوی لەوانە و ئافەرین بەدەست و مۆبایلەکەیان و دەموڕاوێژ و زمان پاراوییەکەیان دەڵێ، بەڵام ئەو کەرەسە هەرزان باییە کوێی بۆ خۆنواندن دەبێ؟ سیم کارتێکی دەهەزار دیناری منداڵێکی بامیە فرۆشیش دەتوانێ بیکڕێ!! کاکی شۆفیر لەوەخت و بێ وەختدا بەگوێییەوە ناوە و هەر دەڵێی لەپشت کەمەی فەرمان (سوکان) نییە و بیر لەوە ناکاتەوە لەوانەیە ژیانی خۆی و چەندین کەسی دیکە لەساتێکدا تووشی مەترسی و کارەسات بکا و عومرێک پەشیمانی بەدواوە بێ. ئەگەر شانس بێنێ و فریای پەشیمانییەکەی بکەوێ و عومری لەنوێ نووسرابێتەوە!!! کەوایە با وەخۆ بێینەوە و ڕێز لەو کەرەسە بەنرخەی خزمەتگوزاری و مرۆڤایەتییە بگرین و چیتر نەیکەینە لەیستۆک و تەسبێحی کایە و ڕابواردن!